



Raman

135

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی سێزدە/ ئابی ٢٠٠٨



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەڕۆکی ڕامان


**● دەق**

- ئەو شەوەی بوومەوە قوڕ/ ئەحمەدی مەلا/ 3
- پێشانگای ڕەنگ/ نەزەند بەگیخانی/ 5
- ژنێک (با) پرچی تا تا دەکاتەوە/ محەمەد کوردۆ/ 7
- گەڤزکێن شیعری/ عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ 9
- پەخشانی ترانس سێبیریا/
لە فرانسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 11
- بەفری هاوڕێ/ فەرڕۆخ نیعمەتپوور/ 15
- حیکایەتەکانی من و ئەوان/ بەکر دەروێش/ 17
- حەوت تیرۆژە چیرۆک/ ئەحمەد حەقناس/ 20
- دڤێ هیڤ تونەبوویا/ فەوزی بیلگە/ 21
- ئەگەر دەستت لە دڵم دا/ لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر/ 23
- سۆهۆ/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 30

**● هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ هونەرمەند (عوسمان قادر)/
ئا: بەختیار سەعید/ 37

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- (دال)ی ئۆرۆمۆن، هۆرامان لە توێژاڵی/
عادڵ محەمەدپوور/ 45
- مەرگی مرۆڤ لە وەرینی گەڵاکاندا/ عەتا قەرەداغی/ 53
- لە نێوان (ئەختەر) و (مەستوورە)دا/ د. کەمال مەعرووف/ 63
- تەلیسمی ناو ئاوێنەکان/ سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 70
- لە کارس و فرانکفۆرتدا/
لە تورکییەوە: ئیبراهیم شێخ شەرەفی/ 78

**● بیرەوەری**

- لە پەراوێزی سیمینارەکەی سلێمانی و نالی لە دەفتەری نەمریدا/
مارف خەزنەدار/ 87

**● وتار**

- گێڕانەوە و فەنتازیای داهێنەرانە لە (زیندە خەو)دا/
محەمەد حوسێن/ 91

**● تەلارسازی**

- شێوەی تەلارسازی دەرگای قەڵاتی هەولێر/
عەبدولڕەقیب یووسف/ 95

**● هزر و فەلسەفە**

- سۆنگەکانی ڕێبازی قوتابخانەی فرانکفۆرت/
د. حەمید عەزیز/ 103
- یادەوەری خاکێکە بۆ ناسنامەیەکی خۆیەتی/
هەندرێن/ 116
- پیتەر سلۆتەر دایک: لە پێناوی فەلسەفەیەک بۆ یاری/
لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی/ 121

**● زمانزانی**

- ڕێزمانی ئاخاوتنی دەشتی هەولێر/
ئیدریس عەبدوڵڵا/ 130

**● هونەر**

- یارییە خەونێک لە ڕەباتەوە بۆ زانستگای کەمبریا/
د. فازیل جاف/ 137
- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 144

**● خوێندنەوەی کتێب**

- غەزەلنووس و ئەفسانەی شیعر و جەستە/
هاشم سەڕاج/ 148
- ڕۆڵ و کەسایەتی وشە لە کورتە شیعردا/
قادر عەلی خا/ 153

**● زاراوەسازی**

- فوتوریزم/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157

**● ئێستێک**

- ژیان هەمیشە بەردەوامە/
ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل/ 160

# ئەو شەوەی بوومەوە قوڕ

**ئەحمەدی مەلا**
**(ئیسپانیا)**

**ئەم قەسیدەیە تەرجەمەی دەقێکە کە بە خەتی بزماری نووسرابوو.**

من ئەهلی قەراغ زەلکاو بووم،
زەلکاوی شەوین
قەف قەف قەمیش لە لێوارەکانمەوە کەسک دەبوو.

من بەرەچەڵەک خەڵکی زەلکاوم.
واتە خەڵکی دنیای دەماودەم،
دنیای سپی
کاتێ ڕووبار زاکیرەی دەبوورێتەوە،
کاتێ ڕووبار تووشی گێژبوون دێت
لە ئۆقرە نەگرتنی دۆناودۆن.

من ئەهلی قەراغ زەلکاوەکانم
فڕێیان دامە سەر پشتی چیا.

زەلکاوی شەوین قەف قەف زەل
لە جەستە تەڕەکەمەوە شین دەبوو.

باش دێتەوە یادم کە قوڕ بووم،
قوڕە ڕەشێکی خەستی گەرم و حەشەری
دەیان هێسک و پرووسکم هاڕی بوو،
دەیان زیندەوەرم تیا دەژیا
دەیان خەونم هەرس دەکرد،
چەندین شەوم تیا نووست،
چەندین هیوام لەنێو ئەنگووستان جێهێشت.

ئەهلی قوڕ
خەون دەکەنە پێوەر بۆ شادمانی
خەون بەدەسماڵی ئاسمانەکاندا شۆڕ دەکەنەوە.

بەڕاست و چەپ دەیانشێلام
کووپەیەکە بۆ شەرابی خودا
گۆزەیەک بە پەرچەمی بەڕەڵڵا



تەنوورێک بۆ خۆڵەمێشی زیندوو
کووانوویەک تا ئاقارەکانی پەرستگا
گرێک بۆ هۆنینەوە
گرێک بۆ لەنجەیەکی تەنیا
گرێک تا کوژانەوەی دوا ئەستێرە.

بەچەپ و ڕاست دەیانشێلام
جریوەیەک لە ڕوحمەوە پەیا دەبوو
بڵێسەی ئادەمم هێور دەکردەوە
غەریزە ئاشناکانم لغاو دەکرد
خەون لە گەردنم دەئاڵا
خەونی پەرەسێلکەیەکی دەستی عیسا..

تۆپەڵ تۆپەڵ دەیاندامە پشتی زەوی
عارەقی تەوێڵ
مووی باسک و بازوو
ئەنگوستیلەی زیوینی فریشتەیەک بێ باڵ
تۆپەڵ تۆپەڵ خەونم بە دەوارەوە دەبینی.

ڕەچەڵەکی من دەچێتەوە سەر قوڕە ڕەشێکی
شینباو«١»
قوڕە ڕەشێکی پیرۆزەیی
خشتێکی خاکی
دەنکە مروارییەکی بزر بوو

هێشتا نەبوومەتە ڕووەک
ئاوم تێ دەزێ
هێشتا نەبوومەتە ڕووەک
ژینم تێ دەژێ

شەوم تیا دەنوێ
تا ئاخیرەت
خۆر لەبەر پێم دەکوژێتەوە
داسێکی ژەنگن خەمی هیلالە
دێتە سەرچۆک و دەبوورێتەوە.

بیر لە دوو دەست دەکەمەوە
دە پەنجەی شەهوانی
ناو لەپێک مێژووم تۆمار دەکات
ئارەزوو لە لێوانمەوە پزیسک دەهاوێژێ

دەیان ئەستێرە لە بن هەنگڵمەوە دزە دەکەن
جۆگەلە ڕووناکی دەڕژێنە کانی بەردەوە
ئاوات بە پاژنەکانمەوە چۆڕاوگە دەبەستێ
ئاڵایەک وەک حەز
لەبەر دەرگای تریقە دەشنێتەوە

دوو بنچکە گیا
دوو گەردوونی یاسەمینی
ئاوازێکی کێوی
غەریب غەریب دەگەڕێنەوە هەوارەکانی شیعر..

چاو دەکەمەوە
دەوروبەر قوڕە
ئاسمانم قوڕ و
پێڵاوم قوڕ

گوێ هەڵدەدێرم
کووانووم قوڕە و
بەردەرگام قوڕ
هەگبەکەی سەرشانم پڕی لە قوڕە و
گۆزەم سیخناخی قوڕ

وەک قوڕ هەنگاو هەڵدەنێم و
ماندوو وەک قوڕێک خەو دەمباتەوە.
کاتێ لەنێو زەلکاوی بابوباپیران چاو دەکەمەوە
دوو هەڵمەتی گرین لەجیاتی بیلبیلە
دەڕواننە ئاسمانە دوورەکان و
هیچیش دیار نییە.

گەردوون بێ دەنگ و
ئاسمانیش بێگەرد
زەمینێکیش نەشمیل
پرتەقاڵێکی شین«٢»
تا ناوکی لە قوڕ هەڵکێشراو...

بەدوو هەڵماتی گرینەوە تێم دەڕوانێ:
«ئەی بەچەکەی ئادەم
بۆ کەوڵت کردم؟»

هەر دە پەنجەی سووتاوم
تا کەشکەڵان بەرز دەکەمەوە
هێدی هێدی دەسووتێم
و
دەتوێمەوە..

**پەراوێز:**
**(١) سێبەری نیحای بەیتێکی سۆرابی بەسەرمەوەیە.**
**(٢) نیودێڕە شیعری پیلوارە.**

# پێشانگای ڕەنگ

نەزەند بەگیخانی
(بەریتانیا)

سوور ژوورێکی گومەزییە
دیوارەکانی درز بردوو
چێژیان لێدەڕژێ

شین گۆشەیەکی شەرمنە
هێڵەکانی هێمن
لەژێر لێوەوە پێدەکەنن

زەرد سەکۆیەکی ڕۆشنە
بانگمان دەکا
بۆ ناو ماڵی عیبادەت


کەسک پەنجەرەیەکی پڕ هێمایە
سەما دەکا
لەسەر ڕیتمی زەمەن

نارنجی کورسییەکی کەم دووە
لەناو دیمەنێکی زیندوو
لەسەر شانۆی پێکەوەیی

سپی ڕێگایەکی مەلوولە
بێ پایان ڕاکشاوە
بەرەو ئەودیوی شتەکان

ڕەش چەقی بوونە
هەمووومان کۆدەکاتەوە

توغ، هاوینی ٢٠٠٨



**تەماشات ڕێگایەکی چۆڵە**

تەماشات هێلێکە پڕ لە وشە
لێژ دەبێتەوە بەرەو فۆرمێکی نادیار
لە نێوان من و تۆ
ئاخاوتنێکی بێ دەنگ

تەماشات ڕێگایەکی چۆڵە
شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو زەمینی من
پۆلێ پیت باڵەفڕکێ دەکەن
لە نێوان من و تۆ
نیگەرانییەکی قووڵ

تەماشات بەردێکە پێدەکەنێ
داوەتم دەکا بۆ سەما
لە ژێر سێبەری با
ڕیتمێکی شێدار
لە نێوان من و تۆ

تەماشات بورکانێکە
لەسەر قوبەی نارنجیدا
بە یەکگەییشتنی دوو توخمی هەڵگرتووە
جەستەی ڕاچڵەکیوی من و تۆ

تەماشات دەرگایەکی کراوەیە
لەسەر پانتاییەک
پڕ لە نیشانەی پرسیار
هێمایەکی سپی هەڵماندەگرێ
بەرەو کوێ؟
بەرەو چی؟

**توغ، زستانی ٢٠٠٨**

**خوێندنەوە**

دەق پانتاییەکی بزوێنە
قسە دەکا
خاڵ و فاریزەکان بانگم دەکەن
بۆ ناو ڕووبەری گفتوگۆ
مەسافەی سپیی نێوان وشەکان
پرسیارم لێ دەکەن
پیت و بڕگەکان ئاماژەن
لاپەڕەیەک پڕ لە جووڵە
مانای لێ دەڕژێ

**توغ، بەهاری ٢٠٠٨**

# ژنێک (با) پرچی تا تا دەکاتەوە

محەمەد کوردۆ
(سلێمانی)

لەناو ئاپۆرەیەکی گەورەدا
کە پڕە لە ژاوەژاو
ژنێکی دڵنشین
هێدی هێدی دەڕوا و
کزەبایەکی خەمگین
پرچی تا تا دەکاتەوە
کاتێ بە تەنیشتی مندا تێدەپەڕێت
وەک ئەوەی ئاگای لە دڵم بێت
کە چۆن لە خۆشی ئەو
خەریکە دەبێتە ئاو
چەند جارێک لادەکاتەوە.
لەناو خەیاڵی مندا
دڵی ئەو دەبێتە کیژۆڵەیەکی نەشمیلانە
دڵی خۆشم
کوڕیژگەیەکی قژ خاو
هێشتا دڵی من
بە تەواوی لە دەرگای نەداوە
دڵی بێ ئۆقرەی ئەو،
دەرگا دەکاتەوە.
دڵی من داوای ماچ دەکات و
دڵی ئەو گوێی خۆی لێ دەخەوێنێت
دڵی من وەکو شێت
خێرا خێرا، داوا دەکاتەوە
دڵی ئەو زۆر زۆر منداڵانە
تا ئەوسەری بەرائەت هەڵدێت
لەوێ دەترسێت ون بێت
زۆر بە پەلەو پرتاو
بەرەو لای دڵی من ڕادەکاتەوە.
باوەش دەکەن بەیەکتردا
ئەم جارەیان
دڵی ئەو دەبێتە ژنێکی دڵنشین
دڵی منیش پیاوێکی داگیرساو



ئەوەتانێ ئێستاش
دڵی ئەو لە باوەشی دڵی مندایە و
کزەباکەش بەردەوام
پرچی تا تا دەکاتەوە.

**ژنێک کە دەمزانی ئێوارانێک دێت**

ئێستا،
شەو سەری هەموو دەنگەکانی
لە خەنەی خامۆشی گرتووە
کەچی لە قووڵایی مندا
دەنگی خۆشی نەی دێ.
ئێستا،
هەرچی باخی گەورەی شار هەیە،
خەویان لێ کەوتووە
کەچی لە ناوەوەی مندا
چپە چپی دڵنشینی
قۆخ و
بەهێ و
بەی دێ.
ئێستا،
دیکتاتۆریەتی تاریکی
هەموو شوێنەکانی ترساندووە
کەچی دیوە نادیارەکەی من
بووە بە حەشاماتێک،
تێیدا.
ڕووناکی دەچریسکێتەوە
ڕووناکی دەبریسکێتەوە
ڕووناکی جمەی دێ.
ڕاستییەکەی،
من دەمێک بوو پێم وابوو
ئێوارانێ، ژنێک
دێت و لەژێر ترپەی پێیدا
زەمین دەچێتە نێو خەونەوە
زەمین لە خۆشی هاتنی ئەو
بۆنی بەختەوەری
لەخۆی و لە هەناسەی دێ.
زۆر دەمێک بوو پێم وابوو
ئەو ژنە دێت و
هەموو گەمەکانی ناوەوەی من قڵپ دەکاتەوە
بەڵام قەت قەت
نەمدەزانی ناوی چییە و
نەمدەزانی خەڵکی کوێیە و
هەرگیزیش دڵنیا نەبووم، کەی دێ؟

**ژنێک کە نەمدەزانی کێ بوو**

ڕۆژێکیان چاوم لێبوو
شاژنێکی نازەنین
کە نە ناویم دەزانی و
نە ئاییینیم دەناسی و
نە دەمزانی کێ بوو؟
چووە دووکانی ئاوێنە فرۆشێکەوە
من لە خۆشی ئەو ژنە
زۆر لە خودا پاڕامەوە
تا کردمی بە ئاوێنەیەکی گەورە
لەو جۆرە ئاوێنانەی کە هەستم کرد ژنەکە حەزی لێبوو
منی کڕی و
لەگەڵ خۆیدا بردمییەوە بۆ ماڵێ
لە دوای تاوێک بینیم
بەدەم گۆرانی وتنەوە
سەرگەرمی هەڵپەڕکێ بوو
پاشان هات لەبەردەمی مندا
خۆی ڕووت و قووت کردەوە
کە جەستەیم بینی هەستم کرد
بەشی تەمەنێک ناز و
جوانی و ژنێتی پێبوو
وەختێ چرای مەمکەکانی
لەپڕ چریسکانەوە
من لە خۆشیدا
درزێکی بچکۆلانەم تێبوو
ئای خودایە چەند سەیرە.
ئەم هەموو ماجەرایە
لەسەر دەستی ژنێک ڕووی دا
کە من هێشتا
نە ناویم دەزانی و
نە ئاییینیم دەناسی و
نەدەمزانی کێ بوو؟

# گەڤزکێن شیعری

**عەبدولڕەحمان بامەرنی**
**(دهۆک)**

**پێشمەرگە**

هەر بهوستا پێ خوە لێدانی
شوین پێن منن و
گوللەیەک یا ڤێکەتی!
هەر دارا مەزنا بگەهیێ و
لبن سیبەرا وێ بڕوینی
گوڕێ شەهیدەکی یە و
دڤێت سرووداا ئەی رەقیب لسەر بخوینی...

**تبەرک**

ل پەحناتیا
باژێرێ ئەز لێ ژ دایکبویم
ماچ و سویندێن خەلکی
دەستێن شێخی بوون!
پشتی ماچێن تلستاران
ماچێن شێخان ژی
بەرێڤەی باژێری بوون...

**نهێنی**

داڤێن پرچا تە
وەک پەیڤێن شعرەکا من
چاڤێن خەلکی رادکێشن!
چەند بکەڤنە بەر داڤێن شەی و
حلی ببیت..
هند شعرا من بەلاڤ دبیت و
نهێنییێن جوانیا تە
رادگریت..

**رەنگ**

دبەریکانا رەنگان دا
تو، یا یەکێ بووی!
چاڤێن تە، هاتنە رەشکرن...
هەر یاریا من خوە لێدای و
بوویە دەنگدان
هەر زوی دبوومە بەرپیفک و



داڤەکا پرچا سەرێ من
دهاتە سپیکرن...

**پەشێمانی**

د زانینگەها عەشقێ دا
وانا ژ هەمیا درێژتر
نڤیسین بوو
هەر ژ لەوح ئەلبەحفوز و
ل جاهلیەتێ موعەلەقاتێن ئەلسەبع
تا دگەهیە مەم و زینا ئەحمەدێ خانی!
ب یەک کلیک
لبەر شاشا کۆمپیوتەری
ئیڤا ژیێ من یێ بۆری
ب هەروە دچوو
ئیڤا دی ژی ب پەشێمانی...

**ڤیان**

ئەز دگەل تە بووم
هەر ژ وێ رۆژا
تە ب دەهمەنا کراسێ خوە یێ سۆر
عەرد د دویڤ خوە را دمالی!
دوماهیک رۆژێن وەستیایی
ب دوو سێ چپکێن خوینەکا سۆر
ئاه و ئوهێن شعرەکێ
د بشافتن و
هەر گاڤا ئیلهاما شعرێ گیرۆ ببا ژی
تو دنالی...

**کلچاڤک**

عاسمانێ شینە و
ئەو ستافکا ژ تە دپەشیت
ئیڤەک ژێ ڤرێژا پستوییێ منە
ئیڤا مایی ژی
مێیاتیا تە کریە د کلچاڤکی دا و
ئەو کلچاڤک
بەرمایکێ شعرەکا منە...

**چنار**

بێی تە
وەک پیرە چنارەکا
کەتیە بەر پێلێن بایی و
تو شیعرێن من نابینی!
یان ساتە وەختەکی
بکەڤیە بەر شاشا کۆمپیوتەرێ
مەسجەکا بتنێ
بۆ من بشینی...

**ماندیبوون**

جوانترین رۆژگارا من
چاڤێن من
بشکۆرین ژ لێڤێن تە ددزین...
خۆشترین پەیڤا من
ببوو ناڤێ تە
جوانترین شیعرا من
ببوو پەسنا تە
ژ هینگێ و ئەزێ بشعرێن خۆ ڤە ماندی
نە هیبوومە ماچێن تە
نە ژی ڤرینا
دگەل درێژە پیاسێن تە...

**چیرۆک**

دناڤبەرا من و تە دا
ژیان چیرۆکەکا شەرمینە و
چاڤێن من باوەشکێن خەوێ دهێنێ!
هەر شیعرا من درێژە پیاسێن جادان
تێدا نڤیسین
ئەوێ شیعرێ ئیسک دهێنێ

**سویند**

هەر ژ وێ رۆژا تە ڤیایی
گەڤزکانێ دگەل شیعرێن من بکەی
مەزنترین سویندا تە خوە پێ زنجیردای
دگەل درێژە پیاسێن من
کت و جوتانێ پێ دهاتە کرن..

**حیجاب**

دگەڤزکا وەرزێ بهارێ دا
من پەنا بۆ
جوانیێ و شیعرێن رویس دبر!
پشتی بەلگ وەریاین و
پایزێ خوە رویس نیشاندای
من شیعر نە نڤیسین و خو بێدەنگ کر..

**مالئاڤایی**

من دەست
ژ نڤیسینا شیعرێ بەردا و
تو یێ تەلاران بلند دکەی
تە ئەز دگەڤزکێن شیعرێ دا هێلام و
تو یێ دەولەتێ
ژ دەست ددەی..

# پەخشانی ترانس سێبیریا (١)

**بلێز سەندرا: شاعیری سەفەر و ئەڤانتور**
**وەرگێڕان لە فرانسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**



ئەو دەمە هەرزەکار بووم
بە ئاستەم شازدە ساڵ دەبووم و دەمێک بوو منداڵی خۆم لەبیر چووبووەوە
لە دووری شازدە هەزار میل لە شوێنی لە دایکبوونم، لە مۆسکۆ بووم، لە شاری هەزار و سێ زەنگ و حەفت وێستگەدا.
لەم حەفت وێسگە و هەزار و سێ بورجە تێر نەدەبووم
چونکە هەرزەکارییەکەم گەلێک دەگمەن و شێتانە بوو،
چونکە دڵم ناوە ناوە
وەک پەرستگای ئیفێس یان وەک «گۆڕەپانی سوور»ی مۆسکۆ دەسووتا
کە ڕۆژئاوا دەبێ چاوەکانم ڕێگا کۆنەکانیان ڕووناک دەکردەوە
دەمێک بوو شاعیرێکی ئەوەندە قەڵپ بووم
نەمدەزانی تا سەر بڕۆم.
کرملین وەک کێکێکی مەزنی تەتەری بوو
سەری بە چینێکی زێڕ داپۆشرابوو
لەولاشەوە بادامی گەورەی کاتێدراڵە زۆر سپییەکان و ڕەنگی زێڕینی کاڵی ڕەنگەکان...
کۆنە فەقێیەک ئەفسانەی نۆڤۆگۆردی بۆ دەخوێندمەوە
منیش تینووم بوو و
نووسینە بزمارییەکانم هەڵدەهێنا.
پاشان، لە ناکاو، کۆترەکانی «سان ئیسپری»(٢)
بەسەر گۆڕەپانەکەدا هەڵدەفرین
دەستەکانی منیش وێڕای شەقەی باڵی هوما
بەرز دەبوونەوە
ئەمەش، دوایین بیرەوەرییەکانی دوا ڕۆژی
دوا سەفەر و
دەریا بوو.
...........
ئەوە بوو بەیانی هەینییەک، نۆرەی منیش هات
مانگی دیسەمبەر بوو

منیش لەگەڵ ئەو گەریدەیەی کە بە دوای خشڵدا دەگەڕا
ڕۆیشتم، کە دەیویست بچێتە خابرین
دوو جێگامان لە شەمەندەفەری ئێکسپرێس گرتبوو و
سی و چوار سندووقی پڕ خشڵی خۆرزایم – مان پێ
بوو،
لەگەڵ حەریری ئەڵمانی MADE IN GERMAN
جلوبەرگی نوێی لەبەرکردم، کە سواری شەمەندەفەر
بووم قۆپچەیەکم بزر کردبوو
(بە بیرم دێتەوە، بە بیرم دێتەوە، لەو کاتەوە زۆر جار بیرم
لێ کردووەتەوە)
لەسەر سندووقەکان درێژ دەبووم و گەلێک بەختەوەر
بووم کە دەمتوانی بەدەمانچە نیکلەکەم یاری
بکەم
کە ئەویشی پێدابووم.
زۆر بەختەوەر و ئاسوودە بووم
لەو باوەڕەدابووم دەتوانم ببمە جەردە
گوایە زێڕ و زیوی «گۆلکۆند»مان دزیوە
ئێستاش، بەیارمەتی شەمەندەفەری ترانس سێبیریا
دەچین
لەو دیوی جیهان دەیشارینەوە
دەبوایە بەرگری لێ بکەم لە ترسی جەردەکانی ئۆرال
کە پێشتر لە لێبووکەکانی ژول ڤێرن – یان (٣)دابوو.
دژی خونگووزەکان، بۆکس وەشێنەکانی چین
منداڵە مۆنگۆلە هارەکانی لاما –ی (٤) گەورە
عەلی بابا و چل دزەکان
موریدە گوێڕایەڵەکانی پیرە تۆقێنەرەکەی ناو چیا
بەتایبەتیش دژی هەرە مۆدێرنەکان
جورجەکانی هوتێل
پسپۆڕەکانی ئێکسپرێسی ئێودەوڵەتی.
بەڵام
بەڵام
خەمبار بووم وەک منداڵێک
ڕیتمەکانی شەمەندەفەر
«نیانی هێڵی ئاسنین»ی دەروونزانە
ئەمریکییەکان
جیرەی دەرگا، هی دەنگی هێڵی ئاسنی
شەختەبەند
چارۆکەی زێڕینی چارەنووسم
دەمانچەکەم، پیانۆ و جوێنەکانی قوماربازانی
کابینەی تەنیشتم.
ئامادەیی هەمیشەیی ژان –یش
پیاوە چاویلکە شینەکەش کە بە تووڕەیی لە داڵانەکەدا
پیاسەی دەکرد
وێڕای تێپەڕین سەیرم دەکا.
لۆچی ژنان
دەنگ و هاواری پاپۆڕ
تەقە تەقی شێتانەی پێچکە و دەنگدانەوەی لە کەشکەڵانی
فەلەک
میناکان سپی دەچنەوە
بەڵام سروشت نا!
لە پشت دەشتەکانی سێبیریاوە ئاسمانی نزم و
سێبەرە گەورەکان
بە ئارامی دێن و دەچن.
لەناو فەروەیەک نوستووم
دەورە دراو
هەروەک ژیانم
ژیانیشم وەک ئەم شاڵە سکۆتییە گەرمم ناکاتەوە
هەموو ئەورووپای بینراو لە لووتکەی پاپۆڕێکی خێرا
بەقەد ژیانم دەوڵەمەند نییە
ژیانە قوڕبەسەرەکەم
ئەم شاڵە
دڕاوەی سەر ئەم سندووقە زێڕانە کە بەیەکەوە سەفەر
دەکەین
خەون دەبینم
جگەرە دەکێشم
تاقە گڕێکی ئەم گەردوونەش
خەیاڵێکی قوڕبەسەرە...
.........................
(بلێز، بڵێ، ئایا ئێمە لە دووری مۆماغت – ین (٥)
ئێمە دوورین ژان، حەفت ڕۆژە لە ڕێگاین، تۆ لە
مۆماغت دوور کەوتوویتەوە، لەو گردەی کە خۆراکی
پێدای لە «ساکنێ کۆغ» و (٦) زۆر لێی نزیک بووی
پاریس و گڕە مەزنەکەی بزر بوون
لەمەودوا لە غوبار شتێکی دیکە نابینی
باران دەبینی خۆڵ دەبینی هەڵدەتۆقێ
سێبیریا دەبینی دەسووڕێ
زەوی پڕ لە بەفری ئەستوور دەبینی بەرز دەبێتەوە
زەندەق چوو کە لەسەرمان وەک دوا حەزی
ناو هەوای شین هەڵگەڕاو هەڵدەلەرزێ،
شەمەندەفەر لە دڵی ئاسۆی قوڕقوشمی هەڵدەلەرزێ
خەمیشت بە گاڵتەجارییەوە پێدەکەنێ...
(بلێز، بڵێ دوورین لە مۆماغت»

نیگەرانی
نیگەرانی لەبیرکە
گشت وێستگە شەق بووەکان لەسەر ڕێگا لادەچن،
ئەو هێڵە تەلەفۆنانەی کە خۆیان پێ شۆڕ دەکەنەوە
ئەستووندە ڕووگرژەکان کە دەجووڵێنەوە و دەیانخنکێنێ،
جیهان لێک دەکشێ و درێژ دەبێ و دەکشێتەوە
وەک هارمۆنیکایەک کە دەستێکی سادی ئازاری دەدا
لەناو دڕانەکانی ئاسمان، ڤیتاری شێت و تووڕە
هەڵدێ،
لەناو کونەکانیش
تایە سەرسوڕمێنەرەکان، دەمەکان، دەنگەکان
سەگەکانی بەدبەختیش لە دوامان دەوەڕن
دێوەکانیش هاروهاج دەبن
ئاسن
گشتی هەڵە ڕێکەوتنە
بڕن، ڕەن ڕەنی تایەکان
گرمە
هەڵتۆزینەوە
ئێمە گەواڵەیەکین لە ژێر کەللەسەری کەرێک.
........................
چیچیکار و خاربین (٧)
لەمە دوورتر ناڕۆم
ئەمە دوا وێستگەیە
لە خاربین دادەبەزم وەک ئەوەی تازە ئاگریان
لە خاچی سوور بەردابێ
ئۆ پاریس
ماڵی گەورە و گەرم وێڕای پەنگری جادەکانت و ئەو
کۆنە ماڵانەی کە لەسەرەوە خۆیان پێدا شۆڕ
کردووەتەوە و
وەک داپیرە خۆیان گەرم دەکەنەوە
ئەمەش ئەفیشەکانتە، سوور و کەسک و ڕەنگاو
ڕەنگ
وەک ڕابردووی کورتی زەردم
زەرد تای ڕەنگی ڕۆمانەکانی فرەنسا لە دەرەوە
حەز دەکەم لەشارە گەورەکان خۆم بە ئامانەکان بخورێنم
ئەوانەی سان ژێرمەن، مۆماغت، بە قەڵەمبازێکەوە
لە سەری گردەوە دەمبەن
ماتۆڕەکان وەک زێڕینەکان هاوار دەکەن
ئالیکی مانگای شەفەق ساکغێ کۆغ-ە
ئۆ پاریس
وێستگەی سەنترال شۆستەی ئێرادە و
چوارڕیانی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ
تەنیا بازرگانانی ڕەنگ هێشتا کەمێک ڕووناکییان
لەسەر دەرگاکانیان ماوە
کۆمپانیای جیهانی فارگۆنی خەوتن و شەمەندەفەرە
خێراکانی ئەورووپا و ڕێکلامەکانی خۆیان بۆ ناردم
ئەمە جوانترین کلێسای جیهانە
برادەرانم هەن وەک چێوە دەورەم دەدەن
کە دەڕۆم دەترسێن نەگەڕێمەوە
هەموو ئەو ژنانەی ناسیومن لە ئاسۆ ڤیت دەبنەوە
وێڕای هەڵکەوت و ڕوخساری خەمباری سەماوەری
ژێر باران
بێلا، ئەنیەس، کاترین و دایکی کوڕەکەم
لە ئیتاڵیا و
دایکی خۆشەویستەکەم لە ئەمریکا
گوێم لە هاواری سافیرەی ئینزارە و گیانم لەت لەت
دەبێ
لەوێ
لەوێ لە مەنشوریا سکێک ئێستاش
موچرکی پێدا دێ وەک ئەوەی منداڵی ببێ
دەمەوێ
دەمەوێ قەت ئەو سەفەرەم نەکردبایە
ئەم ئێوارەیە خۆشەویستییەکی گەورە ئازارم دەدا
بەدەست خۆم نییە بیری ژان -ی بچووکی فرانسا
دەکەمەوە.
لە ئێوارەیەکی خەمباردا ئەم هۆنراوەیەم لە شەرافەتی
ئەو نووسی
ژان
قەحپەی بچووک
من خەمبارم من خەمبارم
دەچمە «لاپانآژیل» (٨) بیرەوەرییەکانی سەردەمی
گەنجیم
بەبیر خۆم دەهێنمەوە
چەند پەرداخێکی گچکەش فڕ دەکەم
پاشان بەتەنیا دەگەڕێمەوە
پاریس
شاری خاوەن بورجی بێ نموونەی «ژیبێ» و (٩)
«لا ڕوو»ی (١٠) گەورە

## تۆ لە ئاسمان و لە دەریا جوانتری

کە خۆشەویستی دەکەی، دەبێ بڕۆی،
ژنەکەت بە جێ بهێڵە، منداڵەکەت بەجێ بهێڵە،
هاوڕێکەت بەجێ بهێڵە، خۆشەویستەکەت بەجێ بهێڵە
دەزگیرانەکەت بەجێ بهێڵە، ژنە دۆستەکەشت بەجێ
بهێڵە
کە خۆشەویستی دەکەی، دەبێ بڕۆی.

جیهان پڕە لە کوڕی ڕەش و کچی ڕەش
ژنان، پیاوان، پیاوان، ژنان،
سەیری کۆگا جوانەکان بکە
ئەم پەیتوونە، ئەم پیاوە، ئەم ژنە، ئەم پەیتوونە
ئەم هەموو کاڵایە جوانانەش
هەوا هەیە، با هەیە
چیاکان، ئاو، ئاسمان، زەوی
منداڵان، گیانەوەرەکان
گژوگیاو خەڵوزی زەوی

فێری فرۆشتن بە، هی کڕین، هی فرۆشتنەوە
بدە، وەرگرە، بدە، وەرگرە
کە خۆشەویستی دەکەی دەبێ بزانی
گۆرانی بڵێ ڕاکە بخۆ بخۆوە
فیتە لێدە
فێری کارکردنیش بە.

کە خۆشەویستی دەکەی دەبێ بڕۆی
فرمێسک مەڕێژە وێڕای پێکەنین
لە نێوان دوو مەمک مەنیشە
هەناسە بدە، بڕۆ، سەرت هەڵگرە، ون بە.

خۆم دەشۆم و سەیر دەکەم
ئەو دەم -ە دەبینم کە دەیناسم
دەست، قاچ، چاو
خۆم دەشۆم و سەیر دەکەم

هەموو خەڵک هێشتا لێرەن
ژیان پڕە لە شتی سەمەرە
لە دەرمانخانە دەردەچم
لە پایەکە دادەبەزم

کێشم هەشتا کیلۆیە
خۆم دەکێشم
خۆشم دەوێی.

**پەراوێزەکان:**

**١- ترانس سیبیری: واتە دەشتی سیبیری، پێم جوانتر بوو وەک خۆی دابنێمەوە چونکە شاعیر وەک ناو بە کاری هێناوە.**

**٢- SAINT- ESPRIT ناوی کلێسایەکە، بە مانای گیانی پیرۆزیش دێ.**

**٣- نووسەرێکی فرانسایییە لە سەدەی نۆزدەم ژیاوە، کۆمەڵێک رۆمانی خەیاڵی هەیە لە جۆری خەیاڵی زانستی.**

**٤- گەورەی نایینی بوداییەکانی وڵاتی تبتستان لە رۆژئاوای چین.**

**٥- گەردێکە دەکەوێتە شاری پاریس، گەرەکەکەش بەهەمان ناو ناسراوە.**

**٦- کلێسایەکی گەورەیە لەسەر هەمان گردی پێشوو.**

**٧- ناوی کابارێیەکە لە پاریس.**

**٨- باڵاخانەیەک بووە بۆ پیشاندانی تاوانباران.**

**٩- نامێرێکی ئازاردان بووە.**

**بلێز سەندرا: شاعیر و نووسەرێکی فرانسییە و لە ساڵی ١٨٨٧دا لە دایک بووە و لە ١٩٦١دا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. سەندرا هەر لە زوویەکەوە هەڵکەوت و خاسیەتێکی تایبەتی بە شیعر و نووسینەکانی دەدا، کە بریتییە لە ئەڤانتۆر و سەفەر، ئەمەش بە تەواوی لە هەموو ئەو بوار و جۆرە ئەدەبیانەی بەرهەمی هێناوە هەستی پێ دەکرێ، وەک رۆمان و پەخشان و ریپۆرتاژ و یاداشت... تاد. لە لای سەندرا ژیانی نوێ تێکەڵی ئیرادەی داهێنان و ئەندێشە کراوە کە تێیدا ئەندێشە و هەقیقەت دەبینرێ. دەشێ بڵێین شیعر (خەیاڵ) و لەلای بلێز سەندرا بابەتێکی زۆر نزیک بێ لێی.**

**ئەم هۆنراوانە، بریتین لە هەڵبژاردەیەک لە چامەیەکی درێژی شاعیر کە سەفەرێکی شاعیرە بۆ هەرێمی مەنشووریا بە ناوی (پەخشانی ترانس سێبیریا) وەک سەرکەوتنێکی شیعرییەت و ئینتیباعیەتی راستەوخۆیە و تا رادەیەکی زۆریش نووسینەوەی جەوهەری زەمەنە (زەمەنێکی دیاریکراو) بەو مانایەی بیرگسۆن بۆی چووە، کە بەرهەمهێنەری جوانییەکی پەرجوو ئامێزە بەهۆی ئامادەیی خۆی لە گشت پێوەندییەکەدا. ئەم هۆنراوانەی بلێز سەندرا سیمایەکی نموونەیان لە شیعری جیهانیدا هەیە.**

**سەرنج: ئەڤانتور وشەیەکی فەرانسایییە و بە مانای موغامەرەی عەرەبی دێت.**

# بەفری هاوڕێ

**فەڕۆخ نیعمەتپوور**
**(نەرویج)**



پاسەکە ئارام ڕێگای دەبڕی. دەرەوە تاریک تاریک. سارد و بێ دەنگ. لەناو پاسەکەدا دانیشتوون. ناوەوە پڕە لە هاوڕێیانی کۆن. ئەمانیش هەردووکیان لە پێشەوە ڕوو بەوان. پاسەکە دەڕواو ئەم شانە و شان دەکا، موسافیرەکانیش لەگەڵیدا هەموو ئەوان لەمان دەڕوانن و ئەمانیش لەوان. نیگاکان چەند قورسن! هاوڕێیانی کۆن هەموویان ڕەپ دانیشتوون. دەست لەسەر ئەژنۆ و بێ دەنگ. وەک سەردەمی منداڵی لە کلاسی دەرسدا، کاتێک موبسری کلاس بەدارێکەوە قوتابییەکانی ئارام دەکردەوە. دوو تفەنگچیش لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستاون، ئامادەن بۆ هەر چەشنە ڕووداوێکی نەخوازراو. ئەوانیش دوو موبسر بە دوو دارتفەنگەوە. بەرپرسەکە هەردووکیانی دابووە دەست ئەم دوو تفەنگچییە و گوتبووی بیانبەن. ئێستا خەریکە دەیانبەن. پێیان وانەبوو ئەوەندە خێرا بڕیارێکی وەهایان لەسەر بدەن. کە ئەمەیان بیست، تەزوویەک بە لەشیاندا گەڕابوو. کتوپڕ شتێک هاتبوو کە ژیانی وەک تابلۆیەکی دوورە دەست لێکردبوو. ئەوەندە دوور وەک مرۆڤی ناو تابلۆکانی سەدەی چواردە. هەردووکیان سەریان هەڵبڕیبوو و لە دووریان ڕوانیبوو، ئەگەرچی تا دیوارەکە تەنیا دوو مەتر مەودا هەبوو!

دەیانزانی بە پاس دەیانبەن. ئەم پاسە بە ناوبانگ بوو. لە منداڵییەوە باسیان بیستبوو. ساڵانی ساڵە بەمە ڕایاندەگوێزن. پاسەکە کۆن کۆن بوو، بەڵام مۆتۆڕەکەی هەروا بە گوڕ و بەهێز بوو. ئێستاش دەیتوانی بەهەزاران و هەزارانی دیکە ڕاگوێزێ. هەر کە سوار بوون واقیان وڕما. پێیان سەیر بوو. پاسەکە پڕ بوو لە هاوڕێی کۆن، ئەو هاوڕێیانەی وا ئێستا تەنیا بە یادەوەرییەکانەوە بەمانەوە بەسترابوونەوە. باشە ئەمان بۆ؟ دانەیەک لە تفەنگچییەکان پێکەنی و گوتی:

– «ئەمانە لەمێژە لەگەڵ ئەم پاسە دێن و دەگەڕێنەوە!»

– «دەگەڕێنەوە؟»

هاوڕێکەی دیکەی لاشانێکی تێکوتا. ئەم بێ دەنگ بوو. پاشان گوتی:

– «جاران تەنیا ئێمە و ئەوان بووین، کەچی ئێستا ئەوانەش وا نە ئێمەن و نە ئەوان!»

دایاننیشاندن، بەڵام وەها کە دەبا ڕوویان لە هاوڕێیانی کۆن با. هاوڕێیانی کۆن چەند بەشێوەیەکی سەیر لەمانیان دەڕوانی. وەک شتێک پێیان گوترابوو کە دەبێ ئاوا بڕوانن. سەرەتا ئەمان خۆیان لەوان دەبوارد، بەڵام سەرئەنجام ئەمانیش کەوتنە ڕوانین. نیگای هاوڕێیانی کۆن نیگایەکی سەیر بوو. نەدەخوێندرایەوە. هەموو شتێک بوو و هیچ شتێک. نووسرابوو و نەنووسرابوو. شتێک بوو وەک مەودایەکی کورت پڕ لە ترس و شانازی و مەخابن. ڕەنگە ترس لە خۆیان، شانازی بەمان و مەخابن بۆ ئەوەی کە دەکرا ئەوانیش ئاوا بان، یان مەخابن بۆ ئەوەی بۆچی دەبێ خەونی خۆش بەشکان، یان مردن کۆتایی بێت.

ئەی نیگای ئەمان؟ نیگای ئەمانیش هەر هەمان، بەڵام ڕەنگە شتێک زیاتر، وەک «لەخۆ بایی بوونی مرۆڤی یاخی بەردەمی مەرگ». جار و بار هەستیان دەکرد کە نیگای هاوڕێیانی ناو پاسەکە یارمەتیدەرە بۆ تاراندنی ترسی مەرگ. هەر ئەوەندەی کە تەنیا نەبوون بۆ خۆی زۆر بوو. هاوڕێکەی گوتی:

– «هێناویانن کە لەگەڵیان بگەڕێینەوە. دوا ڕێگا بۆ گەڕانەوە بەرەو ژیان.»

سەریان هەڵبڕی و سەیری دەرەوەیان کرد. دنیا هەروا چەند تاریک. شانیان بەردەوام بە شانی یەکترەوە بوو. چەند هەستیان بە ئاسوودەیی دەکرد. هێشتا نەکەوتبوون و دەکرا پاڵ بە یەکترەوە بدەن. دوو پاڵتۆیە گەورەکانی بەریان گەرمای لەشیانی دەپاراست، تەنانەت دوای گەڕانەوەی پاسەکەش. لەو بەرزاییە قەرار بوو لە ناو دۆڵێکدا تا ئەبەد بمێننەوە. هەڵبەت بە ڕاشکاوی و لەکاتێکدا کە ئیتر نەیاندەتوانی لەگەڵ یەکتر بدوێن. تەنیا بە ڕاشکاوی و بەنیگایەکەوە کە لە دوور دەستەکانی ئاسماندا لەناو ئەستێرەکان ون دەبوو. یەکیان بەچرپەوە بەوی دیکەیانی گوت:

– «کۆتاییەکان چەند بە پەلەن!»

پاسەکە ڕاوەستا. دایانبەزاندن. وەک هەمیشە هاوڕێیانی کۆن دانەبەزین، بەڵام گەردنیان کێشا. بەدەم دابەزینەوە ئەمانیش بۆ دواجار لەوانیان ڕوانی، لەو تاریکاییەدا بەجوانی دیار نەبوو کە چۆنن، خۆشحاڵن لەوەی کە جارێکی دی بەرەو ژیان دەگەڕێنەوە، یان داهێزراوی سەفەرە بێ کۆتاییەکانی نێوان ژیان و مردن.

پاسەکە ماوەیەک ڕاوەستا. دوو تفەنگچییەکە بە وردی لەمانیان ڕوانی. نە پاڕانەوەیەک و نە ڕاکردنێک بەرەو پاسەکە بەدی نەکرا. ئەوان هەروا وەک دوو سێبەری تۆخ شان بەشانی یەکترەوە لەو تاریکاییەدا ڕاوەستابوون. تفەنگچییەکان دەستیان لە شۆفێرەکە ڕاوەشاند. پاسەکە بێ ئەمان بە هاوڕێیانی کۆنەوە گەڕایەوە. تفەنگچییەکان دەنگیان دان. لەکاتێکدا بە ئەسپایی لەناو تاریکاییدا هەنگاویان هەڵدێنا، بۆ دواجار لە پاسەکەیان ڕوانی. تاریکی نیگاکانی قووت دابوو. کە پاسەکە دوور کەوتەوە ترسێکی خەست بەقەدەر تاریکایی دایگرتن. ژیان چەند سەیرە! دوو تفەنگچییەکە هەردووکیانیان ڕیز کردن. ئەوسا چەند مەترێک لێیان دوور کەوتنەوە. جەستە ببوو بە خەیاڵێکی لۆکەیی. سپی سپی کە هەردەم دەکرا بەدەم باوە سەفەر کا. بەبێ ویست شانیان بە شانی یەکترەوە نا. هێشتا جەستە قورس و قایم بوو. لایان کردەوە و لەیەکتریان ڕوانی. بزەیان هاتێ. نیگایان لە نیگای هاوڕێ کۆنەکانی ناو پاسەکەی نەدەکرد. ئاه چەند حەزاوی بوون! تفەنگچییەکان نەڕاندیان ئیدی هیچیان نەدەبیست. دەنگەکانیش وەک تاریکایی دەکرا مرۆڤ تێیدا نوقم بێت. وەها کە ئیتر ببێ بە بەشێک لە دەنگ. هەر لەو کاتەدا تفەنگەکان کەوتنە سەرپێ، بەفرێکی دەنک درشت و قورس دای کرد. کلووەکان ئارام دەنیشتنە سەر زەوی، سەر شاخ، سەر شان و باهۆی ئەمان. کلووە بەفرەکان لە نیگای هاوڕێیانی ناو پاسەکەیان نەدەکرد، گەلێک گەرمتر بوون. ئاه چەندە هاوڕێ بوون! چەندە هەستی تەنیایی ئەو شەوەیان دەڕەواندەوە! لەو شەوەدا بەسەر ئەو شاخەوە لەناو ئەو دۆڵە کپ و بێ دەنگەدا، ئەمان بۆ دواجار دیسان بزەیان هاتێ. ترس بە یەکجاری ڕەوی بووەوە. هاوڕێیانی بەفر چەندە بێ فیز و بێ داوا بە دەمیانەوە بوون. لەگەڵ تەقە، سەریان هەڵبڕی و ڕوخساریان دایە بەر هورووژمی سوپای سپیی بەفر. کلووە درشتەکانی بەفر چەند ئارام، چەند نەرم زەوی و جەستەی ئەوانی داگیر دەکرد.



# حیکایەتەکانی من و ئەوان

**بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**

### حیکایەتی یەکەم
### گەڕان بە دارستانەکانی عەدەمدا

ڕۆژێکیان لەودیو کاڵبوونەوەی سێبەرە فەریکەکانی دارستانی عەدەمەوە دەمەو ئێوارەیەکی پاییز مەلی دڵم لەسەر ژێی کەمانی ناخم نارە نار دەستی کردە جریواندن، لە پشتی هەستەکانمەوە دڵێکی خرۆشاو گوێی بۆ ناخم هەڵخستبوو، زۆر نەبوو لە جۆگەلەی وشیار بوونەوە پەڕیبوومەوەو گەیشتبوومە نێو دارستانەکانی عەدەم، لە سێبەری دارێکدا ڕاکشابووم، دەنگە دەنگێ لە پشتی سەرمەوە دەهات، لە گرمەی هەور دەچوو، سەرم هەڵبڕی ئاسمانێکم بینی پڕ لە گەواڵەی زەردو شین، سۆسەی بایەکی فێنک دەیدا لە گەرووی شمشاڵەکەم، بەڵام هیچ ڕێگایەک نەبوو بمباتەوە سەر ئاوازی دڵنیابوون، ئێوارەیەکی درەنگ گشت هەردەو هەڵەتەکانی ئەو دیو دارستانی عەدەم گەڕام، دڵم هێندە سازی ژەنیبوو تک تک خوێن لە دەمارەکانی دەچۆڕا، ناخم تابلۆیەک بوو لە هەنسک و بیرەوەری، لە یادی منداڵی شەوانی هاوین، ئەو دەمەی لەپم بۆ تکێ باران ڕاگرتبوو، چۆلەکەیەکی سپی سینگ خەناوی لەسەر پەنجەکانم نیشتەوە، لە چاوە شینەکانیدا ڕەونەقی دارستان و لە نەغمەی جریوەکانیدا سۆزی درەوشانەوەی ڕووبارێکم بینی، کەوتمە سەر نەغمەی گۆرانی چڕین. هەروایە هەروایە، ڕووی پەنجەرەی لەبەر بایە یارم، دەچێ بۆ سەیران، ئاگات لێی بێ خودایە.

### حیکایەتی دووەم
### هەڵاتن لە دارستانەکانی عەدەم

کە شەو داهات دارستانەکان بوونە شوێنی خرۆشانی خولیاو جووڵەی هەست کردن بەبووژاندنەوەی ڕوح، شایلۆغانی

شەپپووری باڵ ڕەنگینم ئومێدی ئومێدم بوو، لەنێو غارغارێنی ڕەوە سوارێکی سپی بەفراویدا خۆم تاقە سواری پەیجوور و درەوشانەوەی قەرەوڵی شەو بووم، ساتێک بوو بەوری بەیانم چەخماخەی لە دەمی شمشێری بریقەداری ئەو دارستانانە هەڵدەساند، گڕم بەردابووە هەناوی دەیان کیژی ناوقەد باریکی مەمک قوتی سمت پان، دەمێک بوو مشکە کوێرەی بێ هزر لە ترساندا لەژێر بنجێ کۆلەزوانەدا خۆی شاردبووەوە، زەمانێک بوو پیاوکوژە بێ فرسەتەکان باروبنەیان پێچابووەوەو دوور هەڵاتبوون، بۆ کوێ دەڕۆن هەر دەیانگەمێ، ڕۆژێک دێت بەمووی ڕیشی خۆیان پەتیان کەم، لەبەردەممدا بێنە چۆک، لێم بپاڕێنەوە، لە چادرەکەمدا لەسەر بەڕەیەکی حەوت ڕەنگ تەلاقم دابووەوە، بە هەیبەتی تەواو بەتەدارەکی جەنگی ئامادەوە چاوەڕوان بووم، بەردەستچی وخەدەم و حەشەم مقۆمقۆیان بوو، میرغەزەب و دەرماڵدار هەموویان بسمیللاو ویردیان دەخوێند، زۆر نەبوو بەتیری هەیبەتی جوانمێرانە، بە گورزی ڕق و بوێری چەندان گەواڵە هەورم پێکابوو چەندان گاشەبەردم شەلحەو پەلحە کردبوو، دەبوایە هەرواب‌م و بەلەوە کەمتر بەهیچ ڕازی نەبوایەم، وەلێ بەخشکەیی بۆی کشامەوە و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: هەردەڕۆم و نایگەمێ، کەس نییە وەڵامی بەمێ، گۆشەی چادرەکەت لادە با مانگ دەرچێ لەتەمێ.

## حیکایەتی سێیەم
## شتێکی کەم لە ڕابردووی دارستانەکانی عەدەم

دوای ئەو ڕۆژەی لە دارستانەکانی عەدەم خشەم بۆ کرد بەچەند ڕۆژێک، ئەو کەژاوەیەی بۆ من ڕێک خرا مەگەر بۆ جەنگیزخان و هۆلاکۆو شاو میرەکانی عەرەب و عەجەم ڕێک خرابێت، قافڵەی شەرابی چل ساڵە، هەنگوینی خەستی پربۆن و بەرامەی بەرمەکییان، سەبەتە هەناری دانە پڕ لە ئاوی شارەبان و کونە ئاوی ڕووناک و سازگاری سیروانی دڵان، هەموو ئەمانە چیرۆکێک بوو دەیان مەکتوبچی و مەتەڵچی و عەریزەچی لە دەمی منەوە دەیانگێڕایەوە، باسی چیتان بۆ بکەم؟ باسی کام فتووحاتی خۆمتان بۆ بکەم؟ فەتحی قەڵای خەیبەر، یان فەتحی قەڵای دمدم، یان فەتحی قەڵای دڵی هەزاران کچی شێت و شەیدا، یان و یان و یان و...؟ باشتر وایە ملی خۆتان لە شمشێری بیرەوەری من نەسوون، من گاڵتەم بەسەربوردی خەڵکانێکی وەک ئێوە دێت، هێشتا بۆنی شیری خاوتان لەدەم دێ، چەندان لەشکر لە پیادەی ڕۆم و عەجەم، چەندان گوردان تانکی حەرەس جمهووری و چەندان دەستە لە پیاوانی حەرەس قەومی و چی و چیتر کوان؟ کوا گۆڕەکانیان؟ هەژارینە! جارێکی تر لە حزووری مندا ئاوا بیرنەکەنەوە، من خۆم گەورەترین فاڵچیم (انهم یمکرون والله خیر الماکرین)، نەخەڵەتێن بچنە بن هەنگەڵی چوار پرت و پیرەژنەوە، بتانەوێ بەفاک و فیکی ئەو سەربەجەڕانە بیروهۆشی من بخوێننەوە، ئێوە درەنگ کەوتن، پێش لە هاتنتان چەندان کەسی نەفام ئەم ڕێگایەیان تاقی کردەوە، بەڵام ئەنجامیان چی بوو؟ جگە لەوەی دڵی خۆیان بەسەر خەنجەری تۆڵەی منەوە بینی! گاڵتەی وا لەگەڵ مندا نەکەن، من یەک هەزار کتێبی ئەفسانەم خوێندووەتەوەو لەبەرمە، چوار هەزار مەتەڵی دێگونەجانەم هەڵبەستووە، دێگونەجانێ، دێگونەجانێ، فیکە دەکەی گونت کوانێ، هەواڵ گونم بۆ دەپرسی فیکە دەکەم تۆ بترسی، ئەگەر هەر بەڕاست دەتانەوێ لەگەڵ مندا گرەو بکەن پێش لە هەموو شتێک بچن سەری خۆتان بخەنە نێو توورەکەی گرەوەکەتانەوەو ئەوجا وەرن، ئەگەریش نایەن ئەوە من پێتان دەڵێم: وەرە قوربان ئارامی دڵان، شێتت کردم، سووتام، برژام وەرە قوربان.

## حیکایەتی چوارەم
## حیکایەتێکی تری کۆنی هەمان دارستان

هەر ئەو دەمانە بوو هێشتا ڕووناکی دارستانەکانی عەدەم بەتەواوی خامۆش نەببوون، ڕۆژێکیان پاشای شاری شام ناردی بەشوێنمدا، ئەو پەیکەی کە هاتبوو لەشکرێک بوون لە بنیادەمی قوڵەڕەش، کڕنۆشیان بردو وتیان: هاتووین پادشامان داواکارییەکی هەیە، وتم: چییەو داوای چی دەکات؟ وتیان: لە دەڤەری حەزرەمەوت لە کێوی توور لە ئەشکەوتی قیامە دێوێکی حەوت سەر هەیە کتێبی شەمسولمەعاریف ئەلکوبرای هەیە، تاکو ئێستا ٣٠ پاڵەوان چوونەتە سەری هەموویانی قتوفت کردووە، دەڵێن تەنیا تۆ دەتوانی ئەو سەروەت و سامانە بۆ پاشامان بێنی، بزەیەکم هاتێ و وتم: هەرئەوەندەو هیچی تر؟ ئەو لەشکرە بنیادەمە

بەیەک دەنگ وتیـان: بەڵێ هەر ئەوەندە و هیـچی تر، وتم: بەرانبەر بەمە چیم دەدەنێ؟ وتیان: لە تۆ چەقۆو لە ئێمە گۆشت، بیستبووم کچێکی جوانی هەیە لەتێکە لە مانگ، لەنێو ژناندا تاک و دەگمەنە، بە عیشوەو ناز هیچ کچێکی ئەم دنیایە نایگاتێ، وتم: مەملەکەت بۆ خۆی سەروەت و سامان بۆ خۆی، من تەنیا سورەیە خانم دەوێ! دەمیان داچەقا، واقیان وڕماو وتیان پێشکەشت بێت، دوای دوو ڕۆژ شەمسولمەعاریف ئەلکوبرایەکی کۆنی باپیرم لە ماڵدا بوو، بۆم برد، خێرا خێرا پەڕەکانی هەڵدەدایەوە، بەچاوی خۆی دەیبینی و بە ئەقڵی بڕوای نەدەکرد، سورەیە خانم خستە دوای زینەکەم و وەک (با) گەڕامەوە بۆ وڵاتی گەرمیانێ، دوای مانگێک ویستم بەخێرو خۆشی بەرەو باوانی بەڕێی خەمەوە ژن وتی: دایکم خاس و باوکم خاس، دوو پام ناچێتەوە شامێ، قوڕم پێوەدا کەی وڵات بووە، من تازە ئێرە بەجێ ناهێڵم، من دەمزانی ئەو ژنە بەو خورمایانەی لای من خواردوویەتی، بەو دەمەی لای شیرین بوو، تازە بەتازە بە قاوەی تاڵی شام تاڵی ناکاتەوە، تازە نایەوێ وەک کەوی دیل بچێتەوە نێو قەفەسی یەخسیری، بەڵام چاری نەبوو، چونکە من تێم گەیاندبوو من پیاوێکم هەڵۆ ئاسا دەژیم، نامەوێ وەک بەراز هەمیشە چاوم لە کولانەکەم بێت، بەس بخۆم و بخەوم، بۆیە کاتێک زانی من هەڵۆم شەوێکیان دای لەشەقەی باڵ و بەرەو ئەو کێوانە فڕی و بوو بە تەوارێکی کێوی، بەڕاستی ژنی وڵاتی شام شیرین و بەتامن، هەنگوینی نێو لێڕو باخانن، بۆنی گوڵ و ڕەیحانەن، عەتری بەهارانن، سڵاوم بۆیان دانە دانە، سڵاو بۆ یار، سڵاوی بۆندار، کولمی سێوی شیرینە، ماچی تامی هەنگوینە، سڵاو بۆ یار، سڵاوی بۆندار.


## دوا حیکایەت

## چەردەیەک لە یاداشتەکانی زۆربا

گێڕانەوەی ئەم حیکایەتانە لە بەتاڵکردنی سەبەتەیەک سێو دەچێت بۆن و بەرامەی تا تەنگترین کۆڵانەکانی ناخ دەڕوات، حیکایەتەکانی من و ئێوە حیکایەتی دوو ڕۆژی یەک وەرزن، وەرزی پێگەیشتنی سێو، حیکایەتی ئەو گوڵانەن کە لە نزاری دوورترین چاودا ڕواون، حیکایەتی ئەو هەزاران منداڵە هەتیوەی دەستی ئێوەیە کە من لە بەڕەڵایی و گوم بوون ڕزگارم کردن، من نەبوایەم ئەو منداڵانە، یان ئارەق خۆرو شەلاتی، یان حەپ خۆرو دزو جەردە دەردەچوون، من ئەو منداڵانەم کردە جەنگاوەرو قارەمان، هەزارانم لێ کردن بە عاشق، بۆ هەتا هەتا بڕوانامەی هەرمانم پێ بەخشین، حیکایەتەکانی من و ئێوە حیکایەتی ئەو هەزاران کچەن کە قەیرەتان خستن، ئەو هەزاران ژنەیە کە بێوەژنتان کردن، من ئەو کچانەم لە قەیرە بوون ڕزگار کرد، بۆ شەوێکیش بێت تاموچێژی خۆشی شەوی پەردەم پێ بەخشین، وام لێ کردن هەست بە کچێنی خۆیان بکەن، وام لێکردن بۆ چرکەساتێک ئینسانبوونی خۆیان بدۆزنەوە، حیکایەتەکانی من و ئێوە حیکایەتی دوو کیشوەرن دەریای عەدەمیان نێوانە، من ئەو بێوەژنانەم جارێکی تر لە لێواری مەرگ گەڕانەوە بۆ نێو باخەکانی ژیان، جارێکی تر لێوە غەمبارەکانیانم بە ماکیاژی بزەو خەندە نەخشاند، جارێکی تر سووریی سێوم بۆ گۆنا تۆزاوییەکانیان گەڕاندەوە، حیکایەتەکانی من و ئێوە حیکایەتی دوو کانیاوە یەکێکیان تا بلّێی سوێرو تاڵە، ئەوەکەشیان شیرین و بەتام.

# حەوت تیرۆژە چیرۆک

ئەحمەد حەقناس
(بۆکان)



### جگەرە

لە نێـــوان گـــۆشـــەی چوار دیواری ژوورەکـــەدا کـــز دانیـشـتـبـووم. هاتن تـارمـاییـان خـسـتـە سـەرچاوی پەنجـەرەکـان. تەنیـا هیـوای ڕووناکـیم داگـیـرسـانی جگەرەکەم بوو. ئێستە هاتوون دەڵێن: جگەرەکێشـان لێرە قەدەغەیە!

### ئێرە

لێرەوە چەن ژمارەیەکمان بۆ ئەوێ بەڕێ کرد. ئەوانیش نامـەیەکـیـان بە مـۆم کـراوی ناردەوە بۆ ئێـرە...! لێـرە خـوێنەران پەرێشـان بوون. بڵـێی...! ئێسـتـە لەوێ ڕۆژنامەکەیان خوێندبێتەوە.

### یەک یەک

هەمـوو ڕۆژێ بەر لە خۆر کـەوتن بەرەو بیـابان دەکـەوتە ڕێ. چەن گـەنجێکی لەگـەڵ خۆی تا لێـواری زەریا دەبرد. ئێـوارێش بە دزییـەوە خۆی دەکرد بە شارا بە دەم پیاسەی پەشیمانییەوە. یەک یەک بزەی سەر لێوی کوڕ و کچانی سەر شەقامی دەژمارد.

### خوێنەر

لەبەر خـۆیەوە بیـری دەکـردەوە زۆر وشە هەن نـاتوانن بە ئاسانی لێی تێبگەی. لە ساتێکا دەستەکانی بە دیواری ڕۆژنامەوە جێ دەما. کۆتایی مەرگ ئاوێتەی دەبوون!

### چی وتن نەک

بیـری لە نـووسین دەکـردەوە نازانم ئەرێ نـانا... شـیـعـر بنووسم یان چیرۆک. لەپڕ وتەی ئەو کتێبەی هاتەوە بیر. کە ساڵێ پێش مردنی باوکی خوێندبوویەوە. لە سەرەتای کـتـێبـەکـەیدا نـووسـرابوو. گـرینگ نیـیـە چی دەنووسی، گرینگ ئەوەیە چی دەڵێی...!

### تەواو

لە کۆتاییدا دەنگی ژنێکم دەهاتە گوێ: کـات تەواوە، کات تەواوە.

### دایک

من نازانم لێی تێناگەم بۆچی ساتێ کە دەچمە باوەشی دایکمـەوە بەزەییـەکـانم زیاتر دەبێ، وا بزانم خـوا بارانی بەزەیی زیاتر لە دڵی ئەواندا دابارانددووە، چونکە ئەمـڕۆ باوکم سـەرنجێکی من و برا و خـوشکانمی نەدا، پێـدەچێ جوانی بێـوەژنەکـەی هاوسـێـمـان وای لێکردبێ لە جـێی گریان «شاوەت بە چاویا بێتە خوارێ».



# دڤێ هیڤ تونەبوویا

**فەوزی بیلگە**
**(مێردین)**

شەڤەکە تاری، بێهیڤ، ژ خوە دڤێ هیڤ تونەبوویا ، چەند هەڤال و رێبەرێ مە مینا تیرەمارەکی د پێشیا مە دە، ئەم ژی ل دوو وی، ب لەز ئەم د ناڤا عەردێ پەمبۆ رە دمەشیان. رێبەر پێ ل کو بکرا ، مە ژی پێ ل دەوسا لنگێن وی دکر، دڤێ دەنگ ژ کەسی نەهەتا ، کەس نەپەیڤیا ، هەتا نەکوخویا ژی، تەڤ کشاندنا جغارێ ب تومەری قەدەغە بوو.

چەنتێ من ل پشتا من بوو و ئەز دناڤا خوێدانێ دە مابووم، کوخکێ زۆر دابوو من. لێ، من چاوا کر من نەدزانی، نەکوخیام. ئەو میراتێن قرشکێن پەمبۆ هشک بووبوون، گوندیان هین ژ عەردێ ئەو نەدابوون هەڤدو. گاڤا مە پێ ل وان دکرن، د وێ تاریێ و بێدەنگیێ دە، دبوون خشتە خشتا وان، دەنگەکی عەجێب دەردخستن. وان دەنگێن مرنێ دئانین بیرا مرۆڤ. لەورا ل دەرێ وەها دەنگ، مرنە. دەنگەک، تەنێ دەنگەک، مرنا مە گشان بوو، مە باش پێ زانیبوو کو خەلاسی تونەیە. مرن چ تشتەکی هیسان و ئەرزانە ل دەرێ وسا . نە تو دەردۆرێ ناس دکی، نە تو دبینی و؛ تو ناس بکی ژی؛ دیسا خەلاسی زۆرە عەرد ب ماینە. تو بێحەمدی خوە ژ ماینان خلاس ببی ژی، گولەیێن لەشکەران و هەزار تشتێن دن مرنێ ژ بیرا مرۆڤ نابە و ژیانێ ژی ئەوقاس شێرین لێ دڤێ ئەم نەمرنا ، دڤێ مرن نە ئەوقاسی هێسان بوویا . ژبەر وێ ژی، بێسەکن ئەم دمەشیان. ژیانا من ژ زارۆکاتیێ هەتا وێ دەمێ گشی تو یێ بێژی قەی بێ ئەجەلا وێ هەبوو، دهات بەر چاڤێن من، مینا دکرن، دوو رە ئەڤینێ هات بیرا من.

ئەز باش دزانم، چوونا من پڕ بێدلێ وی، لێ قەت ل هەمبەر ژی دەرنەکەتبوو، ب حالکی و د رۆژێن خوە یێن داویێ دە بوو و ل بەندا وەلداندنا زارۆکا خوە، نوخوریا یێ خوە بوو. من ئەو ب تەنێ هشتبوو و ئەز ب رێ کەتبووم.

گوند، تبایەکی ل پاشیا مە مابوو، عەردێ پەمبۆ ژی. تەنێ دەنگێ کوچکێن گوند ژ دوور دهات. بەشیا ئەم ژی مەش د دۆمیا ، رێبەرێ مە چەند جاران سەکنی، ل دەردۆرا دنەهێری، گوهداری دکر، ئەم ژی دسەکنین، هەتا ئەو دمەشیان. جارا یەکەم ئەزێ ژ وەلاتێ خوە دەرکەتاما مخابن دیسا بچووما وەلاتێ خوە. من ئەڤ دەر نەدیتبوون،

جارنا د زاڕۆکائیا من ده قالا دەرباسبوونا حودود دبوو، قالا مـاینان دکـرن، من گـەلەکی ب هەیەجـان ل وان گوهداری دکـر. دگـۆتن، ییێن کو دناڤا مـاینان ده دمـرن پەرچە پەرچە دبن، خوە دیێن وان ژ ترسا نـکارن مـەیتێ وان ژێ بیـنن. نکارن ل وان خـوەدی دەرکـەڤن. ل ور، د ناڤا عـەردێ ماینان ده درزن. مـرۆڤ بمرە، وەک پەلەک ژ ژیانـێ بکەڤـە سـەر ئاخێ، نە د بنێ ئاخێ دە، نە د گۆرستانەکێ دە، هێدی هێدی برزە گۆرا مـرۆڤ تونەبە، رەوشەکە چاوایە گەلۆ؟ ئان ژێ وەلاتەکی گشی ببە گۆرا ئینسانان. خوەشترە یان نا؟

رێبـەر سـەکنی، ب دەست ئیـشـارەت دا مـە. من ل پێشیا خوە نێری، چەمەک خویا دکر. بێدەنگ دحەرکی، د وێ تاری و بێـدەنگیێ دە، دەنگ ژێ نەدهات. من فاهم کر کو ئێدی ماین نەمانە. لێ چەم، چەم هێن هەبوو. چەم پرسگرێکەکـە مـەزن بوو وێ شـەڤێ. ئا راست من گەلەکی ژ چەمان حەز دکرن. چەم، ژ بۆنا من خوەشکبوون و بەرەکـەت بـوو. لێ ژبۆنا چ ئیـشـەڤ ئەز ئەو قـاسی ژ چێم عـاجز بـووم. من نەحەقـی لێ چێم دکـر گەلۆ. ژ خوە هێدی هێدی، بێدەنگ دحەرکی.

مە خـوە بەردا بەر کـەندالەکی دا. رێبـەرێ مـە گـۆت؛ «زوو دەسـتێن خـوە بلڤـینن، کنجـێن خوە ژ خوە بکن.» مـینا بالیـۆزەک ل سـەرێ من کـەڤـە، شـاش مـام، من ل رێبـەر نەری، رێبـەر گەلەکی رەحەت کنجێن خوە ژ خوە کرن، خوە شووشت و تازی کر، کنجێن خوە ل سـتوویێ خوە گەڕاندن. لێ نێـری کو هێن ئەم سـەکنینە، خـویا بوو هەڤالێن من ژێ وەک من فـەدی دکـرن. مـە ژێ کنجـێن خوە ژ خوە کرن و مینا رێبەر ل ستوویێ خوە گەڕاندن. نە زامان و نە ژێ مەکان نەهشت کو ئەم تێر فەدی بکن، مە خـوە بەردا ناڤ ئاڤێ دا. مـە گـشـان ب دەسـتێ هەڤـدو گرتبوو، هێدی هێدی مە گاڤێن خوە بلند دکرن و دیسا داڤـێتن ژ بـۆنا کـو ئاڤ دەنگ دەرنەخـە. دڤێ مـە قـەت دەستێ هەڤدو بەرنەدا. شوژکێن دناڤ چەم دە شەمەتۆکی بوون، ژبەر وێ ژێ، ژ هەڤالان یەک شەمتی شل بوو. مە دەسـتێ وی بەرنەدا، مـە هشـک پێ گـرتبـوو. ڤێ دەستگرتنا مە لیستکەکە ژ زاڕۆکاتیا من ئانیبوو بیرا من. دەما ب شـەڤ ئەم ب دزی دەردکەتن دەرڤـە. مە ب هەڤالێن مـە ل دەرڤـە دلیـزن، یەکی ژ وان بانگ دکـر و دگـۆت؛ «ها وەر، ها وەر لیـسـکێ، ل بـەر پەڕێ پالیـسکێ، پالیـسکا عـەردانا فرێا ئەزمـانا.» وێ دەمێ مە فێم دکر و مە خوە ڤەددزی ئەم دچوون لیسکێ.

ئاخر ئاڤ زێدە نە کوور بوو، ژ ناڤکێ دەرباس نەدبوو، سـۆلێن مـە د دەستێ مـەیێ دن دە، جـارنا شل دبوون. مـەشا مە ددۆمـیا. ل بەر چاڤێن من، چەم چڤاسی فرەه خویا دکر. ئەم دمەشیان، دمەشیان خەلاس نەدبوو، ئاڤ هێدی هێدی دادکەت بەر چۆنگێن مە و هەر کو دچوو هێن کێم دبوو. گاڤا لنگێن من ل کۆمزیکەکە قومێ کەتن، ئەز تێ گهام کو چەم ل بەر خەلاسبوونێیە.

رێبـەر گـۆت؛ «باشـە ئێـدی تشت نەمـا»، مـە ب لەز کنجێن خوە ل خوە کرن. گۆت؛ «هوون دکارن جغارێ ژێ ڤەخون.» ئەم ل کێلەکا چێم روونشتن، هەر دەر کۆمزیکێ قوومێ بوون. من ژێ جغارەیەک پێخست. دوومانا وێ کـشاند کـەزەبا خوە، نیـڤـۆتێن ل بەدەنا من گشی، د هەر شانەیێ من دە بەلاڤ بوو. ئەز گێـژ کرم. جغارەیێن مە هەر جاران د تاریێ دە سۆر دکرن. ئێدی نە ترس، نە ژێ رەڤ مابوو. ئەم ل ئالیێ دن یێ چێم بوون. چێم جارەکە دن رێ دابوو مە، نە ئەم د بەر خوە دە بربوون و نە ژێ ئەم قەتساندبوون.


رێبەر جغارەیا خوە کشاند. گۆت؛ «ئاخر ئاڤ هنەکی کێم بوو، ئان دەرباسبوون وێ هێن رەحمەتتر بوویا. چەند رۆژ بەرێ دیسـا من چەند کـەس دەرباس دکرن. ژنکەکە بزارۆک ژی د ناڤـا وان دە بـوو. بەلا ئاڤ بلند بـوو، مـە نکاریبوو خوە لێ بخستا، ژ بەر وێ ژێ ئەم ل کەلەکەکە بچـووک سـوار هاتن. پێلێن ئاڤێ زۆر ل کـەلەکێ کـرن و مـێـزینا کـەلەکێ خـەرا بوو. چاوا بوو ئەز ژێ ندزانم، زارۆک ژ مـسـتـا ژنکێ کـەتە ناڤ ئاڤێ و دبەر ئاڤێ رە چوو، هەو مە دیت کو ژنکێ ژێ خوە ئاڤێتیە سەر وێ، مـە چار حەبان ب زۆر باڤ سەکناند، وی ژێ دخـوەست خـوە باڤـێـژە سـەر وان، نکاریبـوو دەنگ بکرا، نکاربوو بگریا ژێ، بکرا گازی وێ هنەکی دلێ خوە رەحەت بکرا، کەت شۆڤێ فەقیرۆ، لال بوو، دین بوو.»

هەسـتـێن دێ چ هێـسـتنی خـورت و گـەلەکی غـەریبن، ناخوازم بنڤیسم؛ چاڤێن من تژە هێسر دبن. ئەز دخوازم گاڤا وە ئەڤ چیـرۆکا خوەند ژ دێڤلا مـن هوون بنڤیسن، دیا من هات بیرا من، دوو رە دیسا ڤێ دایکا...

من دەردێ خـوە گـشـی ژبیـر کـر، ئێـدی تـەنێ ل بەر وێ دایک و زارۆکا دکەتم. من تو جاری ژ بیر نەکر، ژ دەما من بوویەر گوهداری کر و هەیا نها. من بڕیارا رۆژکێ کو وێنەیێن وان چێکم دایێ. لێ هێن ژێ من چێنەکریە، لێ من ژبیـر ژێ نەکـریە. رۆژەکێ ل قـەراخـا چەمـەکی ئەزێ دەست ب وێ تابلۆیێ بکم، ل قەراخا چەمەکی...

*** ئەڤ کـورتە چیـرۆکـە ژ پەرتووکا (ژ دلارا) روویەلێن (١٦-١٨) هاتیـە وەرگـرتن، کـو ژ وەشـانێن (سی)یە و ل سـالا (٢٠٠٢)ێ ل چاپخـانەیا (ئەنگین مـاتبـاعـاجلک) ل سـتـەنبـۆلێ هاتیە چاپکرن.**

**(ڕامان)**



# ئەگەر دەستت لە دڵم دا

**ئیزابێل ئەلێندی**
**لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر**
**(کەرکووک)**

ئەمادیۆ پێراڵتا لەناو جەرگەی تاقمە شەلاتییەکەی باوکیدا پەروەردە کرا و وەک سەرجەم پیاوانی تری ماڵباتەکەشی بۆ ئەوە گەورە بوو هەتا ببێتە ئەشقیایەک. باوکی لەو بڕوایەدا بوو کە قوتابخانە هەر بۆ کوڕە سەرژنانییەکانە، تۆ پێویستت بە کتێبان نییە بۆ ئەوەی لە ژیاندا پێش کەویت، هەموو کاتێکیش دەیوت: پێویستت هەر تەنیا بە لێهاتوویی و سەلیقەیەکی تیژە، هەر لەبەر ئەوە کوڕەکانی وا مەشق دەدا کە توندوتیژ و حازر بەدەست هەڵکەون. پێ بە پێی تێپەڕبوونی کاتیش، بەهەرحاڵ، بۆی دەرکەوت کە جیهان زۆر بەخێرایی دەگۆڕا و کاروباری بزنزیش پێداویستی بەوە هەبوو کە مکووم تر لەنگەرگیر بێت. سەردەمی ڕاووڕووت کردنی بێ پەردە و ئاشکرا لەلایەن گەندەڵی و بەرتیل خۆرییەوە جێی گیرابووەوە، کاتی ئەوەش هاتبوو کە دەوڵەت و دارایی خۆی بە بەکارهێنانی پێوەری هاوچەرخ هەڵسووڕێنێت و وێنە و شکڵی خۆی چاکتر بکاتەوە. بەپێکرا بانگێشتی کوڕەکانی کرد و ئەرکی ئەوەی پێ سپاردن کە پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ کەسانی دەسەڵاتدار دابمەزرێنن و ئەو فرتوفێڵە یاساییانەش فێر بن کە ڕێگایان دەدات بەبێ خەتەری لەدەستدانی سزا بەدەری خۆیان بەردەوام بن لەگەشەکردن. هەروەها هانی ئەوەشی دان کە لەنێو خێزانە کۆنە پارێزەکاندا یار پەیدا بکەن و بەو شێوەیەش بزانێت کە ئاخۆ پێیان دەکرێت ناوی پێراڵتا لەهەر هەموو لەککە بەدناو و خوێناوییەکانی خاوێن بکەنەوە.

ئەوسا ئەمادیۆ سی و دوو ساڵان بوو، نەریتی تەفرەدانی کچان و دەستخەڕۆ کردنیان زۆر بەقووڵی لەلای ڕەگاژۆ ببوو، بەهیچ کلۆجێکیش بیرۆکەی هاوسەرگیری بەدڵ نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زاتی نەدەکرد سەرپێچی باوکی بکات. کەوتبووە مەرایی کردن بۆ کچی موڵکدارێکی دەوڵەمەند کە خانەوادەکەی بۆ شەش نەوە لە هەمان شوێندا هەڵیان کردبوو. سەرباری خوازبێنی کارە ناوبانگ نادیارەکەشی، کچەکە قایل ببوو، چونکە زۆر ڕووبازاڕی نەبوو و

ئەشترسا وەک قەیرە کچێک کۆتایی پێ بێت. ئەوسا شەکراو خواردنەوەیەکی دێهاتییانەی وەرسکەرانە دەستی پێکرد. هەموو ڕۆژێک ئەمادیۆ، بێچارە و خەمداگرتوو لەدەستەجلێکی کەتانی سپیدا لەژێر چاوی هەڵۆئاسای خەسووی دواڕۆژیدا، یان پوورێکی کچەکەدا دەهاتە سەردانی دەزگیرانەکەی و کاتێکیش کەیبانووە گەنجەکە قاوە و شیرینی گوایابای پێشکەش دەکرد ئەم بەدزییەوە تەماشای سەعاتەکەی دەکرد و زووترین ساتی بۆ ڕۆیشتن لێک دەدایەوە.

چەند حەوتوویەک بەر لە شاییەکە، ئەمادیۆ پێداڵتا دەبووایە بە ئیش و کار گەشتێک بەناوچەکاندا بکات و خۆی لە ئەگواسانتا دا بینییەوە، یەکێک لەو شارۆچکانەی کە هیچ کەسێک تێیدا نامێنێتەوە و گەشتیارانیش بەدەگمەن ناویان وەبیر دێتەوە. لەدەمو سەعاتی سەرخەوی پاش نیوەڕۆدا بەجادەیەکی تەنگەبەردا دەڕۆیشت، نەفرەتی لە قرچەی گەرما و بۆنی ناهەموار و ناڕەحەتکەری مرەبای مانگۆی بڵاوبووەوە بە ئاسمانی دەوروبەرەکە دەکرد، کاتێک کە گوێبیستی دەنگێکی ڕوونی وەکو ئاو بوو بەنابەینی بەردەکاندا خوڕە خوڕی دەکرد، لەخانوویەکی سادەوە دەهات کە بۆیاخەکەی چوون بۆیاخی زۆربەی خانووبەرەکانی نێو شارۆچکەکە بەهۆی هەتاوو بارانەوە پرووش پرووش ببوو. لەمیانەی تەیمانە و مەحەجەرە ئاسنینەکەی ڕازانەوەوە چاوی بەرێگایەکی چوونە ژوورەوەی بە بەردی ڕەش داپۆشراو و دیوارە سواخ دراوەکان و ئینجا بەرهەیوانێک کەوت و لەولاشەوە، وێناو خەیاڵی سەرسوڕهێنەری کچێکی جحێڵی دیت، قاچ لەسەر قاچ لەسەر عەردەکە دانیشتبوو سەنتوورێکی تەختە زەردی لەسەر ئەژنۆکانیدا دانابوو. بۆ ماوەیەک ڕاوەستاو لێی ڕاما.

دواتر بانگی کرد: «وەرە ئێرە، ئەی شتە شیرینەکە». کچەکەش سەری هەڵبڕی، سەرەڕای مەوداکەی نێوانیش چاوە پەشۆکاوەکان و زەردەخەنەی ڕاڕای سەر دەموچاوە هێشتا منداڵانەکەی بینی. «وەرە لەگەڵما» ئەمادیۆ بە دەنگێکی گڕ و بە -پاڕانەوە-وە داوای لێکرد.

کیژەکە سڵی کردەوە. دوا نۆتەکان چەشنی پرسیارێک لەنێو هەوای بەر هەیوانەکەدا مانەوە. پێداڵتا جارێکی تریش بانگی کردەوە. کچەکە هەستایە سەرپێ و بۆ لای ڕۆیشت، ئەویش دەستی لەتەیمانە ئاسنینەکەوە ئاودیو کردە ژوورەوە و پاڵی بەکلۆمەکەوە نا، دەروازەکەی کردەوە و دەستی گرت، هەر هەموو ئەو ماوەیەش لەبەرخۆوە سەراپای ڕۆڵ و دەوری لەخشتە بردنی دەوتەوە: سوێندی بەوە خوارد کە لەنێو خەونەکانیدا بینیوەیەتی، کە سەرلەبەری ژیانی بۆ گەڕاوە و ناهێڵێت لە دەستەکانی دەرچێت و ئەوەیش کە ئەو، ئەو ئافرەتە بوو چارەنووسی بۆ ئەوی بڕیار دابوو- پێی دەکرا هەر هەموو ئەمانەش فەرامۆش بکات، چونکە کچەکە ساویلکە بوو و سەرەڕای ئەوەش ڕێی تێدەچوو کە بە تۆنی دەنگەکەی ئەو شیفتە بووبێت، بەڵام لەمانای وشەکانی نەگەیشت. ناوی هۆرتێنسیا بوو تازەش تەمەنی ببووە پازدە ساڵان، گەرچی جەستەی ئامادەی یەکەمین ئاوێزانبوونی خۆی ببوو، بەڵام نەیتوانیبوو ناوێک بداتە پاڵ ئەو ناڕەحەتی و ورووژانەوە کە هەژاندبووی. بۆ پێداڵتاش گەلێک ئاسان بوو بەرەو ئۆتۆمێلەکەی خۆی بیبات و بەرەو چۆڵەوانییەکی نزیک باژۆیت و ئەوسا سەعاتێک دواتر بە تەواوەتی کیژەکە لەبیر بکات. هەتاکو کاتێک کە حەوتوویەک پاشتر سەدو پەنجا کیلۆمەتر دوور، ناکاوانە لەبەردەم ماڵەکەیدا بە کراسێکی کەتانی زەردی سادە و پێتاکێکی کانڤاسی کەتانەوە دەرکەوت، سەنتوورەکەی لەژێر هەنگڵیدا بوو، بەتای خۆشەویستیشەوە هاتبووە جۆش و خرۆش، نەیناسییەوە. چل و حەوت ساڵ دوای ئەوە، کاتێک کە هۆرتێنسیا لەو قوڵگە چاڵەی کە تێیدا گۆڕکرابوو ڕزگارکراو ڕۆژنامەوانەکانیش بۆ وێنەگرتنی لە هەموو گۆشە و پەنایەکی وڵاتەوە هاتن، تەنانەت هەتاکو ناوی خۆی و چۆنێتی کەوتنە ئەو شوێنەشی بیر نەدەهاتەوە.

پەیامنێرە ئەمادیۆ پێداڵتایان گرت و پێیان گوت: «بۆچی وێنەی ئاژەڵێکی کلۆڵ ئەئاوا بەندکراو هێشتتەوە؟»

ئەویش بە ئارامییەکەوە پاکۆی دایەوە: «چونکە وام ئارەزوو دەکرد..» ئەو دەمە تەمەنی هەشتا ساڵان بوو، وەک هەمیشەش گەش و بەشەوق بوو، لەو ناڕەزاییە درەنگ کەوتووەیش حاڵی نەدەبوو کە لەسەر شتێک بوو ماوەیەکی دوور و درێژ بەرلەوە روویدا بوو. مەیلی پێشکەش کردنی، ڕوون کردنەوەشی نەبوو. ئەو پیاوێکی دەسەڵاتدار بوو، پیاوێکی پاتریارک بوو، باپیرە گەورە بوو، هیچ کەسێک بوێری ئەوەی نەدەکرد ڕووبەڕوو تەماشای چاوەکانی بکات، هەتا قەشەکانیش بە سەرێکی نەوییەوە سڵاویان لێ دەکرد. لەمیانەی ئەو

ماوەیەی ژیانە درێژەکەیدا ئەو سامانەی زۆر پەرە پێدابوو کە لەباوکییەوە بۆی مابووەوە، ببووە خودانی سەرلەبەری زەوی و زارەکان، هەر لە کاولاشەکانی قەڵای ئیسپانییەکانەوە هەتاکو سەر سنوور، دوای ئەوەش خۆی ئاخنیبووە نێو ئەو ڕێبازە سیاسییەی کە ئەوی کردبووە بەدەسەڵاتترین کاسیک(١) لەناوچەکەدا کچی دزێوی موڵکدارەکەی خواستبوو و لەگەڵیدا نۆ وەچەی شەرعی خستبووەوە و لەگەڵ ئافرەتانی دیکەشدا ژمارەیەکی نەزانراو زۆڵی خستبووەوە، کە هیچ یەکێکیانی وەبیر نەدەهاتەوە، چونکە دڵی بەرامبەر بەخۆشەویستی ڕەق بوو. تاقە ئافرەتێکیش کە نەیتوانیبوو بە یەکجاری وازی لێ بهێنێ هۆرتێنسیا بوو، چونکە چەشنی کابووسێکی پەیگیر بە هەست و هۆشییەوە نووسابوو. پاش ئەو بەیەک گەیشتنە کەم خایەنەی ناو گژوگیای درێژی پەڵەزەوییە چۆڵەوانییەکە، بۆ ماڵەکەی خۆی و بۆ سەر کارەکەی و بۆ لای دەزگیرانە بەنەزاکەت و وشک و بێ تامەکەی خۆی گەڕابووەوە. هۆرتێنسیا گەڕابوو هەتاکو ئەوی دۆزیبووەوە. هەر ئەویش بوو کە خۆی لە بەردەمیدا قووت کردبووەوە و بە ملکەچیەتی ترسناکی دیلێکەوە خۆی بە کاسەکەیەوە گرتبوو. ئەمە حاڵوبارێکی ناخۆش و گیروگرفتاوی ناسکە، ئاوها بیری کردبووەوە، من ئەوەتانێ بەم هەموو هەراوبەزم و بگرە و بەردەیەوە سەرقاڵی هاوسەرگیریم، کەچی ئائێستاکە ئەم کیژە گێلۆکەیە لەسەر ئاستانەکەمدا پەیدا دەبێت. دەیویست لەکۆڵی بکاتەوە،کەچی کاتێ کە بەکراسە زەردەکەی و ئەو چاوە تکا کارانەوە بینی، وای بۆ دەرکەوت کە سوود وەرنەگرتن لەو دەرفەتە بەزایەدانی شتێک بێت، ئەوسا بڕیاری دا هەتا کاتی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بیشارێتەوە.

بەم چەشنە، ئەوی ڕاستی بێ، بەهۆی گوێ پێنەدانییەوە، هۆرتێنسیا کەوتە ژێر زەمینی کارگایەکی کۆنی شەکرەوە کە هینی پێرالّتان بوو، ئەو شوێنەی کە بۆ ژیانێک دەبوو تێیدا بمێنێتەوە. ژوورێکی گەورە و بۆگەن و بەشێ و تاریک بوو، لەهاویندا خەفەکەر و لە وەرزی وشک و برینگیشدا زۆرجار شەوان سارد بوو، چەند کەلوپەلێکی دارینی ناوماڵ و دۆشەکێکی پووشی تێدا دانرا بوو. ئەمادیۆ پێرالّتا هەرگیز وەختێکی بۆ پتر ئاسوودە کردنی ئەو تەرخان نەکرد، وێڕای ئەوەش جاروبار پەروەردەی ئەو فەنتازیانەی دەکرد کە کچەکە بکات بەو دۆستەی نێو حیکایەتێکی ڕۆژهەڵاتی، کە ڕۆبی کرێشەی لەبەردا بێ و گەمارۆ درابێت بە پەڕی تاووس و ساپیتە چادرییە نەقش و نیگار دارەکان و چرا بلوورە ڕەنگدارەکان و ناو ماڵییە بە شتە پێچاوپێچە دڵفڕێنە ڕازاوەکان و مافوورە ئەستوورەکان کە بەسەریاندا بتوانێ بەپێی خاوس هاتوچۆ بکات. لەوانە بوو لە ڕاستیدا بیکردایە ئەگەر هۆرتێنسیا گفتو بەڵێنەکانی وەبیر بهێنایەتەوە، بەڵام ئەو وەکو مەلێکی کێویلە وەهابوو، وەکو یەکێک لەو گواچارۆ(٢) کوێرانەی کە لە قووڵایی ئەشکەوتەکاندا دەژیان، هەموو پێداویستیشی هەر نەختێک خواردەمەنی و چۆڕێک ئاو بوو. کراسە زەردەکەیشی داڕزاو، لەوە بەدوا بەڕووت و ڕەجاڵی مایەوە.

«خۆشی دەوێم، ئەو هەموو کاتێک خۆشی ویستووم.»

کاتێ کە لەلایەن دراوسێکانەوە دەرباز کرا ئەوەی ڕاگەیاند. پاش ئەوەی کە بۆ ئەو هەموو ساڵە بەندکرا بوو بەکارهێنانی وشەی لەکیس چوو بوو و دەنگیشی وەکو قرە قرو پرتەپرتی ئافرەتێک دەردەپەڕییە دەرەوە کە لەسەرە مەرگدا بێت. بۆ چەند حەوتوویەک، ئەمادیۆ لەژێر زەمینەکەدا وەختێکی فرەی لەگەڵدا بەسەر بردبوو، هەموو حەز و ئیشتیبایەکی ڕازی و تێر دەکرد و واشی بۆ دەچوو کە هەرگیز لەتێر بوون نایەن. لەوە دەسڵەمییەوە کە کیژەکە بدۆزرێتەوە، تەنانەت بەغیلی بە دیدەکانی خۆشی دەبرد، نەیدەویست بیخاتە بەر ڕووناکی و هەر تەنیا ڕێگای بەتیشکێکی کز دەدا لەو کونە بچکۆلانەیەوە بێتە ژوورێ کە هەوا گۆڕکێی دەکرد. لەتاریکیدا، شێتانە جووت دەبوون، پێستەکەیان دادەگیرساو دڵیشیان وێنەی قرژانگە گۆشتخۆرەکان بێ ئارام دەبوو. لەو ئەشکەوتەدا هەموو بۆن و بەرامە و تام و چێژێک لە ئەندازە بەدەر توندوتیژ بوو. کاتێک کە بەریەک دەکەوتن، هەریەکەیان دەچووە نێو بوونی ئەوی ترو لەنێو نهێنیترین حەز و ئارەزووەکانی ئەوی تردا نقووم دەبوو. لەوێدا، دەنگەکان لەسەدا دانەوەکاندا دەزرنگانەوە و دیوارەکانیش دەنگی بۆڵە بۆڵ و ماچەکانیان بەگەورە کراوەیی دەدایەوە. ژێرخانەکە ببووە ئەو شووشە سەرگیراوەی کە تێیدا چەشنی جمکێکی یاریکەر و سەربزێو و چەشنی دوو ئاوڵەمەی هەڵئاوساو و سەرسام لەنێو ئاوی کیسەی منالّداندا مەلەیان دەکرد و تەپاو تلیان دەدا. بۆ چەندین ڕۆژ لەنێو ئەو پێوەندییە دۆستانە موتڵەقەدا ون ببوون کە

لەگەڵ خۆشەویستیدا لێیان تێک چووبوو.

کە هۆرتێنسییا خەوی لێدەکەوت، دڵدارەکەی بۆ خۆراک پەیداکردن دەچووە دەرێ و بەر لەوەیش کە بەخەبەر بێتەوە ئەم بەوزەیەکی تازەکراوەوە دەهاتەوە بۆ ئەوەی خولی ماچ و دەستبازییەکی تر دەست پێ بکاتەوە. دەبوو هێندە لەگەڵ یەکدا جووت بن هەتا لەحەزو ئارەزوودا دەمرن، دەبوو یەکتر قووت بدەن، یان وەک مەشخەڵی ئاوێنەدار گڕ لە یەکتر بەر بدەن، کەچی ئەوە نەدەبوو ڕوویدات. ئەوەی کە لەبری ئەوەدا رووی دا زۆر پێشبینی کراو و ئاسایی بوو، گەلێک کەم شکۆتریش بوو. بەر لەوەش کە مانگێک بەسەربچێت، ئەمادیۆ پێراڵتا لەو گەمەیە ماندوو بوو، کە هەر خەریکی دووپات کردنەوەی بوون، هەستی بەوە کرد کە شێداری خەریکە جومگەکانی دادەڕزێنێ و کەوتە هەست کردنیش بە دڵفڕێنی شتەکانی دەرەوەی دیوارەکانی ئەو ئەشکەوتە دەستکردە. ئیدی وەختی ئەوەش هاتبوو کە بگەڕێتەوە جیهانی زیندووان و جڵەوی چارەنووسی خۆی بگرێت.

«تۆ ئا لێرە چاوەنۆڕم بە. من دەچمە دەرێ و زۆر دەوڵەمەند دەبم. هێندە دیاری و کراس و زێڕو زیوو گەوهەرت بۆ دەهێنم کە شایستەی قەڕالیچەیەک بن.» کە خوا حافیزی لێ کرد ئەمەی پێ وت.

هۆرتێنسییاش وتی: «من منداڵم دەوێت.»

«منداڵ، نا، بەڵام بووکەشووشەت دەبێت.»

ئا لەو مانگانەی کە دواتر هاتن، پێراڵتا هەموو شتێکی دەربارەی کراسەکان، زێڕو زیوو گەوهەرەکان و لەیستۆکەکان لەبیر چووەوە. تەنیا ئەو کاتانە سەری لە هۆرتێنسییا دەدا کە بیری لێ دەکردەوە، هەمیشەش بۆ زایەند کردن نەبوو، بەڵکو هەندێ جار هەر تەنیا بۆ گوێگرتن بوو لە ژەنینی هەندێک مێلۆدی دێرینە بە سەنتوورەکەی، حەزی دەکرد کاتێ کە بەسەر ئامێرە مۆسیقییەکەدا دەنووشتایەوە و ژێیەکانی دەلاواندەوە تەماشای بکات. هەندێ جار لە پەلەکردنێکی وادا بوو کە تەنانەت قسەشی بۆ نەدەکرا، سوراحی ئاوەکانی بۆ تژی دەکرد، توورەکەیەکی پڕ ئازووقەی بۆ بەجێ دەهێشت و دەڕۆیشت. کەرەتێکیان بۆ نۆ ڕۆژ لەبیری کرد و لە سەرەمەرگدا دیتییەوە، ئینجا دەرکی بەوە کرد کە پێویستە یەکێک بۆ بە تەنگەوە هاتن و یارمەتیدانی زیندانییەکەی خۆی بدۆزێتەوە، چونکە خێزانەکەی و گەشت و گەڕانەکانی و کاروبارەکەی و سەرقاڵییە کۆمەڵایەتییەکانی هەموو وەختەکەیان داگیرکردبوو. بۆ پڕکردنەوەی ئەو ڕۆڵەش، ژنێکی هیندی سووری دەم کڵۆمدراوی هەڵبژارد. کلیلی قفڵەکەی لەلای خۆی گلدایەوە و بەردەوام بۆ پاقژکردنەوەی ژووڕۆچکەکە و کڕاندنەوەی ئەو قەوزانە دەهات کە لەسەر جەستەی هۆرتێنسییادا وەکو گولیلکی ڕەنگ بەباری ناسک گەشەیان دەکرد کە تا ڕادەیەک بەچاوی پەتی نەدەبینران و بۆن و بەرامەی خاکی کێڵراو و شتی فەرامۆش کراویان لێدەهات.

«ئایا هەرگیز بۆ ئەو ئافرەتە بەلەنگازە ئەفسوسمەندە نەبوویت؟» کاتێک کە ئەویشیان دەستگیر کردو بە تۆمەتی هاوبەشی کردن لە ڕفاندنەکەدا مەحکوومیان کرد، ئەوەیان لێ پرسی. ئەویش بەرسڤدانەوەی ڕەت کردەوە، بەڵام ڕاستەو ڕاست بەدوو چاوی بێ هەست و خوستەوە لەبەردەمی خۆی ڕاما و جۆگەلە تووتنێکی ڕەوشی تفاندەوە.

نەخێر، بەرانبەر بەو هەستی بەهیچ بەزەییەک نەکرد بوو، لەو بڕوایەشدا بوو کە ئەو ژنە ئەنگێزەیەکی ناخانەی بۆ بەکۆیلە بوون شک دەبرد و خۆشحاڵیش بوو کە کۆیلەیەک بێت، یان شتێکی تر ئەویش ئەوەی کە وەکو گێلۆکەیەک لەدایک بوو بێت و وەکو خەڵکانێک لەو بارودۆخەی ئەودا واچاکتر بوو بەند بکرێت، نەک بخرێتە بەرقەشمەرجاڕی و خەتەری سەرجادەکان. هۆرتێنسییا بۆ گۆڕینی ڕاوبۆچوونی وەردیانەکەی هیچ شتێکی ئەنجام نەدابوو، هەرگیزیش هیچ لاپڕەسەنییەکی دەربارەی جیهان دەرنەخستبوو، هیچ هەوڵ و تەقەللایەکیشی بۆ ئەوە نەدابوو کە بۆ هەوای پاکو سازگار بچێتە دەرەوە، لەبارەی هیچ شتێکیشەوە گلەو گازاندەی نەبوو. هەرگیزیش وێنەدەچوو بێزاربووبێت، ئاوەزی لەچرکەساتێکی نێو منداڵییەکەیدا قەتیس مابوو، کەنارگیریش بەهیچ کڵۆجێک نیگەرانی نەدەکرد. لە ڕاستیدا ئەو خەریک بوو لەوێدا دەبووە مەخلووقێکی ژێرزەمینی، لەنێو ئەو گۆڕەیدا هەستەکانی تیژتر ببوون و فێری ئەوە ببوو کە شتە نادیارەکان بەدی بکات، بەو ڕوحە هەلوەسەدارانەش گەمارۆدرا بوو کە دەستیان دەگرت و بەرەو گێتییەکانی تر ڕێنماییان دەکرد. بەدوای خۆیشیدا جەستەیەکی گرمۆڵە کردووی لەسووچێکدا بەجێ دەهێشت و گەشتی بەفەزایەکی ئەستێرەداردا دەکرد و چەشنی گەردیلەیەکی

پەیامبەر لەسەرزەمینی تاریکی ئەودیو ئاوەزدا دەژیاو هەلی دەکرد. ئەگەر ئاوێنەی هەبووایە، ئەوە بە ڕواڵەتی خۆی زنۆقی دەچوو، لەبەر ئەوەی کە خۆی نەدەبینی، بەهەرحاڵ، شایەدحاڵی تێکچوون و داهێزرانی خۆی نەبوو. بێ ئاگاش بوو لەو کرێشانەی کە لە پێستەکەیەوە سەریان هەڵدەدا، یان ئەو کرمە ئاوریشمانەی کە لەنێو پرچە درێژە ئاڵۆزاوەکەیدا لانەیان چێ دەکرد، یان ئەو پەڵە ڕەنگ خۆڵەمێشییانەی ئەو چاوانەیان دادەپۆشی کە هێندە زەق لە سێبەر و سایەکان ڕامابوون ئیدی بێ هەست و کرەک ببوون. هەستی بەوە نەکرد بوو کە گوێچکەکانی بۆ قۆزتنەوەی دەنگە دەرەکییەکان بەهێز و تیژتر ببوون، تەنانەت بۆ قۆزتنەوەی کزترین و دوورترین دەنگیش، وەکو دەنگی پێکەنینی منداڵان لەکاتی پشووی قوتابخانەدا، وەکو دەنگی زەنگی دۆندرمە فرۆشەکان، وەکو دەنگی مەلان لەکاتی فڕیندا، یان دەنگی خوڕە و زایەڵەی ڕووبار. دەرکی بەوەش نەکرد بوو کە پێشتر لاقەکانی سفت و توندوتۆڵ و پارسەنگ بوون، کەچی ئیدی گێر و خوار ببوون، چونکە خۆیان لەو جێگا دیاریکراو و تەنگەدا بۆ جووڵانەوە و گاگۆڵکێ کردن ڕاهێنا بوو، دەرکی بەوەش نەکردبوو کە نینۆکی پەنجەی پێیەکانی وەکو سمی ئاژەڵ ئەستوور ببوون، ئێسکەکانیشی چەشنی لولەی بلووریان لێ هاتبوو، سکیشی بە قوڵدا چوو بوو، کووربییەکیش لەسەر پشتیدا شەقڵی گرتبوو. هەر تەنیا دەستەکانی، کە هەمیشە بەسەنتوورەکەوە مژوڵ بوون، پارێزگارییان بەشێوە و قەبارەی خۆیانەوە کردبوو، سەرباری ئەوەش کە قامکەکانی ئەو مێلۆدییانەیان لەبیرچووبووەوە کە پێشتر دەیانزانی، بەڵام ئێستا ئیدی لەئامێرە مۆسیقییەکەوە ئەو گریانە بێ دەنگەی هەڵدەهێنجا کە لە سینەیدا گیرۆدە ببوو. هۆرتێنسیا لە دوورەوە بە مەیموونێکی بەڵا لێدراوی سێرک دەچوو، بەڵام بەتەماشایەکی نزیکانە تر، بەزەییەکی ناکۆتایی دەورووژاند. بە تەواوەتیش لەو گۆڕانکارییە زیانبەخشانە بێ ئاگابوو کە ڕوویان دەدا، لەهزری خۆیدا وێنەکەی خۆی هەروەکو ئەو کیژە گەنجەی کە دواجار لەسەر شووشەی پەنجەرەکانی ئۆتۆمبێلەکەی ئەمادیۆ پێراڵتادا بینیبووی ئەو ڕۆژەی کە بۆ ئەم کولانەیە هێنابووی هەروەکو خۆی بە نەسمراوی هێشتبوویەوە. لەو بڕوایەدا بوو کە وەکو هەمیشە جوان و شەنگە، بەردەوامیش بوو لە ڕەفتارکردن بەو شێوەیەی وەک بلێیت جوان و شەنگ بێت، یادەوەری جوانیش قووڵ لەناخیدا کرۆشکەی کردبوو، هەر تەنیا ئەگەر کەسێک زۆر لێی نزیک بکەوتایەتەوە ئەوسا دەیتوانی لەژێر ڕووکاری دەرەکی کورتەبنەیەکی لەمێژوو بەدەر بیبینێ.

ئەمادیۆ پێراڵتا، وەک هەمیشە دەوڵەمەند و سامبەخش بوو، تۆڕی دەسەڵات و هەژموونەکەی خۆی بەسەرانسەری ناوچەکەدا دادابوو. هەموو یەکشەممەیەک لەسەری سەرەوەی مێزێکی درێژدا دادەنیشت کە لەلایەن کوڕ و کوڕەزاکانی، هاوڕێ گیانی بەگیانییەکانی، هاودەستەکانی و میوانە تایبەتییەکانییەوە دەتەنران، میوانی وەکو ئەو سیاسەتمەدار و ژەنەڕاڵانەی کە بەو گەرموگوڕییە لەناخ هەڵقوڵاوەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن کە بە فیزو لووت بەرزییەکی ئەوەندەوە ڕەنگرێژ بوون بۆ ئەوەی بیهێنێتەوە یادی هەمووان کە کێ ئا لەوێدا سەروەرە. خەڵک لە پاشملەیدا دەربارەی قوربانییەکانی، دەربارەی ئەوەی کە چەند کەسی لەناو بردبوو، یان ببووە هۆی ونبوونیان، دەربارەی بەرتیل بە دەوڵەت دانەوە چپە چپیان دەکرد، قسەی ئەوەش هەبوو کە نیوەی سەروەت و سامانەکەی بە قاچاخچێتی پێکەوە نابوو، بەڵام هیچ کەسێک ئامادەی ئەوە نەبوو بەدوای بەڵگەی یاساشکاندنەکانیدا بگەڕێت. هەروەها دەمگۆی ئەوەش بڵاوبوو کە پێراڵتا لەژێر زەمینێکدا ژنێکی زیندانی کردووە. ئەو ڕواڵەتەی کردەوە ڕەشەکانی هەتا لەچیرۆکی ئاڵووێرە فرتوفێڵاوییەکانیشی یەقیندارانەتر دووپات بووەوە، لەهەقیقەتیشدا، خەڵکێکی زۆر بەوەیان دەزانی و بەراوردنی کاتیش ئیدی بوو بە نهێنییەکی ئاشکرا.

دوا نیوەڕۆی ڕۆژێکی گەلێک گەرم، سێ کوریژگە بۆ ئەوەی لەڕووبارەکەدا مەلە بکەن خۆیان لە قوتابخانە دزیبەوە. دوو کاژێریان بەشلپە و ئاو پرژاندن بە دەوروبەر و ئەم لاو لای ڕۆخە لیتاوییەکەدا بەسەر برد و پاشان سۆراخکارانە بەرەو ئەو کۆنە کارخانە شەکرەی پێراڵتا دوورکەوتنەوە کە دوو نەوە پێشتر کاتێک کە قامیشی شەکر ئیدی دەستبەرداری ئەوە ببوو کە بەروبوومێکی سوودمەند بێت، داخرا بوو. کارگاکە بەخێو زەدەیی شۆرەتی پەیدا کردبوو، خەڵکەکە دەیانوت گوێت لە دەنگی جنۆکە و ڕوحە بەدەکان دەبێت، گەلێکیش ژنە جادووگەرێکی پرچ تێکقژاو و بەساڵداچوویان دیتبوو کە ڕوحی کۆیلە مردووەکانی ئامادە دەکرد و دەیورووژاندن.

کوریژگەکانیش وورووژاو بەسەرچڵییەکەی خۆیان دزەیان کردە نێو موڵکەکە و لەکارخانەکە نزیک کەوتنەوە. هەر زوو بەزوو زاتی ئەوەیان تێگەڕا کە بچنە نێو نوغرۆبیەکانەوە، بەو ژوورە زەبەلاحانەی کە دیوارەکانیان خشتی ئەستوور و کوڵەکەکانیان پڕ بوون لە کونی مۆریانە، ڕایان کرد و لەنابەینی ئەو گژوگیایانەی کە لە عەرزەکەوە نەشونمایان کردبوو و لەکەڵەکەی زبڵ و خاشاک و گووی سەگ و کاشییە داڕزاوەکانی سەربان و کونەمارەکاندا ڕێگای خۆیان گرتەبەر. بۆ هاندانی جورئەتەکەیان بۆ دنەدانی یەکتری بە گاڵتە کردنەوە هاتنە ناو ئەو ژوورە گەورە بێ ساپیتەیەی کە ئامێری شەکر گوشە سیکراب و تێک چووەکانی گرتبووە خۆ، ئا لەو شوێنەدا باران و هەتاو باخچەیەکی مەحاڵیان خوڵقاند بوو، کوریژگەکانیش وای بۆچوون کە بتوانن پەی بە بۆن و بەرامەی قەتیسماوی شەکر و ئارەقە بەرن. لەکاتێکدا کە چاوقایمییان زیاتر دەبوو بەڕوونییەک کە وەکو ڕوونی لێدانی زەنگ وابوو،گوێبیستی نۆتەکانی ئاوازی گۆرانییەکی وەحشەت هێنەر بوون. بەهەڵ لەرزینەوە خەریک بوو پاشەو پاش بکشێنەوە، بەڵام فریوی ئەرژەنگەکە لەترسەکەیان بەهێزتر بوو، بۆیە هەر ئا لەوێدا کرۆشکەیان کرد و هەتا دوا نۆتە ئاخنرایە نێو سەر و تەوێڵیانەوە گوێیان ڕادێرا. هێدی هێدی لە کەسیرەبییەکەی خۆیان دەرباز بوون، ترسەکەیان ڕەوییەوە و ئەوسا کەوتنە گەڕان بەدوای سەرچاوەی ئەو دەنگە عاجباتیانەی کە لە هەموو ئەو ئاواز و موزیکانەی کە ئاشنای ببوون جیاوازتر بوو. دەرگایەکی بچکۆلانەیان لە عەرزەکەدا دۆزییەوە، چونکە بەکڵۆم داخرابوو. نەیانتوانی بیکەنەوە. لەکاتێکدا کە ئەو تەختە لەوحانەیان ڕاتەکاند کە ڕێی هاتنە ژوورەوەیان داخستبوو ئەو بۆنە لەوەسف بەدەرە دای بەچرووچاویاندا کە ئاژەڵێکی لە قەفەزنراوی وەبیرهێنانەوە. زۆر بانگیان کرد، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، هەر تەنیا هەناسە برکێیەکی گرۆزبریان لەو دیوەوە بیست. سەرەنجام بۆ ئەوەی هەواڵی دۆزینەوەی دەرگای دۆزەخیان جاڕ بدەن، بۆ ماڵەوە ڕایان کرد.

هاتوهاواری منداڵان دانەدەمرکایەوە، ئەئاوا لەئاکامدا هاوسێکان ئەوەیان سەلماند کە بۆ چەندین دەیە لێی بە گومان بوون. سەرەتا دایکی کوریژگەکان هاتن بۆ ئەوەی لە قلێشەکانی دەرگا زەمینییەکەوە سەیر بکەن، ئەوانیش بەهەمان شێوە نۆتە ترس هێنەرەکانی سەنتوورەکەیان ژنەفت، گەلێک لەو مێلۆدییە ئاساییە جودا بوو کە لەو ڕۆژەدا سەرنجی ئەمادیۆ پێراڵتای ڕاکێشا بوو کە لە کۆڵانێکی بچووکی ئەگواسانتادا بۆ سڕینی ئارەقەی نێوچەوانی ڕاوەستا بوو. کۆمەڵێ ئاپۆرەی فزوولی کەوتبوونە دوای دایکەکان و سەرەنجام پاش ئەوەی حەشاماتێک لەوێ گرد بوونەوە، ئینجا پۆلیس و پیاوانی ئاگر کوژێنەوە هاتن، دەرگاکەیان وردو خاش کردو بە ئامێر و لەمپاکانیانەوە بۆ نێو چاڵەکە شۆڕبوونەوە. لەنێو ئەشکەوتەکەدا، بوونەوەرێکی ڕووت و ڕەجاڵیان دیتەوە کە پێستێکی شل و خاووخلیچک و چرچ و لۆچی ڕەنگپەڕیوی پێدا شۆڕ ببووەوە، ئەم تارماییە پرچێکی ئاڵۆزکاو و دێزی ئەوتۆی هەبوو کە لە عەرز دەخشا و لە ترسی ڕووناکی و هەراو زەناش دەنووزایەوە.

هۆرتێنسیابوو، بەدرەوشانەوەیەکی پەلکە ڕەنگینەییەوە لەژێر ڕووناکی سەقامگیری فەنەری پیاوە ئاگر کوژێنەوەکاندا دەدرەوشایەوە، تاڕادەیەک وەکو کوێر وابوو، ددانەکانی ڕزی بوون و قاچەکانیشی ئەمەندە داهێزراو بوون بە ئاستەم دەیتوانی لەسەریان بوەستێ. تاقە نیشانەی سەرچاوەی ئادەمیزاد بوونیشی ئەو سەنتوورە دیرۆکە بوو کە بە سینەیەوە توند گرتبووی.

هەواڵەکە لەسەرانسەری وڵاتدا ڕق و تووڕەیی ورووژاند. شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و ڕۆژنامەکان وێنەی ئەو ئافرەتەیان بەرچاو خستبوو کە لەو کونەوە دەرباز کرابوو کە تێیدا ژیانی خۆی گوزەراند بوو، بەڵام لانی کەم ئێستاکە بەو چارشێوە نیوە پۆشتە بوو کە یەکێک دابووی بەسەر شانەکانیدا. هەر تەنیا لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا، ئەو بەتەنگەوە نەهاتنەی کە نزیکەی نیو سەدە دەورەی زیندانییەکەی دابوو گۆڕاو بووە خولیایەک بۆ تۆڵە سەندنەوە و یارمەتی کردنی. دراوسێکان دەستەی لینچی(۳) سەرپێیان بۆ ئەمادیۆ پێراڵتا ئامادە کرد و پەلەماری خانووەکەیان دا و ڕاپێچیان کردە دەرەوە، ئەگەر گاردیش لەکاتی خۆیدا نەگەیشتبایە، ئەوە ئیدی لەمەیدانەکەدا لەتوپەتیان دەکرد. بۆ ئارام کردنەوەی گوناح و خەتای ئەوەی کە بۆ ئەو هەموو ساڵە هۆرتێنسیایان لەبیر کردبوو، هەموو کەسێک دەیویست شتێکی لەپێناودا بکات. پارەیان بۆ کۆکردەوە بۆ ئەوەی مووچەی خانەنشینی بۆ جێبەجێ بکەن، چەندان تەن جلو

پۆشاک و داو دەرمانیان کۆکردەوە کە پێویستی پێیان نەبوو، چەندین ڕێکخراوەی فریادرەس کارفەرمای ئەوەیان پێ سپێردرا کە ئەو پیس و پۆخڵییە لە لەشی داماڵن، پرچی ببڕن و هەر لە تەوقی سەرییەوە هەتا پەنجەی پێی ساز و تەیاری بکەن، بەم جۆرە وەکو پیریژنێکی ئاسایی لێهات. ژنە ڕاهیبەکانیش لەپەناگای تایبەت بە نەدارا و هەژارەکان جێخەوێکیان دایێ و بۆ چەندین مانگیش هەروا شەتەکدراو هێشتیانەوە بۆ ئەوەی بەر بە دووبارە گەڕانەوەی بۆ ژێر زەمینەکەی بگرن، هەتا سەرەنجام، بە ڕووناکی ڕۆژ ڕاهات و بەوە قایل بوو کە لەگەڵ ئادەمیزادانی تردا هەڵ بکات.

به قۆزتنەوەی فرسەتی ئەو حەماسەت و هاتوهاوارەی خەڵک و خوا کە لەلایەن چاپەمەنییەکانەوە بلاوکرابوونەوە، لەکۆتاییدا دوژمنە بێ ژمارەکانی ئەمادیۆ پێراڵتا زات و بوێرییان پێکەوە نا بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی لەدژدا دەست پێ بکەن. ئەو دەسەلاتدارانەش کە بۆ چەندین ساڵ لەزوڵم و خراپەکارییەکانی خافڵگیر ببوون بە تەواوی ڕق و تووڕەیی یاساوە کەوتنە وێزەی. ئەم حیکایەتە ماوەیەکی هێندە درێژخایەن بیروهۆشی هەموو کەسێکی داگیرکرد تاکو کەوتنە زیندان و ئینجا ژاکان و لەناوچوونی کۆدیلۆی(٤) پێشینیان بینی. سیمبۆلی هەموو شتێکی نەفرەتئەنگێز و سووک و ڕیسوا، لەلایەن خێزان و ئاوەڵانەوە ڕەت کراوەو لەلایەن زیندانەوانەکان و هاودەمەکانی نەگبەتیشەوە بێزار و تەنگەتاو کراو پێراڵتا بەرماوە و دوارۆژەکانی ژیانی ئاوا لەزینداندا بەسەربرد. لە سێڵەکەی خۆیدا مایەوە و هەرگیز لەگەڵ زیندانییەکانی تردا جورئەتی چوونە ناو حەوشەی گرتووخانەکەی نەکرد. هەر لەوێشەوە دەیتوانی لە شەقامەکەوە دەنگە دەنگ ببیستێ.

هەموو ڕۆژێک لە سەعات دەی بەیانیدا، هۆرتێنسییا بەهەنگاوی لەتر خواردووی ئافرەتێکی شێتەوە بەرەو زیندان خل دەبووەوە و بۆ زیندانییەکە قابلەمەیەکی گەرمی دەدایە دەست گاردی بەر دەروازەکە.

«تەقریبەن قەت بە برسێتی منی بەجێ نەهێشت» ئەمەی بە تۆنێکی عوزرخوا ئامێزانەوە بە گاردەکە دەوت. ئەوسا بۆ ژەنینی سەنتوورەکەی لەسەرجادەکەدا دادەنیشت و ناڵەناڵی ئەو ئازارەی لێوە هەڵدەهێنجا کە مەحاڵ بوو بەرگەی بگیرێت. بە ئومێدی سەرقاڵ کردن و بێ دەنگ کردنیشی، هەندێک لە گوزەرکەران پارەیان دەدایێ.

ئەمادیۆ پێراڵتا کە لەولایەی تری دیوارەکەدا کرۆشکەی کردبوو، ئەو دەنگانەی دەبیست کە وێدەچوو لە قووڵاییی زەوییەوە بێنە دەرەوە و هەموو نێرڤەکانی(٥) جەستەی تەی بکەن. ئەم سزا ڕۆژانەییە هەر دەبوو دەلالەتی شتێک بێت، بەلام نەدەهاتەوە بیری کە دەلالەتی چی بوو. ناوبەناویش هەستی بەشتێک دەکرد کە بە پێداژەنینی خەتایەک دەچوو، بەلام دەستبەجێ یادی شکستی دەهێناو وێنەکانی ڕابردووش لەنێو تەمێکی چروپردا دەڕەوینەوە. نەیدەزانی بۆچی لەناو ئەو گۆڕەدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێدی هێدی جیهانی ڕووناکی بیرچووە و لەنێو بەدبەختییەکەی خۆیدا خۆی ون کرد.

**پەراوێزەکان:**

**١- Cacique: بەرپرسی سیاسی لۆکاڵی.**

**٢- guacharo: جۆرە باڵندەیەکە.**


**٣- Lynch: لە سێدارەدانی بێ دادگایی کردن.**

**٤- Caudillo: سەرۆک، سەرۆکی دەوڵەت (لە ئەمریکای لاتیندا).**

**٥- Nerve: دەمار.**

**سەرچاوە:**

**ISABEL ALLENDE**
**The stories of Eva Luna.**
**Tramslated by:**
**Margaret Sayers Peden**
**Hamish Hamilton**
**London 1991**



# سۆهۆ

**شەهرام حەسەن نەژاد**
**لەفارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

**ئاکتەرەکان:**

| | | |
|---|---|---|
| شێتی یەکەم | زیندانی یەکەم | ڕاوی |
| شێتی دووەم | زیندانی دووەم | کوڕ |
| شێتی سێیەم | زیندانی سێیەم | باوک |
| شێتی چوارەم | زیندانی چوارەم | کچی عازەب |
| شێتی پێنجەم | زیندانی پێنجەم | کوڕی لاو |
| شێتی شەشەم | زیندانی شەشەم | دایک |
| شێتی حەوتەم | زیندانی حەوتەم | پیرەپیاو |

**پەردەی یەکەم:**

هاوار و بانگی ژنان و پیاوان بۆ لەدەست دانی کەسێک، دەنگی تێپەڕینی کاروان، پێنج شێت، دیمەنی شێتخانەیەکی نائاسایی.

دەنگ لەپشت پەردەوە:

کاروان دەڕوا و سێبەرەکان لەگەڵ خۆی دەبا و لە هەر شوێنێ ڕاوەستێ سێبەرەکانیش ڕادەوەستن، چ جوانە ڕۆیشتن و بێ دەنگی و وێستانی ئەوان. کاروانی ژیان مانایەکی تری هەیە هەرکەس کە ڕۆحی ژیانی پێ درا کە ژیانە ناتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ.

ئەوە بۆ نووسەرانی کاروان مانایەکی بەم شێوەی هەیە:

ژیان ڕێگایەکە بەرەو ژیانی دووبارە و ژیانی دووبارەش هەمان سەرەتای ژیان و بوونی ڕاستەقینەیە.

**ڕاوی:** (ژنێکی گەڕاوە لەنتەرێکی لەپاڵدا و تارێکی بەدەستەوەیە و ڕوودەکاتە تەماشاچییەکان)

خاڵم هەمـوو ڕۆژێ بەسەرهاتی هەڵفرینی ئەوینەکەی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. (وێستان) ئەو داوای لێکردم ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤەکان گوێ بەقسەم دەدەن، چیرۆکی هەڵفرینی ئەوتان بۆ وەرگێڕم. «هەڵدەستێ و لەنتەرەکە بەکۆڵەکەیەکدا هەڵدەواسێ و ڕوودەکاتە شێتەکان». بۆ ئەو ئەستێرە شێتانەم گێڕاوەتەوە، باوەڕ بکەن شێتەکانیش بۆ خۆیان دنیایەکیان هەیە. چ هەستێکی ڕووناکیان هەیە، ڕەنگە بڵێن: چ ڕووناکییەک؟ چ قسەیەک؟

جوان گوێ بگرن و وتەی ڕاستەقینە لەچاو و زمانی ئەواندا ببینن و ببیستن.

**کۆڕی گۆرانی:**

ژیان شەونمێکی مردوو لەنێوان پەلکی گوڵاڵە سوورەدایە.

**شێتی یەکەم:** (سەرەتا چاو لەو گوڵە زەردەی دەست خۆی دەبڕێ)

بۆ من کە براکەم لەلاویدا ڕۆیشت ژیان بازدانی خەونی کرمێکە لەنێو قۆزاخەدا.

**شێتی دووەم:** (ئاوێنەیەکی بەدەستەوەیە) بۆ ئەوانەی کە هەموو شتێکیان هەیە و پێیان وایە هیچیان نییە. ژیانێکی نامەعلومە بۆ قشقەرە. (هەموو ڕەپ ڕادەوەستن)

**شێتی حەوتەم:** ژیان یانی ئەوین، ئەوین یانی لەهۆش خۆچوون، لەخۆ گوزەران و سووتان، نەک وەکو سووتانی شەم.

(هەموو هەڵدەستنە پێ و چاو لە یەکتری دەبڕن. دەڵێی پێیان خۆش نەبوو ئەو ڕستەیە ببیستن.)

**شێتی پێنجەم:** (ژنە و تۆزێ کاموای شینی بەدەستەوەیە) ئەوینی کەسێک کە لایەلایەی بۆ کردوون.

**شێتی شەشەم:** (ژنە و خەریکی کایەکردن بە بووکۆکەیەکە) ئەوینی کەسێک کەنازتان بکێشێ.

**شێتی پێنجەم:** (نوقمی خەون و خەیاڵ) شتنی جلوبەرگە لیلوپەڕییەکانیم پێ خۆشە، هەروەها شانەکردنی پرچە سپی و درێژەکانی.

(نیشانی دەدا)

**شێتی شەشەم:** ماڵێک دروست دەکەم (بە کاموا دروستی دەکا) پەنجێرەیەکی چکۆلە و بێ پەردەی هەبێ کە لەوێوە نووری دایکم لە تاریکیی شەودا بێتە ژوورێ و ببێتە چرای ماڵەکەم بۆ هەمیشە.

**شێتی حەوتەم:** ئەوینی کەسێک کە شیعر دەهۆنێتەوە، بابە نانی دامێ (بەتووڕەییەوە باڵندەی مردوو بە عەرزیدا دەکێشێ، بە گریانەوە) من خۆ باوکم نەبوو کە نانم پێ بدا، ئەگەر نانیشم ببوایە دەمدا بە دۆستەکەم، چونکە بە ڕوانینی پێی دەگوتم برسییەتی.

(دەنگی شکانی ئاوێنە بەدەستی شێتی دووەمەوە. هەموو هەڵدێن بۆ لای، شێتی حەوتەم نەبێ.)

**شێتی دووەم:** خوێەتی، خوێەتی دۆزیمەوە، دۆزیمەوە (شێتی یەکەم بە گوڵەزەردەکە برینەکەی دەسڕێ.)

لێم ون بوو، هەموو خەتای ئێوەیە.

«شێتی یەکەم گڵ هەڵدەگرێ، شێتی شەشەم جلی بووکۆکە هەڵدەگرێ و برینەکەی دەستی بۆ دەبەستێ».

**شێتی یەکەم:** ئەوینی گوڵی سوور، (یان) ئەرێ ئەو گوڵە ناوی چییە؟

**شێتی دووەم:** (لەپڕ هاوار دەکات) ئەرێ خوێەتی گوڵەخاشخاشک، گوڵی هەمیشە ئاشق (لەتکە ئاوێنەکان کۆ دەکاتەوە).

**شێتی حەوتەم:** بەڵام دەڵێن گوڵە ئاشقی گوڵێکە کە لە زستاندا ڕووی خۆی بنوێنێ.

**ڕاوی:** ئەوینی ئەو کەسەی تەماشامان دەکات، خاڵم دەیگوت من داوای هەر شتێکم لێ کرد دەستی نەنا بەڕوومەوە.

**شێتی یەکەم:** تەنیا ئەوە کە دەردی من دەزانێ، (لە قەراغ جۆگەلە ئاوەکە سێوێک هەڵدەگرێتەوە) ئەگەر سێوێکی سوور ببینم لەنێو جۆگەی ئاودا فڕێدراوە هەڵی دەگرمەوە و بەو کراسە دەیسڕم کە وێنەی باخەسێوێکی

پێــوەیە و دڵم لەبنی دایە. ڕەنگە بەوتەی هێندێ کــەس کــرمــۆڵ و ڕەش بێ، بەڵام چونکە ڕۆژێک ســوور بوو، کەوابوو ناوەکەی بۆنی سووری لێ دێ و دەبێ بیخۆین.

**شـێـتی چوارەم:** دەسـتی منیـشی نەگـێـڕاوەتەوە... هەرکـات دایکم وەبیـر دێـتـەوە دەچم بۆ لای یەکێ کـە هێشتا دایکی نەدیوە و گوێی لە قسەکانی نەبووە. دەڵێم «ڕوودەکەمە تەماشاچییـەکان» جگەرەم دەوێ، ئەویش ئەگەر دوایین دەنکی بێ دەمداتێ. منیش دایدەگرسێنم. لەنێو دووکەڵە سپییەکەیدا دایکم دەبینم، بانگی دەکەم، دایە، خۆ دووکەڵ ئازاری نەداوی... ئەرێ خۆ جێگاکەت سارد نییـە، ئەوکاتەی دەیانشۆردی خەوت لێ کـەوتبوو (منیش گوتم: سەرمای دەبێ. خەوەخۆشەکەی دەزرێ.) لەو پەردە سـپـیـیـەی زۆر بەسـەردا دەن، ئێـسـتـا ئەگەر سەرماتە دەچم پەردە سپییەکەی خۆمت بۆ دێنم (سەری داخست و کەوتە بیرکردنەوە) هەڵبەت ئەگەر پەردەیەکی سپیم هەبێ.

**شێتی حەوتەم:** (بێدەنگی خۆی دەشکێنێ و ڕازیبە) بەڵام من نە گـوڵەخـاشـخـاشـەکـەم هەیە نە ئەوین، بەڵام دەزانم کە ئێوە هەمووتان لەمن شێتترن.

**شێتی یەکەم:** (بە کەیف سازییەوە)، دەڵێی شتێکی وەبیــرهاتووەتەوە): ئەرێ ئێــوە لەبیــرتانە کــە خــاڵۆ دەیگوت: لەو سەرانە وتوویانە شێتەکان دەچنە بەهەشت.

**شـێـتی دووەم:** خـاڵۆ داوای لێکردین کــە چیــرۆکی ئەوینی ئەو بۆ خـەڵک بگێـڕینەوە... ئەگـەر گـوێیـان بۆ گرتین تەنانەت چیرۆکی هەڵفڕێنی ئەویان بۆ دەگێڕینەوە کــە خــاڵۆ هەور بوو، یان ئەســتــێــرە (دەنگی ڕابردنی کاروان، هەموو دەچن بۆ لای کاروان)

**هەموو پێکەوە:** ئێمە هەموو شێتین شێت. (تیشکی شین، کۆڕی مۆسیقا هاوڕێیان دەکات.)

**پەردەی دووەم:**

وەتاغێکی سادەیە و شت و مەکەکانی ئاساین. باوک و کــوڕ لەلای چەپی پەردەوە چاوەڕوانن. لەلای ڕاســتی پەردەکــەوە تۆمــارێکی قــاقــەزی درێژ هەڵواســراوە. تیشکێکی شین لە تۆمارەکە دراوە. حەقایەتخوان دێتە سەر شانۆ و تۆمارەکە دەخوێنێتەوە.

**ڕاوی:** ئەی گــــیــــانلەبەری لاواز و ڕیوەڵە.. تۆ لە ڕۆژێکی پڕ ئەستێرەدا... لە ماڵۆچکەیەکی هەژارانەدا، لە بنەمــاڵەیەکی فــەقــیــردا چاوت دەکــرێتــەوە، ئەوەیە چارەنووسی تۆ!

لەلای ڕاست پارچەیەک هەڵواســـراوە وەک پەردەی پەنجـەرە وایە، لاوێک لەژێریدا دانیـشـتـووە، پیـاوەکـە پشـتی کردووەتە شانۆکە و لەپاڵ کوڕەکەدا ڕاوەستاوە. هەردووکـیـان چاوەڕێ وێـسـتـاون. کوڕە ڕقی هەسـتـاوە و دەستی هەڵدەگلۆفێ و دێت و دەچێ.

**کوڕەکە:** خودا بکات ئەویش وەک ئەوانی دیکە نەگاتە کاروان.

**باوک:** «بەتوندی چاوێک لەکوڕەکەی دەکات» ئاخر بۆ کـوڕم مـەگین دەیەوێ نانی تۆ بخـوات، یان سـەعـاتی تۆ هەڵگرێتەوە؟

**کوڕەکە:** جۆرێک باسی نان دەکات، پێی وایە هەر زگی تێـر بێ تەواوە... نا باوەگـیـان، ئاخـەر بە چ پیـاڵەیەک تینوویەتی ماسییە سوورە بێ ئاوەکان بشکێنێ، هەروەها لە هەڵگرتنی سەعـاتیش ناترسم، چونکە دایکم گـازێکی لەدەستی چەپم گرتووە کـە ئێسـتـاش جێی حەوت ددانی دیارە.. چاوی لێ کـە. دەنگی چرکـەژمـێـری سـەعـات لەیەکەوە تا حەوت، دەنگی گریانی منداڵێک، دەنگێک لەپشت پەردەوە.

**دەنگی کچە:** بابە مزگێنی، کاکە، کوڕە.

**کوڕەکە:** (بە ناڕەحەتییەوە) ئاخەر فەرقی چییە کوڕ بێ، یان کچ، هەردووکـیــان دەبێ دەرد بکێـشـن، کــوڕە دەردی کــڕینی گــوڵی ســوور و ترس لەوەی گــوڵدانەکـەی درزی نەدابێ، کـچەش دەردەسـەر لەکـاتی خـۆیدا ئاودانی گوڵاڵەسوورە نەکا بژاکێ، کەسیش نییە بلێ ئاخەر ڕۆڵە تۆ کــە نازانی فـرمـێـسکی برسی چیــیــە، وەک ســەگ لەسەرمانا لەرزین و تەنیا زیندوومانەوە چییە؟ ئاخەر تۆ بۆ؟

**کـوڕەکـە:** ئەرێ بگری، ڕەنگە تۆش پێت خـۆش نەبێ هاتوویە دنیا. شەو گـوێت لەناڵەی دایکت بێ.. بەڵام چ بکەم (بەدەنگێکی بەرز) مـرۆڤـە هەژارەکـان هەمـیـشـە دەست و دڵ بازترن. (باوکی زللەیەکی لێدەدا)

**باوک:** کوڕم مەگین نازانی کە لە ژوورسەرمان کەسێک هەیە کە ڕزق و ڕۆزیمان بۆ دەنیرێ؟

**کـوڕەکـە:** ئەرێ... ئەگـەر ئەویشـمــان نەبوایە، دەبوو لەگۆڕیشدا سواڵ بکەین.

**دەنگی کچە:** باوەگیـان وەرە خۆت ببینە... کاکە وەرە

خاڵی سەر ڕوومەتی ببینە.

**پەردەی سێیەم:**

(هەر وەتاغـەکەی پێشـووە، کـوڕە، لەپاڵ پەنجـەرەکەدا وێستـاوە و چاوی لەمنداڵێک بڕیوە کە لەسەر عـەرزەکە ڕاکێشراوە. حەقایەتخوانیش بە لەنتەری سێیەمەوە دێتە ژووری.)

**ڕاوی:** کـوڕم دوای چوارسـاڵ وەک گـژوگـیـای خـووسـاو لەدڵەوە لایەلایە بۆ تۆش دەکا. دەبێ زیاتر گوێ بگری بۆ بیـسـتـنی دوایین ئاوازەکـانی. دایکت کـە وەکـو ئاوازی ئەوین لەسـەرەتای ژیانەوە تۆشی لاواندووەتەوە. (دایک دێتـە ژووری منداڵـەکە لە بـاوەش دەکـا و دەیەوێ بڕواتە دەری.)

**کچە:** دایە باڵنجەکەی باوکم کوا؟

**دایک:** من باڵنجەکەی باوکتم هەڵگرتووە.

**کچە:** بۆچی؟

**دایک:** ئاخەر باڵنجەکەی باوکت گوڵی سپیی پێوەیە. من ئەگەر چاو لەگوڵی سپی بکەم زوو خەوم لێ دەکەوێ. (کـچـە دەڕواتە دەری و دایکی باڵنجـەکـە لەسـەر لاقی دادەنێ و منداڵەکەی دەخەوێنێ. لایەلایەی بۆ دەکا.)

**دەنگی باوک:** ژنـەکــە تـۆزێ دەنگت هەڵـێنە، بـا بەو لایەلایەی تۆ خـەون بە پەرییـەکـانەوە ببـینم. (دەنگی چرکەژمێری سەعـات، دەنگی درم و هۆڕی دەهۆڵ، دایک بەسەر منداڵەکەیدا دادێتەوە. دوای ماوەیەک منداڵەکە دەگـری، دایک لەبەر ژانی دڵی دەناڵێنێ و جـووڵـەی لێ دەبڕێ.

**منداڵەکـە:** دایە... دایە... بۆ جـواب نادەیەوە، من شیرم دەوێ، هەستە دایەگیان، دایە مەخەرە. (منداڵەکە دەگـری و گـوڵدانەکـە دەشکێنێ و باوک و کچ هەریەکی لەلایەکەوە دێنە ژووری و کچە منداڵەکە لەباوەش دەکا.)

**منداڵەکـە:** دادەگـیـان بۆ دایکم قـسـە ناکـا؟ بۆ بێ دەنگە؟

**کچە:** (بەگریانەوە) توخوا مەڕۆ دایە ماڵەکەمان بێ تۆ کەڕوو دێنێ.

**باوک:** کــاتێ تۆ ڕۆیشـــتنی چاوەکـــان هەمــــوو فرمێسکاوی بوون. وەختێ تۆ ڕۆیشتی کوڕەکەت مەمکە شووشەکەی دۆزییەوە. خۆزگەم بە ئەوکەسەی هیچکات مـەرگی کـۆڵانی یەکـەمی ئەوین نابینێ. (کـوڕەکـەی لە باوەش کردووە و گوڵی ژاکاوی گوڵدانەکەی هەڵگرتووە و بەرمـاڵێـک بەسـەر ژنەکـەیدا دەکـێشێ، کـچـە منداڵەکـە دەباتە دەرێ و چرا دەکـوژێتـەوە و دوای چەند سـاتێک ڕووناک دەبێــتـــەوە و کـــوڕی لاو بە پـارچەیەکی گـــوڵ سـپـیـیــەوە دێتـە ژووری. پارچەکـەی بە سنگـیـیــەوە نووســاندووە و چۆکی داداوە و کــتــوپڕ دەنەڕێنێ: دایە. (تاریکی)

**پەردەی چوارەم:**

(بەندیخـانەیەکی نائاسـایی، پەیتـاپەیتـا ترپەی پێ دێ.)

**ڕاوی:** من دەمـەوێ نەوای ئەوینێکی ترم گـوێ لێ بێ، دەمــەوێ گـوێم لە ترپەی باران بێ، تاکـو ببـینم بەرگـە ڕەشـەکـان دەشــواتەوە بۆ ئەوەی ڕەنگی سـپی هەتاهەتا بمێنێتەوە.

(فرێی دەدەنە ژووری، چوار پیاوی زیندانی و دوو ژنی زیندانی لە قووڵایی شانۆکەوە دێن بۆ لای.)

بە ڕواڵـەتدا وادیارن زۆر دەمــێننەوە، یەکێ لە ژنـەکـان بێ ئۆقـرە بەم لاولادا هەڵدێ. پیـاوێکیـان لەسـەر عەرزی بەدوای شتێکدا دەگەڕێ. گوتوویەتی و جیـقی دەرهێناوە و قاقا پێدەکەنێ.)

**لاو:** ئێوە بۆ لێرەن؟ ئێوە کێن؟ تاوانتان چییە؟

**زیندانی شـەشـەم:** (ڕوخـســارێکی پیـر و لەبەردڵانی هەیە) ئەوکاتەی کە دیوار زاری کردبووەوە و دەیناڵاند لە تێــپــەڕینی زەمــان و لە تامڵ کــردنی هەڵگرتنی باری قـورس، لەبەر دەردی یەکسـانی و هاودەنگی شـەو و ڕۆژ هەزاران دەردی نەدرکاوی ئێمە بووینە ڕێبوارانی خەونی تۆ لەو کاتەوە کە هاتییە سەر دنیا. ئەوکاتەی کە دەنگی گــریانت دڵی دیتــرانی وەحــاڵ هێنابوو، پێت گــرت، سـەرەتای زمـانگرتنت. (زیندانیـیـەکـانی تر دێننەوە.) ئێستاش بەشوێن ژیانەوەی. (زیندانییەکان زەنگوڵەیان بەدەستەوەیە دەوریان داوە.)

زیندانیـیـەکـان هەمـوو دەگـرین. لاوەکـە لەنێـوانیـان دێتەدەر و هەڵدێ، هەمـوو دانیـشـتـوون و لەسەری خۆیان دەدەن. بەدوای شتێکەوە کە تاکو زەمانێکی تر ناوێ تۆی بەسـەرەوە دەبێ تـا ئەوکـاتەی دەچییـەوە ئامـێزی خـاک. (زیندانییەکان ناهێڵن بڕوا.)

**زیندانی یەکەم:** ژنێکی پیرە و قسەکانی سیحراوین)

زەمـانێ کـە من تێـر بووم چاوم بە بوخـچـەیەکی سـپی سوالّکەرێکی کوێر کەوت. (ئەو پارچە گولّ سپییەی کە بەلاوەکە بوو لێی دەسـتـێنێ) دانەویمەوە کە بوخـچـەکە هەلّگرم لە پرێکدا سوالّکەرە کوێر دەستی گرتم و گوتی: (دەور دەگـێـڕی) تۆ قـشـقـەرەی؟ وتم نا. وتی: کـەواتە بەرگی ئەوت لەبەردایە و بۆنی ئەوت لێ دێ. پاشـــان دەستی کرد بە بوخچەکەدا و گوتی ئەوە گەمی تێـدایە (دەنگی ئاورگـرتنی خـەرمـان) تۆ بڕۆ ئـەو سـێـوەی کـە دایکت بە دزییەوە هەلّیگرتووە، هەلّیگرە و بیـخۆ تاکـو تێر بی. (لاوەکە پارچە سپییەکەی لێ دەستێنێتەوە.)

**زیندانی دووەم:** (بە لەخـــۆبایی بوونێکەوە) من نە قشقەرەم نە بەرگی ئەوم لەبەر کردووە، بەلاّم ناتوانم چاو لە پەروبالّی خـۆم بکەم، هیچ کـەس نابینم بێـجگە لە سەرنجی خۆم. تەنانەت دەنگی پێشم نابیستم.

**زیندانی سێیەم:** من هەمیشە پێم خۆش بوو هەنگێک بوایەم (بەسـرتە قـسـە دەکـا) کـە بە دزییـەوە گـەردەی گـولاّلەکـانم هەلّگرتایە و ئەوم بەسـەر گـولّەکـانی تردا بڕشـتـایە. تـاکـو هەمـوویان وەک یەکـیـان لێ بێ، یەک ڕەنگ وەک پارچەی ئاوریشم.

**زیندانی چوارەم:** من هەمـیـشـە لە شکانی گـۆزەکـەم و لەسـێـبـەری گـۆڕ دەترسـام، لە دیتنی مـانگیش دەترسم دەلّێم نەوەک بمکاتە خەو. (هەلّدێ)

**زیندانی پێنجەم:** (بە ڕقەوە من هەمـیـشـە شووشـە و ئاوێنەم دەشکاند) بەدفەڕانە، یان پووشـە بە قـوونەکـانم هەلّدەکەند و بەڕەلّلاّم دەکردن. پێم دەگوتن قەیناکا بەلاق بڕۆن.

(دەوری دەگـرن، لاوەکـە بەرەو لایەک دەڕوا و ناهێـلّن بڕوا و دەگاتە مجرییەک. سەرەکەی هەلّدەگرێ، ساقەتەی گـەنم دەشکێنێـتـەوە، پاشـان گـۆزەیەک دەشکێنێ و هەلّفـــڕینی کـــۆترێک لەنێـــویدا. لاوەکـــە ئاوێنەیەکی بەدەستەوەیە.)

**لاوەکە:** تۆ چ تاوانێکت کردووە؟

**زیندانی شەشەم:** تاوان؟ هەر ئەو تاوانەی تۆ.

**لاوەکە:** من؟

**زیندانی شـەشـەم:** ئەوین (سـێـوێک لەنێـو قـوتووەکـە دەردێنێ) هەر ئەو هەنگاوەکـانی هێـورتر و سـەرنجی بڕیوەتە دوورتر. ئەگـەرچی سـێـبـەری ترس و نەزانی و لەخـۆبایی بوون و تەمـاح و نەوس هێندێ جـار هەنگاو هەلّێنانەوەشی دژوار دەکا.

(زیندانی شـەشـەم بەهێـواشی هەنگاو هەلّدێنێـتـەوە و پارچەیەکی گولّ سپی و سێوێکی بەدەستەوەیە.)

**لاوەکە:** ئەرێ خەون دەبینم، یان بەخەبەرم؟

**زیندانی شەشەم:** تۆ دایمە لە بەخەبەریشتا خەوتووی.

(نوور لالایەکی داوە. کـۆڕی مـۆسـیـقـا لێی دەدەن و لاوەکە بەرەو قوولاّیی شانۆکە دەڕوا کە نوورێکی سووری بەسەردا ڕژاوە.)

**پەردەی پێنجەم:**

ڕاوی لەنتـەری پێنجەمی هەلّواسیوە و لەگۆشەیەک تار دەژنێ.

**ڕاوی:** ئەوین یانی گەیشتنی سێبەری تیشک بەناخی یەکتـر. ئێوە سێـبەری ئەوین لەکـەسانێکدا بدۆزنەوە کە لەجوانی و قسـەکردندا وەک شەوەری کێوی وابن. لەنێـو چوارچێـــوەی ئەو وتەیەدا مـــانایەکـــیـــان بۆ خـــۆیان دۆزیبێتەوە. سێبەر تیشکی کێیە؟ بۆن و بەرامەی خۆشی کێیە؟ چ پەپوولەیەک قسەی ناخی تۆ دەدرکێنێ؟... ئێوە دەنگی ئەوینێکی تر دەبیـسـتن، ڕەنگە دەنگی گـازەنگی کـەسـێـک بێ کـە لە نیگـادا ئەوتان دیوە و لە جـوانیـدا هەستتان پێ کردووە.

(شـانۆکە ڕوون دەبێـتـەوە لەگـەلّ مۆسـیـقـایەکی ئارام، تیشکێکی سوور لە شانۆکەی داوە و پێنج کوڕ و سێ کچ پشـتـیـان لەشـانۆکـەیە و بەشـێـوەی پانتـۆمـیـم هەنگاو دەنێن.)

**کوڕەکـان:** مـەرگی من ڕۆژێک دەکـاتێ لە زسـتـانێکی تەمـاویدا... دوور لە تاسـەی چاوانی جـوان... یان لە شـەپۆلانی پڕ لە تالّەتیـشـکدا...یان لە زەریای ئاشنادا نوقم دەبم.. یان لەبەرزایی تراویلکەیەکی بێ جوولّەدا... لە غـوربەتی ولاّتی ماندووەکـاندا.. یان لای بێ نیـازانی مـــات و کـــڕ... لە دەشـــتـــێکی بێ سنووردا، چاو لە خـەمەکـانم دەکـەم ئەی زەمـانە تۆش بە بزەیەکی سامناک ڕەونەقێ بەم مـالّۆچکە خـەمناکـەم بدە.. بەلّکو دنیـای بێدەنگیم بدۆزمەوە.

**ڕاوی:** ئەوانە دەربیـجـە و ڕێگایەکن کـە خـۆیان وەک ڕێبـوارێک نیـشـان دەن بەدلّی پڕ لە ئاواتەوە. ئەی زەمانە کـــە وەکـــو ســـازێک وای و هەوای دلّ بلاوێن دەژەنی، هەوایەکی لێـوبەبزە بۆ ئەوانە لێدە. (کـوڕەکـان خـەریکی

پیاسەکردنن و کچەکان قسە دەکەن.)

**کچ:** ئەو ساتانەی کە لەتۆ دوورم و وەبیر هێنانەوەی تامڵ کردنی بێ تۆیی پایزی تەنیاییە. (ئەوانی دادەنیشن) «بێدەنگی» دڵم تۆوی دڵتەنگی دەچێنێ. ئەستێرەی شەوانم بێ تۆ خەوی نایە و پەسنی شەوی یەڵدا دەکا. (شەمە هەڵبووەکان بکوژێنەوە) ئەو کاتانەی کە دڵم بۆ تۆ و دووبارە دیتنت لێدەدا، دەڵێ کوتەکوتی دڵم تەنیا هەر بانگی تۆ دەکا، لەم تەنگ و چەڵەمەی تەنیاییەدا شنەی شەوبا لە پاتەبوونەوەی بێ تۆیی وەڕەز بووە و لەگەڵ چاوانی ئاشقی من بەسەر پەنجەرەی رووداوەوە قەتیس ماون، بەڵام بەو حاڵەش ئەوینی تۆ هەتوانی دەردەکۆنەکانی شیعری کات و ساتی تەنیایی منە، بێ تۆ دڵتەنگم، بەڵام بەختەوەر، چیرۆکی دڵۆڤانی باران هێشتا ماوە. (دەنگی باران، چەترە هەڵدراوەکان دادەدەنەوە. کوڕە بە هێواشی دێتە پێشێ، لەبیر و هزری خۆیدا نوقمە، کچە لە پێشەوەی شانۆکە دانیشتووە.)

**کوڕە:** ڕوخسارت ئاشنایە و دەنگت دڵگرە.

**کچە:** ئەوەی لە دڵەوەبێ بەدڵەوە دەنیشێ.

**کوڕی لاو:** ئەم سۆز و کوڵە بۆ کێیە؟

**کچە:** بۆ سێبەرە بێ چراکەم.

**کوڕی لاو:** سێبەر؟ سێبەری ئێوە کێیە، کێیە خەونی شینی دەریاکان؟

**کچە:** من سێبەرەکەمم ون کردووە، لەپاڵ شان و ملە رووتەکەمدا با هات و بردی.

**کوڕی لاو:** ئەگەر ڕوخساری ببینی دەیناسییەوە؟

**کچە:** ڕەنگە... بەڵام ئەگەر دەنگی ببیستم چاتری دەناسمەوە.

**کوڕی لاو:** دڵۆڤانی باران... (کچە قسەی پێ دەبڕێ)

**کچە:** من و سێبەرەکەم وەک گیایەک وابووین، لە کێوێکی چۆڵ و هۆڵ.. لەژێر باران و خووگرتن بەدەریا و شەپۆل لەگەڵ یەک ئاشنابووین، بە نم نمی باران پێمان گرت. (هەڵدەستێتە پێ) یەکترمان ناسی، بەڵام باران خۆشی کردەوە، بەبێ بەڕێ کردن با لە یەکتری هەڵبڕین.

(کچە لەگەڵ دیتران دەست دەکا بە ڕۆیشتن و کوڕی لاو دەکەوێتە قسەکردن.)

**کوڕی لاو:** خەمی من، سێبەری ونبوو.

چ جوانە جوان.. تەنیایی ئاو لەنێو بوونی گۆزەدا (کچێک بە گۆزەوە ڕادەبڕێ)

چ ڕێک و ڕەوانە... وتەی ئاو لەگەڵ ئاوێنە (کچان لەبەر پەردەکەدا چاو لە ئاوێنەی دەستی خۆیان دەکەن.)

چ نادیارە نادیار... فەلسەفەی مەرگی بەرە بەرە (کوڕێک منداڵێکی مردووی پێیە و ڕادەبڕێ)

چ تاڵە تاڵ... دیتنی کرمە پیرەکان و چ ژانێکە مەرگی بەرەی شەونم (داوەرینی گەڵای زەرد لەسەر شانۆکە.)

چ سادەیە سادە... دروست کردنی گوڵی کاغەزی بە رووبانی بنەوش.

چ ڕەوانە ڕەوان.... دەنگی تۆمارپوونی گوڵە زەردەکان.

(کچەکان دەچن بۆ لای کوڕە لاوەکە)

**کچەکان:** خەم نیوەی گیانی خۆیان؟

**کوڕی لاو:** سێبەرەکەم.. بەڵێ سێبەرەکەم... بەڵام ئێستا خەمم لەدڵدا نییە.

**کچەکان:** مەگین ئەوت دیبیەوە؟

**کوڕە (بەئاماژە روو لەکچە):** بەڵێ سێبەرەکەم هەر ئێستا بەرانبەرمە.

(دەنگی هەورەتریشقە و خرمەی باران دەست پێدەکا، وێستان)

**کچە:** گوتم ئەم دەنگەم لە زایەڵەی کێوەکاندا بیستووە.. کەوایە تۆ سێبەری منی (دەنگی دووبارەی هەورەتریشقە)

**کوڕە:** تۆش ونبووی منی... (دەنگی باران و هەورەتریشقە زۆر دەبێ و پاشان حاڵەتێکی زۆر خەماوی و ئاڵۆز)

خەریکە بای دێ... نا...نا... (دەنگی باران دەخەوێ و کچە دەکەوێ بەعەرزدا، کوڕی لاو لەگەڵ لەشی بێ گیانی کچە هاوار دەکا و پارچەیەکی سپی دەدرێ بەسەر کچەدا. تیشکی شین لە شانۆکەی دەدا.

(کۆڕی مۆسیقا لەگەڵ هەوایەکی خەمناک)

لەشم سووتا کە ببێ کارێ دڵ تەواو و نەبوو
سووتاین لەو ئاواتە کاڵەدا و نەبوو
داخ و مخابن کە لە شوێن خەزێنەی حوزوور

**پەردەی شەشەم:**

**ڕاوی:** وەرە با گوڵ وەشانی کەین و مەی ڕۆکەینە نێو ساغەر
فەلەک تێک دەین و بیگۆڕین بەچاتر بان و میچ و دەر

ئەگەر خەم لەشکرێ بێنێ بە قەستی خوێنی دڵداران
من و ساقی دەسازێین پێکەوە تێکی دەدەین یەکسەر
بەهەشتت گەر دەوێ فەرموو وەرە بابچینە مەیخانە
هەتا ڕۆژێ لەپای خۆم ڕا هەڵت دێرینە نێو کەوسەر.

(پەردە ڕێبازێکە- تێپەڕینی چەن کەس- پیرێک بەگۆچانەوە بە ئارامی دەڕوا.)

**پیرەپیاو:** کەی ئەوکاتە دێ کە گۆزە خوازیاری دیتنی جوانی تیشکێ بێ کە ئاوی ڕووناک لە وجوودی کەن. ئەی دڵ، دەبێ دڵێک هەبێ کە کڕیاری دلۆڤانێ بێ کە جەستەی ئەندێشەکان بۆ وەدەست هێنانی بە قووڵایی دەریاکاندا شۆڕ بێتەوە.

(کوڕی لاو دێتە ژووری پیرە پیاوەکە کەوتووە بە عەرزدا هەڵیدەستێنێتەوەو لەسەر تەختەبەردێک دایدەنیشێنێ. گۆزە شکاوەکەی پێ دەدا.)

لاوەکە (لەدڵ خۆیدا) ئەو هەر ئەو تاڤگەی ئاوە ساردەیە کە من وەدوای کەوتووم.

**پیرەپیاو:** (بۆ ئەوانەی کە تێدەپەڕن) ئەی سفرەکانی ڕۆژگار، تاکو کەنگێ دەتانەوێ بێ ژمارە لەو هەرێمە پووچەدا چەواشە بن؟ تاقە گۆزەیەکی شکاتان لەپاش بەجێ دەمێنێ، هەی لەو ڕۆژەی کە بەبێ یەک و ئاوێکی گەنیو بشکێن.

**لاو:** کێ سفرە؟ ئاسمانێکی پڕ لە فوودانە؟

**پیرەپیاو:** سفر مرۆڤەکانن و فوودانەی خاڵی.

**لاو:** یەک چ وێنەیەکە؟ باخێکی پڕ لە باڵندە؟

**پیرەپیاو:** یەک خودای من، باخی پڕ لە ڕاز.

**لاو:** کەوابوو خودای تۆیە... ئیتر من بۆ؟

**پیرەپیاو:** نا.. خودای سفری تۆشە و گراوی هەموو کەسیش.

**لاو:** کەوایە منیش دەبێ وەک تۆ سپیپۆش بم.

**پیرەپیاو:** هەموو سفرەکان ڕۆژێک جلوبەرگی سپی لەبەر دەکەن.

**لاو:** (ئاماژە بۆ دەفەی پیرەپیاو) ئەوە چییە؟

**پیرەپیاو:** ئەوە سازی ئەوە، ئەی لاو، هەر وەختێ لێی دەدەم، بۆن بەخوداوە دەکەم و ماچی دەکەم.

**لاو:** کەوایە لێی دە.

(پیرەپیاو دەیەوێ دەفە لێدا کە لاوێک دێتە ژووری و دەچێ بۆ لای دەفەکە هەڵیدەگرێ و هەڵدێ، پیرەپیاو دەست دەکا بە لاقەفرتە، لاوە وەدوای دزەکە دەکەوێ، نووری سەرشانۆ دەکوژێتەوە.)

**پەردەی حەوتەم:**

(ڕێبازی پێشوو کە لەوپەڕیدا پیرەپیاوێک بەستراوە و دەنگی قاقای بەکۆڕ، تیشک دێ، شێتەکان وەژوور دەکەون و هەموو پێکەوە گۆرانی دەڵێن. حەقایەتخوان دێتە ژوور و دوایین لەنتەر بەدوایین کۆڵەکەدا هەڵدەواسێ.)

**ڕاوی:** ئەوینداران کوژراوانی ڕێی گراون، ئەوی زیندووبێ لە خەتەردایە. ئاقڵان پارێز لە بەڵا دەکەن، ڕێگەی ئاشقان جیاوازە.

(دەنگی ڕابردنی کاروان، لاوەکە بەدەفەی دڕاوەوە دەگەڕێتەوە، پیرتر لە پێشوو دێتە بەرچاو. لەسووچێکدا ڕاکشاوە و جلوبەرگە سپییەکەی ناوەتە ژێر سەری، لاوەکە جلوبەرگەکان لەژێر سەری دەردێنێ و پارچەیەکی سپی دیکە دەکێشێ بەسەریدا. لاوەکە جلوبەگی پیرەپیاوە لەبەر دەکاو دەفە دڕاوەکە بەدەستەوە دەکرێ. ئەم بارە و باری دەکا. لە هەموو سووچەکانی شانۆوە دەنگی یاهوو... دەست پێدەکا.

دەنگی ڕابردنی کاروان، زەنازەنای خەڵک، شێتەکان ماندوو و شەکەت دێنە ژووری، دەفە و نەی دەنگی بەرز دەبێتەوە و هەموو چاو لە ئاسمان دەکەن.

**شێتەکان:** بۆ کوێ ئاوا بە پەلە؟

**لاوەکە:** (ڕوو لە ئاسمان دەکا) سۆهۆ

(دەنگی کوڕ بەرز دەبێتەوە، شێتەکان گوێ ڕادەدێرن. نوورەکە وردە وردە دەکوژێتەوە.)

*** سەرچاوە: دەستنووسی نووسەرەکەی (هێشتا چاپ نەکراوە).**



## عوسمان قادر:
## هەموو جارێک شاکارێک بووە بە ڕەمزی ڕووداوێکی گەورە.. هێشتا خاوەنی هونەرێکی کوردیش نین ناوی هونەری شێوەکاری کوردی بێت

عوسمان قادر یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لە ڕێگای هێڵکارییەوە توانیویەتی زۆرترین کار و هەستەکانی خۆی بنەخشێنێت و بتوانێت هەر لە ڕێگای هێڵەوە ئاوێتەی یەکێک لە گەورەترین مۆزەخانەکانی بەریتانیا بێت بەناوی (تەیت گەلەری) و یەکێک لەو هێڵکاریانەی کە بۆ ماستەرەکەی کێشابووی لە نزیک هێڵکارییەکی هونەرمەندێکی گەورەی وەکو (تێرنەر)ەوە دابنرێت.

هونەرمەند عوسمان قادر لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە هونەردا، ئێستا لە بەریتانیا سەرقاڵی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرایە لە هونەردا و ئەنفال تێزی دکتۆراکەیەتی، لەگەڕانەوەی ئەم جارەی هونەرمەند بۆ شاری سلێمانی ئەم دیدارەمان لەگەڵدا ساز کرد.

**هەڤپەیڤین: بەختیار سەعید**
**(سلێمانی)**

✱ بۆچی هونەر بووە هۆکاری دەربڕین لەلات؟

– هەمــوو مــرۆڤــێـک لە ژیاندا لە ژێر کــاریگەریدا دەبێت، ئەگەر باسی خۆم بکەم دەڵێم بۆ گفتوگۆکردن و پێوەندی کردنم پێویستم بەوە هەبووە ڕێگەیەک بدۆزمەوە بۆ گـــەیاندنی هەست و کـــاریگەریـیـــە دەروونی و سروشتییەکان، خۆم هەستم دەکرد کە کەمدوو و بێ دەنگ بووم، هەمیشە سەیرکردن و گەڕان لەلام زۆر چێژی پێداوم، جوانی سروشت زۆر سەرسامی دەکردم، هاتوچۆی هەورەکان زۆر سەرنجیان ڕادەکێشام، هەر لە منداڵییەوە پیرەمەگروون و هەورەکان جێگای سەرنجم بوون، بناری گڵەزەردە و گۆیژەو ئەزمەڕ هەمیشە مۆزەخانەی من بوون، تا دەستم قەڵەمی گرت و لەگەڵ قەڵەمدا بووم بە هاوڕێ، ئیدی کەوتمە دنیایەکی ترەوە و هەر لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بۆ یەکەم جارە ساڵی ١٩٧٣ مامۆستا (نووری ئیسماعیل) لە قوتابخانەی بادینانی سەرەتایی ئاشنابووم کە دیوارەکانی قوتابخانەی وێنە دەکێشا، وەرزەکانی بەشێوەیەکی زۆر جوان دەکێشا، من هەر بەردەستیم دەکرد، بەزۆری خۆم شتەکانم بۆ دەگواستەوە و دەمویست کارئاسانی بۆ بکەم، زۆر هەستم بە نزیکی دەکرد لێی تا گفتوگۆیەکم لەگەڵیدا پەیداکرد، بۆ یەکەمین جار بەڕەنگی پاستیلی چەور تابلۆیەکی گەورەم لەسەر تەختە ڕەشەکە بۆ کێشا، مامۆستا نووری زۆر ڕەزامەندی نیشان داو زۆر خۆشحاڵی کردم، هەر بۆیە بەکێشانی هەر کارێکی هونەری ئاسوودەییەکم لەلا دروست دەبوو، هەستم دەکرد زۆر لە ناخمەوە نزیکە، ئیدی بەدوای ئەوەدا دەگەڕام کە تواناو زانینی زیاتر پەیدا بکەم، سەرەتای ئاشنابوونم بەکاری هونەرمەندان بۆ ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە کە لەیانەی سیروان ئاشنایەتیم لەگەڵ مامۆستا و هونەرمەندی گەورە (کامیل ئەحمەد) پەیداکرد و سەرسامی کارەکانی بووم، پاشان بارودۆخ و باری ژیانی ئەو کاتەمان بەشێوەیەک بوو کە ئازارەکان خۆیان بەسەر شێوازی کارەکانمدا دەسەپاند، قوتابخانەی تەعبیری باڵی بەسەر ئەو کارەکانمدا کێشابوو، لەو سەردەمەشدا سەرچاوەی هونەری زۆر کەم بوو، یان نەبوو، بۆ یەکەم جار کە کارەکانی کۆنستابلم بینی زۆر سەرسامی کردم، هەروەها کارەکانی تۆلس لۆتریک و دیگاس ماوەیەک زۆر بەڕوحم نزیک بوون بە زۆر هۆ، بەڵام ڕووداوە تراژیدییە بەردەوامەکانی ڕۆژانە ڕێگای



ئەوەی نەدەدا بەو شێوەیە کار بکەم، لەبەرئەوەی بێ بیرکردنەوە شێوەی کار و ڕێبازێکی تر خۆی بەسەر کارەکانمدا سەپاند کە زۆر لە ناخەوە نزیکبوون، لە ناخی خەڵکدا دەژیا، یەکگرتن و کوشتن و ڕاگواستن، یان هێنانەوەی لە سێدارەدراوەکان جەرگ بڕبوون، زۆر نزیکیش بوون لە ژیانم، بابەتەکان زۆر ڕاستەقینە بوون، ئیدی کارەکان پێویستیان بە پەروەردەکردن و بە هەنگاونان بوو، دەمزانی کە بە پەلە کاری زیندوو دروست نابێت، دەبێ بە هێمنی بە ڕەوتی تاقیکردنەوەکانمدا بڕۆم تا بتوانم کاری جوان ببیتە نموونەی هەوڵەکانم، دواتر کە زیاتر بە دواداچوون و تێکەڵی پەیدابوو هەستم کرد کە زۆر لە ڕوحی (گۆیا، کیتا کۆلفیچ)ەوە نزیکم، ببووم بە هاوڕێی کارەکانی گۆیا کە تا ئێستاش کاریگەری ڕۆحی لە ناخمدا هەیە، بەڵام بەشێوەیەک کە تایبەتمەندی و ڕوحییەتی خۆم ون نەکەم، لاتان سەیر نەبێت من ئێستا کە دکتۆرا لەسەر جینۆساید لەڕێی هێڵکارییەوە دەخوێنم، چەند هونەرمەندێک کە لە هەمان بارودۆخی مندا ژیاون، ئێستا زیندوون و باس و

لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەم، کلیلی باسەکەم لە هونەرمەندی مەزنی ئیسپانی گۆیاوە دەست پێدەکات، چونکە بەڕای من (گۆیا) بۆ (٢٠٠) ساڵە گەورەترین هونەرمەندی جیهانە لە ڕووی هەست و دەربڕینەی شاکارەکانییەوە.

* پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بۆ خۆی هەنگاوێکی تری گەشەکردن و چاوکردنەوەی هونەری بوو بۆتان، ئایا لەم قۆناغەدا کە تێکەڵاوبوونێکی نوێتر بوو، لەگەڵ ئاشنابوون پانتاییەکانی هونەر و هونەرمەندانی شاری سلێمانی، وەک هونەرمەندێک لەم قۆناغەدا چ شێواز و دنیابینینێک تۆی گۆڕی؟

- لە ڕاستیدا کردنەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی لەوکاتەدا خەونێکی زۆر گەورە بوو، بەڵام بۆ بەندە لەکاتێکی لەباردا نەبوو، هەروەک پێشتر ئاماژەم بە هەندێ کاریگەری هونەری و شێوازی کارکردن کردووە و لە زەمینەیەکی بە ئاگا و ژێرخانێکی هونەریدا چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانەوە، چوار ساڵ لە یانەی سیروان کاری ستیل لایف و مۆدیلم کرد، لەوێش ئەمە دوو ڕووی هەبوو، ڕوویەکی باشی ئەوەبوو کە من (٥) ساڵ بە بەردەوامی خەریکی کاری هونەری بووم، ڕووە خراپەکەشی ئەوە بوو کە نەمدەزانی چ شێوە هونەرێک دەخوێنم، دەتوانم لەوێ چی ئیزافە یەک بکەم، دیارە لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێ نازی مامۆستاکان بۆ من، بەڵام ئەوە ئاسوودەیی پێ نەدەبەخشیم، کە ئەو هونەرە بکەم کە چەند ساڵێک لەوەوپێش کردبووم، ئەمەش تا ڕادەیەک زیانی پێ گەیاندم لە دووبارەکردنەوەی کاری ئەکادیمی و فرسەتی فێربوونی زیاترم کەم بوو، من پێویستم بە کەسانێک بوو کە تواناو ژێرخانی هونەرییان لەمن زیاتر بێت، بەڵام هەر لەو سەردەمەدا لەگەڵ سەختی ژیان و بارودۆخدا سەردانی پەیمانگەی بەغدام دەکرد، ئەوەش نەبووە هۆی تێرکردنی ڕوحی من.

* دوای ساڵی ١٩٨٨ و کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە تۆ لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تردا پێشانگەیەکی تایبەت بەو کارەساتانەتان لەشاری سەقز کردەوەو پاشان کارەکانتان کران بەکارت و بەزۆربەی وڵاتاندا بڵاوبوونەوە، ئایا ئەو بەشداری و نێوبانگە چی پێت بەخشی؟

- دەتوانم لێرەدا وتەیەکی هاوڕێی خۆشەویستم هونەرمەندی گەورەی میللەتەکەمان (ڕەمزی قوتبەدین) بڵێمەوە کە (شاخ زانکۆ)بوو، منیش بڕوام وایە، بەڵام زانکۆیەکی پڕ کارەسات و تراژیدیای سەدە بوو، ساڵی ١٩٨٨ دوای هەردوو کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە بۆ من وەک هونەرمەندێک کە ئەو هەموو وێرانکاری و بە کۆمەڵ کوشتنەم بینی، لە بەشێکی تری کوردستاندا لە شاری سەقز نیشتەجێ بووین، ئەو هەموو کارەساتانە لە ناخمدا دەهاتن و دەچوون، لە دوای (٢٠) ساڵ هێشتا من بە گەرمی ئەو کارەساتانە لە ناخمدا ڕۆژانە سەر هەڵدەدەنەوە، هەر بۆیە بەردەوام خەریکی کارکردن بووم بە هێڵکاری و بەشێوەی جیاجیا، کارەکان خۆیان دەسەپاندو لەگەڵ چەند هاوڕێیەک لە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی بووین و لەگەڵ مامۆستا ڕەمزی ئەردەڵان و ڕێبوار سەعید هەمیشە باسمان لە کارەکانمان دەکرد، ئەوانیش بەردەوام کاریان دەکرد، بەڵام من فرسەتی جووڵەو هاتوچۆم زیاتر بوو، بۆیە لە چەند هەوڵدانێکدا لە تاران توانیم چەند پێشانگەیەکی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندان ڕەمزی و ڕێبوار و ئەردەڵان و ئاکۆ ساز بکەم، بۆ ساڵیادی هەڵەبجە بە هاوکاری هونەرمەند کاک عەباسی ڤیدیۆ ساڵی ١٩٨٩ کارێکمان کرد کە زۆر دەنگی دایەوە، هەر بۆیە حکومەتی ئێران بڕیاری دا کە بۆمبابارانی هەڵەبجە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا گەورە بکات، بۆیە لەڕێی پێوەندییەکانی یەکێتی لە تاران داوایان کرد من بچم بۆ تاران تا هاوکارییان بکەین، لەوێ بڕیاری ئەوەیان دا هونەرمەندەکان سەفەر بکەن و کارە هونەرییەکانمان لە چەند وڵاتێکی ئەورووپادا نمایش بکرێت، لەوانە (بەریتانیا، فەرەنسا، سوید، ئیتاڵیا) دوای هەوڵدانێکی زۆر هونەرمەندان (ڕەمزی قوتبەدین، ڕێبوار سەعید) فیزەیان وەرگرت و پیشانگەیەکی هاوبەشیان لە پاریس بۆ کردینەوە، بەڵام کارەکانمان ژمارەیەکی زۆریان لێ چاپکرا، لە پشتی کارەکانیش باسی بۆمبابارانکردنی هەڵەبجە بە ئینگلیزی تێدابوو بە ئیمزای هونەرمەندەکەوە و داوای پشتیوانی بۆ هەڵەبجە کرابوو کە بە هەموو دنیادا بڵاوبووەوە، بە دڵنیاییەوە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو بۆ ئێمە، چونکە خەباتی چەکداری نەمابوو، هەموو خەڵک بێ هیوا بوو، پشتیوانی زۆر کەم بوو، تەنیا هونەر دەیتوانی کاربکات،



سەرکردایەتی (ی.ن.ک) زۆر هاوکاری و پشتیوانییان لێ دەکردین، تیپی مۆسیقای شەهید کارزانیش چەند بەرهەمێکی زۆر گەورەیان پێشکەش کرد کە لەوکاتەدا ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبوو، هەروەها ئەو بەدەنگەوەهاتن و ناو بیستنەوەیە گروتینێکی زۆری پێ داین، دەرکەوت کە هونەر چ ڕۆڵێکی زیندوو لە گەیاندنی ئەو کارەساتە جەرگبڕانەدا دەبینێ، ئەگەر هونەرمەند تاقیکردنەوەی هێمنانە و بیری مرۆڤانەی زیندوو سەروەری کارەکانی بێت، هونەرەکە دەبێتە زمانێکی زیندوو و تۆکمە و گوزارش لە ناخی میللەت و گێڕەرەوەی کارەساتەکان دەبێت.

* تا چەند لەو بڕوایەدایت هۆکاری نەبوونی ئەرشیڤێکی هونەری کوردی بۆ نەبوونی ڕەخنەگری شێوەکاری دەگەڕێتەوە، یان دەتوانین بڵێین ئێمە خاوەنی هونەرێکین کە ناوی هونەری شێوەکاری کوردییە؟

– بەڕای من هێشتا خاوەنی هونەرێکی کوردی نین، کە ناوی هونەری شێوەکاری کوردی بێت، لەبەر زۆر هۆ کە ڕەنگە دانەیەکیان هەمیشە بگێڕینەوە بۆ ئەوەی بە درێژایی مێژوو خاوەنی قەوارەیەک نەبووین، ئێمە تێکەڵ بە مێژووی میللەتانی دەوروبەر بووین ڕەنگە ئەمە وابێ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە مێژووی هونەری شێوەکاری لەناو میللەتانی دەوروپشتماندا بناغەیەکی تۆکمەی شێوەکاری نییە بەو شێوەیەی کە لە ئەورووپادا هەیە، لە پێش سەدەی ڕێنسانسەوە تا بە ئەمڕۆش دەگات هونەری ئیسلامی کە بناغەیەکی تۆکمەی هەیە لە تورکی و ئێران و هەندێ وڵاتی ئیسلامیدا بەشێوەیەک کاریگەری نەبووە دیاربێت، ئەو کاریگەرییە ئەگەر بەسەر ئەدەبەوە دیاربێت ئەوە بەسەر هونەری شێوەکارییەوە هەر نییە، ئێستاش کە دڵنیام هونەرمەندی باشمان هەیە و هەوڵدانی دڵسۆزانەش هەیە، بەڵام بەداخەوە نەبوونی ڕەخنەگری بەتواناو تایبەتمەند هۆیەکی گەورەیە لە ونبوونی زۆر هونەری باش و ڕاستەقینە، زۆرجاریش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هونەری نەزۆک، دەرخستنی هونەری ناتەندروست، ڕۆڵی ڕەخنەگری ڕاستەقینە دیارە، کە من پێم وایە لە دوای ئەم چەند ساڵ ئازادییە بۆ ئێستامان زۆر لە دواوەین، بەداخەوە سستمی دەوڵەتیش بە شێوەیەکی ستراتیژی ناڕوانێتە ناو ئەو بارودۆخە و لە دواخستنی ئەو بەرپرسیارێتییە هاوکارە.

* بوونی هونەرمەندانی کورد لە دەرەوەی کوردستان چەند توانیویانە تواناکانی هونەرمەندانی کورد بە چاوی ئەورووپایی بناسێنن؟

– لە ڕاستیدا هونەرمەندانی کوردی زۆر باش لە دەرەوەی وڵاتدا هەن، بەڵام تا چەند توانیویانە گوزارشت بکەن، ڕەنگە ئەوە هەڵسەنگاندنی ئاسان نەبێت، یان من نەتوانم ئەم هەڵسەنگاندنە بکەم، چونکە نەبوونی هونەرێکی ڕەسەنی کوردی لەم بوارەدا و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند کە سەرمایەکەی چەندین سەدەیە لە هونەر، بە ئاسانی کاریگەری خۆی بکات و مۆرکی خۆی پێوە دەرخات، بەڵام ئەمە کێشە نییە، ئەگەر هونەرمەند بتوانێت تاقیکردنەوەی بەردەوام بێ و هەوڵی بە پەلەی پێوە دیار نەبێت بۆ گەیاندن و گوزارشکردن لە ناخی خۆی، کە هەر لە ڕێی خۆشییەوە دەتوانێت گوزارش لە فەرهەنگی میللەتەکەی بکات، ئەمەیان گرنگە چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ ئێمە هەموو یاسا و ڕێساکانی هونەرمان لەڕێی خۆرهەڵاتەوە وەرگرتووە، ئەوان خاوەنی ئەو پسپۆڕییەن هەتا بە بەراورد لەگەڵ زۆر لە میللەتانی تریش، کە خاوەنی دەوڵەتن لە زۆر کۆنەوە، کە ئەمیش

هۆکاری خۆی هەیە، ڕەنگە ئێرە جێی ئەوە نەبێت ئێستا زۆر لەسەر ئەو باسە بڕۆین.

* زۆر لە هونەرمەندان لە جیهاندا هەوڵیان داوە ئەو کارەساتانەی کە بەسەر نەتەوەکەیاندا هاتووە لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە کارەساتەکە بە جیهان بناسێنن، تۆش کارەساتی (ئەنفال)ت هەڵبژاردووە و کردووتە بەکاری هونەری، بیرۆکەی ئەوەی ئەنفال بکەیتە پرۆژەیەکی هونەری بە چ هزرێکەوە کارت لەسەرکردووە تاکو بیکەیتە کاری هونەری و بڕوانامەی ماستەر و ئێستاش بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر بەدەست بهێنیت؟

– ئەوە بابەتێکی گرنگە و زۆر قسەکردن هەڵدەگرێت، ئەم جۆرە گفتوگۆو لێکۆڵینەوانە کەمن، ئەمە بەڕاستی گێڕانەوەی ویژدانی ئینسانییە کە لەسەرەتای دروستبوونی ئینسانەوە پەنای بردووەتە بەر هونەر، ئەگەر ناویشی نەنرابێت هونەر، شێوەیەک بووە لە شێوەکانی دەربڕین، کە لە ڕێگەی هونەرەوە ئازارو موعاناتەکانی خۆیان لەسەر دیوارەکان بنووسنەوە، لەبەرئەوە ئەو نووسینانە، ئەو هێمایانە، یان ئەو پەیکەر و وێنانەی لەسەر دیوارەکان نەخشێنراون زۆر ڕاستەوخۆ گێڕانەوەی ئەو کارەساتانە بووە، دوای ئەوە چەندین قوتابخانەی لێوە دروست بووە، قسەکەی ئێمە ئەوەیە کە چۆن بتوانین لە ڕێگای هونەرەوە کارەساتەکان بگێڕینەوە وەکو ئەوەی کە لە هەموو جیهاندا هەیە، هەموو جارێک کارێکی شاکار بووە بەمایەی گێڕانەوە ڕەمزی ڕووداوێکی گەورە، ئەمە زۆر گرنگە، پێویستە بڵێین ئێمە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ ئەمە قسە هەڵدەگرێت، بە دڵنیاییەوە لەسەردەمی نوێشدا جۆرنیکای پیکاسۆ، پیکاسۆ خۆی لەوێ نەبووە، لەکاتی بۆردومان کردنی گوندی جۆڕنیکا پیکاسۆ لەیەکێک لە ڕۆژنامەکاندا دەیخوێنێتەوە کە ڕووداوێکی لەوجۆرە ڕوویداوە، ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەجێدەهێڵێ و ئەنجام دەبێتە خولیایەکی سەری و وای لێدەکات بچێتەوە بۆ گوندی جۆڕنیکا و گوندەکە ببینێت، ڕاستە ڕووداوەکەی نەبینیوە، بەڵام دەچێت بەناویدا دەگەڕێت، ئەمە جگە لەوەی لەسەدەی هەژدەیەمدا گۆیا جگە لەوەی لەناو کارەساتەکاندا ژیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە کەڕ دەبێت، دەچێت بۆ ئەو شوێنانەی کە خەڵکی ئەشکەنجەیان تێدا بینیوە و کۆمەڵکوژ کراون، کە ئەمەش لە گوندی سەرەگۆزە ئەو کۆمەڵکوژییە کراوە و بەشێوەیەکی نامرۆڤانە سەدان خەڵکی تێدا کوژراوە، لەم جۆرە چیرۆکانە لە جیهاندا زۆرن، بۆ کەسێکی وەکو من ئەنفال کاریگەری زۆر گەورەی لەسەرم هەبردووە، وەکو نەبوونی جیهانێکی نەتەوایەتی کە ئێمە لەژێر دەستی ڕژێمێکدا بووین و چواردەورمان گیراوە و ناتوانین باس لە ئازارەکانی ناخی خۆمان بکەین، بۆ کەسێکی وەکو من کە بە چاوی خۆم نسکۆی (١٩٧٥)م بینیوە، ئەو کارەساتەم بینیوە، کەسوکار و خەڵکانی دەوروپشتم دەبینی کە بە چ نائومێدی و بێ دەسەڵاتییەکەوە دەهاتن چەکەکانیان دادەنا، خەڵک چەندە لەو ژیانە نائومێدبوون، دەوروپشت لە بەرژەوەندی نەبوو، مێژوو لەبەرژەوەندی نەبوو، ئایین لەبەرژەوەندی نەبوو، ئەمە لە ناخمدا ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، کە هەموو کاتێک کارەکانم دەربڕینی ئازار و مەینەتی میللەتەکەم بووە، بۆ سەلماندنی خۆمان وەکو نەتەوەیەک، بەپێی مێژووی خۆشم لە دوای ئەوەی بوومە پێشمەرگەو تۆپباران و کیمیاباران و خەڵک گرتنم بە چاوی خۆم بینی، ئەوانە کاریگەری زۆر قووڵی لە ناخمدا بەجێهێشتووە، لەم ڕووەوە ئێمە کامێرامان پێ نەبووە تاکو وێنەی ئەو کارەساتانە تۆمار بکەین، ئەگەر هەندێ سکێچیشمان کردبێت، پاسداران لێیان وەردەگرتین، ئێمە چۆن دەتوانین ئەوە جارێکی تر ئەوە بگێڕینەوە، من ئەوانەم بە چاوی خۆم دی، ئێستاش هەر کارێک دەکەم ئەگەر لەو کارە ڕازی بم، ئەوە هەست دەکەم دەرمانێکی هێورکردنەوەم خواردووە، جگە لەوەی داهێنانێک دەکەم، و کۆمەڵێک ئیشی تایبەتی خۆم، تێیدا ئەنجام دەدەم، ئارامییەکیشم پێ دەدات، ئەمە خۆی لە خۆیدا گێڕانەوە و دەرکردنی ئەو کارەساتەیە لە مێشک، بیرەوەری زیندوو دەکاتەوە، چەندیش تۆ کارێکی هونەری لە بابەتێکدا دەکەیت، ئەوەندەی تر بیرەوەریت لەلا زیندوو دەکاتەوە کە بەبێ ئەوەی بتوانیت باسی بکەیت دەتهەژێنێت، تا وات لێ دەکات ئیش لە دوای ئیش بەردەوام بیت، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە کەسێک ئەو کارەساتەی نەبینیبێت، یان زۆر جار بیرەوەری هاوڕێکانم دەبن بە بەشێک لە خۆراکی کارەکانی من، بۆ هونەرمەندێک دەبێت چی بکات ئەگەر نەتوانێت ئەو کارەساتە بە زمانێکی تر بگێڕێتەوە، گرنگە بۆ کەسێکی وەکو من لەم کاتانەدا کە پرۆژەی ئەنفال بووە بەتێزی دکتۆراکەم، لە دوای ماستەرەکەم، من



ئەو کەسە، ئەنفالکراوانە لە چەند ڕوویەکەوە دەبینم، ناچم گوێم لە گریانیان بێت، بۆ من بەسە لە چرچی دەموچاویاندا ئەو ئازارانە بخوێنمەوە کە بۆم باس دەکات، ئەو دەستە لەرزیوەی کە باسی دەکات و ناتوانێت دەم بکاتەوە و ناوی منداڵەکانی بهێنێت، باسی ژنێکیان بۆ کردم لە گەرمیان کە خاوەنی حەوت منداڵی ئەنفالە هەموو ئێوارەیەک جێگا بۆ منداڵەکانی دادەخات، چاوەڕێ دەکات بگەڕێنەوە.

* لە ڕووی تەکنیک، یان لە ڕووی بەکارهێنانی جۆری ماتریاڵەوە، تۆ لەو بڕوایەدایت ئەوە کاریگەری لەسەر چۆنێتی دەربڕین لە کارەساتێکی وەکو ئەنفال هەبێت، یان کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە؟

– بە دڵنیایی زۆر گرنگە بتوانیت بەدوای باشترین هۆکاردا بگەڕێیت، بۆ ئەوەی بتوانیت ئەو شتەی کە بە قسەو بە دەربڕینەکە پێت دەگات تۆ بە زمانێکی سادە بیگەیەنیت، زۆرجار ئەو کارەساتەی کە ئێمە دەیبینین، یان کە کەسێک باسی لێوە دەکرێت، یان خەڵک لەوانەیە نەتوانێت سەیری بکات، بەڵام تۆ بەشێوازێکی هونەری ئەو ڕووداوە نیشان دەدەیتەوە و خەڵکی بۆ بینینی بانگ دەکەیت، هەروەها دەکرێت بە زۆر شێوەش بێت، من هێڵکاریم زۆر پێ خۆشە، مەرج نییە هێڵیش تەنیا بە قەڵەم بێت، دەکرێت بە ڕووناکی بێت، دەکرێت بەدەنگ بێت، دەکرێت بە نمایشێکی شانۆیی ئەو ڕووداوە بگێڕینەوە.

* تۆ لەو هێڵکارییانەی کە بۆ ئەنفالت کێشاوە ڕەنگت بەکارنەهێناوە، ئایا ئاسانە کە ڕەنگت بەکارنەهێناوە؟ یان چەندە ئەستەم بووە کە بەکارت نەهێناوە؟

– بۆ من ئەستەم نەبووە کە بەکاری بهێنم، چونکە لە ڕوحمەوە نزیکە، لە کاتێکدا بەکارهێنانی ڕەنگ وەک تەنیا هۆکارێک بۆ ئیشەکانت چەند قۆناغێکی دەوێ، کە بووە چەندە قۆناغێک بەلای منەوە هەندێ هەستی هونەری هەیە تێیاندا دەمرێت، حەزدەکەم ئەو ئیشەی دەیکێشم سکێچی نەبێت، واتا سکێچەکە پەیڕەو نەکەم، ڕاستەوخۆ لەسەر موعاناتەکە ئیش بکەم، هێڵکاری یەکێکە لەو ئیشانەی کە هەرگیز ئەو قۆناغانە نابینێت، چیرۆکێک دەگێڕیتەوە، ئەو چیرۆکەی کە دایکێک منداڵەکەی لێ دەسێنن، یان لە دایکێک دەپرسن لەناو چوار منداڵەکەیدا دوانیان هەڵبژێرێت، کە دوانیان دەبەن و دوانیان بۆخۆی بەجێ دەهێڵن، چۆن مرۆڤ بتوانێت لە ساتێکی ئاوادا شت هەڵبژێرێت، هەربۆیە ئیشکردن لەو بوارەدا زۆرە، کە دەتوانیت ئیشی ڤیدیۆیی لەسەر بکەیت، یان ئیشی ئیشی ئەنەمەیشنی لەسەر بکەیت، یان ئیشی ئینسلەیشنی لەسەر بکەیت، گرنگ ئەوەیە تۆ خۆت لە کامەیاندا دەدۆزیتەوە کە باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی بیگەیەنیتە بینەر و کاریگەریش بێت.

* ئەو چەند کارەی کە بۆ یادی یەکەمین ساڵیادی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە کرا تۆ بە چەند ئیشێک بەشداریت کرد، ئەو ئیشانەش هێڵکاری بوون و کەمتر ڕەنگیان تێدابوو، بۆچی لەلای تۆ هێڵکاری بووەتە باشترین زمانی دەربڕین؟

– لە ساڵی ١٩٨٨دا ١٠ تابلۆی ڕەنگیم هەبوو، بەڵام

ئەگەر سەیری هێڵکارییەکان بەهەمان شێوەی زەیتییەکان بکەین، ئەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکەیت، تۆ شارەزاییت لە هونەر و قوتابخانە هونەرییەکاندا هەیە، ئەگەر سەیری بکەیت دەبینیت لە ڕەنگەکانیشدا کەسێتی و تایبەتمەندێتی هێڵی بەسەرەوەیە کە لەگەڵ ئەوانەی بەڕەنگ ئیشیان تێدا دەکەم جیاواز بێت، ئەوە بەشێکە لە ڕوحی دەربڕین کە هونەرمەند ڕەنگە بێ خواستی خۆی، یان لەلاشعوری ئینساندا ئەوە دروست دەبێت کە ئەوە ئەنجام بدەیت ڕەنگەکان دەستی دەکێشێتە ناویانەوە، هەموو ئەوانە کۆمەڵێک ئیشی تایبەتمەندییە لەو کاتانەدا بێ ئاگا پەیڕەوی دەکەیت، ئەمە لە قوتابخانەکانی تریشدا بوونی هەبووە، لەلای وەحشییەکاندا، لەلای تەعبیرییەکاندا، لەسەردەمی ١٩٤٥ تاکو ١٩٦٠ لە ئەورووپا زۆر باوی هەبووە، بەڵام من هەوڵم نەداوە لاسایی ئەوان بکەمەوە.

* لە دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر یەکێک لە هێڵکارییەکانت برایە مۆزەخانەی تەیت گەلەری شاری لەندەن، هەڵبژاردنی ئەو هێڵکارییە بۆ مۆزەخانەیەکی ئاوا ناودار چۆن بوو؟

– لە ڕێگای خوێندنی بڕوانامەی ماستەرەکەمەوە یەکێک لەو پرۆفیسۆرانەی کە بەڕێوەبەری دانیشگای زانکۆی چێلسییە کە سەر بە زانکۆکەی ئێمەیە، سەیری کارەکانی کردو پێی خۆش بوو لە پرۆژەی زیندووکردنەوەی هێڵکاری لە ماستەرەکاندا بەشداری بکەم کە لەسەر هێڵکاری تێرنەر بوو، بەڵام کاتێک بواری ئەوەی پێ بەخشیم کە ٢٥کاری ئۆرجینالی تێرنەری خستە بەردەستم ماوەی نیو سەعاتی پێ بەخشیم لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تردا کە ئیشێک هەڵبژێرم، کارێکم هەڵبژارد کە زۆر کاریگەری بەسەرمەوە بەجێهێشت، ئەوە کارێک بوو لە قۆپی قەراغ دەچوو، زۆر پێوەندی بەوەوە هەبوو، من چاوەڕێی ئەوەش نەبووم کە هەڵبژێردرێت، بەڵام بۆ من خۆش بوو کە پرۆژەکە پرۆژەی زیندووکردنەوەی هێڵکاری بوو لە ماستەر ئارتدا، ئیشکردن بۆ من لەوەدا شانازییەکی گەورەبوو کە دواتر ئیشەکەی من بە باشترین ئیش هەڵبژێردرا لەناو پرۆژەکەدا و بۆ ماوەی ٨ مانگە لە تەیت گەلەریدا دانراوە و ئێستاش ئۆنلاین لەسەر هێڵی ئینتەرنێتە و هەر هەیە، ئەمە گەڕانەوە بوو بۆ هێڵکاری بە هەموو واتا قووڵە فەلسەفییەکانییەوە کە هونەری هێڵکاری چەندە لە ناخی مرۆڤەوە نزیکە و چۆن مرۆڤ لە ڕێگای هێڵەوە دەتوانێت ئەو هەست و خۆشەویستییەی هەیەتی بۆ خاک دەربببڕێت، ئەوە دیمەنێکی سکۆتلەندە بوو، من بەقۆپی قەراغ وەرم گرت، هەستم دەکرد کە ئەوێیەو کارەکەم ئەو سەرکەوتنەشی بەدەستهێنا.

* ئێمە چۆن بتوانین هونەر بکەینە ئەلتەرناتیڤی ناساندن بۆ کارەساتەکان؟

– ئەوە پرسیارێکی ئاسانە، بەڵام کارکردنن لەسەری زۆر گرانە، زۆر گرنگە ئەوانەی ئەو کارە دەکەن پرۆفیشناڵ بن و بە ئاگابن لە کاری هونەری، نەک لە ڕووی سۆزەوە بێن ئەو کارە بکەن، ئەوانەش کە هەڵیاندەبژێرن هونەرمەندبن، ئەمە زۆر گرنگە، هونەر خۆی نوێنەری میللەتێکە لە ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەب و توانای تەکنیکی، کە تۆ ئەو کەسە هەڵدەبژێریت دەبێتە نوێنەر و ئەوکارە دەکات، بەڵام ئەو کەسە کە شیاوی ئەوە نییە تۆ بیخەیتە ئەو شوێنە، بەدڵنیاییەوە لاواز دەردەچێت و جێگەی خۆی ناگرێت، ئەو کارەی پیکاسۆ ئەنجامی داوە و لە هۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانراوە کارێکی گەورەیە، تابلۆی ئازادی دیلاکروا، ئەمانە شاکارن، مێژوویەک لەگەڵ ئەو کارە هونەرییەدا هەبووە، ئێستا ئەویش ئەوکارەساتە لە ناخیایەتی بۆیە دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام بە دڵنیایی گیانی نائومێدی و بێ هیوایی بە هونەرمەندانی زۆر باش دەدات کاتێک خەڵکی بێ تواناو لاواز دەخرێنە ناو پرۆژەیەکی لەو جۆرەوە تەنیا لەبەر ئەوەی لەبەرپرسێک یان دەسەڵاتەوە نزیکن، بەڵام لەم لاشەوە هیوای ئەوە دەخوازم کە خەڵکی شیاو هەڵبژێرن.

* ئەو هێڵکارییانەی کە بۆ ماستەرەکەت ئامادەت کردبوون هەمان ئەو هێڵکارییانە بۆ بڕوانامەی دکتۆراکە بەکاردەهێنیتەوە، یان کاری تری بۆ ئەنجام دەدەیت؟

– نەخێر ئەو کارانەی کە بۆ ماستەرەکە کێشاومن زۆر جیاوازن لەو کارانەی کە بۆ دکتۆراکەم دیاریم کردوون، کۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی دیدار ئەمانە بۆ ساڵی ئاینده دەبنە پرۆژەیەکی تەواوی هونەری، هەروەها ئەوانە وەردەگێڕم و جارێکی تر پێیاندا دەچمەوە و پیشانی ڕاوێژکارەکانمی دەدەمەوە، ئەوسا دەکەومە کاری هونەرییەوە، ئەمە کاری پەیکەرسازیش دەگرێتە خۆی کە

بڕیارە ١٥ پەیکەر بێت بە ئەندازەی ٢٠سم بەرزو ٨سم پانی، لەگەڵ فیلمێکی ئەنیمەیشن و فیلمێکی دیکۆمنتاری ٣٠ چرکەیی، بەڵام تا چەندە دەتوانم ئەمانە هەموویان ئەنجام بدەم، ئەوەیان نازانم، هەوڵ دەدەم لەوە زیاتریش ئەنجام بدەم، لەوانەش کۆمەڵێک ئیشی گرافیکی لەخۆ بگرێت.

* لە هێڵکارییەکاندا هەست دەکەم چەند شێوازێکی جیاوازی لەخۆگرتووە، بۆ نموونە هەندێکیان چەندە سادەن ئەوەندەش جوانن، هەندێکیان بەپێچەوانەوە هەست بە قەرەباڵغی دەکەیت، یان یەک شێوازە، بەڵام جیاوازە. ئایا ئەوانەت بەمەست داناوە، یان چۆن بووە؟

– پرۆسەی کارەکەم وایە، کاتێک من دەڵێم دەستم کردووە بە هێڵکاری، بەناوی ئەنفالەوە کارم کردووە، من ئەنفالم بە زیندوێتی بینیوە، لە گوندەکانیاندا نانم خواردووە و لەگەڵیاندا ژیاوم، من بە فیزیکی هێڵکارییەکانیانم بینیوە، ئێستا کە بیریان لێ دەکەمەوە تەنیا وەک خاڵێک، وەکو هێڵێک ماوە، تۆ چی ناوی لێ دەنێیت ناوی بنێ، بەڵام بۆ من پێوەندییەکە لە نێوان خاک و نیشتمان و زەوی و ئاسمان، خوا و سروشتدا دەبینم، کە ئەمانە لەو کاتەدا بوونیان نەبووە، میللەتێک بەناوی ئیسلام و دەسەڵات و عیلمانیەت کەوتنە جینۆسایدکردنی، ئەوانە بۆ من زۆر کات وەکو گرێیەک، وەکو کتێبێکی ڕەشی تاریک نیشان دەدات.

* کاتێک بیرۆکەیەکت لەلا گەڵاڵە دەبێت و دەتەوێت بەهێڵکاری دەری ببڕیت، چەندە بیر لە ئەندازە دەکەیتەوە؟ یان لاشعوری کارەکە دەکرێت و دوایی ئەندازەیەک وەردەگرێت؟

– هێڵکاری ئەو نزیکییەی لەمنەوە هەیبووە ئەوەبووە کە قەڵەمەکە و کاغەزەکە هەبێت و بتوانم هەستی خۆمی بخەمە سەر، ئیتر کە دەست دەکەم بە کارێک نازانم کۆتاییەکەی چۆن دەبێت، هەروەها ئەندازەکەشی بەکوێ دەگات، بەڵام چاو دەکەوێتە سەر تواناو ئەزموونی پێشووی من کە چۆن دەتوانم مامەڵە لەگەڵ داڕشتن و هەڵبژاردنی پانتایی و بۆشایی کاغەزەکاندا بکەم.


* تۆ کارت بە چەند ماتریاڵێکی جیاواز کردووە، زۆرترین ماتریاڵی بەکارهاتوو چین کە تۆ بەکارت هێناون؟

– زۆربەی قەڵەمی ڕەشە، هەروەها ئیشم بە گرافیک کردووە، کە زینگە هەر قەڵەمی ڕەشە، لە (B1) تاکو بی (B8)م بەکارهێناوە و هەمووشیانم خۆش دەوێت و کارکردن لەگەڵ تۆنات و قەڵەم، خۆی لە خۆیدا نزیک بوونەوە و خۆشەویستی دروست دەکات، هەندێ قەڵەم هەیە نزیکترە لە قەڵەمێکی تر.

* بەڕای تۆ بنەمای هێڵکاری چییە، یان بنەماکە چییە کە تۆ پەیڕەوت نەکردبێت و لە بنەماکەدا هەبێت؟

– بە دڵنیاییەوە لە هەموو شتێکدا کەموکوڕی هەیە، من بەردەوام لە هەوڵی خۆمدام کە هەموو نهێنی و پێچ و پەناکانی بدۆزمەوە، هەمیشە کە شتێک دەکەیت هەست دەکەیت پێویستە شتێکی تریش دوای ئەوە بکەیت، گرنگ ئەوەیە هونەرمەند بزانێت لە کوێدا دەبێت بوەستێت، یان لە دوای ئەوەشەوە شتی تریش هەیە، چونکە هەرگیز تەواو نابێت، بنەماکانی هێڵکاری بەلای منەوە ئەوەیە لە هونەری هێڵکاریدا گرنگە بزانیت کە چۆن بتوانیت خزمەتی هێڵەکەو پانتاییەکە بکەیت، چۆن بتوانیت داڕشتنەکەی تێدا ئەنجام بدەیت، چۆن دەتوانیت سوود لەو تۆناتانە وەربگریت تاکو بتوانیت ئیبرازی ئەوە بکەیت کە دەتەوێت، چۆن دەتوانیت سوود لەو پانتاییە ببینیت کە هێڵێکی سادەی تەنیایە، لە کوێدا جوانە، هەندێ هێڵ هەن زۆر جوانن، بەڵام لەوانەیە لە شوێنێکی ناشریندا نەگونجێن.

**هونەرمەند عوسمان قادر ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، ساڵی (١٩٨٠- ١٩٨٥) پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی کرووەتەوە، تا ئەمڕۆ خاوەنی (٩) پیشانگەی تایبەتە لە (سلێمانی، لەندەن، فەرەنسا) و بەشداری چەندین پیشانگەی هاوبەشی کردووە لە (سلێمانی، هەولێر، ئیتالیا، سووریا، فەرەنسا، تاران، سەقز، تەورێز، شنۆ، کەنەدا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئێران، فەرەنسا) و پێنج سیمیناری تایبەت بە هونەری سازداوە لە بەریتانیا و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە و ئێستا کار بۆ خوێندنی دکتۆرا دەکات لە هونەردا.**



## ڕەووف مەحموودپوور:
## زوانی هەورامی بۆ شیعری نوێ لە سۆرانی نەرمتر و دەستەمۆترە ئەگەر کاری لەسەر بکرێ، دەبێ دەقەکانیش ڕچەشکێن بن و خوێنەر بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن

دوابەدوای گۆڕانکاری ئەدەبی- ڕۆشنبیرییەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی کۆچی- هەتاویەوە سەریان هەڵدا، لە پانتایی ئەدەبی هاوچەرخدا بە هەوڵێکی ماندوو نەناسانەوە چەند هەناسەی تازە لە شیعری ئاوانگارد و هاوچەرخانەدا سەریان هەڵدا.

ڕەووف مەحموود پوور یەک لەو کەسانە بوو کە لەو بوارەدا و بەتایبەت لە بواری شیعری هاوچەرخی هەورامیدا، شیعری مودێرنی خستە ڕۆژەڤی ئەدەبی کوردییەوە. بە خولڤاندنی چەپکێ بەرهەمی نوێ، ڕەوتێکی جیاوازی لە شیعری هەورامیدا دەست پێکردو بوو بەهۆی خزمەت بەو ڕەهەندە. بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە ئەو ڕەوتە پاش مەولەوی دووچاری شڵەژان هاتبوو. «زەڕنەو ئاسۆی» و «هورپڕای گەچ و تەختەی» لەو دەفتەرە شیعرانەی ناوبراون کە خراونەتە بەردەستی خوێنەر و چەپکێ ڕەخنە و باس و بابەتیان بە شوێن خۆیاندا هێناوە. ئەمەش وێڕای ئەو وتار و بەرهەمانەی دیکەی ناوبراون کە شان بەشانی شیعر، لە بواری ئەدەبی، کولتووری و کۆمەڵایەتیدا کەوتوونەتە بەردەستی خوێنەر. با لە زاری خۆیانەوە زیاتر لەگەڵ هەوڵەکانی ئاشنا ببین.

**هەڤپەیڤین: عادڵ محەمەد پوور**
**(مەریوان)**

*** ئەگـــەر پێت خـــۆش بێ باسی هەندێ لە «ئەتو بیۆگرافی» چالاکییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانت بکەین؛ لە کـەیەوە و چۆن دەسـتت بە شـیـعـر نووسین کردووە؟**

- سڵاوم هەیە بۆ ستاڤی گۆڤارە بە پێزەکەی ڕامان کە بووەتە یەک لە سەرچاوە بەرچاوەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

چالاکییە فەرهەنگییەکانم بۆ سەردەمی دەبیرستان دەگەڕێنەوە. هەر لەو سـەردەمـەوە کـەڵکەڵەی ئەدەب و کـولتـوور مـێـشکی دەهەژاندم. جاروبار دەسـتم دەدایە نووسـینی وتارێک، یان شـیـعـرێکم بۆ دەهات. ئەو دەم بەهۆی شـەڕی نێوان (ئێـراق - ئێـران) شاری مـەریوان و زۆربەی گـوندەکـانی دەوروبەر چۆڵ و خەڵکەکـانی ئاوارە بوون. ئەو کـەسـانەش کـە هۆگـری ئەدەب و ڕۆشنبـیـریی بوون پەرتەوازە بوون. ئێـمـە کە چەند کـەسێـک بووین و یەکترمان دەناسی جاروبار لە گوندەکان دەبووینە میوانی یەکـتـر و شـەوانە لە دۆخـێکی تایبـەتدا بەرهەمـەکـانمان دەخوێندەوە و باسمان لەسەر بابەتە ئەدەبی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکرد. بەتایبەت لە گوندەکانی (نێ، قەڵاجێ، سەوڵئاوا و دەربەن دزڵی کە ئێمە وەک ئاوارە خـڕبووینە ئەو دەربەنە و پەنامـان گـرتبـوو). ئەو دەم چاپەمەنی کوردی دەرنەدەچوو. تەنیا گۆڤاری سروە بوو کـە ئەویش بەهۆی دۆخی تایبـەتەوە زۆر کـەم بەدەسـتی ئێمە دەگەیشت. دواتر کە شەڕ تەواو بوو، کەسانێکی زیاتر کـــۆبووینەوە و پاش هەوڵێکی زۆر توانیــــمـــان مۆڵەتنامە بۆ ئەنجوومەن وەربگرین و ئەنجوومەنی ئەدەبی مەریوان دامەزرێنین، کە ئێوەش یەک لەو کەسانە بوون و ئاگادارن کـە بیـرەوەری لەو پێـوەندەدا زۆرە کـە پێم وایە دەرفـەت نەبێت یەک لە دەستـەی دامـەزرێنەر و ئەندامی چالاکی ئەنجـوومەنی ئەدەبی بووم. هاوکـاری ئێوە بووم و لە ڕێخستنی گۆڤارە خنجیلەکەی زرێبارو بۆ ماوەیەکیش لەگەڵ دۆستان، وەک دەستەی نووسەران لەگەڵتان بووم کە بە باوەڕی من، گـۆڤاری زرێبار خـولێکی نوێ بوو لە ڕۆژنامـــەگـــەری کـــوردی لە ڕۆژهەڵاتدا، وەک لە وتارێکیـــشـــدا باسم لێکردووە. هاوکـــاریمان لەگـــەڵ چاپەمەنییەکانی ڕۆژهەڵات خۆبەخشانە و بەبێ بەرانبەر بووە.

## سەرەتاکانی شیعری کوردی بۆ بەر لە سەرەتاکانی شیعری فارسی دەگەڕێنەوە

بەرهەمەکانیشم لە زۆر چاپەمەنیدا بڵاوبوونەتەوە. بۆ وێنە لـە ئاویـەر، زرێبـار، سـروە، ئاسـۆ، سـیـروان، تیـشک، کـاروان و بەتایبـەت ڕامـانی خـــۆشـــەویست. چوار بەرهەمم وەک کـتـێب چاپ و بڵاو بوونەتەوە. زەڕنەو ئاسۆی، هۆرپڕای گـەچ و تەختـەی، کاڵـەبەی، خێزگـەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب. هەندێ بەرهەمیشم ئامادەی چاپن.

لە بابەت شیـعـرەوە من بەشێـوەی جیـددی لەسـەرەتای شـەسـتـەکـانی کـۆچی هەتاوییـەوە دەستم دایە شـیـعـر. هەڵبەت ئەزموونی سەردەمی پێشـووتریشم هەبوو کە وازم لێ هێنان. شیعرم دای دەگرتم. زۆری بۆ دەهێنام. منیش بێ سیـفـەت نەبووم، هەوڵم داوە لە بواری تیـۆرییەوە خۆم ماندوو بکەم و بجووڵێمەوە و ئەزموونێک بم لە شیعری کوردی لقی گۆراندا، چونکە بەرهەمەکانی نالی و مەحوی و گـۆران و دواتر بەرهەمـەکانی ڕوانگە و کفری و هەولێر و لەم دواییـانەشدا داکـار... هەستم بەوە کـرد ئەدەب لە لقی گۆراندا پاش مـەولەوی بێ بەرهەمـە و ڕەوتەکە وەک لقە سۆرانییـەکەی بەردەوام نییـە. کە ئەوجـاخی جیـهـان ئاراو مـەولـەوی و بێـسـارانی و سـەیدی و فـەقێ قـادر و ڕەنجووری و... خەریکە ببێتە بەشێک لە مێژوو. هەستم کرد دەکرێ ئەو زاراوەیەش نوێ بکرێتەوە. ئەوەمان لەگەڵ دۆسـتـان بەتایبـەت جـەنابتـان و کـاک جەلیل عـەباسی بە جـاران باس دەکـرد. خـۆت دەزانی سـەرەتاکـانی شـیـعـری کوردی بۆ بەر لەسـەرەتاکانی شیعری فارسی دەگەڕێتەوە. ئەو ڕەوتـەش بە زاراوەی گـــۆرانەوەیە و ئەو زاراوەیە بۆ سـەدان سـاڵ، خـاوەن ڕەوت بووگـە و خـزمـەتی زۆری بە ئەدەب و ڕۆشـنبـیـری کـوردی کـردووە. خـاوەن زۆر دەقی بەرچاو و خـــاوەن بەهرەیە. بەداخـــەوە زۆر لە توێژەرانی کـــورد، بەســـەردەمی بابا تاهیــر قـــەناعـــەت دەکـــەن و بەولاترەوە نارۆن، یان نایبینن.

ئەوەبوو پاش ئەزمـــوونکاری زۆر و بڵاوکـــردنەوەی بەرهەمەکان لە چاپەمەنییەکاندا، «زەڕنەو ئاسۆی» کەوتە بازاڕ. وەک یەکەم کـتـێبی شیـعری نوێ لە هەورامیـدا. ئەڵبـــەت «زەڕنەو ئاســـۆی» نەک هەر لە ئاست زمـــانی بێسـارانی و مەولەوی، بەڵکو لە ئاست شیـعـری نوێ و سـەردەمی کـوردی لقی سـۆرانیش، خـودان تایبـەتی خـۆی

بوو، چونکە من وەک وتم ڕەوتی شـیـعـری سـۆرانیم بەوردی خوێندووەتەوە. ئاگاداری زمانی نالی و مەحوی و گۆران و شاعیرانی ڕوانگە و کفری و هەولێر بووم. لە ڕۆژهەڵاتیش بەرهەمەکانی هێمن و هەژار و سوارە و سوزەنی و دۆستانی... دەناسی. لە ڕەوتی شیعری فارسیش تا ڕادەیەک ئاگادار بووم، زیاد لەوەش لە زاراوەی گۆرانیشدا خۆم ماندوو کردبوو. هەر لە هورمزگانەوە تا بێسارانی و مەولەویم خوێندبووەوە. تەنانەت ئاگاداری بەرهەمەکانی یارسییەکان بووم و سەرجەمیانم دەناسی. لە زمان و کولتوورەکەش تێگەیشتبووم. بۆ کەوتنە سەر ڕەوتی خۆم ئەزموونکاری زۆرم دەکرد، چونکە وەک وتم لەو زاراوەیەدا پاش مەولەوی ئیدی کتێبێک نییە کە خاوەن جیاوازی بێت و توانیبێتی لە بێسارانی و سەیدی و مەولەوی بترازێت. ئەوە بوو بە هاتنە بازاڕی (زەڕنەو ئاسۆی) بوو بە هومێد بۆ لاوەکان و دواتر «هورپڕای گەچ و تەختەی» ڕەوتەکەی پتەوتر کرد. ئاگادارن کە (هورپڕای گەچ و تەختەی) وەک یەک لە چوار بەرهەمە هەڵبژاردەکەی فیستیڤاڵی کتێبی دەیەی شیعری کوردی ڕۆژهەڵات هاتە هەڵبژاردن. ئەوەش پێم وایە ساڵی ١٣٨٣ کۆچی هەتاوی بەڕێوە چوو. زۆر ڕەخنەش لەسەر ئەو دوو کتێبە نووسراون، وتەو باسی زۆریان لێکەوتەوە. ڕەخنەکان ئەوانەی بە دەستی من گەیشتوون و لێیان ئاگادارم، لەلایەن جەنابتانەوە، برایان نامیق هەورامی، کەیهان عەزیزی، فەرشید شەریفی، فەرزاد میر ئەحمەدی، کامل سەفەریان و... نووسراون و بڵاوبوونەتەوە. بەهەورامی و سۆرانی و فارسی.

ڕەوتەکەش بەردەوامە و بەشێکی تر لە شیعرەکان ئامادەن تاوەک دەفتەری سێیەم بکەونە بەردەست هۆگران. زۆر وتاریشم لە بابەتی کولتووری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، لە چاپەمەنییەکاندا هاتوونەتە ڤەشان، یان لە کۆنگرە و فیستیڤاڵەکاندا پێشکەش کراون.

* ڕەنگە ئەمە پرسیارێکی کۆن و سواو بێتە بەرچاو، بەڵام دەمەوێ ڕای ئێوە بزانم: شیعر کەڵکی چییە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە، لەوا کە دنیا ناسراوە بە دنیای مەجازی و تەقینەوەی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی و چیتر دیاردە پێوەندییەکان...

– شیعر بەرهەمی هزر و هەستی مرۆڤە. زانایەک دەڵێت: شیعر ناتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ، بەڵام لە دەروونی مرۆڤەکاندا ئاڵوگۆڕێک پێک دەهێنێ. هەروەها ئاندرێ ژید دەڵێت:

ئیمپراتۆرانی ڕووسیا بەزەبری هێز، تەنیا توانیان خاکی وڵاتی ڕووسیا بپارێزن، بەڵام دوستۆیڤسکی، توانی دڵی خەڵکانی ئەو وڵاتە پێکەوە ببەستێتەوە. یان شاعیری گەورەی ئێرانی «فیردەوسی» ڕاشکاوانە دەڵێت:

**بسی رنج بردم بدین سال سی**
**عجم زنده کردم بدین پارسی**

واتە لەو سی ساڵەی تەمەنمدا هەوڵی زۆرم دا و کۆششی زۆرم کرد تا توانیم کولتووری پارسی زیندوو بکەمەوە. ئاخۆ هێزی ئەرکەکەی فیردەوسی قورسترە، یان کورۆش و داریوش و ڕەزاشا و... کە تەنیا پشتیان بە هێزی داپڵۆسێنەر بەستووە. باشە هێزو دەسەڵاتی فیردەوسی کامەیە؟! دیارە (وشەو شیعر)ە.

بە باوەڕی من شیعر و ئەدەب کاکڵەو ڕوحی مرۆڤن کە بە داخەوە دەبینین لە باشوور لە لایەن ڕایەڵەکانەوە نرخی ئەوتۆی نییە. شیعر دنیاکان دەگۆڕێ، حەزەکان دەخەملێنێ، سەرەڕای ئەوەش شیعر تاموچێژی تایبەت بە مرۆڤ و بە ژیان دەدات. کەواتە شیعر خودان پێگەی خۆبەسی و پێویستە نرخ و بایەخی بپارێزرێت و لێگەڕێین لە قازانج و خەسارەکانی کە دەبێ پۆلێن بکرێن و بێنە شرۆڤە.

* دەباشە شیعر بە ئاوا نیازگەلێکەوە هەبوونی حاشا هەڵنەگرە؛ «ئێستا پێناسەی شیعر» زۆر مەبەستە، بە کامە دەڵێن شیعر وچ پێوەرگەلێک هەیە بۆ هەڵاواردنی لە ناشیعر و شاعیری باشیش بەکام پێودانگی زوانی–هونەری پێوانە دەکرێ؟

– شیعر زمانە. هەستە و خەیاڵ. شیعر ژیانە و ژیانەوە. شیعر هورزانەوەیە لە وشەکاندا و هورزانەوەی وشەکانە لە ژیان و لە دەقەکاندا. بە باوەڕی من دەبێ ڕەخنەگری کورد ڕاشکاوانە شیعر لە ناشیعر هەڵاوێرێ. دەبێ پێوەرەکان دەسنیشان بکرێن. هەڵبەت پێوەرەکان نەتاقانەو نەنەگۆڕن. دەبێ ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین. من قەناعەتم بە ئەزموونکارییە لە شیعردا.

شیعر دەنگدانەوەی ئەزموونی شاعیرانەی شاعیرە. شاعیرێک کە بەس بە ئیلهام و ئیستعداد قەناعەت نەکات، (٢) بەڵکو مێشک و زەینی پەروەردە کراوە،

ئاگاداری ئەزموونە مێژووییەکانە، لە کولتووری خۆی ڕۆچووگەو خوێندنەوەی بەرفراوانە.

* حەز دەکەم وردتر بڕۆینە سەر شیعری کوردی؛

سەر هەڵدانی چرۆی شیعری کوردی، بەدەست نیشان کردنی دۆکیومێنت و تێکست وەک بنەمای شیعری کوردی ئەگەر هەمانە، چەندە جێگای باوەڕن لە بواری دەقناسییەوە چ تایبەتمەندی گەلێکیان هەیە؟

– زۆر کەس سەرەتاکانی شیعری کوردی بە گاتاکانەوە دەبەستێتەوە. من حاشا لەوە ناکەم، بەڵام پێم وایە گاتاکان میراتبەریان زۆرە. زۆر نەتەوە خۆی بە میراتبەریان دەزانێت و هەر کامەشیان بەڵگەو فاکتی خۆی دەهێنێتەوە. ئێمە دەبێ وێڕای گەڕانی بەردەوام، بۆ ئەو دەقانەش بگەڕێینەوە کە موڵکی خۆمانن. بۆ وێنە دەقی شیعری «هورمزگان». بەرهەمەکانی سەردەمی حەینەوییە، دەقەکانی یارسی و... بابا تاهیر بە چەند سەد ساڵ دوای هەندێ لەو دەقانە دێت. دەقی هورموزگان خودان زۆر تایبەتییە دەبێ وەک یەکەم دەقی شیعری کوردی بێتە شرۆڤە کردن. ئەڵبەت تا هەنووکە کە دەقی لەوە پێشترمان دەست نەکەوتووە. وەک ئاگادارن حەوتەنامەی سیروان پەنجەرەیەکی بەرووی ئەو شیعرەدا کردەوە و لە چەند ژمارەدا باسی لەسەر کرا کە حەتم خوێنەری چالاک ئاگاداریانە و پێویست بە دووپات کردنەوە ناکات.

**شیعر ناتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ، بەڵام لە دەروونی مرۆڤەکاندا ئاڵوگۆڕێک پێک دێنێ**

دەقەکانی جەنابت و منیش لەسەر ئەرێنی بوون و ڕاست هەبوونی ئەو دەقە، لەو پێوەندەدا و لە هەمان ڕەوتی سیرواندا بڵاوبوونەوە.

بە داخەوە تا هەنووکە پۆلێنکارییەکی پتەو و زانستی لەسەر ڕەوتی شیعری کوردی نەکراوە. زۆرتر هەوڵ دریاگە شیعری کوردی بەپێی پۆلێن بەندییەکانی «قوتابخانە ئەدەبییەکانی» ڕۆژئاوا بێتە کردار، بەڵام شیعری کوردی خاوەن تایبەتی خۆیەتی کە ڕەخنەگری کورد پێویستە لەبەر چاویان بگرێت.

* ڕۆڵی ژانری «شیعر» بە نیسبەت نەبوونی ژانرەکانی تر لە فراژوێ بوون و ڕسکانی باری ڕۆشنبیری گەلی کورد، ئاماژە بەدەقە کاریەخشەکان لە جووڵانەوەی هەستی نەتەوایەتی و فەرهەنگی و... شیعری کوردی بەو لێکدانەوەی کە کردت بۆ سەرهەڵدانەوەی؛ بازگەکانی چۆن پۆلێن بەندی دەکەیت، لە ڕووگەی مێژوویی- زوانەوانی و هەمیش لە ڕووگەی جوگرافیای سەرهەڵدان و تەشەنە کردنیان بە تەواوی تایبەتمەندییەکانیانەوە.. بەتایبەت تایبەتمەندییەکانی شێوازی سۆرانی و هەورامی... ئەمە پۆلێن بەندی تەشکی مێژوویی- زوانەوانی و جوگرافیایی بوو، ئەی لە بواری بابەتییەوە (موضوعی) پەیلوات کامەیە و چەشنی دابەشکردنیان بە نموونەی نقیسارییەوە (وەک دەق)... و بەراوردکاری ئەم دەقانە لەگەڵ فارسی و عەرەبیدا؛ تیشک خستنە سەردەقە مەوزووعییەکانی کوردی سۆرانی و هەورامی و جیاوازییەکانیان...

– شیعر بۆ ساڵانێکی درێژ ژانری نقیساری کورد بووە. زۆر بابەتی ڕۆشنبیریشی هرووژاندووەو تەنانەت بەگژ نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا چووەتەوە و تەکانی بە کۆمەڵگەی کوردی داوە. شیعری هورموزگان هاوارێکی کۆمەڵایەتییە. یارسانەکان بۆ عیبادەت و پڕۆپاگەندەی دینی شیعریان بەکار هێناوە. فەقێ قادری هەمەوەند ژانری شیعری کردووەتە زمانی ڕەخنە و هاوار و هاندان. پیرەمێرد و گۆران و قانیع و هێمن و دەیان دەنگی زاڵی تر تەنانەت جیهان ئاراش زۆر نەریتی داوەتە بەر نەشتەری ڕەخنە.

زۆر دەنگ لایان وایە کە بۆ نموونە شیعری هەورامی بەس شیعری دڵداری و وەسف و عیرفانە، بەڵام لە وتارێکدا کە لە دوو بەشدا بڵاوکرایەوە «ڕەهەندەکانی هزری نەتەوەیی لە ئەدەبی گۆراندا». باسم لەو هەوڵە ڕۆشنبیری و نەتەوەییانە کردووە کە لەو زاراوەیەشدا هاتوونەتە بزاف. دەتوانم بێژم شیعری کوردی دنیایەکی زۆر ڕەهەندییە وێڕای ئەدەب، زۆر بواری کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئایینیشی گرتووەتەوە.

* بەچاو کردن لە هەوێنی زمان و چییەتی توخمە زوانییەکان؛ ئاستی جوانیناسانەی شیعری کوردی و فارسی- بە هەڵاوردنی توخم و جەوهەر- چۆن لێک دەدرێتەوە؟ ئەو فاکتانەی کە شیعری کوردی بە تێکڕا لە فارسی جیادەکاتەوە هەم لە فۆرمدا و هەمیش لە ناوەڕۆکدا؟

– جەنابت زۆر شارەزای ئەدەب، بە تایبەت شیعری فارسیت. شیعری فارسی دنیایەکی زۆربەرفراوان و قووڵ و خاوەن زل دەنگی وەک حافیز و سەعدی و مەولانا و نیزامی و شاملوو. ئەو دنیایە سەرچاوەی سەرەکی خوێندنەوەی شاعیرانی ئەوسای کورد بووە. بە بێسارانی و مەولەوی و نالی و مەحویشەوە. ئەوەیە کە ئێمە جێ پەنجەی شیعری فارسی لە شیعری کوردیدا زۆر دەبینین. یان با بڵێیم لە ئەدەبی بەراوردکاریدا خاوەن زۆر نزیکایەتین، بەڵام جیاوازیشن. دنیای شاعیرەکان جیاواز بووگە. ئەزموونی شیعری کوردی فۆرمی کەمتری ئەزموون کردووە. بۆ وێنە با سەیری شێوازەکانی فێردەوسی– سەعدی– حافیز و بەهار بکەین. لە شیعری نوێشدا فرووغ– سپێهری– ساڵحی –شاملوو– رۆئیایی و... هەڵبەت لە کوردیشدا جیاوازییەکان بەرچاون، بەڵام نەک بەزەبەندی دنیا فارسییەکە. لە بواری شیعرایەتی و چۆنایەتییەوە بە لەبەرچاوگرتنی دەرفەتەکان، دەبێ بێژین کە شیعری کوردیش خاوەن بەها و پێگەی خۆیەتی و لە زۆر بواردا خاوەن برەوە.

* ئاستی نوێخوازی شیعری کوردی؛ (لە رۆژهەڵاتی کوردستان) سەرهەڵدان و پێش زەمینەکانی، دەنگەکان، دەقەکان، جووڵانەوەی تاکو ئێستا چۆن بەراوردکاری دەکەیت؟

– لە رۆژهەڵاتدا بارودۆخ بووەتە هۆی وەستاوی ئەدەبی. منداڵی کورد بە فارسی دەخوێنێ. دەرفەتیش بۆ پەروەردە بوونی شیعر زۆر کەم بووە. بە تایبەت لەسەردەمی پێش شۆرشی (١٣٥٧) هەتاوی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کەسانێک وەک هێمن و هەژار، یان مەلا هەسەنی دزڵی درەوشاوەن. سەوارە دەبێتە رچەشکێنی جددی بەرەو نوێخوازی. پاشتر تا رادەیەک دەرفەتەکان دەکرێنەوە، وێڕای بەردەوامی ترس و لەرزەکان، بەڵام زۆر دەنگ دێنە گۆ و زۆر دەق پێشکەش دەکرێن. بەسوود وەرگرتن لە کتێبخانەی دەوڵەمەندی فارسی، شاعیرانی جددی و ماندووی رۆژهەڵات دەکەونە تەقەللا و کۆشش. دەق دەخەنە بەردەست. لە نێو چینی هاوچەرخدا، شیعری ترومپای ساڵح سووزەنی دەرسکێ. پاشتر رەخنەگران هەر کامەو لەلایەن خۆیان تیشک دەخەنە سەر رەوتەکە. باسی شیعری شێت دەکرێت. شیعری جیاواز دەکەوێتە بەرباس. سووزەنی، یونس رەزایی، بێهزاد کوردستانی و دەقەکانی منیش وەک دەقی جیاواز دێنە پۆلێن کردن. لەسەر ئەو بابەتەش زۆر وتار و رەخنە بڵاو دەبنەوە و سیمینار بەرێوە دەچێت. جەنابیشت باسی نەغمە لە شیعری کوردیدا دەکەیت و هەر لە گاتاکانەوە شوناسی هەڵدەگری. نەغمەش دەکرێ وەک یەک لە توخمەکانی شیعری کوردی بێتە بەر باس. هەنووکە هەوڵەکان زۆر جددی و بەردەوام هەن. داهاتوو بڕیاری خۆی دەدات.

* شیعری هاوچەرخی هەورامی: ئایا ئەم رەوتە وەک واقیع هەبوونی هەیە؟ دەمەوێ باس لەسەر دەنگەکان، دەقەکان و هەڵسەنگاندنی بەرانبەر بە رەوتی شیعری هاوچەرخی سۆرانی بکەیت...

– بەڵێ هەبوونی هەیە. پاش مەولەوی و سەیدی و بێسارانی بەتایبەت مەولەوی بۆ ماوەیەکی زەبەند رەوتەکە دەوەستێ، بەڵام کاک عوسمان موحەمەد هەورامی چەند دەق پێشکەش دەکات هەندێ تایبەتی خۆی هەیە. من لەو شیعرانە تەنیا دوو شیعرم بینیوە. نازانم هیتریش هەیە یان نەء.

ئەو کارەش تەنیا تروسکەیەکە، بەردەوام نییەو نابێتە خاوەن کاردانەوەی زۆر. دواتر من و هاورێی خۆشەویستم جەلیل عەباسی کەوتینە هەوڵ و ئەزموونکاری. تا هەنووکە ناوبراو بەرهەمەکانی خۆی وەک کتێب بڵاونەکردووەتەوە. یان لانی کەم من ئاگادار نیم.. (ئەڵبەت کەسانی تریش هەبوون و هەن. دواتر کولسووم عوسمانپوور لە کتێبی گرێدا چەند شیعری هەورامیش چاپ دەکات و...) وێڕای تەنگژەی ماڵی و..... بە هەوڵی زۆر توانیم (زەرنەو ئاسۆی) و دواتر (هورپڕای گەچ و تەختەی) بخەمە بەردەست خوێنەر. ئەو دووبەرهەمە بوونە جێی سەرنجی رەخنەگران وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد. ترسی لاوانی ئەو زاراوەیە شکا و هاتنە مەیدان. من هیوام بە چەند دەنگێکی لاو زۆرە. دڵنیام هەنووکە لە ئاست چۆنایەتی شیعری نوێی هەورامی هاوشانی لەگەڵ سۆرانی دەکات و قسەی بۆ کردن هەیە. هیوادارم بەرهەمەکانی کاک جەلیل-یش بکەونە بەردەست. باقی دۆستانیش زۆر جددیتر بن. بۆ نموونە من چەند شیعرێکی نامیق هەورامیم خوێندووەتەوە کە سەرکەوتوو بووگن. لە «گرێ»ی کولسوومیشدا چەند شیعری هەورامی تێدا بوو کە دواتر هاتە بازاڕ. هەنووکە

من ئاگـاداری هەوڵی پۆلێک لاوم، کـە لە مـەریوان و پاوەو نودشە خەریکی هەوڵن. بەداخەوە هەندێ شاعیری هەورامی کە هەڵایەکی زۆریش دەنێنەوە و جاروبار لاوان دڵسارد دەکەنەوە و بەپێشکەشکردنی نەزمی گوێلاوێن، بەلای خۆیانەوە بەگژ دەقە جدیدیەکاندا دەچنەوە، هێشتا بەرهەمەکانیان چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی فۆرم و تەکنیک و ناوەڕۆک، لە ئاست سەردەمی سەیدی دان. بگرە بەرهەمەکانیان نەگەیشتبێتە ئاستی بەرهەمەکانی ئەو شاعیرەش، بەڵام لاوان دەبێ خۆیان ماندوو بکەن. پەلەیان نەبێت. زۆر بخوێننەوە. من باوەڕم بەڕەوتەکە هەیە.

* یەکێک لەو دەنگانە لە چالاکی نۆژەنی شیعری هەورامیدا، جەنابتە، بزانم چۆن هەستت بەم بۆشاییە کرد، کارەکانت هەم لە ئاستی چەندایەتیدا و هەم لە چۆنایەتیدا خۆت چۆنی دەبینیت، تا چەند لە نێو بەردەنگی هەورامیدا جێ پەنجەی خۆت دەبینیت؟ ئاخۆ «زەڕنەو ئاسۆی و هورپڕای گەچ و تەختەی) بوونە هۆی ژیانەوەی شیعری سەردەمانەی هەورامی؟! داهاتوو چۆن دەبینی بەم گوزارە گەلەوە کە هەن هەم وەک کۆسپ و هەم وەک ئامانج؟

– پێشتریش ئاماژەم پێکرد من ئەزموونەکانی شیعری کوردیم بەوردی خوێندووەتەوە. هەر لە هۆرمۆزگانەوە شوێن ڕەوتەکە کەوتووم. بەو قەناعەتە گەیشتم کە لە زاراوەی هەورامیدا وزەیەکی پەنگاوە هەیە کە دەبێ کەشف بکرێت و بتەقێتەوە. ئەوەشم بەهۆکارێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی زانیوە. لەو پێناوەشدا زۆر ماندوو بووگم، چونکە وەک ئاگادارن لە هەورامیدا چ کتێبێک کە وەک شیعری نوێ نووسرابێ لەبەردەست نەبوو. دەبووا زۆر زەحمەت و کۆشش و ئەزموونکاری بکرایە ڕەوتەکە پێچرابوو. هەورامی پاش مەولەوی، نە پیرەمێردی هەبوو، نە شێخ نووری و نە گۆران. نە قوتابخانەکانی کفری و ڕوانگەی هەبوو نە ئەزموونەکانی هەولێرو... بۆیە کارەکە هێندەش سانا نەبوو. ترسناک بوو، بەڵام من بڕیاری خۆمم دابوو. بە واتایەکی تر ئەو بڕیارە بەسەرمدا ڕژابوو. پێم وایە تا هەنووکەش توانیومە سەرکەوتن بەدەست بهێنم. لە ئاست چەندایەتی، ئێمە دەبێ لەسەر ئەو بەرهەمانە قسە بکەین کە لە بازاڕن و لەبەر دەستن. تا هەنووکە زۆر تامەزرۆ بووگم کە کتێبێکی جددیتر کە خاوەن ئەزموونی تایبەت بێت بە (زەڕنەو ئاسۆی و هورپڕای گەچ و تەختەی) زیاد بکرێت و منیش بتوانم سوودی لێبەرم. لە ئاست چەندایەتیش وتم. هەموو ئەو ڕەخنانە بۆ خۆیان باشترین زمانن و نابێ من هیچ بڵێم. (هورپڕای گەچ و تەختەی) وەک وتم لە فیستیڤاڵی کتێبی دەهەدا، وەک یەک لە چوار بەرهەم هەڵبژاردە بوو. کە دەڵێم یەک لە چوار، مەبەستم ئەوەیە کە دەستەی هەڵسەنگاندن، چوار بەرهەمیان پێکەوە هەڵبژاردبوو کە خەڵات و نووسراوی تایبەتیان پێ بەخشرا. من باوەڕم وایە هۆرزانەوەی کولتووری لە ئارادایە. کوردی گەشەی زۆر دەکات. هەورامیش بەشێکە لە کوردی. هەنووکە زۆر لاو هەن کە خەریکن. منیش شانازییان پێوە دەکەم.

* بە پەیلوای تۆ، زوانی هەورامی بۆ وتنەوەی شیعری ئاوانگارد تا چەندە کۆکە، هەستت بەوە نەکردووە کە توخمەکانی ئەم زوانە بۆ داهێنانی ئاوا شیعرێک لە مۆسیقاو دابەزاندندا قەڵس بێتە بەرچاو، من بۆ خۆم بەخوێندنەوەی شیعرەکانی تۆ هەست بەم ناکۆکییە دەکەم، ڕەنگە نوقسانیش لە لایەن ئێمەوە بێ کە تا ئێستا زوانی هەورامی لە بازنەی تەکنیکی ئەوسای قەتیس مابێتەوە و مشتوماڵ نەکرابێ و بۆ بیسەر ئاوا بێتە هەست پێکرن: لەوا کە شیعری سەردەم زۆرتر ڕووکردی گوتاری بەخۆیەوە گرتووە و لە عەینی ساکاری دەبێ وزەی تێدا بێ. نازانم خۆت لەم بارەوە چی دەڵێیت؟

– بەڕێزم، جەنابت وەک یەکێک لە ڕەخنەگرانی خاوەن قەڵەم، باش بۆی دەچیت. با منیش ئەوەی پێ زیاد کەم کە مێشکی بەردەنگی هەورامی وا ڕاهاتووە. خووی بە کێش و مۆسیقا و سەرەوای شیعرەکانی مەولەوی و سەیدی و بێسارانی-یەوە گرتووە. تۆ ناتوانی بە تەکانێک ئەو دنیایە بگۆڕی. ئەمەش بۆ نوقسانی زوانەکە ناگەڕێتەوە. من کەموکورییەک لە زوانەکەدا نابینم. بۆ خۆم توانیومە کەشفی زمانی و ئەزموونە شیعرییەکانم بەو زوانە دابڕێژم. ئەڵبەت لە سۆرانیشدا خاوەن ئەزموونم. پێم وایە هەورامی بۆ شیعری نوێ لە سۆرانی نەرمتر و دەستەمۆترە، بەڵام دەبێ مومارەسە بکرێت. دەبێ کاری لەسەر بکرێت. من پێم وایە دنیای بەردەنگی هەورامیم شڵەژاندووە. ڕەخنەکان زمانحاڵی ئەوەن لاوەکان، بەتایبەت خوێندکارانی زانکۆ هەنووکە

خۆیان بە شیعری نوێوە خەریک کردووە، ڕاستە هەر شڵەژاندن و جیاوازبوونێک، هەر نوێکردنەوەیەک و جۆرێ تر بوونێک خاوەن گیروگرفتی خۆیەتی. ئێمە ئەو هێرشانەمان لەبیر ناچێ کە دەکرانە سەر نیمایۆشیج. یان تەنانەت مامۆستا گۆران. ئەویش وێڕای ئەو دۆخەی کە شێخ نووری و چەند کەسی تر بۆیان سازاندبوو. لە هەورامیشدا هەروەهایە، بەڵام ڕەوتەکە دەستی پێکردووە، دڵنیام ناوەستێ. ئیمانم بە لاوان زۆرە.

با ئەوەش بڵێم کە ئەو دەقانە ئەزموونی شیعری منن. کۆمەڵگە، بەتایبەت خوێنەری چالاک بڕیاریان لەسەر دەدات، چونکە من پێم خۆشە لەگەڵ خوێنەری چالاکدا هەبم، پێم وایە شیعریش وەک باقی دەسکەوتەکان دەبێ تایبەتی بکرێتەوە. واتە جددیتر بێت. دەقەکان دەبێ خوێنەر بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. واتە ڕچەشکێن بن. مەرج نییە دەقی جددی خۆی تا ئاستی بەردەنگ دابەزێنێ. ئەگەر وابێ ڕەوتی ئەدەبی دەوەستێ. چیدیکە جیاوازی و ئەزموونی تایبەت مانای نامێنێت.

* هەر لەم فەزایەدا حەزدەکەم ئاماژە بە بابەتێک بدەم کە بەڕاستی کێشەیەکە بۆ شیعری گەلانی تر بەتایبەتی شیعری فارسی کە ئەویش خستنەگەڕی باسی «قەیران»ە: قەیرانی شیعر، قەیران لە شیعردا، قەیرانی بەردەنگ (مخاطب)، قەیرانی کۆمەڵگەو... ئایا لە شیعری کوردیدا بەتایبەت لە شیعری هاوچەرخی هەورامیدا ئەم کۆسپانە دەبینرێن تۆ چۆنی بۆ دەڕۆیت...

– ئەو قەیرانانە لای ئێمە هەن و نیشن. شیعری فارسی لە تێریدا دووچاری قەیرانە، بەڵام لای ئێمە لە برسیەتیدا. ئەگەر ئێمە بە نیسبەت دەرفەتەکان، دۆخەکە هەڵسەنگێنین، دەبێ شانازی بە خۆمانەوە بکەین وەک گەلی کورد. بۆ وێنە بۆ ئەدەبی فارسی بە سەدان گۆڤار و ڕۆژنامە و بە دەیان کەناڵی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی خەریکی ڤەشان و هەوڵن. ساڵانە دەیان فیستیڤاڵ و خەڵاتی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام لای خۆمان چی (مەبەستم کوردستانی ئێرانە). شاعیران و ئەدیبان لەوپەڕی تەنیایی و بێ کەسیدا خەریکی هەوڵن. بەردەنگیش دۆخێکی باشتری نییە. ئەو بەزمانەکەی خۆی نەیخوێندووە. زۆربەی هەرە زۆری ناتوانێ بە زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کار دەکرێ و هەوڵەکان بەردەوامن. با خاڵێکی بەرچاوت بیر بهێنمەوە. هەنووکە تیراژی ئەو بەرهەمە شیعریانە کە بە فارسی دەنووسرێن لە هەزار تێپەڕ ناکات، واتە تیراژی هەزار بۆ ٧٠ ملیۆن کەس. هێشتا گلەییش دەکەن کە نافرۆشرێت، بەڵام لێرە، بۆ نموونە حەشیمەتی هەورامی ئەوپەڕی یەک ملیۆن کەسە. تیراژی (زەڕنەو ئاسۆی) ١٠٠٠ دانە بووە تەواو بووە. (هورپڕای گەچ و تەختەی)ش هەروا. ڕەخنەکارانیش لێی وەدەنگ هاتوون و زۆر بابەتی بە پێزیان لەسەر نووسیون. مەرج نییە من لەگەڵ هەموو بۆچوون و ڕەخنەکان بم، بەڵام ڕێزیان بۆ دادەنێم. بەوردی دەیانخوێنمەوە و سوودیان لێ وەردەگرم. کەواتە قەیرانەکە هەیە، بەڵام لای ئێمە لە ئاست دۆخەکە کەمترە.

* بە بەراوردکاری نێوان دەقە کوردییەکان لە هەمبەر دەقە فارسی و عەرەبیەکاندا، من پێم وایە کە بە تێکڕا زوانی کوردی و بەتایبەت زوانی کوردی هەورامی نەبووەتە پێخوستی ژێر پێی دەسەڵاتچیانی سیاسی و تۆتالیتەی زوانی زاڵ؛ هەر بەم هۆیەوە توخمە زوانییەکەمان لە خود ئاگادا بە ساغی ماونەتەوە و لە فرە ڕەهەندا دەوڵەمەندن، بەڵام ئەم وێنە شیعریانە لە زمانی گەلانی فارس و عەرەبدا ئەگەر هەن تەشکی عیرفانی و ئیستیعاریان پێدراوە، واتە بوونەتە پێڕەوی هەمان یاسای زوانی دەسەڵات، بەڵام کاتێک شاعیری کورد دەست بۆ چێکردنی هەندێ چەمکی باوو ناباو دەبات؛ باشترو ڕەهاتر دەتوانێ لەگەڵ دیاردە ناوەکییەکاندا مامەڵە بکات تا ڕادەیەکیش بازنە قۆرخکراوەکانی مۆراڵی و بڤەدار دەبەزێنێ و دەچێتە نێو ئێروتیکیای زوان و شکاندنی هەندێ یاسای پاوانکراو بە ڕووتی و نیوە ڕووتی بەکاریان دەبات. کە ئەمە لە هەمبەر بارە ئەخلاقی و مۆراڵییەکانی گلێرگە پارادۆکس یان بە زمانی ساکارتر کێشە دروست دەکا. لەوا کە زۆربەی شاعیرانیشمان ئایینی و دەروەستی ئاکار بوون؛ بەڕای من لە ناخودئاگای شاعیردا ئەم چەمکە داسەپا.. چێ نەکراوەو داسەپاوە، بۆیە ئێمە ئەم هەڵوێستە ڕۆحییە لە شاعیرانمان شک دەبەین و ئەو وێنە ئیرۆتیکیانە کە لە دەقەکانی بێسارانی و مەولەوی و سەیدی و... هەن بەڵگەی سەلماندنی ئەم بۆچوونەن، بزانم پەیلوای ئێوە لەم کایە زوانییەدا چییە؟

– بۆچوونەکەی جەنابت بە ڕاست دەزانم و لەگەڵتام.

شاعیری کورد و شیعری کوردی لە خزمەت دەسەڵاتدا نەبووە. شیعری کورد لە خەڵات و بەراتی دەسەڵاتداران بێ بەش بووە. با نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، لە پاڵ دەسەڵاتی دیوەخانەکانی دزڵیدا، مەلا هەسەن ژیاوە. لەوپەڕی ڕووتەڵەیی و کزی و دەستکورتیدا. باوکی ڕەحمەتیم بەلایەوە خوێندوویەتی. دەیوت دەرسی پێ دەوتین، دەیوت بەس تلفە چایی وشکەوە کراوم!! بۆم بهێنن، یان چەند کولێرە زەڕات!! لە ژێر خانێکدا ژیاوە کە باوکم کاتێ وەسفی دەکرد ئاو دەرژایە چاوی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەڵێت:

**من هەڵۆی بەرزی لووتکەی داڵانیم**
**هەرگیز وەک قەڵاو ناکەومە چینە**

کەواتە دەسەڵاتدارانی کورد خاوەنداریەتیان لە ئەدیبان و شاعیرانی بە بەهرەی خۆیان نەکردووە. چ بگات بە دەسەڵاتی ناخۆیی؟! قانیع هەر ڕۆژ لە گوندێک بووە. هەژار و هێمن خۆت باشتر دەزانی، بەڵام شیعرەکە پاراو و سەربەست ماوەتەوە و توخمە ڕەسەنەکانی پاراستووە. بۆ نموونە کێش. یان کرکە کە جەنابت باست کردووە.

* هەروەها کە ئاماژەت دا؛ من لە نووسینەکانمدا لە بارەی جەوهەری جوانیناسانەی شیعری کوردی هەورامی توخمێکم پێناسە کردووە و بڵاو کراونەتەوە: ئەو توخمە بە ناو «کرکە» بۆ میتافیزیکی زوانی هەورامی، پێشنیارکردووە و پێم وایە کە هەر لە دەقە ئەدەبییەکانی پێش ئیسلام لە گاتاکانەوە تا درەختی ئاسووریک و دواتر ئیسلام هۆرمزگان و ئورامنەکان «باباتایەر» و یارسانەکان و بێسارانی و مەولەوی و سەیدی تا شیعری سەردەم و تا شیعرەکانی جەنابت و هەروەها لە... زوانی هەورامیدا ئەم توخمە لە ناخ و دووتوێی هەندەسەی زمانەکەدا دەبینرێ و نەگۆڕە. ئەم توخمە، ئاوەها ساغ ماوەتەوە. ئەوها ماوە دەنگانە کە لەسەر «خێرایی دەنگ و تەکیە» لە زوان و لە شیعردا ڕەنگی داوەتەوە کە توخمێکی جوانیناسانەیە و لە کۆی ئەو زمانەدا ئەم توخمە هەیە، بووەتە هۆی سلۆکی و راونەکردنی ئەم زوانە لە قاڵب و قاوغی تایبەتیدا، ئەم پرەنسیپەیشە بووەتە هۆی جیاکردنەوەی شیعری هەورامی و سۆرانی و تەنانەت فارسی و عەرەبی و تەنانەت ئاوازی سیاچەمانەش لەسەر ئەم جەوهەرە زوانییە چێ کراوەو دەکرێ. مۆسیقازانەکان، بۆ ئەم کارە نۆترێژی بکەن و ئاوازی هەورامی و تەنانەت کوردی وەک مۆسیقاو هونەری گەلانی تر، بکرێتە قاعیدەمەند و ڕێسای هونەری بۆ دابنرێ حەز دەکەم تۆش لەم بارەیەوە ڕوانگەی خۆت بەیان بکەیت.

– من ئەو کەشف و بۆچوونانەی جەنابتم بەوردی خوێندووەتەوە. کەشفێکی زۆر بەپێزە. کاری ڕەخنەگر هەر ئەوەیە. کەشفی تایبەتییەکان لە دەقەکاندا. جەنابت توخمی کرکەت باش کەشف و پۆلێن کردووە. بە باوەڕی منیش پێویستە وەک توخمێکی ئێرەیی و خۆیی کە مولکی تایبەتی دەقە کوردییەکانە بێتە باسکردن و پەرەپێدان، هەروەها پێویستە مۆسیقازانەکانیش ڕاوەستەی لەسەر بکەن و بیکەنە بنەماو پێوەر بۆ کارەکانیان. چ دەبێ ئەگەر لەبری «گا» ئێمە توخمی کرکە بقۆزینەوەو جێگای خۆی پێ بدەین و ڕەسەنایەتی میللی و... کوردی پێ دیاری بکەین و...


**١– هورزانەوە: ڕەستاخێز (ئەم وشەیە لە لایەن کاک ڕەووفەوە بۆ هاوتایی واژەی «ڕەستاخێز» پێشنیار کراوە).**
**٢– نیەکات: نەکات. وشەیەکی کەلهوڕییە.**

# (دال)ی ئۆرۆمۆن، هۆرامان لە تویژاڵی دەمەقاڵەوە بۆ (مەدلوول)ی ڕاستەکی مێژوو

عادڵ محەمەدپوور
(مەریوان)

هەر بابەتێک و هەر چەمکێک، مێژوویەک و بەسەرهاتێکی هەیە. بابەتەکان بە درێژایی مێژوو، سیمایان دەگۆڕێ و لە ژێر تۆزی زەمەن و گێژەلووکەی گۆڕان و چەمەری هەڵسووڕاندا، ئاڵوگۆڕی قامووسی و واتایی بە خۆوە دەگرن. بە تایبەت توخمە زوانییەکان کە هیچ کات یەک دانگ و یەک ڕواڵەت نامێننەوە، بەڵکو وێڕای گۆڕانکاری ڕواڵەتی هەندێ چەمکی ناوەرۆکی و دیرۆکی وەدووی خۆیاندا دەهێنن کە لێرەدا ئەرکی توێژکار و لێکۆڵەر پتر دەبێ و وا پێویست دەکا کە زۆر هەستیارانە و بە وردبینی و بە تێڕامانەوە یاسای گۆڕانکاری فۆنۆلۆژی (واچ شناسی) و لیکسیکۆلۆژی (واچەشناسی) و ئیدیۆمەکان بە باشی وەرد و پەڕەناو بکات و لە ڕێچکەی ئەو یاسایەدا هەڵەتە نەبێ و لە سای ئەم ڕۆشناییەدا، دیاردە زوانییەکان و مەدلوولە ڕاستییەکان پێناسە بکرێن و هۆکان لەم دەراوەدا بدۆزرێنەوە تاکو پرۆژەکە بگاتە ئەنجام.

ئەز زوانەوان نیم، بەڵکو لە ڕوانگەی مێژووییەوە ویستوومە تۆماڵی ئەم باسە بکەم و هەندێ ڕاستی شاراوە، ئەویش بە پشت بەستن بە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان، ڕوون بکەمەوە. لەم وتارەدا سەرەتا تیشکێک دەخرێتە سەر سیاسەتی ئاشوورییەکان، لە لایەکەوە بۆ سڕینەوەی ناو و شوێنەوار و ناسەی فەرهەنگی کوردەواری، یان مێژوویتر بڵێین مادەکان و لە لایەکی تریشەوە، لەوا کە بە داخەوە ئاسەواری مادی تەنیا لە دووتوێی سەرچاوە بزماری و مێژووییەکانی ئاشووریدا نەبێ، دەسمان ناکەوێ. ئەو ناووشوێنانەی کە لە دەڤەری کوردستاندا هەن، ئەم ڕاستییە تاڵە بۆ گەلی کورد دەردەخەن. خوێندنەوەی مێژوو و لادانەوەی



بەرگەکانی وێڕای سوودبینین و سوودبەخشی بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک دەبێتە هۆی چڕبوونی ئەزموونگەرێتی و دووپات نەبوونەوەی هەڵەکانیشی. ئەمە ڕەنگە ئێستا بۆ نەتەوەی کورد، باشترین خاڵی ئەرێنی و بە کەڵکترین ڕێبرد و سیاسەتی هەنووکەیی سیاسەتوانان و مێژوونووسان و خاوەن ویران بێ، چونکە لەم ڕێبردەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کورد و کوردستانی کۆن هەر وەکو ئێستا، چەندە دوژمنکاری هەبووە و چەندە مێژوو و فەرهەنگ و مەعنەویەت و ویژدانی ناخۆئاگای قەڵاچۆ و ئاوەژووکراوە کەوتۆتە بەر قەمچی شاڵاو و ڕاپێچ کردن.

## دۆزی ئاشوورییەکان لە کوردستانی کۆندا

پێش دوژمنانی مێژووی سەردەم: سەفەوییەکان و عوسمانییەکان، دوورتریش ئاشوورییەکان، دوژمنی بڕبڕەپشتی کوردستان بوون. بەر لە یەکگرتنەوەی هۆزە کوردەکان لە کوردستانی کۆندا و پێکهێنانی حکوومەتی ماد، وەک: میدییەکان، گوتییەکان، ماناکان و ئورارتۆکان و لۆلۆییەکان و... ئەمە ئاشوورییەکان بوون کە پتر لە هەر شاڵاوگەرێکی تر چاویان بڕیبووە مادەخاوەکان و کانزاکان و دەوڵەمەندی سروشتی کوردستان و تاڵان کردنیان و گەڕی سیاسەتی بە کۆمەڵ کوشتن و کۆچاندنیان و پاکتاوکردنی کولتوور و دابونەریت و سڕینەوەی هێما فەرهەنگییەکان و ناوی شوێنەوارەکان کە ئەم ڕۆژ ناوی بە (تەعریب و تەتریک و تەفریس) درچووە، گەیشتبووە ترۆپک.

ئەم داگیرکارانە، پێیان لە هەر شوێنێکی کوردستان ناوە، وێڕای کوشتن و بڕین و کوێرکردنەوەی شوێنەواری میدییەکان تەنانەت ناو و ناسنامە و بنچکی نەتەوایەتی سڕاوەتەوە و بە جێیان ناوی ئاشووری و ناکوردی لێنراوەتەوە.

لێرەدا ئەرکی بیردۆزانی کورد پتر دەبێ، کە جەخت بکەن بۆ دۆزینەوەی شمەکی فەرهەنگی و توخمی زوانی لە دووتوێی ئەو ئاسەوارانە کە لە ئاشووری کۆندا بە جێ ماون، ئاخر وێڕای سیاسەتی کوشتن و بڕین و قەڵاچۆکردن کە دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەندێ لە خەسڵەتی فەرهەنگی و زوانی، دەقە ئاشوورییەکان تەنیا کەمپ و ژێدەرێکن بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی توخمە ونکراو و ئاوەژوو بووەکانی زوان و فەرهەنگی مادی(کوردی) لەم ڕوانگەوە، سەرچاوە ئاشوورییەکان بۆ ئێمە گەلێک بەهادار و تەنانەت ژیانبەخشی بەشێکی

زۆر لە کەلەپووری ئێمەن.

لە هەمبەر ئەم خەسارە مەزنەدا، بەرژەوەندییەکی بۆ گەلی کورد تۆمارکردووە: پاشاکانی ئاشوور لە چاو پاشاکانی نەتەوە کۆنەکانی دراوسێی کوردستانی کۆن، باشترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەیان لەم بارەوە بۆ بەجێ هێشتووین، کە بریتین لە نووسراوە شاهانە رەسمییەکان و یادگارانەکان، نەخشەی هەڵکەندراو و بە ناوبانگی دیواری کۆشکەکان و ئارشیڤنامەی پاشاکان کە زۆر جۆرە وێنەیان لەم بارەیەوە تێدا بەرجەستە کراوە وەک پرۆپاگەندەیەکی سیاسی و وەک جەنگێکی دەروونی بە کار هێنراون. (١)

خوێندنەوەو هەڵدانەوەی ئەم بەڵگەنامانە و شرۆڤەی ناو شوێنەوارەکان کە قامووسی ڕاستەکییان ئاوەژوو کراوە، حەقیقەتێکی تاڵ بۆ ئەم نەتەوەیە دەردەخات کە ئەویش گرێدانی سیاسەتی دوژمنکاری و پاکتاوکردنی ڕەگەزین هەرلە کۆنەوە تا بە ئەمڕۆ کە سیاسەتی ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تواندنەوەی ناسنانەی لێکەوتووەتەوە.

چۆڵکردنی زۆر ناوچەی ژێر دەستی ئێمپراتۆری ئاشووری لەدانیشتوان و ڕاگواستنیان بۆ ناوچەی دوورەدەست و هێنانی خەڵکی بێگانە لە شوێنی ترەوە، بۆ جێگیرکردنیان لە شوێنیان دەچێتە خانەی ئامانجە سیاسییەکانی، سیاسەتە ئاشوورییەکانەوە لە کوردستانی کۆندا لە پێناوی گۆڕینی مۆرکی نەتەوایەتی، ئەتنیکی لەو ناوچانەدا جێبەجێ کراون، لە ئەنجامدا هەندێک ناوچە و هەرێم لە ئیمپراتۆری ئاشووریدا ناسنامەی ڕەسەنیان سڕاوەتەوە و بوونەتە بەشێکی ڕاستەوخۆ لە وڵاتی ئاشوور وەک هەرێمێکی ئاشووری تەواو، نەک بێگانەی ژێردەست مامەڵەی کراوە. (زاموا)ش کە ناوچەی سلێمانی ئێستا و دەورووبەری دەگرتەوە، نموونەیەکی ڕوونە، هەروەها زۆر کۆمەڵ و نشینگەی جوولەکە لە ئێران و ناوچەکانی کوردستان یەکێکە لە ئەنجامەکانی سیاسەتی ڕاگواستن و تێکەڵکردنی گەلان و نەتەوەکانی ناوچەکە لە سەر دەستی ئاشوورییەکان. (٢)

بۆ نموونە: «ئاشوور ناسیرپاڵی دووەم (٨٨٣ – ٨٥٩ پ.ز) بە نزیکەی سەدەیەک پێش لە سارگۆنی ئاشووری و تیگلات پیلاساری و.. پاش وێرانکردنی شاری (ئەتلیلا)ی لۆلۆبییەکان لە وڵاتی (زاموا) سەر لە نوێ بنیادی نایەوە و کۆشکی شاهانەی تێدا دروست کرد و پاشان ئەوێی کردە بنکەیەک بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵەی ناوچەکە، ناوەکەی گۆڕا بۆ (دوور – ئاشوور) .» (٣)، یان هەمان پاشا (ئاشوور ناسیر پاڵی دووەم) لە شاڵاوێکدا بۆ سەر شاری ئامالی (٤) لە (زاموا) دەڵێت: «لە شاڵاوێکدا لە شارەکەدا ٨٠٠ جەنگاوەریانم بە شمشێر بە زەوی دا دا بە لاشەکانیان کۆڵانەکانی شارەکەیانم پڕ کرد، خانووکانیانم بە خوێنیان ڕەنگ کرد، زۆریانم بە زیندوویی گرت و ئاشوور ناسیرپاڵ، پاڵەوان، وەک باڵدار کەوتە دوایان (واتە خەڵکی هەڵاتوو) لاشەکانیان لەسەر شاخی نیصیر (پیرەمەگروون) لەسەر یەک کەڵەکە کرد، ٣٢٦ جەنگاوەریانم سەربڕی، حەوت شارەکە کە لە ناوجەرگەی شاخی (نیصیر) بوون و وەک قەڵاکانیان مەحکەم بوون، داگیرم کردن، دانیشتووەکانیانم سەربڕی و کەلوپەل و مەڕوماڵیاتیانم، برد و شارەکەم سووتاند و.. » (٥)

پاشان لە هێرشێکدا بۆ سەر هەولێر دەڵێ: «بوبو، کوڕی بابا، فەرمانڕەوای شاری نیشتونم لە شاری ئەربیلا (واتە هەولێر) کەوڵ کرد و پێستەکەیم بە سەر شوورەی شاردا هەڵخست.» (٥)

luchenbill op.cit vol 1 p. 143. p. 441

هەندێ وشەی بە ڕەچەڵەک ئاشووری و نێوچۆمانی و نامێدی وەک: (تەتە، ئیجیجی، زاموا، بڵ، ئەرارا، کورزا، نێ، نژمار، ژوونێ، شوالا، داریان، وەرترە، هەسوون، زابان، سلێن، و... تاد) لە هۆرامان‌دا هەن(٦)، بۆ ئەم دۆخە مێژووییە کە داگیرکاران بە تایبەت ئاشوورییەکان ئاوا سیاسەتێکیان پێڕەو کردووە، دەتوانن پاڵپشت و پێگەیەک بن بۆ چەسپاندنی ئەم دۆزە. زۆربەی ئەو وشانە کە چواردەوری هۆرامانیان تەنیوە، دەسپێکی ئەرێنین بۆ توێکاری ڕۆگەی زمانەوانی وشەی هۆرامان.

هۆرامان بێ گومان هەر لە مێژە بە شێک بووە لە کوردستانی کۆن با وەکو لە هێڵی جوگرافیاییدا ناوچەیەکی بەرز و شاخاوی و دەست پێنەگەییو بووە، وەک باقی بەشەکانی تری کوردستان، بە تەماحی دەوڵەمەندی مادەی خاوی سروشت، وەک دار و تەختە و ئاسن و مس(بۆ دروستکردنی چەک) و زێڕ و زیو و بەردی بەنرخ و ئەسپ و... وەک باجی سەرانە و جەنگی ئابووری، بە قوڵنگەی پۆڵا لە چیا سەختەکاندا،


ڕێگاوبان بۆ هاتوچووی بازرگانی کراوەتەوە و ماڵ و سامانیان، کەوتۆتە بەر ئاکامی دیاردەی شاڵاوگەری و گوژمی نامرۆڤانەی داگیرکارە ئاشوورییەکان و وێرای وێرانکاری و تاڵان کردن و کۆچاندن و سووتاندنی ماڵ و حاڵیان، دەس بەسەریاندا گیراوە و بە هەمان چەشنی ناوچەکانی تر، ناوی شوێنەوارەکان و هێمای فەرهەنگییان ئاوەژوو کراون، یان سڕاونەتەوە.

سارگۆنی دووەم (٧٢١-٧٠٥ پ.ز) وەک ئەرکی ئایین و فەرمانی خواوەند، ئاشوور، لە بارەی شاڵاوەکەی بۆ هۆرامان دەڵێت: «لەسەر وتەی بەکاری ئاشوور ، سەردارم، کە ژێر ڕکێف خستنی میرانی ناوچە شاخاوییەکان (هۆرامان) وەرگرتنی دیارییەکانیانی وەک خەڵاتێک بە من بەخشیوە. بە قوڵنگەی پۆڵا شاخەکانیانم داتاشی و ڕێگا کراوەکانیانم کردەوە» (٧)- Luchenbiu Arab Vol.11 ،-80-p.11 14

**تۆماڵی دەستەواژەی هۆرامان**

گەلێک باس لە لایەن توێژەرانەوە، لە سەر ئەم دەستەواژەیە کراوە (٨) یان دەشکرێ - وەک وتارەکەی کاک ڕەوف مەحموودپوور لە زریباری ژمارە: ٥٨ - ٥٩، بە ناو: هۆرامان لە نێوان وەهمی دەنگۆ و سەرچاوە مێژووییەکاندا- نە ڕەدیان دەکەمەوە و نە دەشڵێم ئەمە«دەستگیرەیەکە بۆ خۆ دەرخستن و خۆ قوتکردنەوە، یان هەڕەمەکی و ناسوودمەندبوونیان. خاوەن باسەکانیش بە ساویلکەیی و ناشارەزا و گەمژەبوون تۆمەتبار ناکەم، بەڵکو ئەو باسانە پێش ئەم وتارە نووسراون، بە وتارەکەی کاک ڕەوفیشەوە، بە پێگەیەکی بناغەدار دەزانم بۆ ئەم باسانە کە لەمەولا دەنووسرێن و ڕێز و حورمەتیشم هەیە بۆ هەوڵەکانیان هەر هیچ نەبێ بوونەتە هۆی وروژاندنی باسەکانی ئێمە و تەنانەت باسەکانی تریش کە لە داهاتوودا دێنە ڕاڤەکرن، ڕەنگە ئەوان پشت بە بەڵگەی تۆکمەتر و جدیتر ببەستن و باسەکە لەمەزیادتر دەوڵەمەند و بە پێزتر بکەن، دیارە ئەمەیە یاسای ڕەوای لۆژیکی لیکۆڵینەوەو ڕاڤەکاری.

ئێستا بە تێپەڕاندنی ئەم باسە مێژووییە و بەڵگاندنی سەرچاوەکان، دەڕۆینە سەروەختی دەستەواژەی هۆرامان -«ئۆرۆمۆن» لە دەقەکەی سەیدیدا- و بەراوردکارییەکەی و پاشان دەرخستنی واتای ڕاستەکی پاژەکانی پێکهاتەی



ئەم دەستەواژە لەسەر لۆژیکی مێژوو و بەسەرهاتی ئەو واژە و دەستەواژانە کە بە بەڵگە لەم وتارەدا سەلمێندراون و زۆربەی ئەو واژانەش لەسەر ئەو پەیوەستە سیاسییە دانراون کە ئاشوورییەکان پێڕەویان کردووە و لەلای من، ئەمانە، بەڵگاندن و پاڵپشتن بۆ ئەم وتارە. سەیدی واژەی هۆرامانی بە شێوەی کۆن «ئۆرۆمۆن» بە کار هێناوە لە چامەکەیدا:

**ئەز (ئۆرۆمۆن) مەکانم بێ وڵاتم**
**سەر و پیری خوای گێرتەن خەڵاتم ...** (٩)

دیوانی سەیدی، کۆکردنەوەو شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردۆخی ل١٣، ٢٠

هۆرامان وشەیەکی دێرین و مێژوویەکی کۆنی لە دووتوێی مەدلوولەکەیدا هەیە و بێ گومان یەکێکە لە دەڤەرە هەرە کۆنەکانی کوردستان، کە ڕەنگە هەوەڵین مەڵبەندی ژیان و ژیاری شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و مەڵبەندی فەرمانڕەوایی مادەکان، باوەگەورە و وەجاخی نەتەوەی کورد بێت، بەڵام لەوا کە تانوپۆی زمانەوانی دەستەواژەی«ئۆرۆمۆن»و مەدلوولە قامووسییەکەی، شاری مادەکان بێ و سەیدیش بە زانیارییەوە بە ساغی تۆماری

کردبێ، (کاکڵەی باسەکەی کاک ڕەوف) بێ گومان بە پێی ئەو فاکتە مێژوویانە و ئەو سیاسەتە پاکتاوکردنە و پەیلوای من ناڕاستە، ڕەنگە هەڵێنجانێک بێ لە چەشنی بەکاربردنی شاعیر سەیدی، بۆ ئارکائیزەکردنی وشەکان، یان چەشنی خوێندنەوەی خوێنەر بێ و دەرکی مانای ئاوەژوو.

ئەگەر سەرنج بدەینە دیوانەکەی سەیدی و زۆرتر شێوازناسانە، بەسەر چامەکانی ئەم شاعیرە بچینە خوارێ، بۆمان دەردەکەوێ کە:

١: پلاتفۆرمی دیوانەکەی سەیدی لە سەر سێ جۆر کێش چێ کراوە:

(أ) عەرووزی، (ب) هێجایی (بڕگەیی)، (ج) فەهلەوی کۆن(ئورامن):

لێرەدا باس لە بڕگەی(ئەلف و بێ) ناکەم تەنیا لە سەر بڕگەی (ج) دەدوێم کە پەیوەستە بەم باسەوە. ئورامن (فەهلەویاتی کۆن) بە هەڵقەی ناڤینی ئەوسا و ئێستای شیعر و مۆسیقای گۆران دەژمێردرێ. ئەگەر سەرەتای سەرهەڵدانی پرۆسەی شیعر و مۆسیقای کوردی(بە تایبەت سیاوچەمانە) بە گاساکان و یەسنای ئاوێستای بزانین، ئەوە «ئورامن» یان فەهلەویات (پەهلەویات) دەبێتە کۆڵەکەی ناڤینی ئەم بزاڤە لە چەند سەدە پێش و پاش ئیسلامدا بۆ ئەم بزاڤە مۆسیقاییە ئەدەبییە کە لەم سەردەمەدا بەو چەشنە ئوسلووبانەوە لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتدا، کە پێشتر باسمان لێوە کردن، وێنایان دەکەین. «ئورامن چەشنێک وتنەوە و گۆرانییەک بووە تایبەت بە پارسەکان کە شیعرەکانیش لەسەر ئوسلووبی بڕگەیی پەهلەوی بووە. ئورامن کۆنتر لە زانستی کێشناسی عەرووز بوون کە پاش ئیسلام زانا عەرووزییەکان بۆ ئەوەی پاساوی شیعری عەرووزی بۆ بدەنەوە کێشی تەفعیلەی «مفاعیلن» (بەحری هەزەج)یان بۆ پێوانە کرد. چوون ئەم چەشنە شیعرە لەسەر پێکهاتەی فۆلکلۆر و فەرهەنگی دەمگۆی(شەفاهی)ی جەماوەر وتراوەتەوە، لەگەڵ ئەو دیاردەدا نەگونجاوە. بۆیە وتوویانە «مەلحوون» زۆرتر مەرجی پێویست بۆ خوێندنەوەی ئەم ئوسلووبە «تەکیە و خێرایی نەغمەکان و کرکەی بڕگەکانە (حەنجەرەی بێگەرد) کە تایبەتمەندییەکی شیعری ڕەسەنی هۆرامیشە. هەر ئەم پرنسیپە، دەرخەری ئەم دۆزەیە کە بایەخی شیعری هۆرامی لەوەدایە تا نەخوێندرێتەوە، توخمە نادیار و بزاوتووەکانی وەک زەخیرەی زمانی کە لە دووتوێی زمانەکەدایە پێناسە ناکرێن. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەبوونی دەقی نوبسار لە شیعری هۆرامیدا، ئەم خاڵە بووبێ، کە ئەم شێوەگەلە وتمان بەهۆی دیاردەی «دەنگ تەوەری تەکیە و خێرایی کرکەوە» لەم زمانەدا، دەبێ جەخت لەسەر لەحن و ئاوازی دەمگۆ بکرێ تا توانستی توخمە زمانییەکان وێنا بکرێ. ئاخێوەران و پێشینیانیش ئەو ئامرازەی کە دەبوا کرکەکانیان تۆمار بکردبایە نەیانبووە. (وەک نۆت لە ئامێرە مۆسیقاییەکاندا). هەر هەوڵێکیش بۆ تۆمارکردن و کۆکردنەوەی دەقی نوبسار بکردرابا، ئەوە دەبوو بە چەواشەکاری و ئاڵۆزکاری ئەو هاماوە دەنگانە. چونکە دەقی نوبسار تەنیا توانستی دەرخستنی پاژێک لەو پتانسیەلە دەرنەکەوتووەی هەیە و ئەوانی تر خۆبەخۆ فڕێ دەدرێن، بێ ئەوەی بیسەر هەستیان پێ بکات. «خاتوو پرۆفیسۆر ماری بۆیس، پێی وایە شیعری ئێران لە چاخی ساسانییەکان و ئەشکانییەکان و پێشتریش، سەرزاری(دەمگۆ، شەفاهی) بووە. ئەم دابە (شیعرە خونیایە زارەکییە) دوای هەرەسهێنانی ئێران و پاش ئیسلام نەسڕایەوە و ڕوودەکی شاعیر پەرەی پێدا». حافز ئەم چەشنە شیعرانە بە «گلبانگ ڕود، گلبانگ پهلوی و خسروانی سرود» ناو دەبات:

**بلبل زشاخ به گلبانگ پهلوی**
**می خواند دوش درس مقامات معنوی**
**مغنی کجایی به گلبانگ رود**
**به یاد آر آن خسروانی سرود**
**(دیوان حافظ)**

لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی (چاپی ئینگلیزی)دا هاتووە : «بابا تاهیری هەمەدانیش شیعری بە دیالێکتی گۆران، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی هەق، لەناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە کە بە دڵنیاییەوە، پێم وایە ئەم هەواڵە، جێی متمانە بێت، چونکە ناوی بابا تاهیریش وەک ناوی زۆربەی ڕابەرانی ئەهلی هەق بە پێشگری بابا دەست پێدەکات. کە وەک دەزانین ڕابەرانی تر وەک «بابا یادگار و بابا ناوس و بابا سەرهەنگ»یش هەر لە ڕابەرانی ئەهلی هەق و نموونەی تری ئەم جۆرە کارانەن کە بابا تاهیر کردوویەتی. بڕوانە: مێژووی مۆسیقای کوردی، حەمەی حەمەباقی.

جگە لە فـەهلەویاتی باباتایەر، درێژەدەری ئەم دابە، شـێخ سـەفی ئەردەبێلی باوەگـەورەی سـەفـەوییـەکـان (سەدەی هەشتی کۆچی مانگی) لە ئازەری کۆن و نەوەی دوایی سەیدی هۆرامی شاعیری گەورەی سەدەی سێزدەی کۆچی و باقی ئورامن بێژانی گۆرانە کە بە بەشێکی هەرە زۆری شـیـعـری کـلاسـیکی قـوتابخـانەی گـۆران دەژمـێـردرێن(١٠). سـەیدی لە دیـوانەکـەیدا، دەسـتی بردووە بۆ هەنـدێ توخـــمـی زمـــانی کـــۆن و ئارکائیزەکردنیان(بە کۆن کردن) و لە زۆربەی واژەکانیدا بەجـێی بزوێن درێژی(ا ، a)، (ۆ، o)ی نە تەنیـا لە واژەی ئۆرۆمۆندا، بەڵکو لە زۆربەی چامە کۆنەکانیدا ئەم ئەدگـارە زمـانیـیـە دەبینرێ ئەویش تەنیـا و تەنیـا لەژێر کـاردانەوەی ڕیتـمـی ئورامنە. ئەم ئەدگـارە، بووەتە چەشنێک لە فۆرمـاسیـۆنی شیـعری ئەم شـاعیـرە، نەک دەستی کەوتبێتێ، یان هی خۆی نەبێتێ.

٢- گـرێدانی ئۆرۆمـۆن بە «ئۆرمۆن» پاشـان داتاشـینی مەدلوولی شاری ئۆمۆن و مادەکان، پاساوێکی لۆژیکی لە بواری شێوازناسی و هەمیش شێتەڵکاری زمانەوانیدا بۆ نادۆزرێتەوە. بەسەرهاتی مێژوویش لەوا کە هۆرامان شارێکی دێرینەی مادەکان بووە، ڕەت ناکرێتەوە، تەنیا و تەنیا مەبەست لێرەدا، باری زمانەوانی دەستەواژەکەیە و نەک شتی تر.

٣- نموونەی ئەم واژانە کـە لە دیوانەکـەیدا زۆرن، بۆ دڵنیایی خوێنەر، لێرەدا نموونەکەیان و لاپەڕەکەیان دیاری دەکرێن:

ئۆرۆمـــۆن بەجـێی (ئورامـــان، ل١٣)، بارۆم (بارام، ل١٣)، دیڤـۆنە (دیڤـانە، ل٢٣)، پەرڤـۆنە (پەرڤـانە، ل٢٣)، جۆڤۆنیم (جوانیم، ٥١)، مەزۆن (نازانم، ٥١)، پۆزێم (پانزەییم، ٥١)، ژمۆرێ (ژماردم، ٥١)، زۆمیـۆ (زامێ، ل٢٥)، گـیـۆن (گـیـان، ل٢٥)، ڕیـۆن (ریان)، مۆنگ (مانگ) و ... لەم شیعرانەی خوارەوە:

**- ئەز (ئۆرۆمۆن) مەکانم بێ ولاتم**
**سەروپیری خوای گێرتەن خەلاتم**
**- نیشاتۆ کاکە (بارۆمی) خجڵنۆ**
**خەمێش بەرگم پەژارەش بۆ خەلاتم**
**- نەک تو پەرێش(دیڤۆنە)بێ، هەکلێت برە، بێگانە بی**
**تە پەی شەمەی (پەرڤۆنە) بی، پی تە نە داسۆتارەبە**
**- ئاڤـۆردەنم (زۆمـیـۆ)نیـۆن مـێـشـەم دەروون کـزێم (گیۆن)**

**یاران کجا مرهم کنم زخم نهان المستغاث**
**(جۆڤۆنیم) شێ، (مەزۆن) لاوکێ بەروو داد**
**خلل اندر اساس عمر افتاد ...**
**- چوار (پۆزێم ژمۆرێ) ساڵۆ ئەمریم**
**گهی با شادی و گاهی به ناشاد ...**

٤- مـادام سیـاسـەتی ئاشـوورییـەکـان بە پێی فـاکـتـە مێژووییەکان، سیاسەتی سڕینەوە بووبێ ئیـتر (ئور)ی ئاشووری و (ئۆمۆنی) مادی چۆن دەیانکرێ؟ لە حاڵێکدا کە چواردەورەکەی بە وشەی ئاشووری و نامێدی(تەتە و بڵ و ئەرارا و ئیـجیـجی و هەسـوون) تەنرا بێ؟! ئەمـە دوورە لە مـەنتـیـقی ڕەوتی مـێـژوویی و باری زمـانەوانی واژەکە و دەڤـەرەکـە و تەنگەتاو و گـوشاری سـیـاسـەتی شالاوگەری و فرێدانی ئاشوورییەکان!.

٥- ئۆرۆمۆن: ئۆر+ ۆ + مۆن بە جێی ئۆر+ ا + مان - ئورا + مـان - بۆ ئاسـانی خـوێندنەوە بووەتە : ئورامـان. هەروەها کـە لە سـروودی خـەزاندا، ئەم باسـەم کـردووە (ئور)م بە وشەیەکی ئاشووری بە مانای (شار) زانیوە و (مـان)یش پاشگری ناو شـوێن، ئێـسـتـاش بە پێی ئەم بەڵگە مـێژووییـە کە دەخرێتـە بەر دیدەی خوێنەر، دەڵێم (ئور) بە مانای حکوومەت و بنەماڵە و پادشاش بووە.

«ئور بۆ سـەردەمی پاشایانی بنەمـاڵەی سـێیـەمی ئور (٢١١٢-٢٠٠٤ پ.ز) دەگـەرێتـەوە کـە بنەمـاڵەیەکی فـەرمـانڕەوای سـۆمـەری بووە پایتـەختـەکـەی شـاری ئور (ur) یان (ئورا) بووە کە ئێستـا نزیک بەشـاری ناڤرتە لە باشـووری عـێـراقـدایە. لە کـۆی پێنج پاشـای ئەم بنەماڵەیە سێیـان هەموو لەشکرکێشییـەکانیان بۆ سەر ناوچەکـانی کـوردسـتـانی کـۆن بووە کـەم نەبێت بۆ سـەر عیلام و بیابانی ڕۆژئاوا.»(١١)

هەروەها «ئور(زانا) فـەرمانڕەوای مـوساسیـر بووە لەم سەردەمـەدا کە لە ناوچەی دەوروبەری ڕەواندزی ئێسـتـا بووە.(١٢)

بە وتەی مێژوونووسان کۆنترین نیشانەو ڕەگی جەژنی نەوروز کـە لە ئاسـیـــای ڕۆژئاوادا بەرچاو دەکـەوێ، دەگەرێتەوە بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەی (ئور)، کە ئاماژەمان کـرد چۆن هۆرامـانیـان داگیـر کـرد. لەو سـەروبەندەدا (هەزارەی سـێی پێش لە زایین) هەرسـاڵە لە هەوەڵی بەهاردا، جەژنێک پیرۆزکراوە، جەژنەکەش بریتی بووە: نێـوان خـواژنی ئاو(الهـة) و خـوای بارەوەری(Dumuzi خـوای «شـەهیـدکـراو» و «بەرەکـەت» لە شـارسـتـانیـەتی

(بابل) پێوەندی پیرۆزی هاوسەرێتی، دەهاتە ئەنجام، لەم مەراسیمەدا کاهینەی مەعبەد، لە جێی خواژن(الهة) و (شا)یش بە ناو خوای بارەوری (دوموزی) نەخشیان دەگێرا. هۆی پیرۆزکردنی ئەم ڕۆژە، بیرئانینی سەرکەوتنی (ئێ ئا، Eaیان ئێنکی، Enki، خوای بارەوری و سامان بەخشی و هێمای ئاوەز و داریکەری چارەنووس) بە سەر (ئەپسۆ، ئەپۆش، Apos) خوای وشکی و نەزۆکیدا بووە. ( Ea )، هەمان وشەی (ئەدا، Eda)ی هۆرامییە بە مانای دایک. یان کانی تاڤگەی (بڵ، Bil) لە هۆرامانـدا، توخمێکی بە جێماوی سۆمەری بووە(بەناو: بعل) بەمانای خوای ئاو و باران و زاووزێ کە لەگەڵ دێوی وشکی و نەزۆکیدا بە شەڕ هاتووە و شکستی پێ هێناوە. بە وتەی مێهردادی بەهار، ئەم جەژنە پاشان لە لایەن (بابل)یەکانەوە پاراستراوە و (Eda ئەدا و Enki) گۆڕدراون بە (مەردۆک)، دواتریش لە ئاوێستادا بوونەتە (تیشتەر و ئەپۆش). لێرەدا بە هێنانەوەی ئەم بەڵگە ویستم باری مێژوویی واژەی (ئور) لە دەستەواژەی (ئورامان)دا بچەسپێنم. بڕوانە کتێبی: جستاری در فرهنگ ایران، ن: د. میهردادی بەهار.

لێرەدایە کە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ، کە (ئور) نە تەنیا بەمانای شارە، بەڵکو بە بەڵگەی مێژوویی ڕوون کرایەوە؛ بە مانای حکوومەت و فەرمانڕەوایش هەیە.

(مان)یش کە بە پێی بەڵگەی خوارەوە دەردەخەین، پاشگری واتاداری (ناو) شوێنە و بەمانای یاگە و یانە و خانە و جێگە و نیشتنگەیە. پێکهاتەی هەردوو پاژەکە (ئۆرۆمۆن یا ئورامان)، لێکدراوەی خستنەسەری جێگۆڕکێیە (ترکیب اضافی مقلوب) وەک: گوڵاو = ئاوی گوڵ، شەتاو= ئاوی شەت، ڕەزاو، کتێبخانە= خانەی کتێب، کاروانسەرا= سەرای کاروان. ئورامان: یانێ ئورشوێن، شوێنی ئور، ئوریانە=یانەی ئورەکان یان ئورجێگا = جێگای ئور، نیشتنگەی ئور و تەختی ئور، ئێستاش بە گوندی هۆرامان دەڵێن هۆرامانی تەخت. تەختیش فاکتێکە بۆ فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی حکوومی لە هۆرامانـدا. نموونە بۆ دەستەواژەی هەور، هەورا + مان: نیشتمان، باتمان و... ئەم توخمە ڕێی تێدەچێ ئەمیش بە ڕەچەڵەک نامێدی بێ و پاشان وەک باقی وشەکانی تر، دزەی کردبێتە ناو زمانە ئارییەکان. ئەگەری، مانای ئور بە شاری مادەکان، کەی ڕێی تێدەچێ؟ ئەو کاتەی ئەم مانا بۆ پێش لە سیاسەتی ئاشوورییەکان و پێش لە کێومالییەکانیان بۆ هۆرامان و کوردستان بگەڕێنینەوە، ڕەنگە بە کوردستان بە گشتی وترابێ شار یان (وڵات)ی مادەکان، وەک ناوێکی گشتی، وەک: (ئێرانشەهر) بۆ تەواوی ئێران، بەڵام ئەمە تایبەت بە هۆرامان نییە. با هۆرامان خاوەن مێژوویەکی درێژ خایەن بووبێ، بەڵام بەشێکە لە وڵاتی مادی بچووک لە (کوردستان)، مێژوو پێمان دەڵێ «سەرزەمینێکی پانوپۆڕ کە ئێستا بریتییە لە ئازەربایجان، هەمەدان، کرمانشاهان، (کردستان) و قەزوێن و تاران و سپاهان و.. مادەکان لەم ناوچەدا جێ نیشتە بوون، هەمەدان و دەڤەرەکانی دەوروبەری ناسراوە بە مادی گەورە و ئازەربایجان (ئاتۆرپاتگان، ئازەری کۆن نە تورکەکانی ئێستا کە نیشتەجێی ئەم دەڤەرەن) و (کوردستان) و ... دەوربەری ناسراوە بە مادی بچووک.»(١٣)

**با ڕوویکەینە لای (مان) بزانین مانای چییە:**

١- لە فارسی کۆندا بە شێوەی مانیا (mania) هاتووە یانێ یانە، خانوو، سەرای.

٢- لە ئاوێستادا بە شێوەی نمانا (nmana) تۆمار کراوە یانێ: خانە، خانوو، یانە.

٣- لە پەهلەویدا بە شێوەی مان (man) هاتووە کە ڕێسای گۆڕانکاری دەبێتە یان و یانە و خان و خانە.

٤- لە فارسی ئەمڕۆدا (خان)ەیە و لەگەڵ یەکیشدا پێڕەو دەکرێن، دەڵێن خان و مان.

٥- لەو قاموسانەدا کە وەک ژێدەر ئاماژەیان پێدەکرێ بە شێوەی خوارەوە چاوگی (مان) تۆمار کراوە: مانیشن (manishn) و مانیشت (manisht) یانێ: یانەو مەنزڵ.

مانیان و مانیشتن: (دانیشتن و نیشتەجێ بوون) هەرلەم پێوەندییەدا واژەی چاوگی (مانیای، ماندوو، مانایۆ) سۆرانی و هۆرامی: شەکەت بوون و ماننەوە و نیشتە جێ بوون، جێ سەرنجە.

لە قاموسەکاندا نموونەیان هێناوە: اورامان و نموونەکانی تر: نیشتمان، باتمان، برزمان، فریمان، شلمان، کلمان، بیلمان،(کاغیزمان، ئادیەمان، تەکمان، لە کوردستانی باکوور) و... (١٤)

ژێدەر و سەرچاوەکان:

١- وەرزنامەی هەزارمێرد، ژ ١ ، ساڵی یەکەم ئابی ١٩٩٧، وتاری سیاسەتی ئاشوورییەکان لە کوردستانی کۆندا ل ١٧

٢- هەمان سەرچاوە ل٢٠

بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: chirshman.op.cit, p.115

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤

٤- ئامالی شارێکی گرنگی لۆلۆییەکان بووە کە زاماو پێتەختی ئەو میرنشینە بووە کە ئاراشتوا میری بووە بە ڕای سپایزێر Speiser لە هەمان گردی (نەمەڵ)ی ئێستای شارەزوورە.

٥- هەمان سەرچاوە ل ٢٥، ٢٧ luchenbill op.cit vol 1 p. 143. p. 441

٦- مەحموودپوور ڕەوف، زرێباری ژ. ٥٩-٥٨ ل . ٢٩٧، وتاری: «هۆرامان لە نێوان وەهمی دەنگۆ و سەرچاوە مێژووییەکاندا» وتارەکەی کاک ڕەوف، وتارێکی تۆکمە و کاکڵەدارە و وەک هەوڵێکی ئەرێنی بووەتە هاندەرو تەنانەت پاڵپشت بۆ ئەم وتارە. هەرچەند لەو وتارەدا، ئەو وشە نامێدی(ناکوردی) و نێوچۆمانیانە؛ بۆ چەسپاندنی مانای «ئۆرۆمۆن، هۆرامان» بە شاری مادەکان و سەلماندنی بەڵگەی مێژوویی و گرێدانیان بە دێرینە بوون و دەستە خوشک بوونی وشەی هۆرامانەوە، فاکتیزە کراون. ئەم دۆزە واتە سەلماندنی «ئۆرۆمۆن» بە شاری مادەکان، لەم سەروبەندەدا و لەم دۆخە مێژووییەدا کە ئاشوورییەکان ئاوا سیاسەتێکیان پێڕەوکردووە و ئەو وشانەی کە نووسەر بۆ چەسپاندنی دۆزەکەی هێناویەتی، هەم لەگەڵ بۆچوونەکەی خۆیدا بۆ مانای هۆرامان ناتەبایە و هەمیش لەگەڵ ئەم سەرچاوە بزماری و مێژووییانە کە لەم وتارەدا پشتیان پێ بەستراوە، ناهاوسەنگ و دژبەر دێنە نواندن. چۆن دەبێ لە ناوەندی ئەو واژانە(تەتە، بڵ، ئەرارا و ئیجیجی و هەسوون ...) کە ئاشووری و نامێدی ڕووتن، «ئوۆرۆمۆن» لە ناوەندیاندا بە مانای شاری مادەکان هاتبێ، ئەمە لە حاڵەتێکدایە بە بەڵگە سەلماندمان، کە سیاسەتی ئاشوورییەکانمان لە کوردستاندا چۆن بووە و چلۆن واژە و دەستەواژەی ئاشووری جێنشینی ئەو توخمانە، کراون.

٧- هەزارمێرد، ژ ١ ساڵی یەکەم ل ٢٠،

بڕوانە سەرچاوەی سەرەکی: luchenbill Arab, Vol.11, p.11-80-149

٨- بۆ زانیاری پتر بڕوانە: گۆڤاری زرێبار، ژ: ٥٩/٥٨ ل: ٢٩٣، ڕەوف مەحموودپوور، ئەو بۆچوونانەی لە مەڕ لێکدانەوەی دەستەواژەی هۆرامان کراوە، ئەمانەن:

(أ) شاری ئەمن و ئاسایش، سەفەریان کامل.

(ب) هورئاما واتە: جیا بوویەوە، لوقمانی ڕەحیم.

(ت) ئاورامانە، واتە: برسیمانە.

(ج) جێگای ئەهوورامەزدا، هۆرامانی محەمەد ئەمین.

(چ) هورمزگان، جڤێنی هەورەکان، ئاڤرۆمان و ... : (بۆچوونی دیتران)،

ئور(شار)+مان (پاشگری شوێن): بۆچوونی عادل محەمەدپوور، سروودی خەزان، ١٣٨١

کاک ڕەوف لە بەندی (پ)ێی ئەو بۆچوونە، هەڵە دەگرێ کە گوایە: من (هەور ئامان)م بە (هەور هات) مانا کردووەتەوە، بە ڕای نووسەر دەبوا (هەور هاتووە)م مانا بکردابا. من لەو کتێبەدا نەمویستووە بە تێروتەسەلی لە سەر وشەی هۆرامان بڕۆم، چونکەی جێگای ئەو باسە لەوێدا، تەنیا پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی پەراوێزی خێرا بووە، وێڕای ئەمە، کەسێک تۆزقاڵێ ڕێزمانی خوێند بێ دەزانێ: کەسێک لە دۆخی ئێستادا، بە تێڕامانەوە، شاهێدی بەرزبوونەوەی دیمەنی هەورەکانە -ئەویش لە سروشتی هۆراماندا- (یان هەر هەرمانێکی تر)، ناڵێ: هەور هاتووە، بەڵکو دەڵێ: هەور هات، هەورەکان بەرز بوونەوە، کرداری بە ڕواڵەت ڕابردوو، بە مانای پەیامی دۆخی ئێستا بەکار دەبات. کەسێک چاوەڕێی هاتنی ئوتوبووسێکە، ناڵێ: ئوتوبووسەکە هاتووە، بەڵکو دەڵێ: ئوتوبووسەکە هات، ڕواڵەتی دۆخ: ڕابردوو، بەڵام پەیام: دەرکی کارەسات، ئێستا. لێرەدا مەبەست پشتگری لەو مەدلوولە بۆ دالی هۆرامان نییە، بەڵکو لێکدانەوەی باری ڕێزمانی دۆخەکەیە.

٩- دیوانی سەیدی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردوخی ل١٣ .

١٠- زرێبار، گۆڤار، ژ. ٥٨ - ٥٩ .

١١- وەرزنامەی هەزار مێرد، ژ ١ ، ساڵی یەکەم، ١٩٩٧ .

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، پەراوێز ل٣١، لێرەدایە کە هەڵەی نووسەری: هۆرامان لە... دەردەکەوێ، وایزانیوە ئور تەنیا بەمانای شارە، وەک بە بەڵگەی مێژوویی ڕوون کرایەوە؛ بە مانای حکوومەت و ناوی فەرمانڕەواییش هەیە.

١٣- زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی ، تاران، ٢٥٣٦ ل ٣١٤ .

١٤- بڕوانە: قامووسگەلی: دهخدا، معین، برهان قاتع، لغت فرس اسدی، انندراج و...

١٥- بەهار د. میهرداد، جستاری چند در فرهنگ ایران.

# مەرگی مرۆڤ لە وەرینی گەڵاکاندا
# شیعری (ژەنەڕاڵی پاییز) وەک نموونە

**عەتا قەرەداخی**
**(سلێمانی)**

ئێمە پێشتر لە لێکۆڵینەوەیەکماندا سەبارەت بە شیعری نوێی کوردی گوتمان محەمەد عومەر عوسمان هەرچەندە شاعیریکی کەم بەرهەمە، بەڵام لە جوگرافیای شیعری کوردیدا دەنگێکی دیار و خاوەن شوناسی تایبەت بە خۆیەتی. هەروەک ئەزموونی ئەم شاعیرە ئەو بۆچوونە ئاوەژوو دەکاتەوە کە نوێگەری پێویستی بە زمانی ئاڵۆز و بە تێکشکاندنی زمانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم لە شێوازێکی تەقلیدیانەدا گرنگترین پرسیار و مەودا و قووڵترین جیهانبینی بەرهەم دەهێنێت. جیهانبینییەک کە پەیوەستە بە بوون و ماهیەتی مرۆڤەوە لەم گەردوونەدا. هەروەک لەو باسەدا ئاماژەشمان بۆ ئەوە کردووە کە محەمەد عومەر عوسمان میراتگری ئەو ئاراستە جیهانبینییەیە لە شیعری کوردیدا کە مەحوی پێشەنگی بووە، بەڵام جیاوازی نێوان ئەم شاعیرەی ئێستامان و ئەوی پێشوومان ئەوەیە کە یەکەمیان واتە مەحوی بە شێوازی کلاسیک و بە زمانێکی ئاڵۆز ئەو جیهانبینییەی بەرهەم هێناوە لە کاتێکدا محەمەد عومەر بە شێوازێکی بێ گرێ و بە زمانێکی سادە، بەڵام بارگاوی کراو بە ماناو دەلالاتی چڕو قووڵ ئەو جیهانبینییە بەرهەم دەهێنێت. خاڵێکی تر کە مایەی لەسەر وەستانە سەبارەت بەم شاعیرە ئەوەیە کە بەگشتی دەقەکانی دەقی زیندوون، ئەوەش وادەکات سەرباری کەمی بەرهەمەکانی ئامادەبوونی لە ڕوانگەی زیندوویی دەقەکانییەوە بکەوێتە پێشی هەندێ شاعیری دیاری ئێمەوە کە ساڵانە بەرهەمی شیعری خۆیان چاپ و بڵاو دەکەنەوەو پاش تەمەنێکی دووروودرێژی نووسینیش هێشتا هەر بەردەوامن لە نووسین و بڵاوکردنەوە، بۆیە جێگای خۆیەتی بەو چاوە سەیری ئەم شاعیرە بکەین کە بە جوانی لە گەوهەر و ماهیەتی شیعرو داهێنان تێگەیشتووەو ئەوەش وای لێکردووە کە بە بەرپرسیارێتییەوە سەیری شیعر بکات و لە شیعر بڕوانێت و شیعر بنووسێت.

ژەنەڕاڵی پاییز یەکێکە لە شیعرە دیارەکانی ئەم شاعیرە. لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی ئەم شیعرە بکەین بە لەبەر گرتنی میتودی ڕەخنەی تەواوکاری کە ئێمە لە زۆربەی ئەو کارانەی لەسەر شیعر کردوومانە پەیڕەوی بنەماکانی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییەمان کردووە ئەویش لەسەر بنەمای بڕوا بوون بەو ڕاستییەی کە ئەم

ڕێبـازە بـوار دەدات بە خـوێندنەوەی هەمـە لایەنەی دەق. ئەگەر سەرنجی ناوونیـشانی ئەم شیعرە بدەین (ژەنەڕاڵی پاییـز) ئەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ئەم ناوونیـشـانە ناوونیــشــانێکی نائاســایی، یان نامــەئلووفــە لەو ڕوانگەیەوە کە ژەنەڕاڵ پلەیەکی بالای سەربازییە، بەڵام لێرەدا بووەتە ناوونیـشانی شیـعـر. کەواتە دەبێ ئەو پاڵنەرە چی بێت کـە وای لە شـاعـیـر کـردبێت ناوونیـشـانێکی سـەربازی بۆ شـیـعـرێکی ناسک و هەستـیـاری خۆی هەڵبـژێرێت؟ ئایا دەشێ وەهای لێک بدەینەوە کـە شـاعـیـر مـەبەسـتی لە هەڵبـژاردنی ئەو ناوونیـشـانە بڕوابوونی بێت بەوەی کـە شـیـعـرەکـەی لە ئاستێکی هێجگار بەرز دایە بە جۆرێک ئەگەر شیعری ئاسایی بە سەرباز بشوبهێنرێت ئەوە ئەم شیعرەی ئەم لە چاو سەربازدا لە ئاستی ژەنەڕاڵدایە. هەروەک لە لایەکی ترەوە ئەم شاعیرەی ئێمە وەها خۆی پێشکەش کردووە کە شاعیری پاییزە، کەواتە دەشێ لەم شیعرەیدا هەست بەوە بکات کـە سـەرۆک، یان سـەرکـردەو ڕابەری ئەم وەرزەیە. ئەمەش لە دوو ئاراستەوە سەرچاوە دەگرێت. یەکەمیـان دەشێ لە ناخی خۆیدا هەست بکات کە هەرچۆن پاییز بە وەرزی خەم و مـاتەمی و گەڵاڕێزان دادەنرێت، ئەمیش لە خۆیدا هەست بەوە بکات کە خەم و ماتەمی و گەڵاڕێزان زیاتر لەو ئاسـتـەی کـە پاییـزیان داگـیـر کـردووە، بوونی ئەمیـان داگـیـر کـردووە، هەر بۆیە هەست دەکـات کـە ئەم سەرکردەی ئەو پاییزەیە کە ئێمە بە شێوەیەکی سروشتی دەیبینین. دووەم ئەگەر لە ئاستی دەرەوەدا سەیری بکەین ئەوە بە ڕوانین و هەستی خۆی بەرانبەر بە خۆی هەر چۆن پاییـز بە وەرزی کـۆتایی و بەرەو مـردن دادەنرێت ئەوە ئەمـیـش لە بوون و گـەوهەری خـۆیدا هەست دەکـات لە هەمووان نزیکترە لە مردنەوە، بەوەش وەک شای پاییزی لێـدێت. بە مـانایەکی تر ناوونیـشـانی ژەنەڕاڵی پاییـز مانای گەورەیی و بالا بوونی ئەم کەسێتیە نیشان دەدات لە چاو پاییـزدا ئەمـیش لەسـەر بنەمـای ئەو خـاسـیـەتە پاییـزیانەی کـە هەیەتی بە جـۆرێک کـە دەیگەیەننە ئاستێک خۆی لە سەرووی وەرزی پاییزەوە ببینێت.

ئەگەر لە ڕوویەکی ترەوە سەیری چەمکی پاییز بکەین ئەوە دەزانین کـە پاییـز لە ڕوانینی خـەڵکەوە هاوشـانە لەگـەڵ چەمکی غـوربەت و نامـۆبووندا کە دوو چەمکی نزیـک لەیەکن، بەڵام هەریەکـە ڕەهەندی فـەلسـەفی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە کە بەگشتیش پەیوەستن بە بوونی مرۆڤەوە. بەواتا دەتوانین بڵێین غـوربەت و نامۆبوون لەو ڕوانگەیەوە کـە لە ڕووی بەرهەم هاتنەوە پێـوەندییـان بەپاییـزەوە هەیە لە هەمـان کـاتدا پەیوەستن بە بوونی ئەنتۆلۆژیانەی مـرۆڤـەوە، بۆیە لە بارێکی وەهادا جۆرێک لە هاوشێوەیی لە نێوان مرۆڤ و پاییزدا دروست دەبێت. کـاتێ شـاعـیـر خـۆی وەکـو ژەنەڕاڵی پاییـز، واتە سەروەرو سـەرکـردەی پاییـز نیـشـان دەدات، ناڕاسـتـەوخـۆ پێـمـان دەڵێت کـە ئەو خـۆی وەکـو مـرۆڤـێکی بالاتر دەبینێت لە چاو ئەوانی تردا کـە دەشێ لە ناخی خـۆیداو بەو هەمـوو خەمە پاییـزییـەوە کـە هەڵیگرتووە هەست بکات ئەم لە ڕووی هەستکردن و بەتەنگەوە هاتنی مرۆڤایەتییەوە لە سـەرووی ئەوانی ترەوەیە ئەوەش وای لێبکات کـە هەست بکات ئەم لەچاو مـرۆڤـەکـانی تردا مـرۆڤـێکی بالاترە. بەواتا دەتوانین بڵێین ژەنەڕاڵی پاییـز ژەنەڕاڵی مـرۆڤـەکـانیـشـە، بەڵام لەسـەر بنەمـای بوونی دەسـەڵاتێکی زیاتر نا لە چاو ئەوانی تر، بەڵکو لەسـەر بنەمـای هەست بە ئینسـانی کـردنێکی زیاتر و بەتەنگەوە هاتنی زیاتر بۆ خـودی مـرۆڤ و بۆ کـێـشـەو ئازارەکـانی و بۆ چـارەنووسی



محەمەد عومەر وەسمان

نادیار و ونی.

**منم ژەنەراڵی پاییز..**
**منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو**
**ژەنەراڵم.. ژەنەراڵی هەزارەها داری ڕووت و**
**ملیارەها گەڵای وەریو**

شاعیر لێرەدا خۆی دەناسێنێت و بێ هیچ بەربەستێک شوناسی خۆی ئاشکرا دەکات و پێمان دەڵێت ئەوە منم و هیچ ڕوویەکی شاراوەم نییە. من ژەنەراڵم، بەڵام ژەنەراڵێکی سەربازی نێو مەیدانی جەنگ نا، بەڵکو ژەنەراڵی نێو جوگرافیای خەم و غوربەت و نامۆبوون. ژەنەراڵی هەڵگرتنی هەموو مەینەتییەکانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەم ژەنەراڵە هەمیشە لە بارێکی ناجێگیرو شلۆقدا دەژی، ئەمەش دەریدەخات کە ژەنەراڵێکی ئاسایی نییە، بەڵکو مرۆڤێکی هەستیاری ئەوتۆیە کە هەرگیز ئۆقرە ناگرێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەو وەسفەی شاعیر بۆ کەسێتی ژەنەراڵ بریتییە لە وەسفکردنی کەسێکی نیگەران و گومانکەر لە هەموو شتێ کە ئەوەش لە کەسێتی داهێنەردا بەرجەستە دەبێت. واتە ئەوەی کە شاعیر وەسفی دەکات کەسێتییەکە کە خەمی داهێنانی هەیە نەک کەسێتییەکی سەربازی کە وەکو هێمایەکی دەسەڵات جۆرێک لە یەقین و دڵنیایی هەیە بەرانبەر بە شتەکان بە خودی ژیانیشەوە. ئەم وەسفی ژەنەراڵێتی خۆی لە بوونی دەسەڵاتدا ناکات بە جۆرێکی ئەوتۆ کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەوانی تردا جێبەجێ بکات، بەڵکو ئەم ژەنەراڵی ئەو وەرزەیە کە هەزاران داری ڕووت و ملیۆنان گەڵای وەریو ڕەعیەتی ئەمن و ئەم لە بری ئەوەی کە لە ڕێگای جێبەجێ کردنی دەسەڵاتەوە توندوتیژی بەرانبەر بە ڕەعیەتەکەی بەکار بهێنێت، لەگەڵیاندا ئازار دەچێژێت و دەگری و فرمێسک دەڕێژێت بە جۆرێک کە بۆمان دەردەکەوێت ئەم گەورەیی قەوارەی خەم و ئازارەکانی بۆ ڕووتبوونەوەی درەختەکان و بۆ وەرینی گەڵاکان پلەی ژەنەراڵێتییان پێبەخشیوە کە ئەمەش پەیوەستبوونی ڕوحی و ئەخلاقی ئەم بەرانبەر بە ڕەعیەتەکەی دەردەخات و ژەنەراڵێکە جیاواز لە هەموو ژەنەراڵەکانی ئەم سەر زەمینە. لە کاتێکدا هەموو ژەنەراڵەکان بە شێوازێکی توندوتیژی سەربازانە ڕەفتار دەکەن و نەک بۆ وەرینی گەڵای درەختەکان و بۆ ڕووتبوونەوەیان خەم ناخۆن و فرمێسک نارێژن، بەڵکو پلەو پایەی خۆیشیان لە جێبەجێ کردنی توندوتیژی و سەرکوتکردنی ڕەعیەتەکانیاندا بەدەست دەهێنن.

ئەوی شاعیر لە ئاشکراکردنی شوناسی ڕاستەقینەی خۆیدا بۆمان ئاشکرا دەکات ئەم نەک بۆ مەرگی مرۆڤ و بۆ ئازار و مەینەتییەکانی ئازار دەچێژێت و خەم دەخوات، بەڵکو بە جۆرێک هەستیارە کە ئازاری وەرینی گەڵای درەختەکان و ڕووتبوونەوەیان کاری لێدەکات و خەمیان بۆ دەخوات. هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین لە کاتێکدا کە ئەم خۆی وەکو ژەنەراڵی پاییز پێشکەش دەکات ئازارەکانی لە ئازارەکانی پاییز بۆ ئەو دیاردانە زیاترەو هەر چۆن مرۆڤی هەستیار بە دیار مەرگی مرۆڤایەتییەوە دەگری، ئەمیش بە هەمان شێوە بە دیار وەرینی گەڵاکانەوە دەگری و ئەوەش وای لێدەکات کە خۆی بخاتە سەرووی پاییزەوە لە کاتێکدا کە پاییز وەکو هێمای خەم و نامۆیی دەناسرێت، ئەم خۆی لە سەرووی پاییزیشەوە دەبینێت لە خەم خواردندا، هەر بۆیە وەکو ژەنەراڵی پاییز خۆی نمایش دەکات.

**منم ژەنەراڵی پاییز..**
**کاسکێتەکەی سەرم هەورەو**
**ئەستێرەکانی سەر شانم چەن گەڵایەک بە ڕەنگی زیو**
**پاڵتۆی بەرم کزە بایەو**
**شمشێرەکەم لقی درەختێکی ڕزیو**

شاعیر وەکو ژەنەراڵێکی سەربازی وێنای خۆی دەکات و سەرجەم ئەو نیشانانەی کە لە ڕووکەشدا ژەنەراڵێکی سەربازی پێدەناسرێنەوە بەرجەستە دەکات، بەڵام هەموویان لەو ڕەگەزانەی سروشت وەردەگرێت کە پەیوەستن بە پاییزەوە. گەڵای ڕەنگ زیوینی درەخت دەبێتە ئەستێرەکانی سەرشانی، کزەبای پاییز لەبەر دەکات و لقی درەخت دەکات بە شمشێر. ئێستا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە شاعیر بە جۆرێک پەیوەست و عەشقی پاییزە کە دەیەوێت لە ڕێگای بە ئامراز کردنی توخمەکانییەوە بەرجەستەی شوناسێک بۆ خۆی بکات و ببێتە هاوشێوەی پاییز، یان تەنانەت وەکو دەقەکە بەرجەستەی دەکات ببێتە ژەنەراڵی پاییز. شاعیر لێرەدا وێنەی پاییزمان لە شێوەی مرۆڤێکدا بۆ وێنا دەکات، یان بە ئاراستەیەکی پێچەوانە خۆی وەکو مرۆڤ لە شێوەی پاییزدا وێنا دەکات. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت: ئایا بە ڕوانینی شاعیر و لە سنووری

دەقەکەدا چ پێوەندییەک لە نێوان مرۆڤ و پاییزدا هەیە؟ ئایا دەشێ وەهای بۆ بچین کـە هەمـوو مـرۆڤـەکـان هاوشێوەی ئەو کەسێتییەی کە شیعرەکە وێنای دەکات سروشتێکی پاییـزییـان هەیەو لە لایەک هەستیـار بن و لەلایەکی تریشەوە هاوشێوەی پاییز ڕەنگ زەردو خەمبارو لاوازبن و هەمیـشـە وەکـو گـەڵای درەختـەکـانی پاییـز لەبەردەم مـەترسی وەریندا بن و لە ناخی خـۆیشـیـاندا هەست بەو مـەترسـیـیـە بکەن کـە هەڕەشـە لە ژیانیـان دەکات؟

بێ گـومـان ئەگـەر لە ڕووکـەشـدا سـەیر بکەیـن دەشێ وەهای ببینین کە بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکان ئاسوودەبن و بە دەم ژیانەوە پێـبکەنن و بە هیـوای گـەیشتن بە سبەینێیەکی گەش گۆرانی بڵێن، سەرباری ئەوەش وەها خۆیان نمایش بکەن کە بە دڵنیایی و یەقینێکی تەواوەوە بەرانبەر بە چارەنووسی خـۆیان دەژین، بەڵام ئەوەی کـە محەمەد عـومەر عوسمان لەم دەقەدا بەرجەستەی دەکات ڕاسـتـیـیـەکی پەردە لەسـەر نراوە کـە مرۆڤ بوێری ئەوەی نییە بێ پەردە وەکو ئەو وێنای بکات، یان دەری ببڕێت. ئەو بە ڕوانینی نـاسک و زۆر هەسـتـیـاری خـۆی چۆن شـتـەکـان دەبینێت و چۆن لێـیـان تێـدەگـات بەو ڕاستگۆییەوە بەرجەستەیان دەکاتەوە. کە پێمان دەڵێت مـرۆڤ ئەو ئافـریدە بێ دەسـەڵاتە بووە کـە نەک ناتوانێت پاییز لە بوونی خۆیدا ڕەت بکاتەوەو ڕێگا لە هەڵوەرینی خـۆی بگرێت، بەڵکو ناتوانێت هیچ گـۆڕانکارییـەک لە چارەنووسی خـۆیدا بکات، بەڵکـو ئەمی مـرۆڤ بوویەکی قـەدەرییـەو لە شـوێنێکی ترەوەو لە دەرەوەی خۆی بڕیاری بۆ دەدرێت، هەر ئەمـەش هۆکـاری سـەرەکـیـیـە بۆ ئەوەی مـرۆڤ بە گـشـتی لە بەردەم ڕەشـبـینی و چارەنووسـێکی نادیاردا ڕابگرێت. ئەم وەکـو شـاعـیـر لەم ڕاسـتـیـیـە تێدەگات و دەزانێت شوناسی خۆی چییەو توانای چەندەو چی بۆ دەگۆڕێت و لە بەرانبەر چیشدا دەستەو سانە، هەر بۆیە بە باشی لە گەوهەر و ماهیەتی خۆی تێدەگات و لە بری ئەوەی کە هەر ڕێگایەکی شیاوی وەهمی هەڵبژێرێت دێتـە ناو قـووڵایی ئەو ڕاسـتـیـیـەوە کە پەی پێدەبات و دەیەوێت لەوێدا لەو جـوگـرافـیـایەدا بوونی خـۆی بسـەلمێنێت. ئەوەتا دەبێـتـە ژەنەراڵی پاییـزو هەمـوو پێـداویسـتی و ویسـتـەکـانی خـۆی لە سنووری ئەو جـوگـرافـیـایەدا وەسف دەکـات و هەوڵدەدات دابینیـان بکات. لەو ئاقـارەشـدا سـەرکـەوتن بە دەست دێنێت و بەلایەنی کـەمـەوە دەبێـتـە ئەو شـاعـیـرەی کـە هەڵگری جیهانبینییەکی پاییزییە بەو مانایەی کە پاییزی ڕەنگ زەردبوون و هەڵوەرین چارەنووسێکە لە بەردەمی هەمـوو مرۆڤایەتیدا و کەس ناتوانێت لێی یاخی بێت، هەرچەندە زۆرینەی مـرۆڤـایەتی تا ئەو کـاتەشی کـە دەمـرن دان بەو ڕاستییەدانانێن، بەڵام محەمەد عومەر لە بوونی خۆیدا ئەو شـاعـیـرەیە کـە پێی وایە مـرۆڤ خـاوەنی خـەمـێکی ئەزەلییە، ئەو خەمەش لەگەڵ دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت و هاتنیـان بۆ سـەر زەوی لە دایک بووەو تا ژیانیش بمێنێت ئەو خـەمـە بەردەوام دەبێت ئەویش لە لایەک خـەمی دۆڕاندنی بەهەشـتـە لە لایەکی تریشـەوە خـەمی نەگـەیشـتنەوەیە بەو بەهەشـتـە دوای ئەوەی کـە مـرۆڤ هاتە سـەر زەوی و پێـوانەو بنەمـا دانرا بۆ ئەوەی بتـوانێت جـارێکی تر بچێتەوە بەهەشت. هەروەک دەشێ بەشـێکی ئەو خـەمـەش گـومـان کـردن بێت لە چارەنووسی مـرۆڤ لە دوای مـردن بەوەی ئایا ژیانێکی تر هەیە، یان مرۆڤ یەک جار دەژی و ئیتر کۆتایی دێت. ئەم شاعیرەی ئێمە بە باشی لەو خەمە ئەزەلییەی مرۆڤ تێدەگات و بە هۆشیـاریشـەوە سەیری دەکات و خـۆیشی فـریو نادات بۆ ئەوەی خـۆی لێ بشـارێتـەوە. نەخێـر، بەڵکـو بە ئاگـاوە مـامـەڵە لەگـەڵ ئەو خـەمـەدا دەکـات و هەوڵیش دەدات پایەیەک بێت لەو دنیـایەدا کـە ناوی دنیـای پاییـزو هەڵوەرین و خـەم و نیـگەرانییـە ئەوەش وای لێ دەکـات ببێتە ژەنەراڵی پاییز.

**منم ژەنەڕاڵی پاییز..**
**درەختی ڕووت ئەم نازناوەی خەڵات کردم**
**منیش نازناوی شەهیدم دا بە گەڵای هەڵوەریو.. و**
**کردمە تاکە ئازیزم**
**لە یەک ساتا خۆم کۆرپەی گەڵاڕێزان و**
**هەر خۆشم باوکی پاییزم**

ئەوەی لە بارەی بەخـشـینی نازناوەوە بە تایبـەتی نازناوی پەسـەند کـە لەسـەر زەمـینەی واقـیع دەیبـینین ئەوەیە کـە کـەسـانی خـاوەن دەسـەڵات و پلەو پایە ئەو نازناوانە دەبەخشن، بەڵام ئەم شاعیـرەی ئێمـە درەختی ڕووت نازناوی ژەنەراڵی پاییـزی پێدەبەخشێت. ئەمەش بارێکی جیـاوازە لەگـەڵ ئەوەی کـە لە واقـیـعدا هەیەو شاعیر لە بری ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکات کە دەسەڵات

و هێــمــاکــانی دەســەڵات نازناوی پێ ببـەخـشن بە شانازییەوە لەوە دەدوێت کە درەختی ڕووت ئەو نازناوەی پێبەخشیوەو وەکو خەڵاتیش باسی نازناوەکە دەکات لە کـــاتێکدا خـــەڵات بە لای زۆرینەی خـــەڵکەوە بە داهێنەرانیشەوە بریتییە لە خەڵاتی مادی، بەڵام لای ئەمی شاعیر، خەڵات ئەو نازناوەیە کە ئەو درەختانەی کە پاییز ڕووتی کردوونەتەوەو گەڵاکانی لێسەندوونەتەوە پێی دەبەخشن.

لە ڕاستیشدا دەشێ تەنیا ئەو درەختانە مافی ئەوەیان هەبێت کە نازناوی ژەنەڕاڵی پاییز ببەخشن کە هەموو پاییزێک ئەمان لەو بەرگە سەوزە جوانەی هەیانە ڕووت دەکرێنەوەو بە ڕووتی دەخرێنە بەر سەرمای زستان و دەبێ بە خۆڕاگری و بێ هیچ نارازی بوونێکیش بەرەو ڕووی سەختی و ئاڵۆزی ئەو سەرمایە ببنەوە. ئێمە دەزانین مرۆڤ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرمای وەرزی زستان بەرگی ئەستوور دەپۆشێت، بەڵام درەختەکان پێش ئەوەی وەرزی سەرما بێت، پاییز بەرگیان لێدەسێنێتەوە، کەواتە درەختە ڕووتەکان ئازاری سەخت بە دەست سەرمای زستانەوە دەچێژن، هەرئەوەش ئەو ڕەوایەتییەیان دەداتێ کە بتوانن نازناوی ژەنەڕاڵی پاییز بە ئەمی شاعیر ببەخشن. لێرەدا درەختەکان سیفەتی مرۆڤیان پێبەخشراوە، ئێمە وەک دیاردەیەکی باو لە نێو ئەدەبی کوردی و جیهانیشدا ئەوە دەبینین کە زۆربەی کات خاسیەتی بە شتبوون بە مرۆڤ دەبەخشرێت ئەویش بۆ نیشاندانی ناکارایی و بێ توانایی مرۆڤ، بەڵام لێرەدا درەختەکان خاسیەتی مرۆڤیان پێ دەبەخشرێت. کەواتە ئەو پاڵنەرەی لە پشتی ئەم پرۆسێسەوەیە چییە؟ ئایا ئەم جوولە ئاراستە پێچەوانەیە چ لێکدانەوەیەکی بۆ دەکرێت پەیوەست بە پایەو چارەنووسی مرۆڤ؟ ئایا بەخشینی سیفەتی مرۆڤ بە درەخت بەرزکردنەوەی درەخت بۆ ئاستی مرۆڤ نیشان دەدات، یان بە پێچەوانەوە نزم بوونەوەو دابەزینی پایەو پێگەی مرۆڤ بۆ ئاستی درەخت نیشان دەدات؟

بێ گومان لە ئاستی قووڵی دەقەکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جۆرێک لە هاوشانی کردن لە نێوان درەخت و مرۆڤدا هەیە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە نا کە پایەو پێگەی مرۆڤ دابەزێنرێت بۆ ئاستێکی خوارتر کە گوایە ئاستی درەخت، یان هەر ڕەگەزێکی تری نێو سروشت بێت، بەڵکو ئەوەی لە ئاستی قووڵی دەقەکەدا دەبینرێت ئەوەیە کە شاعیر نەک هەر وەکو بوویەکی بە نرخ و گرنگ و پڕ بەها سەیری مرۆڤ دەکات، بەڵکو درەخت و سەرجەم توخم و ڕەگەزەکانی تری ناو سروشتیش بەگشتی بە گرنگ و پڕ بەها دەزانێت و بە تایبەتیش توخم و ڕەگەزەکانی پاییزی زۆر لەلا پڕ بایەخ و گرنگە. هەر ئەو ڕوانینەشە وای لێدەکات کە درەخت و توخمەکانی تری سروشت و پاییز بە تایبەتی بهێنێتە ئاستی مرۆڤ. ئەوەش بەو مەبەستە نییە لە پلەو پایەی مرۆڤ کەم بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بەهای بەرزی مرۆڤ بەپاییزو سروشت و هەموو ئەو گەردوونە ببەخشێت کە بە بێ بوونی مرۆڤ هیچ مانایەکیان نییە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت ئەگەر بە ڕاست دەمانەوێت بەهای ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ بگێڕینەوە، ئەوە دەبێ بەها و ڕێز بەو زەمینەو سروشتە، یان بەو ژینگەیە ببەخشین کە مرۆڤی تێدا دەژی بە هەموو توخم و ڕەگەزەکانییەوە کە بە ڕوانینی شاعیر گەوهەرو ماهیەتی سروشت و سەرجەم ڕەگەزو توخمەکانی بە درەخت و هەموو ئەوانی تریشەوە لە پاییزدا بە تەواوی دەردەکەوێت، چونکە لەم وەرزەدا نەک هەر زۆرینەی درەختەکان، بەڵکو سروشت بە گشتی ڕووت دەبێتەوەو دەچێتەوە سەر ئەسڵی خۆی و هەموو دەمامک و پەردەکان فڕێ دەدات. لە پشتی ئەم بۆچوونەشەوە ئەو تێڕوانینە بەرجەستە دەبێت کە ئەگەر مرۆڤەکانیش هەموو وەکو درەختەکانی پاییز هەموو دەمامک و ڕووپۆشەکانیان فڕێ بدایە، ئەوە گەوهەرو ماهیەتیان دەردەکەوت و ئەوساش دەشیا بە ڕاستی وەکو ئەوی ژەنەڕاڵی پاییز خۆیان بناسیایەو بێ ترس و بێ هیچ دوو دڵییەک گوزارشتیان لە ڕووتی و بێ دەسەڵاتی و ناکارایی و چارەنووس نادیاری خۆیان بکردایە، ئەگەر بیانتوانیایە وەکو ئەوی شاعیر چارەنووسی ون و نادیاری مرۆڤایەتییان ببینیایەو لەوەش تێبگەیشتنایە کە چۆن مرۆڤ هەمیشە لەبەردەم مەترسی گەورەی لەناوچووندا ترس دایگرتووەو چۆنیش ناتوانێت هیچ گۆڕانکارییەک لە چارەنووسی تەمومژاوی خۆیدا بکات.

لە کاتێکدا کە درەختی ڕووت نازناوی ژەنەڕاڵی پاییز بە ئەم دەبەخشێت، ئەمیش لە بەرانبەردا نازناوی شەهید بە گەڵای وەریوی درەختەکان دەبەخشێت. دیسان شاعیر

سیفەتی مرۆڤ بە گەڵای درەختەکان دەبەخشێت، نەک سیفەتی مرۆڤی ئاساییش، بەڵکو سیفەتی مرۆڤی باڵا، واتە ئەو مرۆڤانەی کە خۆیان لە هەموو خاسیەتێکی ئیگۆیزمی ڕووت دەکەنەوەو گیانی خۆیان دەبەخشن و شەهید دەبن. واتە شاعیر بەهایەکی هێجگار گەورە بە گەڵای وەریوی درەختەکان دەبەخشێت کاتێ نازناوی شەهیدیان دەداتێ، ئەمە لە ئاستێکی تردا ڕوانینی ئەو بۆ وەرزی پاییز نیشان دەدات و ئەوەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە ئەو وەرزەی زۆر بەلاوە پڕ بایەخەو هەموو ئەو ڕەگەزو توخمانەی کە پێوەندییان بەم وەرزەوە هەیە بە درەخت و گەڵای وەریوو سروشتی ڕووت و کزەبای ساردییەوە هەموویان وەکو بەشێک لە بوونی خۆی وەسف دەکات و سەرئەنجامیش پەیوەستبوونی ئەم بەم وەرزەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە درەختە ڕووتەکانی پاییز نازناوی ژەنەراڵی پاییزی پێ ببەخشن، واتە پاییزی بوونی ئەم لە ئاستی پاییزی بوونی وەرزی پاییز بەرزترە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەگەر پاییز هێمای ماتەمی و خەم و هەڵوەرین بێت کە ئەمانەش لە ناوەرۆکدا خاسیەتەکانی مەرگن واتە پاییز لە گەوهەردا هەڵگری ڕوحی تاناتۆسیانەیە، ئەوە ئەمی ژەنەراڵی پاییز دەبێتە ئەو کەسێتییە بەرجەستەکراوە کە سەرجەمی ئەو خاسیەتە تاناتۆسیانەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە.

کاتێ ئەمی ژەنەراڵی پاییز سیفەتی شەهید بە گەڵا وەریوەکان دەبەخشێت هاوکات ڕایدەگەیەنێت کە ئەو گەڵا وەریوەکانی کردووە بە هاوڕێی ئازیزی خۆی. لێرەدا ئەگەر گەڵای وەریو هێمای شەهید بێت و ئەمیش هاوڕێی ئازیزی ئەو گەڵایانە بێت، ئەوە لە ئاستێکی تردا ئەمی ژەنەراڵی پاییز دەبێتە هاوڕێی شەهید. ئەمەش زیاتر خاسیەتی پاییزی بوونی ئەوی ژەنەراڵ دەردەخات ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکەین کە پاییز هێمای خەم و غوربەت و مەرگەساتە، واتە لە گەوهەردا هاوشێوەبوونێک هەیە لە نێوان ژەنەراڵی پاییز و شەهیددا. ئەویش ئەوەیە لە کاتێکدا ئەوی شاعیر دەبێتە ژەنەراڵی پاییز، واتە پلەوپایەیەک بەدەست دەهێنێت کە لەسەرووی پلەوپایەی پاییزەوەیە، هەروەک پلەوپایەی شەهیدیش بەرزترین پلەوپایەیە کە بشێ مرۆڤ پێی بگات، یان بەدەستی بهێنێت.

ئەمی ژەنەراڵی پاییز سەرباری ئەوەی کە ئەو پلەوپایە بەرزەش وەردەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێی وایە کە لە یەک کاتدا کۆرپەی گەڵاڕێزان و لە هەمان کاتیشدا باوکی پاییزە کە دەتوانین بڵێین پلەی ژەنەراڵ و باوک دەشێ هەر هەمان شت بگەیەنن. لێرەدا شاعیر بەشێوەیەکی زۆر شارەزایانەو لە دەربڕینێکی شیعریدا هەمان ئەو بۆچوونەی شاعیری ڕۆمانسی سەدەی نۆزدەیەمی ئەدەبی ئینگلیزی ولیەم ۆردزۆرس دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێت: منداڵ باوکی پیاوە

The Child Is The Father of The Man

کە زۆرێک لەوانەی کە لەسەر ئەم دێرە شیعرەی ئەم شاعیرە قسەیان کردووە کە لە ڕاستیشدا ناوونیشانی شیعرێکیەتی پێیان وایە گەوهەری فیکر و جیهانبینی ئەم شاعیرە لەم دێرەدا کۆدەبێتەوە کە ئەویش بەچەند ئاراستەیەک لێک دەدرێتەوە کە گرنگترینیان ئەوەیە ئەوەی ئەمرۆ منداڵە سبەینێ گەورە دەبێت و نەوەکانی داهاتوو بەرهەم دەهێنێت. ، یان ئەوەی لە بواری داهێنان و دروست کردن و بینا کردندا کە ئەمڕۆ بە بچووک و کەم بایەخ سەیر دەکرێت دەشێ لە سبەینێدا نەک هەر خۆی گەورە بێت، بەڵکو گەورەش بەرهەم بهێنێت. هەروەک گومانی تێدا نییە لە ڕووی سۆز و هەستیارییەوە منداڵ زۆر دەوڵەمەندترە لە گەورە، یان لە باوک و دایکی هەر بۆیە دەشێ لەو ڕوانگەیەشەوە منداڵ لە سەرووی گەورە، یان باوکیەوە دابنرێت. شاعیر لە یەک کاتدا خۆی وەکو کۆرپەی گەڵاڕێزان و وەکو باوکی پاییزیش نیشان دەدات واتە ئەو کۆرپەلەیە کە بەرهەمی پاییزە لە هەمان کاتیشدا خۆی باوکی پاییزە، ئەمەش لە ئاستێکی تردا ئەو سووڕە سروشتییە نیشان دەدات کە بەرجەستەی سووڕی ژیانی زیندەوەران و ڕووەکیش دەکات لە سروشتدا کە چۆن هەر نەوەیەک ئەرکی سروشتی خۆی دەبینێت و نەوەی تر دەخاتەوەو ئەو نەوەیەی کە ئێستا کۆرپەلەیە لە سبەینێدا دەبێتە باوک و دایک، یان لە سبەینێدا ئەرک دەگرێتە ئەستۆ و بینا دەکات و بەرهەم دەهێنێت. ئەوی شاعیر پێش ئەوەی کە درەختی ڕووت نازناوی ژەنەراڵی پاییزی پێببەخشێت خۆی کەسێکی سروشت پاییزی بووەو لەگەڵ وەرینی هەر گەڵایەک و ڕووتبوونەوەی هەر درەختێک و هەڵکردنی هەر کزەبایەکدا ئەم خەمی هەموو گەڵاکانی هەڵگرتووەو لەگەڵ هەستکردن بە غەریبی و بە نامۆییدا ژیاوە و هەستی بە مردنێکی بەردەوام و هەمیشەیی

هێــواش کــردووە. لێــرەشــەوە هەســتی ئینســانانەی ئەم کەسێتییە دەردەکەوێت و ئەوێک کە بۆ وەرین و مەرگی گەڵاو ڕووتبوونەوەی سروشت و ماتەمی پاییز بگری و ئازار بچێژێت داخۆ ئازارو مەرگ و ڕووخاندنی مرۆڤ و سووکایەتی کردن بە مرۆڤ چ کاریگەریەکیان هەبێت لە سەری؟ ئەوەی کە هەندێ شاعیرو نووسەر لە شێوەی ڕستەی ناشیعری ئاشکراو دروشمدا و لە شێوەی هەڵوێست فرۆشتندا دەری دەبڕن محەمەد عومەر لە ئاستێکی زۆر قووڵتری مرۆڤانەداو لە ئاستێکی شیعری باڵاو بە چێژو جوانییەکی بەرزەوە دەری دەبڕێت کە ئەوەش ڕاستگۆیی شاعیر و تێگەیشتنی ئەو لە شیعر و لە چەمکی شیعر دەردەخات.

**منم ژەنەراڵی پاییز..**
**خوێنێکی زەرد بە نێو دەمارما دەگەڕێ و**
**چاوم هەروەک هەور نمناک**
**تەنیا من بووم کە لە تابووتی شووشەدا..**
**چەندین گەڵام سپارد بە خاک**

ئەگەری سەرنجی سەرەتای هەر کۆپلەیەکی ئەم شیعرە بدەین بە هەمان دەربڕینی (منم ژەنەراڵی پاییز) دەست پێدەکات، ئەمەش لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دەشێ لە ئاستی یەکەمدا دڵنیابوونی شاعیر بەو پلەوپایەیە نیشان بدات و لە ئاستی نەگوتراویشدا جۆرێک لە هەست بە شانازی کردنیشی پێوە دیار بێت، لە کاتێکدا کە دەزانێت لە جوگرافیای شیعری کوردیدا هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کە ئەو نازناوە وەربگرێت تەنیا خۆی نەبێت. ئەمەش وەکو هانس بیرتنسی نووسەری دیار و هاوچەرخی ئینگلیزو خاوەنی هەردوو کتێبی (بیری پۆست مۆدێرن ساڵی ١٩٩٤و تیۆرە بنەڕەتییە ئەدەبییەکان ساڵی ٢٠٠١ لە بارەی ماسیۆ ئارنۆڵدەوە دەڵێت: ئارنۆڵد بێ ئەم لاولا نووسەرێکی دەگمەن (کەم وێنە) بوو لە ڕوانینیدا بۆ تاکی داهێنەر-کتێبی دووەم ل٦) واتە مەبەست ئەو تاکە کەسەیە کە لە بواری نووسیندا خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆیەتی و گوێ بە شەپۆلی باوو دەنگی کۆو عەقڵی دەستەجەمعی کۆمەڵ و دەستەو گرووپ نادات و داهێنان بە کاری تاکە کەسی و تایبەتی خۆی دەزانێت. بە پێی ئەم بۆچوونە محەمەد عومەر یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەن و بە ژمارە کەمانەی ئێمە کە ئەو تایبەتمەندییەی هەیەو خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆیەتی. ئێمە پێشتر گوتمان دووبارە کردنەوەی دەربڕینی منم ژەنەراڵی پاییز دەشێ جۆرێک لە متمانە بەخۆبوونی شاعیر بۆ وەرگرتنی ئەو نازناوە ئەو چەند بارە کردنەوەیەی بەرهەم هێنابێت، هەروەک دەشێ وەهاشی لێک بدەینەوە شاعیر وەکو کەسێکی گومانکەر و بە نیگەرانییەوە سەیرکەری دنیاو هەموو شتەکان، دڵنیا نەبێت لەوەی کە ئەوی بەرانبەر لە خوێنەر، یان بیسەری ئەم شیعرە هەروا بەئاسانی بڕوا بەوە بهێنێت کە ئەم ژەنەراڵی پاییزەو مەبەست لەو چەند بارە کردنەوەیە هەوڵدانە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە بە ئەوی خوێنەر.

شاعیر سەرباری دڵنیایی دەربڕین لە ژەنەراڵێتی خۆی کەمەبەست ژەنەراڵی پاییزە نەک ژەنەراڵی سەربازی، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بە ڕاستی ئەم شایانی ئەو نازناوەیە، وەسفی خۆی دەکات، ئەو وەسفکردنەش لە ئاستێکدایە کە ڕاستەوخۆ بەجۆرێک کاریگەری لەسەر ئێمە دادەنێت کە دان بەوەدا بنێین شایانی ئەوەیە کە ئەو نازناوەی پێ ببەخشرێت. شاعیر باسی ئەوە دەکات کە خوێنێکی زەرد بە دەماریدا دەگەڕێ و چاویشی هەوری نمناکە. ڕەنگی زەرد لە ڕووی زانستییەوە ڕەنگێکی ساردە کە دەشێ لە سیاقی ئەدەب و هونەردا بە ڕەنگێکی هێمن، یان مات ناوببرێت، کە بە شێوەیەکی گشتیش دەلالەتی خەم، غوربەت، مەرگەسات هەڵدەگرێت. لە ڕوانینی گشتی خەڵکیشەوە پاییز وەکو وەرزی گەڵاڕێزان و مەرگی گەڵاو ڕووتبوونەوەی سروشت وەرزێکە لە ئاستی قووڵی مانادا وەرزێکی ڕەنگ زەردە. کەواتە ڕوحی پاییز و خوێنی ناو دەمارەکانی ئەمی شاعیر هاوشێوەن، یان هەمان ڕەنگیان هەیە. دیسان شاعیر چاوی لەگەڵ هەوری پاییز هاوشێوە دەکات. ئەوە ئاشکرایە کە مرۆڤ و هەموو زیندەوەرانی تریش بە هۆی چاویانەوە دەبینن. ئێستا چاوی ئەمی شاعیر هاوشێوەی هەوری پاییزە، واتە بینینێکی ئاشکراو باشی نییەو بگرە جۆرێک لە تەمومژ پەردەی تاریکی بەسەر چاویدا پۆشیوە، ئەمەش وای کردووە کە مەودای بینینی کورت و تەسک بێت و بینینێکی ئاشکرای ئەوتۆی نەبێت کە بتوانێت هەم شتەکان بناسێتەوە، هەم دەشێ مەبەست ئەوەش بێت کە لە بارێکی وەهادا بینینی ئاسۆ شتێکی چاوەڕوان نەکراوە لە کاتێکدا فەزای پاییزی نەک هەر سروشتی پۆشی بێت، بەڵکو ڕوحی ئەوی شاعیریشی بە

جۆرێک داگیر کردبێت کە پاییز بە خۆی و توخمەکانییەوە نازناوی ژەنەراڵی پاییزی پێ ببەخشن. ئەمە سەرباری ئەو ڕاستییەی کە دەزانین مرۆڤ بە گشتی لە بوونی ئەنتۆلۆژیانەی خۆیدا ماکی بەپاییزبوونی هەڵگرتووە. هەرچەندە لە ژیانی ئاساییدا بوار بۆ دەرکەوتنی، یان ئاشکرابوونی ئەو ماکە تەسکە، بەڵام ناشێت ئەو ڕاستییە بەبەردەوامی بشارێتەوە. خوێنی زەردو چاوی نمناک لە خاسیەتە دیارەکانی ژەنەراڵی پاییزن کە ئەمەش دوو خاسیەتن تەنیا لە مرۆڤە دەگمەنەکانی وەکو ئەم کەسێتییەدا هەن و هەر ئەو دەگمەنی بوونەش دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە ببێتە ژەنەراڵی پاییز.

شاعیر دوای وەرگرتنی نازناوی ژەنەراڵی پاییز بە کردەوەش وەکو بەرپرس، یان بەرپرسیار لە چارەنووسی پاییزو سەرجەم توخم و ڕەگەزە پەیوەستەکان بە پاییزەوە ڕەفتار دەکات و نەک هەر هاوشێوەی ڕەفتار کردن لەگەڵ مرۆڤدا ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکات، بەڵکو بەرزتر لە ئاستی مرۆڤیش سەیریان دەکات. بەلای ئەوەوە وەرینی گەڵا مانای مردنی گەڵایە. کاتێ مرۆڤێک دەمرێت بە پێی ئەو ئایینەی کە پەیڕەوی دەکات ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی بۆ دەکرێت کە بە شێوەیەکی گشتی دەخرێتە کفنەوەو لە تابووتی تەختەدا دادەنرێت و دەبرێت بۆ شوێنی بە خاک سپاردنی، بەڵام ئەمی ژەنەراڵی پاییز لە تابووتی شووشەدا گەڵا وەریوەکان بە خاک دەسپێرێت، ئەمەش ڕاستی پەیوەستبوونی ڕوحی و مەعنەوی ئەم بە پاییزەوە نیشان دەدات. کە دەشێ لە پشتی ئەم لێکدانەوەیەشەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم بێت کاتێ ئەم وەکو مرۆڤێک بەو جۆرە بایەخ بە ئەسپاردەکردنی گەڵای وەریوی درەختەکان بدات دەبێ چۆن بڕوانێتە شێوازی بە خاک سپاردنی مرۆڤ؟ هەروەک لە پشتی ئەم بۆچوونەوە جۆرێک لە ڕەخنە گرتنیش بەرانبەر بەو بەهاو گرنگی دانە کەمەیە دەبینرێت کە لە کاتی مردنی مرۆڤ و بەخاک سپاردنیدا ئەنجام دەدرێت کە لە ڕۆتینێکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە بەو لاوەو جگە لەجۆرێک لە مل کەچ کردن بۆ دابونەریت هیچی تر نییە.لێرەدا جارێکی تر ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێتەوە: لە کاتێکدا ئەوی شاعیر بۆ وەرینی گەڵای درەختەکان هێندە پەرێشان و نیگەران بێت، داخۆ بە چ شێوەیەک سەیری مردنی مرۆڤ بکات؟ هەروەک دەشێ وەهاشی لێک بدەینەوە کە ئەوەی شاعیر خەمی بۆ دەخوات و بە دیارییەوە فرمێسک دەڕێژێت و ئازار دەچێژێت ئەوە گەڵای درەختەکان نین، بەڵکو مرۆڤن، واتە درەخت و وەرینی گەڵاکان و ڕووتبوونەوەی پاییز هەموویان هێمان و مەبەست لێیان بەدبەختییەکانی مرۆڤ و چارەنووسی نادیارو ون بوونیەتی لە بەردەم مەترسی مەرگ و لە ناوچووندا. بە واتایەکی تر ئەوەی لە ڕێگای بە ئامراز کردنی پاییزو درەخت و وەرینی گەڵاکانییەوە محەمەد عومەر عوسمان لێی دەدوێت خودی مرۆڤە کە گەورەترین سەرمایەی نێو ئەم گەردوونەیەو تاکو ئێستاش سەرباری هەوڵ و کۆششی بۆ ئەوەی کە ببێت بە خاوەنی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، بەڵام تاکو ئێستا بە بوویەکی قەدەری بێ دەسەڵات ماوەتەوەو ناتوانێت هیچ بڕیارێکی چارەنووس سازانە بۆ خۆی بدات کە دەشێ لە ئاستێکی قووڵتردا بڵێین ئەوەی شاعیر لێرەدا مەبەستیەتی ئەوەیە کە چۆن بەها بۆ مرۆڤ دەگێڕدرێتەوەو چۆن وەکو نوێنەری خودا لەم سەر زەوییە بە ئەندازەی ئامادەبوونی، دەسەڵاتی بڕیاردانیشی دەبێت.بە واتا گریانی شاعیر بۆ وەرینی گەڵای درەختەکان و بۆ بێ دەسەڵاتی و ناکارایی مرۆڤ لە بەرانبەر چارەنووسی خۆیدا یەک سەرچاوەیان هەیەو بە لای شاعیریشەوە ئەم دوو ڕووداوە هاوشێوەن و لە گەوهەردا یەک شتن.

**منم ژەنەراڵی پاییز..**

**من بووم لەگەڵ زریانی بیرچوونەوەدا.. کەوتمە جەنگ و**

**زۆر گەڵام دەرهێنا لە چنگ**

**من بووم شەوی گەڵاکانم..**

**خستە ژێر باڵی تریفەو.. ورشەی گزنگ**

ژەنەراڵی پاییز دوای وەرگرتنی ئەو نازناوە دەکەوێتە بەرگری کردن لە چارەنووسی گەڵاکان و باسی ئەوە دەکات کە چۆن کۆششی کردووە لە پێناوی گۆڕینی چارەنووسی نادیارو بەرەو کارەسات چووی گەڵاکاندا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەوی ژەنەراڵی پاییز کەسێک نییە کە دەستی لە دنیا شۆردبێت و چاوەڕوانی مەرگ بکات، نەخێر، بەڵکو کەسێکە خاوەنی پرۆژەو هێزی بەرگری کردنە لە قوربانییەکانی دەستی پاییز کە سەرتۆپی ئەو قوربانیانەش گەڵاکانن کە ناتوانن لەبەردەم وەیشوومەو زریانی پاییزدا خۆیان ڕابگرن. ئەم لەگەڵ زریانی بیرچوونەوەدا دەکەوێتە جەنگەوەو زۆرێک لە گەڵاکان لە چنگی مەرگ ڕزگار دەکات و ژیانی پاییزی گەڵاکان کە

ژیانی تاریکی و شەوەزەنگی مەرگەساتەوە دەگۆڕێت بۆ ڕۆژی ڕووناک و بۆ تریفەو ورشەی گزنگ. کەواتە لەم وەسفکردنەی ژەنەڕاڵی پاییزدا بۆ کەسێتی خۆی و ئەو کارانەی کە دەیانکات، یان کردوونی دەردەکەوێت کە لە ئاستی بکەرێکی ڕووداو دروستکەر دایە. واتە بکەرێک کە دەتوانێت گۆڕانکاری لە چارەنووسی ئەو گەڵایانەدا دروست بکات کە قوربانی دەستی پاییزن.

لێرەداو لە وەسفکردنی ژەنەڕاڵی پاییزدا بۆ کەسێتی خۆی و ئەو کارانەی کە گوایە کردوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کەسێتییە جۆرێکە لە ڕزگارکەر. کەواتە دەشێ هەر لێرەدا بە ئاشکرا بۆمان دەربکەوێت ئەوەی کە ئەم ژەنەڕاڵی پاییزە لەبارەیانەوە دەدوێت تەنیا گەڵای وەریو و زەردەهەڵگەڕاوی پاییز نین کە بەدەم زریان و ڕەشەبای پاییزەوە بناڵێنن، نەخێر بەڵکو لە ئاستێکی تردا دەتوانین بڵێین ئەوە مرۆڤەکانن، یان بە گشتی مرۆڤایەتییە کە بە دەست جەورو ستەمی ڕۆژگارو بەدەست ناکارایی و بێ دەسەڵاتی لە بڕیاردانی چارەنووسدا دەناڵێنن. ئێستا ئەمی ژەنەڕاڵ باسی ئەوە دەکات کە چۆن کاری کردووە بۆ کەمکردنەوەی بەدبەختییەکانی مرۆڤ و چۆن هەوڵی داوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لەو نەهامەتیانە. کەواتە لێرەدا کەسێتی ژەنەڕاڵی پاییز دەبێتە کەسێکی شۆڕشگێڕ کە هەوڵی ڕزگارکردنی مرۆڤ و کەمکردنەوەی ئازارو بەدبەختییەکانی دەدات. لەو سەروبەندەشدا ئەمی ژەنەڕاڵ تەنیا خۆی دەبینێت کە بەو جۆرە کاردەکات و تەنیا وەکو ڕزگارکەر باسی خۆی دەکات کە ئەمەش دیسان پێوەندی بەو حاڵەتەوە هەیە کە ئەمی گەیاندە ئەو ئاستەی کە نازناوی ژەنەڕاڵی پاییزی پێ ببەخشرێت، ئەویش بریتی بوو لە تێگەیشتنی لە ئازارو ژانی گەڵاکان و ڕووتبوونەوەی درەختەکان و زەردبوونی پاییز. ئێستاش ئەوەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە تەنیا هەر ئەمە بەتەنیا کە توانیویەتی لەگەڵ زریانی بیرچوونەوەدا بکەوێتە جەنگەوەو گەڵاکان لە مەترسی لەناوچوون ڕزگار بکات. دەشێ سەرباری ئەوەی کە زریان پەیوەست بە بنیادی گشتی پێکهێنەری دەقەکە مانای ئاشکرای زریان ببەخشێت لەهەمان کاتدا دەشێ زریانی بیرچوونەوە دەلالەتی ئەو گرفت وکێشە ئاڵۆزانەش هەڵبگرێت کە ئەم سەردەمە جەنجاڵە لەگەڵ خۆیدا هێناونی و ئەمیش لەناو ئەو ئاڵۆزی و ناهەموارییەدا هەوڵی گۆڕانکاری بدات لە پێناوی کەمکردنەوەی ئێش و ئازارەکانی مرۆڤدا.

**منم ژەنەڕاڵی پاییز..**
**پاییز بەبێ من هەتیوەو**
**من بووم وتم بەڵێ تەرمی نسێی سەوزە..**
**گەڵای وەریوی کۆچ کردوو**
**تەنیا منم کە لە میحرابی پاییزا..**
**بۆ گیانی زیندووی گەڵاکان..**
**نوێژی شەهید دائەبەستم..**
**ناوی نانێم نوێژی مردوو.**

شاعیر دەگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی بە بەرپرسیار، یان سەرپەرشتیاری پاییز بزانێت و وەها سەیری خۆی دەکات کە پاییز بەبێ ئەو هەتیوە، واتە هیچ کەسێکی نییە. کەواتە بە دەربڕینێکی تر مادام ئەم وەکو ژەنەڕاڵی پاییز بوونی هەیە، کەواتە پاییز چیتر هەتیو نییە، واتە لێرەدا ژەنەڕاڵ بۆ پاییز دەوری باوک دەبینێت بەمەرجێ ئەگەر وای دابنێین کە پاییز هێشتا منداڵ بێت و نەگەیشتبێتە ئەو تەمەنەی کە تەمەنی بەجێهێشتنی قۆناغی منداڵییە و لەوە بەدواوە ئیتر بەپێی ئەو بنەمایانەی کە لە ئاییندا هاتووە قۆناغی هەتیو بوون کۆتایی دێت. شاعیر وەکو یەکەم کەس و بۆ یەکەم جار شوناس دەدات بە گەڵای وەریوی درەختەکان و بە تەرمی نسێی سەوز ناویان دەبات. سەرباری ناخۆشی و خەمی کارەساتی مردنی گەڵاکان، بەڵام شاعیر لەو ڕووداوە تراژیدییەش وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش بەرجەستە دەکات کە ئەویش (تەرمی نسێی سەوزە). دیسان لێرەدا جارێکی تر خاسیەتی مرۆڤ بە گەڵای وەریوی درەختەکان دەبەخشرێت، واتە گەڵاکان بەرزدەکرێنەوە بۆ ئاستی مرۆڤ. ئەم جۆرە مامەڵە کردنەش لەگەڵ توخمەکانی سروشتدا لە ئاستێکی تردا ڕەگوڕیشەی چەمکی ناچرالیزمی هەیە کە سروشت بەهەموو ڕەگەزەکانییەوە بە پڕ بەهاو گرنگ دەبینێت و لە تیشکە نیگای پێوەندی بوونی ئەم ڕەگەزانەوە بە مرۆڤەوە بایەخی ئەو ڕەگەزانەش دەشێ لە بایەخ و گرنگی مرۆڤ خۆی نزیک ببنەوە.

ئەوی شاعیر باسی ئەوە دەکات کە چۆن تەنیا هەر ئەو خەمی گەڵاکان دەخوات، تەنانەت بەو شێوەیەی کە ڕێوڕەسمی کۆچ و بە خاک سپاردن بۆ مرۆڤ دەکرێت ئەمیش ڕێوڕەسم بۆ وەرین و مردنی گەڵاکان دەکات. ئەم

له میحرابی پاییزدا نوێژی مردوو بۆ گەڵاکان دەکات، بەڵام وەکو خۆی دەڵێت ئەو نوێژە ناو دەنێت نوێژی شەهید. شاعیر لێرەدا هاوشێوە بوون لە نێوان پاییزو مزگەوتدا دروست دەکات. ئێمە دەزانین میحراب پەیوەستە بە مزگەوتەوەو ئەو جێگایەیە کە پێشنوێژ نوێژی تێدا دەکات. ئێستا ئەمی شاعیر لەبری میحرابی مزگەوت لە میحرابی پاییزدا نوێژ لە سەر تەرمی گەڵاکان دەکات. ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە گەڵاکان لە پاییزدا بەکۆمەڵ دەمرن، بەڵام بەلای شاعیرەوە مەرگی گەڵاکان مەرگێکی ئاسایی نییە، بەڵکو وەکو جۆرێک لە شەهیدبوون سەیریان دەکات، هەر ئەوەش وای لێدەکات کە بڵێت نوێژی شەهیدیان بۆ دەکات و ئەو نوێژەش بە نوێژی مردوو ناو نابات. لە پشتی ئەم ڕوانینەی شاعیرەوە ئەو بۆچوونە ڕاوەستاوە کە وەرینی گەڵاکان وەرینێکی ئاسایی نییە، هەرچۆن شەهیدبوونی مرۆڤ بە مردنی ئاسایی دانانرێت، واتە شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت هەرچۆن کارێکی سەختە مرۆڤ شەهید بکرێت، یان تەنانەت بمرێت بە هەمان شێوە وەرین و مردنی گەڵاکانیش کارێکی سەخت و دژوارە. ئەمەش سەرباری ئەوەی کە دەتوانین بڵێین گەڵاکان هێمان بۆ مرۆڤ و وەرینی گەڵاکان بریتییە لە مردنی مرۆڤ، هێشتا دەشێ وای لێک بدەینەوە کە محەمەد عومەر عوسمان وەکو شاعیرێکی ناسک و هەستیار نەک هەر خەم بۆ مەرگی مرۆڤ دەخوات و لەگەڵ ئازارو ژانەکانی مرۆڤدا ژان دەیگرێ و ئازار دەچێژێت، بەڵکو ئەم لەگەڵ زەردبوون و وەرینی گەڵای درەختەکان و لەگەڵ مەرگی باڵندەو قرووسکەی سەگە بەڕەڵاکان و شکاندنەوەی لقی درەختەکان و وەرینی پەڕەی ناسکی گوڵەکانیشدا دەگریێ و ئازار دەچێژێت و ژان دەیگرێت. ئەمەش لەو بۆچوونە هیومانیستەی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە ناشێت تەسەوری ئاسوودەیی و ئازادبوونی مرۆڤ لەم گەردوونەدا بکەین هەتا مرۆڤ بە خۆی و هەموو توخم و ڕەگەزەکانی تری ئەم سروشتەوە نەگەنە ئەو ئاستەی کە بەهاو ڕێزی ڕەهای خۆیان هەبێت و لە داهاتووی چارەنووسی خۆیان دڵنیا نەبن و هەتا ئەو یاسا ناجۆرەی سروشت هەڵنەوەشێتەوە کە بەهێزەکان بێ هێزەکان دەخۆن و هێزدارەکان مافی بێ هێزەکان پێشێل دەکەن. زەردبوون و وەرینی گەڵاکان دەرئەنجامی یاسایەکە کە ناوی یاسای جووڵەو هارمۆنیای سروشتە کە هەموو زیندەوەران بە ڕووەکەکانیشەوە سووڕی سروشتی خۆیان تەواو دەکەن و کۆتاییان دێت و لە جێگاکەیاندا نوێ دروست دەبێتەوە. شاعیر ناڕاستەوخۆ دەیەوێت ئەم یاسا سروشتییە ڕەت بکاتەوەو بڵێت پێویستە گەڵاکان هەمیشە بە سەوزی بمێننەوەو نابێت بوەرن. بێ گومان جێگیر بوونی ئەم چەمکە لەگەڵ خۆیدا ئەو بۆچوونەش دێنێتە ئاراوە کە خوازیاری مانەوەی مرۆڤە بۆ هەتاهەتایە. دیارە دەکرێ وەکو داواکاری جۆرێک لە نەمری بۆچوونی لەم جۆرە لەلای مرۆڤ سەرهەڵبدات، بەڵام ناشێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە مرۆڤ وەکو بوویەکی بایۆلۆژی بۆ هەتاهەتایە بژی و نەمر بێت، هەرچۆن ناشێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە گەڵاکان بۆ هەمیشە بە سەوزی بمێننەوەو لە زەردبوون و وەرینی پاییز ڕزگاریان ببێت.

**نەورۆزی ٢٠٠٨**

# لەنێوان (ئەختەر) و (مەستوورە)دا

د. کەمال مەعرووف
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

پاش ئەوەی لە کتێبی ڕەخنەی نوێی کوردی-دا توێژینەوەیەکم لەسەر ساغ کردنەوەی دوو قەسیدەی (ئەختەر)ی شاعیر بلاوکردەوە، لەم دواییەدا هەندێک سەرچاوەی ترم بەرچاو کەوتن کە باس لەو دوو قەسیدەیە دەکەن، بۆیە پێویستم زانی ئەم چەند لاپەڕەیەشی بۆ زیاد بکەم، دیارە بەم کارەش زیاتر تیشک و ڕووناکی دەخەینە سەر بابەتەکە، هەرچەندە بیروڕاکانیش ناکۆک بن، بەڵام بۆ کارەکە سوودبەخشن، چونکە پێویست دەکات زیاتری لەسەر بنووسرێ، تاکو بەڵگەش زۆرتر بێ، بابەتەکە چاکتر گومانی لەسەر نامێنێ و ڕاست کردنەوەشی باشتر دەردەکەوێ.

توێژینەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی کارێکی ئاسان و ساکار نییە، چونکە جیهانی کلاسیکی مەیدانێکی فرە مەزن و بەرینە و یەکلاکردنەوە و ساغکردنەوەیان شارەزایی و ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی بابەتەکان لە زۆر ڕووەوە لێکتر نزیکن و جوداکردنەوەیان شتێکی بێ گرێ و گۆڵ نییە، هۆکەشی ئەوەیە لەکاتی تۆمار کردنیاندا لەم دەستنووس بۆ ئەو دەستنووس ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بۆیە ساغکردنەوە و پاراستن و کۆکردنەوەی کەلەپووری دێرینمان لە فەوتان و لەناوچوون، ئەرکێکی پڕ گرنگە و ئەدەبەکەمان ڕەنگین و دەوڵەمەند کردووە، هەروەکو ئاشکراو ڕوونە ئەم دەستنووس و کەرەستە خاوانەی کە گردو کۆکراونەتەوە سامانێکی پڕ بەهاو بەنرخن، بەڵام کۆ کردنەوەیان بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو پێویستی بەتاووتووکردن و لێکدانەوە و تۆژینەوەی ورد هەیە، چونکە غەزەل و قەسیدە


ئەختەر

کلاسیکییەکانی کورد لەکاتی نووسینەوە و تۆمارکردنیاندا تێکەڵاو و ئاوێتە کراون. بەراورد کردنی کەشکۆڵەکان و ناسینەوەیان کە شیعری کام شاعیرەن، کارێکی ئەستەمە و پشکنینێکی زۆری گەرەکە تاکو بەلایەکدا ساغ بێتەوە، زۆرجار ڕەنگە لە ئەنجامدا نەگەینە بڕیارێکی ڕاست و دروست، چونکە شێواز و دارشتن و زمانی شیعرەکان لە زۆر لایەنەوە پێک دەچن بە تایبەتی لەڕووی فۆرمی شیعری و ڕەگەزی هونەری و بابەتی شیعرییەوە، ئەمەش وای، کردووە، کە ئاستەنگ و ئاریشەی زۆر بێتەکایەوە.

شیعری گرفتارم بەنازی چاوەکانی مەستی فەتتانت و ڕۆحی شیرینم لەبۆچ ئیمرۆکە وا لوتفت نییە لەدیوانی (ئەختەر)ی شاعیر و لە دیوانی (مەستوورە)ی شاعیردا تۆمار کراون، هەندێ سەرچاوە شیعرەکان دەخەنە پاڵ شیعرەکانی مەستوورە و هەندێکی تر بە شیعری ئەختەری دادەنێن، بەش بەحاڵی خۆم هەموو شیعرەکانی ئەختەری شاعیرم لەبەر دەستنووسێکی شرۆپری ڕۆستەم حەوێزی شاعیر نووسییەوە؛ کاک ڕۆستەم شیعرەکانی ئەختەری ئەزبەر بوو، زۆر بە جۆش و خرۆشەوە بۆی دەخوێندەوە، هەردوو شیعری گرفتارم و ڕوحی شیرینم لە دەستنووسی کاک ڕۆستەمی شاعیردا نووسرابوون، کاک ڕۆستەم بەبێ شک و گومان هەمووی بە شیعری ئەختەر دادەنا، هەروەها کاک (ئازاد عەبدولواحید)ش ساڵی ١٩٧٦ نامیلکەیەکی بەناوونیشانی: (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری) چاپ کرد، دیارە کاک ئازادیش بۆ شیعرەکان پشتی بەکاک ڕۆستەم و کەسانی دی و دەستنووسێک بەستووە، لەم ڕووەوە دەڵێ:

سوپاسی بێ پایانم بۆ ڕۆستەم حەوێزی و مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا کە یارمەتییان دام بۆ گرد کردنەوەی شیعرەکانی ئەختەر(١) هەردوو شیعری ناوبراو ڕۆحی شیرینم لەلاپەڕ ٤٦ دایە و نۆ دێرە شیعرە، شیعری گرفتارم لەلاپەڕە (٥) دایە و حەوت دێرە شیعرە، کە لە کتێبی ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری-دا بڵاوکراونەتەوە، مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی شیعرەکانی ئەختەری شاعیری ساڵی ٢٠٠٣ بە ناوی دیوانی ئەختەر چاپی کردووە، لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ:

لە ساڵی ١٩٣٠ لەدەلاقەی ژوورێکی ماڵی ئەمین ئاغا لەناو تۆز و خۆڵ بەیازێکی دەست خەتی شاعیران دۆزراوەتەوە، ئەو بەیازە دەکەوێتە دەست ڕۆستەم حەوێزی ئەویش لەدەفتەرێکدا هەمووی دەنووسێتەوە و لەبەر بەپەلە نووسینەوەی، خەتەکەی باش ناخوێندرێتەوە، بەڵام ئەو هەمووان لەبەردەکات، بێ لە هەڵبەستەکانی (ئەختەر) هی (فایق، نالی، وەفایی، حاجی قادر و کەیفی) تێدا بووە، من هەڵبەستە کوردی و فارسییەکانم بە زۆری لەو دەفتەرە پەڕپووتەی ڕۆستەم حەوێزی وەرگرتووە. (٢)

پاشان کاک تاهیر ئەحمەد دەری دەخات کە شیعرەکانی ئەختەر ئاواز و مۆسیقایەکی ناسک و پڕ زەمزەمەیان بەخۆوە گرتووە، لەلایەن گۆیندەکانی کۆیەوە بەگۆرانی وتراون، گۆیندەکانی کۆیە ساڵی ١٩٦٠ هەموویان هەڵبەست و ئاوازەکانی ئەمین ئاغایان دەزانی وەک (سێوە، مەلا سەعید، ئەحمەد حەمە مەلا، قادر ئەحمەد، حاجی قادری پەڕەکەر، عەلی سەمەنی، مەلا ئەحمەد و گەلێکی تر) لە هەموو مەولوود و ئاهەنگێکدا بەسۆز و زەمزەمە هەڵبەست و ئاوازەکانی ئەمین ئاغایان دەگوت. (٣)

لەلایەن د. حەسەن جاف و شوکر مستەفاوە کراوە بە کوردی، لە پێشەکییەکەیدا کە د. حەسەن جاف نووسیویەتی، شیعری گرفتارم لەکتێبی ناوبراودا لەلاپەڕە ٧-٨دا، هەشت دێرە شیعر بڵاوکراوەتەوە و بە شیعری مەستوورە دانراوە د. حەسەن جاف دەڵێ: (شاعیرێ دوو هەزار دێرە شیعری هەبووبێ و شیعری پوختەی کوردی ئیمڕۆکەی بەرچاو دەکەوێت گومان لەوە ناکات کە دیوانی شیعری بەکوردی هەبووە، بەڵام زۆربەی ئەشعارە کوردییەکەی لەناوچوون، بۆ زانینی پلەوپایەی شیعری مەستوورە ئەم چەند دێرە شیعرە بەزمانی کوردی لە خوارەوە بە نموونە دەهێنمەوە).(٥)

لەکتێبی زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی-دا، دانەری محەمەد ساڵح ئیبراهیمی، لەلاپەڕە ٣١٩دا، شیعری گرفتارم بەشیعری مەستوورە دادەنێ، تەنیا یەک تاکە دێری بەناوی سەرەتای غەزەلێکی کوردییەوە بڵاودەکاتەوە، تاکە دێرە شیعرەکەش بەم شێوەیە:

**گرفتارم بووە نازی چاوەکانی مەستی فەتانت**
**برینداری بە غەمزەی هەردوو چاو و تیری موژگانت(٦)**


مەستوورە

هەردوو شیعری گرفتارم و ڕوحی شیرینم لەلاپەڕە ٦٨-٦٩ی دیوانی ئەختەری شاعیر، کۆکردنەوەی تاهیر حەوێزی تۆمار کراون.

لە کەشکۆڵی گیو لاپەڕە ١٠١دا، شیعری ڕوحی شیرینم کە هەشت دێرە شیعرە بەناوی ئەختەری شاعیر لەلایەن مامۆستا گیوی موکریانی-یەوە بڵاوکراوەتەوە، کە بەم جۆرە دەست پێ دەکات،

**ڕوحی شیرینم لە بۆچ ئەمڕۆ وا لوتفت نییە**
**نووری بینای چاوەکانم پێم بڵێ سووچم چییە(٤)**

مامۆستا وشەی دیدەکانم-ی لابردووە، چاوەکانم-ی لە جێی داناوە، لابردنی وشەی فارسی و عەرەبی لە دیوانە کۆکراوەکانی مامۆستا گیودا شتێکی ئاسایی بووە.

لە دیوانی مەستوورەی کوردستانی، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی صدیق بۆرەکەیی، لە لاپەڕە ٨٧دا، شیعری گرفتارم بەنازی چاوەکانی مەستت، دە دێرە شیعرە، هەروەها شیعری ڕوحی شیرینم لە لاپەڕە ٨٩دا، شەش دێرە شیعرە و بڵاوکراونەتەوە، لە مێژووی ئەردەڵاندا، مەستوورەی کوردستانی نووسیویەتی و لە فارسییەوە

سوهەیلا محەممەدی دەڵێ: خاتوو مەستوورە جاروبارێ بەکوردی شیعری ئەنووسی، سەبارەت بەم باسە ناکۆکی نێوان نووسەران و شاعیرانی کورد هەیە، (حەکیم مەلا ساڵح) دەڵێ: مەستوورە بەکوردی شیعری نییە، دیارە شیعر بەستنیش بەناوی شاعیران، بمانەوێ و نەمانەوێ زیانێکی گەورە بە ئەدەبی کوردی دەگەیێنێ(٧) هەروەها دەڵێ: مەستوورە پاش مەرگی هاوسەرەکەی خوسرەو خانی ناکام سێزدە ساڵ ژیاوە، لەم ماوەیەدا ئەو خاتوونە نازدارە لەکۆشکی بەختەوەریدا دەکەوێتە بەر هەراو هەنگامەی ڕۆژگار، ئەمە وێنەیەکە لە شیعرە کوردییەکانی

**ڕۆحی شیرینم لەبەرچی ئەمڕۆ وا لوتفت نییە**
**نووری بینایی چاوەکانم پێم بڵێ سووچم چییە**
**بێ قەباحەت لێم زەوێری چاکە ئینسافت ببێ**
**تاکوو نەمرم خۆ مەحاڵە ڕۆیشتنم لەم قاپییە(٨)**

ئاسۆ ناوێک بەناوونیشانی مەستوورە، دەڵێ: بەڕاشکاوی دەڵێم لەو شیعرە کوردییانەی کە بەناوی مەستوورە چاپ کراون، لە هێندێکیان دڵ پیسم، هەر

نەبێ لەهەندێکیان کە هیوادارم لەم کۆنگرەدا باشتر بۆم ڕوون بێتەوە، هەر ئەم تاقە غەزەلە مەشهوورە: گرفتارم بە تیری نازی غەمزەی چەشمی فەتتانت، دەیسەلمێنێ مەستوورە چەند سەتحی شیعری بەرزە.(٩)

مریەم قازی دەڵێ: لەزمانی فارسیدا بەپێچەوانەی شیعری کوردی پێ هەڵگوتنی ژن بەسەر پیاودا جێ نەکەوتبوو، مەستوورە نەیتوانیوە ئەم چاوەڕوانییە بە تەواوی بەجێ بێنێ و لە زۆر جێگا شیعرەکانی وەک پیاوان هۆندووەتەوە و بەسەر بەژنی باریک و لێوی سوور و گەردەنی بەرز و کەمەندی زوڵفی هەودا هەودای هەڵگوتووە و لە ڕواڵەتی ئەدەبیاتێکی ژنانەی دوورخستووەتەوە بە چەشنێک کە ئەگەر لە کۆتایی هەر کام لەو شیعرانەی نێوی خۆی نەهاتبا خوێنەر وای دەزانی شاعیر پیاوە، وەک ئەو جێگایە کە دەڵێ:

**به بزمت ای گل نازک بدن، پیاله چه نوشم**
**که من هنوز بەچشمت خراب از می دوشم**
**گرفته غمزه چشمت زکف شکیب و قرارم**
**ربوده طره زلفت، زدست طاقت و هوشم(١٠)**

محەمەد ڕەئووف محەمەدی دەڵێ: پاش مەرگی خسرەو ژیانی شەش ساڵ هاوسەرایەتی لەگەڵ ویدا، مەستوورە کوڵەباری خەمی گرتەباوەشی و هەر لەبەر خۆیەوە شیعری لەکڵێپەی عەشقی ئەودا ئەهۆنایەوە، شیعری گرفتارم کە نۆ دێرە بە نموونەی ئەم کڵێپەی عەشقە دەزانێ، زۆر دەستەواژە و وشە و دێری لەگەڵ دەقەکەی صدیق بۆرەکەیی جیاوازە، لێرەدا تەنیا دوا دێری دەخەینەڕوو،

**دڵم مەشکێنە چونکو مەخزەنی دەردو خەمی تۆیە**
**فیدای شەرت و وەفات بم، چی بەسەرهات مەیلی جارانت**
**ئەتۆ ئەمرۆ لەمولکی دولبەریدا نادرەی دەهری**
**بەرەسمی بەندەگی مەستوورە وا هاتووەتە دیوانت(١١)**

لەبەر ئەوەی زۆربەی شیعرەکانی بەزمانی فارسی هۆنیونەتەوە، بۆیە گومانێکی یەکجار زۆر لەسەر شیعرە کوردییەکانی لەلایەن شارەزایانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە دەخرێنە ڕوو، ئەوەتا جەلیل ئازادیخوازیش دەڵێ: لەهۆنراوە کوردییەکانیدا، ئەگەر باوەڕیان پێ بکرێت وەک سەرچاوە بەکاریان بێنین، خۆی وەکو شیرین ئەرمەن دەچوێنێ(١٢)

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە بەرگی چوارەمی، کەشکۆڵی کەلەپووری کوردی-دا، باسی ئەمین کوڕی شێخ فەتاح و هەندێ لە شیعری نووسیوە(١٣)

لەبەرگی شەشەمیشدا هەر لەژێر ناوی (ئەمین)دا ڕوحی شیرینم بە دوو شێوەی جیاواز لە ڕووی هەندێ وشە و دەستەواژەوە خستووەتە ڕوو، هەرچەندە مامۆستا محەمەد قەرەداغی، لەهەمان بەرگدا دەڵێ: دوو ئەمین ئاغا هەن ئەمین ئاغایەکیان شیعری بەفارسیش هەیە، بۆ شیعری ڕوحی شیرینم کە لەژێر ناوی ئەمین-دا بڵاوی کردووەتەوە، پێمان ناڵێ هی کام ئەمین-ە، وادیارە بۆی ساغ نەبووەتەوە، چونکە ئەمین لەقەبی شیعری ئەختەریش بووە. شیعری گرفتارم لە ئەرشیڤی بەندە و لەنامیلکەی ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، ئازاد عەبدولواحید و دیوانی ئەختەری تاهیر ئەحمەد حەوێزی-دا شێوازی نووسینی شیعرەکە لە هەر سێ سەرچاوەدا وەک یەکن.

**گرفتارم بە سیحری چاوی مەستی فەتتانت**
**بریندارم بەزەخمی سینە دۆزی تیری موژگانت**
**بەزوڵف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم**
**دڵێکم بوو ئەویشت خستە ناو چاهی زەنەخدانت**
**تەشەکور واجبە بۆ من کە من بمرم بەزەخمی تۆ**
**بەشەرتێک کفنەکەم بدرووی بەتای زوڵفی پەرێشانت**
**لەکوشتن گەردەنت ئازاد ئەکەم گەر بێیە سەر قەبرم**
**بەڕۆژی جومعە بمنێژن لەگەڵ جەمعی شەهیدانت**
**جەمیعی عاشقان ئیمڕۆ هەموو هاتوونە پا بۆست**
**منیش هاتم بفەرموون بمکوژن بمکەن بە قوربانت**
**کەسێ تۆ کوشتبێتت ڕۆژی مەحشەر ئەزیەتی نادەن**
**مەگەر وەک من لەدنیادا کە سووتابێ لەهیجرانت**
**بەوەڵڵا عاشقی ئەختەر کە ئیمڕۆ نادری عەسرە**
**بەرەسمی بەندەگی قوربان ئەوا هاتۆتە دیوانت**

شیعری گرفتارم لەدیوانی مەستوورەی کوردستانی کۆکردنەوەی صدیق بۆرەکەیی-دا، بەم جۆرە صدیق بۆرەکەیی دەدوێ. مەستوورە بەشێوەی سۆرانیش هۆنراوەی هۆنیوەتەوە، بەڵام ئێمە هەر تەنیا پارچە هەڵبەستێکمان بەم شێوەیە دەست کەوتووە، کە بەڕاستی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانە، ئەمەش ئەو پارچە هەڵبەستەیە(١٤).

**گرفتارم بەنازی چاوەکانی مەستی فەتتانت**
**بریندارم بەتیری سینەسۆزی نێشی موژگانت**

**بەزوڵف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم**
**دڵێکم بوو ئەویشت خستە ناو چاهی زەنەخدانت**
**جەنابا عاشقان ئەمڕۆ هەموو هاتوونە پاپۆست**
**منیش هاتم بفەرموو بمکوژن بمکەن بەقوربانت**
**تەشەککور واجبە بۆ من ئەگەر بمرم بەزەخمی تۆ**
**بەشەرتێ کفنەکەم بدوری بەتای زوڵفی پەرێشانت**
**لەکوشتن گەردنت ئازاد دەکەم گەر بێیتە سەر قەبرم**
**بەڕۆژی جومعە بمنێژن لەلای جەمعی شەهیدانت**
**کەسێ تۆ کوشتبێتت لە ڕۆژی حەشر زەحمەتی نادەن**
**ئەگەر وەک من لە ئەم دونیایە سووتابێ لەهیجرانت**
**هەمیشە سوجدەگاهم خاکی بەر دەرگانەکەی تۆیە**
**ڕەقیب رووی ڕەش بێ نایێڵێ بگا دەستم بەدامانت**
**لەشەرط و هەم وەفاداری خۆ تۆ مەشهووری ئافاتی**
**فیدای شەرط و وەفات بم چی بەسەرهات مەیلی جارانت**
**ئەمن ئەمڕۆ لە مڵکی عاشقیدا نادرەی دەهرم**
**بەڕەسمی بەندەگی عاشق هەموو هاتوونە دیوانت**
**بڕۆ (مەستوورە) شوکرێ کە لە دەرگای پادشای داوەر**
**کەشۆڵەی ڕۆژی رووی والی دەگاتە کۆشک و ئەیوانت(١٥)**

ئەگەر (گرفتارم)ی دیوانی ئەختەر لەگەڵ (گرفتارم)ی دیوانی مەستوورەدا بەراورد بکەین، دەگەینە ئەم چەند خاڵانەی لای خوارەوە:

١- شیعری گرفتارم لە دیوانی مەستوورەدا بە ئاشکرا دیارە کە دەستکاری کراوە، خودی شیعرەکەی ئەختەر حەوت دێرە، بەڵام لەدیوانی مەستوورەدا سێ دێری بۆ زیاد کراوە، دێرەکانیش ئەمانەن:

**هەمیشە سوجدەگاهم خاکی بەر دەرگانەکەی تۆیە**
**ڕەقیب رووی ڕەش بێ نایێڵێ بگا دەستم بەدامانت**
**لەشەرط و هەم وەفاداری خۆ تۆ مەشهووری ئافاقی**
**فیدای شەرط و وەفات بم، چی بەسەرهات مەیلی جارانت**
**بڕۆ مەستوورە شوکرێ کە لەدەرگای پادشای داوەر**
**کەشۆڵەی ڕۆژی رووی والی دەگاتە کۆشک و ئەیوانت**

٢- لەڕووی ئاواز و مۆسیقاوە ئەم سێ دێرە، ئاهەنگ و مۆسیقایەکی بەجۆش و خرۆش بەخۆوە نابینێ، کەچی حەوت دێری پێشووی بەجۆش و خرۆشێکە کە مرۆڤ دەهەژێنێ.

٣- ئەو هەستەی کە لە شیعری گرفتارم دەربڕاوە هەستی نێرە بەرانبەر بەمێ، چونکە دەڵێ:

**بە زوڵف و پەرچەم و ئەگریجەکانت غارەتت کردم**
**دڵێکم بوو ئەویشت خستە ناو چاهی زەنەخدانت**

زوڵف و پەرچەم و ئەگریجە و چاهی زەنەخدان، هەر لەمێینەدا بوونی نییە، کەواتە شیعرەکە لەلایەن مێینەوە نەوتراوە، بەڵکو لەنێرینەوە بۆ مێینە وتراوە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە کە شیعرەکە لە (ئەختەر)ی شاعیر نزیک دەکاتەوە، هەرچەندە هەندێ جار لە شیعری کلاسیکیدا ئەم هەستە لەلایەن ئافرەتەوە دەربڕاوە، هەمان کەرەستەی جەستەی ئافرەتی بەکار هێناوە.

٤- شیعری گرفتارم لەناو شیعرەکانی ئەختەردا غەریب و نامۆ نییە، کەچی هەمان شیعر لەدیوانی مەستوورەدا نامۆ دەبیندرێ، زۆربەی زۆری شیعرەکانی ئەختەر بەر کێشی هەزەج و ڕەمەڵ دەکەون، کێشی شیعری (گرفتارم کێشێکی هەزەج)ە کە بەم شێوەیە مەفاعیلون چوارجار دووبارە دەبێتەوە (U---) کە زیاتر لەگەڵ شیعرەکانی ئەختەردا دەگونجێ، کەچی بەشی زۆری کێشی شیعرەکانی مەستوورە دە بڕگەیین (٥+٥)ە، لەم ڕووەوە صدیق بۆرەکەیی دەڵێ: زۆربەی هۆنراوەکانی مەستوورە کە کەوتووەتە دەستمان لەلاواندنەوەی خەسرەو خانی ئەردەڵانی داڕێژراون و شێوەی هۆنراوەی خانای قوبادی و میرزا شەفیع بووە و لەماناو ناوەرۆکدا لە هۆنەرە ناسراوەکانی شێوەی کوردی گۆرانی پەیڕەوی کردووە(١٥).

٥- لەدیوانی ئەختەردا دوا دێری گرفتارم بەم جۆرە کۆتایی دێ:

**بەوەڵڵا عاشقی (ئەختەر) کە ئیمڕۆ نادری عەسرە**
**بەڕەسمی بەندەگی قوربان ئەوا هاتۆتە دیوانت**

کەچی لەدیوانی مەستوورەدا گۆڕانی تێدا کراوە، بەم شێوەیەی لێ هاتووە؛

**ئەمن ئەمڕۆ لە مڵکی عاشقیدا نادرەی دەهرم**
**بەڕەسمی بەندەگی عاشق هەموو هاتووتە دیوانت**

وشەی عەسر کە وشەیەکی عەرەبییە بەمانای چەرخ و زەمانە دێت، لەدیوانی مەستوورەدا کراوە بە (دەهر) کە وشەیەکی فارسییە هەمان مانای چەرخ دەگەیەنێ، هەروەها لە دیوانی مەستوورەدا دووجار وشەی عاشقی و عاشق لەدێری ناوبراودا بەکارهێنراون کە هیچ زەوقێکی

شیعری تێدا نییە، بەئاشکرا دیارە لەدیوانی مەستوورەدا دێر و وشە و دەستەواژەی شیعری چەواشە کراون و جوانی شیعرەکەیان لەدەست داوە.

شیعری ڕوحی شیرینم لەدیوانی ئەختەر و ئەختەر شاعیری جوانی و ئەرشیفی خۆم نۆ دێرە و لە هەرسێکیاندا شیعرەکە شێوازی نووسینی وەک یەکن و بەم شێوەیەیە:

**ڕوحی شیرینم لە بۆچ ئیمڕۆکە وا لوتفت نییە**
**نووری بینای دیدەکانم پێم بڵێ سووچم چییە**
**بێ قەباحەت لێم زوێری چاکە ئینسافت ببێ**
**تاکو نەمرم خۆ مەحاڵە ڕۆینم لەم قاپییە**
**خوێن لەچاوانم خرۆشا وا فەوارەی بەستووە**
**نابێ جاری بێیتە سەر ئەم حەوز و جۆگە و کانییە**
**ئاگری عەشقت وەها کوورەی دڵی هێناوەمە تاو**
**شێت و شەیدای کردووم ئاگام لە دونیایێ نییە**
**واعزێ دوێنێ لەسەر مینبەر وەها وەعزی دەدا**
**هەر کەسێ یاری نەبێ تەحقیقە عومری فانییە**
**قازی و موفتی کە دوێنێ نەسیحەتی منیان دەکرد**
**ئیمڕۆ قازی موتریبە و ساقی جەنابی موفتییە**
**زاهید و سۆفی ئەگەر سەد ساڵی تر تەقوا بکەن**
**شارەزا نابن وەکو من موشکیلەی ئەم وادییە**
**شێخی سەنعانی ئەگەر دەستی بەدامانت بگا**
**خەرقە و تەزبیح و تاج و تەیلەسانی بۆ چییە**
**ئەی (ئەمین) بیستوومە ئیمڕۆ یار خەڵاتی کردووی**
**سا وەرە ئەوجاکە بمرە تۆ لەسەر ئەم خۆشییە**

کەچی دەقی شیعری ڕوحی شیرینم لەدیوانی مەستوورەدا شەش تاکە دێرە شیعرە و بەم جۆرەیە:

**ڕوحی شیرینم لە بۆچی ئەمڕۆ وا لوطفت نییە**
**نووری بینای چاوەکانم پێم بڵێ سووچم چییە**
**بێ قەباحەت لێم زوێری، چاکە ئینصافت نییە**
**تا کە نەمرم خۆ مەحاڵە ڕوو بنێم لەم قاپییە**
**خوێن لەچاوانم خرۆشاوە فووارەی بەستووە**
**جارێ نابێ بێیتە سەر ئەم حەوض و فوارە و کانییە**
**چاوەکانی کاڵە، لێوی ئاڵە خاڵی ماوییە**
**کاکە تۆ خێرا پێ بکەی بۆ پەنجەکەی خوێناوییە**
**ئاگری عیشقت وەها کوورەی دڵی هێناوەمە جۆش**
**شێت و شەیدای کردگم ئاگام لەدنیای خۆم نییە**

ئەگەر شیعری ڕوحی شیرینم لە هەردوو دەقدا بەراورد بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕوحی شیرینم لەدیوانی مەستوورەدا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ڕۆحی شیرینم لەدیوانی ئەختەردا هەیە، ئەم جیاوازییانەش خۆی لەم چەند خاڵانەدا دەبینێ:

١- ڕوحی شیرینم لە دیوانی ئەختەردا دە دێرە شیعرە، کەچی لە دیوانی مەستوورەدا شەش دێرە شیعرە، دێرەکانیش لەهەندێ وشە و دەستەواژەدا لەگەڵ دیوانی ئەختەردا جیاواز دەبینرێن، بۆ نموونە لە دیوانی مەستوورەدا، لەجیاتی دیدەکانم، چاوەکانم بەکارهێنراوە، وشە فارسییەکانی بەکوردی گۆڕیوەتەوە، لە دیوانی مەستوورەدا ئەم دێرە وەها نووسراوە (بێ قەباحەت لێم زوێری، چاکە ئینسافت نییە) چاکە ئینسافت نییە مانا نابەخشێ، ڕاستییەکەی وەک لە دیوانی ئەختەردا (چاکە ئینسافت ببێ) دووبارەبوونەوەی وشەی فووارە لە دیوانی مەستوورەدا دیسانەوە چێژی شیعرەکەی ناخۆش کردووە، بەڵام لە دیوانی ئەختەردا لەجیاتی (فوارەکانی)، جۆگە و کانییە، نووسراوە. لە دیوانی مەستوورەدا وشەی (تاو) کە مانای داگیرسانی لەش دەگەیەنێ کراوە بە (جۆش)، هەروەها لەدیوانی مەستوورەدا لەجیاتی (کردووم)، (کردگم) نووسراوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە (شیعری ڕوحی شیرینم) لەدیوانی مەستوورەدا وشەکانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە سیحر و جوانی لە دەست داوە.

٢- دوا دێری ڕوحی شیرینم لەدیوانی مەستوورەدا شیعری (نالی) شاعیرە و دراوەتە پاڵ مەستوورە:

**ناڵەیی (مەستوورە)یە وا خەڵقی خستە زەلزەلە**
**یانەخۆ حەشرە، گونەهکاری وەها هاوارییە(١٧)**

نالی دەڵێ:

**ناڵەناڵی (نالی)یە وا خەڵقی خستە زەلزەلە**
**یانەخۆ حەشرە، گونەهکارە وەها هاوارییە(١٨)**

**٣- کاوەکانی کاڵە لێوی ئاڵە خاڵی ماوییە**
**کاکە تۆ خێرا پێ بکەی بۆ پەنجەکەی خوێناوییە**

**ناڵەیی (مەستوورە)یە وا خەڵقی خستە زەلزەلە**
**یانەخۆ حەشرە گونەهکارە وەها هاوارییە(١٦)**

ئەم دێرە بە ئاشکرا دیارە خراوەتە سەری و لەرووی مانا و چەشەی شیعری لەگەڵ دێرەکانی پێشوودا ناگونجێ.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو راستییەی کە شیعری گرفتارم و روحی شیرینم لەدیوانی مەستوورەدا پڕ لە کەم و کاسی و ناڕێک و ناتەواوە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی خستنەپاڵ و زیاد کردنی تێدا بەکارهێنراوە، بۆیە سەرجەمی شیعرەکانی گرفتارم و روحی شیرینم یەک ئاهەنگ و مۆسیقا بەخۆوە ناگرن، لەگەڵ شیعرەکانی تری مەستوورەدا ناگونجێن، کەچی هەردوو شیعری گرفتارم و روحی شیرینم لە دیوانی ئەختەردا پارچەیەکن لە ئاواز و مۆسیقایەکی موچڕکە و تەزوو بە لەشی مرۆڤدا دەهێنن و لەگەڵ شێوازی شیعرەکاندا ئاشنایە، کەچی هەردوو شیعری ناوبراو لەدیوانی مەستوورەدا بەنامۆ و لانەواز دەبینرێن، چونکە مەستوورە بەزۆری شیعرەکانی لەسەر شێوەی گۆرانی (هەورامی) هۆنیوەتەوە، جا من بەش بەحاڵی خۆم هەردوو شیعری گرفتارم و روحی شیرینم بەشیعری ئەختەر دادەنێم، پێم وایە بە هەڵە خراونەتە ناو دیوانی مەستوورەی شاعیرەوە، چونکە هیچ پێوانەیەک لەگەڵ شیعرەکانی مەستوورەدا یەکیان ناخات و شیعرەکان بەروونی دیارن کە دەستکاری کراون و خراونەتە پاڵ شیعرەکانی مەستوورە و بە زۆرەملێ ناوی مەستوورەیان لێ نراوە، هەر ئەمەش وای کردووە کە شارەزایانی ئەدەب شک و گومان لەو جۆرە شیعرانە بکەن و بڵێن کە مەستوورە شیعری بەدیالێکتی کرمانجی خواروو نییە، چونکە گونجانێک لەنێوان شیعرە کوردییەکان و شیعرەکانی کە بە زمانی فارسی تۆماری کردوون، لەئارادا نییە، بەهەڵە ئەم دەست و ئەو دەستی پێ کراوە، ئەگینا شیعرەکان بەزەقی دیارن کە شیعری ئەختەرن و بەڵگەی باوەڕپێکراویش جەخت لەسەر راستی بابەتەکە دەکات.

**سەرچاوەکان:**

**١- ئازاد عەبدولواحید: ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٦، ل٥٩.**

**٢- تاهیر ئەحمەد حەوێزی: دیوانی ئەختەر، ئۆفسێتی نالی، کۆیە، ٢٠٠٣.**

**٣- هەمان سەرچاوە، ل٦.**

**٤- گیوی موکریانی: کەشکۆڵی گیو، بەغدا، ١٩٨٦، ل١٠١.**

**٥- مەستوورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەلان، وەرگێڕانی د. حەسەن جاف و شکور مستەفا دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٣٦٣هـ، ل٧.**

**٦- محەمەد ساڵح ئیبراهیمی: زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی، تاران، ١٣٦٣، ل٣١٩.**

**٧- بیر ئانینی مەستوورەی ئەردەڵان، شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد، ئاراس، هەولێر ٢٠٠٥، ل١١١.**

**٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.**

**٩- هەمان سەرچاوە، ل٢٤٨.**

**١٠- هەمان سەرچاوە، ل١٣٨.**

**١١- هەمان سەرچاوە، ل٣٣-٣٤.**

**١٢-هەمان سەرچاوە، ل٢٢٣.**

**١٣- محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٩٣، ل٩٣.**

**١٤- صدیق بۆرەکەیی: مێژووی وێژەیی کوردی، تاران، ١٣٦٤، ل٥١٥.**

**١٥- صدیق بۆرەکەیی، دیوانی مەستوورە، ل٨٧.**

**١٦- صدیق بۆرەکەیی: دیوانی مەستوورە، ل٨٩.**

**١٧- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.**

**١٨- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل٥٨٥.**

**سەرنج:**

**لە ساڵی ١٩٧٨ لە رۆژنامەی هاوکاریدا وتارێکم بەناوونیشانی (بۆ ئەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان تووشی شێوان نەبێ) لە وەڵامی محەمەد عەلی قەرەداغی-دا نووسی کە هەر ئەو شیعرەی ئەختەر (روحی شیرین)ی کردبوو بە هی (عەلی عاشق)، هەروەها لە گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی کاک سەروەر محەمەدئەمین هەر ئەو شیعرەی کردبوو بەهی (نالی)، هەروەها لە ژمارە (١٠٢)ی گۆڤاری (رامان)دا پەراوێزێکم بۆ بابەتێک نووسیوە و تێیدا باسی ئەوە کراوە کە ئەو شیعرە هی ئەختەرە و هی مەستوورە نییە و لە هەندێ لە خەسڵەتەکانی دواوم.**

**«سەرنووسەر»**

# تەلیسمی ناو ئاوێنەکان

سەلاح حەسەن پاڵەوان
(هۆڵەندا)

(٢ - ٢)

**پێنجەمین وێنە و ئاوێنە**

ئەوەی لەم بەشە چیرۆکە ورد بێتەوە، لەبەردەم هەندێ ڕاستی تایبەتدا دەوەستێ لەوانە شێوەی گێڕانەوەو کارەکتەریزەکردنی کەسایەتییەکان، بەڵام ئەوە هەیە کە ئێمە بەرانبەر بە چیرۆکێکین کە مامەڵە لەگەڵ ژمارە سێدا دەکات، دیارە خۆی باس لە جادووی ژمارە سێ دەکا و نموونەی مێژوویی و خەیاڵی و بەسەرهاتی ئایینی و شێوەی کتێبە ئاسمانییەکان دەهێنێتەوە.

پێش ئەوەی بچمە نێو ناواخنی نهێنییەکانی ئەم چیرۆکە، دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم چیرۆکانە تەنیا گرفتی ژمارە سێ نین، بەڵکو گرفتی چێژن، وەک دەزانین، هەموو سێینەکان نهێنییەکی چێژئامێزیان لەخۆ هەڵگرتووە، سێ گۆشە هێمای حەزوئارەزووی سێکسییە، سێ توخمی سیفەتێکی مرۆییە، کە نێرو مێ و نێرەمووک دەگرێتەوە، سێینەی بوارو دەرفەتبەخشین، لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و یاسایی و خێزانییەکاندا. وشەی سێ سەرەڕای لایەنە سیمبۆلییەکەی، نهێنی ئەوەی تێدایە کە ئاماژەشە بە ئابڵووقەدان، تێکشکاندن، هەربۆیەش چیرۆکنووس کاتێ ژمارەی سێ بەکاردێنێ، هۆشمەندی بێت یان ناهۆشمەندی بە ڕووداوەکانی پێغەمبەری ونبوو و جادووگەر و مەولانای نەقشبەندیان دەبەستێتەوە،لێرەدا سێ ونبوو، سێ کەسمان هەن، بە شێوەیەک تەنانەت گێڕانەوەکەش بە گومانە لە شێوەی ڕاستی ڕووداوەکان، لێرەدا تەنیا ونبوونی ئەوان مەسەلەکە کۆتایی پێ ناهێنێ، ئەوان ئاوێنەیەکن لەناخ و خەیاڵ و خەونیاندا وێناکردنی پەیامێک بوون، تاوەکو بیگەیەنین، پەیامەکانیان هەرچەندە لەوێنەدا سێ کەسی جیاوازە، بەڵام ئاوێنەی پەیامەکانیان یەک سەرچاوەی هەیە، سەرچاوەکەش گەیشتنە،لە هەر سێ وێنەکەدا ئایین و سیحر و نیشتمان ون دەبێ، لەگەڵ ونبوونی پەیامهێنەران، یەکێک لە نێو کتێبەکاندا ون دەبێ، دووەمیان لە نێو زیندان و ئەوی تریشیان لە ڕێگاکاندا ون دەبێت، ئەمەش وێناکردنی سێ وێنەیە لە نێو سێ ئاوێنەدا، ئاوێنەیەک ناڕاستگۆیی مێژوو دەگەیەنێ کە هەموو ڕاستییەکان تۆمار ناکات، ئەویش ونکردنی ناوی پێغەمبەرە لاوەکەیە لە نێو کتێبە پیرۆزەکاندا. وێنەیەکی خەیاڵ ئامێز کە ونکردنی ڕاستی لەنێو خەیاڵدا دەگەیەنێ بەوەی جادووگەر پەیامەکەی

نازانێ بۆ کێی بگەیەنێ کاتێ هەموو شارەکان ون دەبن.

سێیەم ئاوێنە، ئاوێنەی مەرگە کە مەرگی تەریقەت تۆمار دەکا.وێنەکانی ئەم چیرۆکە کەسانێکی ونن، ونکراون نەک خۆیان ون بن، پاشان لە نێو سێ ئاوێنەی سێ شاردا، سێ ئاوێنەی رووداوێکن کە ئەویش لەبیرکردنە. ئەمەش دیسان دەمانباتەوە بۆ لای ژمارە سێ کە ئەویش ژمارەی لەبیرکردنە.

شێوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان تا ڕادەیەکی زۆر نزیکن لە وێناکردنی ئاوێنەیەکی لێڵ، واتە ڕاستییەکان ئەوەندە یەقین نین، هەربۆیە ئەم شێوە گومانە لەسەرەتای چیرۆکەکەدا بەوە ئاماژەی بۆ کراوە کە نهێنییەک هەیە ڕەنگە فریومان بدات، گومانێکە پێوەندی بە ژمارەی **٣** وە هەیە، ئێمە دەزانین کە ژمارە سێ، ژمارەی گومانە، لە نێوان گومان و دڵنیایی گەر شتێک هەبێ ئەوە هاوسەنگییەکە تێک دەچێ، بۆیە لەم چیرۆکەدا بەرانبەر سێ ڕووداوین، ئەو ڕووداوانە ڕاستییەکانیان لە خوێنەر شاردووەتەوە، ئەم شاردنەوە بۆ فریودان و پێکهێنانی ڕای سێیەمە، واتە نەبوونی ڕای بنبڕ، بۆ خۆی وای کردووە چیرۆکنووس ڕای شوێنکەوتووەکان وەک ڕاستی بەکار بێنێت.

بۆیە بیری ئەم چیرۆکە تاڕادەیەک بیرێکە لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی (دان براون) دا نموونەی ئەم شێوە گومان و شاردنەوەی ڕاستییە بەدی دەکرێ، بۆیە شێوەی وردبوونەوەی چیرۆکنووس تاڕادەیەک سستی بەخشیوەتە بنیادی چیرۆکەکە بەوەی بەڵگەیەکی ڕازیکەرمان بەدەستەوە نادا، لەمەڕ قوفڵی حەقیقەتی کوشتنی پێغەمبەرەکەو زیندانی کردنی جادووگەرەکەو مەرگی مەولانا بە نەخۆشی تاعوون. کە ئەمەش بۆ خۆی کەلێنی خستووەتە نێو تواناو هێزی دەربڕینی چیرۆکەکە، سەرەڕای ئەوەی کە خودی چیرۆکنووس وەک ئاوێنەیەکی ئەو ڕووداوە، وێنەیەکی گومان ئامێزمان لا ئاشکرا دەکات، کەچی لەبەرانبەر دا ئاوێنەی شوێن پێکەوتووەکان ڕاستی ڕووداوەکان دەردەخەن، بەڵام پێمان ناڵێ ئەو ئاوێنەیە وێنەی ئەمان و فەوتانی وێنەکانی ئەو سێ کارەکتەرەی لە چ شوێنێک دۆزیوەتەوە.



**عەتا محەمەد**

## شەشەمین وێنە و ئاوێنە

بوونی گومان لە مێژوودا، لە نووسراوو کتێبەکان، سیمای سەرەکی چیرۆکەکانی عەتا محەمەدن، ئەو گومانەش لە دڵەڕاوکێیەوە سەرچاوە دەگرن بەرانبەر بە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە ئارادان و تۆمارکراون، ئەم گومانە لە شێوەی ڕوانین بۆ سەرچاوە و سیفەتی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، زمانی ئەو زمانی دەستخۆشی لە هەموو ئەو شتانە نییە کە دەوترێن و دەنووسرێن، دەستخۆشی نییە لە شێوەی ڕوانین بۆ هەموو ڕووداوەکان و دڵنیابوون لە ڕاستییەکان.

وێنەی ئەم بەشە شاعیرێکی لاوە، ئاوێنەکەشی ئەو دێرە شیعرەیە کە تێیدا گەیشتبووە شکۆ. ئەم شاعیرە تەنیا چەکێک کە دەیەوێ نیشانەی پێ بگرێتەوە، وشەکانێتی، ئەو وشانە دەیانەوێ بگەنە مەزنی، بۆیە لێرەدا دیسان شاعیری وێنە، لە توانای شیعری خۆی بە گومانە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە دەست لە شکۆی خۆی بدات، بەڵام دیارە ئەو بەیتەی شاعیر بەدوویدا دەگەڕێ تەنیا بەمەرگ دێتە دی، ئەمەش سیحری ژیانە، ژیان هەر

خۆی بە مەرگ سەقامگیرە، جۆزیف کامبڵ دەڵێ، ئێمەی زیندوو بە خواردنی زیندووان ژیانمان بەردەوامە. کەواتە بەسەرهاتی ئەم ئاوێنەو وێنەیە، هەرچەندە لە رووی توانای هونەری و هێزی بنیادیەوە، کەمتر دەسەڵاتدارە، وەک بەشەکانی تر، بەڵام باس لە ناوەڕۆکی ململانێی نێوان کوشتن و ڕەنگ دەکات. هاوسەنگ بوونی کێشەکە لەوەدا دەبێ کە شتێک بە ئەنجام بگات. ئەو شتەش ئەنجامدانی هاوسەنگییە. دیارە گومان بەردەوام لە مێژوودا دەچێتە خوارێ، گومانی مەسیح بەرانبەر هاوەڵانی و یاخیبوونی گلگامش لە مەرگ و گەڕان بەدووی نەمریدا .

بنیادی ئەم بەشە پڕ ڕەنگ و پڕ مەودایە، زمانی دایەلۆگ و گێڕانەوەشی چەندین هێڵ و مەودا دەگرێتە خۆی، واتە بیر لەوە دەکاتەوە هێمایەک بۆ پێوەندی نێوان وێنەکان دەستنیشان بکات کە بریتین لە شاعیر و گلگامش و مەسیح لەگەڵ ئاوێنەکاندا کە بریتین لە شیعر و مێژوو و خەیاڵ. دیارە ئەوەی ئاشکرای دەکات، ئەوەیە کە کوشتن هەمیشە گەورەی هەڵوێستەکان بووەو بەشداربوون لە سێ ڕووداو کە لەخاچدانی مەسیح و دەست سووربوونی گلگامش بە خوێن و خەنجەری شاعیر لەپێناو شیعرێ.

ئەوەی لەم بەشەدا مەبەستە وێناکردنی ڕووداوەکانە بە پێی ئاوێنەکانی ڕووداو، هەر سەردەمەو بیرکردنەوەو ڕوانینی خۆی هەیە، هەر ڕووداوێک لە کاتێکی دیاریکراودا بە شێوەیەک دەگێڕدرێتەوە، وێناکردنی شاعیرە لاوەکە بەو شێوەیەی یەکەم جار وتراوەو بەو شێوەیەی کە هاوڕێکەی بۆی دەگێڕێتەوە دوو وێنەی یەکجار جیاوازن، وێنەیەکی ئارام و وێنەیەکی شەڕانگێز، بەڵام لە ئاوێنەی دوو سەردەمەوە دەردەکەون.

بیری گۆران لەم چیرۆکەدا، گۆڕینی وێنەکانە، واتە هەر هەمان ئەو وێنانە لە ئاوێنەی سەردەمەکاندا دەگۆڕێن، کە ئەمەش پێشکەش کردنی ڕاستییەکە لەسەر تواناو هێزی دەربرین بەپێی سەردەمەکان. بیری ئەم چیرۆکە بیرێکەو باس لە نەمانی وێنە جێگیرەکان دەکات، بۆ ئەمەش وێنەی سەردەم و گۆڕانکارییەکانی سەردەممان بۆ دەهێنێتەوە.

## حەوتەمین وێنە و ئاوێنە

کەسێکی تر ڕووداوی کوشتن دەگێڕێتەوە، ئاوێنەیەک بەسەرهاتی وێنەیەک دەگێڕێتەوە. وێنەکە بریتییە لە ئیبن سەبعین و ئاوێنەکەش خۆگرتنەوەیەتی لەگەڵ خوا.

لە حەوتەمیندا بە ئەزەلیترین پێوەندی وێنەو ئاوێنە ئاشنادەبین، کە ئەویش پێوەندی نێوان مرۆڤ و بڕوایە، مرۆڤی ئیماندار وێنەی خوا لە هەموو زمانەکاندا دەبینێ، لە هەر زمانەو بە شێوەیەک، تا ئەو ڕادەیەی هەموو وێنەکان وەک یەکتری دەبینێ، بۆیە لەم بەسەرهاتەدا وێنەی سەرەکی کەسانی ئیماندارن و لەبەردەم گومانی بڕواکانیاندا وەستاون، بۆیە وێڵی پرسیارە وەڵامدراوەکانن، ئیبن سەبعین وێنەیەکە بۆ ئیمانی پەتی، بەڵام خودی ئیبن سەبعین و بەسەرهاتی هەردوو قوتابییەکەشی چیرۆکی ململانێی نێوان ئیمان و گومانە، بۆیە سەرەنجام بە خوێن کۆتایی دێت، ئاشکرایە کە هەموو گومانە ئایینییەکان بە کاری کوشتن کۆتاییان هاتووە، کوشتنی مەسیح گومان بوو لە ڕاستییەکان و ئەو وێنەیەی نیشانی دەدا و خۆشی مەسیح بە گومان بوو لە ژیانی سەر زەوی، بۆیە کوشتنی هەڵبژارد تاوەکو بگەڕێتەوە لای باوکی ئاسمان، کوشتنی حەللاج نموونەیەکی ترە لە گەڕان بەدووی ڕەهایی و پاکێتیدا، ئەو هەموو خوێنڕێژییەی کە لەنێوان تیمە ئیسلامییەکانی وەک دوورەپەرێزان و جەبری و خەوارج و زەندیقی و کوشتنی عەلی و حوسێن و ..... تاد ڕووی دا ململانێی نێوان گومان و دڵنیایی بوو، هەر ئەمەش وای لە خۆجیاکەرەوەکان کردووە بڵێن: کەسی فاسق لە نێو ئایینی ئیسلامدا نە دەکرێ بە کافر دانرێ و نەبە ئیماندار، دۆزەخ و بەهەشت لەناو دەچن و کەسەکانیشیان لەناو دەچن، تا لە کۆتاییدا خوا ئاوڕ دەداتەوە هیچ کەس نابینێتەوە.کەواتە خۆکوشتنی ئیبن سەبعین و ململانێی خوێناوی دوو قوتابییەکەشی ئەو ئاوێنەیەیە کە وێنەکانیان لە مێژووەوەن تا ئەمرۆش ئاوێنەی تر بەرانبەر وێنەکان دادەنێن و ئەبەدییەتی گومان و دڵنیایی دروست دەکەن.

ئەگەر هاتو تەماشای حەقیقەتی ئەم دوو قوتابییە بکەین، لە ڕاستیدا هەردووکیان دوو وێنەی ئەو هەموو وێنانەی مێژووی بڕوان کە دووبارە دەبنەوە و وێنای هەموو ئەو یاخیبوون و ڕاپەڕینانەن کە تاکێ، یان

گــرووپێ بەرانبــەر بە گــەمــژەیی و بڕوابوونی کــوێرانە پەیڕەوی دەکەن.

بۆیە لە بەسەرهاتی دوو قـوتابییـەکەدا دوو وێنەمـان هەن، بەڵام هەردووکیـان لەبەردەم یەک ئاوێنەدان، ئەویش گەڕانە بەدووی ئەو پرسیارانەی هەر لە ئەزەلەوە دەکرێن و دەکرێن. لە ئاوێنەی یەکەمدا ئەوپەڕی ئیمانداری دەبینین کە وای لێ دەکات بەرانبەر بە هەموو زمانەکان جۆرێک سەرخوراندنی لا دروست کردبێ، بۆیە وەک ئاوێنەیەکی تەماوی دەیانبینێ، بۆ ئەمەش پێویستی بە ڕوونبوونەوەو ڕوونکردنەوەیە، فـێـربوونی هەمـوو زمـانەکـان دواجـار تووشی بێ دەنگی دەکـا، ئەو بێ دەنگییــە تەنیـا لە نوورێکدا دەیبــینێ، ئەو نوورەی کــە لەوێدا بە مــانای «ئەو»دەگا. بێ ئومێدی وێنەیەکە لە نەدۆزینەوە، بەڵام ئومــێــد لای ئەو لە بێ دەنگیــدایە، ئەوەی لەگــەشــتی قوتابی یەکەم وردبێتەوە، ئەو هەستەی لا دروست دەبێ کە ئێمە بەرانبەر بەو هەموو گەشت و گەڕانی قـوتابی یەکــەم بێ دەنگیـــمـــان چنگ کــەوت، واتە وێنە پڕ جـووڵەکـانی نێـو ئاوێنەی گـەڕان و فـێـربوونی زمـان، لە کۆتاییدا دەبێـتـە وێنەیەکی وەسـتـاوی بێ جـووڵە و بێ زمــان، واتە بێ دەنگی، دەکــرێ ئەم حـاڵـەتە ناوبنرێت گـەیشتن بە دڵنیـایی، ئەوپەڕی بڕوا دەرئەنجـامـەکـەی بێ دەنگییە.

لە حـاڵـەتی قـوتابی دووەم وێنەکـە وێنەیەکی سـاف و ڕوونە کە ئەویش بێ بڕواییە، دەیەوێ ئەو ئاوێنەیەی کە بێ بڕوایــــە لێـــڵی بێ تا وێنەیەکی تر لەو ئاوێنەدا بدۆزێتـەوە کـە ئەویش وێنەی قـوتابییـەکی ئیـمـانداره، ئەمــیش وەکـو وێنەی قـوتابی یەکـەم شـێــوازی گــەشت هەڵدەبژێرێ، واتە هەنگاوەکانی بە گەشـتێک دەست پێ دەکات لەو گەشتکردنەدا بەرەو ناخ دەچێتە خوارێ، واتە دۆزینەوەی ڕێگای لەبیــرچوونەوە، فــەرامــۆش کــردن، گۆڕینی ڕووی سافی ئاوێنە بۆ ڕوویەکی تری سافتر، بێ دەنگی تاقە ڕێگا نییە، بەڵکو لاڵ بوون و بیرچوونەوەی وشـەکـان تاقـە ڕێگای گـەیشـتنە بە ئامـانج. ئەم شـێـوە ڕوانینە لە ڕۆمانی شێواندنی کافکامان نزیک دەکاتەوە، بەڵام لای کــافکا گــئـۆرگ زامــزا دەیەوێ لە پەیکەری گیانداری بێتە دەرێ، ئەم قوتابییە دەیەوێ لە بێ باوەڕی بێـتــە دەرێ. بۆ ئەمــەش خـۆدامــاڵـینی خـود لەوەی هەڵیگرتووە تاقـە ڕێگایە، تاقـە شـێـوازی گـەیشـتنە بە چارەسەر. حەز دەکەم تۆزێ ڕاوەستم و کەم تا زۆر وەڵامی ئەو پرسیـارانە بدەمـەوە کـە ئیبن سـەبعین لەبەردەمیـاندا دەسـتـەوەسـتـان و بێ ئەنجـام شـیـشـەی وێنە و ئاوێنەی شکان و کۆتایی بە بوون و ئامادەیی خۆی هێنا، کوشتنی خــۆی لێــرەدا کــوشــتنی دوو وێنەیە، وێنەی بڕواو بێ بڕوایی، کوشـتنی خۆی کۆتایی هێنانە بە جەدەلی نێوان ئایین و بێ ئاییینی، ئەوەی لەم چیـــرۆکـــەدا ئەو دوو قـوتابییــە وێنای دەکـەن، گـومـانە بەرانبـەر بە هۆکـاری ئامادەیی و نائامادەیی ئیبن سەبعین لە ژیاندا، ئامادەیی ئەم دووانە، وەکـو ئەو وێنانەن لە نێـو ئاو و کـانیـاوی بۆچوونەکـــانی ســـەبعــــیندا ڕەنگ دەدەنەوە، ئەوان هەردووکیان پڕۆژەیەکن بۆ بڕیارو بنبڕکردنی گومان لەلای ئەو .

پاش ئەو هەمــوو بگرە و بەردەیەو نەگــەیشــتنی ئەم دووانە بە وێنەیەکی بەرانبــــەر، شکانی ئاوێنەی لێ دەبێتەوە، کە پێم وایە ئاوێنە گەورەکە لەم چیرۆکەدا نە ئەو دوو قــوتابییــەن و نەچیــرۆک و بۆچوونەکـانی ئەم دووانە، بەڵکو ئاوێنە گەورەکە ئیبن سەبعینە.

### هەشتەمین وێنە و ئاوێنە

پێش ئەوەی بچینە نێو دنیای وێنەو ئاوێنەکانی ژمارە هەشتەوە دەبێ ئەوە بڵێم کە لە سەرتاپای بۆچوونەکانی ئەم چیــرۆکــەدا پێــوانەی ڕێژەیی پێــوانەیەکی باوە بۆ بڕیاردان لەسەر مـاناو لێکدانەوەی زاراوەکـان، جا ئیـتـر ئەو زاراوانە تایبەت بە بڕوا بن، یان بێ بڕوایی، کۆن یا نوێ، ئێستاو داهاتوو، ئایندەو ئێستا. ڕێژەیی شێوازێکە خـوێنەر لەبەردەم بڕیاردانێکی ڕەهادا بەجێ ناهێـڵێ، وا ناکات لە ئاستی مەسەلەکاندا ڕەهایی و بڕوایی بنبڕێت چنگ بکەوێ، زۆربەی زۆری شـێـوازەکـانی چیــرۆکی کـــوردی پابەندن بە دژە دووانەکـــانەوە، بۆیە بڕیارو وێنەکـان، یان هێـڵـێکن، یان دووان، سـپین، یان ڕەش، ئامــادەن، یان ونن، گــوڵن، یان دڕک، تەنیــایین، یان پێکەوەن، بەڵام ئەم حـاڵـەتە لێـرەدا لای وێنە و ئاوێنەدا شـێـوەی ڕێژەیی گـرتووە، مـەرج نییـە هەمـوو شـتێ، یان حاڵەتێ مانایەکی ڕەهای هەبێ، هەموو شتە دژەکان تاقە مـــانا بن بۆ دژایەتی، ڕەنگە دژەکـــان لە یەک کـــاتدا هاوسەنگییەک بن بۆ یەکتری و شتە گونجاوەکان پێکەوە شـێـوەیەک بن بۆ دژایەتی، مـەرج نییـە هەمـوو کـۆنێک

مانای کۆن بگەیەنێ، هەموو مۆدێرنێک ڕەنگدانەوەی دژەکۆن بێ، هەر بۆ نموونە مەرج نییە کۆن ئەوە بگەیەنێت کە شتێک تێپەڕیوە، نوێ مەبەست لەوە نییە شتێکە تازە هاتووەتە نێــو مـــەیدانەوە، یان ڕەنگە دووری شێوەیەک نەبێ بۆ مەودا و دوورکەوتنەوەی ماوەکان، بەڵکو شێوەیەک بێ لە دووری جەستەیی و پێوەندی، ڕەنگە نزیک بێت، بەڵام مـاناو هەسـتێکی دوور بەخشێ.

ئەمە حاڵەتێکە تێبینی دەکەم و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زۆربەی بەشەکانی نێو وێنەو ئاوێنەدا ئامادەیی هەیە. پاشان مەسەلەی خۆنەبەستنەوە بە تێگەیشتنە باوەکانی پێوەندی و ماوە و کات وای کردووە چیرۆکنووس تا ڕادەیەکی پێویست لەژێر کاریگەری تێورەکەی ئینشتاین بێت و بیری ڕێژەیی تەنیا لە زاراوەدا نییە، بەڵکو لە دەستنیشان کردنی کات و سەردەمەکانیشدا دووبارە دەبنەوە.

دەبێ ئەوە بوترێ لەم چیرۆکەدا کە وێنەکە «پاشایەکی ئارییایی کۆنەکانە»، ئاوێنەکەش «مانگە»، بەڵام سەرچاوەی چیرۆکەکە بیری نەمری و مەزنی دەگەیەنێ، دیارە بیری ئەم چیرۆکە بۆ ئەنانۆکییەکانی سەردەمی سۆمەریمان دەگەڕێننەوە، ئەوانەی کە بە خواکانی ژێرزەمین دەژمێردران، لە ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیادا هاتووە، ئەمانە بوونەوەرێکی تایبەت بوون، مرۆڤی ئێستاش دەرئەنجامی ئەوانە، هەروەها هەندێ سەرچاوەش ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەم خوایانە توانیویانە بە نێو ئەستێرەکانی ئاسماندا مەلە بکەن و دەستیشیان بە مانگ گەیشتووە، ئەم ئەنانۆکیانە بوونەوەری تایبەت بوون. شێوەی تایبەتیان هەبووە.

بەو سیفەتەی بابلییەکانیش وێنەیەکی پاشهاتووی سۆمەرییەکانن، بۆیە سەرهەڵدانی ئەو بۆچوونەو ئەو شێوە گێڕانەوەیە، ئەوەمان لا دروست دەکا، کە زەمەنی پاشای ئارییەکان، هەر ئەو زەمەنە بووە کە بیری بینینی مانگ و گەشتی مانگ لە ئارادا بووە، ئەمەش مێژووەکەی لە نێو بیری ولاتی نێوان دوو ڕووباردا سەری هەڵداوە. چیرۆکی داگیرکردنی مانگ خەونی مرۆڤ بووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە هێشتا «مەجاز» هەموو سیحرێکی بۆ ئارییەکان بەدەر نەخستبوو، بەڵکو ئەوەی بۆ بەدەرخستبوون، کە پێش ئەوان گەلێ بوونەوەر هەبوون، ئەوان بیری بینین و دەست لێدانی مانگیان کردووە.

بگەڕێینەوە لای ناوەرۆکی ئاوێنەو وێنەی بەشی هەشتەم، ئەم بەشە هەوڵ دەدات پێوەندییەک لە نێوان دۆزینەوەو نەمری، ئاشکراکردن و قوربانی بەدەر بخات. ئەم پێوەندییە ڕەگێکی قووڵی لەو پێوەندییەدا هەیە کە مرۆڤ لە دێر زەمانەوە بە سەرچاوەکانی بوونەوە دەبەستێتەوە، ئەو پێوەندییە بریتییە لە کۆمەڵێ هەوڵ و تێگەیشتن دەربارەی شێوەی بیرکردنەوەو لێکدانەوەو سەرهەڵدانی پێوەندییەکان.

بیری ئەم چیرۆکە بیرێکی ئەفسانە ئامێزەو لە پشت هەموو گێڕانەوەکانیدا مەجازێک هەیە، هەوڵ دەدات لەڕێگای بیری بێ کۆتایی بوونەوە بگاتە ئەزموون کردنی هەموو دیاردەکان، بەدیاردەی داگیرکردنی مانگیشەوە. بیری خەیاڵ لەم چیرۆکەدا بیرێکە لەگەڵ بیری داگیرکردندا تێکەڵ بووە، خەیاڵ دەبێ لەڕێگای ئاشکراکردنەوە لەناو بچێت، بەڵام ئەم لەناوچوونی خەیاڵە بە ئەنجام ناگات، بۆیە دەبێتە هۆی تێکشکانی خۆیان، جیاوازی نێوان بە ئەزموون کردنی خەیاڵ و ئاشکراکردنی واقیع سیمای بیرکردنەوەو لێکدانەوەی نێو ئەم چیرۆکەیە. دیارە بیری مەجازی ئەم چیرۆکە سەرچاوەکەی لە گوێڕایەڵی کوێرانەوە هاتووە، پاشا دوای خەیاڵ دەکەوێ و گەلیش دوای دەکەوێ، بەجوانکردنی خەیاڵیش دەبێتە هۆی زێدەبوونی پشتیوانانی . لەم چیرۆکەوە ئەوە تێدەگەین کە دواکەوتنی خەون و خەیاڵ ئەگەر لە مێژووی گەلێکدا ڕووی دابێت و بشبووبێتە هۆی تێکشکانیان، ئەوە حەتمەن ئەو بڕوایە لە مێژوویاندا دووبارە دەبێتەوە، بۆیە خەیاڵی ئارییایی کۆنەکان لەمڕۆدا بە شێوەیەکی دی دووبارە دەبێتەوە. شوبهاندنی مانگ بە هەر توخمێک ئەمە هیچ لەو مێژووە ناگۆڕێت کە بیری ئاشکراکردنی ئەو شتە لە سروشت و خەیاڵەوە گەیشتووەتە مرۆڤ، واتە لێکچواندنی مانگ بە مێینە یان نێرینە یان بێ گیان هیچ لەوە ناگۆڕێ کە شوبهاندنی مانگ بە هەر شتێ هەوڵێک بووە بۆ نزیک کردنەوەی لە مرۆڤ و تەوزیفکردنی مانگ وەک بەشێک لە شتەکانی دەوروبەری مرۆڤ. کوشتنی مانگ، واتە ڕاوکردن و دەستبەسەراگرتنی، ئەمەش تەنیا لە خەیاڵدا دەکرێ ڕووبدات، بۆیە ئارییەکان وەکو ڕەگەزێک تەنیا شتەکان

له ڕێگای به ئەزموون کردنەوە دەسەلمێنن نەوەک خەیاڵ، کوشتنی ئافرەت دەکەنە شێوازێک بۆ دەستبەسەراگرتنی مانگ و سەرکەوتن و دۆزینەوەی مانگ، هەر بۆیە کوشتنی ئافرەت لە ڕاستیدا کوشتنی مانگە.

سەفەری ئاریاییەکان هەوڵدان بووە بۆ دۆزینەوەی بەردەوامی، بەردەوامی هەموو شتەکان بە بوونەوەرو سروشتەوە، کوشتنی مێینە کوشتنی بەردەوامییە، بە کوشتنی بەردەوامی مێینە لە ناخیاندا بیری کۆتایی هاتن کۆتایی دێ. ئەم مەجازو شوبهاندنە ئافرەتی کرد بە قوربانی.

گرفتی مەزنی ئەم بەشەی وێنەو ئاوێنە لەوەدایە کە ئارییەکان وێنەی ئافرەت لە مانگدا دەبینن، وێنەی مەرگی کۆتایی لە ئاوێنەی ئافرەتدا دەبینن، ئەو تێکەڵبوون و مەجازو شوبهاندنانە، وای کردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە وێنەکان توانەوەی بەردەوامییان لە وێنەی تری نێو ئاوێنەکانی دیکەدا هەبێ، هەر لەبەر ئەمەشە نووسەر پێوەندییەکی زیرەکانەی دۆزیوەتەوە لەنێوان وێنە سەیرەکانی ئاوێنەی مێژوو کە تێیدا ئافرەت قوربانییە، لە ئاوێنەی حەزو سەلماندنەوە دەبێتە قوربانی.

### نۆیەمین وێنە و ئاوێنە

وێنەی «ناو» بەرانبەر ئاوێنەی «چێژ» وەستاوە.

جیا لەوانی پێشتر ئەم بەشە چیرۆکە، هەوڵ دەدات لە بنیادی کارەکتەری مەعنەوییەوە تەماشای پێوەندییەکان بکات، واتە لە ڕێگای ناو و چێژەوە، دەکرێ لە ڕێگای ناوو چێژەوە بەدووی بێ کۆتاییبوونی دەق بگەڕێین، پۆل ریکۆرد پێی وایە پرۆسەی بنیادنانی گێڕانەوە لەسەر پێوەندی نێوان ئەو شتانە وەستاوە کە لە یەکتری دوور دەکەونەوە، واتە ڕەگەزە دژەکان، ئەمەش حاڵەتێکە لەو حاڵەتەی کە لە وێنەو ئاوێنەدا بەگشتی ڕەنگ دەداتەوە، ناو و چێژ تەنیا لەوەدا ناوەستن کە تاقە ناوێک و یەک ماناو یەک نیهادو یەک کارەکتەر بگەیەنن، نەخێر زمانی گێڕانەوە لەوە زیاتر دەڕوا، هەروەک چۆن دیاردەی دەق ئاوێزان لە نێو نووسین و داهێنانەکاندا بەردەوامی هەیەو ڕۆڵان بارت وتەنی دەقی پاکیزە بوونی نییە، کەواتە ناوێکی پاکیزەش بوونی نییە، یەک ناو تەنیا ئەو کەسە نییە کە هەیە، بەڵکو هەموو کەسێکی داهێنەر پێکهاتەی کۆمەڵێ داهێنەر، یان درێژبوونەوەی مێژووە لە داهێنەرەکانی پێش خۆی، (مەحوی) بە تەنیا هەر خودی مەحوی نییە، مەحوی دەرئەنجامی زانستی ئایینی و بیری سۆفیگەری و شیعری حافز و سەعدی و مەولانای نەقشبەندی و وانەی ئایینی و جوانکاری شیعری نەوەکانی پێش خۆیەتی، مەحوی تەنیا ئەو مەحوییە نییە کە ئێمە گوێ دەدەینە شیعرەکانی و دەڵێین چ کابرایەکی مەزنە، بەڵام مەزنی ئەو سەرچاوەو ڕەگی هەمەچەشنەی هەیە، هەر لە ڕابردووی خۆیەوە تا ئەو ساتەی بووە بە مەزن.

ئەم مەحوی-یەی دەیبینی وێنەی نێو ئەو ئاوێنە مەزنەیە کە بەرانبەر، یان وەستاوە، ئاوێنەکانی مێژوو و ئایین و سۆفیگەری تەنیا (مەحوی) لەناخیاندا نیشان دەدەن، بۆیە ئێمەش خۆشمان دەوێ، کاتێ ئێمە شەیدای ناوێک دەبین، شەیدابوونی ئێمە لەو هەموو وێنانەدا کۆبووەتەوە کە ئاوێنەی مێژوو بە تاکێکی بەخشیوە. هەر بۆ ئێمە چێژوەرگرتن لە ناو چێژوەرگرتنە لە مێژووی چێژبەخشینەکانی، گرنگ نییە ناوەکان چی دەگەیەنن، ژمارەیەکی زۆر ناو ئامادەیی ئەوەیان لە ناخماندا هەیە کە خۆشەویست بن، تەنیا خۆشەویستی بۆ ناوەکە نییە، خۆشەویستییە بۆ تێکستەکانی، هەروەک چۆن ناو و کەسی بکەر کۆکراوەی کۆمەڵێ وێنەی پێش خۆیەتی، هەروەها تێکستەکانیشیان کۆبوونەوەو بەیەکداچوونی هەموو ئەو تێکستە داهێنەرانەن کە نەوە لە پشت نەوە لەگەڵ خۆیاندا هەڵیگرتووە.

وێنەو ئاوێنەی نۆیەم پێمان دەڵێت: دەقە گەورەکان خوێنی دەقەکانی پێشتر بە دیرەکانیاندا گوزەر دەکا. کۆتایی بوون و بێ کۆتایی بوون سیمای سەرەکی ڕوانینەکانی ئاوێنەن، ئاوێنە دەتوانێ بێ کۆتاییەکی هەمیشەیی نیشان دات، کاتێ شاملوو دەڵێ : ئاوێنەم بەرانبەر ئاوێنەت دادەنێم تا ئەبەدیەتێکت لێ بخوڵقێنم، ویستوویەتی نەمری دروست بکات، لەم چیرۆکەشدا ئاوێنەیەک بەرانبەر ئاوێنەیەک دانراوەو لە نێوەندیاندا هەموو مەزنەکان وەستاون مەحوی، دیستۆیفسکی و ئیتالیۆ کالفینۆ و خەیام ..... ئەمان دووبارەبوونەوەی پشت و پێشی خۆیان دەبینن، بەم دووبارەبوونەوەیە، دووبارە بوونەوەی مێژووی پشتی خۆیانن و لە هەمان کاتیشدا دووبارە بوونەوەن لە ئایینەدا.

دڵنیابوون لە ناوێک دەبێتە هۆی کوشتنی ئەو ناوەو

کوشتنی هەڵگری ناوەکە، ئێمە دەزانین کە دیکتاتۆرەکان هەر هەموویان هەڵگری سیفەتی یەکترین، هەرگیز هیتلەر هەر هیتلەر خۆی نەبووە، هیتلەر پێکهاتەیەک بووە لە هۆلاکۆ و نیرۆن و ئەسکەندەر، ستالین نموونەیەک بووە لە دووبارەبوونەوەی ئەوان و سەدام و بۆشیش نموونەیەکن لە دووبارەبوونەوەی نموونەکانی بەرانبەر بە ئاوێنە. ئاوێنە هەموو مێژوو و ئاینده دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش وای کردووە کە ئێمە نەتوانین ڕەها و بنبڕانە دەستنیشانی ئەوە بکەین کە کەسانێک هەن، بەردەوام سەر بە سەردەمێکن.

میناتۆرە ئێرانی و ئاشوورییەکان ئاماژەن بە وێنەکانی مرۆڤ، هەرکەسەو گێڕانەوەی خۆی بۆ هەیە، هەر کەسەو لە سەردەمێکەوە شەرحی پێکهاتەییان دەکات، کاتێک ئەو وێنانە کێشراون، یەکەمین داهێنەری ئەو وێنانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون تا مانایەک بە مێژوو و ژیانی ئەو سەردەمە ببەخشن، واتە ئاوێنەی سەردەمی خۆیان بن، بۆیە ئەوەی کە ئێستا لە ئاوێنەکەی نۆیەمدا دەبینرێ، ئەو ئیکۆنانەن کە مانای وێنەی مێژووی خۆیانن، بەڵام لە مێژووی ئێمەشدا هەن، هەریەک لە ئێمە لە ناخیدا مانایەک هەیە، مانایەک دەربارەی ئەو وێنانەی لە نێو ئاوێنەکانی عەتادا دەردەکەون، زۆربەی زۆری بۆچوونە کلاسیکییەکان ئاماژەن بەوەی کە مرۆڤ تەنیا ئەو ساتە ئامادەیە کە هەیە و سەر بەو سەردەمەی خۆیەتی و پێوەندییەکی پچڕاوی بە ڕابردووەوە نییە .

بەڵام هەموو شێوە میناتۆرییەکان وێنەی بەشێک لە کەسایەتی ئەمڕۆی هەر یەک لە ئێمەیە، ئەوەی دوێنێ لە نێو ئەشکەوت و بەشەکانی ژیاندا وێنەی دەکێشرا، برێکە لە شێوەو سیفەتی ئەمڕۆی ئێمە، بۆیە ئەو ناوانەشی کە دوێنێ هەبوون، درێژبوونەوەی ناوە شاراوەکانی ناخمانن، ئەو ناوانە بەشێکن لە چیرۆکی هەمیشەییمان چیرۆکی بوون و ئامادەییمان.

بوونی ناوێک، بوونی مێژوویییەکە، بوونی سەردەمێکە، بەڵام ئەو مێژووە سەرەتاو کۆتایی ژیان دەگەیەنێ، سەرەتا و بوون دەگەیەنێ، ناوەکان لە زاکیرەماندا جۆرە سنووردارییەکمان لەمەڕ بیرکردنەوە پێ دەبەخشن، سنووردارییەک لە چێژو خۆشەویستی، ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە هەموو فیگۆرەکان و پابەندبوون بەتەنیا ئەو فیگۆرەی لەبەردەمماندان. ئەمەش ئەو هەوڵەیە (عەتا محەمەد) جێبەجێی دەکات لە پێناوی تێکشکانی وەهمی تەنیا یەک فیگۆر لە یەکە و تاکە کەسدا، ئەم کارە بەگشتی کردن نییە، بەڵکو هەوڵە بۆ کۆکردنەوەی هەموو شتە جوانەکان لەو هەموو ناوانەی کە پێکەوە هەر هەموویان جوانییەک پێک دێنن. ناوەکان بە مەبەستی ناو نین، بەڵکو ئامانجیان چێژە، چێژی خۆشی و ئیستێتیکی.

مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە ئاوێنەی نۆیەم هەوڵی ئاشکراکردنی دەدات، ئەویش ئەوەیە ئەو ناوانەی بە ناوی خۆیانەوە دەنووسن، بەشێکن لە ناوی ڕەهاو ئەوانەشی پێکهاتەی هەموو ناوەکانن داهێنەرن.

ئەو گومانەی چیرۆکنووس هەموو گومانی پەیامە گەورەکەی ناوو چێژی شکاندووە، ئەویش گومان کردنە لە توانای خەیام و دڵنیاییبوون لە مەحوی، ناشزانین ئەم گومانە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.

## دەیەمین وێنە و ئاوێنە

لە ئاوێنەی «ونبوون»ی ئەم جارەماندا «داهێنان» وێنەیەکە. بەرانبەر سێ پێوەندی ئاڵۆز وەستاوین، «کتێب» و «زیندان» و «تەلیسم». ئەم سێ پێوەندییە سەرچاوەی وێنەیەکی ئاڵۆزن و لە پێکەوەنووساندنی پارچە ئاوێنە تێکشکاوەکاندا یەک دەگرنەوە، سەرەتا دەستنووسێک هەیە، لاپەڕەی یەکەمی ونە، کە ئەمەش ونبوونی سەرەتایە، نەبوونی دەسپێکە، کە ئەمەش نهێنییەکی ئەزەلییە و پابەندە بە هەموو ئەو دیاردانەی لەسەر زەویدا هەن کە ئاڵۆزی و ناڕوونی، ئاشکرانەبوونێکیان پێوە دیارە، کەس نازانێ سەرچاوەکانی یەکەمین گەلی سەر زەوی کێ بوون، یەکەمین کتێبی پیرۆز و یەکەمین ئایین کێ بوون.... تاد، بۆیە لە هەموو دیاردەیەکدا سەرەتا ونە، ونبوونی دەستنووسەکەی مۆزەخانەی بەغدا، ونبوونێکی ئەنقەستە پێچەوانەی ونبوونە سروشتییەکەی، واتە ونبوونێکە لە خۆیەوە سەری هەڵنەداوە، بەڵکو بۆ دروست کردنی تەلیسم ون کراوە.

بۆیە لە بەشی دەیەمی وێنەو ئاوێنەدا بەرانبەر سێ حاڵەتی نهێنی ئامێزین، ئەویش «کتێب» و «زیندان» و «تەلیسمە». دەکرێ بەرانبەر بەو سێیانە سێ کاراکتەر دانێین، پێیان دەڵێم «داهێنەر»، «کۆیلەکانی چێژ»،

«دەستنووس»، لەبەرانبەر ئەم سێیانەش دەکرێ، دەستنیشانی سێ کاراکتەری دیکە بکرێ کە ئەوانیش ڕەنگدانەوەی ئەو هەر سێ شتەن بریتین لە: «خوێنەر»، «زیندانی»، «مێژوونووس».

نووسینی کتێب و دروست کردنی زیندان و تێک شکاندنی تەلیسم، سێ هەوڵن بە مەبەستی خولقاندنی سەرچاوەیەک بۆ بیرکردنەوە. بێ گومان سێ دروست کردنن، دروست کردنی ڕوحی و ماتەریالین، تێیدا مرۆڤ لە هەر سێ حاڵەتەکەدا ئامادەیە، واتە ئەو دروست کردنە بە مەبەستی دروست کردنی پێوەندییە، لەو دروست کردنەشدا ئەوانەی کارەکە ئەنجام دەدەن بە پێی لێکدانەوەی عەتا کەسی داهێنەر و کۆیلەکانی چێژو مێژوو و مۆزەخانەن. لەم سێ حاڵەتەدا حاڵەتی خۆکوشتن ڕوودەدا، خۆکوشتن بە هەردوو مانا جەستەیی و ڕوحییەکەی، لەهەر سێ حاڵەتەکەش مەبەستی بەخشینی چێژ لە ئارادایە، داهێنەر کاتێ کاری داهێنان دەنووسێ، پرۆسەی خۆکوشتن لە ناخیدا دەست پێ دەکا، خۆکوشتنێک بە مەبەستی بەخشینی جوانکاری بە کاری داهێنان، کەواتە نووسەر لە پرۆسەی خۆکوشتنی ڕوحیدا ئەو چێژانەی ناخی خۆی دەکا بە قوربانی تا بە خوێنەری ببەخشێ، بەمەبەش پرۆسەی خۆکوشتنەکەی لە کاری داهێناندا بە ئەنجام دەگات.

لە حاڵەتی دووەمدا «زیندانە». ئەوانەی زیندان دروست دەکەن و ناویان کۆیلەکانی چێژە، چێژی داهێنان وایان لێ دەکا خۆیان ڕەوانەی کوشتن بکەن، واتە دروست کردنی شێوە زیندانێک کە پڕ بێت لە نهێنی و تەڵەزگە تا بۆ زیندانی ئاسان نەبێت تەلیسمەکانی بە ئاسانی بدۆزێتەوە، بە مانایەکی تر چێژی دۆزینەوەو داهێنان پاڵی بەوانەوە دەنا تا ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە، وەک نووسەر دەڵێ تەنانەت چێژیشیان لەو ئەشکەنجانە دەبینی کە دایان دەهێنا و دواتر لەسەر خۆیان تاقی دەکرایەوە، بۆیە دروست کردنی زیندان تەواو لە کاری نووسینی کتێب و داهێنانی کتێب دەچوو، کۆیلەکان بەرەو مەرگ دەچوون تا پڕ نهێنیترین زیندان دروست بکەن . تەلیسمی دەسنووسەکەش وەک ئەو دووانە یەک شت بوو، ئەویش لاپەڕەی یەکەمی بوو کە وا لە گێڕەرەوە دەکات لە چێژی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگدا بژی، تەنیا لە پێناو ئاشکراکردنی نهێنی ئەو دەستنووسە.

کەواتە نووسەر وەک داهێنەرێ کتێب دادەهێنێ بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە و نێهنییەکانی ئاشکرا بکات، لەم حاڵەتەدا خوێنەر هەوڵ دەدا ئەو چێژەی نووسەر بدۆزێتەوە کە بە کوشتنی مەعنەوی بەخشیوەتی بە کتێبەکە، لە هەمان کاتدا نهێنی و تەلیسمی ئەو چێژە بشکێنێ، ئەمەش بە تەواوی لە کاری ئەو زیندانییە دەچێت کە هەوڵی هەڵهاتن لەو زیندانییە تازەیە دەدات کە کۆیلەکانی چێژ بە مەرگی خۆیان دروستیان کردووە، هەمان ئەم شتەش لای گێڕەوە سێ بارە دەبێتەوە کاتێ لە سەرەتادا هەوڵی دۆزینەوەی نهێنی ئەو دەسنووسە دەدات.

کەواتە وێنەکان سێ وێنەن، بەڵام لەبەردەم یەک ئاوێنەدان، ئەویش دۆزینەوەی نهێنی وێنەی نێو ئاوێنەکەیە، لەم بەشەدا ئەوەی کە هاوبەشی نێوان هەموانە ئاشکراکردنی تەلیسم و نهێنییەکانە، هەروەها چێژوەرگرتنە لەو کوشتنانەی ڕوو دەدەن، ئەم سێ کاراکتەرە، داهێنەر و کۆیلەکانی چێژ و گێڕەوە تەنیا یەک پەیامیان هەیە، ئەویش گواستنەوەی چێژی ناخی خۆیانە بۆ دەرەوە، بۆ خوێنەری کتێب و زیندانی و خوێنەری وێنەو ئاوێنەی دەیەم.

**نیسانی ٢٠٠٨ هۆڵەندا**

**سەرچاوە:**

**تیناو چیرۆکە ئەندێشەییەکان، چیرۆک، عەتا محەمەد، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، چاپخانەی ڕەنج.**

# له کارس و له فرانکفۆرتدا

ئۆرهان پامۆک
له تورکییه‌وه‌: ئیبراهیم شێخ شه‌ره‌فی
(تورکیا)

زۆر خـۆشـحـاڵم له‌وه‌ی کـه خـۆم له فـرانکفـۆرتدا ده‌بینمـه‌وه، ئه‌و شـاره‌ی کـه پاڵه‌وانی یه‌کـێک له کتێبه‌کانم، واته «کا»ی ناو ڕۆمانی «به‌فر» دوایین ده ساڵی ته‌مه‌نی خـۆی تێدا به‌سه‌ر بردووه، پاڵه‌وانه‌که‌م تورکێکه، خزمایه‌تی له‌گه‌ڵ کافکادا له خوێنه‌وه و پشتاو پشت نییـه، به‌ڵکو خـزمـایه‌تییـه‌که‌یان له ڕێگه‌ی ئه‌ده‌بیاته‌وه‌یه.

دواتر دێمه سه‌ر باسی خزمایه‌تی ئه‌ده‌بی. «کا»ی من ناوی ته‌واوی (که‌ریم ئالاکوش ئۆغلو)ه و له‌به‌ر ئه‌وه‌ی حه‌زی له‌و ناوه نه‌کردووه ئه‌و کورتکراوه‌یه به‌کار دێنێ. له سه‌ره‌تای هه‌شتاکانه‌وه وه‌ک دوور خراوه‌یه‌کی سیاسی هاتووه‌ته فرانکفۆرت، هێنده هه‌ڵوه‌دای سیاسه‌ت نییه، ته‌نانه‌ت هیچ حه‌ز به سیاسه‌ت ناکات، هه‌موو عه‌قڵ و هۆشی به‌لای شیعره‌وه‌یه. مێرخاسه‌که‌م شاعیرێکه له فرانکفۆرت ده‌ژی. له تورکیادا بێ ئه‌وه‌ی خۆی بیه‌وێ وه‌ک ڕێکه‌وت و قـه‌زاو قـه‌ده‌ر تووشی بووه به تووشی سیاسه‌ته‌وه. ئه‌گه‌ر ئه‌مڕۆ کاته‌که‌مان به‌ش بکات، یه‌ک دوو شـتی بچـووکیش سـه‌باره‌ت به سـیـاسـه‌ت وه‌ک ڕێکه‌وت و قـه‌زاو قـه‌ده‌ر باس ده‌کـه‌م. زۆر شت هه‌ن بگوترێن، به‌ڵام خه‌متان نه‌بێ... ڕۆمانه‌کانم درێژن، لێ خۆم که‌م قسه ده‌که‌م.

بۆ ئه‌وه‌ی بتوانم به‌شێوه‌یه‌کی تا ده‌کرێ که‌م هه‌ڵه باس له فرانکفۆرت، ئه‌و شوێنه‌ی (کا) سه‌ره‌تای هه‌شتاکان تا نه‌وه‌ده‌کانی تێدا به‌سه‌ر بردووه بکه‌م، پێنج ساڵ پێش ئێستا، له ٢٠٠٠ هاتم بۆ فـرانکفـۆرت. دوو کـه‌س له‌وانه‌ی ئه‌مڕۆکه له‌ناو ئه‌و قه‌ره‌باڵغییه‌دا له‌گه‌ڵماندا به‌شدارن، ئه‌وکاته به‌سه‌خاوه‌ته‌وه هاوکاریان کردم، له

سایەی ئەوانەوە چووینە ئەو پارکە بچکۆلانەیەی نزیک Gutleutstrasse کە دەکەوێتە پشتەوەی بینای کارگە کۆنەکان و قارەمانەکەم دوا ساڵەکانی ژیانی تێدا بەسەر بردووە. دواتر چووینە هەریەک لەو خانووەی (کا) تێدا ژیابوو، ئەو کتێبخانەیەی شارەوانی، کە هەموو ڕۆژێ چەند کاتژمێرێکی تێدا بەسەر بردبوو، بۆ ئەوەی بتوانم بە باشی خەیاڵی ئەوە بکەم کە چۆن چۆنی هەموو بەیانییەک هاتوچووی بەو ناوەدا کردووە، لە گۆڕەپانی ئیستاسیۆنەوە واتە لە (Kaiserstrasse)ەوە بە بەر دەمی شوێنەکانی سێکس و لەشفرۆشی و لە -Mun chenerstrasseەوە، بە بەردەمی میوەفرۆشی تورکەکان و کەبابچییەکان، دوکانی سەرتاشەکاندا تا مەیدانی Hauptwache، – بە گوزەرکردنیش بە بەردەمی ئەو کلێسایەی ئێستاکە لە ناویداین– بەپێ ڕۆیشتین.

چووینە ناو ئەو Kaufhof ـەش کە (کا) ئەو پاڵتۆیەی سالانێکی زۆر بە غروور و کەیف خۆشییەوە لەبەری دەکات، تێیدا کڕیبووی. بە درێژایی دوو ڕۆژی تەواو سەرمان کرد بە هەموو ئەو گەڕەک و کۆڵانە کۆن و هەژارنشینانەی تورکەکانی تێدا نیشتەجێن، مزگەوتەکان، کەبابخانەکان، نووسینگەی ڕێکخراوەکان و قاوەخانەی تورکەکان ئەوە حەوتەمین ڕۆمانم بوو کە دەمنووسی، بەڵام بیرمە وەک ڕۆماننووسێکی تازە و ناشارەزا کە یەکەم ڕۆمانی دەنووسێ، بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر شتەکان و وردەکارییەکانم یاداشت دەکرد... بۆ نموونە دەمپرسی، لە هەشتاکاندا ڕێگای ترامواى بەم گۆشەیەدا تێدەپەڕی!؟

هەمان شتیشم کرد سەبارەت بەو بەشەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەم کە لە کارس، شارێکی بچووکی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا تێدەپەڕن. بۆ تێپەڕینی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەم لەو شارەدا کە زۆر کەمم زانیاری لەبارەیەوە هەبوو چەندین جار چووم و لەوێ مامەوە، خەڵکی ئەوێم ناسی، هاوڕێیەتی خەڵکانم کرد، شەقام شەقام و دوکان بە دوکانی گەڕام و شارەکەم ناسی. چوومە لاتەریکترین و لەبیرکراوترین کۆڵانەکانی، لاتەریکترین و لەبیرکراوترین شاری تورکیا و لەگەڵ هەموو ئەو مرۆڤە بێکارانەی تەنانەت هیوای دەسکەوتنی کارێکیشیان نییە و چایخانەکان لێیان لێوان لێون، لەگەڵ قوتابیانی دواناوەندی، ئەو پۆلیسانەی بە یونیفۆرماوە، یان بە نهێنی و لەژێر جلی سڤیلدا چاوەدێریان دەکردم و لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەو ڕۆژنامانەی کە تیراژیان لە ۲۵۰ تێناپەڕێ، دانیشتم و ئاخێوتم.

هەموو ئەو وردەکاریانەتان بۆ ئەوە بۆ باس ناکەم تاکو بەسەرهاتی نووسینی یەک لە ڕۆمانەکانم (بەفر–KAR)تان بۆ بگێڕمەوە، تەنێ بۆ ئەوەی بێمە سەر باسی مەسەلەیەکی تایبەت بە هونەری ڕۆمان کە تا دێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بۆم ڕوون دەبێتەوە و هەستی پێ دەکەم. بابەتەکەمان بریتییە لە گۆڕینی ئەو «ئەوی تر» ، «بێگانە» ، «دوژمن»ەی کە لە مێشکماندایە.

بێ گومان ڕۆمانەکان بۆ باس کردن لە خەڵکانی تر، ئەوانەی دەیانناسین و خەمیان لێ دەخۆین و بۆ خەیاڵکردنی ئەوە دەنووسرێن کە ئەوانیش شێوە ژیانێکی وەک ئێمە دەژین، بەر لە هەموو شتێک دەمانەوێ ڕۆمانەکەمان باس لە یەکێکی وەکو ئێمە، تەنانەت گەرەکمانە باس لە خودی خۆمان بکات. باس لە دایکێکی وەک دایکی خۆمان، باوکێک، بنەماڵەیەکی لەوەی ئێمە، ماڵێک، شەقامێک، شارێکی ئاشنا و باسکردنی ئەو وڵاتەی کە لە هەمووان زیاتری لە بارەوە دەزانین، بەڵام تەکنیکە سەرسوڕهێنەر و سیحراوییەکانی ڕۆمان وا دەکا لە ساتێکدا ماڵەکەمان، بنەماڵەکەمان و شارەکەمان ببێتە ماڵ و خێزان و شاری هەموو ئەوانی تر کە دەیخوێننەوە. زۆر قسە لەسەر ئەوە کراوە کە ڕۆمانی Buddenbrooks ڕۆمانێکی ئۆتۆبیۆگرافیکە، بەڵام من لە کاتێکدا لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ئەو ڕۆمانەم دەخوێندەوە، هەستم نەدەکرد کە باس لە ژیانی خێزانی نووسەر دەکات کە زۆریشم زانیاری لەسەر نەبوو، بەڵکو زۆر بە ئاسانی دەمتوانی خۆمی لەناودا ببینمەوە و وام هەست دەکرد کە بەسەرهاتی خێزانێک بەشێوەیەکی گشتی دەخوێنمەوە. میکانیزمە باش و بێ وێنەکانی هونەری ڕۆمان، ئالیکاریمان دەکەن تاکو بتوانین بەسەرهاتی خۆمان وەک بەسەرهاتی یەکێکی تر پێشکەش بە هەموو مرۆڤایەتی بکەین.

ڕۆماننووسی بریتییە لە هونەری ئەوەی بەسەرهاتی خۆمان وەک ئەوەی بەسەرهاتی خەڵکانی تر بێ، بگێڕینەوە بەڵێ... بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی ئەو هونەرە بەرز و گەورەیەیە کە بە درێژایی چوارسەد ساڵە بە هەموو توانای خۆیەوە کاریگەری دەخاتە سەر خوێنەران و

ئێمەی نووسەران شاگەشکە دەکات و تووشی سەرسوڕمان دەکات. لایەنەکەی تریشی هێزی پەلکێشکردنی منە بۆ شەقامەکانی فرانکفۆرت و کارس. واتە تواناو ئیمکانی ئەوەی کە بەسەرهاتی خەڵکانی تر وەک بەسەرهاتێکی خۆمان بنووسینەوە، بەم جۆرەش لە ڕێگەی ڕۆمانەکانەوە هەوڵ دەدەین لە پێشدا سنوورەکانی خۆمان و دواتریش سنووری ئەوانی دیکە بخەینە ئاڵوگۆڕەوە. ئەوانی تر دەبن بە «ئێمە» و ئێمەش دەبین بە «ئەوانی تر» بێ گومان ڕۆمانێک ئەمانە هەردووک لە یەک ساتدا دەکات.

هەم ژیانی خۆمان وەک ژیانی کەسێکی تر باس دەکات و هەمیش بواری ئەوەمان بۆ والا دەکا کە ژیانی ئەوانی تر وەک ئەوەی ژیانی خۆمان بێ بنووسین. بۆ ئەم شتەش مەرج نییە، ڕێک وەک ئەوەی من لە ڕۆمانی بەفردا کردوومە، چوون بۆ شەقامی تر و شاری تر شتێکی سەرەکی بێت. زۆربەی ڕۆماننووسان بۆ خۆ کردنە ئەوی تر و بۆ باس کردنی ئەوانی تر، وەک ئەوەی باس لە خۆ بکەن، پەنا دەبەنە بەر هێزی خەیاڵ. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو شتە، با ئەم نموونەیە بێنمەوە کە بیرۆکەی خزمایەتی ئەدەبیشمان بیر دەخاتەوە: «ئاخۆ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بەیانی لەخەو هەڵسابام و خۆم وەک قالۆنچەیەکی گەورە بینیبایەوە چی ڕووی دەدا؟» بە بڕوای من لە پشتەوەی هەموو ڕۆمانێکی گەورەوە، نووسەرێک هەیە کە لەناو خەیاڵی خۆ خستنە شوێن یەکێکی تر سەرخۆشە، هەستێکی داهێنەرانەی گەورە کە وا دەکات نووسەر سنوورەکانی خۆی ببەزێنێ. بۆ ئەوەی مەزەندەی ئەوەی لێ بکەن، کە ئەگەر ڕۆژێک لە خەو هەستان و بوون بە قالۆنچەیەک و لە کاتێکدا ئێوە بەسەر دیوار و بن میچەکاندا غار غارێنتانە، ئەوانەی ماڵەوە لێتان دەترسن و بێزتان لێ دەکەنەوە و دایک و باوکتان سێوتان پێدا دەکێشن، بۆ هێنانە بەر چاوی ئەو حاڵەتە، لە جیاتی ئەوەی زیاتر خۆ بە لێکۆڵینەوە لەسەر قالۆنچەکانەوە خەریک بکەن، وا باشترە بێن بە کافکا، بەڵام ڕەنگە بۆ ئەوەی خۆمان بخەینە شوێن یەکێکی ترەوە لە پێشدا وا پێویست بکات هەندێ لێکۆڵینەوە بکەین. لە هەموو شتێکیش زیاتر ئەو مەسەلەیەی دەبێ لێی ورد بینەوە ئەوەیە کە: «کێیە ئەو «ئەویتر»ەی پێویستە خەیاڵی بۆ بکەین؟» ئەو مرۆڤەی کە لە ڕاستیدا هیچ لە ئێمە ناچێ، سەرەتاییترین خووەکانی ناخمان وەک هێرشبردن و خۆپارێزی و ڕق و ترس دەخاتە جووڵە، دەزانین کە ئەم هەستانە دەبنە پاڵنەری هێزی خەیاڵ و هێزی نووسینمان بە پێی ڕێساکانی ئەو هونەرەی لەبەر دەستدایە، «ڕۆماننووس» وا هەست دەکا کە بە خۆگونجاندن، یان جێگۆڕکێ لەگەڵ ئەو «ئەوی تر» ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە .

دەشزانێ بیرکردنەوە بە پێچەوانەی ئەوەی خەڵکان تێی دەفکرن و بیریان بۆ دەچێ، جۆرە ئازادییەکی پێ دەبەخشێ. دەشکرێ مێژووی ڕۆمان، وەک مێژوو و دیرۆکی خۆ خستنە شوێن ئەوەی تر و خۆگۆڕین بە هێزی خەیاڵەوە، بنووسرێتەوە.

Robinson Crusoe، هێندەی کتێبی (Robinson)ە، ئەوەندەش کتێبی خەیاڵکردن و بیرکردنەوەیە سەبارەت بە (جومعە)ی کۆیلەی. دۆنکیشۆتیش، چەندە بەسەرهات و کتێبی شۆڤالییەکانی ناو کتێبەکانە، هێندەش بەسەرهات و ڕۆمانی (سانچۆ پانزا) و خەیاڵکردن لە ژیانی کۆیلەیەتی ئەوە. سەرەمەستیش دەبم بە خوێندنەوەی درەوشاوەترین ڕۆمانی تۆلستۆی (Anna Karenina)، کە چەندی بەسەرهاتی پێکهێنانی ژیانێکی هاوسەری پڕ بەختەوەری پیاوێکە، هێندەش، ڕۆمانی خەیاڵکردن و بیرکردنەوەیە لە ژیان و بەسەرهاتی ئافرەتێکی نائومێد کە بەو هاوسەریەتییە تووشی شکست و نائومێدی دەبێت. ئەم جارەیان (فلۆبێرت) هاتووە و بووە بە نموونەیەک بۆ تۆلستۆی و وەک نووسەرێکی پیاو کە بەدرێژایی ژیان، ژیانی هاوسەری پێک نەهێناوە، هاتووە خەیاڵی خۆی بۆ بیرکردنەوە لە ئافرەتێکی هیوا بڕاو واتە ( Madame Bovary) تەرخان کردووە. یەکەمین شاکاری ئالاگۆری کلاسیکی (مۆبیدیک)ی Melville، لە ڕێگەی نەهەنگی سپییەوە، باس لە ترسی ئەو سەردەمانەی ئەمریکاییەکان دەکات، واتە کتێب و سەربردەی خەیالاوی ئەو کەسانەیە کە لە خۆی ناچن. ئێمەی ئەدەب دۆست، ئەمرۆکە سەبارەت بە باشووری ئەمریکا و ڕەشپێستەکانی بیر لە شتێکی جیاوازتر لەوە ناکەینەوە کە کاتی خۆی فۆکنەر بە خەیاڵ باسی لێوە کردووە. هەر بەو جۆرە، هەست دەکەین کە بەرهەمی ڕۆماننووسێکی ئەڵمانی کە گەرەکیەتی دەنگی خۆی بگەیەنێتە

سـەرانسـەری ئەڵمـانیـا ، بەردەوام بە کـەمـوکـورتی دەمێنێتەوە ، ئەگەر بێتو لەبەر هەر هۆیەک ، یان بەبێ هۆ ، بە ئاشکرا ، یان بە پەردە پۆشی ، سەبارەت بە تورکەکان و ئەو شتانەی کە کاریگەری لەسەر ئەوان هەیە تێنەفکرێ و هەست بە جۆرێک نائارامی نەکات. بە هەمان شێوەش من وا هەست دەکەم ئەو ڕۆمـاننووسە تورکـەی خـەیاڵ بۆ ئەو گۆشە تاریکانەی مێژوو ناکات و تێی نافکرێ ، کە ناتوانێ باس لە کـوردەکـان و کـەمـینەکـانی تر بکات ، بەردەوام بەرهەمەکەی بە کەموکوڕی دەمێنێتەوە.

سیاسەتی ڕۆماننووس و خۆ کاندیدکردنی ڕۆماننووس بۆ دۆزە سیاسییەکان ، وەک خەڵکی بیری لێ دەکاتەوە ، مـەسـەلەیەک نیـیـە پێـوەندی بە چوونە ناو پارت و ڕێکخراو و گرووپەکانەوە هەبێ.

سیاسەتی ڕۆماننووس لە هێزی خەیاڵی ڕۆماننووسەوە سەرچاوە دەگرێ ، ڕۆمـان بریتـیـە لە هێـزی نووسـەر بۆ خۆخسـتنە شوێن ئەوەی تر. ئەو هێـزە نە تەنێ دەبێـتـە سـەرچاوەیەک بۆ ئەوەی بیگۆڕی بۆ مـرۆڤـێک کـە ئەو واقعـیـەتە مرۆڤـایەتییـانە دەدۆزێتەوە کە پێشـتر کەس باسی لێـوە نەکردوون ، بەڵکو سیـفـەتی نوێنەرێکی پێ دەبەخشێ کە دەبێتە زمانحاڵی هەموو ئەوانەی دەنگیـان لەگەڵ ڕوودا نایەتەدەر ، ئەوانەی تووڕەیی و بێزارییەکانیان پشتگوێ دەخرێ و هەموو ئەوانەی دەنگیان دەخنکێنرێ و ناتوانن دەردی خـۆیان بێننە سـەر زمـان. ڕەنگە ڕۆمـاننووس وەک ئەوەی من لەسـەرەدەمی گـەنجیـەتیـدا هەسـتم پێ دەکرد ، زۆر گوێ بە مـەسەلە سیـاسـیـەکـان نەدات و مـەبەسـتی نەبێ... یان ڕەنگە هەر لە بنەڕەتدا مەبەست و ئامانجێکی تری هەبێ. ڕۆمـانی (جنەکـان)ی دیسـتـەیڤـسکی کە ئەوسا و ئێـسـتـەیش گـەورەترین و بەرچاوترین ڕۆمانی سیاسییە ، ئەمڕۆکە ئێمە وەک ئەوەی دیسـتـەیڤـسکی گەرەکی بوو ، واتە وەک بەدرۆخسـتنەوەی نهـێنیـیـەکی گەورە سەبارەت بە ڕۆحی «سلاڤ»ەکـان و واقعـییـەتی ڕووسەکان دەیخوێنینەوە ، نەک وەک ئەوەی ئیـدعـای بۆ دەکرا کە ڕۆمانێکە بۆ نانەوەی دەمەتەقێ و پۆلەتیک لە نێوان نهلیسـتـییـەکان و ڕووسە خولیاکانی ڕۆژئاوا. ئەم نهـێنیـیـە شـتـێکە کـە تەنێ لە ڕێگەی نووسینی ڕۆمانەوە بەدەست دەهێنرێ. زانیـاری لەم جۆرە قەت لە ڕێگەی خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان ، یان لە ڕێگەی سەیر کردنی تەلەفزیۆنەکانەوە بەدەست ناهێنین.

هەمـوو ئەو زانیـارییـانە سـەبارەت بە مـێـژوو و ژیانی تایبـەتی خـەڵکان و مـیللەتانی تر کـە جـۆرێک لە نائارامیمـان پێ دەبەخشن ، ڕامـان دەچڵەکێنن و قووڵایی و وردەکارییەکانیان دەمانترسێنن و سادەیی و ساکارییان تووشی سـەرسوڕمانمـان دەکەن ، واتە کـۆی ئەو زانیـارییـە زۆر تایبـەت و نایابانە تەنیـا لە ڕێگەی سـەرنجدانێکی ورد و بە حـەوسـەڵەوە و لە ڕێگەی خـوێندنەوەی ڕۆمـانە گەورەکـانەوە بەدەستی دێنین. مـادام باسەکـە کـراوەتەوە ، حـەز دەکـەم ئەوەش بڵـێم کـە هەست دەکـەم زۆر لەو نهێنیـیەوە نزیکم کە لەگەڵ مێژوودا پێوەندییەکی قووڵیان هەیە و دیسـتـەیڤـسکی لە ڕۆمـانی (جنەکـان)دا بەگـوێی خوێنەریدا دەچرپێنێ و نهێنییـەکی حەشاردراوە لە نێوان غروور و بێ دەسەڵاتی و شەرم و تووڕەییدا.

بێ گومان لە پشتەوەی ئەم نزیکایەتییەوە ، نووسەرێک هەیە ، کـە تەواو خـۆی بە ڕۆژئاوایی نابینێ و لەبەر تیشک و درەوشانەوەی شارستانییەتی ڕۆژئاوا چاوەکانی هەڵنایەن و لە نێـوان ئەم دوو جـیـهـانە جـیـاوازەشـەوە هەستکردن بە پێوەندییەکانی ڕق و تووڕەیی و نائارامییە ڕۆحییەکان ئامادەییان هەیە.

هاتینە سەر باسی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات. ڕۆژنامەنووسان زۆر حەز بەو باسە دەکـەن و ئەو پرسیـارانە دێننە گۆڕێ ، گـەر بەپێی ئەو پێناسـەیەش بێ کە ئەمڕۆکـە بەشێک لە چاپەمـەنی ڕۆژئاوا بۆ تێگەیشـتنی ئەو مـوفـرەداتانەی داناوە ، وا بزانم هەر وا باشـتـرە باسی نەکـەین. چونکە زۆربەی جاران لە مەسەلەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا ، وا دێتە بەرچاو کە مـەبەست سـەردانەواندنی وڵاتە هەژارەکـانی ڕۆژهەڵاتە بۆ هەمـوو فـەرمـانێکی وڵاتانی ڕۆژئـاوایی و ئەمریکا. لەو گۆشەنیگایەوە کولتوور و ژیان و سیاسەت لەو شوێنانەی من ڕووم تێکردوون (وڵاتانی ڕۆژئاوایی-و-) بۆتە سەرچاوەی بەشێک لەو بێزاری و نائارامییـەی ڕۆژئاوا و تەنانەت چاوەڕوانی دۆزینەوەی چارەسەریش بۆ ئەو مـەسـەلانە ، لە نووسـەرانی وەک من دەکـرێ ، بەڵام با لەپێشدا ئەوە بڵێم کە ئەو شێوازی بەکەم زانینە خۆی لە خۆیدا بەشـێکی کـێـشـەکـەیە. لێ بێ گـومـان کـێـشـەی ڕۆژئاوا- ڕۆژهەڵات هەیە و ئەمەش تەنێ کێشەی نییەت خـراپی شـێـوازی ڕۆژئاوا نیـیـە ، بەشـێـوەیەکی فـراوانتـر کـێـشـەی دەوڵەمەندی و هەژارییە و لە هەمان کاتیـشـدا کێشەیەکە لە کێشەکانی ئاشتی جیهانی.

دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا لە ڕۆژئاوا تووشی زەخت و زۆری دەبێت، لەبەرانبەر لەشکرەکانی ڕۆژئاوادا بەردەوام تووشی شکست دەبێت و پاشانیش کاتێک ئیمپراتۆریەت لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە، لاوانی تورک، نەوەی بەرێوەبەرانی داهاتوو و تەنانەت دوایین پاشاکانی عوسمانیش، دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو پێشڤەچوونە درەوشاوەیەی ڕۆژئاوا و بۆ بەرەو ڕۆژئاوایی چوون و بە ڕۆژئاوایی کردنی وڵات دەستیان بە زنجیرەیەک چاکسازی کرد. لە پشتەوەی چاکسازییە بە ڕۆژئاوایی کردنەکانی کۆماری تورکیای مۆدێرنیشدا کە لەناو جەرگەکەیدا ئەتاتورک خۆ دەنوێنێ، هەمان لۆژیک و تێگەیشتن هەیە. ئەوە ئەو بڕوایەیە کە پێی وایە دابونەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگە کە لەوان سەردەماندا لە شێوازی بەرێکخراو بوونی ئاییندا خۆی دەنواند، سیمای وڵاتێکی هەژار و بێ توانا دەبەخشێتە تورکیا. منیش وەک کەسێک کە لە خێزانێکی چینی ناوەندی و بە ڕۆژئاوایی بووی ئەستەمبوڵەوە دێم، زوو زوو خۆم لە ناو ئەو بڕوایەدا دەبینمەوە کە بڕوایەکە لە بنەڕەتدا نییەت پاکە، لێ گەلێک سادە و ساکار کراوەتەوە، ئەو کەسەی دەیەوێ خۆ بە ڕۆژئاوایی بکات، پێویستی بە ئیرادەیەکی گەشبین هەیە و گەرەکیەتی بە لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا کولتووری وڵاتی خۆی بگۆڕێ و دەوڵەمەندی بکات. ئەو بزووتنەوەی بەڕۆژئاوایی کردنەی تورک- عوسمانی کە بۆ دەوڵەمەندکردن و بەهێزتر کردن و ژیانێکی بەختەوەرانەتر کەوتۆتەڕێ، لە هەمان کاتدا بزووتنەوەیەکی بەخۆماڵی کردن، نەتەوە پەرستی (چی ناو لێدەنێن بنێن..)یشە، بەڵام لەبەر ئەوەی بزووتنەوەیەکی بەڕۆژئاوایی کردنە، بێ گومان هەندێک لە تایبەتمەندییە کولتووری و ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی بەشێوەیەکی قووڵ دەخاتە بەر ڕەخنە و لە زۆر شوێنیشدا وەک ڕۆژئاواییەکان، گەر لە قاڵب و شێوازێکی وەک ئەوانیشدا نەبێ، بە هەڵەو کەم بایەخی لە قەڵەم دەدا... ئەمەش هەستێکی قووڵی تر دێنێتە گۆڕێ کە لە پێوەندی نێوان خۆم و ڕۆژئاوادا بەردەوام هەستم پێ کردووەو بۆتە هۆکارێکیش بۆ دەربڕینی نارەزایی بەرانبەر بە ڕۆمانەکانم، ئەویش هەستی «شەرم» کردنە. ئەو کێشانەی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، یان بەشێوەیەکی ڕاستتر بڵێم کولتووری خۆماڵی و مۆدێرن، یان مەملەکەتەکەم و ئەورووپا، لە سایەی ئەو هەستی شەرم کردنەوە پەرە دەستێنێ کە هەرگیز بە تەواوی بنەبڕ ناکرێ. بەردەوامیش هەوڵ دەدەم ئەو هەستی شەرمە لەگەڵ هەستێکی تەواو پێچەوانەی خۆیدا، واتە هەستی «غروور» بەیەکەوە ببینم. هەموومان دەزانین: ئەگەر یەکێک گەیشتە دوا پلەی مەغرووری و زۆر خۆ بەزلزانانە ڕەفتاری کرد، ئەو ڕەفتارەی بەردەوام سێبەری سووکایەتی پێکردن و شەرمکردن لە «ئەوی تر»ی بەسەرەوەیە یان بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کەسێک هەستی کرد کە زۆر سووکایەتی پێ دەکرێ و بە کەم دەزانرێ، بە هەستی غروورێکی نەتەوەپەرستانەوە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ڕۆمانەکانم لە ژێر کاریگەری ئەو شەرم و غروور و تووڕەیی و خۆبەکەم زانینەدا نووسراون. ئەو ڕاستییەش دەزانم کە لەبەر ئەوەی لە وڵاتێکەوە دێم لە دەرگای ئەورووپا دەدات، چۆن چۆنی ئەو هەستە تێکەڵ بە دڵگرانی و دڵشکاوییە زۆر بەئاسانی جار نا جارێ بڵێسە دەستێنێ و دەگاتە سنوورە مەترسیدارەکان.

دەمویست منیش باس لەو شەرمە بکەم کە لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی دیستەیڤسکی-دا هەستم پێدەکرد و دەتگوت نهێنییەکە بە چرپەوە بەگوێی خوێنەریدا دەچرپێنێ. هونەری ڕۆمان فێری ئەوەی کردم کە باسکردن لەو شەرمانەی وەک نهێنییەک لە ناخماندا شاردووماننتەوە بۆ خەڵکانی تر، جۆرێک لە ئازادیمان پێ دەبەخشێ.

بەڵام هەر لە خاڵی دەسپێکی ئەو ئازادییەدا، هەندێ کێشەی تر لە ناخمدا هەست پێ دەکەم، کێشەی نوێنەرایەتی کردن و کێشە ئەخلاقییەکانی بەناوی یەکێکی ترەوە قسە کردن. لەلایەکی تریشەوە ئەو هەستی دڵگرانی و شەرمی نەتەوەپەرستی و یانیش حەساسیەتە خۆماڵییەکان کە باسم لێوەکردن، لە هێزی خەیاڵی نووسەر و ئاوێنەی ئەودا لە قاڵبی جۆرێک لە ئائارامیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو ڕاستییەی کە ئەگەر بێتو بە نهێنی بمێنێتەوە تەنیاو تەنیا بە بێدەنگی تووشی شەرمان دەکات، کاتێک لە ڕێگەی هێزی خەیاڵی ڕۆماننووسەوە لە قاڵبی نهێنییەک دێتەدەر، دەگۆڕێ بۆ ئەو جیهانە نوێیەی کە پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوە هەیە. تاکو ڕۆماننووسیش وەکو منداڵێک یاری بە یاساو ڕێساکانی دنیا و جیۆمەترەکانی ژیان بکات و بەشێوەیەکی نائاگاهانە درێژە بەو یاریکردنەی بدات، گرووپ و

کۆمەڵەکان، جەماعەتەکان، خێزانەکان، قەبیلەکان و هاووڵاتیان و هەموو کەس بەجۆرێک لە جۆرەکان لە ناخدا تووشی جۆرە نائارامییەک دەبن. ئەو نائارامییە نائارامییەکی بەختەوەرانەیە.

ڕۆمانیش تا زیاتر بخوێنرێتەوە، وامان لێدەکات هەست بکەین وەک حەکایەت و چیرۆکەکان دروستکراوی دەستی یەکێکە، ئەو شتانەش بەدەردەخات کە لەلایەن کۆمەڵگە و خێزان و خوێندنگەکانەوە شاراوە و سەرپۆش کراون، لەوەش زێدەتر، بواری بیرکردنەوە لێیان دەرەخسێنێ. هەموومان ئەو کەیف و خۆشییەمان هەست پێ کردووە کە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەوە بەدەستی دێنین... حەز بە چاودێری کردنی بەسەرهاتی ئەو کەسە دەکەین کە ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی بە جیا لە خەڵکانی تر گرتووە، بەرەو ڕووبوونەوەی بیر و ڕۆحی ئەو کەسە لەگەڵ دنیادا و پێوەندییەکانی لەگەڵ شتەکانی دەور و بەریدا و گۆڕانی لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە حەز بە ڕامان و سەرنجدان لە جموجووڵەکانی نووسەر، وردبینییەکانی و پێداگری و خاوەن بڕیارێتی و هەموو ئەو شتانە دەکەین کە بەکاری هێناون، دەشزانین ئەو شتەی کە دەیخوێنینەوە بەرهەمێکی پێکهاتوو لە هێزی خەیاڵی نووسەر و کەرەستە و بابەتەکانی ئەو جیهانەیە کە تێیدا دەژین. ڕۆمان نە بەتەواوەتی بەرهەمی خەیاڵە و نە بەتەواوەتیش دەرهاویشتەی واقیعە. خوێندنەوەی ڕۆمان بریتییە لە ڕووبەڕوو بوونەوەمان لەگەڵ هێزی خەیاڵی نووسەر لەلایەک و ئەو واقیعەی بە مەراقەوە دەستی تێوەردەدەین و بەشێکین لێی، لە لایەکی ترەوە. کاتێک لە گۆشەیەکەوە دانیشتووین، یان لەسەر پێخەفێکەوە بە ڕاکشانەوە سەرگەرمی خوێندنەوەی ڕۆمانێکین، بەردەوام هێزی خەیاڵمان لە نێوان جیهانی ڕۆمانەکە و جیهانی خۆماندا لەکارکردندایە. ئێستا ئیتر ئێمەش وردە وردە دەستمان کردووە بە بیرکردنەوە سەبارەت بە «ئەوی تر»ێک کە نە بینیومانە و نە دەشیناسین، یان بەشێوەیەکی تر ڕاستەوخۆ دەست بە سەفەرێک دەکەین بۆ ناو قووڵاییەکانی ڕۆحی کەسێکی تر کە لە کەسایەتی خۆمانەوە نزیکە.

زۆر بە وردی سەرنج دەدەمە هەمووی ئەو حاڵەتانە، چونکە حەز دەکەم ئەو شتەی کە سەردەمانێک بەخەیاڵمدا هاتووە و هاتۆتە بەرچاوم لە شوێنێکی وەک ئێستادا بتوانم بە باشترین شێوە بۆ ئێوەمانانی باس بکەم. زۆر جاران هەوڵ دەدەم سەربردە و بەسەرهاتەکانی ئەو خوێنەرەی لە گۆشەیەکەوە، یان لەسەر کورسییەک خۆی کروشمە کردووە و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانە، لە جوگرافیا و ژینگەی خۆیدا بێنمە بەرچاوی خۆم. لەو کاتەشدا دیمەنی ئەو سەدان و هەزاران خوێنەرەم لەبەرچاودا زیندوو دەبێت کە هەریەکە و لە شوێن و ژینگەیەکی جیاوازدان و بەجۆرێک لە جۆرەکان بیر لە خەیاڵەکانی نووسەر، قارەمانەکانی و جیهانە تایبەتییەکەی دەکەنەوە. ئێستا هەموو ئەو خوێنەرانەش ڕێک وەکو نووسەر هێزی خەیاڵیان دەخەنە کار و هەوڵ دەدەن بۆ خۆ خستنە شوێن یەکێکی ترەوە. ئەوە ئەو ساتانەن کە تێیاندا هەستەکانی لێبووردەیی، سەخاوەت، بەزەیی و هاوخەمی و خۆشەویستی لە ناخماندا دەکەوێتە جووڵەجووڵ. ئەو شتەی کە ئەدەبیاتێکی باش بانگی بۆ دەدات هێزی لێپێچینەوە و دادگایی کردن نییە، بەڵکو هێز و لێهاتوویی خۆ خستنە شوێن یەکێکی ترە.

هەر کاتێک وێنای ئەو خوێنەرانەی بەو لێهاتووییەیانەوە هێزی خەیاڵیان دەخەنە کار و بەسەر کۆڵان و شەقام و شارە جیاوازەکانەوە بڵاو بوونەتەوە، دێنمە بەرچاوی خۆم... بەشێوەیەک لە شێوەکان وێنا و دیمەنی کۆمەڵە کەسانێک، تاقمێک، میللەتێک- چی ناو لێ دەنێن بنێن- دێتە بەر چاوم کە خەریکی ڕامان و بیرکردنەوەن سەبارەت بە خودی خۆیان. لە ڕۆژگاری ئەوڕۆماندا کۆمەڵگەکان، قەبیلە و نەتەوەکان قووڵترین بیر و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە خۆیان لە ڕێگەی ڕۆمانەکانەوە دەردەبڕن و لە ڕێگەی ڕۆمانەکانەوە بواری گفتوگۆ و باسکردنی مەسەلە تایبەتییەکانی خۆیان دەرەخسێنن و هەر لەبەر ئەوەش زۆربەی زۆرمان کاتێک کە بۆ بەسەربردنی کات، یان چێژ وەرگرتن، یانیش بۆ دوورکەوتنەوە لە کێشە و گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە، دەست دەدەینە ڕۆمانێک و بەدەم خوێندنەوەی،بێ ئەوەی هەست بە خۆمان بکەین، دەست دەکەین بە خەیاڵکردن و لێ ورد بوونەوە لەو گرووپ و کۆمەڵگە و میللەتەی خۆشمان تێیدا ئەندامێکین. هەر ئەوەشە وادەکات ڕۆمانەکان کە چەندە هەڵگری هەستی غروور و بەختەوەری نەتەوەیەکن، هێندەش هەڵگری هەستی شەرم و تووڕەیی و دڵگرانی ئەو نەتەوەیە بن و بە ڕوون و

ئاشکرا ئەو هەستانە دەخەنە بەرچاو. هەر لەبەر ئەو هەستی شەرم و غروور و دڵشکاوییەی کە ڕۆماننووس باسیان دەکات، تاکو ئێستاش ڕۆماننووسان خۆیان لە بەرانبەری تووڕەیی خەڵکاندا دەبیننەوە و بەداخەوە تاکو ئێستاش بەرەو ڕووی ئەو هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوە بەدوور لە لێبوردەییانە دەبینەوە و تا ئێستاش ڕۆمانەکان دەسووتێنرێن و لە دژی ڕۆماننووسان داوای یاسایی دەکرێنەوە.

لە ماڵێکدا پەروەردە بووم کە ڕۆمانی تێدا دەخوێنرایەوە. باوکم کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو و وەک ئەو باوکانەی لە ماڵەوە باسی پاشاکان و ئەولیاکانیان دەکرد، باسی ڕۆماننووسە گەورەکانی وەک مان، کافکا، دیستەیڤسکی، تۆلستۆی دەکرد. هەموو ئەو ڕۆمانانە و ڕۆماننووسەکان هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لە مێشکمدا لەگەڵ خەیاڵم بۆ ئەورووپا ئاوێتە دەبوون. ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە من لە خێزانێکی ئەستەمبوڵییەوە هاتبووم کە تا دوا سنوور باوەڕی بە ڕۆژئاوایی بوون هەبووە و هەر لەبەر ئەوەش بەوپەڕی سادەیی و ساکاری وڵاتەکەی خۆی زۆر زێدەتر لەوەی کە هەیە بە ڕۆژئاوایی زانیوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە هونەری ڕۆمان یەکێکە لەو هونەرە هەرە بەرزانەی ئەورووپا پەی پێ بردووە و گەشەی پێداوە، بە بۆچوونی من لە دوای ڕێنیسانس و موزیکی ئۆرکێسترا، ئەو شتەی ئەورووپای کردووە بەو ئەورووپاییەی ئەمڕۆ و ئەو شتەی پێناسەی ئەورووپا پێکدێنێ و بۆتە بەردی بناغەی ئەو ئەورووپایەی ئەمڕۆکە دەیبینین، هاوشان لەگەڵ هونەری وێنەکێشان، هونەری ڕۆمانە. من وەک خۆم ناتوانم بیر لە ئەورووپایەکی بێ ڕۆمان بکەمەوە! ئەمە وەک شێوازێکی تێفکرین، تێگەیشتن و خەیاڵکردن، یان وەک کردەیەکی خۆ خستنە شوێن ئەوی تر، ڕاستە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕۆمانەکان وەک شاهیدی کۆی کولتوور و مێژوویەک جێگەی متمانەن. لە زۆربەی شوێن و ناوچە دوورەدەستەکانی گەلێک شوێنی جیهانەوە منداڵان و گەنجەکان بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی ڕۆمانەکانەوە لەگەڵ ئەورووپادا ڕووبەڕوو دەبنەوە، منیش یەکێکم لەوانە. با ئەو ساتانە بێنینەوە یاد کە ئەورووپا لەناو سنوورەکانی خۆیدا لە ڕێگەی هونەری ڕۆمانەوە ڕووبەڕووی کێشەوەرێکی نوێ، کولتوورێکی نوێ و ڕۆشنبیرییەکی نوێ بووە و ئەم کولتوورە نوێیەش توانی بە پێداگری و بە ئیلهامێکی نوێوە ڕۆمان بەکاربێنێ و لەو ڕێگەیەوە باس لە خۆی بکات و هەر ئەمەش وای کردبوو خۆی لەناو ئەورووپادا ببینێتەوە... با دەرکەوتنی بەرچاوی ڕۆمانی ڕووس و بوونی ڕۆمانی ئەمریکای لاتین بە پارچەیەک لە کولتووری ڕۆژئاوا بێنینەوە یاد... تەنانەت تەنیا خوێندنەوەی ڕۆمانەکان وامان لێدەکەن ببینین کە سنوورەکانی ئەورووپا، کولتوور و مێژووەکەی و ناخیشی بەردەوام لە گۆڕاندابووە.

ئەو ئەورووپایەی کە لە ڕۆمانە فەرەنسی و ئەڵمانی و ڕووسییەکانی ناو کتێبخانەکەی باوکمدا باسیان دەکرا، یان ئەورووپای دوای جەنگ و سەردەمی منداڵی من... یان ئەورووپای ئەمڕۆکە... ئەمانە هەموویان شوێن و هزری گۆڕاون، بەڵام دیسانیش خەیاڵی ئەورووپایەکی نەگۆڕ و هەمیشەیی لە هزری مندا هەیە و ئێستە دێمە سەر باس کردنی.

مەسەلەی ئەورووپا بۆ تورکێک مەسەلەیەکی زۆر حەساس و دڵڕەنجێنە. منیش وەک زۆربەی زۆری تورکەکان، هەستەکانی ئەو کەسەی لەبەر دەرگایە... لە دەرگا دەدات و چاوەڕوانی ئەوەیە دەرگای لێبکرێتەوە.. نیەتپاکی و مەراق و نیگەرانییەکانی بەرانبەر بە ڕەت کردنەوە و وەرنەگیران.... هەموو ئەمانەم لە ناخمدا هەڵگرتووە. ئەوە مەسەلەیەکە نزیک و هەر لەپاڵ مەسەلەی ئەو شەرمەوە جێدەگرێ کە پێش ئێستە باسم کرد. لە دەرگادان، چاوەڕوانی، قسە لێوەرگرتن، هیوادارکردن و نەچوونە ژوورەوە و تاکو تورکیا لە ئەورووپا زیاتر نزیک دەبێتەوە و تا مەسەلەی بە ئەندامبوونی تەواوەتی تورکیا لە یەکیەتی ئەورووپا زیاتر بەرجەستە دەبێ، بەداخەوە دەبینین کە ڕاوبۆچوونی دژایەتی کردنی تورکیا لە لایەن هەندێک لە سیاسەتمەدارەکانی ئەورووپا زیاتر دەردەکەوێ. سیاسەت و شێوازی هەندێ لەو سەرکردە ئەوروپییانەی بەم دواییانە لە هەڵبژاردنەکاندا پەیڕەویان کردووە دژی تورکیا و تورکەکان، هێندەی شێوازی شەڕخوازانەی دژ بە ئەورووپا و ڕۆژئاوای هەندێک لە سیاسەتمەدارە تورکەکان بە مەترسیدار دەزانم. ڕەخنەگرتن لە مەسەلەی کەموکورییەکانی دیموکراسی لە تورکیادا، یان بۆ نموونە باسکردن و ڕەخنەگرتن سەبارەت بە کێشە ئابوورییەکانی

تورکیا شتێکه و ڕەتکردنەوەی کولتووری تورکی بەتەواوەتی، یان سووکایەتی کردن بەو تورکانەی لە ئەڵمانیا و لە شەرتو مەرجی گەلێک سەختتر لە هی ئەڵمانەکاندا بە هەژاری ژیان بەسەر دەبەن شتێکی تری تەواو جیاوازە. ئەو قسە ناشیرنانە بە هەستی ئەو کەسە دڵڕەنجاوەی لە دەرگا دەدات و چاوەڕوانی چوونە ژوورەوەیە، دەگاتەوە گوێی تورکەکان. هەڵایساندن و خۆشکردنی ئاوری نەتەوەپەرستی لە دژی تورکەکان لە ئەورووپادا، بەداخەوە تەنیا لەبەرژەوەندی بزاوتن و جووڵاندنی نەتەوەپەرستییەکی عامیانەی دژی ئەورووپایە لە تورکیادا. دەبێ ئەوانەی باوەڕیان بە یەکێتی ئەورووپا هەیە زۆر بەزوویی دەرکی ئەو ڕاستییە بکەن کە کێشەکە لە مابەینی نەتەوە پەرستی و ئاشتەواییدایە. دەبێ لە نێوان ئەو دووانەدا یەکێکیان هەڵبژێرین.

لەو باوەڕەدام کە لە ناخی یەکێتی ئەورووپادا بیرۆکەی ئاشتەوایی خۆ دەنوێنێ و ئەورووپاش ئەو هەلە ئاشتەواییانەی کە تورکیا پێشکەشی کردووە، ڕەت ناکاتەوە. کێشەکە کەوتووەتە حاڵەتی سەرپشکبوون و هەڵبژاردن لە نێوان هێزی خەیاڵی نووسەر لە لایەک و نەتەوەپەرستی ڕۆمان سووتێنەرەکان لەلایەکی ترەوە.

لەم چەند ساڵانەی دواییدا بەردەوام بیروڕای خۆم سەبارەت بە پێویستی وەرگیرانی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپا دەربڕیوە و هەر بەو هۆیەشەوە ڕووربەڕووی چەندین پرسیاری گوماناوی و لێو لێ هەڵقورتان بوومەتەوە. با بەرسڤێکی ئەوانەش بدەمەوە. بێ گومان یەکەم شتێک کە تورکیا و تورکەکان پێشکەشی ئەورووپایان کردووە ئاشتییەو ویست و داخوازییەکانی وڵاتێکی موسوڵمان بۆ هاتنە ناو سنوورەکانی ئەورووپا بە نیەتیکی ئاشتییانەوە دەبێتە سەرچاوەی متمانە و هێز بۆ ئەورووپا و ئەڵمانیا. نووسەری ئەو ڕۆمانانەی لەسەردەمی منداڵی و گەنجیەتیمدا دەمخوێندنەوە لە ڕێگەی تەجرەبە و شێوازی تاکەکەسیانەوە ئەورووپایان دەناساند نەک لە ڕێگەی مەسیحییەت و کرستیانیەتەوە. لەبەر ئەوەش کە لە ڕێگەی هەوڵی قارەمانەکانی نێو ڕۆمانەکانەوە بۆ بەدیهێنانی ویست و ئازادییە تاکەکەسییەکانی خۆیان و بەرهەمەکانی خۆیانەوە دەیانویست ئەورووپا بناسێنن، کاریگەرییان لەسەر ناخی من هەبوو، بەهای ئەورووپا لەوەدایە کە بۆتە سەرچاوەی گەشە کردن و پێگەیاندنی ئازادی، یەکسانی و برایەتی لە جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوادا، ئەگەر ڕۆحی ئەورووپا ڕۆشنگەری و دیموکراسی و یەکسانی بێ، پێویستە تورکەکانیش شوێنگەیان لەو ئەورووپا ئاشتیخوازەدا هەبێ. ئەورووپایەک کە تەنیا جەخت لەسەر کرستیانییەت و مەسیحییەت بکاتەوە، وەک تورکیایەک کە گەر تەنیا هێزی خۆی لە دین وەرگرێ واقیعی نابێت و نەک بەرەو داهاتوو، بەڵکو ڕوو لە ڕابردوو کردن تەنیا لە ناخی خۆیدا بە چەق بەستوویی دەمێنیتەوە.

باوەڕهێنان بە یەکێتی ئەورووپا بۆ منداڵانی ئەستەمبوڵی وەک من کە بە بیری ڕۆژئاواییەوە پەروەردە کراوە، کارێکی سەخت نییە. لەبیرتان نەچێ ئەو تیپی تۆپی پێیەی لە منداڵییەوە لایەنگری لێدەکەم واتە فەنەر باخچە لە لیگەکانی ئەورووپادا بەشداری دەکات.

بە ملیۆنان تورکی وەک من هەیە کە بە گیان و بە دڵ باوەڕیان بە بوونی شوێنگەی تورکیا لە ئەورووپادا هەیە، بەڵام لەوانە گرنگتر ئەمڕۆکە تورکە موسوڵمان و موحافز کارەکان و نوێنەرە سیاسییەکانیشیان دەیانەوێ تورکیا لە ناو یەکیەتی ئەورووپادا ببینن و بە بەشداری لەگەڵ ئێوەدا بیر لە ئەورووپای داهاتوو بکەنەوە و دروستی بکەن. لە دوای سەدان ساڵی شەڕ و ماڵوێرانی، بەدوور لە پەشیمانی وەرگیرانی ئەو دەستی دۆستایەتییە ناکرێ شتێکی ئاسان بێت. هەروەک چۆن باوەڕم بە تورکییەک نییە کە خەیاڵی ئەورووپای نەبێ، ئاواهیش باوەڕم بە ئەورووپایەک نییە کە خەیاڵی تورکیای نەبێ.

داوای لێبوردن دەکەم کە هێندە لەسەر سیاسەت ڕۆیشتم.

ئەو دنیایەی گەرەکمە خۆمی دەنێودا ببینمەوە، بێ گومان جیهانی هێزی خەیاڵە لەنێوان تەمەنی حەوت هەتا بیست و دوو ساڵی بە خەیاڵی ئەوەی کە ببمە وێنەکێش.. بەناو شەقامەکانی ئەستەمبوڵدا دەگەڕام و دیمەنەکانی شارم وێنە دەکێشا. پاشان لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیمدا وەک لە کتێبی «ئەستەمبوڵ»یشدا باسم کردووە، وازم لە وێنەکێشان هێناو دەستم دایە نووسینی ڕۆمان. ئێستە هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە چ وێنەکێشان بێ چ نووسین، لە ڕاستیدا هەر هەمان کارم کردووە. ئەو شتەی کە منی بە وێنەکێشان، یان

نووسینەوە بەستووەتەوە لە راستیدا ویستی منە بۆ ڕاکردن لەو جیهانە پڕ لە جەنجاڵی و نائومێدی و پڕ لە بێزارییە و پەنابردنە بەر دنیایەکی قووڵ و دەوڵەمەند و تێکەڵ و پێکەڵی تر. بۆ وردبوونەوە و تێڕامان زۆر بەوردی و بنیاتنانی ئەو جیهانە بێ وێنە نوێیەی دووەمیان... چ لەسەردەمی منداڵی و گەنجیدا لە ڕێگەی هێڵ و ڕەنگەکانەوە و چ لە سی ساڵەی دواییدا لە ڕێگەی وشەکانەوە بێ، هەموو ڕۆژێ پێویستم بەوە بووە کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە تەنیا لە ژوورێکدا بمێنمەوە. بێ گومان ئەو جیهانە دڵنەوایی دەرەی دووەمیان کە بە درێژایی سی ساڵان و بە تەنیایی مانەوە لە گۆشەیەکدا بنیاتم ناوە، لە ڕێگەی کەرەستەکانی ئەم جیهانەی خۆمانەوە و لە ڕێگەی ئەو شتانەی لە ناو شەقامەکانی ئەستەنبوڵ، کارس، یان فرانکفۆرت-دا و لەناو ماڵەکاندا دەیانبینم دروستم کردووە. لە هەمان کاتدا هێزی خەیاڵمان، هێزی خەیاڵی ڕۆماننووس ڕۆحێکی تایبەت و سیحراوی دەبەخشێتە ئەو جیهانە واقعییە پڕ لە بێزارییەی تێیدا دەژین.

ئێستە دێمە سەر باسی ئەو ڕۆحە، باسکردنی ئەو شتەی نووسەر بە بەخشینی هەموو تەمەنی خۆی گەرەکیەتی وا لە خوێنەر بکا هەستی پێ بکات. ئەگەر لە من دەپرسن، ژیان شتێکە کە تەنیا کاتێک دەخزێتە ناو چوارچێوەیەکەوە بەختەوەریمان دەداتێ... شتێکە تا ئەوپەڕی تێکەڵ و پێکەڵ... سەیر و تێگەیشتن لێی نە هێندە ئاسانە. زۆربەی جاران مەسەلەی بەختەوەری، یان بێ هیواییمان زیاتر لەو ژیانەی کە دەژین، پەیوەستە بەو مانایەی کە ئێمە پێی دەبەخشین. من هەموو ژیانی خۆم بۆ لێکۆڵینەوە لەو مانایە تەرخان کرد. لە دنیای سەخت و جەنجاڵ و خێرای ئەمڕۆکەشماندا، یانی لەنێو ئەو هەراو هۆریایەدا و لە نێوان شتە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیاندا ئەو شتە بریتییە لە دەسپێکێک، ناوەندێک، یان ئەگەری دۆزینەوەی کۆتاییەک... و بە بڕوای من ئەو کارە تەنیا لە ڕێگەی ڕۆمانەکانەوە دەکرێ... دوای تەواو کردنی ڕۆمانی (بەفر) و دوای بڵاو کردنەوەی وەک (کا)ی قارەمانی ڕۆمانەکەم کە هەندێک لە خۆم دەچێ، هەر کاتێک بەناو شەقام و کۆڵانەکانی فرانکفۆرت دا دەگەڕێم، وا هەست دەکەم کە لەگەڵ تارمایی ئەودا ڕووبەڕوو بوومەتەوە و ئەو شارە مانایەک و ناوەندێکی تایبەتی لای من هەیە. بە بڕوای من ئەو قسەیەی مالارمێ کە دەڵێ «هەموو شتێکی ئەم دنیایە بۆ ئەوە دروست بووە تا بچێتە ناو کتێبێکەوە» ڕاستییەکی هەمیشەییە. واش هەست دەکەم کە ئەو کتێبانەی کە بە باشترین شێوە هەموو شتەکانی دنیا لە خۆیان دەگرن، بە بێ هیچ گومانێک ڕۆمانەکانن. بە تێپەڕینی سەدان ساڵ تاکو ئەمڕۆش، تواناکانی مرۆڤایەتی، هێزی خەیاڵ و توانای تێگەیشتن لەوانی تر بە باشترین شێوە، لە ڕێگەی ڕۆمانەکانەوە دەخرێتە بەر چاو. وا هەست دەکەم لەبەر ئەوەی بە سەداقەتەوە سی ساڵە خزمەتی هونەری ڕۆمان دەکەم، ئەم خەڵاتە گەورەیەتان بە من بەخشیوە و... لە ناخەوە سوپاسگوزاری هەمووتانم.

**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥/ فرانکفۆرت**

*** ئۆرهان پامۆک خاوەنی خەڵاتی ئاشتییە کە لە لایەن ڕێکخراوی (یەکیەتی ناوەندە چاپەمەنییەکانی ئەڵمانیا)وە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ پێی بەخشراوە و ئەم وتارەشی لەو ڕێوڕەسمەدا پێشکەش کردووە.**

*** سەرچاوە:**

**Babamin bavulu- Orhan PAMUK- iletisim yayinlar 1. bask1 Istanbul subat 2007- s: 59/83**

## بیرەوەری ٢٥ ساڵ لەمەوبەر

**(٣)**

# لە پەراوێزی سیمینارەکەی سلێمانی و نالی لە دەفتەری نەمریدا

مارف خەزنەدار

-١-

مامۆستایان لە گەشتێکی دوو سەعاتیدا هەموو ئەو شوێنانەیان بەسەر کردەوە، ئەوانەی گەڕۆک و ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان چاویان پێ کەوتبوون و بیرەوەرییەکانیان تیایاندا لەدایک بوون. گفتوگۆی پاش موحازەرە گەرم بوو. هەندێ لە مامۆستایان بە تایبەتی ژنەکان بەشەرمەوە پرسیاریان دەکرد، منیش پێم دەگوتن: ئێستا ئێوەش وەکو من مامۆستان. ئەوان دەیانگوت: ڕاستە، بەڵام دەبێ ئێمە هەر قوتابی بین، چونکە مامۆستا گەورەیە. بێ گومان ئەمە ڕەوشتی کەسی شیر پاکە.

ڕۆژی ١٦ی مایسی ١٩٨١ ڕۆژێکی مێژوویی بوو لە ژیانی گەشتەکانی شاری سلێمانیم. لەپاش ئەم کۆبوونەوە و یەکتری بینینە پڕ لە سۆزە کوڕی لەو ئازادتر و سەربەستتر دەستی پێ کرد. شەو لە یانەی پزیشکان کۆبووینەوە، خانەخوێ کە کارگێڕی گشتی پەروەردە بوو لە بۆچوونەکەیدا زۆر سەرکەوتوو بوو بەوەی (دڵشاد مەریوانی) کردبوو بە سەر پشک بۆ ڕێکخستنی داوەتی یانە و دەستنیشان کردنی میوانان، دڵشاد لەمن شارەزاتر بوو بۆ ئەم کارە. ئەو دەیزانی دۆستی نزیکی من کێن، چونکە جێی متمانەی من بوو، نهێنییەکانی منی لەخۆم چاکتر دەپاراست.

دڵشاد لەبەر دەرگای یانە پێشوازی میوانانی دەکرد، هەموویان کەسانێک بوون لەو کاتەدا لە سلێمانی دەژیان. منیش لە ژوورەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵشاد بە ئارەزووی خۆی جێگۆڕکێی بە میوانەکان دەکرد.

لەیاداشتی ڕۆژانەیدا دڵشاد مەریوانی بەخەتی خۆی ئەم چەند دێڕەی تۆمار کرد بوو: «دانیشتوانی یانەی پزیشکان لە سلێمانی شەوی ١٦ی مایسی ١٩٨١ لەسەر شەرەفی مامۆستام مارف خەزنەدار دوای سیمینارەکەی دەربارەی گەڕۆکە رووسەکان لەدەستەچەپەوە مەحموود تۆفیق، عومەر میرزا، مستەفا ساڵح کەریم، ع.ع. شەونم، دڵشاد محەمەدئەمین مەریوانی، مارف خەزنەدار، عەبدوڵڵا میدیا، ئەحمەد هەردی، ڕەئووف بێگەرد، حەمە سەعید حەمەکەریم، شێرکۆ بێکەس، ڕەئووف حەسەن، حەسیب قەرەداغی، جەمال خەزنەدار، جەزا عەلی ئەمین. تا ڕازانەوەی مێزیش حەسەن جاف و سەباح غالیب دانیشتبوون، بەڵام کاریان هەبوو و ڕۆیشتن. لەو کاتەی ئەم ناوانەم دەنووسییەوە باس باسی کەلانە بوو..».

ئەم کەلانەیە پێوەندی بە ع.ع. شەونم-ەوە هەبوو. لەو کاتەدا باسی ئەوەیان دەکرد گۆیا لە داوەتەکەی ماڵی حەمە سەعید حەمەکەریم، ع.ع. شەونم پێش ئەوەی دەست بۆ چێشت درێژ بکا دوازدە کەلانەی خوارد بوو!

داوەتەکەی ماڵی حەمە سەعیدیش بۆ خۆی لاپەڕەیەکی رووناکە لەپێوەندی شاعیر و نووسەرانی کورد، بە تایبەتی لەکۆمەڵی سلێمانیدا. زۆربەی ئەوانەی لە یانەی پزیشکان لەدەوری مێز دانیشتبوون لە بەهاری ساڵی پێشتر گەشتێکی سەیرانی بەهاری ناوچەی عەربەتیان کرد. ئەوکاتە ماڵی حەمە سەعید لەوێ بوو. بەناوی خواردنی کەلانەوە داوەتەکە ڕێکخرابوو. لە پێشانا کەلانەیان هێنا ئینجا خواردنی تر. دیاربوو خەڵکەکە چاویان بریبووە ع.ع. شەونم، وەکو بڵێی بەزەییان پێدادەهاتەوە، چونکە کەوتبووە سەر کەلانە و وا دەزانرا ڕەنگە جێی خواردنە خۆشەکانی تر نەمێنێ. شەونم گوتی: ئارام بگرن، من کاری خۆم دەزانم، جێی هەموو شتێک ماوە. لە تەک شەونم-دا هەموو گفتوگۆیەک خۆشە بەتایبەتی باسی خواردن.

-٢-

لەو دانیشتنەدا هەوڵ دەدرا گفتوگۆ لە چوارچێوەی ئەدەب نەچێتە دەرەوە، بەڵام ئەمەش لەگەڵ ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد کارێکی قورسە. وەکو بڵێی کار بەبێ سیاسەت بەڕێوە ناچێ. هەر لەخۆیەوە باسی ئێران و خومەینی، سەدام و عیراق، کورد و شەڕی عیراق و ئێران دێتە ناوەوە. لە هەموو کاتێکیشدا ئەوەی بەسەر بیری ڕۆشنبیریدا زاڵە کورد و پارتییە سیاسییەکانیەتی، خودا هاوار ئەگەر ئەم مەسەلەیە بکەوێتە سەرزاری کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیری وەکو ئەوانەی لە یانەی پزیشکان ئەو شەوە دانیشتبوون. پارتییە کوردییەکان: پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو ئەولایەنانەی لێی جیابوونەوە و دوژمنایەتییان دەکرد لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق. ئەگەر لەو ڕۆژگارەدا تەماشای مێژووی ئەو ڕێکخراوانەت بکردایە لە دوژمنایەتی و یەکتری کوشتن بەولاوە هیچ جۆرە دەسکەوتێکی تریان بۆ میللەت نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکەکە هەر یەکەی خۆی بەلایەکەوە شۆڕ کردبووەوە. بێ گومان هۆی ئەمە سوود و چاکەی لایەنە ڕێکخراوەکە بوو بۆ ئەو کەسەی بەرگری لێ دەکرد و لەسەری دەکردەوە.

ڕۆشنبیری کورد لە هەموو ڕۆژگارێکدا پێی خۆشە قسە لەم بابەتەوە بکا. پێم وابوو ئەگەر ئەم بابەتە شتێک بێ نەتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە، یان باسی کۆن بکەین، کۆنێک خۆمان شایەتی بین دیاردەیەکی ئاساییە. بەم جۆرە قسە هاتە سەر ئەوەی لە دەوروبەری ڕووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دوو ڕێبازی سەرەکی لەکوردستانی عیراقدا لەناوەوە بوو دیموکراتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و مارکسیزم (پارتی کۆمۆنیستی عیراق).

نێوەندی هێزی پۆلیتیکی کورد خۆی لەناو ئەم دوو هێزەدا دەدی. دیار بوو ئەحمەد هەردی ئەم قسانەی پێ خۆش نەبوو، دەیویست ئەوە ڕوون بکاتەوە کە سێ هێز بوو نەک دوو هێز. هەرسێکیان لەیەک پلە، یان پلەی لە یەکترییەوە نزیکدا بوون. ئەم بیروڕایە ڕەنگە تا سنوورێک لەڕووی تیۆرییەوە ڕاست بووبێ، بەڵام لەڕووی پراکتیکەوە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نەبوو.

بیری کوردایەتی بەشێوەیەکی نوێ لەقاڵبی ڕێکخراوی «کاژیک» تازە پەیدا ببوو، لایەنگری بە هۆشیارییەوە زۆر کەم بوون. مەیدان تەنیا بۆ پارتی و کۆمۆنیست لەو سەردەمەدا فراوان بوو. هەرچەندە بیروباوەڕی کاژیک بنچینەیی بوو بۆ ئەنجامی ستراتیژی، کە هێنانەدی

ئامانجی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بوو، بەڵام تا ئێستاش ئەو ڕێکخراوە نەیتوانی پەرەبستێنێ و لەسەر حسێبی پارتی و یەکێتی ببێ بەپێشەنگ، چونکە بەگشتی بەدەست کەسانێکەوە نەبوو شیاوی هێنانەدی ئەم ئەرکە گرنگەبن. بیروڕای کاژیک لەگەڵ خەیاڵ و بیروهۆشی کوردی دڵسۆز و هۆشیار دەگونجا، دەتوانین ئەوە بڵێین کەس نەبوو لەڕووی تیۆرییەوە بەرنامەی کاژیک بەکارێکی باش دانەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆلیتارییەت و ئەنتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیست و ئەڤتۆنۆمی و برایەتی کورد و عەرەبی پارتی، لەدروشمی پۆلیتیکی بەولاوە هیچ ناوەرۆکێکی بە ئەنجامیان نەبوو، کەچی ئەمانە بۆ ماوەیەکی زۆر گوێی هونەریان بردەوە، تا بەرەبەرە لاوی خوێندەواری کورد دەهاتنەوە سەر خۆیان.

بۆ دڵدانەوەی ئەحمەد هەردی، چونکە جێ و مەقامێکی تایبەتی هەبوو لەناو دڵی مندا گوتم: لە سەردەمی ڕووداوەکانی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ دەبوو بیروڕای کاژیک لە پێشەوە بوایە، بەڵام وانەبوو. دوو هێزی کاریگەر پارتی و کۆمۆنیست بوون، کاژیک کاریگەر نەبوو، بەڵام ناوەرۆکی بەدی هێنانی ئامانجی دوور و نزیکی مەسەلەی نیشتمانی کورد بوو. واتە لەڕووی تیۆرییەوە سوودی ئەو زیاتر بوو، بەڵام لە پراکتیکدا شەقام و بازاڕ لەژێر کاریگەری پارتی و کۆمۆنیست بوون.

هەرچۆنێ بێ شەوێکی جاویدانی بوو لە گێتی دڵ و مێشکمدا، شەوی بەزمی ڕەندان و سەرخۆشی بادەی سۆزی یارانی دلاوەران بوو.

-٣-

بەرنامەی نووسینەوەی کتێبی «نالی لە دەفتەری نەمریدا» و ئەو چواردە تابلۆ ڕۆمانتیکییەی ناو کتێبەکە لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە وڵاتی ڕووسیا لەناو مێشکمدا چرۆی کردبوو، هەمیشە کە لەگەڵ خۆمدا دەکەوتمە مۆنۆلۆجی ناوەوە هەوڵم دەدا بەشێوەیەکی تازە لەگەڵ شیعری نالی-دا بژیم، ژیانێک نائاسایی بێ. نایەتەوە یادم سەرچاوەیەکی دیاریکراو، یان ڕووداوێکی بەچاو بینراو، یان ئاماژەیەکی هەست پێ کراو بووبن بە دۆزینەوەی ئەو شێوازەی شیعری نالیم پێ هەڵسەنگاندووە. ئەوە ناڵێم ژیانی ئەورووپای پڕ لە تەنگوچەڵەمە و بیرکردنەوەی ژیرانە و وردبوونەوەی قووڵ لە ئەنجامی ژیانی ئەوێم بووبن بەهۆ بۆ دۆزینەوەی ئەم شێوازە.

لەدوا ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی لەماوەی ژیانی بەغدامدا کانیاوی بیروهۆش و هەستم تەقییەوە. دەبوو مروارییەکان لەنهێنییەوە بێنە گێتی ئاشکرا. لە پێشاندا دووسێ تابلۆم لەکۆواردا بڵاوکردەوە. زوو ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت ئەم بەرهەمە لەوانە نییە لەکۆوار و ڕۆژنامە بە پارچەکراوی و بەش بەش بڵاوبکرێتەوە، لەبەر ئەوە کاتێکی دیاریکراوم بۆ تەرخان کرد. دەتوانم بڵێم ئەو سەردەمەی تابلۆکانی «نالی لەدەفتەری نەمریدا»م تێیدا نووسییەوە گیانیترین و پڕ سۆزترین سەردەمی ژیانی بیرکردنەوەم بوو تا ئەوکاتەی کۆتاییم پێ هێنا.

ئەم چواردە تابلۆ پەخشانییە پێویستی بە چواردە تابلۆی هونەری هێڵکاری هەبوو. گەڕان بەشوێن ئەو هونەروەرەی ئەم ئیشە قورسە بگەیەنێتە ئەنجام کارێکی ئاسان نەبوو. هەوڵدان بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هونەرەوە ناسیاوەکانم بێ سوود بوو. حەزم دەکرد ئەوەی ئەم کارەم بۆ دەباتە سەر کورد بێ، بەڵام ئەم ئارەزووەش سەری نەگرت. خەریک بوو واز لەم پڕۆژەیە بێنم بەناوی ئەوەی هونەروەرێکی لێ هاتووم چنگ ناکەوێ، با چاپی یەکەم وێنەی لەگەڵدا نەبێ، بەڵکو بۆ چاپی دووەم هونەروەرێکم بۆ هەڵبکەوێ!

بەخت یار بوو، ئەستێرەی خۆشی لە ئاسمانی هیوا درەوشایەوە، (جەمال خەزنەدار) کابرایەکی بۆ پەیدا کردم. پێداهەڵدانەکەی ئەو زۆر دڵی خۆش نەکردم، باوەڕم بەوە نەبوو کابرایەکی خەڵکی نەجەفی دوور لەژیانی کوردەواری، بەتایبەتی ژیانی کۆمەڵی سلێمانی تەنانەت چاویشی بەو ناوچانە نەکەوتبێ، چۆن دەتوانێ بچێتە ناو گێتی نالی و سلێمانی و کوردەوارییەوە.

هەرچۆنێ بێ هونەروەرەکە هاتە لام، کوڕێکی لاوی کورتە باڵای هەندێ گۆشتن ناوی (عەبد عەلی) بوو، هۆشیار و زیرەک دیار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدێکی وام پێی نەبوو ئەم کارەی بۆ ببرێتەسەر، بەڵام دەبوو تاقی بکەمەوە، ئەمە خوایە، بەڵکو ئەو کەسەی لێ دەربچێ کە

من بەدوایدا دەگەڕێم! دوو هەفتە خەریکی پەروەردە کردنی بووم. پێم وابوو توانای ئەوەی هەیە لە گێتی نالی بگا. ژێرانە زانیاری مێژوویی و جوگرافی و ئەتنۆگرافی و ئەتنۆلۆژی و سایکۆلۆژی و هی تری وەرگرت. دەفتەرێکی پەنجا پەڕەیی پڕ کردەوە، پێش ئەوەی بڕوا گوتی: لەماوەی مانگێکدا تەواوی دەکەم، بەڵام پاش سێ مانگ گەڕایەوە خۆی و ئەو چواردە تابلۆ گرافیکەی لە کتێبی «نالی لەدەفتەری نەمریدا» بڵاوکراوەتەوە.

بەسەرهاتی ئەم کتێبە خۆشەویستە سەیر بوو، لەسەرەتای مایسی ١٩٧٩ پاکنووسی درایە دەسگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا. نەیار و ئەندامانی مافیای ڕۆشنبیری کوردی لەبەغدا تەگەرەیان دەخستە پێش بڵاوکردنەوەی. من خۆشم بەتەنگەوە نەبووم و خۆم قورس گرتبوو. هەوڵم نەدەدا یارمەتی لە هەموو جۆرە هەرچی و پەرچییەک وەربگرم.

بڕیاردان لەسەر چاپ کردنی کتێبەکە نزیکەی دوو ساڵی خایاند، ساڵێکیش لەژێر چاپ مایەوە، تا لە پاشانا لەدوا ڕۆژانی ساڵی ١٩٨١ کتێبی خۆشەویست چاوی بەڕووناکی کەوت و بوو بە دیاری ساڵی تازە و لەسەرەتای ١٩٨٢ بڵاوکرایەوە.

ئەم کتێبە لەلایەن ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی کوردییەوە پێشوازییەکی ساردی لێکراو لە پلەیەکی ئەوتۆدا نەبوو شایانی ئەو بێ. بەپێناسینی ڕووکەش و سەرپێی لەڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بەسەرکرایەوە، کەچی ئەم پێشوازییە بەلای هاوڕێ و دۆستە نووسەرەکانمەوە گەرم نەبوو، چونکە یەکێک بوو لەو کتێبە دەگمەنانەم دەمی شڕی لێ نەکرایەوە. ڕاستە کەسیان نەیگوت خراپە، بەڵام کەسیشیان بەدەمیدا نەهات بڵێ باشە. هەرچی دەیانووسی لەپێشەکییەکەی خۆمیان وەردەگرت کە بۆ کتێبەکەم نووسیبووەوە. ئایندە هەندێ لەنرخی کتێبەکەی ئاشکرا کرد، دوارۆژیش زیاتر ئاشکرای دەکا و مافی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێ.

# شێوەی تەلارسازی دەرگای قەڵاتی هەولێر

**عەبدولڕەقیب یووسف**
**(سلێمانی)**



(له ١/٢/١٩٦٥دا دەروێش مەلا ئەحمەد مەئموور مەرکەزی عەین کاوە ئەم وێنەیەی کردووە بەکارتی جەژنە پیرۆزە بۆ (سەبیحە)ی خوشکی لە سلێمانی من لە برادەرێکم وەرگرتووە کە ناویم لەبیر نییە. بەپێی ئەم وێنەیە قەراغەکانی کەوانەی دەرگاکە بەشێوەی نەخشێکی (مسنن)، واتە گرنج گرنج دروست کراوە کە لە هیچ وێنەیەکی دیکەی دەرگادا ئەمەم نەدیوە. خانووی قوچ پاشای کۆیە و حاکمی هەولێر لە سەدەی هەژدەیەمدا لەم وێنەیەدا دیارە کە یەکەم خانووە لە دەستە چەپی دەرگاوە لە نێوان ئەو و سەرادا دەرگایەک هەبووە)

لە پێشنیارەکانمدا بۆ کۆنفرانسی قەڵات، باسی چۆنیەتی دەرگای باشوور و دەرگای سەرەکی قەڵاتم کردووە، بەڵام هەندێ زانیاری دیکەم نەنووسیوە کە بە پێویستی دەزانم ئەوانەش بنووسم کە لە بارەی ئەندازەی دەرگاکەوەیە.

چەند جارێک زانیاریم لە بارەی هەولێر و قەڵات و خانووە کەلەپوورییەکانی قەڵاتەوە لە خوالێخۆشبوو مامۆستا ناسیح حەیدەری وەرگرتووە کەساڵی ١٩٢٧ کاتبی لێکۆڵینەوە بووە لە سەرای سەر دەرگای قەڵاتدا و شارەزاترین کەس بوو لە بارەی هەولێر و قەڵات و



ناسیح حەیدەری
شاعیرو رەچەڵەک ناس
١٩٨٦-١٨٩٨

بنەماڵەکانی هەولێرەوە تا نازناوی رەچەڵەکناس (نساب)ی هەولێرم لە نووسینەکانی خۆمدا بۆ بەکارهێناوە و لە رۆژی ٣١ی تەممووزی ١٩٨٢ لە دیدارێکدا هەندێ لە بیرەوەرییەکانی ئەوم لەسەر شریتی کاسێت تۆمارکردووە. مامۆستا ئەدیب و شاعیریش بووە لە ساڵی ١٩٩٩ کاک شێروانی کوڕی دیوانە شیعرییەکەی چاپ کردووە.

لە ١٩٨٢/٧/٣١دا مامۆستا ناسیح حەیدەری بەمنی وت ئیسماعیل سنەیی کە نیازی بوو دەرگای قەڵات نوێ بکاتەوە، چونکە دەرگاکە شڵەژابوو و لەسەر رووخان بوو، ئەوەش لەسەر داوای دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە هەولێر، لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانی قایمقامیەت لەسەرایەوە (سەرای سەر دەرگا) بۆ نێو (قشڵەی عەسکەری) دەچوو. ئاشکرایە لەسەردەمی عوسمانیدا، هەولێر سەر بە ویلایەتی شەهرەزوور بوو کە مەڵبەندەکەی کەرکووک بوو. پاشان بوو بە موتەصەرفییەتی شەهرەزوور، هەولێر ئەو کاتە وەک قەزایەک تەنیا قایمقامیەت بوو.

لێرەدا پێویستە مەبەستی مامۆستا روون بکەینەوە کە شارەزاترین کەس بوو لە بارەی هەولێرەوە (قشڵەی عەسکەری)، مەبەستی (سەرای هەولێر)ی ئێستایە لە نزیک قەڵات نزیکەی پەنجا مەترێک لە رۆژئاوایەوە کە لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی شوێنی عەسکەری بووە تا (١٩٤٦). لەوانەیە دواتریش هەر دائیرەی (تجنید)ی تێدا بوو بێت.

بەشی دواوەی وەک ئێستا هەر بەندیخانە بووە، یانەی عەسکەریش لە رۆژئاواوە لە نزیک قشڵە بوو نزیکەی بیست و پێنج مەترێک لێی دوور بووە. هەروەها لە تەنیشت (مەرقەدی سوڵتان موزەفەر- وەک ناودەبرێت، کە ئەمە مەرقەدی باوکی سوڵتان موزەفەر)ە، نادی لە شوێنی (الجامع العتیق)ی پێش کاتی سوڵتان موزەفەردا بووە، ئێستا شوێنی نادییەکە هەندێک دووکانی یەعقوبییەکانە یەکسەر لە تەنیشتی باشووری مەرقەد بە دووری نزیکەی سەد مەترێک، یان پتر لە رۆژئاوای قەڵاتە. هەولێر لەکاتی ئینگلیزدا کە بوو بە موتەصەرفییەت، موتەصەریف هەر لەم قشڵەی عەسکەرییە دادەنیشت، بەڵام شێوەی قشڵەکە وەک ئێستا نەبوو، واتە سەرای ئێستا کە بینایەکی جوانە بەتایبەتی لەناوەوە قەبارەی (٣٢، ٥× ٥٤م) و لە ساڵی ١٩٣١دا بیناکەی لە تەواو بووندابووە. لە بارەی قشڵەوە زانیارییەکی باشمان لە بەڕێز (مەلا عومەر سۆفی) وەرگرتووە کە تەمەنی لە هەشتا ساڵ پترە و بیری زۆر تیژە هەروەها لە وەستا خدری وەستا عەبدوڵڵا چیچۆ و هەندێکی دیکەش زانیاریمان وەرگرتووە. مامۆستا ناسیح وتی: پاش تەواوکردنی دەرگای قەڵات کە پێشی دەوترا (سەرا) قایمقامییەت و دائیرەکانی دیکەش گەڕانەوە شوێنی قایمقام کە لە ڕاستی دەرگای قەڵات بوو (لە رۆژهەڵاتەوە؟)، دائیرەی ئەوقاف و هەروەها مەحکەمەی عەدلییە و مەحکەمەی شەرعی لە سەرای دەرگادا بوو تا بەرەو شڵەژان چوو، شارەوانی لە باتی ئەوەی دەرگاکە نۆژەن بکاتەوە لە ساڵی ١٩٦٠دا رووخاندی کە سەرۆکی شارەوانی ئەوکات عەبدولوەهاب حەسەن بوو کە لە ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦٢ سەرۆکی شارەوانی هەولێر بوو.

یەکێک لە هەرە شارەزاکانی هەولێر و قەڵات، خوالێخۆشبوو وەستا شەهابی وەستا شێخ یوونسی بەننا بوو کە لە (١٩٨٤/١/١٨)دا وەفاتی کردووە، ئەویش زۆر سوودم لێ بینیوە، بۆ ماوەی دوو سەعات دیدارم لەگەڵ سازداوە و زانیارییەکانیم لەسەر شریتی کاسێت بە دەنگی خۆی تۆمار کردووە. وەستا شەهاب نووسینی بزماری لە قەڵاتدا دۆزیوەتەوە، هەروەها لە ئەرزی (قوتابخانەی ئاوات) لە ١٩٥٧ یان ١٩٥٨ لە پشت مزگەوتی شێخ مستەفا، تەسلیمی حکومەتی کردووە و منیش لە (١٩- ٥- ٢٠٠٦)دا زانیم کە دەرگای رۆژهەڵاتی شاری هەولێری پێش ئیسلام لە پشت مزگەوتەکە بووە کە شوێنی مزگەوت و حەساری تەها ئاغای عوزەیری لە پشت مزگەوت و شوێنی قوتابخانەکە گردێکی شوێنەوارییە، هەروەها توانیم بیسەلمێنم کە مزگەوتی شێخ مشتەفا (مزگەوتی فاتمە خانی عوزەیری) قوتابخانەی (سوڵتان موزەفەر)بووە بەناوی



**وەستا شەهابی وەستا یوونسی بەننا**

(مـدرسـةالطین) و تەنیـشـتی ڕۆژئاوای حـەوشـەکـەی (خانقاه الصوفیـة)ی سولّتان موزەفەر بووە کە ئێستا شوێنی ئاسنگەری هەرشەمە وەک لە ڕاپۆرتەکەمدا بە درێژی نووسیومە.

لە بارەی دەستنیشان کردنی هێڵی شوورەی هەولێر لە ٢٠٠٦/٧/١١ بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانیم ناردووە.

لە ڕۆژی ١ی ئابی ١٩٨٢دا وەستا شەهاب لە بارەی هەندەسەی دەرگای قەلاّتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە زانیاری پێدام.

(١) بانی ڕاڕەوی ناو دەرگا گوومەزی بوو، چوار گوومەز هەبوو بەخشت (کەرپووچ)ی سوورکراو و گەچ، ناو گوومەزەکان بە نەخشی هەندەسی دروست کرابوون و لەلایەن بیناساز ئیسماعیل سنەییەوە دیوبەتی. وەستا شێخ یوونسی باوکیشی لەگەڵی کاری لە ئاواکردنی دەرگاکەدا دەکرد.

(٢) لە هەردوو تەنیشتی ڕاڕەوەکەدا دوو سێ دوکان هەبوون. دەبێ شوێنی ئەم دوکانانە لەنێو هەردوو تەنیشتەکانی دروست کرابێت.

(٣) ڕاڕەو بە (٥)م لە پشت دەرگایەوە دەبوو بە دوو ڕێگا و لە نێوانیاندا دیوار هەبوو، لەنێوان هەردوواندا پانی دەوری (٦)م هەبوو.

سەرم لەم خاڵە دەرناچێت و لەوانەیە بەهەڵە تێگەیشتبم، بەڵام ئەمەشم نووسی تا بەکراوەیی بمێنێتەوە بۆ پرس کردن و لێکۆڵینەوە.

(٤) پلەکانی سەرا لە پشتەوە لە بەشی باکوورەوە بۆ نێو حەوشەکەی هەڵدەگەڕا.

(٥) تەویلەی ولاّخ لە دەستی ڕۆژئاواوە بەرانبەر پلەکان بوو.

(٦) لە حەوشی سەرەوە، واتە پشتەوە پلە بەرەو خوارەوە سەر بەژێر دەبوو بۆ (سجنی قاتلەکان) لە بەشی ڕۆژهەلاّتی دەرگا لەسەر ئەو سجنەش (سجنی خەفیفەکان) هەبوو واتە ئەوانەی تاوانیان سووک بوو، هەر یەکەیان هۆدەیەک بوو.

لەسەر (سجنی خەفیفەکانیش) هۆدەی نۆبەتچی (پاسەوان) هەبوو، هەروەها وەستا شەهاب وتی دەرگای قەلاّت سێ قات بوو. شایانی باسە قاتی یەکەم وەک لە وێنەی دەرگادا دیارە چەند پەنجەرەیەکی بچکۆلەی هەیە وەک کونەکانی (مەتەرێزەکان)ی شەڕکردن. ئەم جۆرە پەنجەرە بچووکانە تایبەتن بەسەردابی خانووەکانی سەر قەراغی قەلاّت وەک خانووی حاجی ڕەشید ئاغای وەیسی ئاغا و خانووی شێخ جەمیل. بەپێی شێوەی بیناسازی ئەو سەردابانە پەنجەرە بچووکەکان دەکەونە نزیک سەقفەکان و لە نزیک یەکتریش بۆ مەبەستی وەرگرتنی هەوا و فێنکایەتی، ئەمەش جیایە لە (باکێش) کە شوێنێکی بەرز و تایبەتە لەنێو سەردابەکاندا و جۆگە ئاوی بچووک لەسەریانە و لە ڕاستیدا لەوێیش کونێک هەیە بۆ ڕاکێشانی هەوا و دروستکردنی فێنکی، ئەم (باکێشانە)ش دەکەونە بەرانبەر پەنجەرە بچکۆلانەکانی سەرداب، کەواتە ئەو قاتەی خوارەوە ژێرزەمینی قەلاّت بووە کە بەندیخانە بووە لەوانەیە (سجنی قوچ) پاشاش هەر ئەوە بێت کە مامۆستا ناسیح و هەندێکی دیکەش وتوویانە ئیسماعیل سنەیی دەستکاری نەکردووە، بەڵکو مامۆستا وتی تا نووسینی دەرگای پێشوو و کۆنتریشی خستە شوێنی خۆی لە دەرگا نوێیەکەدا کە شوێنەکەی لە هەندێ وێنەدا دیارە کە لە ڕاستیدا دەمی دەرگایە، بەلاّم هەندێکیش وەک وەستا شەهاب بە منیان وتووە (سجنی قوچ پاشا) لەژێر شوێنی دەرگای ئێستای قەلاّتدا ماوە. بەپێی ژمارەی ئەو پەنجەرە بچووکانە کە لە یازدە دانە کەمتر نییە دەبێ ژێرزەمینەکە، واتە سەرداب لە هۆدەیەک پتر بێت، یان هۆدەیەکی زۆر درێژ بووە بەقەد درێژی تەنیشتی ڕۆژهەلاّتی دەرگا. جا ئەگەر ئەمە (سجنی قاتلەکان) بێت، دەبێ (سجنی خەفیفەکان) قاتی ناوەڕاست بێت کە چوار پەنجەرەی گەورەتری تێدا بووە، شوێنی پاسەوانیش لەپشت ئەو پەنجەرەیەوە بووبێت لەلای دەستە چەپ کە لە چوار پەنجەرەی دیکە بەرزترە، واتە هۆدەی پاسەوانان بەرزتر بووە لە (سجنی خەفیفەکان).



**کۆنفرانسی قەڵای هەولێر (٢٧- ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٤) ئەم وێنەی دەرگای قەڵاتی لە دەعوەتنامەکانیدا بڵاو کردووە**

(کۆنفرانسی قەڵای هەولێر (٢٧- ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٤) ئەم وێنەی دەرگای قەڵاتی لە دەعوەتنامەکانیدا بڵاو کردووە)

(٧) هۆدەکانی سەرای دەرگاکە کە دائیرەکانی تێدابووە، هەشت هۆدە بوون، سێیان لە بەشی ڕۆژئاوادا بوون. هۆدەی قایمقام لە ڕاستی دەرگابووە، ئەو هۆدەی پەنجەرەی لە باشوورە لە بەشی ڕۆژئاوا شوێنی دادوەری لێکۆڵینەوە بووە.

(٨) لە نێوان هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە سەرا ڕاڕەو (صالون)ێک لە ڕاستی دەمی دەرگا هەبوو لەژێر بەشی ڕۆژئاوادا ئیسماعیل سنەیی ژێرزەمینێکی دروست کردبوو کە شوێنی دۆسییەکانی دادگاکان بوو.

(٩) دەرگای قەڵات بە چەند مەترێک بۆ پێشەوە هاتبوو لە چاو ڕیزە خانووەکانی سەر قەراغی قەڵات.

(١٠) هەروەها وەستا شەهاب وتی: دەمی دەرگای ئێستای قەڵات بە (٦,٥ تا ٧)م گواستراوەتەوە بەرەو ڕۆژهەڵات، واتا لە شوێنی دەمی دەرگا کۆنەکە نییە.

* دیسان وتی: زێرابێکی گەورەی قەڵات لە کۆنەوە لەژێر دەرگادا دەڕۆیشت بۆ دەرەوە و دەمەکەی لە ڕۆژهەڵاتی چایخانەی مەچکۆ دیارە. هەروەها وتی: یەکەم خانوو لە ڕۆژهەڵاتی دەرگا، خانووی حاجی عەزۆی نالبەند بوو، لە تەنیشتی ڕۆژهەڵاتی ئەویش، دیوەخانەی عوسمان ئاغای عەلی وەیسی ئاغا بوو.

مخابن ئەو تەمەندارانەی زۆر شارەزای قەڵات بوون و دیویانە ئیسماعیل سنەیی دەرگای قەڵاتی ئاوا دەکرد کەسیان لەژیاندا نەماون تا پتر زانیاریان لێ وەرگرین، بە تایبەتی لە بارەی ئەو خاڵانەی بۆمان ڕوون نییە، وەختی خۆی هانی چەندین کەسم دا لە ڕۆشنبیرانی هەولێر تا زانیاریان لێ وەرگرن و هەوڵ بدەن ئەو شوێنانەی ناویان لەسەرچاوە مێژوویەکاندا هاتووە، لە قەڵاتدا دەست نیشان بکەن، بەڵام هیچیان نەکرد و منیشماڵم لە هەولێر نەبوو تا پتر لەم بوارانەدا کار بکەم.

دیسان لە بارەی شێوەی تەلارسازی دەرگاکەوە لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە بۆ چاپکردن لە بڕێک تەمەندارم پرسی کە ئەم بەڕێزانە بوون: حاجی نەجمەدین نوورەدین لە دایک بووی ١٩٣٦ کە بیست و هەشت ساڵ ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بووە، لە ٢٠٠٨/٤/٤دا لەسەر شریتی کاسێت لەگەڵ بەڕێزان حاجی عەبدولواحید مستەفا لە دایکبووی ١٩٢٠ و حاجی قادر عومەر قادری بەننا لە دایک بووی ١٩٣٢ دیدارم تۆمار کرد.

هەروەها حاجی موحسین عەلی قەساب لە دایک بووی ١٩٢٧و حاجی مستەفا محەمەدی قەساب ئەم دیدارەشم لە (مزگەوتی پیرەژنێ) تۆمارکرد، واتە مزگەوتی سەدیقە خاتوون کچی مەلا ساڵحی دەباغ لە ڕۆژئاوای سەرا کە نزیکەی بیست کەس لە هۆدەی بەڕێز مامۆستا مەلا

جەرجیس ئیبراهیم ئیمامی مزگەوت دانیشتبوون، مەلا جەرجیس ئەگەرچی لە دایکبووی (١٩٤٨)ە، بەڵام مرۆڤێکی وریابوو، زانیاری چاکی لە بارەی هەولێرەوە هەبوو و سوودم لە زانیارییەکانی ئەویش وەرگرت وەک هەندێ کەسانی دیکەش. هەروەها سوودم لە زانیاری بەڕێزان مامۆستا مەلا عیرفان مەلا عەبدولڕەحمان مەلا ڕەسووڵی گراوی و هەینی بەهائەدین نەجمەدین کە دانیشتوانی قەڵاتن، وەرگرتووە.

لە ٦ی نیساندا بۆ شارەوانی هەولێر چووم تا هەندێ زانیاری کۆن لەم بارەیەوە پەیدا بکەم، بەڵام وتیان هیچ نووسراوێکمان نییە، لەوێ بەڕێز مامۆستا (معلم) (بورهان نوورەدین ئەحمەد)م دیت لە دایکبووی ١٩٣٦ کە مرۆڤێکی بیرتیژ و شارەزای قەڵاتە و بەتەواوی هەردوو ڕێگەی نێو ڕاڕەوی قەڵاتی بۆم ڕوون کردەوە پاشان پێکەوە هاتین بۆ سەر دەرگای ئێستای قەڵات و باسی دەرگا کۆنەکەی بۆ کردم و درێژی دەرگا، واتە دەمی دەرگا تا کۆتایی ڕاڕەو بە (٢٩م) مەزەندەمان کرد.

ناکۆکی لەنێوان قسەکانی ئەو بەڕێزانەدا هەبوو لە بارەی ژمارەی پێوانی شوێنەکانی دەرگا، چونکە نەیانپیواوە کە وەک قەیسەری بووە، بەڵکو مەزەندەیان کردووە. لە ئەنجامدا ئەوەی لە ڕاستی نزیکترە لە زانیارییەکانی ئەو تەمەندارانە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەنووسین:

(١) بڵندی چوونە ژوورەوەی دەرگا (کونی دەرگا) نزیکەی (٦م) و فراوانی نزیکەی (٥م)بووە، کەوانەکەی تیژ بوو، واتە بازنەیی نەبووە، قەراغەکانی دەمی قوڕنە قوڕنە (مقرنصات)بووە.

(٢) درێژی نێو دەرگا (ڕاڕەو)ەکە نزیکەی (٣٠-٣٥م) بووە و فراوانی نزیکەی (٦م).

(٣) لە بانی ڕاڕەوی سەرەکی و ڕۆژهەڵات پێنج گوومەز هەبووە و گوومەزەکان زۆر قووڵ نەبوون و بە نەخشی هەندەسی هاتبوونە هۆناندن بەخشت (کەرپووچی سوورکراو).

(٤) پاش نزیکەی (١٧م) لە پشت دەمی دەرگاکەوە، ڕاڕەوەکە دەبوو بە دوو لق، واتە دوو ڕێگا، لقی ڕۆژهەڵات ڕاستەو ڕاست بەرەو باکوور دەچوو بە پانی شەش مەترێک و لە ڕاسەری کۆتاییەکەیدا لە باکوور کەوانە (قوس)ێکی تیژ هەبوو، ئۆتۆمبێل لەم ڕێگایەوە هاتوچۆی دەکرد و نزیکەی شەش دوکان لە تەنیشتی ڕۆژهەڵاتەکەیدا هەبوو. ڕێگای ڕۆژئاوا لە سەرەتاوە جیادەبووەوە و بەرەو ڕۆژئاوا پێچی دەکرد و لە ڕاسەری خاڵی جیابوونەکەی هەمان جۆرە کەوان هەبوو. پانی ئەم لقە ڕێگایە لە (٣م) کەمتر نەبوو، هەندێ کەس دەڵێن لە نیوەی کۆتاییدا فراوانتر دەبوو، لە ڕاسەری کۆتاییەکەی هەمان جۆرە کەوانە هەبوو، بەڵام بچووکتر بوو لە



**حاجی عەبدولواحید - حاجی قادر**

کەوانەی لقی ڕۆژهەڵات. پاش دەست پێکردنی ئەم بەشە دوو دوکان هەر لەو دەستە هەبوو کە یەکیان وەختێک دوکانی حاجی مەمەد (محەمەد) باوکی دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد بوو کە لە ساڵی ١٩٧٩دا کۆچی دوایی کردووە و ئەوەی دیکە دوکانی حاجی جەباری عەتتار بوو. هەریەک لە دوکانەکانی هەردوو ڕێگا نزیکەی (٣×٣م) دەبوو و کەوانەکانیان لە هەمان جۆرە کەوانەی تیژ بوو، قەراغی دوکانەکان بە نەخشی هەندەسی چنرابوون.

٥- دەرگا دارەکەی چوونە ژوورەوەی قەڵات دووتاک بوو، تاکی ڕۆژهەڵات گەورەتر بوو لە تاکی ڕۆژئاوا و لەکاتی پێویستدا تاکە گەورەکەیان دەکردەوە، چونکە جێگیربوو لە نێو ئەم تاکەدا دەرگایەکی بچووک هەبوو بۆ هاتوچۆی یەک کەس، ئەگەر نەیانویستبایە دەرگای قەڵات بکەنەوە. ئەم شێوە دەرگایە لە قەیسەری و خان و حەسارەکان هەبووە و ئێستاش ئەم جۆرە دەرگایانە بە ئاسن دروست دەکەن، بەتایبەتی بۆ گەراج و کۆگا گەورەکان کە دەرگایەکی بچووک لەناو تاکێکی گەورەدا هەیە.

هەرتاکێکی دەرگای قەڵات بزماری گەورەی پێوە بوو، ئاڵقە ڕیز (تەقولباب)ێک هەبوو سەرەکەیان تۆپزی خڕ بوو، بەڵام جیاوازی لە شێوەیاندا هەبوو، ئاڵقە ڕیزی تاکی ڕۆژهەڵات گەورەتر بوو. شایانی باسە لە کوردەواریدا ئەگەر دوو ئاڵقە ڕیز بە دەرگای خانوویەکەوە هەبێ گەورەکەیان بۆ پیاوانە و بچووکەکەیان بۆ ژنانە بۆ ئەوەی لە کاتی لێدان بزانرێت ئەو کەسەی لە دەرگا دەدات پیاوە، یان ژنە، چونکە دەنگی ئاڵقە ڕیزەکان جیاوازە.

کلیلی دەرگای قەڵات گەورە بوو وەک دەرگا کۆنەکان کە نموونەیان ئێستاش ماوە و دارێک بە درێژی مەترێک

دەدەنە پشت هەردوو تاکە دەرگاکە بۆ قایم کردنی لە پشتەوە، بەڵام ئەو دارە (پاڵپشت- هەزارە- دەرسج) نەبوو کە دارێکی درێژە دەیدەنە پشت دەرگا لەمسەر تا ئەوسەر و لە هەر تەنیشتێکی دیواری دەرگاکە کون بۆ شوێنی سەری دارەکە هەبوو و لە هەندێ لەبینا کۆنەکاندا کونەکەی پاڵپشتەکە لە نێو دیواردا بە درێژی (١)م دیوە و لە کاتی (ماد)دا ئەم پاڵپشتە هەبووە کە لە ئەشکەوتی (قزقاپان)دا شوێنی دروست کراوە.

(٦) بەرزی سەرا لە پێشەوە نزیکەی (١٢م) بوو.

(٧) هۆدەکانی سەرای سەر دەرگای قەڵات لەسەر حەوشە بووەو ڕێگاکەشی لە باکوورەوە نزیکەی (٣-٤) پلە بۆ ناو حەوشە هەڵدەگەڕا، واتە لە پشتەوە سەرا بەیەک قات دیار دەبوو لە پێشەوە و لە دواوە هۆدە هەبوو، واتە دوو ڕیز هۆدە هەبوو.

لە نزیک حەوشی سەرا لە باکوورەوە پێنج دوکان هەبوو و لە پشت دوکانەکان باخ بوو کە ئێستاش هەندێ لە باخەکە ماوە و تانکی ئاوی قەڵاتی تێدایە.

لە ڕۆژئاوای دەرگا لەنێو قەڵاتدا خانوویەکی ڕووخاو هەبوو بە ئەسڵ ئەوە (تەویلە خانە)ی سەرا بووە وەک وەستا شەهاب بۆ منی باس کرد و لە تەنیشت ئەویش مزگەوتی عومەر ئاغای ئەسعەدی بوو (پێشی دەڵێن هۆمەرە کوێر)، قەبری ئەو و دوو سێ قەبری دیکەی بنەماڵەی ئەسعەدی لەنێو مزگەوتەکەدا بوو و پاش ساڵی ١٩٩٣ مزگەوتەکە هاتۆتە ڕووخاندن و ئێستا نەماوە، لە ڕۆژئاوای مزگەوت شەقامی (حەرەم کوچەسی) بەرەو قەراغی باشووری ڕۆژئاوای قەڵات هەڵدەکشا، هەروەها لە هەمان خاڵدا کۆڵانێک بەرەو ڕۆژئاوا دەچوو بۆلای کلێسەکەی جوولەکەکان. شایانی باسە پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٤٨) جوولەکەکان بۆ فەلەستین چوون. شێخ عەبدولکەریمی تەلەعفەری کلێسەکەی کرد بە تەکیەی دووەم بۆ خۆی و لە شەستەکاندا ڕووخا. لە باسەکەمدا بۆ کۆنفرانسی قەڵات نووسیومە ئەمە کلێسەی مەسیحییەکان بووە، چونکە بیستبووم جوولەکەکان وەختێک لە مەسیحیەکانیان کڕیوە، بەڵام ئەو تەمەندارانەی دیدارم لەگەڵیان کرد لە ٢٠٠٨/٤/٤ وتیان مزگەوتی گەورەی قەڵات کلێسەی مەسیحییەکان بووە وەک لە خوالێخۆشبوو مەلا ڕەشادی موفتی بیستوویانە.

لە پێش دەرگای قەڵات دوو ڕێگا سەر بە ژێر دەبوون بۆ خوارەوەی قەڵات، ڕێگای ڕۆژهەڵات بۆ ژنان بوو کە خوالێخۆشبوو وەستا شەهابی وەستا یوونس ڕێگای ڕۆژهەڵاتی بە پلە و بە چیمەنتۆ نۆژەن کردووەتەوە و ئێستا وەک خۆی ماوە.

لە ٢٣ی نیساندا دیدارێکم بەشریتی کاسێت و بە کامێرای ڤیدیۆ کە پتر لە دوو سەعات بوو، لەگەڵ بەڕێز



**بورهان نوورەدین**

وەستا خدری وەستا عەبدوڵڵا چیچۆی لە دایکبووی (١٩٢٠) سازدا لەبەر ئەوەی زۆر کاری بەنناییی لە قەڵاتدا کردووە و زۆر جار و لەنێو دەرگادا پشووی داوە زانیارییەکانی پتر پشتی پێ دەبەسترێت.

وەستا خدر وتی: بڵندی دەرگاکە (١٠م) دەبوو، فراوانی (٥م) و ئەستووری دیوارەکەی (١,٥م) و درێژی ڕاڕەو (٣٠م) و پانی (٦م) و بەرزی بان (سەقف)ەکەی (١٢م) دەبوو.

پێنج گوومەز لە لقی سەرەکی و ڕۆژهەڵاتدا هەبوو تیرەی هەریەکیان (٥م) بوو، نێوان هەردوو گوومەز (٤م)بوو، لەنێوان هەردوو گوومەزدا کەوانەیەک هەبوو کە هەموویان شەش کەوانە بوون. لقی ڕۆژئاوا لە (٣م) پانتر بوو و سێ گوومەزی تێدا بوو، تەنیشتی ڕۆژئاوای ئەم بەشە- بەشی خوارەوەی کە بانی چەماوە و گوومەزەکان لەسەری دەوەستان (قەدەمە)یەک ئەستوورتر بەرەو پێشەوە دەرکەوتبوو کە شتەکانی خۆمان دەخستە سەری، هەروەها گوومەز و کەوانەکان بەنەخشی هەندەسی دروست کرابوون و لە قەراغی دەمی دەرگاکە نەخشی قوڕنە (مقرنصات) هەبوو.

هەروەها وتی: دەرگا دارە دوو تاکییەکەی دەرگای قەڵات لە (دارتوو) دروست کرا بوو. لە بارەی سەرایەوە وتی: لە باشوورەوە (١٥م) بڵند، یان پتر دەبوو و دیوارەکە بە نیومەتر هاتبووە پێشەوە و دەمی دەرگاکە بە نیو مەتر چووەتە دواوە، سەقفەکەی بەخشت و گەچ بوو نەک دارەڕا و شێلمان، چونکە شێلمان بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٣٥)دا گەیشتە هەولێر لەلایەن موتەصەریف ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی خەڵکی سلێمانی کە شێلمانی لە بەغداوە هێنا و بانی دوکانەکانی بازاڕی هەولێر کە دارەڕا بوون گۆڕی بە شێلمان، بێجگە لە قەیسەری (شایانی باسە ئەحمەد بەگ لە ڕۆژی

٢٥/٤/١٩٣٥ تا ٢٤/٤/١٩٣٩ موتەصەرفی هەولێر بوو)، هەروەها وەستا خدر وتی: لە بەشی باشووردا لەسەرا دوو هۆدە هەبوو بەرانبەریان لە بەشی باکووریش دوو هۆدە هەبوون، واتە دوو ڕیز هۆدە هەبوون و نێوانیان ساڵۆنێکی درێژ بوو چەند کەوانە و گوومەزێک لە و ساڵۆنەدا هەبوو. سەرا لەکەمەوە بە (٧م) هاتبووە پێشەوە لە ڕاستی خانووەکانی هەردوو تەنیشتی. شایانی باسە پێشتر باسمان کردووە سەرا هەشت هۆدە بووە نەک چوار! ئەوەش بەپێی زانیارییەکانی خوالێخۆشبوو مامۆستا ناسیح حەیدەری.

هەروەها وەستا خدر وتی: دەرگا و سەرا هەمووی بەقسڵ ئاوا کرابوو، چونکە ئەو کاتە چیمەنتۆ پەیدا نەبوو، بەڵکو مەلا ئەمینی بەقاڵ بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٣٥)دا یەک بەرمیل چیمەنتۆی لە بەغداوە هێنا کە لە لەندەنەوە چیمەنتۆ دەهات بۆ بەغدا و منیش نەمدەزانی بەکاری بهێنم و گەچم تێکەڵاو کرد و ژێر زەمینی خانووەکەی ئەوم پێ سواخ دا کە خانووی چوارەم، یان پێنجەم بوو لەسەر قەراغی ڕۆژئاوای قەڵات لە دەرگای قەڵاتەوە.

هەروەها وتی: وەختێک دیواری حەوشی سەرا ڕووخا، ئەوراقی کاتی دەوڵەتی عوسمانی لەناودا بەدەرکەوت و نۆژەنم کردەوە. هەروەها وتی: تۆپی ڕەمەزانانیان لە پێش دەمی دەرگا دادەنا و (فەتاح تۆپچی) تۆپی بە باروت و پەڕۆ دادەگرت و لە کاتی بەربانگدا کە ڕۆژئاوا دەبوو، تۆپەکەی دەتەقاند و لە کاتی پارشێودا دەهۆڵیان لێدەدا بۆ بە ئاگاهێنانی خەڵک.

ڕۆژی ٢٠/٤/٢٠٠٨ بەڕێز شیرین ئیحسان شێرزاد سەرۆکی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵات، ئەم نەخشە هێڵکارییەی خوارەوەی پێدام کە چۆنیەتی ڕاڕەوی نێو دەرگای قەڵاتی تێدا دیار دەبێ کە چوار دوکان لە ڕۆژهەڵاتە و سێ دوکان لە ڕۆژئاوایە. (*)

ڕێگا(لق)ی ڕۆژئاوا کەمێک لە دوازدە مەتر زیاترە و پانی لە (٢، ٩٠- ٤، ٥٠م)ە.

ئومێدەوارم زیندووکردنەوەی دەرگای کۆنی قەڵات بە گوێرەی ئەم زانیارییانەی سەرەوە بێت کە لە بارەی شێوەی تەلارسازی دەرگاکەوە هیچ کەس و لایەنێک ئەم زانیارییە وردانەیان کۆنەکردۆتەوە.

هەروەها پێویستە لە نۆژەنکردنەوەی قەڵاتدا بەپێی نەخشەی قەڵاتی پێش ساڵی (١٩٩١) بێت، چونکە ساڵانی پاش ئەم مێژووە خەڵکێکی زۆری لادێ و دەست کورت ڕوویان لە قەڵات کردووە و زۆر خانوو و تا کۆڵانی نوێ و نارێکیان دروست کردووە و زۆر خانوو و هەندێ لە کۆڵانە کۆنەکانیشیان تێکداوە و ئەو شوێنانەی بەڕێوەبەری شارەوانی لە (١٩٩٠)دا وێرانی کردبوو، خانوویەکی چڕ و پڕیان لەو شوێنانەدا ئاواکردووەتەوە،



عەبدولڕەقیب یووسف - وەستا خدر

بەتایبەتی لەگەڕەکی تۆپخانەی ڕۆژئاوای شەقامی گشتی لە نێوان دەرگای باشوور و باکووردا و زیاتر قەڵاتیان شێواندووە.

### دەرگای پێشتری قەڵات
### لەلایەن قوچ پاشاوە ئاوا کرابوو

بەپێی ئەو زانیارییانەی لێرەدا دەهێنینەوە، دەرگای پێش کاتی ئیسماعیل سنەیی لەلایەن (قوچ پاشا)ی محەممەد پاشای کۆیە ئاواکراوە کە بە ڕەچەڵەک لە میرانی سۆرانە. ئەوەش لە نێوان ساڵانی (١٧٤٣- ١٧٥١) لەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی قوچ پاشای کردبووە حاکمی هەولێر بەهۆی ئەو ئازایەتییەی کە لە شەڕەکانیدا لەگەڵ نادر شا لە ساڵی (١٧٤٣) نواندبووی کە لەو ساڵەدا نادر شا شاری هەولێری داگیر کرد و ئابڵووقەی مووسڵیشی دا، بەڵام کە دەوڵەتی عوسمانی قوچ پاشای تۆمەتبار کردووە لەگەڵ براکەی عوسمان پاشای میری کۆیە و سەلیم بەگ میری بابان کە لە ساڵی (١٧٥١)دا شۆڕشیان بەرپاکردووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، ئیتر سلێمان پاشای والی بەغدا بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری قوچ پاشای دا لە قەڵای هەولێر و پاش نۆ ڕۆژ جەنگ، بەسەریدا زاڵ بووە و سەری قوچ پاشای بڕیوە و لەگەڵ سەری عوسمان پاشای برای کە پێشتر بەسەریدا زاڵ ببوو لە شاخی (ئاوەگرد) ناردی بۆ ئەستەنبۆڵ و کردییە دیاری بۆ سوڵتان عوسمانی سێیەم.

ڕۆژی ٢٢/٦/١٩٨٢ خوالێخۆشبوو مامۆستا ناسیح حەیدەری لەو دیدارەیدا کە بەدەنگی ئەوم تۆمار کردووە، وتوویەتی: قوچ پاشا دەرگای پێشتری قەڵاتی لەگەڵ سەرا و خانووی خۆی ئاواکردبووەوە، دەرگاکە گەورە نەبوو، بۆیە دەرگایەکی دیکەی لە تەنیشتی دروست کردبوو، لەناوەوەش ڕاڕەوەکەی لەبەر گوللە تۆپ بەشێوەی

پێچ پێـچی دروست کـردبوو، تا ئەگـەر گـوللە تۆپ بەر کـونی دەرگـا بکەوێت، زیاتر نەچێـتـە ناوەوە، هەروەها وتی سـەرا لەم بەرو ئەو بەری دەرگـاکـە بوو، دەرگـای سەراش دەکەوتە تەنیشتی ڕۆژئاوای دەرگاکە.

ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٢٢ لە هەولـێـر چاوپێکەوتـنم لەگـەڵ بەڕێز سدیق بەگی عـەبدوڵڵا بەگی سەعـید بەگی کۆیە لە زووڕیەتی قـوچ پاشـا کرد و لەگـەڵ بەڕێز ڕەئیس یووسف جەمـیل خورشـید بەگ لە ئەفسـەرانی پێشـووی شۆڕشی کورد و لە عـەشیرەتی (مـیران بەگی) باکووری ڕۆژئاوای هەولێـر کە ئەو عـەشیـرەتە دەچێـتەوە سـەر ئەم مـیـرانەی کۆیە وەک بنەماڵەی ساحبقڕان لە سلێمانی، سدیق بەگ وتی: بە چاوی خۆم ناوی قوچ پاشام دیوە لەسەر دەرگای قـەڵات و لەسـەر سـجنی قـوچ پاشـای ژێر دەرگـاکـە خوالێخۆشبوو مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی لە مێژووی کـۆیەدا ب ١ لا ٥٤دا نووسـیـویەتی قـوچ پاشـا دەرگـای قـەڵاتی هەولـێـری ئاواکـردووە و ناوی لەسـەریەتی و ئەمـەشی لە نـووسـینێکی حـوسـێن بەگی حـاجی بەگی برازای عـەبدوڵڵا بەگی کۆیە لە بارەی بنەمـاڵەی کـۆیەوە وەرگـرتووە کـە بۆ ئەوی نـووسـیـوە. بێـجگە لەمـەش دروسـتکردنی ژێرزەمـینێک لەژێر دەرگـای قـەڵاتدا ئەوە دەگەیەنێت کە یەکەم جار ژێرزەمین دروست کراوە ئەوجا دەرگا. هەبوونی ئەم ژێر زەمـینە بەناوی بەندیخانەی قـوچ پاشـاوە شـتـێـکی سـەلمێنراوە لەلایەن تەمـەندارەکـانی هەولـێرەوە. هەروەها هەبوونی خـانووی (قـوچ پاشـا) لە تەنـیـشـتـی ڕۆژئاوای دەرگـا و هەبوونی دەرگـایەک لە نێوانی ئەو و دەرگادا، واتا سەرای سەر دەرگاکە کە قـوچ پاشا لە وێوە هاتوچۆی دەکرد بۆ نێو سەرا و پاش ئەویش قایمقامەکانی هەولێر کە لەو خانووە دادەنیشتن تا مابوو، چونکە خـــانوویەکی حکوومی بـوو، لەبەر ئەوە نـاوی (حەرەم کوچەسی) بووەتە ناوی ئەو شەقامەی لەبەردەمی کۆڵانی خـانووەکەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەچوو وەک مـامـۆسـتا ناسیح بەمنی وتووە. شایانی باسە ئینگلیزەکـان کـە بۆ یەکەمین جار گەیشتنە هەولێر لە (١٩١٨/١١/٩)دا، حـاکـمی سـیـاسی ئینگلیـز لەم خـانووەی قـوچ پاشـا دادەنیـشـێت پێش ئەوەی بارەگـای خـۆی ببـاتە نزیـکی منارە. بەم زانیارییانەی سەرەوە هەست دەکرێت کە قـوچ پاشا دەرگای قـەڵاتیشی وەک خـانووەکە ئاواکردبێتەوە.


پێشـتـر باسمان کرد مامـۆستا ناسیح حـەیدەری بە منی وتووە ئیـسمـاعـیل سنەیی دەسـتکاری بەندیخـانەی قـوچ پاشـای نەکـردووەو نووسینی دەرگـای کـۆنیشی خسـتـە شـوێنی خـۆی لە دەرگـا نوێیـەکـەدا، بەڵام مـخـابن ئەو نووسینە بە ڕووخاندنی دەرگای قەڵات لەلایەن شارەوانی هەولێـرەوە سـاڵـی ١٩٦٠ لەنـێـو چووە، لەوانەشـە ئەو نووسـینە ڕۆژێک لە سـەرچاوەیەکـدا بدۆزرێتـەوە، دوور نییـە دەرگـاکە لە نێوان کاتی قوچ پاشا و ئیـسمـاعـیل سنەییـدا هاتبـێـتـە نۆژەن کـردنەوە، نەک ڕووخـاندن و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی.

**(*)تێبینی:**

**ئەم باسە بەشێکە لە کتێبێکم لە بارەی کەلەپووری شارستانێتی هەولێرەوە کە هێشتا تەواو نەبووە.**

**(*) زۆر سوپاسی برای ئەندازیار جەلال محـەمەد ئەمین دەکەم کە لە سلێمانی ئەم نەخشـەیەی بە کۆمپیوتەر سکان کردو بەهۆی بەرنامـەی (ئۆتۆکـاد)ەوە ڕەسـمی کـرد، دەرکـەوت درێژی ڕاڕەو (٢٧م)ە و پانی (٦م)ە، ئەگـەر هەڵە لە نەخشـە ئەسڵـییـەکـەدا نەبێت.**





**ڕێگای ڕۆژئاوا کەمێک لە دوازدە مەتر زیاترە پانی لە (٢، ٩٠- ٤، ٥٠م)ە**

# سۆنگەکانی ڕێبازی قوتابخانەی فرانکفۆرت «تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی»

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

## سەرەتا

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە سەدەی نۆزدەیەم سەبارەت بەمێژووی پەرەسەندنی شارستانێتی ئەورووپا بە تایبەتی و تێکڕای جیهان بەگشتی سەدەیەکی چارەنووسساز بووە. لەم سەدەیەدا وەک ئەنجامێکی شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسا و (١٧٨٩ز) هەر سێ دروشمەکەی: ئازادی، برایەتی، یەکسانی، چینی دەسەڵاتداری دەرەبەگایەتی (فیودالیزم) و بنەما ئایدیۆلۆژییەکەی بە ئایین و جیهانیدەکەیەوە کەوتنە پاشەکشێ، لە سایەی ڕێبازی مرۆڤ پەروەری و براقی چالاکی ئازادییەوە، بایەخ بە مرۆڤ و ئازادییەکەی درایەوە، چارەنووس کەوتەوە ژێر دەستی مرۆڤ لە ژیانی ئەم دنیایەدا، بۆچوونە لاهووتییەکانی کڵێسەی عیسایی دەربارەی ژیانێکی تر دوای مردن جێگایان بۆ بایەخدان بەژیانی ئێستا چۆڵ کرد. جۆرێکی تری ژیان و ئاکار و بۆچوونێکی نوێ دەربارەی ژیان و جیهاندیدی پشت ئەستوور بە گەشبینی جێگیر بوون. لەچوارچێوەی چەندین تیوری فەلسەفە و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هزری پێشکەوتنخوازانە دەربارەی گەردوون و مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەوڵەت کەوتنەوە، توێ توێ کردنی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، ڕەخنەگرتنی بوێرانەی ڕەوشی هەڵکەوت و لە ئارادابوونی کۆمەڵگە، هەوڵدان بۆ ڕشتنی ڕەنگی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی دوارۆژ بوون بە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی زانستی و ئابووری و فەلسەفە و کۆمەڵایەتی و چالاکی سیاسییانەی بیرمەند و ڕۆشنبیرانی چین و توێژە پێشکەوتنخوازەکان کە بەهۆی شۆڕشی فەرەنساوە لەچوارچێوەی چینی تازە خەتوخاڵ داوو و پێگەیشتووەوە

که هەرەسی بە دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی هێناو دەسەڵاتی سیاسی و جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتە دەست، چینی بۆرژوازی، هاتنە سەر شانۆی ژیان جێ بەجێ دەکرا، لەچوارچێوەی ئەم چینە بۆرژوازییە تازە پێگەیشتووەدا کە کاری گرتە دەست. گەورەترین دەسکەوتی پێشکەوتنخوازانە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە لە دوو لاوە بەدەست هێنرا:

**یەکەم:** کۆتایی هێنان بە دەسەڵات و داوودەزگا و ئایدیۆلۆژی چینی بە ساڵاچووی دەرەبەگایەتی لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا.

**دووەم:** ڕێگا خۆشکردن بۆ پەرەسەندنی پێشکەوتنخوازانەی لەمەولای کۆمەڵگە و میللەتان بەرەو پێشەوە و بەرەو دوارۆژێکی باشتر کە بەپێی توانا زۆربەی هەرە زۆری هۆکار و ئەنجامەکانی بوون و دەسەڵاتی چینی پێشوو بخاتە لاوە، ئەو ئەنجامانەی بەدرێژایی سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستەوە گەلانی ئەورووپا بەدەستیانەوە ناڵاندوویانە. ئەم چینە نوێیە کە پشتی بە بنەمای سەرمایە بەستبوو، ئایدیۆلۆژییەکی فرە ڕەنگ و هەمە چەشنەی دارشتبوو لە پرۆسەی چالاکی لەناوبردنی چەوساندنەوە و دەستبەسەرداگرتنیدا و لە بەرانبەر دابونەریت و ڕێوشوێنەکانی ڕێژیم و چینی پێش خۆیدا ئەوپەڕی ئازاو بوێر و خاوەن بڕوا و بە بڕیار بووە، ژیر و مەنتیق بنەڕەت و بنەمای کردار و بڕیارەکانی بووە لە دارشتنی نەخشە و پلانەکانیدا ورد(١) و ڕیشەیی بووە.

## پێکهاتنی قوتابخانەی فرانکفۆرت

پشت ئەستوور بە سەرچاوە ئەکادیمییەکان شۆڕشی فەرەنسا ئەنجامی سێ پرۆسەی گۆڕان و پەرەسەندنی درێژ خایەن بووە لە سێ کۆمەڵگەی ئەورووپادا.

**یەکەم**: چاکسازی ئایینی سەدەی شازدەیەم لە ئەڵەمانیا لەلایەن مارتن لۆتەرەوە.

**دووەم**: شۆڕشی پیشەسازی سەدەی حەڤدەیەمی ئینگلیز بەو پێشکەوتن و گۆڕان و دەسکەوتە گرنگانەوە کە لە کایە و بواری زانستی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەدا بەدەست هاتووە.

**سێیەم**: بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و ژیرەکی لە فەرەنسادا کە لە بیروبۆچوونی سۆسیالیستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفەکەیاندا دەرکەوتووە.

ئەم ڕاستییە ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە کە ئەگەرچی پرۆسەی گۆڕان یەکەیەکی یەکڕەنگی ڕێکوپێکە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا، ئەوە سەرچاوەی فرە ڕەنگ و هەمەجۆری هەیە، سەرچاوەی فرە ڕەنگ و گۆڕانی ئامانج یەکڕەنگی، بەپیت و پێزی پرۆسەکە ساغ دەکاتەوە کە لەدوو تای لەیەکتری جیاواز پێک هاتووە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام پێوەندییەکی دەستیاوی mutual بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەم پێوەندییە لە دوو لاوە دەست بەکارە. لەلایەکیان لەسەر بنەمای هەمەڕەنگی چەکەرەی کردووە و لەلایەکەی تری ئامانجی دیار و ڕەنگ بۆ ڕێژراوی هەیە. دەستیاوییەکەش ئەوەیە کە ڕاستە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەیپارێزێ و لەدەستی نادات، بەڵام لە هەمان کاتدا هیچیان ناکرێ و لە توانایاندا نییە دەستبەرداری ئەوی تریان بن، چونکە یەکتری تەواو دەکەن.

شۆڕشی فەرەنسا، ئەوەندەی پێوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، ئەگەر ئەنجامی زنجیرەیەکی ئاڵقە بەیەکەوە بەستراوی گۆڕان بووبێ، ئەوە لە قۆناخێکی تردا بووە بە هۆکاری بەرپاکردنی پرۆسەی تر. لەبواری سیاسەت و ئابووری و فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا، بۆ نموونە (سان سیمۆن ١٧٦٠- ١٨٢٥ز) لە باوەشی کەشوهەوای شۆڕشی فەرەنسادا گۆش بووە و دەستبەکار بووە. سان سیمۆن بەر لە دەرکەوتنی سۆسیۆلۆژی وەک زانستێکی سەربەخۆ کۆمەڵگەی کردووە بە بابەتی توێژینەوە، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە ئابووری و پیشەسازی بە بنەمای کۆمەڵگە دابنێ و وای بۆچووە کە تیۆری کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا تیۆرییەکی سیاسی ئابوورییە، یان ئەو زانستەیە کە بەرهەمهێنان(٢) دەکات بە کەرەسە و بابەت.

ئەم شۆڕشە و سان سیمۆن سەرچاوەیەک بوون لەو سەرچاوانەی:

١- ئۆگوست کۆنت (١٧٩٨- ١٨٥٧ز)ی ڕابەری فەلسەفەی پۆسیتیڤیزم و دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی).

٢- مارکس ڕابەری سۆسیالیزمی نوێ و مەتریالیزمی دیالێکتیک و مێژوویی لێوەیان هەڵهێنجاوە.

ئەم دوو بیرمەندە کە لە باوەشی چینی بۆرژوازی و ڕێژیمی سەرمایەداریدا پێگەیشتوون، دوو هەڵوێستی ئەوپەڕی لە یەکتری جیاوازیان هەبووە جا ئەم هەڵوێستە

بەرانبەر بەو ڕەوشە بێ کە تویێ تویێیان کردووە و تێیدا ژیاون، یان دەربارەی ئەوجیهاندیدە بووبێ کە بەرانبەر دوا ڕۆژی مرۆڤ و کۆمەڵگە هەیانبووە.

کۆنت کە جیهاندیدەکەی خۆی بە پۆزێتیڤ Pos-itive ناوبردووە دامەزرێنەری ئەو سۆسیۆلۆژییەیە کە بە سۆسیۆلۆژی ئەکادیمی- تیۆری چینی ناوەڕاست ناودەبرێت. پۆزێتیڤ واتای: لەبار، ئەرێ (ئیجابی) دەبەخشێ، کۆنت وەک سان سیمۆن کۆمەڵگەی سەرمایەداری سەردەمی خۆی بە کۆمەڵگەی پیشەسازی ناوبردووە و هەوڵی داوە کە بە بۆچوونەکانی ساغی بکاتەوە گۆڕانی سەرتاپاگیر ئەنجامی نالەباری دەبێ و مرۆڤ دەبێ هەڵوێستێکی لەبار و ئەرێی و پەسندکردنی ئەو ڕەوش و کۆمەڵگە و ڕێژیمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی هەبێ کە لە سێبەریدا دەژی. لێرەوە وشەی پۆزێتیڤ بۆ ئەم جیهاندیدە بەکارهاتووە.

لەکاتێکدا ڕێبازی پۆزێتیڤیزم سەرچاوەیەک بووە تیۆری(٣) نوێی کۆمەڵگەی لێوەی هەڵهێنجاوە و سوودی لێوەرگرتووە، سۆسیۆلۆژیش (زانستی کۆمەڵایەتی) لەلای خۆیەوە لە باوەشی گەرموگوڕی ئەم ڕێبازە پۆزیتیڤیزمەوە سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە بە هۆیەوە توانیوبەتی لە بابەت و ڕوخسار و میتودەدا سەربەخۆ بێ و بگرە ببێ بە زانستێکی ڕێکوپێکی ئەزموونی. دوای کۆنت لە فەڕەنسا دورکهایم و لە ئەمەریکا تالکوت پارسۆنز بە سوود وەرگرتن لە پۆزێتیڤیزم پەرەیان بە بابەتی تیۆری کۆمەڵایەتی داوە و پێیان لەسەر ڕاگیرکردنی ڕێژیمی کۆمەڵایەتی هەڵکەوتی لە ئارادا بوو، داگرتووە و خێزانیان کردووە بە بابەتێک لە بابەتی توێژینەوە و چالاکی زانستییانە.

لایەنەکەی تر کە لە شۆڕشی فەڕەنسا کەوتۆتەوە و سوودی لە بیروبۆچوونەکانی سان سیمۆن وەرگرتووە ڕێبازی مارکسیزم بووە. مارکس بە پێچەوانەی سان سیمۆن و کۆنتەوە کۆمەڵگە نوێیەکەی بە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ناوبردووە و سەرگەرمی هەوڵ و تێکۆشان بووە بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە، لە ڕەگوڕیشەوە بیگۆڕێ. زۆربەی هەرە زۆری بڕیار و بۆچوون و هەڵوێستەکانی سەربەخۆیی و بە ئاشکرا جیابوونەوە و دابڕانێکی یەکجارەکی لەگەڵ هەموو تیورییە کۆمەڵایەتییەکان و ئایدیۆلۆژی و فەلسەفە و سیاسەتی پێشووی سەردەمی خۆی نیشان دەدەن. بۆ نموونە سۆسیۆلۆژیستەکان بایەخ و گرنگیان بەخێزان دەدا کە ئۆرگانێکی بچووکی سروشتییە و دەیانکرد بە بنەما بۆ پاراستنی ڕژێمی کۆمەڵایەتی لەئارادا بووی سەردەمی خۆیان، مارکس بە پێچەوانەوە بایەخی بە تاقم و چین و کۆمەڵەی گەورە داوە. لەکاتێکدا لەسەردەمی میکیاڤیلییەوە بایەخ بە میر و خانەدان و توێژە دەستڕۆیشتوو و چینە کۆمەڵایەتییە خاوەن سامان دراوە. مارکس ئەم ڕچەیەی شکاندووە و چینێکی هەڵبژاردووە کە پێشتر لە هەموو شتێکدا پەراوێز کراوە(٤) چینی هەژار و ڕەش و ڕووت و نەدار کە ئەو بەچینی پرولیتار (کریکاری) ناوی ناوە.

لەم ڕێبازەی مارکسەوە ساڵی ١٩٢٣ز لە زانکۆی فرانکفۆرتی ئەڵەمانیا «سۆسیۆلۆژی ڕەخنەگری لە فرانکفۆرت» کە بە تیۆری ڕەخنەگرانەش ناودەبرێ بە ڕابەرایەتی پرۆفیسۆر دکتۆر ماکس هۆرکهایمەر (١٨٩٥-١٩٧٣ز) دامەزراوە. دامەزرانەکەش بەم جۆرە بووە:

پێکهاتنی قوتابخانەی فرانکفۆرت هۆکاری دەرەکی و ناوەکی هەبووە، هۆکارە دەرەکییەکان بریتی بوون لە:

- جەنگی یەکەمی جیهان.
- شۆڕشەکەی ساڵی (١٩١٧ز)ی ڕووس کە بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناوبراوە.
- ئەو سەرکەوتنەی پارتی نازییەکان لە ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتی ئەدۆلف هیتلەر بەدەستی هێناوە.

جەنگی یەکەمی جیهان ئەگەرچی وێرانی و کاولکارییەکی گەورەی خستەوە و بوو بە مایەی نەهامەتی و قڕانی و کێشەی لە ژماردن نەهاتووە، ئەوا ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە بۆ ئەوەی کە مەڵبەندی تێکۆشانی توندڕەوی پشت ئەستوور بە شۆڕش و توندوتیژی سۆسیالیستیانە لەناوەڕاستی ئەورووپاوە دوای شۆڕشی لینین بۆ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، بۆ ڕووسیا بگوێزرێتەوە، لە ئەورووپاش بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا چەپڕەوە سۆسیالیستییە میانڕەوەکان تاڕادەیەک سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، بەتایبەتی لە دامەزراندنی کۆماری ڤایمەر بە تەواوی بە پێچەوانەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژی مارکس و شۆڕشی ئوکتۆبەری ڕووسیا بوون، کە لە دواتردا بە سۆسیال دیموکرات ناوبراون. ئەم ڕەوشە سیاسەتمەدار و بیرمەندانی ئەڵەمانیای دووچاری کێشەیەکی گەورەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی کردووە. بە چ لایەکدا بشکێن و لایەنگیری کام لا بکەن؟! پشتگیری تاقیکردنەوەکەی

لینین بکەن کە لەدواییدا بۆ بە ستالینیزم، یان لایەنگیری میانڕەوەکانی ئەڵمان بکەن، یان ڕێگای سێیەم بگرنەبەر؟! ئەوەبوو ڕێگای سێیەمیان گرتەبەر و لە زانکۆی فرانکفۆرت «پەیمانگای توێژینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت» لە ساڵی ١٩٢٣ز دامەزرا، لەدواییدا هۆرکهایمەر بووە بە سەرۆکی و بەهۆی گۆڤاری ناوەندی پەیمانگاکەوە «گۆڤاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی» کە چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە بیروبۆچوون و هەڵوێستی فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی پەیمانگاکە بڵاو و پەخش کراونەتەوە. زانین و تێگەیشتنی تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی، لەژێرخانی ئابوورییەوە تاوەکو سەرخانی دامودەزگا و دامەزراوەکان دروشمی گشتی پەیمانگاکە بووە.

بڕیاری هەڵبژاردنی ڕێگای سێیەم ئەگەرچی لەخۆیدا واسووک و ئاسان نەبووە، جگە لەهۆکاری دەرەکی پشت ئەستوور بووە بەچەند هۆکارێکی ناوەکی کە لەو بەسەرهات و گۆڕانە سەرتاپاگیرانە کە لە ڕووسیادا بەسەر مارکسییەت و لە ئەڵمانیا بەسەر بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی بەگشتی و بزووتنەوەی چەپ و دیموکراتیدا بەگشتی هاتوون، کەوتوونەتەوە.

– لە ڕووسیای سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهاندا لینین لەوڵاتێکی دواکەوتووی نیمچە دەرەبەگی شۆڕشێکی کرد کە هیچ مەرجێک لەو مەرجانەی شۆڕشی پرۆلیتاری تێدا نەبووە وەک مارکس گریمانەی کردووە. تەنانەت لە هەندێک نووسیندا کە ڕابەری شۆڕشەکە نووسیویەتی، جۆرە پەشێمانی و بێ ئومێدی لینین خۆی دەردەکەوێ کە نە هەلومەرج نە پاشەڕۆژی بزووتنەوەیەکی لە بار لە ئارادا نەبوون. هاتنی ستالین بۆ سەرکار و ئەو کارانەی کردوونی بە تەواوەتی ساغی کردۆتەوە کە ئایدیۆلۆژییەک نەبووە پێی بوترێ «مارکسیزم- لینینیزم»، بەڵکو ئەوەی هەبووە «لینینیزم- ستالینیزم» بووە کە خۆی نامۆ بوونی ئەو چینەی داهێناوە کە بەهۆیەوە و بەناویەوە و گوایە بۆ سوود و قازانجەکەی تاوەکو لە ژیاندا بووە جڵەوی پۆلایینی دەسەڵاتی قۆزتۆتەوە و قۆرخ کردووە. ئەوەی مارکس بەدوا قۆناخی شۆڕشی فەرەنسای وتووە، شۆڕشەکەی لینین- ستالینی گرتۆتەوە. دیکتاتۆری تاکەکەسی لەڕێگای دەستەیەکی دانراو لەسەرکردایەتی پارتە بەناو کۆمۆنیستەکەدا. ئەو گازندەیەی لە کرداری دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری کردوویانە، خۆیان بەشێوازی مۆدێرنتر بەوپەڕی ترسناکی و درندەییتر کردوویانەتەوە دیکتاتۆری پرۆلیتار بووە بە دیکتاتۆری بیرۆکراتی تاکەکەسی و پارتییە دەسەڵاتدارەکە. دیموکراتی و ئازادی لە هیچ شوێنێکدا نەدیتراون و هەستیان پێ نەکراوە. ئەو ئاواز و شێوازانەی گوایە بۆ ڕزگارکردنی چینی کرێکار و تێکڕای کۆمەڵگە پێویست بووە، بگیرێنەبەر بوون بە ئامرازی کۆنترۆڵ کردنی حزب و دەوڵەت لەلایەن سەرکردەکانەوە. ئەو بنیاد و بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاکارییانەی لە ئارادابوون بەجۆرێک بوون زەمینەی دەسەڵاتی سیاسی کەمایەتییەکی زەبر بە دەستیان خۆش کردووە.

– لە ئەڵمانیادا کۆماری ڤایمەر هەرەسی هێناوە، بە پێچەوانەوەی بۆچوونەکانەوە، هەژاری و بێکاری نەبۆتە مایەی بەهێزبوونی تەوژمی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و سۆسیالیست و چەپەکان و ڕاستییەکی چاوەڕوان نەکراو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورتبین کە لەدواییدا بوو بە بزووتنەوەی سۆسیالیزمی نەتەوەیی (نازی) بەسەرکردایەتی ئەدۆلف هیتلەر بووە بەهێزی سەرەکی لەکۆمەڵگەی ئەڵماندا، ئەو کۆمەڵگەیەی بەپێی بۆچوونەکانی مارکس دەبوو شۆڕشی سۆسیالیستی بەسەرکردایەتی پارتی پرۆلیتار تێیدا ڕووبدات. هەروەها چۆن بێکاری و هەژاری نەبوونە مایەی بەرپابوونی ڕاپەڕین و شۆڕش، بەهەمان شێوە ناکۆکییە ناوەکییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەش نەبوونە مایەی ڕووخانی ڕێژیمی نازی. کەوابوو تیۆری و پراکتیک بەپێچەوانەی یەکتری بوون!.

– هەر لەو سەردەمەدا دوو کتێب بڵاوکراونەتەوە کە لە ڕشتنی ڕەنگی ستراتیژی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. سیاسەتمەداری مەجەڕستانی گیۆرگ لۆکاچ کتێبی «مێژووی هۆشیاری چینایەتی ١٩٢٣ز) بڵاوکردۆتەوە(٦) تێیدا بە تەواوەتی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی لینینی بواردووە و بگرە پشتگوێی خستووە و گەڕاوەتەوە سەر هیگڵ بۆ شرۆڤەکردنی چەند لایەنێکی گرنگی جیهاندیدی کارل مارکس. بەلای بۆکاچەوە بنەڕەتی جیهاندیدی مارکس بریتییە لە «پەیڕەو و میتودەی دیالێکتیکی». ئەم پەیڕەوە ئەو بنەماو بناخەیە کە کۆشکی ئەم ئایدیۆلۆژییەی لەسەر دامەزراوە. هەربۆیە: کاتێک مێژوو ڕێگای شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی

خۆی دەگـرێتـەبەر ئەگـەر پەرە بە هۆشـیـاری چینایەتی بدرێت(٧)، یان ئەم هۆشـیـارییـە چینایەتیـیـە ڕاسـتـە دەبێـتـە مـایەی تێگەیشـتنی ڕاسـتی ڕەوشی کـۆمـەڵگە بەگشـتی و تیـۆری بەم پێـیە لەگـەڵ پراکـتیک ئاوێتـە و دەست لە ملانێی یەکتری دەبن و هەردووکیـان بەیەکەوە لەگەڵ پرۆسەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا تەباو گونجاو دەبن. لوکـاچ بەم بڕیارەی ئەنجـامـەکـانی هەلومـەرج و ڕەوشی مـــەتریالی ئابووری بە هەند نازانێت. لێـــرەوە لەلای قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەم هەڵوێستەی لوکاچ ئەو خاڵە گـرنگەی لێکەوتووە کـە ئەندامـانی ئەم ڕێبـازە وەک بنەمـایەک پەیڕەویان کـردووە: ڕێبـازی ڕەخنەگـرتنی ئابووری سـیـاسی کـە مـارکس دایهـێناوە دەبێ لە بنەمـا جەوهەرییە کۆمەڵایەتییەکەی جیابکرێتەوە و دابـبڕدرێ، واتە ڕزگـاربوونی کـۆمـەڵگە و ڕزگـاربوون بەگـشـتی Emanzipation وەک ئەرک دەبێ لە ئەسـتـۆی چینی کـرێکار (پرۆلیـتـاردا) نەمـێنێ و نابێ چینی کـرێکار هیـچی تر وەک ڕزگـار هێنەری تێکڕای مـرۆڤ و کـۆمـەڵ دابنرێت.

– کـتـێـبی دووەم کـە وەک سـەرچاوەیەکی هاندەر و وروژێنەر کـاری لە قـوتابخـانەی فـرانکفـۆرت کـردووە بەرهەمـەکەی کـارل کـورش بووە کـە لەژێر ناوونیـشـانی «مـارکسـیـزم و فـەلسـەفـە» سـاڵی ١٩٢٣ز چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کورش تیشکی خستۆتە سەر ئەو هەوڵ و لایەنانەی سەرگەرمی گـۆڕین و شێـواندنی مـارکسیـەتی ڕاستەقینە بوون.

– یەکـــەم جـــار، پێش دامـــەزراندنی پەیمانـگـای توێژینەوەی کـۆمـەڵایەتی فـرانکفـۆرت لە چوارچێـوەی سـیـمـینارێکی هەفـتـانەی شـاری توورینگندا لەژێر ناوونیـشـانی یەکـەمین چالاکی و کـاری حـەفـتـانەی مـارکسـیـیـەکـان» (EMA) هاوینی سـاڵی ١٩٢٢ز دامـەزراوە تێـیـدا بزووتنەوە مـارکسـیـیـە جیـاوازەکـان کـۆبوونەوە و ویسـتوویانە ئەم بۆنەیە بکەن بەدەرفـەت بۆ ئەوەی پتـر لە یەکـتـری نزیک ببنەوە و جیـهـاندیدێکی یەکگرتوو دەربارەی ئایدیۆلۆژی ڕاسـتـەقینە و بێگەردی مـارکسـیـزم گـەڵاڵە و ڕەنگ بڕێژن(٩) فـیلیکس ڤـایل F.weil کـە یەکـێک بووە لە دامـەزرێنەرانی پەیمانگای توێژینەوەی کـۆمـەڵایەتی فـرانکفـۆرت لەم حـەفت کـۆڕەدا بەشدار بووە. دوای ئەم بۆنەیە لە ئەیلوولی ١٩٢٢ز ڤایل یاداشـتێکی پێشکەش بە زانکۆی فرانکفۆرت کردووە و تێـیـدا داوای کـردنەوەی پەیمانگاکـەی کـردووە و وەک ئامانج و مەبەست لەکردنەوەی پەیمانگەکە دوور لە ژیان و چالاکی سیـاسی و پارتیـیـانە بێ «زانین و تێگەیشـتنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی، هەر لە ژێرخانی ئابوورییەوە تاوەکـو سـەرخـانی دەزگـاو دامـەزراوەکـان»(١٠) وەک دروشم پێشنیار کردووە. لە ٣ی شوباتی ساڵی ١٩٢٣ بە فـەرمی دامـەزراوە و لە ٢٢ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٢٤ کـراوەتەوە. پەیمانگاکـە گـۆڤـارێکی دەرکـردووە بە ناوی گـۆڤـاری توێژینەوەی کـۆمـەڵایەتی، Zeitschrift fur Sozalfor schung لە پەیمانگـاکـــەدا ســـەرەڕای هۆرکـهـایمەر کـە سـەرۆکی بووە، فـرەدریش پولـوک، لیـو لوڤنتال، ئۆگوست ڤیـتفـۆگل، تیـۆدۆر ئەدۆرنۆ (١٩٠٣-١٩٦٩ز)، ئیــریش فــرۆم، یورگن هابرمـــاس، هربرت مـارکـوزە (١٨٩٨- ١٩٧٩ز) تێـیـدا چالاک بـوون. لە نیسـانی سـاڵی ١٩٣٣ز پەیمانگاکە لەلایەن نازییـەکانەوە داخـراوە و بەناچاری یەکـەم جـار پەیمانگاکـە ڕووی لە سـویسـرە کـردووە، لەوێوە چووە بۆ ئەمـەریکا و لەوێ ماوەتەوە تاوەکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان و ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ ئەڵەمانیا.

### میتودەی چالاکی قوتابخانە

وەک لەناوی قـوتابخـانەکە و بابەتی بڵاوکـراوەکـانیـدا دەردەکەوێ:

١- هەوڵدان بـۆ دارشـتنی تیـۆرییـەکی ڕەخنەگـرانە کـە دواتر بەتیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ناوبراوە.

٢- ڕەخنەگرتنی کۆمەڵگە.

٣- سـوود وەرگـرتن لە شـێـوازی ڕەخنەگـرتنی ئابووری سیـاسی کـە مـارکس دایهـێناوە، ئەو مـیـتـودە بوون کـە ڕێبـازەکـە هەر لە سـەرەتادا پشـتـی پێ بەسـتـوون، بۆ ئەم مـەبەسـتـەش پێـوەندی بابەتی ئابووری و مـیـتـودەی دیالیکتیک، پێوەندی نێوان تیۆری و چالاکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە بۆچوونێکی ترەوە کـە لەگـەڵ هەلومـەرجی ئەو گـۆڕانە سـەرتاپاگـیـرانەدا بگونجێ کـە دوای جـەنگی یەکـەمی جیـهـان و شـۆڕشی ئۆکـتـۆبەری ڕووس بەسـەر ئەوروپادا هاتوون، شرۆڤە بکرێن و لێک بدرێنەوە.

٤- ڕابەرانی ئەم ڕێبـازە هەوڵیـان داوە ساغـی بکەنەوە کە هیچ لایەنێک لەلایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، هیچ دیاردەیەکی کـۆمـەڵگە بەبێ بەسـتـنەوەی بەچوارچێـوە گشـتـیـیە هەمەکـییـە مێژووییـەکەی و بەبێ گرێدانی بە

بنیاد و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکەی بەو پێیە یەکەیەکی یەکڕەنگە لە تێگەیشتن(١١) و شرۆڤە کردن نایەت.

تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کە لەم قوتابخانەیەدا پەیڕەو کراوە چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە لە جۆرەکانی تری ڕەخنە جیای دەکاتەوە و پێوەندی دەستیاوی لەگەڵ لایەنی تردا بۆ دابین دەکات.

تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەک هۆرکهایمەر و مارکوزە لە چەند نووسینێکدا دەستنیشانیان کردووە چەند تایبەتمەندییەک نیشان دەدات کە سروشتی ئامانجەکانی ڕێبازی قوتابخانەی فرانکفۆرت دیاری دەکات.

**یەکەم**: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەوەدا لە ڕەخنەی کلاسیکی جیایە، ڕەخنە لە بیروبۆچوون و هزر و مێشک و کتێب ناگرێت وەک لەلای کانت وابووە.

**دووەم**: هەوڵ دەدات بابەتەکانی فەلسەفە لەچوارچێوەی تیۆری کۆمەڵگە و مەتریالیزمی دیالیکتیک و تێگەیشتنی مێژوویی دیاردەکان شرۆڤە بکات(١٢)

**سێیەم**: میتودەکەی بەسەر بابەتی تری وەک کولتوور، ئاکاری تاکەکەساندا جێبەجێ بکات.

**چوارەم**: ڕزگارکردنی جۆری بیرکردنەوە لە دۆگم و کولتووری ئایدیالی و میتافیزیکیانە و پەرەپێدانی بەپێی بنەماکانی مەتریالیزمی مێژوویی تیۆری ئابووری کۆمەڵگە.

**پێنجەم**: پێداچوونەوە و توێژینەوەی سەرلەنوێی بابەتی پێوەندی نێوان بوون و هۆشیاری، ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە، ئامانج و ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوو، هەڵسەنگاندنەوەی ڕۆڵی چینی(١٣) کرێکار (پرۆلیتار) لەژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەدا، لەم ئەرکەدا ئەم قوتابخانەیە سوودی لەم گۆڕانە سەرتاپاگیرانە وەرگرتووە کە بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانی و شۆڕشی رووسەوە بەسەر چینی سەرمایەداری و کۆمەڵگەکانی ئەورووپادا هاتبوون.

**شەشەم**: ڕووبەڕووبوونەوەی کولتووری دەسەڵاتی تاکەکەسی لەسیاسەت و کۆمەڵگە و دەسەڵات و دەوڵەتدا کە بەهۆی نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشیستەکانی ئیتاڵیاوە و بەهۆی دەسەڵاتی تۆتالیتار و زەبر و زەنگی ستالینەوە هەوڵی بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنیان درابوو.

**حەوتەم**: پێداچوونەوە بەو ڕۆڵ و کارەی گوایە ناکۆکی ڕکەبەری نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هۆشیاری و هەستی سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی(١٤) چینی پرۆلیتاردا دەیکات.

**هەشتەم**: تیۆری ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگەی ئەم قوتابخانەیە بەوە لە تیۆری کلاسیکی جیاوازە کە ڕەوشە ڕاستەقینەکەی کۆمەڵگە(١٥) لە سۆنگەی هێز و توانای ئابووری و تەکنیکی و ڕۆشنگەری و کولتوورییەوە دەپێوێ و هەڵدەسەنگێنێ، ئەم تیۆرییە لەو ڕوانگەیەوە هەنگاو دەنێ کە مرۆڤ خۆی بە داهێنەر و بەرهەمهێنەری تێکڕای فۆرمە مێژووییەکانی ژیانیەتی و ئەمەش دەکات بە بابەتی توێژینەوەکەی.

**نۆیەم**: تیۆری ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگە لەلایەکەوە پابەندی هیچ جۆرە کاریزمێکی سیاسی و پارتیەتی نییە و لە چوست و چالاکییەکاندا دەستبەرداری سەربەخۆیی خۆی نابێ، لە دەستنیشانکردنی مەبەست و گەیشتن بە ئامانجیدا فرمان و ڕێنمایی هیچ هێزێکی دەسەڵاتدار پەسند ناکات و وەرناگرێ، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ڕێبازی مەتریالیزمی دێتەوە بەوەی مارکوزە وتەنی:

تیۆرییەکە لەخۆیدا بابەتێکی ئابووری و هیچ جۆرە سیستمێکی فەلسەفەیی نییە.. لە دوو لایەنەوە مەتریالیزم بە تیۆری کۆمەڵگەوە بەندە و گرێدراوە: یەکەمیان بەوەی کە خەمی بەختەوەری و ئازادی مرۆڤیەتی و دووەمیشیان لەوەدا کە قەناعەتی وایە، ئەم بەختەوەری و ئازادییەی مرۆڤ تەنیا هەر لەڕێگەی گۆڕینی پێوەندییە ماددییەکانی(١٦) بوونەوە Dasein دەستەبەر دەبن.

**دەیەم**: ئەم تیۆرییە وەک میتودەیەک ئەو ڕێبازە دیالیکتیکییە کە مارکس لە «کتێبی ڕەخنەگرتنی ئابووری سیاسیدا» پەیڕەوی کردووە، دەکات بە نموونەی پەیڕەوکردن لە چالاکییە زانستییەکەیدا. لەم شاکارەدا کارڵ مارکس وای بۆ چووە کە تێکڕای پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بنەمای ئابووری کۆمەڵگە پێک دەهێنن، بنەمایەکی ڕاستەقینە کە لەسەریدا سەرخانی قانوونی و سیاسی دادەمەزرێن و لەگەڵ فۆرمە دیاریکراوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا دێنەوە. شێوازەکان بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی وەک هەلومەرج بەتێکڕایی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گیانی، دەستنیشان و دیاری دەکەن. نەک هۆشیاری مرۆڤ، بوونەکەی، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوونە کۆمەڵایەتییەکەی هۆشیارییەکەی دیار و دەستنیشان دەکات(١٧).

## پرۆگرام و بابەتەکانی تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی

ئەو ئاستەنگە سیاسییانە لە ئەڵەمانیای سەردەمی نازیدا خرانە بەردەم قوتابخانەکە و ناچارکردنی بۆ ئەوەی ئەڵەمانیا بەجێ بهێڵێ و ڕوو لە چەند وڵاتێکی تر بکات تاوەکو لە ئەمەریکا گیرسایەوە، ئینجا دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان گەڕایەوە بۆ مەڵبەندەکەی جارانی لە ئەڵەمانیا. دەکرێ بەهۆکارێک دابنرێت کە ئەرکی سەرشانی مرۆڤ گران دەکات کە بیەوێ بە تێروتەسەلی باسی پرۆگرام و بابەتەکانی ئەم قوتابخانەیە بکات. ئەم گۆڕانی رەوش و جێگایە گۆڕانی فرە ڕەنگی بەسەر ڕابەران و بابەتەکانی قوتابخانەکەدا هێناوە، جگە لەوەی لە دەرەوەی ئەڵەمانیا هەندێک بابەت بەزمانی تر بڵاوکراونەتەوە کە سوود لێ وەگرتنیان وا ئاسان نییە.

لەلایەکی ترەوە ئەو هێرشە بەردەوامەی لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئەوسا (بەناو بلۆکی سۆسیالیستی) دەکرایە سەر ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە تاڕادەیەکی زۆر بووە مایەی شێواندنی وێنەی ڕاستەقینەی ڕوخسار و بابەت و ئامانج و کۆششەکانی قوتابخانەکە. لەکاتێکدا نازییەکان کە مەڵبەند و سەرچاوەی تیرۆر و توندوتیژی بوون لە ئەورووپای ئەوسا و سەردەمەدا تۆمەتی «سامییەت»یان دەدایە پاڵ ڕابەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و ناو و ناتۆرەی ناڕەوایان لێ نراوە و شتی وا سەیر خراوەتە پارسەنگیانەوە لە کایەی سیاسەت بەولاوە هیچ بایەخێکیان نەبووە، کەچی بلۆکی ڕۆژهەڵاتیش بەهەمان شێواز ئەمانی بە گومڕاو لە ڕێ لادەر و ریڤیزینست و...تاد، داناوە.

سەرنجێکی ورد لە بەرهەمی هەمەجۆری ئەم قوتابخانەیە نادروستی هەڵوێستی نازییەکان و هێرشە ناڕەوایەکانی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی ئەوسا ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە. ڕاستە هەموو ڕابەرانی ئەم ڕێبازە جوولەکە بوون، بەڵام جوولەکەی ئەڵەمان بوون و هیچ جۆرە هەستونەستێکی ئایینی جوو سیاسەتێکی «سامییەت» لەبەرهەمەکانیاندا هەست پێ ناکرێت و ناکەوێتە بەرچاو.

ئەوان گومڕاو لە ڕێی جیهاندیدی مارکسیزم لایان نەداوە، بەڵکو بەجۆرێک بۆچوونەکانی مارکسیان لێک داوەتەوە کە لەگەڵ گیانی سەردەمی خۆیان و لەگەڵ ئەو ڕەوش و هەلومەرجانەدا بێتەوە کە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەسەر کۆمەڵگەی ئەورووپا بەگشتی بەسەر چینی سەرمایەداریدا بەتایبەتی هاتووە. هاتنی نازییەکان بۆ سەر کار و کۆنتڕۆڵ کردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت، سەرکەوتنی شۆڕشی لینین لەڕووسیادا ئەو ڕووداوانەی بەدوایدا هاتوون و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە، گۆڕانی ڕەوشی چینی کرێکار لە ئەڵمانیا بەتایبەتی و لە ئەورووپادا بەگشتی ئەو کەشوهەوایە بوون زەمینەی شین بوونی نەمامی جیهاندیدی قوتابخانەی فرانکفۆرتیان دابین کردووە.

پشت ئەستوور بەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان قوتابخانەی فرانکفۆرت- پەیمانگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەم بوارانەدا دەستبەکار بووە:

١- مێژووی ڕێبازە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی پارتییە سیاسییەکان.

٢- سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی).

٣- مەتریالیزمی مێژوویی و بنەما فەلسەفییەکانی مارکسیزم.

٤- ئابووری سیاسی تیۆری و کێشەکانی ئابووری نەخشە بۆ ڕێژراو.

٥- ڕەوشی پرۆلیتار و ئەو ڕۆڵەی لە دانانی بەردی بناغەی کۆمەڵگەی دوا ڕۆژدا دەیگێڕێ.

بۆ ئەوەی ئەم ڕێبازە ڕەوایەتی بە هەبوونی خۆی بدات هەوڵی داوە دووخاڵ پشت ڕاست بکاتەوە:

**یەکەم**: بەوەی کە کۆرپەیەکی ڕاستەقینەی ئەو کەشوهەواو ڕەوشەیە کە کاتی سەرهەڵدانی و دەستبەکاربوونی لە ئەڵمانیا و ئەورووپادا لە ئارادابوون.

شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ز لە ڕووسیا بەپێچەوانەوەی ئەوەوە چاوەڕێی لێ دەکرا هەنگاوی هاویشتووە، ڕێژیمی قەیسەری گۆڕیوە بە ڕێژیمێک لەجیاتی ئەوەی ڕێگا و ئامرازی ڕزگارکردنی چینی کرێکار و تێکڕای کۆمەڵگە بێت، بووە بە ئامێری دەستگرتن بەسەر حزب و دەزگاکانی دەوڵەت و بڵاوکردنەوەی کولتووری تاک پەرستی و دیکتاتۆری و بیروکراتی. دەسەڵاتی لە سنوور بەدەرو پەرگیری جۆزێف ستالین ڕاستی ئەم بۆچوونە ساغ دەکاتەوە. تەنانەت زۆربەی ڕابەرانی حزبی دەسەڵاتدار (جگە لە ستالین خۆی) و هەموو ئەندامانی حزبەکەش لەو ئازادی و دیموکراتی و دادە بێ بەش بووە کە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان کردبوویان بە

بنێشــتــە خــۆشــەی ژێر ددانیــان. ناوندێتی دەســەڵات و تاکڕەوی سەرکردە و بیرۆکراتیەت سروشتی تایبەتی ئەو دەسەڵاتە بووە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هێنابوویە کایەوە.

**دووەم**: تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە بنەمایەکی مێژوویی هەیە و بگرە میراتگری ئەو فەلسەفە و ئابووری و ڕێبازە سیاسیانە بووە کە پێش خۆی دەستبەکار بون، بەتایبەتی ڕێبازی ئایدیالیزمی ئەڵەمانی. هۆرکهایمەر وتوویەتی:

«تیـۆری ڕەخنەگری کـۆمـەڵگە بەپێـچەوانەوە، مـرۆڤ وەک بەرهەمـهـێنەری تێکڕای ڕوخسـارە مـێـژووییەکـانی ژیانی خۆی، دەکات بە بابەت.. پێوەندی و ڕەوشەکانی هەڵکەوت (واقـیـع) کـە زانست کـردوونی بە بنەمـای خۆی، بەلای ئەوەوە چەند هاوردەیەک نین کە دەبێ ساغ بکرێنەوە و بەپێی قـانوونەکـانی ڕێتـێـچـوون پێشـبـیـنە بژمێردرێن. ئەوی هاوردەیە و لەبەر دەستدایە تەنیا هەر پێوەندی بە سروشتەوە نییە، بەڵکو لەسەر ئەوە وەستاوە مرۆڤ تا چەند شتی لەدەست دێت..

بابەتەکـان و جـۆری پەی پێ بردنیـان، پرسـیـارکـردن و بایەخ و واتای وەڵامـدانەوەکـانیـان چالاکی و هێـز و توانای مرۆڤ پشت ڕاست دەکەنەوە... پێوەندی نێوان مـاددەی ڕاسـتـەقـینەکـان و Tatsachen بەرهەمی مـرۆڤـیـیـانە، ئەو خـاڵەیە کـە تێـیـدا تیـۆری ڕەخنەی کـۆمـەڵایەتی لەگـەڵ ئایدیالیـزمی ئەڵەمـانـدا دێتەوە» (١٩).

١- کـۆمـەڵگە چ وەک چەمک و چ وەک بابەت کـەرەسـەیەک بووە لەو کـەرەسـانەی ئەم ڕێبـازە لەچوارچێوەی سۆسیۆلۆژیدا بە نووسین و بڵاوکراوە قسەی لێـوە کـردووە. ئەگـەرچی لەم ئەرکەدا پشـتی بە ڕێبـازی مـەتریالیـزمی دیالێکـتیـکی و مـەتریالیـزمی مـێـژوویی بەستووە، بەڵام هەمیشە ئەو هەلومەرجانەی کۆمەڵگەی ئەڵەمـانی سییـەکـانی سەدەی ڕابردوو کە قـوتابخـانەکە تێـیـانـدا ژیاوە لەبەرچاو گـرتوون، بۆیە دەکـرێ بوترێ قوتابخانەی فرانکفۆرت پێش ئەوەی ڕێبازێکی فەلسەفە و سۆسـیـۆلۆژی و سـیـاسی بێت، بەشـێـکی گـرنگە لە کولتوور و سەرخانی کۆمەڵگەی ئەڵەمان.

سـۆسـیـۆلۆژی بەلای هۆرکـهـایمەرەوە بەشـێکە بگرە بابەتێکە لە «فـەلسـەفـەی کـۆمـەڵایەتی کـە لە چەند ڕوخسـار و جـۆرێکی ژیانی بە کـۆمـەڵایەتی بوون -Ver gesellschaftung دەکـۆڵێـتـەوە.. ئەم جـۆرە دیسـپلینە شێوازە کۆنکرێتە جۆر بەجۆرەکانی پێکەوە ژیانی مرۆڤ لە کـۆمـەڵدا، هەمـوو جـۆرەکـانی پێوەندییـەکـان، هەر لە خێزان و بنەماڵەوە تاوەکو گرووپە ئابووری و ڕێکخراوە سیاسی و دەوڵەت و مرۆڤایەتی(٢٠) دەکـات بەبابەتی توێژینەوە» ئەم پێناسەیەی سۆسیۆلۆژی ئەرک و فرمانێک دەخاتە سەرشانی کە پتر تیشکدانەوەی ئەو چەمکەیە کە لەبەرهەمـەکانی هۆرکهایمەردا دەردەکەوێ کە بریتییـە لە «کۆمـەڵگەی ژیرەکی». کۆمـەڵگەیەکی ئەم جۆرە کـە پتر هێزو دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی تێیدا دەستبەکارن، پێوەندی توندوتۆڵی نێـوان ژیانی ئابووری و کۆمـەڵگە و پەرەسەندنی دەروونییانەی تاکەکەسان و ئەو گۆڕانانە کە بەسـەر کـایەکـانی کـولتـوور و زانست و هونەر و ئایین و مـاف و ئاکـار و مـۆدە و ڕای گـشـتی و وەرزش و شێوازەکانی ژیان بەگشتی بەرجەستە دەکات. بۆیە ئەرکی سۆسیۆلۆژی ڕەخنەگرتنی کۆمەڵگا و ئایدیۆلۆژییە.

٢- بابەتێک لەو بابەتانەی کـە توێژینەوەی لەسـەر کـراوە و خـەسـڵـەتی بەرچاوی ئەم قـوتابخـانەیە نیـشـان دەدات و وەک بزاڤێکی مارکسیستی ڕۆژئاوای ئەورووپا لە بەرانبـەر ڕەوشی سیـاسی و ئابـووری و فـەلسـەفـەیی ئەوسـای ڕووسیـا (شۆڕەوی) دەری دەخـات، هەڵوێسـتی تیـۆری ڕەخنەی کـۆمـەڵایەتی قـوتابخـانەی فـرانکفـۆرتە دەربارەی ڕۆڵی هۆکـاری ئابووری و سـیـاسی و چینی کرێکار و پێوەندی زانست و کۆمەڵگە و دیموکراتیـەت، ئازادی و دیکتاتۆری پرۆلیتار و کۆمەڵگەی پیشەسازی دوای قۆناخی سەرمایەداری کلاسیکی...تاد.

جگە لە هۆکاری کەسێتی ڕابەرانی ئەم قوتابخـانەیە، چەندین هۆکـاری دەرەکی و نـاوەکی و زانسـتی و ئەو دەوروبەرەی تێیدا ژیاون، ڕەنگی نەخشەی ئایدیۆلۆژی و هەڵوێسـتی زانسـتی ئەم تیـۆرییـە کـۆمـەڵایەتیـیـەیان ڕشتووە.

پێش هەموو شتێک بێ ئومێد بوون لەتاقیکردنەوە تاڵ و تفـتـەکەی ڕووسیـا (یەکـێـتی سۆڤـیـیـەت- شـۆڕەوی) جـاران کـە گـوایە ئایدیۆلۆژی مـارکس- لینین لەژیانی ڕۆژانەدا پەیڕەو و جێبـەجێ کراوە، کەچی لە کـۆمـەڵگەی نیـمـچـە دەرەبەگی جـووتیـاری ڕووسیـادا بەناوی چینی کرێکاری فابریکە و کارگەکان، بەناوی چینی پرۆلیتار کە بوونی لەوێ نەبووە، دیکتـاتۆری تاقم و دەسـتـەیەکی سـەرکـردە Elite جـێبـەجێ کـراوە و بەناوی پاراسـتنی شـۆڕشـەکـەوە لە دوژمنانی سـیـاسـەت و بیـروبۆچوون و

ئایدیۆلۆژی تاقمی کاربەدەست کراوە بە ڕێساو بنەما و تیۆرییە ڕاستەقینەکەی مارکس لەچەند دروشمێکی سەرزاری میدیا و ناو ڕۆژنامەکان بەولاوە ڕۆڵێکی تری نەماوە، بگرە مارکسییەتەکە لە ڕوخسار بەولاوە نەماوە و پەیڕەو نەکراوە، ئیتر هەر شتێک لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژییە دۆگما ئاساکانی کاربەدەستدان بەدەربووبێ بە گومڕایی و لەڕێ لادەر و پاشگەز بوونەوە ناوبراوە و بە قانوونی پۆلایین سزا دراوە. گیانی دیموکراتی و ئازادی و داد زیندەبەچاڵ کراوە. فەیلەسووف و سۆسیۆلۆژ و توێژەرەوەکان بوون، یان کراون بە بەند و کۆیلەی دروشمە ئایدیۆلۆژییە دۆگمییەکان.

جگە لەمە ستالین کە خۆی بەرابەری جیهانی پێشکەوتنخوازی داناوە و یەکێتی سۆڤێتی بەو هێز و دەوڵەت و مەڵبەندە نیشانداوە کە بنەما پێشکەوتنخوازەکانی مێژووی جیهان بەرجەستە دەکات «لەساڵی ١٩٣٩ز پەیمانێکی لەگەڵ ئەدۆلف هیتلەری سەرۆکی ڕێژیمی نازی ئەڵەمانیا مۆر کردووە» (٢١) بەم کارەی ئەوەندەی تر لە بەرەی پێشکەوتنخواز دوورکەوتۆتەوە و بووە بە بابەتێک ڕابەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت تیری ڕەخنەیان تێگرتووە و چاویان بە بنەماکانی ئایدیۆلۆژی مارکسدا خشاندۆتەوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی تەنگژە و قەیرانە گەورە ئابوورییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهان بەهیچ جۆرێک سەرمایەداری لاواز نەبووە و تای تەرازوو بەلای بزاڤی سۆسیالیستیدا لاسەنگ نەبووە، چینی کرێکاریش دوای تێکشکانی شۆڕشی ساڵی ١٩١٨- ١٩١٩ز لە ئەڵەمانیادا نەبووە بە چینی ڕێکخراو و شۆڕشگێڕ، بگرە لەسەرەتادا بەلای سەرمایەدار و خاوەن فابریک و کۆمپانیاکاندا چووە و لەدواییشدا لەلایەن نازییەکانەوە چ وەک کرێکار و چ وەک سەرباز لەبەرەکانی جەنگ بەکارهاتووە. خۆ ئەگەر گۆڕانیش بەسەر سەرمایەداریدا هاتبێ، ئەوە گۆڕانەکە بەو جۆرە بووە کە گەورە بوونی شار و بازێڕ و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی پێویستی کردووە. لێرەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت گەیشتۆتە ئەنجامێک دوو بڕیاری لێکەوتۆتەوە:

**یەکەم**: دەکری مۆدیلەکەی مارکس کە لە بەرهەمی ڕەخنەگرتنی ئابووری سیاسیدا بەکاری هێناوە سوودی لێوەربگیرێ، بەڵام بەو مەرجەی لە «جەوهەر و بنەما کۆمەڵایەتییەکەی کە ئەرکی ڕزگاربوونی کەوتۆتە سەرشان، لەچینی پرۆلیتار» (٢٢) جیابکرێتەوە و دابڕدرێ.

دوورخستنەوەی چینی کرێکار لەمەیدان و کایەی چالاکی سیاسیدا و هیچی تر وەک هێزێکی کاریگەری گۆڕان پشتی پێ نابەسترێ، بەلای قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە لەوەوە کەوتۆتەوە کە سەرمایەداری وەک ڕێژیمی دەستبەکار و دەسەڵاتدار توانیویەتی تەنگژە و قەیران و ناکۆکییەکانی تێپەڕێنێ و بەجۆرێک خۆی بگۆڕێ و بتوانێ لەگەڵ کۆمەڵگەدا تەبا بێ و تارادەیەکیش لەگەڵ داواکارییەکانی بێتەوە و لەمەش پتر توانیویەتی چینی کرێکار بەلای خۆیدا بهێنێ و لەچواچێوەی سیستم و نەزمەکەیدا بیگونجێنێ و بەکاری بهێنێ. لێرەوە ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ ڕەخنەگرتنێکی بابەتیانەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و ڕێژیم و ڕەوشە کۆمەڵایەتییە لە ئاراکاندا و ئایدیۆلۆژی دەستبەکار و شیکردنەوەی سیاسەت و شێوە کلاسیکییەکانی لێکدانەوەی مێژوو و ئابووری...تاد بێت.

**دووەم**: زانست و تەکنەلۆژی، نەک پێوەندییە ئابووری و هێزەکانی بەرهەمهێنان، ئەو نەزم و بنەمایەن کە پەرەسەندنی کۆمەڵگەی نوێ دوای پیشەسازی، کۆمەڵگەی سەرمایەداری دوای قۆناخی مارکس پشتی پێ دەبەستێ. پرۆسەی ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم بەپێچەوانەی جیهاندیدەکەی مارکس بەرێگایەکی تردا هەنگاوی ناوە. وڵاتە سەرمایەدارەکان بەهیچ جۆرێک پتەوبوونی ناکۆکی نێوان هەردوو چینە سەرەکییەکە، کرێکار و خاوەن کارگەکان بەخۆیانەوە نەدیوە، بگرە ڕۆژ بە ڕۆژ هەلومەرجی بەرپابوونی یاخی بوون و شۆڕش دەڕەوێتەوە.

زانست بۆتە هێزێکی بەرهەمهێنەر(٢٣) و بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی و پەرەسەندنی بەرهەمی ئامێرانە بەرەو بەرهەمی سیستمی ئۆتۆماتیکی ڕۆڵی چینی کرێکاری پەراوێز کردووە و بگرە شۆڕشی سیاسی بۆتە شۆڕشی تەکنەلۆژی، ئەم شۆڕشەش سەرتاپاگیر سروشتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری گۆڕیوە و کۆمەڵگەی پیشەسازی و سیستمی ئابووری نەخشەکێشراوی ڕەنگڕشتووە، ئەوی لەم سەردەمەدا پرۆسە و کارگوزاری بەرهەمهێنان بەرێوە دەبات سەرمایەدارەکان نین، بەڵکو تاقم و دەستە و کۆمەڵە بەڕێوەبەر و تەکنۆکراتن.

کۆمەڵگەی پیشەسازی دوای قۆناخی سەرمایەداری کلاسیکی توانیویەتی خۆی لەگەڵ ژیاندا بگونجێنێ و بگرە هۆکار و میکانیزەکانی ناکۆکی و گرژی و نائاسوودەیی تارادەیەکی زۆر کۆنترۆڵ و هێور و ئارام بکاتەوە . وەک مارکوزە بۆی چووە ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەی خوشگوزەرانی و بەرهەم فرە و مشەو بە برشتە، ئەو کۆمەڵگە و سیستمە نینە کە مایەی هەژاری و بەدبەختی و چەوساندنەوە بێت. تایبەتمەندییەکانیشی دەکرێ بەم جۆرە دیاری بکرێن:

١- توانایەکی پیشەسازی و تەکنیکی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی شمەک و کەلوپەل و ئامێری... لە ئەندازە بەدەر...

٢- ئاستێکی بەرزی ژیان و گوزەرانی دابین کردووە و ئەم ئاستە بەرزەی گوزەران چەندین توێژ و کەرتی دانیشتوانی گرتۆتەوە کە جاران، لێی بێ بەش بوون.

٣- پلەیەکی بەرز و بڵندی بایەخدان بەهێزی ئابووری و سیاسی پشت ئەستوور بە پلەیەکی بەرزی رێکخستن و دیسپلینی ژیرانەو...

٤- پشکنین و توێژینەوەی زانستی و نیمچە زانستییانە و کۆنترۆڵ کردنی رەفتار و کرداری تاکەکەس و کۆی(٢٤) خەڵک لەکاتی بێ ئیشی و پشووداندا لەپێناو مەبەست و ئامانجی بازرگانی و سیاسیدا.

ئەم رەوشە کە بەهۆی کۆمەڵگەی نوێی پیشەسازییەوە هاتۆتەکایەوە جۆری ژیان و کار و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕیوە، تەنانەت بەهۆی داهێنانی ئامێری مودێرنەوە ئەو کارەی لەش کە مارکس باسی کردووە خەریکە دەبێتە بابەتێک و کەرەسەیەک هەرەشەی پێویست نەبوونی لێدەکرێت و ناوەرۆکی کلاسیکی خەبات و ململانێی چینایەتی بۆتە شتێکی بێ هوودە و بێ جەوهەر، چونکە خەسڵەتی مرۆڤی لە پرۆسە و کاری بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان و بەکاربردن دابڕێنراوە. ئەوەندەی تەکنەلۆژی بەرەو پێش بچێ، رۆڵ و کارو دەستپێشخەری مرۆڤ کەمتر دەبنەوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە زانست لەجیاتی سەرمایەداری پێشوو هەرەشە لە مرۆڤی سادە بکات.

### ئەنجام

١- تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەشێکی گرنگی کولتووری ئەڵمانیا بەتایبەتی و ئەوروپایە بەگشتی وەک چالاکی بە دوو قۆناخدا تێپەڕیوە:

**یەکەم**: قۆناخی دروست لە ساڵی (١٩٢٣- ١٩٢٤ز) تا وەکو دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهان لە ئەورووپادا (لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵەمانیا).

**دووەم**: قۆناخی دوای جەنگی دووەمی جیهان کە لە ئەمەریکادا دەست بەکاربووە و دوای جەنگەکە جارێکی تر گەڕاوەتەوە هەواری جارانی ئەڵەمانیا.

خۆی لە خۆیدا رێبازێکی فەلسەفە، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ئایدیۆلۆژییە، لەلایەن چەندین مامۆستای زانکۆوە کە هەموویان جوولەکە بوون، دامەزراوە و داکۆکی لێکراوە و بەرەو پێش پەرەی پێدراوە. لەسەرەتادا وەک رێبازێکی مارکسیستی رۆژئاوایی ئەورووپا ناسراوە، بەڵام دوای ئەو گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە و ئەو چالاکی و توێژینەوانەی پێشکەشی کردوون لەچوارچێوە کلاسیکییەکەی مارکسییەتدا چۆتە دەرەوە.

هۆکار و هاندەری پەیدابوون و کارکردنیان جگە لە هۆکاری تاکەکەسی، هۆکاری دەرەکی و ناوەکی هەبووە، هەر لە تاقیکردنەوە شێواوە بە ئاکام نەگەیشتووەکەی رووسیا (یەکێتی سۆڤێتی- شۆرەوی) جاران تاوەکو هەلومەرجی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەڵەمانیا و گۆڕانی سروشتی پرۆسە و رەوت و ئاراستەی چالاکی سیاسی چینی پرۆلیتار (کرێکار) دوای جەنگی یەکەمی جیهان، گۆڕانی ناوەرۆک و روخساری کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەوسا و ئینجا دەستبەکار بوونی نازییەکان لە میونیخ و بەرلین و لەدواییدا لەسەرانسەری ئەڵەمانیادا، سەرەڕای ئەو کۆششەی کراوە کولتووری پەرستنی تاکە رابەر، تاکە رزگار کار و تاکە سەرکردە، لە رووسیادا (ستالین) و لە ئەڵەمانیا (ئەدۆلف هیتلەر) رەوا بکرێت.. زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم رێبازەیان خۆش کردووە.

٢- هەرچۆنێک پەیدابوونی کۆمەڵگە لێک بدرێتەوە و شرۆڤە بکرێت، ئایا ئەم بوونە بریتی بووە لە مێژووی ململانێ و زۆرانی نێوان هێز و چینە دژ بە یەکتری و ناکۆکەکان، یان لەجۆرە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە کەوتبێتەوە لەو راستییە ناگۆڕێ کە کۆمەڵگە هەیە و کێشەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو کێشە و گرفتانە هەندێکیان مێژوویین و لە سروشت و جەوهەری کۆمەڵگەوە دەکەونەوە و هەندێکیان پابەندی دەوروبەر و

هەلومـــەرجی دیاری کـــراوی گـــۆڕانن و پەرەســـەندن سنووردارىيان دەكـات. لەلايەكی ترەوە پێـوەندی نێـوان ئاسـتـە ئابووری و سیـاسی و ئایدیۆلۆژییـەکـانی بنیـادی کۆمـەڵایەتی لە هەر سـۆنگەیەکـەوە لێک بدرێنەوە، ئەو بڕیارە ڕەوا ناکـات کـە ناکـۆکی و ملمـلانێی نێـوان هێزەکـانی بەرهەمـهێنان و پێـوەندییەکانی بەرهەمـهێنان دەبێـتە مـایەی گـۆڕانی سـەرتاپاگـیـری Umwalzung کـۆمـەڵگە، بە پێــچــەوانەوە، پشت ئەســتــوور بە تاقـیکردنەوە بە پێـزەکـانی کـۆمـەڵگەکـانی ئەورووپا و ئەمەریکا کە بەڕاستی کۆمەڵی مودێرنی بەرهەمهێنەرن و ئەم هێـزانە تێـیـاندا دەستـبـەکـارن و تەکنەلۆژی پەلوپۆی هاویشـتۆتە نێو هەمـوو کون و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگە و ژیانەوە، هێزە بەرهەمـهێنەرەکان ئۆتۆمـاتیک ئاسا لە ڕادە و پێویست بەرهەم پێشکەش دەکەن و ئەمەش سامانێکی ئەوتـۆی لێـدەکـەوێتـەوە پـتـر پشـتـگیـری مـوڵکدارێتی تایبەتی دەکات و گوزەران خۆشتر دەکات و بگرە بواری ئەو جـۆرە ملمـلانێ و ناکـۆکـیـیـانـەی نێـوان هێـزەکـانی بەرهەمهێنان نادات.

ئاسـتـی ئابووری و ژیـانی کـۆمـەڵایەتی کـۆمـەڵگەی سەرمایەداری بەجۆرێک دیسپلین و ڕێکوپێک کراوە وای کـردووە کـە پێـوەندی نێـوان مـرۆڤ، نێـوان ئەندامـانی کـۆمـەڵگە بەجـۆرێک بێت زۆربەی هەرە زۆریان بیـر لە شتێک نەکەنەوە کە بریتی بێ لە گۆڕانی سەرتاپاگیرانە بەهۆی هێـز و توندوتیـژییـەوە و توندوتویژی ئیـتـر بە شـۆڕش ناوبـــردرێت، یان هەر ناوێکی تری لێ بنرێت لەنێوان چین و توێژ و مرۆڤی مودێرندا باو و ڕەوایی خۆی لە دووبەرەدا لە دەست داوە:

**یەکەم**: شـۆڕش خۆی لەخـۆیدا ئامـرازە نەک ئامـانج. ئامــــرازێکە تەنیـــا یەک ڕۆڵ دەگـــێـــــڕێ ئەویش هەڵوەشـاندنەوەیە. هەڵوەشـاندنەوەی ڕەوشـێک کـە دەویسـترێ بگۆڕدرێ. شۆڕش لەهیچ کات و سەردەمێک نە بنیـادی ناوەو نە شـتی دامـەزراندووە و نە ئامـرازی بنیـادنان و دامـەزراندن بووە. ئەو قـۆناخـەی بەدوای شۆڕشەکەدا دێت چ وەک ڕووداو و ڕەوش چ وەک کەسان کێشەکەی لەهی پێش شۆڕشەکە کەمتر و ئاسانتر نابێ!

**دووەم**: ڕەوایەتی شۆڕشەکە خۆی پشت بەچ بنەمایەک دەبەستێ؟ چ لایەن و کەسێک مافی ئەوەیان هەیە خۆیان بە بەرپاکـار و ڕابەرایەتی کـردنی شـۆڕشـەکـە بزانن؟! شۆڕش لەخۆیدا گۆڕینێکی سەرتاپاگیرە، لەڕەگوڕیشەوە کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی دەگۆڕێ. ڕەوایەتی ئەم گۆڕینە بە تەواوەتی بەهیچ تاقم و کـەس و ڕێکخـراوێک ڕەوا نییـە. کۆمـەڵگە لەخۆیدا وەک ڕێکخـراو و ئۆرگـانێک ڕابردوویەکی هەیە و تەنیا هەر موڵکی ئەم سەردەمە نییە و پاشەڕۆژیشی هەیە. شۆڕشگێرانی ئەمڕۆ مافی گۆڕینی ڕەوشێکیـان نییە کە نەوەیەکی پێش خۆیان لە ڕابردوودا بنیـادیان ناوە. پاشەڕۆژیش بەهیچ جۆرێک لەچوارچێوەی تیۆرییەکی ئایدیۆلۆژی جەوهەردا ڕەنگی نارێژدرێ. ئەوی لێرەدا وەک پرسیار بەبیردا دێت ئەوەیە کە ئەو کوێرەوەری و بەدبەختییەی نازییەکان بەسەر ئەڵمانیایان داهێناوە و ئەو کـاتەش بەملیـۆن کـرێکار هەبووە، کـەچی شـۆڕش هەڵنەگیـرساوە، ناکـۆکـیـیـە ئابوورییـەکـانیش نەبوونەتە مـایەی ڕووخانی ڕێژیمی نازی ئەدۆلف هیـتلەر ئەمـە بۆ و چۆن لێک دەدرێتەوە؟!

٣- ڕێژیمی سەرمایەداری ئەم سەردەمە پێکهاتەیەکی فرە ڕەنگ و فرە لایەن و ڕەهەندە لە ئەنجامی زنجیرەیەک پەرەسـەندنی ئاسـایی پشت ئەسـتـوور بە ژێر لە دوای شـۆڕشی سـەرتاپاگـیـری فـەرەنسـاوە ئەم ناوەرۆک و ڕوخسـارەی پێ براوە و خەتوخاڵی داوە. هەر لە سێبەری ئەم ڕێژیمەدا ئازادی بەگشتی، ئازادی بیـروڕاو ئاخـاوتن، ئازادی سیاسی و ئایینی، دیموکراتی و پێکهاتنی کۆڕ و کـۆمــەڵە و پارتـیـیـە سـیـاسـیـەکـان و دادپەروەری، ئاڵوگـۆڕکـردنی دەسـەڵاتی سیـاسی دەوڵەت بەڕێگا و شـێـوازی ئاشـتـیـانە بەهۆی هەڵبـژاردنەوە لەڕێگای نوێنەرانی گـەلەوە (پەرلەمـان) دابین و دەسـتـەبەر بوون. ئەم ڕێژیمە بەهۆی ئەو پێـشکەوتنە هەنگاو بەهەنگاو و ئاسوودەیی و ئارامییەی لەکۆمەڵگەدا دەستـەبەری بووە، سەرنجی بیرمەندانی بۆ لای دوو بابەت ڕاکێشاوە:

**یەکەم**: کۆمەڵگەی پیشەسازی مۆدێرن moderne Industrie gesellschaft بووە بەو کـۆمـەڵگەیەی ئەوەندە گـۆڕانی بەسـەر پرۆسـە و کـاری بەرهەمـهێناندا هێناوە، ئەوەندە چاکسازی کردووە ڕێژیمی سەرمایەداری کردووە بە ڕێژیمـێکی ئاسـوودە و ئارام کـە بەهۆی مـیـکانیـزمی ئابووریـیـەوە ڕکـەبەری هێـور کـردۆتەوە، ئەزمـوونی پیـشـەسـازی و دارایی کـردووە بە بنەمـایەکی پێکەوە کارکردنی سیاسەت و ئابووری و کۆنترۆڵ کردنی هەمـوو لایەنەکانی کۆمەڵگە(٢٥) ئیتر لێرەوە دەکرێ بگوترێ:

هیچ کـۆمـەڵگەیەک بەبێ کـێشـە و گـرفت نابێت، ئەم کێشـانەی کۆمەڵگەی سەردەم لە سروشتی پەرەسەندن و

بوونی کۆمەڵگەکەوە ئاسایی دەکەونەوە و پەیدا دەبن، بۆیە دەکرێ لە ڕێگای چاکسازییەوە نەک بە ڕێگای توندوتیژی و بەکارهێنانی هێزەوە، وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو کە لەگەڵ بنەماکانی ژێردا بگونجێ ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن. کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە، چونکە ئارامە، وردە وردە کێشەکانی بەرەو دوارۆژێکی باشتر بەلایەکدا دەخرێن.

**دووەم:** دەوڵەت هیچی تر ئەو ئامرازەی خەبات و چەوساندنەوەی چینایەتی نەماوە، بگرە ئۆرگانێکە پەرەسەندنی ژیان و کۆمەڵ هێناویەتە کایەوە. تا ژیان و پەرەسەندن و کۆمەڵگە بێێن ناکرێ مرۆڤ دەستبەرداری ئەم دەزگایە ببێ. دەبێ بەبێ بوونی ئەم دەزگایە چۆن بیر لە ئارامی و ئاسایش و نەزم و پەروەردە و داد و ئازادی و دیموکراتیەت بکرێتەوە؟!

چارەسەر کردنی یەکجارەکی کێشە و گرفتەکانی ژیان و ئەوانەی لە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەوە دەکەونەوە لە بنەڕەتدا نەک هەر لە کردن نایەت، بگرە لە ئاواتێکی خەون ئاسا بەولاوە نییە و دوور نییە وەک ئەنجام نەک هەر بێ ئومێدی بگرە کێشەی گەورەتر بەدوای خۆیدا بێنێ. ئەم ئاواتە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ڕاستەقینەکانی ژیان نایەتەوە.

٤- توێژینەوەکانی تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەتایبەتی ئەوەی دوای ساڵی ١٩٥٠ کە سەرلەنوێ گەڕایەوە و فرانکفۆرت بڵاوکراونەتەوە پشت ئەستوور بەڕەوشی واقیعی کۆمەڵگەکانی ئەورووپا چەند ڕاستییەکیان ساغ کردۆتەوە:

**یەکەم:** گرێدانی مارکسیزم کە لەخۆیدا تیۆرییەکی ئابووری کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ناوبراو بە لینینیزم نەک هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، بگرە لە دروشمێکی سیاسی بەولاوە نییە کە بۆ پاساودانی ڕەوشێکی دیاریکراو هەڵگیراوە. مارکسیزم لەگەڵ لینینیزم دوو شتی لە یەکتری جیاوازن. یەکەمیان لە باوەشی سەرمایەداری ئەورووپادا لەسەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵداوە و پێگەیشتووە. دووەمیان بریتییە لە لینینیزم- ستالینیزم بەناوی ئەو چینە پرۆلیتارەوە کە مارکس باسی کردووە و لە ڕووسیای ئەوسادا بوونی نەبووە، هەوڵی دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگەیەک دراوە کە گوایە جێگری سەرمایەدارییە و ناوی سۆسیالیزمی لێنراوە. ئەم سۆسیالیزمە لە نامۆبوونی ڕێژیمی پەرەسەندووی سەرمایەداری ئەورووپا بەولاوە نەبووە.

**دووەم:** چینی پرۆلیتار، دوای ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەی بەسەر ئەورووپادا هاتوون، ئەو چینە نەماوە کە مارکس باسی کردووە، بۆیە ئەو ڕۆڵەشی لەدەستداوە کە لەسەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێی سپێردرابوو. دەبێ لەسەردەمی شۆڕشی زانست و تەکنەلۆژی چاوەڕێی چی لە چینی پرۆلیتار بکرێت، ئایا ئەو ڕێژیمە سۆسیالیستەی بە هەوڵ و کۆششی ئەم چینە بێتە دی، دەبێ چی بێت و تا چەند لەگەڵ پەرەسەندن و گۆڕانە سەرتاپاگیرەکانی ئەم سەردەمەی ژیان و کۆمەڵگەدا بێتەوە؟!.

**سێیەم:** تاوەکو ئێستا مێژووی مرۆڤایەتی نەیتوانیوە ڕێژێمێک دابهێنێ کە وەک ئاڵتەرناتیڤ جێگای سەرمایەداری بگرێتەوە، بۆیە سەرمایەداری بەتاکە سوارە لە مەیداندا ماوە. لە ئاسۆی نزیکیشدا هیچ جۆرە گۆڕانێک بەدی ناکرێت جێگا بەم سەرمایەدارییە لەق بکات، نەک هەر جێگای بگرێتەوە.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- فولغين، ف: فلسفة الأنوار، ترجمة: هنريت عبودي، مراجعة جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر بيروت ٢٠٠٦، ص١٠ فما بعد.**

**2- Marcuse, Herbert., Vernunft und Revolution. Luchterhand. Darm stadt 1972. S.289 ff.**

**3- Marcuse, Herbert., Ebenda. S.287.**

**٤- جولديز، ألفن، الازمة القادمة لعلم الاجتماع الغربي، ترجمة: علي ليلة، المجلس الأعلى للثقافة القاهرة، ٢٠٠٤، ص٢٠٢- ٢٠٤.**

**5- Jay, Martin., Dialektische Phantasie. Die Geschichte der Frankfurter Schule. Fischer Taschen bach Verlag 1985. S.21 ff.**

**٦- ئەم بەرهەمە ساڵی ١٩٧٩ز کراوە بە عەرەبی و بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە:**

**- جورج لوكاش، التاريخ والوعي الطبقي. ت: الدكتور حنا الشاعر دارالأندلس للطباعة والنشر والتوزيع بيروت ١٩٧٩.**

٧- لوكاش، جورج، المصدر نفسه ص١٤ فما بعد و في اماكن مختلفة.
٨- بوبنر، روديجر، الفلسفة الألمانية الحديثة، ترجمة: فؤاد كامل. مراجعة الدكتور عبدالامير الأعسم. وزارة الثقافة و الاعلام بغداد ١٩٨٧، ص٢٣٧.
9- Jay, Matin, Ebenda. S.23 ff.
١٠- سليتر، فيل، مدرسة فرانكفورت نشأتها و مغزاها، وجهة نظر ماركسيه. ترجمة: خليل كلفت المجلس الاعلى للثقافة المصرية ٢٠٠٠، ص١٧ فما بعد. واپێدەچێ وەرگێڕ دەسکاری ناونیشانی ئەم بەرهەمەی کردبێ، چونکە بە ئینگلیزییەکە بەم جۆرە نووسراوە:
- Phil Slater; origin and Significance of Frankfurt School.
دەکرا بە عەرەبی بنووسرێ: نشوء (أصل) و مغزى مدرسة فرانكفورت.
١١- محمد، الدكتور محمد علي: تأريخ علم الأجتماع الرواد و الاتجاهات المعاصرة. دارالمعرفة الجامعية. الاسكندرية- مصر ١٩٨٦ ص٥٤٣ وفي أماكن أخرى.
12- Bolte, Gerhard,. Von Maex bis Horkheimer. Aspekte Kritischer Theorie im 19. und 20. Jahr hundert. WB. Darmstadt. 1995. S.XI. ff.
13- Gmunder, Ulrich., Kritische Theorie. Stuttgart 1985. S.26.
14- Gmunder, Ulrich., Ebenda. S.27.
15- Horkhrimer, Max., Philosophie und Kritische Theorie. In: Zeitschrift fur Sozial for Schung (Hrsg) von Institut fur Sozial forschung Jg. VI. Hefte. 3. S.625 ff.
- Bolte, Gerhard,. Ebenda. Vorwort. IX-X.
16- Marcuse, Herbert., Philosophie und Kritische Theorie. S.632 ff.
ئەم نووسینەی مارکوزە ساڵی ١٩٣٧ لە هەمان گۆڤاری «پەیمانگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت» کە لە پەراوێزی ژمارە (١٥) باس کراوە، بڵاوکراوەتەوە.
17- Marx, K., und Engels, F., Ausgewahlte Schriften in Zwei Banden. Bd.Dietz Verlag Berlin (ost) 1955. S.338.
١٨- سليتر، فيل، المصدر نفسه. ص٢١.
19- Horkhemer, Max., Philosophie und Kuitische Theorie. S.625.
ئەم نووسینە لەو گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە کە لە پەراوێزی ژمارە (١٥)دا ئاماژەی پێ کراوە.
- هەروەها سلیتر، فیل هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٩.
20- Horkheimer, Max., Die gegenwartige Lage der Sozial philosophie. In: Sozial philosophische Aufsatze und Vortrage: 1930- 1972. (Hrsg) Von W.Brede. A. Fischer Taschenbuch Verlag 1972. S.39- 40.
21- Gmunfer, Ulrich, Ebenda. S.34 ff.
22- Fetscher, Iring., Zur akruellen politischen Bedeutung der Frankfurter Schule. In: Die Fran kfurter Schule und die folgen (Hrsg) von: Honneth, Axel. und Wellmer, Albrecht. Berlin 1986. S.3 ff.
٢٣- زكريا، الدكتور خضر، نظريات سوسيولوجية. دار الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع. دمشق ١٩٩٨ ص٢٢٨ فما بعد.
٢٤- ماركوز، هربرت؛ العدوانية في المجتمع الصناعي المتقدم. ضمن كتاب: فلسفة النفي. ت: مجاهد عبدالمنعم مجاهد. دار الآداب بيروت ١٩٧١، ص٢٥٧ فما بعد.
- محمد، الدكتور محمد علي، تأريخ علم الاجتماع الرواد و الاتجاهات المعاصرة. الاسكندرية (مصر) ١٩٨٦، ص٥٦٣.
25- Die “kritische Theorie” der “frankfurter Schule”. In: Philosophischer Revisionismus., Qullen,... Dietz Verlag Berlin (ost) 1977. S.355.
- زكريا، دكتور فؤاد، هربرت ماركيوز، الاسكندرية، مصر ٢٠٠٥، ص٣٤ فما بعد.

# یادەوەری خاکێکە بۆ ناسنامەیەکی خۆیەتی

هەندرێن
(سوێد)

لە فەلسەفەی فەیلەسووفی ئینگلیزی دەیڤید هیوم (١٧١١- ١٧٧٦)دا، چڕکردنەوەیەک لە ئاکامگیری دووانەیی ئەزموونگەری ئامادەیی هەیە، هیومی فەیلەسووف و مێژووناسی سکۆتی هەر زوو خولیای فەلسەفە دەبێ. بەم جۆرە دوای سێ ساڵ خوێندن لە زانستگادا، ڕوو لە فەرەنسا دەکات و لەوێش دوای ماوەیەکی کورت ژیان بەسەر بردن لەگوندی Anjouدا جێنشین دەبێ. لەوێدا دەست بە نووسینی بەرهەمە سەرەکییەکەی A Treatise of Human nature تێزنامەیەک لەمەڕ سروشتی مرۆڤایەتی» دەکات، کە لە ساڵی ١٧٣٩-١٧٤٠ بەنهێنی لە لەندەن چاپ کرا. لە ساڵی ١٧٤٢دا «کۆوتارێکی مۆراڵی و سیاسی» چاپ کرد. لە ساڵی ١٧٣٧ ڕوو لە لەندەن دەکات و دوای دوو ساڵ ژیان بەسەربردن لەوێ دەگەڕێتەوە زێدەکەی، سکۆتلاند. لە ساڵی ١٧٤٥دا دەخوازێ وەک پرۆفیسۆرێک کار بکات، بەڵام ئەو کارەی بە نسیب نابێت، لەبری ئەوە دەبێتە مامۆستای تایبەتی. بەم جۆرە هیوم دوای چەندان جار گۆزە گۆز لەنێوان سکۆتلاند، فەرەنسا و ئینگلستان و کاری جیاواز وەک مامۆستا، کارکردن لەکتێبخانە و...تاد، چەندان کتێبی نایابی وەک «لێکۆڵینەوەیەک لە تێگەیشتنی مرۆڤ»، «لێکۆڵینەوەیەک لە پرەنسیپی مۆراڵ» و «گفتوگۆگەلێک لەمەڕ ئایینی سروشتی»یش دەنووسێت.

لێرەوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکمان لەو دیدە دووانەییە ئەزموونگەرییەی، کە لە بەراییدا ئاماژەمان پێکرد، کۆی فەلسەفەی هیوم هەبێ، پێویستە ئاوڕێک لەهزرە بنەڕەتییەکانی ئەو بدەینەوە. شایەنی باسە، هیوم هەر تەنیا یەکێک لەو هزرڤانە کلاسیکییە پێشڕەوانە نییە،

بەڵکو کاتێک مرۆ ئاوڕ بۆ دواوە دەداتەوە تێدەگات کە ئەو لە کاتی خۆیدا هەوڵێکی بەهادار و سەرنجکێشی تەرخان کرد بۆ ئەوەی بتوانین لە پرۆسەی هزری سەردەمەکانی دوای ئەوەوە تێ بگەین. هەر بۆیە ئەمڕۆ فەلسەفەی هیوم لەجیهانی فەلسەفەدا ئامادەیی هەیە.

لێ لێرەدا ئەرکی ئەم نووسینە، خوێندنەوە و لێکدانەوەی کۆی کتێب، هزرەکانی هیوم نییە، بەڵکو جۆرە ڕاڤەیەکە لە بیرۆکەی «ناسنامەی کەسایەتی»، کە تایبەتمەندییەکە لە فەلسەفەی ئەودا. ئەو چەشنە هزراندنەی هیوم لەمەڕ پرسی ناسنامەی کەسایەتی، هەرچەندە لە ڕۆژگارێکی زۆر لەمێژینەیە، بەڵام ڕەنگە ئەمڕۆ ئاخاوتن لەمەڕ ئەو بابەتە لە ڕۆژگاری هیوم زیاتر، ڕەواجی هەبێت.

لێرەوە دەکرێ ئاماژە بەو پرسیارەی ناسنامەی کەسایەتییە لە فەلسەفەی ژیل دۆلۆزدا بکەین، کە بەجۆرێک لەجۆرەکان، چەشنە ڕەنگدانەوەیەکە لە هزری هیوم، یان بەلای کەمەوە، پێناسەی ناسنامەی کەسایەتی لای دۆلۆز نزیکایەتییەکی بەرچاوی لەگەڵ دیدی هیومدا هەیە.

لەو ڕوانگەیەوە دەستپێکی ئەم نووسینە بە نمایشکردنی وێنەیەک لە جیهانی هزری هیوم دەست پێ دەکات و دواجاریش بە ڕاڤەیەک سەبارەت بە هزری ئەو لەمەڕ ناسنامە (ئایدێنتیتێت)ی کەسایەتی مرۆڤ، ئاکامگیرییەک لەهزری ئەو بەرجەستە دەکەینەوە.

## واتا ئەزموونگەرییەکان

هیوم لە کتێبە سەرەکییەکەی، «Treatise of Human natur» (تێزنامەیەک لەمەڕ سروشتی مرۆڤایەتی)دا ڕاڤەیەکی دەروونی لەخۆنواندنەکانی مرۆڤ پێشکەش دەکات. ئەو بە ڕێگای ئەو تەرزە ڕاڤەیەوە دەیویست بمانگەڕێنێتەوە بۆ فامکردن، یان دەرککردنە هەستەکییە جیاوازەکانی مرۆڤ. لە دیدی هیومەوە، ئێمە هەست بە گەرمی و ساردی، حەز و بێ حەزی و...تاد دەکەین، ئێمە بە ڕێگای لێکدانەوەوە ئەو جۆرە ئەزموونانە فام دەکەین.

بەم جۆرە کاتێک ئێمە شتێک دەبینین، تێگەیشتنێک لە ڕەنگ، شێوە و قورسایی وەردەگرین. ئەو هەستکردنانەش لە یادەوەری ئێمەدا دەژین و دواجاریش ئەوانە بەشێوەی جیاواز لەخەیاڵماندا ئاوێتەیان دەکەین و دەیانخەملێنین. بەم جۆرە ڕوانین و بیرۆکەکانمان لەدایک دەبن. ئەو بیرۆکانە بەجۆرێک لە جۆرەکان بۆچوونگەلێکی نەخەملیون کە لەو تێگەیشتنە سەرەتاییانەوە هەڵقوڵاون. لێرەوە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی بیرۆکەکانی ئێمە لەئەزموونە ناوەکی و دەرەکییەکانەوە لە دایک دەبن. سەبارەت بەو بیرۆکانەی ئێمە، هیوم دەبێژێ:

«سنوورێکی تر بۆ بینینی ئێمە هەیە، کە گرنگە سەیری بکەین، ئەو بینینەش فامکردن و بیرۆکەکانی ئێمە دەتەننەوە. ئەو سنوورە لە نێو سادەیی و ئاڵۆزیدا هەیە.» (١)

هیوم بەو شێوازە سەرچاوەی زانینی مرۆڤایەتی شرۆڤە دەکات. لەکن هیوم زانین بریتییە لە دوو چەشن: پێوەندی نێوان بیرۆکەکان و پێوەندی نێوان بەڵگەکان. ئێمە لە مەڕ زانینێکی ماتماتیکی کتومت، یان سەغڵەمدا تەنیا دەتوانین کار لەگەڵ پێوەندی نێوان نواندنەکاندا بکەین. گریمانە ماتماتیکییەکان لەبنەڕەتدا ڕاستن، بۆیە دەتوانین بە ڕەهایی خۆیان بسەلمێنن. لەو دیدەوە، بە واتای هیوم، ئەوە لۆژیکێکی لە ئاوەز بەدەر نییە، کە هەتاو لە سپێدەدا هەڵنێ، هەرچەندە ئێمە پێمان وایە ئەوە شتێکی شیاو نییە، بۆیە هەرگیز بە گرنگییەوە بیر لەوە ناکەینەوە.

بەلای هیومەوە ئاکامی کاردانەوەکان، وەک ئاکامگیری پێش مەرجی ڕاستییە سەلمێنراوەکان، پێوەندی بەهۆکانەوە نییە، بەڵکو هۆ و هۆکرد دوو شتی جیاوازن. ئەگەر ئێمە هەست بەدوو شت، بە دوو دیاردە لەسروشتدا بکەین، ناتوانین دوور لە ئەزموونەکان لەوە تێ بگەین، کە دەبێ ئەو شتە سروشتییە بێت کە ئەو هۆ و هۆکرد و کاردانەوە بەرچاوانەی سازاندبێت. بەم جۆرە بڕواکردنی ئێمە بە هۆکردەکان مەزندە کردنێکە ناکرێ بسەلمێنرێت، چونکە ئێمە بەوە ڕاهاتووین کە دیاردەیەک هەمیشە لە دیاردەیەکی ترەوە لەدایک بووە، بۆیە ئێمە بێ هیچ مەرجێک لەچاوەڕوانی ئەوەدا دەمێنینەوە.

بەم جۆرە هیوم بەهەمان شێوە چەمکی جەوهەر (سوبستانس) شرۆڤە دەکات. مرۆڤ بەڕێگای ئەزموونی خۆیەوە هەستگەلێکی باش و کارا دەدۆزینەوە. جەوهەریش وشەیەکە ناتوانێ بۆ تێگەیشتنە پێشکەشکراوەکان بگەڕێتەوە، دواجاریش ئەو تێگەیشتنانە پێویستیان بە واتایەکی دیاریکراو هەیە.

ڕەخنەی هیـوم لە چەمکی جـەوهەر پێـوەندی بە ڕەخنەی ئەو لە چەمکی هۆ و ئاکـامـەکـانی هۆکـردەوە هەیە. لە ڕوانگەی هیـومەوە، ئەوە ئەرکی ئاوەز نییە کە بڕوا بەوە بێنێ کە کاتێک تۆپێکی بلیارد بە تۆپێکی تری بلیارد دەکەوێ، دەبێ دەست بەبزوان بکات. دەکرێ ئێمە وا تێ بگەین کـە ئەو تۆپە دەوەسـتێ. جـووڵەی یەکـێـک لە تۆپەکـان ڕووداوێکە هیچ پێـوەندییـەکی بە جـووڵانەوەی تۆپەکەی دیکەوە نییـە. بۆیە دەبێ ئێـمە بەم جۆرە ئەوە قەبووڵ بکەین کە شـتێک لەخـۆیەوە بێ هیچ هۆکـردێک بوونی بەرجەسـتـە دەبێـتـەوە، یـان بوونی کـۆتایی دێت. لێـرەوە هیچ پێـوەندییـەکی سـەپێنراو لەنێـوان ئەو جـۆرە دیاردەیەی کـە ئێـمـە بە هۆکـرد و ئەوەی کـە بە کـاردانەوە ناودێری دەکەین نییە. ئێمە بەوردی سەرنجی ئەوە دەدەین کە دیاردەکـان بەگوێرەی کات بەدوای یەکەوە دێن، بەڵام ئێمە پێوەندییە پێویستییەکانی نێوان ئەو دیاردانەمان بۆ گرنگ نییـە، چونکە ئێـمە وا ڕاهاتووین کە شتـەکان لە هاوئاهەنگیـیـەکی دیاریکراودا بەدوای یەکـەوە خـۆیان نیشان دەدەن.

کەواتە بەبڕوای هیوم هەموو زانستەکان لەسەر بنەمای ڕوابوونەوە سازێنراون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە هیـوم بە گومانەوە سەیری ئاوەز دەکات:

«هەر یەکێک لەو نرخاندنانەی ئێمە بەندە بەو شیانەی دەتوانین فـۆرمـۆلەیان بـکەین، هەروەک سـەبارەت بە فۆرمۆلەکردنی زانینیش، دەبێ وا شرۆڤەی بکەین، تاکو بتـوانین یەکـەم نرخـاندنەکـانمان چاک بکەینەوە کـە بە ڕێگای نرخـانـدنێکی ترەوە، لە سـروشـتی ئۆبژەوە جـیـاکـراوەتەوە، واتا لەسـروشـتی تێگەیشـتنەوە جیاکراوەتەوە.» (٢)

بەم جـۆرە بەلای هیـومـەوە، هیچ جـۆرە جـەوهەرێکی ڕوحی، یان ئایینی لەگـۆڕێدا نیـیـە. ئێـمـە لەم دیوی وێناندنە دیاریکراو، هەست و ویستەکانەوە واقیعێکی بارگـاویکراومـان هەیە، کە ئێـمـە بە «من»، یان «ڕوح» ناودێری دەکـەین. لە ڕوانگەی هیـومەوە، کـاتێک ئێـمـە لەناوەوەی خـۆمـانەوە دەڕوانین خـۆمـان لەناو شـەپۆلێکی نەبڕاوە لە دۆخێکی ڕوحیدا دەبینینەوە، لێ ئێمە هەرگیز لەمدیوی ئەو شەپۆلەوە جەوهەرێک بەدی ناکەین.

هاوکـاتیش، ڕەخنەی هیـوم لە kausalitet: پێـوەندی نێوان هۆ و هۆکرد، پێوەندییەک نییە لە دەرەوەی خودی ئێـمـەدا لەئارادا بێت، بەڵکو ئەو پێـوەندییـە لەناوەوەی ئێـمەدایە، ئەو شـێـوە بیـرکـردنەوەی کـە ئێـمە وەک جـۆرە خدووگرتنێـک وەرمان گرتووە تاکو خۆمـان لە دیاردەکـانی واقیع نزیک بکەینەوە.

هیوم لە «تێزنامەیەک لەمەڕ سروشتی مرۆڤایەتی»دا بەم جۆرە بیرۆکەی هۆ و هۆکردمان بۆ دەهزرێنێ:

«بیرۆکەکان دەربارەی هۆ و هۆکرد بەهۆی تێڕامانەوە لە درک کـردن، تێگەیشتن، هاوکـاتیش لە هەسـتـەکـاندا جـودابوونەتەوە، بەڵام بۆ ئاسـانکردنەوە، من تـەنیـا بەگشـتی ئەوەی دوایی وەک بنەمـایەک بۆ ئەم بیـرۆکـانە ناودێر دەکـەم، وێڕای ئەمـەش خـوازیارم کـە ئەوەی سەبارەت بە هەستەکان دەیڵێم هۆ و هۆکردیش بەخۆیەوە بگرێت.» (٣)

هیـوم هەوڵ دەدات بە ڕێگای ئەو پرەنسـیـپـەوە ئاکامگیرییەکانی خۆیان بۆ نمایش بکات. بەم جۆرە هیوم ئەو چەمکگەلە بنەڕەتییانە دەجەڕبێنێ کە خودی فەلسەفە دەست و پەنجەی لەگەڵیاندا نەرم دەکاتەوە.

## هیوم و منێکی خاوەن کەسایەتی

هیـوم هەمـان شـرۆڤـەکـردنی بۆ ناسنامـەی من و کردەوەکانی هەیە. ئەو منە لە ئاڵوگۆڕکردنی یەکێتییەکی هاوتادا کەسێکی سادەیە، شیکردنەوەیەکی بەرهەمهێنەرە کـە بە ڕێگای پێـوەندییـەکـەوە دەکرێ بە ئۆبژە. بەواتای هیوم، یەکێتی هاوکاتی فرە ڕەهەندەکانیش قانوونبەند دەکرێن. (٤)

هاوکـاتیش ئەو منە بەدەم ئاڵوگـۆڕی یەکـێـتی هاوتاکەیەوە، بە هەمـان شـێـوە بیـرۆکـەی جـەوهەر شی دەکاتەوە.

ئەو منە وەک بنەمایەکی شیکردنەوە تەنیا خزمەتی ئەو لێکچوونە دەکـات، کە لەنێـوان ئاڵوگـۆڕکـردنەکـاندا لە ئارادایە. ئەوەش هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو ئەو هەست پێ کـردنانە، کـە لێـرەدا وەک پرسـیـار سـەر هەڵدەدەن، بەشـێـوەیەکی نەبینراو، ئەو ئاڵوگـۆڕانەی کـە ئێـمـە بێ پچـڕان دەیانبـینین، لە یەکـتـری جـیـادەبنەوە. هاوکـات ئاڵوگۆڕی یەک بەدوای یەکی هۆکارەکانیش دەبینین. ئەو پێوەندییە وەک ئەو لێکچوونە هەمان کاردانەوەی هەیە. هزرەکـان لەهێـڵـێکەوە بۆ هێـڵـێکی تر بە ئاسـانی جێگۆڕکێ دەکەن. بەم جۆرە ئێـمە لەنێـوان ئەو هێڵانەدا ناسنامەیەک دەسـتـەبەر دەکـەین. ئێـمـە بە هەمـان شێوە ئەوکـاتەی کـە بەبێ پچـڕان لێکچـوونێک، ئۆبژەیەکی

بەرچاو دەبینین، جارێکی تر هەست بەو جێگۆڕکێیە هزرییە دەکەینەوە. ئەڵبەتە وێڕای ئەمەش ئێمە کە بگرە لەواقیعیشدا بیرمان لە پرسی هەستکردنە جیاوازەکان لەمەڕ بە ئۆبژە جووداکان کردووەتەوە. مەودای نێوان بەشە جیاوازەکان بە خۆنواندنی ڕوح، منی خۆماندا لێک گرێ دەدرێنەوە. ئەو منەی خۆمان لەکاتە جیاوازەکاندا لەناوەوەماندا دەستنیشان کراوە و لەگەڵ خۆیدا یەکایەتییەکی لێکچوویان هەیە، کە وامان لێ دەکات ئێمە خۆمان وەک بنەمای ڕوونکردنەوەیەک بەرانبەر ناسنامەی هێڵە جیاوازەکان نیشان بدەین. «بەڵام دەبێ ئێمە لەوە وردببینەوە، کە لەو دۆخانەدا ئۆبژەکەی یەکەم بە شێوەیەک لەشێوەکان بەر لەوەی بوونی ئۆبژەکەی تر بەرجەستە بێتەوە لەناوی بردووە؛ ئەمەش واتا، ئێمە هەرگیز بە بیرۆکەیەک لەمەڕ جیاوازی و فرە ڕەهەندی لەخاڵێکی کاتدا ئامادە نابین، بەهۆی ئەمەوە ئێمە کەمتر وردبینین بەوەی کە ئەمە بەهەمان شێوە ناودێر بکەین» (٥)

کەواتە، بەلای هیومەوە، ئێمە هەڵگری هیچ ئەزموونێکی لێکچوو و ئاسانی ڕاستەوخۆ نین، کە بتوانێ هەڵگری شتە تاقیکردنەوە جیاوازەکانمان بێت. کاتێک ناوەرۆکی ئاگایی من لە شوێنێکدا ئامادەیی نەبێت، کەواتە منەکەی خۆشم بوونی نییە.

هیوم لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەمەڕ ناسنامەی کەسایەتی دیسانەوە چەمکی جەوهەر (سوبستانس) شرۆڤە دەکاتەوە، تاکو لەبواری جەستەدا نموونەیەکی هاوشێوەی ناسنامەی کەسایەتی نیشان بدات. هاوکاتیش هیوم جیاوازی نێوان جێگۆڕکێیەکان دیاری دەکات، هۆ بۆ شتەکان دەدۆزێتەوە. کەواتە «بەڵام دەبێ بە قووڵی بەناو ئەو بابەتەدا بچینە خوارێ، ئەوە مشتومالّ بکەین، چونکە ناسنامە، کە هەتاو بەگوڵ و ئاژەڵ دەبەخشێت، لەنێوان ئەوەیان و ناسنامەیەک لای خودێک، یان کەسێکدا هاوجۆری (ئەنالۆگی) یەکی گەورەیە.» (٦)

لای هیوم ناسنامەی کەسایەتی لە ڕوحی مرۆڤدا هاوشێوەی ناسنامەی کەسایەتی ئاژەڵ و گەشەی جەستەکانە. بۆیە ناسنامەی کەسایەتی وەک چەمکی جەوهەر دەبێ هەمان ڕەچەڵەکی هەبێت. ناسنامەی کەسایەتی بیرۆکەکان وەردەگرێ، کە ئەمەش بۆ سەلماندنی ئەو بەڵگەیە کافی نییە، چونکە لەنێوان ئەو هەستکردنە جیاوازانەدا پێوەندییەکی واقیعی بەرجەستە ناکاتەوە.

ئێمە هەرچەند بەوردی ناسنامەی نێوان ئەو هەستکردنە جیاوازانەی کە سەر بە ئاڵۆزی ڕوح بێنینە بەرچاوی خۆمان، کەچی ئەوە بەر لەکاراکتێرەکان ناگرێ کە بین بە هەستکردنە جیاوازەکان. هاوکات بە هەمان شێوە دەکرێ هزرەکانیش لە یەکتر جیاببنەوە.

بەهۆی ڕاهاتنمان پێوەندی نێوان خودی خۆمان و هۆکرد بۆ تێهزرین لە رامان دەکرێنەوە. بەمەش ناسنامەی کەسایەتی بەرەو ڕەچەڵەکەکەی خۆی و هۆ و هۆکردەوە (kausalitet) دەگەڕێتەوە. کەواتە، بەواتای هیوم، ئەو تەرزە کەوسالیتێتە، هۆ و هۆکردەش ئەوەیە کە: «... ئێمە دەتوانین وا سەیر بکەین، کە بیرۆکەیەکی ڕاستینە ئەوەیە وەک سستمێکی جیاواز لە توانای بینین، یان بوونگەلێکی جیاواز، لە تێگەیشتنی مرۆڤایەتی بڕوانێ، کە ئەو بوونگەلە جیاوازانەش یەکتر دەسڕنەوە، کار لە یەکتر وەردەگرن و یەکتر دەگۆڕن.» (٧) ئێمە وەک فرە هەستکردنێکی جیاواز، وەک هۆکرد و کاردانەوەیەک لە ڕوحی مرۆڤ دەڕوانین، کە هاوبەشانە، یەکتر دەئافرێنن، کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن و یەکتر دەگۆڕن. لێرەوە ڕوح بەو هەموو پێوەندییانەی لەگەڵ بەشەکانی جەستەدا لە وزەیەکی کارا دەچێ.

کەواتە: «هەروەک یادەوەری لەخودی خۆیدا لەگەڵ گشت ئەو قەوارە ڕێکخراوەی توانای بینین ئاشنامان دەکات، بەر لە هەموو شتێک بیر لەوە بکرێتەوە کە سەرچاوەی ئەو ناسنامە کەسایەتییەیە. ئەگەر ئێمە یادەوەریمان نەبووایە، ئەو کات هیچ بیرۆکەیەکیشمان لەمەڕ هۆیەکان، یان زنجیرەی هۆ و کاردانەوەش نەدەبوو، شێوەی خودی خۆمان، یان کەسایەتی ئێمە پێک دەهێنن.» (٨)

کەواتە هیوم پێمان دەڵێ، ئەوە یادەوەرییە کە وامان لێ دەکات شەپۆلی هەمیشە هەستکردنەکان بناسین، دواجاریش هەر ئەو هەستکردنانەشن بە ناسنامەی کەسایەتی، ناسنامەی من ناودێر دەکرێن. کەواتە یادەوەری ئێمە خاکێکە بۆ فراژانی ئەو منەی خۆمان، ناسنامەی کەسایەتیمان.

### دوا سەرنج

لە چڕکردنەوەیەکدا دەکرێ بڵێین، فەلسەفەی هیوم بەردەوامییەکە لە نەریتی فەلسەفەی ئینگلیزی کە ئەمڕۆ ئەو فەلسەفەیە بە فەلسەفەی لۆگیکی ئەزموونی،

ئێمپریسم ناودێر دەکرێت. ئەو نەریتە لە هزرکردنەوە، کە زیاتر تایبەتمەندی فەلسەفەی ئینگلیزییە، بە ئاکامگیرییەکەی، بووەتە چوارچێوەیەک و فەلسەفاندنی سندم کردووە. هەرچەند هیوم بەڕێگەی فەلسەفەکەی خۆیەوە هەوڵی دا ڕەهەندێکی تر بەڕووی بنەمای ئاستەنگی مێتافیزیکدا بکاتەوە، لێ هیوم دواجار توانی بۆ ئەو مرۆڤە نوێیاوە میتودێک دابهێنێ کە بتوانێ سروشت داگیر بکات. لەئاکامی ئەمەشەوە سروشت بۆ ئەو مرۆڤە بوو بە بابەتێک، تاقیکردنەوەیەک؛ واتا جوانی کێوییانەی سروشت لەناو ببات. ئەو کارەش مرۆڤی لە ڕەچەڵەکی گەوهەرەکەی خۆی نامۆ کرد. بەم جۆرە مرۆڤ و سروشتیش لە یەکتر جیا بوونەوە. هیوم سروشتی وەک جیهانێکی زیندوو لە ئۆرگانگەلە جیاوازەکان، کە مرۆڤ بەشێکیەتی، نەدەبینی. لای هیوم درەخت، یان بەرد و...تاد بەهۆی ڕامانی مرۆڤەوە ئاشکرا دەبن، پێوەندی ناسنامەی درەختێک، یان بەردێک لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا کەمایەسی هەیە. کەواتە خودی شتەکانی سروشت بە دەم پرۆسەیەکەوە کە بەدەر لە ویستی مرۆڤ لە ئارادان، کردەیەک ئەنجام دەدەن.

شت تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەو تایبەتمەندییەی شتیش بە هۆی پێوەندی شتێکی ترەوە ساز بووە. بەو شێوەیە سروشت وەک سستمێکی هاوئاهەنگ خۆی نمایش دەکات، بۆ نموونە بۆنی گوڵەباغێک لەگەڵ بۆنی مێخەک جیاوازە. بەم جۆرە سروشت پێوەندییە ناوەکییەکانی خۆی لەنێوان شتە جیاوازەکاندا دەسازێنێ. ئەم وێنەیە لە سروشت جیاوازە لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەی کە هیوم هەیبوو، لەکن هیوم ئەوە ڕەنگی گوڵە کە سەرنجی ئێمە بۆ جەوهەرەکەی خۆی دەکێشێ نەک بۆنەکەی. بەو شێوەیە هیوم دەچێتە ناو ڕەهەندە فرەکانی ناسنامەی گوڵ، بەرد و...تاد.

لەکۆتاییدا ماوەتەوە بێژین، کە دەبێ ئێمە لەڕوانگەی ناسنامەی خودی شتەکانەوە سەیری شتەکان بکەین نەک لە ڕوانگەی خۆمانەوە. بەم جۆرە ئێمە لەپێناو تێگەیشتنێکی بێ لایەندا دەتوانین گفتوگۆیەکی دۆستانە لەگەڵ ڕەهەندگەلی سروشتدا بکەین.

**٢٠٠٨/٦ ستۆکهۆلم**


**ژێدەرەکان:**

1- 2000: David Hume, A treatise of human nature; edited by David Fate Norton, Mary J. Norton; editor's introduction by David Fate Norton, Oxford Oxford University Press, 2000, bok 1, p. 7.

٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: 1.4.1.

٣- هەمان سەرچاوە، bok 1 sect 2.

٤- هەمان سەرچاوە، ل:263.

٥- هەمان سەرچاوە، sect 6، ل:168.

٦- هەمان سەرچاوە، sect 6، ل:165.

٧- هەمان سەرچاوە، sect 6، ل:170.

٨- هەمان سەرچاوە، sect 6، part 4.

**سەرچاوەی تری ئەم نووسینە:**

1- Svante Nordin, Filosofins historia, studentlitteratur, Lund.

# پیتەر سلۆتەردایک
# لە پێناوی فەلسەفەیەک بۆ یاری

لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی
(ئەڵمانیا)

(١)

لەوەتەی مرۆڤگەل لە کۆمەڵگای مۆدێرندا دەژین، بەمانایەکی زۆر ورد بەوەیان زانیوە کە ئەوان چیتر لەژێر بانیژەی کڵێسەکاندا پێکەوە ناژین، چونکە باندی کۆمەڵایەتی کە هەموو دەستوپێوەندەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەردەمی نوێ لەنێو یەکدا پێکەوە کۆ دەکاتەوە، پتر لە رێی توخمە ئابووری و کولتوورییەکانەوە خۆی گرێچن دەکات، نەک لە رێی توخمە ئایینی و ئایینزاکانەوە. بەلای کۆمەڵگا بازاڕییەکانیشەوە ئەم گرفتە وەها خۆی دەخاتە پێش چاو وەک چۆن ئەندامە بێشومارەکانی خۆی کە لە نێوان یەکتریدا زۆر بەزەحمەت پێکەوە گرێدراون و بە یارییەکی تەواو هاوبەشەوە دەگلێن. ئەگەر لە رۆژگاری ئەمرۆشدا بەشێکی زۆرینەی مرۆڤ وەکو کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ دەربکەوێت، واتە وەک فەزایەکی گشتی دانوستاندن بکەن، یان وەک خەڵکانێک شت وەربگرن، ئەوە بۆ یەکەمیان کۆبوونەوەیەکی بێگانەکان، یان نیمچە بێگانەکان دەمێنێتەوە، کە خۆیان بەیارمەتی قەرزی بەرانبەرەکەیان بۆ نیاز و ویستێکی باش بەرانبەر بە نەناسراوەیی بنەچەکەیان خۆیان بێ ئاگا دەکەن، کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵی لەو جۆرەش دەبێت سەرەتا پەیوەستداری و ئینتمای خۆی بسەلمێنێت- بەجۆرێکی تر بابڵێین وەکو کۆمەڵگای باوەڕ، یان کۆمەڵگای کولت- دەربکەوێت.

بۆ کەرەستەکانی سەلماندنی ئەم پەیوەستدارییە جیهانییە حسێبی کردەی سەلمێنراوی سیڤیلی دەکرێت، ئەم کردەیەش جۆرێک سرووتی هاونیشتمانییانە بەرپا دەکات، کە تێیدا کۆمەڵگا جارێکی تر خۆی وەکو



**پیتەر سلۆتەردایک**

پێکەوەبوویەک دادەمەزرێنێتەوە. کەواتە ئەگەر هەر کۆبوونەوەیەک بریتی بێت لە دامەزراندن، ئەوە لەم نێوەندەدا مەسەلەکە لە پێناوی ڕێسایەکانی یارییەکانی کۆمەڵگادا دەبێت لە باڵاترین جۆریدا: واتە گردبوونەوە، یارییە کۆمەڵگاییە دامەزرێنەرەکان، بەو جۆرەی کە هەن، دەکاتە تێمای خۆی.

ئەو مانایەشی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی لە ڕووی فیزیکییەوە دەیگەیەنێت ئەوەیە کە ئێمە لە نێوان دوو جەمسەردا دەژین: یەکێکیان بریتییە لەو هێڵی جیاکردنەوەیەی ماوەی نێوان کابینەکانی هەڵبژاردن دەکێشێت، کە تێیاندا ئازادی وەکو مافێک بۆ خۆ جیاکردنەوە مانیفێست دەبێت، ئەوەی تریشیان گشتێتی ساڵە و هۆڵی بۆنەکانە، کە تێیاندا ئازادی کۆبوونەوە جۆرێک لە گەرمکردنەوەی جەستەییانەی هاونیشتمانی دروست دەکات. با بڵێین کەشێکی ئاسمانیانەی (ئەتیری Aether )ی دیموکراتییانە کە ئەگەر شتەکان باش بەڕێوە بچن، ئەوە تێیدا ئەو هاوبەشییە خۆی بەرفراوان دەکات و لەبەر ئەوەی بۆنەی وەک هەڵبژاردنەکان زۆر دەگمەن ڕوو دەدەن، بەرەنجامی ئەمەش ئەوە دەبێت کە گردبوونەوە لە کۆمەڵگادا بۆ خودی کۆمەڵگا خۆی بریتییە لە دۆخی نا ئاسایی Ausnahmezustand. کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بەو جۆرەی هەن خۆیان لەناو ڕێسادا نابیننەوە، بەڵکو ئەوان لە ڕێسا لادەدەن تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوانیش بۆنەیەکی زۆر تایبەتیان بینیوەتەوە کە لە پێشدەمی خودی خۆیاندا دەربکەون. شتی وەهاشمان ئەو ساتە لەبەر دەستدا دەبێت ئەگەر ئەندامە بەسوودە تایبەتمەندەکانی کۆمەڵگای مرۆیی ئاهەنگ بەیادی بۆنەکانەوە بگێڕن. ئەگەر ڕۆژێکیش تیۆرییەکی بۆنە یادکردنەوە دابهێنرێت ئەوە دەبێت ئەوە پیشان بدات کە چۆن ئەو شتە خڕانەی لە نهێنی ژمارە سفرەوە ژمارەی ساڵەکانیان نووسیوەتەوە، دەتوانن لەوەدا سوود بە ئێمە بگەیەنن، کە ڕێسای یارییەکان، بەها بنەماییەکانی کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی بە جەخت لێکردنەوەیەکی سرووتئاراییەوە یەکڕاست «لە پێش تیپە کۆبۆوەکەدا» بکاتە شتێکی ڕابردوو. جەوهەری بۆنەیادکردنەوەش ئەوەیە وا بکات دەرفەتی خوددیداری لەناو بۆنەکەدا بۆ بەشداربووانی ئاهەنگەکە واڵا بکاتەوە.

لە باری نا ئاساییانەی جەژنەکاندا تای تەرازووی «پێکەوە خوازی» لە تای تەرازووی «جیاخوازی» سەنگینتر دەبێت و لە ساتەوەختە ناباوەکاندا، لەوانەدا کە دەشێت قسەکردن لەبارەی مەدەنیەتێکی بەواقیعی لە ئارادابووەوە بێت، ئەوەی شیاوی بیرلێکردنەوە نییە ئەوەش بەشێوەیەکی پێکەوەیی شیاو دەردەکەوێت و

دەچنە سەرووی ئەوەشەوە کە مرۆڤ بە بیرکردنەوەی دەیبەخشێت، کاتێک ئەوان دێنە جیهانەوە و سەنگ و کێشی هەقیقەت دابەش دەکەن. من دەپرسم ئایا باندی کۆمەڵایەتی بۆ چەند ساتێکیش بێت دەشێت بە بیر لێ کردنەوەوە گرێ بدرێتەوە، کە لەناو گشتێتی دوورترین دۆخی کۆمەڵایەتییە هەرە بزر و هەرە تەنیاکەماندایە. دەمەوێت ئەوە بناسێنم داخۆ دەکرێت لەم سەردەمەماندا بەتێرامان کردن لەناو کایەیەکی گشتیدا دەست لە سترەکتورە بنەڕەتییەکانی دازاین بدەین. ئەم دۆخە نائاساییە ڕاماناوییە دەکرێت خۆی لەوەدا دەربخات کە کۆمەڵگا، وەکو کۆبوونەوەیەک، جارێکی تر خۆی دادەمەزرێنێتەوە تاوەکو دۆخی هەنووکەییانەی یارییەکەی لەگەڵ خۆی و جیهاندا باشتر تێ بگات.

(٢)

لەم ڕامانەی سەرەوەدا من چ شتێکی ئەوتۆم لەسەر تێمای ئەم گوتارە نەگوتووە، بەڵکو شتێکم لەسەر جۆری ئەو ئاواز و دەنگە درکاندووە کە دەبێت لەناو ئەم گوتارەدا بژەنرێت. لێرەشدا من کەشی ئەم ڕامانە بۆنە ئامێزییە بۆ ئەوە بەکاردەهێنم کە چەند بیرۆکەیەک لەسەر یاری و یارییەکان بخەمە ڕوو، بەو پێیەی دەشێت ئەمە بکەوێتە ناو بواری شارەزایی و لێهاتوویی -Kompe tenz فەیلەسووفانەوە کە ئەم وشەیە بۆ شتێکی لەو جۆرە وەربگرین. ئاماژەدان بە گرفتێکی شیاوی شارەزاییش لە بۆشاییەوە وەرنەگیراوە، چونکە کەرتێکی گەورەی مێژووی ڕوحی خۆرئاوا لەڕێی پێوەندییەکی توندی لەیەکتر دوورکەوتنەوەی نێوان ڕوحی فەلسەفە و جیهانی یاریدا نیشانە دەکرێت. ئەمەش پێویستی بە وەرچەرخانی گەورە هەبووە لەناو ماڵی بیرکردنەوەدا، بەرلەوەی گوتاری فەلسەفی بتوانێت لەلایەن شتێکی ئاوا نافەلسەفییەوە ڕووناکی دنیا ببینێت. لە ڕەفتار و هابیتۆسی میتافیزیکی کۆندا وابووە کە ئەو دەیویست «یاری دەرکەوتن» بچەقێنێتە ناو هەقیقەتێکی قووڵ و جێگیرەوە و دواتریش لەسەر ئەو دۆخە بەرزە ئارامییەیدا دەبێت ڕوحی مرۆیی هەڵبچنرێت، بەڕادەیەک شتە هەڵهاتووەکە، شتە کاتییەکە، شتە بزێوەکەی جیهانی دەرکەوتەیی و فینۆمینال نەتوانرێت ببینرێت، یان بگرە بیانەوێت چاوپۆشی لێ بکەن.

ئا لەوێدا تاکلایەنییەکی جوانی ڕۆحی فەلسەفی پاڵکەوتووە، کاتێکیش ئەو بۆ ڕووکەشە بزۆکییەکەی جیهان خۆی کوێر دەنوێنێت بۆ ئەوەیە تاوەکو هێزی بینینەکەی بۆ دیتنی بیرۆکەو ئیدیییەکان گل بداتەوە، بۆ چمکەکان، بۆ سترەکتورەکان، بۆ ئەوانەی جیهانە تێگەیەنراوەکان ئاوەدان دەکەنەوە. شتی «ئەودیو»یش کە شیاوی تێگەیشتنە بەردەوامبوونی پەتی تەنیا لەناو خودی خۆیدا دەناسێت، شێوازی هەبوونی ئەو بریتی نییە لە هی یارییە زەوقلییەکان، بەڵکو بریتییە لە هی بەردەوامییەکی جەوهەری. لەناو ئەودا چ سەمایەک نییە، چ هەڵبەز و دابەزێک نییە، چ گۆڕانێکی کتوپڕی نییە، بەڵکو تەنیا ئارامی دوایەمین بنەما هەیە. تیشکێکی ئەبەدیش، کە وەک مەعریفەیەکی ڕاستەقینە توانا فریشتەییەکانی مرۆڤ لە ژیاندا چالاک دەکات، بەسەرووی ئەو عەقڵەوە داگیرساوە، کە نیگای خۆی گرتووەتە هەر شتێکی «ئەوبەر» کە شیاوی تێگەیشتن بێت. ئەو دەرپەڕینە وەرچەرخێنەرەش میتافیزیکی کلاسیک دەیبەخشێت بەسەردەمی خۆی بریتییە لە هەستێکی هەرە بڵندی ئەم هەواڵە لۆژیکییانەی سەرکەوتن: واتە ئەو پەیامی شادمانی سەرکەوتنی «جەوهەر» بەسەر «ڕێکەوت»دا و «هۆکار» بەسەر «دەرەنجام»دا و «شتە بنەڕەتییەکە» بەسەر «شتە دەرهاویشتەکە»دا ڕادەگەیەنێت. ئایینی فەیلەسووف لە بنەڕەتدا باوەڕی بە هیچ نییە جگە لە «ڕزگاربوون لە ڕێکەوت» نەبێت. چالاکی و کاری میتافیزیکییانە و بنەڕەتییانەی مرۆڤ قەناعەت لەسەر ئەوە هەڵدەچنێت کە شتەکانی جیهانی دەرکەوتەیی هەستپێکراو و تەواو هێندە بەس نین تاوەکو خزمەت بە ئاگایی فەلسەفییانە بگەیەنن. لەبەر ئەوەیە ڕزگاربوون لە ئەزموونی پەتی لەناو ڕزگاربوون لە ڕێکەوتەکاندا دەچەسپێت.

(٣)

ئەمڕۆ لەهەر کوێیەک فەلسەفەیەکی یاری ڕابگەیەنرێت، لەوێدا ئەو لە ڕێی خۆیەوە «eo ipso» وەها خۆی پیشان دەدات کە ئیتر بناغەکانی میتافیزیکی کلاسیکی خۆرئاوا تێپەڕێنراوە. گۆڕانێکی لەو چەشنەش بە بێ وەرچەرخاندن لە هەڵسەنگاندنی ئەو بەهایانەی کە دژیاری و ناکۆکی شتە هەندگیر و ناهەندگیرەکان

دەچەسپێن ناشێت بێتە ئاراوە. بەوەش کە ئێمە خۆمان لەنێوەندی شۆڕشێکی لەو چەشنەی هەڵسەنگاندنی نرخەکاندا دەبینینەوە، واتە ئەمدیواو دیو گۆڕینی تێکەڵوپێکەڵانەی نێوان ئەو شتانەی هەند گیرن و ئەوانەش هێندە هەندگیر نین، دەبێتە ئەو تێزەیەی کە من دەخوازم لێرە بەدواوە کەمێک ڕۆشنی بکەمەوە. تێزەیەک کە حەز دەکات نزیکمان بخاتەوە لەو تێگەیشتنەی بۆچی تەنیا فەلسەفەیەکی یاری دەشێت وەکو تیۆرییەک بۆ فەلسەفەی هاوچەرخ شیاو بێت.

ئەو میتامۆرفۆسە گەورانەی لەبیری مۆدێرنەوە بەسەر دیسیپلینە کۆنینەکانی حیکمەتی خۆشویستندا «واتە فەلسەفە/ ب. ع.» سەپێنراون، زۆر بە دروستی بۆ گوزارەیەکی زۆر ئاشکرا گۆڕدراون کە بریتییە لە وێنەی: وەرچەرخانی کۆپەرنیکۆسی، ئەمەش ئەگەر کەمتر بێت لە بەراوردکردن بە هەڵگەڕاندنەوەیەکی وێنەی جیهان بەس نییە بۆ ئەوەی قووڵی ئەو شۆڕشە هاوچەرخ بکرێت، کە لە ڕەوتی ئەم دوو سەدەیەی دواییدا بووەتە مایەی پێدانەوەی ئیعتبارێکی فەلسەفی بە بیرۆکەی ڕێکەوت.

میتافیزیکی کۆن ئاشقی بیرۆکەی هەمیشەیی Das Ewige و بیرۆکەی زەرورەت Das Notwendige بوو، کە لە ڕێی بیرۆکەی واقیعەوە Das Wirkliche هەر وەکو تێپەڕینی تیشکێکی پوخت بەناو میدیۆمێکی تەڵخدا گوزەر بکات وەها دەرکەوتبوو، کەچی بەپێچەوانەی ئەمەوە بیری مۆدێرن تەواو خۆی داوە بەدەست بیرۆکەی خولیابوون بۆ واقیع کە ئیستاش ئەمە دەگوێزرێتەوە بۆ سەر پاشخانێکی دەرفەتە بێ کۆتاکانی «هەروەها- توانینی- ئەویتربوون».

ئەو داخوازییە نوێیەی کە داوامان لێ دەکات ڕوح لە دامێنی پێی واقیعدا تێگەیەنراو بێت، جگە لە پاڵهێزە پسایکۆلۆژییەکانی، هەروەها هۆکاری تیۆریشی هەیە، چونکە سوبیەکتی زانین، بەلای مرۆڤێکەوە کە هەست بەخۆی دەکات، لەسەردەمی نوێدا پتر وا خۆی دەبینێتەوە کە وەکو ئۆبیەکتی زانین لەپێش خودی خۆیدا دەردەکەوێت. مۆدێرنیتە و خۆپابەندی، لە ڕووی مرۆییەوە بێت، یان لەڕووی سستەمەوە، بریتین لە دووڕوویی هەمان مەسەلە. لەوکاتەوە فەلسەفە دەبێت هەموو گوزارەکانی لەسەر بوون و بوونەوەر بشکێنێتەوە سەر گوزارەی مرۆڤ. ئەمەش دەستپێکی ئاماژەدانە بە وەرچەرخانێکی پڕ ئەنجام، کە ناشێت چاوپۆشی لێ بکرێت، بەرەو ئەم سوبیەکتەی کە خۆی بە کارەکانی ئیمانوێل کانتەوە گرێ دەداتەوە. بە چەمکی فەلسەفەی ترانسێندێنتال و بە هەڵکشانێکی نەبەزی un-widerstehlichen Aufstieg دیسیپلینێکی نوێی فەلسەفی، کە پێی دەوترێت ئەنترۆپۆلۆژی. ئەم وەرچەرخانە ئەنجامە ئاشکراکانی لەناو ماڵدارێتی ڕوحیانەی جیهانی مۆدێرندا پیشان دەدات. کە پێداویستی میتافیزیکیانە لەو کاتەوە هەڵفڕینی سافیلکانەی بۆ ناو جیهانە باڵاکان بەتوندی سەخت کردووە. هەڵهاتنی ئەم ئاڵایە بۆ ناو ڕەهاگەرێتی چیتر بە ئاسانی سەرناگرێت، لەبەرئەوەی مرۆڤی مۆدێرن چیتر ناتوانێت یەکڕاست مەشقی ئۆنتۆلۆژی بکات وەکو لەکاتی ئەکادیمییە پلاتۆنییەکەدا و لە لایەن ئایینزا ئاسمانییەکانەوە دەکرا، بەڵکو ئەوەی لە باشترین حاڵەتدا دەتوانێت پێشکەشی بکات تەنیا بریتییە لە زانست لەلایەن ئەو ئاژەڵە ئۆنتۆلۆژییەوە، کە بریتییە لە خودی خۆی. ئەوەشی کە هێشتا مرۆڤ لە سەردەمی دوای ئیدیالیزمەوە حەز دەکات بیر لەسەر خودا و جیهان بکاتەوە، ئەوە لەوە پتریان پێ ناکرێت کە چاویلکەی ئەنترۆپۆلۆژی بکەنە چاویان، ئەمەش بە بەردەوامی ئەوەیان بیردەخاتەوە کە هەموو ئەو شتانەی خۆیان لەپێش نیگایەکی ڕوحیانەوە واڵا دەکەنەوە، سەرەتا بەناو پریسمای «بڵاوکراوە»ی مرۆڤدا تێپەڕیون، لە ئەنجامیشدا ناتوانێت چ بوونەوەرێک پتر وەک «شت لە خۆیدا»یەکی پەتی مانیفێست بکات.

بەم گوێرەیە مرۆڤ، تەنانەت ئەوانەش وەکو فەیلەسووفان دەفەلسەفێن، لەناو کردەوەو چالاکییەکانیاندا بەخودی خۆیان مەحکومن.

ئەو دەبێت خۆی وەکو خودان و هەڵگرێکی ڕێکەوتی دیدگا نارەهاکان بۆ لە ئەستۆ هەڵبگیرێت، ئەو دەبێت خۆی وەکو هەڵکەوتەیەکی ناپوختی شتێک بناسێنێت کە چیر بە ئەقڵێکی پوخت ناو نابرێت. هەروەها ڕۆڵی ئەو ڕوحەی ڕێکەوتیشی یاری کردووە کە جیهانی ئەفراندووە، ئەو ڕوحەی زووتر ناوە جوانەکەی ئەفراندنی هەڵگرتبوو، ماوەیەکی درێژ بەرلەوەی ئەمە میتافیزیکیانە وەڵام بداتەوە، هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی لەم یارییە بەدەی گۆڕانبوون لابدات. لەو کاتەوەش ڕوح

بووه به شتێکی مرۆیی و مێژوویی، بگره ئەوپەڕی مرۆیی و ئەوپەڕی مێژوویی، له تێوەگلانیشی به گۆڕانبوونەکانەوە ئەم تێبینییەی وەرگرتووە کە دیسانەوە کەوتووەتەوە ناوەڕاستی یارییەکە: جارێک وەک ئەوەی کە هەمیشە یاری پێکراوە، جارێک وەک ئەوەی کە خۆی یارییەکە دەباتە ناو دەستی خۆیەوە.

(٤)

مرۆڤ، کە بەیارییەکانی ڕێکەوت ئەفرێنراوە، پێویستە لە ئێستا بەدواوە وەکو ئەفرێنەرێک یاری نوێ بهێنێتەوە ناو چەقی ئاگایی فەلسەفییەوە.

لەگەڵ وەرچەرخانە ئەنترۆپۆلۆژییەکاندا هەموو ئەو بەربەندانە درز دەبەن کە دەبوو «ڕێکەوت» یان لە پشتەوەی «جەوهەر»ەوە کۆ بکردایەتەوە و گل بدایەتەوە، ئیدی سوبیەکتی مرۆییانەی مۆدێرنەش وەها خۆی دەبینێتەوە کە نقوم بووە بە فرەییەکی نوێی شارەزایی و تایبەتکاری بۆ شتە ڕێکەوتەکان، فاکتەکان و مێژووییەکان و لۆکاڵییەکان و یەکجارییەکان. لە نێوانی ئەم شارەزایی و تایبەتکارییەوە «کۆمپیتێنس- kompetenz» کە بە یەکجار بەشێوەیەکی گەورە زەق دەبێتەوە و هێڵێکی بەژێردا دەکێشرێت، شتێک وەکو نائارامکەرەوەیەکی قووڵ و بەرپەرچدەرەوەیەکی بەتوانا دەردەپەڕێت و بەرزدەبێتەوە کە بریتییە لە: تایبەتکاری و شارەزاکارییەکی پەهلەوانیانە، واتە ئەفراندنی کاری هونەری. کاری هونەری لە پێشدەمی هۆشیاری مرۆڤی هاوچەرخدا وەکو دوا ڕێکەوتەی بەڕاستی دروستکراو لە ئارادا هەیە. لەناو کاری هونەریدا «نا- زەرووڕەت» نەک هەر شتێکی ڕاستییە، بەڵکو لە هەندێک شێوەشدا بووە بە شتێکی «زەروور». ئەوەش هەر لە یەکەمین ئەفراندنەوە لەلایەن یەزدانەوە فەرامۆش کراوەو لەیادکراوە، ئێستا لەلایەن کاری هونەرییەوە هێزی دەسەڵاتی کاری مرۆیی هێنراوەتەوە و لە ڕێی چالاکییە ئەفرێنەرەکانیشەوە مانەوە و بەردەوامی بوونەوەران خۆیان فرە دەکەن. مرۆڤیش وەکو دانەری کارە هونەرییەکان و یاری جۆرەبەرزەکان، خۆی لەگەڵ شتە نازەرووەرەکانیشدا بەشێوەیەکی نموونەیی ئاشت کردووەتەوە. لەناو هونەردا «شتی ڕێکەوتەیی» وەکو زەرووڕەتێکی ڕزگارکەری لێهاتووە. ئەو سوبیەکتەی کە هونەر ئەفراندوویەتی هەمان شتی بەسەردا دێت کە خودی یەزدان خۆی ئەفراندوویەتی، واتە ئەوەی بەشێوەیەکی نەخوازراوانە دەبێت دروست بکرێت، بەهۆی پڕاوپڕی جیهانە شیاوەکانەوە هیچ شتێکی تری وەکو ئەمەی بەرەو هەقیقەت بەرز نەکردووەتەوە کە لە تەماشاکردنێکی نزیکەوە جیهانەکەمان هێشتا سەرنجێکی ئیرتیجالی و بەسەریەکدا تێکەڵاو چێ دەکات. هەڵبەت ئەوەش لەناو کایەی تیۆلۆژیدا هێشتا باشترین وتووێژی هەیە. پسوولەی ئەمەش هێندەی خودی چیرۆکی ئەفراندنی جیهان کۆنە: واتە، ئەوەی شتێک بخاتە دنیاوە دەبێت ئەوەش ببینێت چۆن ئەو ڕەخنە لەخۆگرتنێک بڵاودەکاتەوە کە بە متمانەوە ئەوەی مسۆگەر کردووە کە ئەو شتە باش بووە.

وەرچەرخانی مۆدێرنە بەرەو سوبیەکت ناچاری وەرچەرخاندن بەرەو مرۆڤ وەکو ئەفرێنەری هونەر دەکات: واتە، هونەرمەند وەکو مانا پێدەری شتە بێ ماناکان بریتییە لە ڕزگارکەری ڕێکەوتەکان.

(٥)

داخۆ یارییەکان جگە لە ئامۆژا بچووکەکانی هونەرەکان دەبێت چیتر بن؟ بێ گومان دەبێت ئەوانیش لە وەرچەرخانە هاوچەرخەکانی بیرکردنەوە بەرەو مرۆڤ سوود وەربگرن. لە پەسندکردنی هونەرەوە بەرەو پەسندکردنی یاری تەنیا یەک هەنگاو هەیە، ئەوەش دەبێت ئەنترۆپۆلۆژی بەرپای بکات، چونکە ئەنترۆپۆلۆژی لێرەدا خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە.

دوای ئەوەش ئەنترۆپۆلۆژی مرۆڤی وەکو ئەفرێنەرێک بردە ناو گفتوگۆوە، ئەوە لەو کاتیشەوە نەیتوانیوە لەوە بێ دەنگ بێت کە مرۆڤ هەروەها یاریکەرێکیشە. ئایا مرۆڤ homo artifex، یان مرۆڤی یاریکەر homo ludens بێت، ئەمەش مرۆڤ بەپێی ڕێکەوتەکان بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ ڕیز بکات، ئەوە دەبێت شتەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ بگۆڕێت وەک ئەوەی هەر لە زووەوە «یاری» باشترین دۆستی مرۆڤ بوو بێت، لەمەشدا «یاری» هەروەکو «سروشت» هەمان چارەنووسی تیۆری دۆزیوەتەوە، ئەمەش لەناو ئەنترۆپۆلۆژی ڕۆمانتیکدا لەلایەن کۆنترین دوژمنی مرۆڤەوە بووە بە هاوکارێکی دڵسۆزی، بەڵکو بووە بە باشترین خودی خۆی، کە بەپێی

ئەم تێگەیەش بێت، ئەوە دەشێت سروشت پێوەندی بە ئێمەوە پتر بێت وەک لە ئێمە بە خودی خۆمانەوە. لە هاوشێوەی ئەمەشدا، ئەو هێزە بەسەر یاریدا سەپێنراوە کە دەبێت سوودی ئەوەمان بۆ فراوانتر بکات باز بدەین بەسەر هەموو ئەو شتانەی بۆ مەبەستی خۆ و بەرژەوەندی خۆ دەیکەین.

ئەوەش دەکەوێتە سەر هێڵی ئەو شێوازی بیرکردنەوە رۆمانتیکیانەی یاری، کاتێک یۆهان هویتسینگا لە کتێبە کلاسییەکەیدا دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی کە: هەموو کولتووری مرۆیی بریتییە لە دیارییەک کە لەلایەن «یاری»یەوە پێی بەخشراوە. بەلای ئەوەوە «یاری» مانای ئیشکردنێکی سەرسوڕهێنەرانەی سروشت دەگەیەنێت. لە یاریدا شتی سروشتی بەشێوەیەکی خۆڕسکییانە بەسەرخۆیدا دەچێتە دەرەوە بە ئاراستەی ڕوح و بە پاڵهێزی خۆنواندن. «یاری» بریتییە لە ئۆرگانێکی شانۆئامێزییانەی سروشت. مرۆڤیش تەنیا بەوە خۆی پێناس دەکات کە بریتییە لە بەڕێوەبەری ئەو وزەی یارییەی لە بیۆلۆگیاوە سەر دەردەکات، لەمەشدا هەمیشە فاکتۆرێکی زیادە لە کاردایە و سروشتیش لەبەر تیشکی شیکردنەوەی رۆمانتیکیانەی یاریدا وەکو کەیبانوویەکی ماڵ بەڕێوەبەر دەرناکەوێت کە حسێبی قووڵ بکات، بەڵکو وەکو دیڤایەک Diva «گۆرانیبێژ، یان ئەکتەر» کە بەلایەوە بەس، بەس نییە.

بیرۆکەی هویتسینگا سەبارەت بەوەی کە پرینسیپی یاری بەناو مرۆڤدا گوزەر دەکات لە پێناوی ئەوەی کولتووری پێ ببەخشێت هەروەک بەرتەکێکی مەدەنییانەی هۆڵەندی وایە بۆ ڕێبازە دیۆنیزیکەی نیتشە.

«یاری» لە شێوەی خودایەک لە خوارەوە بەناو کایەی مرۆڤدا گوزەر دەکات تاوەکو بە قاقایەک، بە خولانەوە و سەمایەک، بە پارادۆکسێک مرۆڤ هەڵبڕێت بۆ سەرەوە. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە تیۆرە گەورەکانی یاری لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ناتوانن لەوە پتر هیچ شتێکی تر بکەن کە خۆیان بگەیەننە نزیکی پرینسیپەکان، کە ئەمەش لەسەردەمی میتافیزیکدا پێی دەوترا «خودایی». ئەمەش هێشتاکە کاریگەری خۆی هەیە، چونکە لەو جێگەیەی ئەنترۆپۆلۆژی جێبەجێ دەکرێت تیۆلۆگیش ناتوانێت خۆی تێدا دوور ڕابگرێت. هەڵبەت لەو جێگەیەشدا بەشێوەیەکی ڕێک و بەردەوام ئەو شڵەژان و تەنگژەیە سەر دەردەکات کە مرۆڤی خۆرئاوایی تا ئێستاش هەروەکو ئەوسا لە بنەڕەتی هەموو شتەکاندا دەتوانێت تەنیا جدییەتی خودایی هزر بکات، کە پێی وایە جیهان دەبێت بنەمایەکی جیدی هەبێت، ئەگەر خەڵکانی جیدی بەدوای سەرەتاکەیدا بگەڕێن. ئەفرێنەرێکی دنیا کە هەموو شتێک دەزانێت دەشێت تەواو ئەمە بگرێتەوە، بەڵام ئەرێ ئێمە چۆن باوەڕ بە یەکەمین یاریکەر بهێنین؟

(٦)

ئەگەر مرۆڤ نەبووایە، لەوانە بوو ئەنترۆپۆلۆژی زانستێکی جیدی بووایە، بەڵام ئەوە ناتوانێت خۆی بچەسپێنێت، چونکە ئەو بە بابەتەکەی خۆیەوە دێت و دەچێت و هاموشۆ دەکات. واتە مرۆڤ وەک ئاوارەیەکی ئۆنتۆلۆژی تاوەکو ئەوپەڕی ئاستی قووڵایی جەوهەرییانە ناڕوونییەکی بەرچاو چواردەوری تەنیوە. پێ دەچێت ئەمەش لەهەر پێناسێکی تر زیاتر جێی متمانە بێت، بەڵام هەموو ناڕوونییەکان لە تیۆری مرۆڤدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو نەشیاوییەی ئاخۆ مرۆڤ «لە بنەڕەتدا» بوونەوەرێکی هەژارە، یان دەوڵەمەند. ئەمە ئەگەر بەپێی پێوەرە ئۆبیەکتیڤییەکان بڕیار بدرێت ئەوە هەردوو ئەو دۆخەش هەر لەوەتەی مێژووی شارستانییەت هەیە، لە ئاست و پلەی جۆراوجۆردا لە ئارادا هەبوون. ئەو تێزە باوەش ماوەی هەزاران ساڵە لە بارەی ئەوەوە دەدوێت وەک ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کەموکورت و نوقسان بێت، یان وەک ئەوەی گوناهبارێک بێت و بەسەر خۆیدا چەمابێتەوە، یان وەک ئەوەی قامیشێکی بیرکەرەوە بێت، یان وەک ئەوەی بەرهەمی کەلێنەکەی گەشەکردن بێت، یان وەک ئەوەی فەرامۆشکراوێکی paria غەریزە فەرامۆش کراوی گەردوون بێت، یان وەک ئەوەی کۆیلەی غەریزەی خودپارێزخوازی بێت، یان وەک ئەوەی هونەرمەندێکی بەخیلی بەزیندووییمانەوە بێت، یان وەک ئەوەی پاشەکەوتکەرێکی مۆن بێت.

ئەو ئەنتی تێزەیەش بەرانبەر بەمە لە هەموو لایەکدا خۆی مت کردووە، نوێنەرایەتی تیۆرییەکی تری مرۆڤ دەکات، کە پێی وایە مرۆڤ دەشێت جارێک وەک بوونەوەرێکی لوکسخواز بێت، جارێک وەک

ده‌مه‌قـاچانی بوون بێت، جـارێکی دی وه‌ک گـۆڕه‌پانی جه‌ژن و بۆنه‌کانی به‌هۆشیاربوونی گه‌ردوونییانه، جارێک وه‌ک خـودایه‌کی کـۆتادار، یان وه‌ک شـاعـیـری جیـهـانی خۆی، یان وه‌ک خولقێنه‌رێکی ڕووخۆش و جارێکی دیکه وه‌ک مه‌سره‌فکه‌رێکی کۆڵنه‌ده‌ر بێت.

له‌هه‌ردوو ئـه‌م تێگه‌یه‌شـدا، کـه‌ به‌ ئاسـانی ناگـه‌ڕێنه‌وه لای یه‌کـتـری، ئه‌تیـک و مـیـزاجـێکی جیـاواز ڕه‌نگ ده‌ده‌نه‌وه، بگره له‌مـــه‌ش پتـــر، لۆژیکی جـیـــاواز، ڕاسیۆنالیـتێتی جیاواز، جۆری جیاوازی هاوتاکردنه‌وه‌ی دازاین خـۆیان ئاوێنه ده‌که‌نه‌وه. به‌پێی سروشـتیش بێت پێـــویســـتـــه کـــه‌لێنێکی وه‌ها قـــووڵی بنه‌مـــا ئه‌نترۆپۆلۆژییـه‌کان، له‌ناو تێگه‌کانی یاریدا وێکچوونی خۆیان ببیننه‌وه. له کوێ مرۆڤ وه‌کو هه‌ژارێک بیری لێ بـکرێتـــه‌وه، له‌وێدا ئه‌و به‌و بوونه‌وه‌ره داده‌نرێت کـــه سـه‌رباری ئه‌وه‌ی یـاری ده‌کـات، بوونه‌وه‌رێکه ئه‌رکی له کۆڵ ده‌کرێته‌وه و به شـتێکی تر جێگه‌ی ده‌گیـرێته‌وه، به ئاسـووده ده‌کـرێت و سـه‌ری سـووک ده‌کـرێت. لێـره‌دا گـرێمانه‌ی کـه‌مـوکـورتی، یان کـێـمـاسی له‌ڕێی چوار دژوارییه‌وه ڕاڤه ده‌کرێت: له ڕێی له دایکبوونه‌وه، له‌ڕێی کـارکـردنه‌وه، له ڕێی جـه‌نگه‌وه‌و له ڕێی مـه‌رگـه‌وه. له‌به‌رانبـــه‌ر «یاری»دا ئه‌و جـــێگه تایبـــه‌تمه‌ندانه‌ی «جیدییه‌ت» هه‌ن که تێیاندا سه‌ختی و توندی جیـهان خۆیان ده‌خزێننه ناو یه‌کترییه‌وه.

له هه‌ر یه‌کێک له‌و جارانه‌شدا یاری ته‌نیا بریتییه له خـسـتنه‌بریـیـه‌ک له جـیـاتی خـۆ حـه‌شـاردان، هه‌روه‌ها یـارییـــه‌کی نێـــوه‌ندییـــانه‌ی ئاســـانی نێـــوان ئه‌رکـــه گرانه‌کانیشـه. مرۆڤی گه‌مه‌که‌ر مرۆیه‌کی هه‌ژاره، له‌به‌ر ئه‌وه‌ش ئه‌و گـه‌مـه ده‌کـات، چونکه ئه‌و پێـویسـتی به‌وه هه‌یه. به‌رانبـه‌ر به‌مـه‌ش له کـوێ مـرۆڤی ده‌وڵه‌مـه‌ند ڕابگه‌یه‌نرێت، له‌وێدا ئه‌و به مـرۆڤـێک داده‌نرێت کـه له بناغـه‌وه‌ڕا یـاری ده‌کـات. ئه‌وانه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه ده‌کـات، چونکه ئه‌و له خۆیدا شتی چاکه‌ی گه‌لێک هه‌ن، چونکه ئه‌و له زیاد هه‌ڵچـوونیـشـیـدا هێـشـتـا هه‌ر لای خـۆی ده‌مـێنێـتـه‌وه، هه‌روه‌ها چونکه مـرۆڤ له‌خـۆبه‌دیهـێناندا پێـویسـتی به خـۆبه‌فـیـرۆدانه. دیاره ڕه‌هاکـردنی گـه‌مـه سه‌ربه‌گرێمانه‌ی ده‌وڵه‌مه‌ندییه‌که‌یه. واته ئه‌گه‌ر مرۆڤگه‌ل بوونه‌وه‌ری ده‌وڵه‌مه‌ند بن، ئه‌وسا ئه‌وان به‌م پێیه ڕاڤه‌ی گـه‌مـــه له ڕێی دژه‌کـــه‌یه‌وه ناکـــه‌ن. له گـــه‌مـــه‌ی ڕه‌هادا گـه‌وره‌یی جـیـــدییـــه‌تی ژیان به‌رانبـــه‌ر به ڕووی گـــه‌مـــه ناوه‌ستـێـته‌وه، به‌ڵکو هاوشـان و ئیـمانێـتی ئه‌ون. ئه‌وان هانی یاری ده‌ده‌ن، هه‌ر ئه‌وانیشن قه‌باره و به‌های دنیا و مرۆڤایه‌تیشی پێ ده‌به‌خشن.

ئیگۆن فریدل جارێکیـان گـوتی: «کولتـوور بریتـییه له ده‌وڵه‌مه‌ندبوون له گرفته‌کاندا.» له هاوشێوه‌ی ئه‌وه‌شدا ئه‌نترۆپۆلۆژیای فره‌هه‌بوونی ده‌بێت بڵێت: گه‌مه بریتـییه له ده‌وڵه‌مه‌ندبوون له‌به‌رگرییه‌کاندا.

ئه‌گـه‌ر ژیانێکی ده‌وڵه‌مـه‌ندی باوه‌ڕی به‌خـودی خـۆی هه‌بێت ئه‌وه به گـێـچه‌ڵه‌کـانی خـۆیشی شـادمـان ده‌بێت. لێره‌وه‌یه ئاییـنی له ئه‌ستـۆ هه‌ڵگرتن له به‌ربادیدا سه‌ر به دنیای مۆدێرنه‌یه.

(٧)

بـۆ ڕوونـکـردنه‌وه‌ی ئـه‌وه‌ی لـه‌ســـــه‌ره‌وه گـــــوتـرا، بـه ده‌سـتنیـشـانکردنێکی تێـڕامـانی سـه‌رده‌م کـۆتایی پێ ده‌هێنم.

مـرۆی هاوچه‌رخ خـۆی له‌سـه‌ر باڵه‌کـانی کـۆمـه‌ڵگای پیـــشـــه‌ســـازی، له مـــاوه‌ی چه‌ند ســـه‌د ســـاڵێکی ئه‌زمـوونکردندا به سـه‌رکـێشی و پڕ کـێشـیـیـه‌کـانی مـۆدێرنیـزه‌کـردن، گـرد کـردووه‌ته‌وه. ئه‌و له‌سـه‌ر ئه‌م مـاوه کـاتیـیه‌دا بێ هیچ گـوێ پێدانێک، سـه‌رباری پێکادانی پشـتـــه‌وه و ته‌نگژه و قـــه‌یرانه‌کـــانیـــشـی، هێـــشـــتـــا به‌رده‌وامییه‌کی دینامیکی ژیانی ته‌کنیکییانه و سه‌رمایه دروسـتکردن و ژیان خـێـراکردنی ده‌سـتـه‌به‌ر کـردووه. له تێکڕای ئه‌م هه‌موو مۆدێرنیزه‌کردنانه‌شدا مۆبیله‌کردنێکی هه‌ره‌س ئاسایانه‌ی پرۆسێسی جیـهان ده‌ره‌نجام ده‌کرێت. ئه‌وه‌ش به‌شـێـوه‌یه‌کی سـوبیـه‌کـتـیـڤی وه‌ک زۆربوونی ده‌وڵه‌مه‌ندێتی و زۆربوونی ئاسانکارییه‌کان ده‌ناسرێت که تا پێش مـاوه‌یه‌کی کـورتیش هزری شـتی وه‌ها نه‌ده‌کـرا، به‌ڵام وه‌نه‌بێ هه‌ڵاوسـانی ریسـک و مـه‌ترسـیـیـه‌کـان له‌م پرۆسـێـسـه‌دا به‌ده‌ر بووبێت. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، کـه ئێـمـه هێـشـتـا له دۆخی لاوازیدا ده‌ژین، سـه‌رده‌مـه‌کـه‌مـان نه‌یـتـوانیـوه به‌شـێـوه‌یه‌کی توند و هه‌ست پێکراو چاو به هه‌سته بنه‌ڕه‌تییه‌کانی خۆیدا بخشێنێته‌وه. نموونه‌کانی بیرکـردنه‌وه یان هه‌ستکردن له ئه‌نترۆپۆلۆژیای کێـماسدا ئێـسـتـاش هه‌روه‌کـو ئه‌وسا ئامـاده‌ن. به‌لایه‌کـدا ئه‌وه‌ی له‌وسا زۆرتری ده‌به‌خشی، که‌چی له‌لایه‌کی تره‌وه سه‌دانی

تر دێن کە زیاتر لە هی جاران داوا دەکەن.

تەنانەت هەندێک جاریش وەها دەردەکەوێت وەک ئەوەی مرۆڤی ئەرک سووککەر و مرۆڤی سوودبەخش بن کە لە هەموان هەژارتر و ماندووترن، چونکە ئەوان لە پێناوی ماناکانی خۆیاندا لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سەختییەکاندا براونەتە ئەوێ. هەر لەسەرەتای فەلسەفەی وجودییەتیشەوە ئەمە بووە بە شوێن و بە تۆپۆسی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنە، کیرکیگارد دەڵێت: ئەوەی بیەوێت لە ناوەندی پێشکەوتن و ئاسانکاریدا ببێتە خۆشنوودسازی مرۆڤ ئەوە دەبێت سەختی و گێچەڵ بخولقێنێت.

ئەم بیرۆکەیە لە بنەوەڕا سەدەی ١٩ی تەنی و تا لای نیتشە گەورە و سامناک دەبێت. ئەوە پەلاماری دواهەمین مرۆڤەکان، وەرزێرەکانی پێشکەوتن دەدات، بەڵام لای هایدێگەر دەگوێزرێتەوە بۆ بوێری و ئازایەتی، ئنجا گوتارەکە دەبێتە گوتاری «زەروورەتی نازەروورەت».

بەراورد بەمەش لەناو گوتاری ئەمڕۆی هەستان لە دژی جیهانی دووەمدا دووبارە دەبێتەوە. ئیلیش ilich لە ئاستی ئابوورییەوە لە بارەی بە مۆدێرنەکردنێکی ڕووتی هەژارییەوە دواوە. ئەوەش دۆخی شتەکانی ئەمڕۆ قووڵ دەستنیشان بکات، ناچار دەبێت بکەوێتە نووسینەوەی نیشانەکانی دنیا بە مۆدێرنیزەکراوەکەی کێماسی. کۆمەڵگە دەوڵەمەندەکانیش وەها دەردەکەون وەک ئەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای هەژاری کۆن زیاتر لەوێدا سەرکەوتووتر بووبێت وەک لەهەر جێیەکی تر.

لەم پارادۆکسەشدا شتێک خۆی مانیفێست دەکات کە من دەخوازم ناوی بنێم ترسی بەرفراوانبوون لە دەوڵەمەندی. ئەمەش شتێکی کەمتر ناسەلمێنێت لە ترسی مۆدێرنە لە پرینسیپە تایبەتمەندییەکانی خۆی لە چرکەساتی سەرکەوتندا. دیارە مارکس بەشێوەیەکی بنبڕچیەتی سەردەمەکەمان تێگەیشتبوو کاتێک ئەو شۆڕشی جیهانیانەی خواستی دەوڵەمەندی بۆ هەموو لایەک ڕاگەیاند. ئەوە جیهانی خۆرئاوا بوو کە بەشێوەیەکی ڕادیکالانە ئەم دروشم و پڕوپاگەندەیەی بۆ خۆی نووسییەوە، نەک خۆرهەڵات کە نوقمی ناچیزێتی و دۆخی نەویبوونێکی بەردەوام بووە. هەڵبەت لەناو وەڕسی و هەراسانی هەنووکەییانەی ژیانی دەوڵەمەندیدا ترسێکی قووڵی مرۆڤی خۆرئاواییانەی هاوچەرخ لە تێڕامانی لە دۆخی مێژووی شارستانییەتە بێ وێنەکەی خۆیدا خۆی مانیفێست دەکات: کە بریتییە لە پەشۆکان و حەپەسانبوون لە پێش ئەو سەرکەوتنە لە ڕادەبەدەرەی بەدەستی هێناوە. وەک دەریش دەکەوێت بەرپاربوون و ورووژاندنی دەوڵەمەندی لە هەڵکشان و هەڵزنانێکی زۆرتردایە بەسەر فراوانبوونی هێزەکانی سوبیەکتی مۆدێرنەدا. تەواو بەو شێوەیەی کە ئەوان دەیانەوێت دەوڵەمەندییان هەبێت، کەچی خۆیان لێی گێل دەکەن و نکوڵی لێ دەکەن، ئەوان نایانەوێت دەستبەرداری دەوڵەمەندی بن، لە هەمان کاتیشدا ناخوازن بەتەواویش لە دەستیاندا بێت.

ئەوان دەخوازن وا بەدەوڵەمەندییەوە ئازار بچێژن هەروەک ئەوەی بە نەخۆشییەکی ئاسوودەهێنەوە ئازار بچێژن. واتە هیچ کەس نایەوێت خۆی بەدەوڵەمەندییەکەی خۆی تاوانبار بکات. لە ڕاستیشدا لای سوبیەکتە هەستیارەکانیش جۆرە شەرمێکی مۆرالیانە هەیە کە ئەو گواستنەوە شیاوە مێژووییە لە کێماسییەوە بۆ تەواوپڕی وەک دیاریکردنێکی بەراییانەی ژیانی مرۆڤ بە کراوەیی بەرپا دەکات، بەڵام ئایا ئەمە نەدەبوو وەک ناپاکییەک لە بەڵگە گرانبەهاکانی تیۆری هەژاری دەربکەوتایە؟ ئایا ئەوە مانای ئەوە نییە کە لەوە بەدواوە هاریکاری لەگەڵ بارە سەختەکان و گرانەکاندا ببڕێت؟ لەوەش بەدەر، ئایا گرەوی کراوە لەسەر ژیانی دەوڵەمەندی نابێت بە خود گومڕابوونێک کۆتایی بێت؟ دیارە هێشتاکەش مۆرالی تەواوپڕی لەلایەن سۆزە دەستبەسەراگیراوەکانی هەژارییەوە لە کۆمەڵگە دەوڵەمەندەکاندا وەک نامۆرال دەبینرێتەوە. لەم هۆکارەوەیە ئێمە خۆمان لەبەردەم ئەم شتە دیارو ئاشکرایەدا کوێر دەبینینەوە، کە پاساو و پۆزشە بۆماوەکان و تەعویزەکانی ژیانی دەوڵەمەندی بۆ ئەم کەرتەی جیهانەکەمان چیتر کاریان پێناکرێت. شتەکە بۆ مەسەلەی ئەنترۆپۆلۆژیای هەژاریش هێشتا خراپ دەکەوێتەوە تەنانەت ئەگەریش ئەو بەهیچ جۆرێکیش ژیانی دەوڵەمەندی بەدەست نەهێنێت. لەبەر ئەوەی مرۆگەلی نوێکات کە تازە دەوڵەمەندبوون، واتە ئێمە، بەپێچەوانەی هەموو بەڵگەکانەوە هێشتا بەتەواوەتی نایانەوێت باوەڕ بە بەراییە گۆڕاوەکانی هەبوون بهێنن لەم چرکەساتەی جیهانەکەماندا. هێشتاکەش ئەو خەڵاتانەی

لەسەر دۆخی هەزار ساڵەی هەژاری دانراون زۆر بەرزن، هێشتا ڕاهاتن لەسەر ئەو فۆرمە گچکەیەی دەروون، کە بە تەعویزەکان دەژی، زۆر قووڵ چووەتە خوارێ. هەژارانە بیر لە خۆت بکەیتەوە هەمیشە دەستکەوتی وەهمی بەدەست دەهێنیت، بگرە کەمترین شتێک بەدەستی بهێنیت، تەنیا بریتییە لە مافی وەهمی لەسەر دەستکەوتەکان، لە کاتێکدا بە پێچەوانەی ئەمەوە دەوڵەمەندی پابەندت دەکات بەوەی حەزبکەیت لە نەجیبزادەیەکی ئاسایی زیاترت هەبێت. بگرە دەوڵەمەندی پابەندت ناکات، بەڵکو ئازادت دەکات، دەوڵەمەندی ئاسوودەت دەکات. ژیانی دەوڵەمەندی لە زۆر هەبوونیدا ناپاکی لەخۆی دەکات. واتە ئەو هێشتا شتێکی ماوە، ئەو لێ دەگەڕێت لەگەڵ خۆیدا یاری بکات، ئەو یارییەکان سانا دەکات و ئەوەش دەخوازێت کە ژیانەکانی تریش ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان لەم جیهانەدا و لە جیهانە نوێکاندا بسازێنن. لە کوێشدا دەوڵەمەندی باڵادەست بێت، لەوێدا لافاومان بەدوادا نایەت، بەڵکو ئەوەی شوێنمان دەکەوێت بریتییە لە بانگهێشت کردنمان بۆ یارییەکی بەرفراوان، ئەمەش دواهەمین ئەو شتە نەبوو کە گواستنەوەی ئەورووپا بۆ ناو مۆدێرنیتێت مەبەستی بوو بیلێت.

جیهانی مۆدێرن بەشێوەیەکی جەوهەری بریتی بوو، هێشتاش هەر بریتییە، لە پرۆژەی تێپەڕاندنی هەژاری و کەمدەرامەتی. ئەم کردارەش سترەکتوری گرەوێکی هەیە کە جەوهەری مرۆڤ دەخاتە بەر گەمە و مەترسییەوە. ئەوەش بچێتە ناو جۆرە گرەوێکی وەهاوە، دواجار لەسەر ئەو قبووڵکردنە ڕۆدەنیشێت کە لەژێر ئاماژەی هەژاریدا ئەو هێشتا نەیتوانیوە لەو جێگەیەدا خۆی دەربخات کە مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدایە. لە کوێشدا بەم مانایە هەوڵی مۆدێرنیتێتی جەوهەری بدرێت لەوێدا خاوەنکارێک دەستبەکار دەبێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو پێوەندییانەش کۆتایی پێ بێت کە تێیاندا دەتوانرێت مرۆڤ لەڕێی ئەو شتەوەی کە کێماسی بۆ هەیە ڕوون بکرێتەوە و پۆزشی بۆ بهێنرێتەوە.

ڕەنگە ئەوەش شتێکی زیادە نەبێت لەناو چرکەیەکی تێڕامان لێکراوی وەک ئەمەدا بیر لە دۆخ و دەستپێکی شۆڕشگێڕییانەی ئەم سەردەمەمان بکەینەوە. لەوکاتەوەش بزووتنەوە نوێ کۆنزێرڤاتیڤەکەی پارەی کەمخوازی Miserabilismus لە پێشڕەوی کردندایە، ئیدی مووچە بەرفرەکەی سەردەمی نوێ کە بریتییە لە تێپەڕاندنی ڕەوشتی کێماسی بە ئاراستەیەکدا بەرەو ڕەوشتی پڕاوپڕی، لە هەموو لایەکدا کەم و زۆر بە نهێنی پاشەکشێ دەکات، ئەمەش تەوژمێکی قووڵی پەرچەکردارانەی سەردەمی هاوچەرخ دەرەنجام دەکات. سیاسەتی دەروونیانەی «پاشماوەت نەبێت» بەشێوەیەکی بەرز کۆمەڵگە خۆشنوودەکانی سەر ئەم هەسارەیە ژەهراوی دەکات، بەڵام داخۆ ئەم ڕەوتە باوە بەری پێ دەگیرێت؟ ئەمە زانراو نییە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتە ببڕین بەلای کەمەوە دوو لایەنمان پێویست دەبێت: یەکەمیان دووبارەکردنەوەیەکی بەردەوام و نەگۆڕی پرسیاری ئایا دەوڵەمەندبوونی مرۆییانە و ماتەریالیانە لە کوێوە ڕیشەی گرتووە، بەدوای ئەوەشدا دەستپێشخەریکردنی ئەم یارییە بەرفراوان و سەراپاگیرە بە بۆنەی ئەو بەیەک گەیشتن و کۆبوونەوانەوە کە تێیاندا مرۆڤی سەردەمی هاوچەرخ ئاهەنگ دەگێڕن و خۆیان ئاشکرا دەکەن.

**سەرچاوە:**

**Peter Sloterdijk**
**Der asthetische Imperativ**
**Seite Von 167-181**

# ڕێزمانی ئاخاوتنی دەشتی هەولێر

## پوختەیەک لەمەڕ (ناو) و (ئاوەڵکار)

**ئیدریس عەبدوڵڵا**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

**پێشەکی**

(ناو) و (ئاوەڵکار) دوو بەشی گرنگی ئاخاوتن پێکدێنن، ئەمانە لەپاڵ بەشەکانی دیکەی ئاخاوتندا وەکو (جێناو) و (ئاوەڵناو)، کە لە ژمارە (٦١)ی گۆڤاری ڕامان لەسەر یەکەمیان و لە ژمارە (٦٥)یش لەسەر دووەمیانم نووسیوە، لەگەڵ (فرمان) و (ئامراز)ەکان، سیما سەرەکییەکانی هەر زمان و زارێکی دیاریکراو، یان شێوەزارەکانی زارێکی دیاریکراویش بەرجەستە دەکەن، جیاوازی لەمانەدا، لە درووستبوونیان و گۆڕانەکانی بەسەریاندا دێت لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، دەبێتە هۆی جیاوازی ئەو هەموو شێوەزار و زارانەی زمانێکی دیاریکراو و تەنانەت زمانێک و زمانێکی دیکەش.

لەم دەرفەتەدا لە (ناو) و (ئاوەڵکار) دەکۆڵمەوە و تیشک دەخەمەسەر بینای هەریەکەیان و ئەرک و جۆرەکانیان لە ئاخاوتنی شێوەزاری دەشتی هەولێردا، بەو ئومێدەی سوودمەند بێت.

### یەکەم: بینای (ناو) و ئەرک و جۆرەکانی

**چوونە ناوباس**

لە دەشتی هەولێردا بێجگە لە ناوە کوردییەکان، بەکاریگەرێتی ئایین و بیرە لەیەک جیاکان، بەشێکی باشی ناوەکان، جا چ ناوی کەسی بن، چ ناوی شتومەکەکان عەرەبین.. بۆ وێنە لە ناوی کەسی (ئەحمەد - ڕەسووڵ - تاهیر - حوسێن - حەسەن - عومەر - عەلی و.... لەناوی نێرینە، لەیلا - سەبیحە - زولفە - نەجیبە - حەسیبە - حەبیبە - سوعاد و... لە ناوی (مێ)ینە) هەموو ئەوانە ناوی عەرەبین... (قەرەم -

کتێب – دەفتەر – موعەللیم – مەکتەب – سەفرە – سەیارە – و...تاد) هەموو ئەوانەش ناوی شتومەکە جۆراوجۆرەکانن و دیسانەوە عەرەبین.

هەر لە دەشتی هەولێر، دیسانەوە.. کۆمەڵێکی دیکەی ناوی ناکوردی کە لە میللەتانی تری هاوسنووری کورد وەرگیراون و ئەو ناوانەش کە تەکنەلۆژیای نوێ و کەناڵە لێک جیاکانی ڕاگەیاندن دەیانهێننە پێش..هەموو ئەو ناوانەش بەکار دەهێنرێن.

بەڵام دیارە مەرج نییە هەموو ئەو ناوانە بە دەربڕینە بنجییەکەی زمانە سەرەکییەکانیان بەکاربهێنرێنەوە، بەڵکو زۆربەیان بەشێوەیەکی وا دووبارە دەکرێنەوە، بە ئاشکرا مۆرکێکی کوردییان پێوە لکێنراوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کوردی نەبوونیان ئاشکرایە و هەرچۆنێک بەکار ببرێن، هەر بە ئاسانی دەناسرێنەوە.. بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا بەباشی دەزانم، ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، کە تەنیا لەو (ناو)انە دەکۆڵینەوە، کە لە بنجدا کوردین و مافی هیچ نەتەوەیەکی دیکەیان بەسەرەوە نییە.

*** پێناسە**

(ناو): (ئەو وشەیەیە، سەربەخۆ واتایەک دەگەیێنێت و بە کاتەوە نەبەستراوەتەوە) [١].

*** (ناو) لە ڕووی داڕشتنەوە:**

لەم ڕووەوە (ناو) سێ جۆری هەیە:

١- ناوی سادە: (ئەو ناوەیە کە لە تەنیا وشەیەک پێک هاتبێت) [٢]، یان بە واتایەکی تر: (ئەو وشە سادەیەیە، کە بەبێ بوونی هیچ پاشگر، یان پێشگرێک دروست بووبێت) [٣].. ئەم (ناو)انەش لە چەند کۆمەڵەیەک خۆ دەنوێنن، لەوانە:

أ- کۆمەڵی ئەو (ناو)انەی لە بنجدا (ناو)ن، وەکو: (گوند – شار – گەل – وڵات – چاو – سەر – پشت – دەست – قەمیش.. تاد)

ب- کۆمەڵی ئەو (ناو)انەی لە بنجدا (ئاوەڵناون)، وەکو: زیرەک – ئازاد – ئازا...تاد.

ج- (ناو) یش هەیە لە بنجدا ڕەگی چاوگە بۆ وێنە: (دز) ناوێکی سادەیە، ڕەگی چاوگی (دزین)ە.

٢- ناوی داڕژاو: (ئەو ناوانەن کە لە وشەیەکی سادە و، پێشگرێک، یان پاشگرێک پێکدێن) [٤] کە ئەمەش بەچەند شێوەیەک پێک دێت، بۆ وێنە:

أ- (پێشگر+ ناو) وەکو: (بەناز – بێناز).

ب- (ناو+ پاشگر) وەکو: (سەید + اوە ـــ سەیداوە)، (مەنتک + اوە ـــ مەنتکاوە)

ج- (پێشگر + جێناوی نادیار) وەکو: (بێ + کەس ـــ بێکەس)

د- (ناو + ناوبەند + پاشگر) وەکو: (عەلی + ی + اوە ـــ عەلی یاوە)

هـ- (ئاوەڵناو + پاشگر) وەکو: (شین + ە ـــ شینە)

٣- ناوی لێکدراو: (ئەو ناوانەن کە لە دوو وشەی سادەی واتادار پێکدێن، جا ڕاستەوخۆ، یان بە یارمەتی ناوبەند) [٥]، ئەمەش دیسانەوە بە چەند شێوەیەک دروست دەبێت، بۆ وێنە:

أ- (ناوی بەرجەستە + ناوی بەرجەستە) وەکو: (تەور + داس ـــ تەور داس)

ب- (ناوی بەرجەستە + ناوی واتایی) وەکو: (گور + ناز ـــ گورناز)

ج- (ناوی بەرجەستە + ناوبەند + ناوی بەرجەستە) وەکو: (گور + ە + باغ ـــ گورەباغ)

د- (ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو) وەکو: (کاک + ە + ڕەش ـــ کاکە ڕەش)

هـ- (ناو + ئاوەڵناو) وەکو: (چاو + شین ـــ چاوشین)

و- (ئاوەڵناو + ناو) وەکو: (سۆر + گور ـــ سۆرگور)

ز- (ناو + ڕەگی چاوگ) وەکو: (کەر + دز ـــ کەر دز)

ع- (ژمارە + ناو + پاشگر) وەکو: (سێ + بیر + ان ـــ سێبیران)

ط- (ژمارە + ژمارە) وەکو: (حەفت + سەد ـــ حەفت سەد)

ک- (ژمارە + ناو) وەکو: (سێ + کانی ـــ سێکانی)

ل- (ناو + ئاوەڵناو + پاشگر) وەکو: (کانی + بزر + ە ـــ کانی بزرە)

*** (ناو) لە ڕووی (واتا)وە:**

لەم ڕووەوە (ناو) دەبێتە دووبەش:

١- ناوی گشتی: وەکو: باران – با – دار – بەرد – شار – کیژ – کوڕ – شاخ – شەڕ...تاد

٢- ناوی تایبەتی: وەکو: ئاکۆ – سامان – سۆران – فەرهاد – هەولێر – شنەبا – سارا – پەیمان ... تاد

*** (ناو) له ڕووی (ڕەگەز)ەوە:**

لەم ڕووەوە (ناو): (دەکرێت بە چوار بەشەوە) [٦]، ئەوانیش:

١- ناوی نێر: (ئەو ناوەیە کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ ڕەگەزی نێر بەکار هاتبێت)[٧]، ئەمەش چەند کۆمەڵێکی هەیە:

أ- ناوی کەسانی نێرینە: وەکو: (باب - برا - مام - خار - کوڕ - پیاو...تاد)

ب: ناوی تایبەت بە نێرینە: وەکو: (بایز - بەدرخان - شوان - ... تاد)

ج: ناوی گیانداری نێرینە: وەکو: (کەرەباب - بەران - گا - تەگە....تاد)

٢- ناوی مێ: (ئەو ناوەیە کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ ڕەگەزی مێ بەکارهاتبێت)

[٨] ئەمەش چەند کۆمەڵێکی هەیە:

أ- ناوی کەسانی مێینە: وەکو: (داک - خوشک - پلک - کیژ - ژن....تاد)

ب- ناوی تایبەت بە مێینە: وەکو: (شەمام - گورخاتر - ئەسمەر....تاد)

ج- ناوی گیانداری مێینە: وەکو:(مریشک - مەڕ - چێر - بزن... تاد)

٣- ناوی دوو لایەن: (ئەو ناوانەن کە بۆ نێر و بۆ مێ بەکاردێن) [٩] بۆ وێنە:

(دار - کەو - کۆتر - پشیلە - سەگ.....تاد)

٤- ناوی بێ لایەن: (ئەو ناوانەن کە سەر بە هیچ یەکێک لە ڕەگەزەکان نین، هەر لە بنەڕەتدا بێ ڕەگەزن)[١٠] بۆ نموونە:

(گرد - دەشت - ئاسمان - خۆر - خاک - بەرد - ئاسن - ئاگر - شیو - دەرانچا - قوڕ...تاد)

***(ناو) له ڕووی بەکارهێنانەوە:**

لەم ڕووەوە (ناو) بەسێ جۆر بەکاردەهێنرێت، ئەوانیش:

١- بە ئاسایی: لێرەدا (ناو)ەکە وەکو خۆی و بەبێ زیادوکەم بەکاردەهێنرێت، بۆ وێنە:

- خوناو هات. (خوناو) ناوی ئاساییە

- ئازاد بەربۆوە. (ئازاد) ناوی ئاساییە

٢- بە بچووککراوەیی: لێرەدا (ناو)ەکە لەبەر چەند هۆیەک، لەباری ئاسایی خۆی دەترازێنرێت و بە بچووککراوەیی بەکاردەهێنرێت...

بۆ وێنە:

- شیرنۆکە کوی؟ (شیرنۆکە) ناوی بچووککراوی (شیرین)ە، بۆ خۆشەویستی بە بچووککراوەیی بەکارهێنراوە.

- بایزۆک کێیە؟ (بایزۆک) ناوی بچووککراوی (بایز)ە، بۆ ڕق بە بچووککراوەیی بەکارهێنراوە.

٣- بە ڕێزلێنانەوە: لێرەدا (ناو)ەکە لەبەر چەند هۆیەکی وەکو ئەوەی بەرانبەر گەورەتر بێت، یان خۆشەویست بێت، یان میوانێکی پاش نەبینینێکی زۆر بێت، یان هەر هۆیەکی تر، بەتەنیا ناوی سادە و ئاسایی ناوی ئەو بەرانبەرە نابرێت، وەکو وشەیەک وەکو پێشگر، یان پاشگر دەخرێتە سەر (ناو)ەکە... بۆ وێنە:

- وشەیەک دەخەینە پێش ناوەکە:

(پلە خونچە هات). (پلە) وشەیەکی ڕێزلێنانە خراوەتە پێش ناوی (خونچە) بۆ ڕێزلێنانی.

- وشەیەک دەخەینە پاش ناوەکە:

(خوناو خان هاتییە!) ... (خان) وشەیەکی ڕێزلێنانە خراوەتە پاش ناوی (خوناو).

*** (ناو) له ڕووی بوونەوە:**

لەم ڕووەوە ناو دوو جۆرە، ئەوانیش:

١- ناوی بەرجەستە: ئەو ناوانەن کە بوونی (ماددی)یان هەیە.. وەکو:

(دار - بەرد - ئاو - گەنم - جۆ - داو - دەرزی - گاسن - تەیارە....تاد)

٢- ناوی واتایی: ئەو ناوانەنە کە بوونی (ماددی)یان نییە... وەکو:

(ئازایەتی - پیاوەتی - ڕق - خۆشەویستی...تاد)

.. ئەمانەش چەند جۆرێکن بۆ نموونە:

أ- ناوی بەرجەستە + پاشگر:

مندار + ی ـــ منداری.

پیاو + ەتی ـــ پیاوەتی.

ب- قەدی چاوگ + پاشگر:

خیندن ـــ خیند + ەواری ـــ خیندەواری.

ج- چاوگ + پاشگر:

هەبوون + ی ـــ هەبوونی

د- هەندێ وشە هەر لە بنجدا ناوی واتایین.. وەکو:

(ڕق – هێز – وره)
هـ- ئاوەڵناو + پاشگر
دەورەمەند + ی ـــــ دەورەمەندی
ڕەش +ایی ـــــــ ڕەشایی

*** (ناو) لە ڕووی ئەرکەوە:**

(ناو) یەکێکە لە بەشە ئاخاوتنە زۆر کاراکان لە نێو زماندا، بۆیە دەبینین، ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێ، لەوانە:

١- دەبێــتـــە (بکەر): ئازاد هات. (ئازاد) ناوی تایبەتی نێرینەیە، بکەرە.

٢- دەبێـتـە (بەرکـاری ڕاسـتـەوخـۆ): ئازادم دیت. (ئازاد) ناوە، بەرکاری ڕاستەوخۆیە.

٣- دەبێـتـە ئاوەڵکاری (کێ)یی: سەلامم لە ئازادی کرد.

(ئازاد) ئاوەڵکاری کێییە.

٤- دەبێتە (جێگری بکەر):

(ئازاد ڕاکـێـشـرا). ئەم ڕسـتـەیە بکەر نادیارە، بۆیە (ئازاد) کە لە بنجدا ئەگەر ڕسـتـەکە بکەر دیار بووایە (بەرکاری ڕاستەوخۆ) بوو، بەڵام لێرەدا کە ڕستە کراوەتە بکەر نادیار، بووەتە (جێگری بکەر).

٥- دەبێتە (تەواوکەری ناو):

(کـــراســـەکـــەی ئازادی ســـووتا).. (ئازاد) ناوە، تەواوکەری ناوی (کراسەکە)یە.

٦- دەبێتە (تەواوکەری هەندێ لە جێناوەکان):

(ئەو خانییە هی برایەکەمە).. (هی) جێناوی هەییە، تەواوکراوە بە ناوی (برایەکەم).

٧- دەبێتە (تەواوکەری فرمانی ناتەواو):

(ئەو پیـاوە باپیـرمـە).. (باپیـرم) ناوی نێـرینەیە، تەواوکەری (ە)ی فرمانی ناتەواوە، بۆ دەمی ئێستا.

**دووەم: بینای (ئاوەڵکار) و جۆر و ئەرکی**

*** پێناسە**

(ئاوەڵکار) وەکـــو بەشـێـکی گـرنگی ئاخـاوتن، کۆمەڵێک پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە:

١- (بەو وشــــانە دەڵێن (فـــێلـنـیـش - ظرف - ئاوەڵکار) کە حاڵ و حەواڵ و قـەید و تەحەڕی کـردن و بوون نیشان دەدەن)... (کوردۆییڤ)[١١]

٢- (کـەلیـمـەیەکـە بۆ تەواوکـردنی مـەعنای کـارێ، یا سیفەتێ، یا ظەرفێکی تر بەکەڵک دەهێنرێت.. سیفەتێ چۆن مـەعنای کـارێ تەواو دەکـات، ئەمـیش مـەعنای سیـفـەت و فیـعل و ظەرف تەواو دەکـات) ... (تۆفـیق وەهبی) [١٢]

٣- (ئاوەڵکار: ئەو واژەیە، یان دەستەواژەیە، یان ئەو پارچە شوێنکەوتووەیە، کە وەسفی بەشێک لە بەشەکانی ئاخـاوتن دەکـات، جگە لە ناو و لە ڕاناو)... (نووری عەلی ئەمین) [١٣]

بە بەرچاوگـرتنی هەمـوو ئەو پێناسـانەش دەتوانین بە واتایەکی تر، بڵـێین: (ئاوەڵکار: ئەو وشــە، یان لە تەوشـەیەیە، کـە ڕاستـەوخـۆ، یان ناڕاسـتـەوخـۆ، وەسـفی (کـار)ێک یان ئاوەڵکارێکی دیکە دەکـات و لە ڕووی واتاوە دەبێتە تەواوکەر یان)...[١٤].

*** (ئاوەڵکار) لە سێ ڕەهەندەکانییەوە:**

بەشـێـوەیەکی گـشـتی بۆ شـارەزابوون و نـاسـینەوەی (ئاوەڵکار)، وەکـو هەر بەشێکی دیکەی ئاخـاوتن، لە سێ ڕەهەندەوە لیی دەکۆڵینەوە، ئەوانیش:

١- لە ڕووی داڕشتنەوە: (سادە - داڕژاو - لێکدراو)

٢- لە ڕووی جـۆرەوە: (کـاتی - شـوێنی - کـێی - نیازی - چۆنیەتی - تەرتیبی - نادیار - نەفی - پرس)

٣- لە ڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە: (تەواوکەری کار - تەواوکەری ئاوەڵکارێکی تر - بوونەگوزارە)

*** لێکۆڵـینەوە لـە هـەر یـەکـــــە لـەو ڕەهـەندانـەی (ئاوەڵکار):**

یەکەم: ئاوەڵکار لە ڕووی داڕشتنەوە:

لەم ڕووەوە ئاوەڵکار سێ جۆری هەیە:

أ- ئاوەڵکاری سادە: ئەو وشانەن، کە بەبێ یارمەتی هیچ پاشگر و پێـشگرێک، واتای (کـار)ی ڕسـتـەیەک تەواو دەکــەن.. بۆ نموونە: (دوور - نێــزیـک - زوو - درەنگ - باش - خراپ...تاد)

ب- ئاوەڵکاری داڕژاو: ئەو وشـانەن کـە بە یارمـەتی پێـشگر، یان پاشگرێک، یانیش هەردووکـیـان، واتای (کار)ی ڕستەیەک تەواودەکەن.. بۆ نموونە:

- لە دوور (لە) پێشگرە.
- شەڕگە(گە) پاشگرە.
- بە جوانی (بە-ی) ئامرازی پێوەندی لێکدەرە، بۆتە پێشگر و پاشگر بۆ (جوان).
- لە هەولێرێوە (لە - وە) ئامرازی پێوەندی لێکدەرە،

بۆته پێشگر و پاشگر بۆ (هەولێر)
ج- ئاوەڵکاری لێکدراو: دوو وشەی لێکدراون، جا ڕاستەوخۆ، یان بەهۆی ناوبەند و بەهۆی پشگر و پێشگرەکان دروست دەبێت و واتای (کار)ی ڕستەیەک تەواو دەکات.. بۆ نموونە:
- شەو درەنگ، بەیانی زوو، کاتژمێر هەشت ـــ ئاوەڵکاری لێکدراوی ڕاستەوخۆن.
- پاشا و پاش ـــ (او) ناوبەندە
ئاوەڵکاری لێکدراون
بەهۆی (ناوبەند) دروست بوونە.
ڕاست و ڕاست ـ (و) ناوبەندە
- بەسەربەرزی ـــ (بە - ی) ئامرازی پێوەندی لێکدراوە پاشگر و پێشگرە بۆ (سەربەرز) و بەم شێوەیە ئاوەڵکاری لێکدراوی لەو وشە لێکدراوە دروست کردووە.
دووەم: ئاوەڵکار لە ڕووی جۆرەوە: ئاوەڵکار لەم ڕووەدا لە کوردی بەگشتی و لە شێوەزاری دەشتی هەولێریش بەتایبەتی (نۆ) جۆری هەیە، ئەوانیش:
أ- ئاوەڵکاری کاتی: وشەیەکە، کاتی ئەنجامدانی (کار)ی ڕستە دەستنیشان دەکات.. بۆ نموونە:
- عومەر گۆتی: هەر سێکیان دەناسم و ئەوساڵ بوارێ هاتینە قەپلانی.[١٥]
.. (ئەوساڵ بوارێ) ئاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری کاری (هات)ە.
- هەنکوا، با زۆران لۆ کەمان نەرێین. [١٦]
(هەنکوا): ئاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری واتای کار ب (نەرێین)ە.
ب- ئاوەڵکاری شوێنی: وشەیەکە، شوێنی ئەنجامدانی (کار)ی ڕستە دەستنیشان دەکات .. بۆ نموونە:
- بە قسەی خۆش مار لە کونی دێتە دەرێ [١٧] ( لەکونێ) - (دەرێ) ئاوەڵکاری (شوێنی)نە تەواوکەری کاری (دێتە)نە.
- لەم مەلایە بەدەر هیچ مەلایەکی دیکە لێرە نییە [١٨] (لێرە) ئاوەڵکاری شوێنییە تەواوکەری کاری (نییە)یە.
- لە پاشان دوعا خوازیم لێکرد و لەوێم بەجێ هێشت [١٩] .. (لەوێ) ئاوەڵکاری شوێنییە، تەواوکەری کاری (بەجێ هێشت)ە.
ج- ئاوەڵکاری (کێ)یی: وشەیەکە، ئەو (کەس)ە دەگرێتەوە کە (کار)ی ڕستەکەی پێ، یان بۆ ئەنجام دراوە... بۆ وێنە:
- هەتا ماخۆمار (دز)ی گرت، دز (ماخۆمار)ی گرت. [٢٠]..
لەم ڕستە لێکدراوە، لە بەشی یەکەم (دز) و لە بەشی دووەم (ماخۆمار) ئاوەڵکاری (کێ)یین و تەواوکەری (کار)ی (گرت)ن لە ڕستەکانیان.
- مەڕ پێ لە بەرخی خۆی نانێ [٢١] .. (بەرخی خۆی) ئاوەڵکاری (کێ)ییە، تەواوکەری واتای (کار)ی (نانێ)یە.
- ئیشەک، کارەکت بە من هەیە؟ [٢٢].. (من) ئاوەڵکاری (کێ)ییە، تەواوکەری واتای (کار)ی (هەیە)یە.
د- ئاوەڵکاری نیاز: ئەو وشەیەیە، کە هۆی ئەنجامدانی (کار)ی ڕستە دەستنیشان دەکات... بۆ نموونە:
- لۆ ڕدێنی چوو، سمێریشی لەسەر دانا. [٢٣] .. (ڕدێن)
ئاوەڵکاری (نیاز)ییە، هۆی ئەنجامدانی (کار)ی ڕستە وەدەردەخات.
- ئەمن لۆ غەرەزەکی دی هاتبووم، بەس قەیدی ناکا.. (غەرەزەکی دی)... ئاوەڵکاری (نیاز)ییە، هۆی ئەنجامدانی (کار)ی (هاتبووم) دەخاتە ڕوو.
هـ- ئاوەڵکاری چۆنیەتی: وشەیەکە، چۆنیەتی ئەنجامدانی (کار)ی ڕستە، دەستنیشان دەکات... بۆ نموونە:
- ئەمن کەلامێ خوای بە درۆ ناخۆم.[٢٤] .. (بە درۆ) ئاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری واتای کاری (ناخۆم)ە.
- هەوکی پڕ گریان بوو، بە بێدەنگی ڕووی لێ وەرگێڕا، ئەگینا لە پڕمەی گریانێی دەدا [٢٥].. (بە بێدەنگی) ئاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری واتای کاری (ڕووت لێ وەرگێڕایە).
و- ئاوەڵکاری تەرتیبی: ئەو وشە لێکدراوانەن، کە تەرتیبێک بۆ بە ئەنجام گەیشتنی کاری ڕستە دادەنێن... بۆ وێنە:
- دارەکان سێ سێ ببەستە.. (سێ سێ) ئاوەڵکاری تەرتیبییە، تەواوکەری واتای کاری (ببەستە)یە.
- کۆترەکان کۆمەر کۆمەر فڕین.. (کۆمەر کۆمەر)

ئاوەڵکاری تەرتیبییە، تەواوکەری واتای کاری (فڕین)ە.
ز- ئاوەڵکاری نادیار: بریتییە لەو وشە نادیارانەی، کە بە نادیاری وەسفی ڕوویەک لە ڕووەکانی کاری ڕستە دەکات.. بۆ وێنە:
- کوێخا وەسمان: -ها .. برا بۆ وا بێدەنگ بوویت؟ [٢٦] .. (وا) ئاوەڵکاری نادیارە، تەواوکەری کاری (بوویت)ە.
- گا لە میز میزە بێ، هەر دەمیزێ .. [٢٧] .. (هەر) ئاوەڵکاری نادیارە، تەواوکەری واتای کاری (دەمیزێ)یە.
- میر بەم دیارییە گەلەک درخۆش دەبێت.. [٢٨] .. (گەلەک) ئاوەڵکاری نادیارە تەواوکەری ئاوەڵکاری (درخۆش)ە و ئەویش تەواوکەری واتای کاری (دەبێت)ە.
- بەران دەبێ زۆر لەسەرخۆ باژۆن.. (زۆر) ئاوەڵکاری نادیارە، تەواوکەری ئاوەڵکاری (لەسەرخۆ)یە و ئەویش تەواوکەری واتای کاری (باژۆن)ە.
- تەواوەک ڕۆیشتین.. (تەواوەک) ئاوەڵکاری نادیارە، تەواوکەری واتای کاری (ڕۆیشتن)ە.
- چما ئەو هات خەیندییە؟ (ئەوها) ئاوەڵکاری نادیارە، تەواوکەری واتای کاری (خیندییە)یە.
ع- ئاوەڵکاری نەفی: ئەو پێشگرانەن، کە نەفی (کار)ی ڕستە دەکەن.. لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر جیاوازن.. بۆ نموونە:
١- (نا) هەمیشە دەچێتە سەرکاری ڕانەبردووی ئیخباری، شوێنی (دە) یە پێشگرەکەی دەگرێتەوە، بۆ وێنە:
- دەخۆم ـــ ناخۆم
- دەڕۆم ـــ ناڕۆم
- دەکەم ـــ ناکەم
- دەخینم ـــ ناخینم
٢- (نە) هەمیشە دەچێتە سەرکاری ڕانەبردووی ئینشائی و کاری ڕابردووی ئیخباری و ئینشائی بۆ وێنە:
- لەگەڵ ڕانەبردووی ئینشائی:
ئەگەر بنوون ـــ ئەگەر نەنوون.
ئەگەر بچن ـــ ئەگەر نەچن.

- لەگەڵ ڕابردووی ئیخباری:
هات ـــ نەهات (ڕابردووی سادە)
نووستەوە ـــ نە نووستەوە (ڕابردووی تەواو)
غاری دەدا ـــ غاری نەدەدا (ڕابردووی بەردەوام)
شووشتبووی ـــ نەی شووشتبوو (ڕابردووی دوور)

- لەگەڵ ڕابردووی ئینشائی:
ئەگەر هاتبایە ـــ ئەگەر نەهاتبایە (ڕابردووی سادە)
ئەگەر هاتبن ـــ ئەگەر نەهاتبن (ڕابردووی تەواو)
ئەگەر بتخیندبووایە ـ ئەگەر نەتخیندبووایە (ڕابردووی دوور)
ط- ئاوەڵکاری پرس: وشەیەکی پرسە، پرسیار لە چۆنیەتی بە ئەنجام گەیشتنی (کار)ی ڕستە دەکات...
گرنگترینی ئەو وشانەش کە ئەم ئاوەڵکارە دروست دەکەن، ئەمانەن (چ - کو - کەینێ - کەنگێن - کێ..تاد) بۆ نموونە:
- پێم نارێی بە چ هاتی؟! (چ) ئاوەڵکاری پرسە، تەواوکەری واتای کاری (هاتی)یە.
- ئەرێ کو گەیشتنە جێ؟ (کو) ئاوەڵکاری پرسە، تەواوکەری واتای کاری (گەیشتن)ە.
- کەینێ دەڕۆی؟ (کەینێ) ئاوەڵکاری پرسە، تەواوکەری واتای کاری (دەڕۆی)ە.
- کەنگێن هاتی؟ (کەنگێن) ئاوەڵکاری پرسە، تەواوکەری واتای کاری (هاتی)یە.
- ئەنگۆ لە کێ بوون؟ (کێ) ئاوەڵکاری پرسە، تەواوکەری واتای کاری (بوون)ە.

**سێیەم: ئاوەڵکار لە ڕووی ئەرکەوە:**
(ئاوەڵکار)ەکان بە جیاوازی جۆرەکانیان دوو ئەرکی سەرەکی دەبینن:
١- لە ڕووی واتاوە دەبنە تەواوکەری واتای(کار)ی ڕستە.. وەکو لە زۆربەی ئەو نموونانەی پێشوو خستمانە ڕوو.
٢- دەبنە تەواوکەری ئاوەڵکارێکی دیکە و بە هەردووکیان، یان هەرچەندێک بن، دەبنە تەواوکەری کاری ڕستە، بۆ وێنە:
- سبەینێ زوو لە گوندییەوە بە سواری پەستی هاتمە شاری...
لەم ڕستەیەدا، وشەکانی (سبەینێ)، (زوو) ئاوەڵکاری (کاتی)نە.. (لە گوندی)یەوە، (شار)

ئاوەڵکاری (شـــوێنی)نە... (بە ســـواری پەســـتی) ئاوەڵکاری چۆنیـەتییـە.. هەر یەکـەیان دەبینین بوونەتە تەواوکـەری یەکـتـر و بە هەمـوویانەوە لە ڕووی واتاوە کاری ڕستەکە کە (هات)ە، تەواو دەکەن.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١- ڕێزمـانی ئاخـاوتنی کـوردی بە پێی لێـژنەی زمـان و زانسـتەکـانی، کۆڕی زانیـاری کـورد، چاپخـانەی کۆڕی زانیـاری کورد، بەغداد، ١٩٧٦، ل١٠.**

**٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.**

**٣- ئیـدریس عـەبدوڵڵا، ڕێزمـانی ئاخـاوتنی دەشـتی هەولێـر، دەستنووس.**

**٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٦- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل ١٩.**

**٧- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، دانانی: لێـژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کـوردسـتـان، چاپی دووەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠، چاپخانەی پەروەردە، ل٢٦.**

**٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.**

**٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.**

**١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.**

**١١- (کوردۆییڤ)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێژنەی زمان و زانستەکان کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٦، لاپەڕە (٢٨٥).**

**١٢- (تۆفـیق وەهبی)، هەمـان سـەرچاوەی پێـشـوو، لاپەڕە (٢٨٥).**

**١٣- (نووری عەلی ئەمین)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٨٧).**

**١٤- ئیـدریس عەبدوڵڵا، ڕێزمـانی ئاخـاوتنی دەشتی هەولێر، دەستنووس.**

**١٥- مەلا عەولاّی حاجی سمایل، سەربردەی ژیانی سیاسیم، چاپخـانەی (ئەرڕەشـاد، بەغـداد، ١٩٩٠، بەرگی یەکـەم، چاپی یەکەم، لاپەڕە (١٤٣).**

**١٦- قسەیەکی زۆرباوی دەشتی هەولێر.**

**١٧- ئیـدریس عـەبدوڵڵا، (پەندی پێـشـینان و کـۆپەندێکی دەشـتی هەولێـر)، گـۆڤـاری (کـاروان)، سـاڵی (٢٠٠٠)، ژمـارە (١٤٥)، لاپەڕە (٩٢).**

**١٨- مـەلا عـەولاّی حـاجی سـمـایل، سـەربردەی ....، لاپەڕە (٨١).**

**١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨١).**

**٢٠- ئیدریس عەبدوڵڵا، (پەندی پێشینان و کۆپەندێکی..... )، لاپەڕە (٩٢).**

**٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٩٢).**

**٢٢- مەلا عـەولاّی حاجی سمایل، (سـەربردەی ....)، لاپەڕە (٢٢٥).**

**٢٣- ئیـدریس عـەبدوڵڵا، (پەندی پێـشـینان و کـۆپەندێکی ....)، لاپەڕە (٩٢).**

**٢٤- مـەلا عـەولاّی حـاجی سـمـایل، (سـەربردەی...)، لاپەڕە (٤٢).**

**٢٥- (عـەزیزی مـەلای ڕەش)، ڕۆمـانی (کـێـخـوا سـێـوێ)، هەولێر، ١٩٨٦، چاپی یەکەم، لاپەڕە (١٠١).**

**٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٢١).**

**٢٧- ئیـدریس عـەبدوڵڵا، (پەندی پێـشـینان و کـۆپەندێکی ....)، لاپەڕە (٩٢).**

**٢٨- جەمال گردەسۆری، هەنجیری چل تام، گۆڤاری (کاروان)، ساڵی (٢٠٠٠)، ژمارە (١٤٥)، لاپەڕە (١١٥).**

ئەزمـوونی ڕیژیسـۆر

# یارییەخەونێک
# لە ڕەباتەوە بۆ زانستگای کەمبریا

د. فازیل جاف
(سوید)

**لە ووۆرکشۆپەوە بۆ نمایش**

لە خـوێندنەوەی یەکـەمی شـانۆنامـەکـەدا چاکـتـر وایە خوێندنەوەکەت زۆر قـوولّ نەبێت و بیـر لە وردەکارییەکـان نەکـەیتـەوە، گـرنـگ ئەوەیە بە شـێـوەیەکی گـشـتی لە چیـرۆکەکـە بگەیت، بێ گـوێدان بە گـوزارشـتی هونەری و سـتـیـل و وردەکـاری نمایش و تەکنیـکی نواندن، مـەبەست لەم خوێندنەوەیە ئەوەیە شـارەزای کاکـڵەی شانۆنامەکـە و هێـڵی چیـرۆکـەکـە و زنجـیـرەی ڕووداوەکـان بیت، لە گەشەکردن و پەرەسـەندنی دیمەنە یەک لە دوای یەکەکـانی شانۆنامەکە بگەیت.

لەم خـوێندنەوەیەدا گـرنگ ئەوەیە بـتـوانێت شـتـێـکی هاوبەش لە نێـوان خـۆت و دەقـەکەدا بدۆزیتـەوە، سـا ئەو شـتـە دەکـرێت بیـر و بۆچوونـێـک، هەسـتـێـک، یان جـۆرە هاوسەنگییەک لە نێوان خۆت و شانۆنامەکەدا بێت. چی وات لێـدەکـات ئەم شـانۆنامـەیەت پێ باش بێت، یان چێـژی لێ وەربگریت، چ جـۆرە پێـوەندییـەکی زەینی، ڕوحی، ویژدانی، سایکۆلۆژی یان ئیحساسیت لەگەڵ ئەم شانۆنامەیەدا هەیە؟

فـەرمـوون دوابەدوای یەکـەم خوێندنەوەی شـانۆنامـەکـە، ئەم پرسـیـارانە لە خـۆتان بکەن. کـاردانەوەی یەکـەمی دەقـەکـەو کـاریگـەری لە دڵ و دەروونتـان دەسـتـنیـشـان بکـەن، چاکـتـر وایە پاشـان لای خـۆتان تۆمـاری بکەن، جـاروبـاریش بەسـەری بکـەنەوە، ئەمـە لە خـۆشـەویسـتی و ئەڤیندا وەکـو دیداری یەکەم وایە، ڕەنگە پاشتر سست و بێ تین بێت، بەڵام دیداری یەکـەم وەکـو سەرچاوەی هێز و جـۆش هەرگـیـز لە بن نایەت، هزر و هەست و خـولیـای یەکەم و ڕاستەوخۆ گەلێک گرنگە، چونکە بە گشتی ئەو

هەست و بیرەیە کە پاشان لای بینەر دروست دەبێت. ئەکتەر یان ڕیژیسۆر حەز دەکات کاردانەوەی کارەکەی لە سەر بینەران وەکو کاردانەوەی شانۆنامەکە بێت پاش خوێندنەوەی یەکەم.

پاش هەنگاوی یەکەم، واتە خوێندنەوەی یەکەم ئەمجا دەست بکەن بە خوێندنەوەی وردی شانۆمەکە و شۆڕبوونەوە بەناو تێکستەکەداو دەبێت چەند جار بیخوێننەوە؟ ئەمە دەکەوێتە سەر خۆت و تەکنیکی تایبەتی خۆت لە خوێندنەوەدا، چ تەکنیکی کاریگەر و چالاکت لە خوێندنەوەدا هەیە. میبرهولد دەڵێت ئەوەندەی بخوێنەوە تاکو هەموو تێکستەکە دادەچۆڕێتە ناو ناختەوە.

هەوڵ بدەن لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکی ورددا، هەستەوەرە (حەواسە) کانت پتر بخەرە گەڕ و بەکاریان بهێنە. لە سەرەتادا جەخت لەسەر ڕۆڵی هەستەوەر و هەست بکەن، کەمتر لە سەر عەقڵ و عەقلانییەت، ئەمیان لە سەرەتادا ڕێگا لە خەیاڵ و فەنتازیا دەگرێت و پاشتر خۆی دەسەپێنێت. ئەم پرۆسەیە خەیاڵ دەورووژێنێت و پێویستی بە توانستێکی هونەری ڕاستگۆیانە هەیە، بە ئامرازی ساختە نایەتە دی. جارێ بایەخ بە تەکنیک و ستیل مەدە، چونکە گرنگ نییە چۆن نمایش دەکەیت، چاک، یان خراپ، گرنگ ئەوەیە ڕاستگۆ بیت و هۆشت بەکار بێنیت، بۆ ئەوەی هەست بە بوونت بکەیت، بوون پێوەندی تەواوی بە هۆشەوە هەیە، ئەمەش بە ڕاستگۆیی پێی دەگەیت، ڕاستگۆیی پاشتر، هەروەکو لە هەموو بارودۆخێکدا هەر دەتگەیەنێتە ئاکامێکی باش. کارکردنی ئەکتەر لەگەڵ خودی خۆیدا مەرجێکی سەرەکی هونەری نواندنە. هەر ئەمەشە کە ستانیسلاڤسکی پێی دەڵێت: تەکنیکی ناوەوە.

## یاریبەخەونێک و دوو هێڵی سەرەکی

کە بە وردی شانۆنامەی یاریبەخەونێک شی دەکەیتەوە، دوو هێڵی سەرەکی تێدا بەدی دەکەی، یەکەمیان هێڵی چیرۆکی ئەفسەرەکەیە، دووەمیان هێڵی چیرۆکی کچی ئیندرا - ئەگنێسە، هەر بۆیە دەکرێت چیرۆکی شانۆنامەکە وەکو دوو خەون ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، وەکو دوو چیرۆکی سەرەکی بیگێڕینەوە. شانۆنامەکە بۆ خۆی بەڵگەیەکی داهێنەرانەی کارامەیی



ستریندبێرگ و زاڵبوونیەتی بە سەر تەکنیکی گێڕانەوەدا، نەک بەسەر یەک چیرۆک بگرە بەسەر دوو چیرۆکی هاوتەریب لە دوو هێڵی لە یەک نەترازاودا. هاوکات هەردوو چیرۆکەکە تا دێت بە بزاڤێکی دینامیکیانە گەشە دەکەن، لە هەردووکیاندا زەمان و شوێن تێکەڵ دەبن و لە ناو یەکدا دەتوێنەوە.

لە تەکنیکی دەرهێناندا ڕیژیسۆر دەتوانێت هاوتەریب جەخت لە سەر هەدووکیان بکاتەوە، هەردوو هێڵی بەسەرهاتەکان وەکو دوو هێڵی شەمەندەفەر ڕابگرێت تاکو وێستگەی کۆتایی کە کچی ئیندرای خواوەند ئەم جیهانە بە جێ دەهێڵێت. جوانی ئەم دوو هێڵەی چیرۆکەکە لەوە دایە کە زەمان و شوێن تێکەڵن، چۆن تێکەڵاوبوونێک؟ تێکەڵابوونێک بە لۆژیکی خەون کە ئەوپەڕی ئازادی داهێنان بە ئەکتەر و ڕیژیسۆر و سینۆگراف و هەموو هەڵسووڕێنەرانی شانۆگەرییەکە

دەدات، هەر بۆیە ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیەم پێ پەسەندترە، هەر نەبێت لە بەر ئەوەی دەمەوێت هاوکات و بە یەکسانی سوود لە هەردوو چیرۆکەکە وەربگرم، بەڵام وەنەبێت تەنیا ئەم بۆچوونەم پێ ڕاست بێت و ئەوانی دیکەم پێ هەڵە بێت، چونکە دەشکرێت تەنیا جەخت لە سەر یەکێکیان بکەیتەوە، خوا دەزانێت چەند ڕێگەچارەسەری دیکەش هەن، شێوازەکانی چارەسەرکردنی تێکست لە بەردەم ڕیژیسۆراندا لە ژمارە نایەن و بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێن. ئەمە دەکەوێتە سەر بۆچوون و ڕوانگەی ڕیژیسۆر و چۆنیەتی ڕاڤەکردنی دەقەکە. بۆ نموونە ڕیژیسۆری بەریتانی هاوچەرخ خاتوو "کاتیا میشیل" لە دەرهێنانی ئەم شانۆنامەیەیدا دوو ساڵ لەمەوبەر لە سەر شانۆی نەتەوەیی لە لەندەن، چیرۆکی شانۆنامەکەی وەکو چیرۆکی ئەفسەرەکە، لە شێوەی زنجیرە خەونێکی تایبەتی کارەکتەرەکە، ئەوی بەرجەستە کرد. نمایشەکەی کاتیا میشێل سەدایەکی باشی هەبوو، ڕەخنەگران بە زۆرینە ڕایان لە سەر بوو. هێز و سەرکەوتوویی بۆچوونی دراماتورگیانەی دەرهێنەر و نووسەری شانۆیی کاریل چێرچ لەوە سەرچاوەی دەگرت کە بە هەردوو –ڕیژیسۆر و درامانووس– بۆچوونێکی ڕادیکاڵانەیان دەربارەی دەقەکە پێشکەش کرد. ئەوان وایان دارشتبوو کە ئەفسەرەکە ستریندبێرگە و خەون دەبینێت، ئەمە دەکرێت، بەڵام کێشەیەک دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە کە تەنیا ئەفسەرەکە گوزارشت لە بۆچوونەکانی نووسەر ناکات، بە ڕای من و ڕەخنەگرانی سەدەی ڕابردووشەوە، لەسەرووی هەموویانەوە ڕۆبەرت برۆستاینی نووسەری کتێبی"شانۆ لە شۆڕشدا" ئەفسەر و پاریزەر و شاعیرەکە و تا ڕادەیەکیش کچی ئیندرا هەموویان کەم تا زۆر گوزارشت لە ستریندبێرگ دەکەن.

### بۆ ئەکتەران

ئەو جێگایانەی کە پتر پێویستیت بە بەکارهێنانی هەستە، چین؟ کامانەن؟ دەستنیشانیان بکە.

با هەر یەک لە ئێوە وای دانێت ڕیژیسۆری خۆیەتی. هەوڵ بدە لە زنجیرە ڕووداوێکدا کە بگاتە چیرۆک و بەسەرهاتی کەسایەتییەکەت، ڕۆڵەکەی خۆت بەرجەستە بکە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە تەکنیکێکی گەلێ سادەو ئاسان هەیە، تەکنیک کە هەر لە وانەکانی سەرەتاوە دەیزانن، ئەویش دروست کردنی قەوارەو هەیکەلی ڕۆڵەکەیە هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی. گرنگ نییە ڕۆڵی کەسایەتییەکەت چەند بچووکە، گرنگ ئەوەیە تۆ بتوانیت ژیاننامەیەکی تەواوی بۆ بخوڵقێنیت. پاشان بۆت دەردەکەوێت چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەیت. واتە ناتوانیت لایەنی فیزیکی هیچ کەسایەتییەک بە کردار و جووڵە بە شێوەیەکی دروست دابڕێژین تاوەکو ژیاننامەی (ڕابردوو و ئێستا و ئاینده)یمان لە بەرچاو ڕوون نەبێت.

مامۆستای یەکەممان ستانیسلاڤسکی وای فێر کردین، کە هێڵی سەرەکی ڕۆڵ بەر لە دەستپێکی دەق و لەبن دێری دەقەوە دەست پێدەکات. هەروەکو دەڵێت: "ئەکتەران تەمبەڵن و نایانەوێت خۆیان ماندوو بکەن و لە قوولایی دەقدا بۆی بگەڕێن". هەربۆیە یەکێک لە داخوازییەکانی ستانیسلاڤسکی لە ئەکتەرەکانی ئەوەبوو کە دەبوایە ژیاننامەی ڕۆڵەکە بەر لە دەست پێکردنی شانۆگەرییەکە بزانن.

### لە شتێک تێ بگەین واتە هەست بەو شتە بکەین

لێرەدا ڕۆڵی خەیاڵ لە خوڵقاندنی جەستەی ئینسانی کەسایەتیدا بێ بەربەست دەردەکەوێت. ئەم ڕۆڵە پێ بزانیت، یان نەزانیت دەکەوێتە ژێر ڕکێفی مەرجەکانی شانۆوە واتە: زەمان و شوێن (ڕیتم و میزانسین).

ئەمجا کە وێستگاکانی هەست و سۆزتان دەست نیشان کرد، هەوڵ بدەن بە وشەو بۆچوونی خۆتان گوزارشتی لێ بکەن. کەس ناتوانێت بە وشەی کەسێکی دیکە و لە سەر زاری کەسێکی دیکە، وەکو خۆت بە جوانی و ڕاستگۆیانە گوزارشت لە هەستی تۆ بکات. چونکە ئێمە لە دەربڕینی هەستەکانماندا گوزارشت لە ناخ، لە جەوهەر دەکەین، لایەنی عەقلّی ڕەنگە بە وشە و بە دارشتنی کەسانی دیکە گوزارشتی لێ بکرێت، بەڵام هەست و سۆز دەبێت تەنیا لە ناخی خۆتەوە هەڵبقوڵێت. لە حاڵەتی یەکەمدا هەست کردن مەبەست و ئامانجە، لە حاڵەتی دووەمدا تێگەیشتن ئامانجە، ستانیسلاڤسکی دەڵێت: لە شتێک تێ بگەین، واتە هەست بەو شتە بکەین". ئەمە ڕەنگە لە ڕەوتێکی فەلسەفیدا زۆر قسە هەڵبگرێت، بەڵام هەر نەبێت وەکو چەمک و تەکنیکی ناوەوە بۆ ئەکتەر یەکاویەکە.



## هێڵی کرداری ناوەوە / هێڵی کرداری دەرەوە

مەبەست لە هێڵی کرداری ناوەوە چییە؟شانۆنامەکانی چیخۆڤ نموونەیەکی ئاشکرای هێڵی کرداری ناوەوەن، واتە لەو تەرزە شانۆنامانەن کە کردارەکانی جەستەیی و ڕووداوەکانی دەرەوە ئەو فاکتۆرە بنچینەییانە نین کە کار بکەنە سەر ڕەوتی نمایشی شانۆنامەکە و جڵەوی بگرن، یان ڕووداوەکان ئەوەندە سەرنجی بینەر ڕابکێشن کە ئیدی نەزانێت کات چۆن دەڕوات، ڕووداوەکان و کردارەکان ناکەونە پێش ناخ و ناوەڕۆکی شانۆنامەکە. ئەمە نە لە لای چیخۆڤ ڕوو دەدات و نە لە لای بیکێت و پینتەریش، ئەم تەرزە زۆربەی شانۆنامەکانی شانۆی سایکۆلۆژی دەگریتەوە.

لەم جۆرە شانۆنامانەدا پێوەندی نێوان کەسانی شانۆنامەکە و هەست و نەست و پێکهاتەی زمان و زمانی ئاخاوتن و سایکۆلۆژیا و پێوەندیی نێوان کەسایەتییەکان و پێوەندییان بە دەوروبەرەوە لە ڕووداوەکان گرنگترن. بە کورتی پێوەندی کەسایەتییەکان بە ڕووداو و بە کردارەوە، لە کردارەکە خۆی گرنگترە، کاردانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکان بە سەر کەسایەتییەکان گرنگترە لە خودی ڕووداوەکان و کردارەکان خۆیان، هەر بۆیە بە پلەی دووەم دێت و بۆ ڕێژیسۆری ناشی و کەم ئەزموون ئاسان نییە توانای بە سەردا بشکێت. هەر بۆیە ئەم جۆرە ڕێژیسۆرانە بە تۆپزی و بەزەبری شەق هەندێ ڕووداوی فیزیکی ناقۆڵا بەسەر نمایشەکەدا دەسەپێنن، کە نە لە دوور و نە لە نزیکەوە پێوەندی بە شانۆنامەکەوە نییە، بەم چارەسەرکردنە ڕووکەشە ناقۆڵایە کە ڕێژیسۆری بێ توانا خۆی لە هێڵی ڕووداوەکانی ناوەوە دەدزێتەوە و شانۆنامەکە نابووت دەکات.شانۆنامەکانی بیکێت و پینتەر بە زۆری دەبنە قۆچی قوربانی ئەم جۆرە ڕێژیسۆرانە.

بە پێچەوانەشەوە، پێکهاتەی بەسەرهات و کردار لە زۆربەی شانۆنامەکانی ئەبیسۆرد (لا معقول) و سیمبۆلیزم و کۆمیدیا و ڤۆدڤێل و شانۆی سیاسیدا زنجیرەی ڕووداو و کردار بە گشتی دەکەونە پێش هێڵی ناوەوەی شانۆنامەکەو بە ڕادەیەک کە هێڵی دەرەوە جڵەوی هێڵی ناوەوە ڕادەکێشێت.

لە لایەکی دیکەوە لە نێوان ئەم دوو هێڵە لە بەرهەمی هەندێ نووسەردا هاوتەریبی بەدی دەکەین. واتە هێڵی ناوەوە و هێڵی دەرەوە شان بەشانی یەکدی دەڕۆن. ستانیسلاڤسکی پێی وایە بەرهەمەکانی شەکسپیر، لە سەرووی هەموویانەوە "ئۆتێللۆ" گەواهی ئەم بۆچوونەن. لەم حاڵەتەدا جیهانی دەروونی کەسایەتییەکان و هێڵی

رووداو و کـردارەکـانیـان بە ڕادەیەکی ئەوتۆ تەواوکـەری یەکدین کە ناتوانین لە یەکیان جودا بکەینەوە.

### دەق بن دەق بەرهەم دێنێت، بن دەقیش دەقێکی نوێ بەرهەم دێنێت

ئەگـەر بگەڕێینـەوە بۆ ڕەوتی پڕۆڤـەکـانی ستانیسلاڤسکی لە "تەرتووف" و "تۆتیللۆ" دا بۆچوون و لێکدانەوەکانی بخوێنینەوە، پوختتر لەم خاڵە تێدەگەین. درۆ نییـە کـە ئەم دوو بەرهەمـەی ستـانیسـلاڤسکی ترۆپکی پراکتیزەکردنی تیۆرییەکانیەتی، ئەگەر بتانەوێت باش لە ڕێبازەکەی تێ بگەن، پێم وایە نابێت پڕۆڤەکانی ئەم دوو شانۆنامەیەی فەرامۆش بکەن.

ستـانیسـلاڤسکی دەڵێت: لە شـانۆنامـەکـانی شەکسپیردا، چەندە دوای بەسـەرهاتەکـان بکەوین و دەستنیشـانیـان بکەین، ئەوەندە لە بارودۆخی دەوربەر تێدەگـەین، ئەو بارودۆخـانەی کـە دەبنە هۆی ڕووداني بەسەرهاتەکان. کاتێک کە بە وردی لێکیـان دەدەینەوە، لە هۆیەکانی هێڵی ناوەوە و دەروونی کەسایەتییەکان تێدەگەین. واتە بێ لێکدانەوەی ڕووداو و کردار ناتوانین لە پێکهاتەی ژیانی دەروونی کەسایەتییەکان بگەین و پوخت و دروست نمایشیان بکەین. هەر ئەم تێگەیشتنە ڕێگامان بۆ ئاسان دەکات کە لە مانای ناوەوە، مانا شاراوەکان، ماناکانی بن دێر نەک دێر خۆی، ئەو دیوی دەق، بگەین. ستانیسلاڤسکی ئەم میکانیزمە بەم جۆرە دادەڕێژێت: دەق بن دەق بەرهەم دێنێت، بن دەقیش دەقێکی نوێ بەرهەم دێنێت.

ئەمـجـا لەو هۆیانەش تێدەگەین کە وا لە کەسایەتییەکان دەکەن کە بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن و کردار بنوێنن.

### یارییەخەونێک...ناوەوە و دەرەوە
### دوو هێڵی هاوتەریب

شـانۆنامـەی یارییـە خـەونێک نموونەیەکی باشی دوو هێڵی هاوتەریبە. واتە ژیانی دەروونی کارەکتەرەکان هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی شان بەشانی هێڵی ڕووداوەکان دەڕۆن. لەم شـانۆنامـەیەیدا هەردوو هێڵ ئەوەندە لە یەکدییەوە نزیکن کە دیمەن دوای دیمەن بە شێوەیەکی دینامیکییانە دەبنە تەواوکەری یەکدی و هەردووکیش لە یەک سـەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن، ئەویش شـانۆنامـەکـە خۆیەتی. خۆ ئەگەر لە هەر دیمەنێکدا لە دەست ڕێژیسۆر لە یەکدی بترازێن، ئەوە لەو شوێنەدا شانۆنامەکە لەنگ دەبێت. بە بۆچوونی من و پاش شیکردنەوەی شانۆنامەکە، پێم وایە کە یارییەخەونێک، یارییە و خەونە، یارییەکە لە نێوان هێڵی ناوەوە و دەرەوە، خەونێکە دەربارەی جیهان لە کیشوەرە بێ سنوورەکانی بێ ئاگاییدا.

### ڕاهێنانێکی وۆرکشۆپەکان

دەقی شـانۆنامـەکـە بەلاوە بنێن، هەوڵ بدەن بە وشـەو شێوازی تایبەتی خۆتان گوزارشت لە ڕۆڵەکە بکەن، ئەم ڕاهێنانە دەبێت هەنگاو بەهەنگاو لەگـەڵ شێـرازەی ڕووداوەکـان و چوارچێوەی دیمەنەکـانی شـانۆنامـەکـەدا ئەنجـام بدرێت. واتە لە دەستـپێکەوە تاکـو کـۆتایی. تێگەیشتنی سەرجەمی شانۆنامەکە لەم مەشقە گەلێک گرنگە، چەند بە وردی لە شانۆنامەکەو بیرۆکەی نووسەر بگەیت، ئەوەندە چاکتـر ڕووداو و کـردارەکـان بە بیـری سەرەکی شانۆنامەکەوە گرێ دەدەیت. لە لایەکی دیکەوە، مەرج نییە دیمەنەکان بە پێی شیرازەی زنجیرە دیمەنەکانی شـانۆنامـەکـە هەڵبـژێرین، ڕەنگە دیمەنێکی کـۆتایی بکەوێتـەوە پێش دیمەنێکی سـەرەتا، ئەگـەر تەواو لە شانۆنامەکە نەگەی، مەحاڵە بزانیت چی دەکەیت.

هەوڵ بدە تا بۆتان دەکـرێت ئەندازەی ئاخـافتن و دیالۆگـەکـان کـەم بکەنەوە، با کـردار بدوێت، بە کرداری فـیـزیکی ڕوون و پڕ مـەبەست گـوزارشت بکە، نەک بە وشە. بزانە هێڵی سەرەکی کردارەکان، واتە هێڵی دەرەوە چۆن لە لات گەڵاڵە دەبێت. چەند دەتوانیت کردارەکان چڕ بکەیتەوە، لە کرداری بێ بەڵگەو مۆتیڤ پاکژیان بکەوە. وای دانێ هەر کـردارێک بۆ خـۆی وێسـتگەیەکـە. بەم شێوەیە جەستەی هێڵی دەرەوەی ڕۆڵەکەت بە شێوەیەکی سەرەتایی دادەڕێژیت.

پاش چەند جـارێک مـەشق کـردن و دووپات کـردنەوەی زنجیرەی ڕووداو و زنجیرەی کردارەکان، ئەمجا بگەڕێنەوە سـەر دەقـەکـە و بەکـاری بهـێنن. بزانن کـردارەکـان و قسـەکـانتـان چەند لەگـەڵ یەکـدیدا گـونجـاون. ئێسـتـا سـەرەڕای ئەوەی کـردارەکـان ڕوونتـرن، ئەوەندەش پڕ بە پێـستی ئاخـاوتنەکـانن، ئەمـجـا بۆتان دەدەکـەوێت کـە

قسەکانی خۆتان چەند ساکار و ڕۆژانەن بە بەراورد لەگەڵ دەقی شـانۆنامـەکـە کـە بێ گـومـان ئەدەبێکی بەرزە و داهێنانێکی کەم وێنەیە، هەروەها بۆتان دەردەکەوێت کە هەر وشەیەکی دەقەکە بۆ خۆی چ وزە و جۆشێکی تێدایەو چەندە بە سۆز و ئیحساسی ئینسانی بەرز جۆش دراوە.

بێ گـومـان ئەم ڕاهێنانەم لە ڕاهێنانەکـانی ستـانیسـلاڤسکی لە سـەر شـانۆنامـەی ئۆتیللۆوە وەرگرتووە. لە کـاتی کـارکـردنما لەگـەڵ قـوتابییـەکـانی مـەغـریب هـەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بە پێی پێـویست لەگـەڵ پێـداویسـتی و بارودۆخی ئەوان گونجاندوومە. پاشتریش لە بەریتانیا شێوەیەکی دیکەی وەرگـرت، لەو باوەڕەشـدام ئەم ڕاهێنانە دەکـرێت بە چەند شێوەیەکی جیاواز، بەڵام بۆ هەمان مەبەست جێبەجێ بکرێت، لەوانە هەر بۆ نموونە دیمەن بە دیمەن کاری لە سەر بکرێت، نەک کـار لەگـەڵ سـەرجـەمی شـانۆنامـەکـەدا بکرێت. ئەم شێوازە تەکنیکێکی کاریگەر بە ئەکتەران دەبەخشێت، فێری کارکردنی سەربەخۆیان دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نابێت پاش لەبەرکـردنی دەق ئەنجـام بدرێت، ستانیسلاڤسکی لەم ساڵانەی دواییدا، واتە لە کۆتایی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەم میتودەی جێبەجێ کرد و هەرگیز ڕێگای نەدەدا بە ئەکتەر بەر لە دەستنیشـان کـردنی هێڵی جەستـەی فـیـزیکی ڕۆڵەکە، ئاخافتنەکانیان لە بەر بکەن. ئەم شێوازە تەواو بە پێچەوانەی شێوازی ئەو شانۆیانەن کە داوا لە ئەکتەر دەکەن هەر لە قۆناغی یەکەمی پرۆڤەوە دەقەکانیان لە بەر بکەن.

## پلانی کردارەکانی ناو یارییە خەونێک

(١) ئەگنێس دەچێتە ناو قەڵاکەوە، ئێوە (وەستا جامچی، ئەفسەر، دایک) هەوڵ بدەن بە کردار پێوەندییەکان پیشان بدەن، باوەڕ بە ئەگنێس بهێنن کە دەبێت بمێنێتەوە.

(٢) ئەگنێس لە پاسەوان و ئەفسەوان نزیک دەبێتەوە، دەیەوێت لە نهێنییەکانیان تێ بگات، ئێوەش هەوڵ بدەن، پێوەندی لەگەڵدا دروست بکەن، بەڵام ئەمە دەبێت بە شێوەیەک بێت، وەکو ئەوەی نەتانەوێت هەموو شتێک ئاشکرا بکەن، نیوەی بۆچوونەکانتان ڕوونن، نیوەکەی دیکەی جیهانی سیحر و ئاڵۆزی خەونن. هێماو دوالیزم و دووفاقەیی مۆرکی کردارەکانە.

(٣) ئەگنێس ئەفسەر دەناسێتەوە، لێی دەچێتە پێشێ، تا دێت لێی نزیک دەبێتەوە، بە تێکڕا جیهانی ئەم کەسانە بۆ ئەگنێس سەرنجڕاکێشە، بۆیە زیاتر لێیان دەچێتە پێشێ، بەڵام بۆ ئەوان وا نییە.

(٤) ئەگنێس شایەتحاڵی هەوڵدانی هەموو ئەو خەڵکەیە کە دەیانەوێ دەرگاکە بکەنەوە.

تا ئەو دەمەی پۆلیس دێت و بەناوی یاساوە ڕێگایان لێ دەگرێت و کردنەوەی دەرگاکە قەدەغە دەکات.

(٥) بڕیار دەدەن بڕۆن بۆ لای پارێزەر، ئەگنێس لە بیرۆی پارێزەرەکەدایە، باشە بۆچی ئەو کە تەنیا شایەتحاڵێک بوو ئێستا تەنیا هەر ئەو لای پارێزەرە؟

(٦) ئەمجا کردارەکانی پارێزەر لە دیمەنی ناو ماڵدا، دابەشکردنی بڕوانامەی دکتۆرا بە سەر چەند کەسیک لە زانکۆکاندا. خەم و نەهامەتی و بێ ئۆمێدی پارێزەر.

(٧) ئەگنێس دەیەوێت شووکردن و ژیانی خێزانیش تاقی بکاتەوە، هەوڵ بدە بزانە چۆن پارێزەر ڕابهێنێت، ئەو کە باوەڕ ناکات ئەگنێس لە بەر هەژاری و بەد فەساڵی بەو ڕازی دەبێت.

(٨) دۆزەخی ژیانی خێزان و سەختی پێکەوە ژیان و هەڵکردن وەکو ژن و مێرد.

**ئەرکی سەرەکی:** لە هەر یەکێک لەم دیمەنانەدا پێنج کرداری سادە دەستنیشان بکە، پەنا بەرە بەر وشە، یان بیرۆکەکانی ناو دیالۆگەکانت، هەوڵ بدە وشەکانت بە کردار بهێنە دی. ئەگەر ڕووداوەکانت بە کرداری فیزیۆلۆژی و بە وشە بە ئەنجام گەیاند بۆت دەردەکەوێت ڕێگای ڕاستت گرتووە و ڕۆڵەکەت بە گوێرەی پێویست و بەشێوەیەکی ڕاست نەشونما دەکات.

## وۆرکشۆپی خەون و یاری خەون

ئەم وۆرکشۆپە تایبەتە بە شانۆنامەی یارییە خەونێک، واتە دەربارەی بابەتی سەرەکی شانۆنامەکەیە کە خەونەیارییەکە. ژیان خەونە، ئەمە بابەتی سەرەکی مەشقەکانە، ئەم ڕاهێنانە لە کرۆکدا لە میتودی میخایل چیخۆفەوە وەرگیراوە، کە لە بنەمادا لە سەر ڕێبازی ستانیسلاڤسکی دەڕوات و لەگەڵ میتودی ڤاختانگۆڤدا موتربەکراوە، هەروەها لە هەندێک ڕووەوە لە

بیومیکانیکەوە نزیکە.
(١) فۆرمی سەرەکی: هەندێک جار بە بڕبڕەی پشتی کردار ناو دەبرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت هەر لە سەرەتاوە تەرز و شێوازی ڕۆڵەکەت دەستنیشان بکەیت، کۆمیدییە، یان تراژیدییە؟ لە ڕووی گوزارشتی فیزیکییەوە هەوڵ بدە لە سەر ئەو شێوازە ڕەفتار لەگەڵ ڕۆڵەکەتدا بکە. ئەگەر ڕۆڵەکەت کۆمیدییە هەوڵ بدە لە ناخەوە پێ بکەنیت، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بینەران هەموو لەگەڵتدا بێنە پێکەنین. ئەگەر تراژیدییە وا بزانە جەستەت هەموو فرمێسکە.
(٢) یەکێک لە جووڵە سەرەکییەکان، یان ڕستەیەکی بە هێزی شانۆنامەکە وەربگرە، دیمەنێکی تەواو، یان ڕووداوێکی تەواوی لە سەر بنیاد بنێ، با کارەکەت کارێکی کامڵ بێت، واتە سەرەتا و پرۆسە و کۆتایی هەبێت. لەم ڕاهێنانەدا هەوڵ بدە بە کردار، یان جووڵە و ئاماژە گوزارشت لە ناوەڕۆکی ڕستەکە بکە.
(٣) هەریەکەو تیمایەک هەڵبژێرن: خەون، یاری، خۆشەویستی، چاوەڕوانی، مردن، خێر، شەڕ، جەستە، ڕوح، جوانی و دزێوی... هەر کەسێک کە دێتە ژوورێ بۆ ناو فەزای نمایش، لە جێگای خۆیدا بێ جووڵە لە دۆخێکی فیزیکی دینامیکدا ڕادەوەستێت، ئەو دۆخە دەبێت تەواو گوزارشت لە تیماکەی بکات. سەرەتا وەکو پەیکەرێک گوزارشت لە تیماکەی دەکات، ئەمجا بە وزەو بە جووڵە.
لەم مەشقەدا گرنگ ئەوەیە هەر کەسێک کە دێتە ژوورێ، هەروەها گرووپی ناو بازنەکە بیرو هۆشیان لە لای پێکهاتە(کۆمپۆزیسیۆن)ی گرووپەکە بێت، گرنگ ئەوەیە هەر جووڵەو کردارێک، دەبێت لە چوارچێوەی ئەو کۆمپۆزیسێونەدا بێت و گەشەی پێ بدات و لەو سنوورە نەترازێت. ڕادەی دینامیکییەتی گرووپەکە ڕادەی سەرکەوتوویی مەشقەکە دەسەلمێنێت.
(٤) کەش و ئەتمۆسفیر کەرەستەیەکی نەبینراوە لەسەر شانۆ، وەکو تەم، ڕووناکی، تاریکی، ترس، دوودڵی... تاد. لە یارییە خەونێکدا، ئەتمۆسفیر هەمیشە لە گۆڕاندایە، دەکرێت هەر دیمەنە و مۆرکێکی تایبەتی بۆ بخوڵقێنیت، دەشکرێت لە هەموو دیمەنەکانتدا یەک ئەتمۆسفیر بەکار بهێنیت، واتە ئەتمۆسفیری خەون. لە هەردوو نمایشی ڕەبات و کۆمبریادا ڕەنگاوڕەنگی و فرە تۆنی کەشەکانمان بەلاوە مەبەست بوو. هەر واش کەوتەوە، هەوڵمان دا هەر خەونەو بە کەشوهەوای خۆی نمایش بکرێت.
زۆر جار لە شانۆنامەکەدا ئەتمۆسفیر پێوەندی بە بیرەوەری و یادگار و ڕابردووەوە هەیە. درۆ نییە ئەگەر بڵێم شانۆنامەی یارییەخەونێک وەکو شانۆنامەیەکی ئیمپرۆسیۆنیست (ئینتیباع)ی نایاب، بوارێکی گەلێک فراوان بۆ ئەتمۆسفیری شاعیرانە و ناسک و مۆسیقاییانە و تابلۆئاسا دەڕەخسێنت، هەر دیمەنەو لە چەشنێک. کۆنتراستی نێوان دیمەنەکان دەکرێت بەر لە هەموو شتێک بە تیژکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان کەش و ئەتمۆسفیر لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێک پیشان بدرێت.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**عەلی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد**

لە ماوەی ڕابردوودا شەوێکیان من و کاک عەلی(١) لە ماڵی برادەرێکی ئازیز میوان بووین، کاتێک برادەرانی ئامادەبوو، باسی نووسینەکانی منیان کرد، ئەوانەی گۆڤاری (ڕامان)، کە نزیکەی دوو ساڵە بە بەردەوامی نووسین لەسەر ئەو بابەتە بڵاو دەکەمەوە و چاوپێکەوتن لە گەڵ هەموو کەسێک ئەنجام دەدەم، کە بزانم شتێکی لەسەر ئەو بابەتە لە لایە، یان ڕەنگە شتێک بڵێت ئەو بابەتەم دەوڵەمەندتر بکات، ئەوەبوو کاک عەلی فەرمووی: لە بیرمە کاروانچییەکانی کۆیە بۆ (مەهاباد)ێ دەهاتن، بۆیە هەوڵم دا و دواجار توانیم دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێزیدا ئەنجام بدەم.

کاک عەلی قازی تاقە کوڕی پێشەوا قازی محەمەدە و بە (کوڕی ڕەش)یش ناسراوە، ساڵی (١٩٣٣) لە گەڕەکی (قازی) لە شاری (مەهاباد) هاتۆتە دنیاوە.

گوتم: هەندێ گۆرانی ڕەسەن لە ناوچەی کۆیەدا هەن و تا ئەمڕۆش دەگوترێن، بەڵام ئەو گۆرانییە تایبەتمەندانە بۆ نموونە: لە (هەولێر)، یان (کەرکووک) هەتا لە (سلێمانی)ش کە لەچاو ئەو شارانە نوێیە، نابیسترێن، بەڵام هەندێ لەو گۆرانییانە بۆ نموونە: گۆرانی

**مەلا بانگدانێم پێخۆشە**
**ئامین ئامین ئامینێ**
**لێم دیارە باخچە و حەوشە**
**کوڵمە سوور ڕوو نەخشینێ**

ئەو گۆرانییە یەکێکە لە گۆرانییە تایبەتمەندەکانی ناوچەی کۆیە و لە پەنجاکان و دواتریش دەیان جار لە



**عەلی قازی محەمەد – وریا ئەحمەد**

باوکم (ئەحمەدی حەمە مەلا)م بیستووە، کەچی دواتر ساڵی (١٩٨٠) ئەو گۆرانییە بە دەنگی گۆرانیبێژ (قادری سەیاحی) گوتراوەتەوە؟ باشە ئەم گۆرانییە چۆن گەیشتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

جگە لەوە هەندێ گوتن و مەقامیش هەن، بۆ نموونە (ئەوەل سەحەرە)ی سێوەی نەمر، لە ڕووی مەقام و تام و بۆ و شێوازەوە زۆر لە مەقامی (گەلۆ)ی ناوچەی موکریانەوە نزیکە، یان هەر ئەوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڕای تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

وەڵام: لەبیرمە دوو حاجی کە خەڵکی کۆیە بوون، یەکێکیان ناوی (ئەحمەد) و ناوی ئەوی دیکەم وەبیر نەماوە، زۆر هاتوچۆی (مەهاباد)یان دەکرد، لە ماڵی دراوسێیەکی ئێمە بە ناوی (عەلی ڕەحمەت) میوان دەبوون، هەر کاتێکیش کە دەهاتن دیارییان بۆ باوکم دێنا، ئەوکاتە جارێ هێشتا باوکم نەببوو بە پێشەوا، بۆ نموونە: ڕۆژنامە و کۆوار و بڵاوکراوەی ڕامیاری پارتە سیاسییەکان، کە ئەو کاتە بڵاویان دەکردنەوە، دیارە ئەو کاروانچییە کۆییانە کاری بازرگانییان دەکرد، (کوتاڵ) و شتی دیکەیان لە (تاران)ەوە بۆ دەهات، دەیانبردەوە بۆ کۆیە.

لێرانەدا کاک عەلی شتێکی بیر کەوتەوە و گوتی: ئەو ڕۆژەی لە مەهابادێ (ئاڵای کوردستان) هەڵ کرا، کابرایەکیان هێنا جلی سپییان لەبەر کردبوو، لەناو تابووتێک دابوو، ئەمەش هێمای شاعیری کورد پەروەری نەمر (حاجی قادری کۆیی) بوو، کاتێک بە تابووتەوە بۆ سەربانیان هێنا، بۆ ئەو جێیەی ئاڵاکەی لێ هەڵ دەکرا، لە تابووتەکە هاتە دەرەوە و ئاڵای کوردستانی هەڵکرد و گەڕایەوە بۆ ناو تابووتەکە.

گوتم: ئەگەر بیرت بێت کێ ئەو ئاڵایەی پێشنیار کردبوو؟

وەڵام: پێش ئەوەی کۆماری مەهابادێ ئەو ئاڵایە هەڵ بکات، لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ.ک)ەوە ئەو ئاڵایە کە بە بچووکی دروست کرابوو بە سەر سینگیانەوە دەبینرا، دیارە پێشەوا قازی باوکم خۆی سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بوو. دواتر ناوی بۆ (حزبی دیموکراتی کوردستان) گۆڕا. کاک عەلی لە قسەکانیدا بەردەوام بوو و گوتی: پێوەندییەکی دی هەیە لە نێوان (مەهاباد) و (کۆیە) شایانی باسکردنە، ئەویش (دڵدار)ی شاعیر و شیعری نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)ە، کە دواتر بووە سروودی نەتەوەیی هەموو کورد. کاک عەلی ڕای وایە سەرچاوەی (ئەی ڕەقیب) وەک ئاواز لە مەهابادەوە هاتووە!

گوتم: لە کۆیە هەر لە کۆنەوە، چونکە ئەوسا (یانە) و (باڕ) و ئەوانە نەبووە، چەند برادەرێک کە زۆر شت کۆی دەکردنەوە، لەوانە: بەهرەی گوتن و دەنگخۆشی، نیشتمانپەروەری، مەینۆشی....تاد ئەوکاتە وا باو بووە، بۆ ناو ڕەز و باخەکانی دەوری شاری کۆیە دەچوون، ئایا لە مەهابادێ شتی لەو جۆرە هەبوو؟

وەڵام: کۆمەڵێک هەبوون لە قەراخ چۆمی لە مەهابادێ دەچوون دادەنیشتن، مەیان دەخواردەوە و گوتنیان دەگوت، لەوانە: حوسێنی ماملێ، نەک محەمەدی ماملێ کە لە دەنگخۆشیدا هاوتای محەمەدی ماملێ نەبوو، گەلێ لەو دەنگخۆشتر بوو، ئەوانە هەموو ئێواران دەچوونە دەرێ، وەبیرمە جارێک بۆ ماڵی خزمێکی خۆمان بۆ نانی (شامێ – ئێوارێ) بانگ کرابووین، حوسێنی ماملێ لەو بەری چۆمێ گۆرانی دەگوت، دەنگەکەی ئەوەندە نزیک بوو، هەندێک لە ئامادەبووان گوتیان: لە باخی عەزیز ئاغایە، ئەوانی دی گوتیان: لای کارگەی (قسڵ)ێن، چونکە دەیانزانی ئێواران هەمیشە لەو شوێنە دادەنیشن. باوکم گوتی: بنێرن بزانن لەکام لەو شوێنانە دانیشتوون؟

کاتێ بۆ سۆراغ چووین، زانیمان لای کارگەی قسڵەکەوە دانیشتوون. ئەوەبوو حوسێنی مامڵێ ئەو ئێوارەیە هاتە خزمەت باوکم و بۆ ئێمەش نەختێکی گوت. کوڕێکی دی هەبوو بە نێوی (دڵشادی ڕەسووڵی) هاتە سابلاخ، دەیانگوت ئەو کوڕە بە جحێڵی پێش دامەزرانی کۆماری مەهاباد لە کۆیە بووە، بۆیە دەڵێم: پێوەندی کۆیە و مەهاباد لە دێر زەمانەوە زۆر بە تین بووە، ئەوانەی هاتوچۆی مەهابادیان کردووە، کاروانچی بووبن، یان بازرگان، یان هی تر زۆرترینیان خەڵکی شاری کۆیە بوون، ساڵی (١٩٤٣ - ١٩٤٤) چوار ئەفسەرە شەهیدەکەش هاتن، ئەو زەمانە خەڵکی لای ئێمە بە جوانی نەیاندەزانی بە کوردی بنووسن و بخوێننەوە، کاتێ ئەو ئەفسەرانە هاتن لە کۆواری (نیشتمان)دا کە ئۆرگانی کۆمەڵەی (ژ.ک) بوو، لە ڕووی زمان و ئەوانەدا هاوکار و یارمەتیدەریان بوو، لە سەردەمی (ڕەزاشای)دا ئەو کاری نووسین و خوێندنی کوردییە، سێدارەی لە سەر بووە!

گوتم: ئەوکاتە لە مەهاباد چەند (خان - کاروانسەرا) هەبوون؟

وەڵام: ئەگەر بیرم مابێت (٤ - ٥) دانە هەبوون، تا ئەمڕۆش لە مەهاباد یەکێک لەو خانانە ماوە، کە لای ئێمە (کاروانسەرا)یان ناوبووە. ئەوکاتەی من باسی دەکەم مەهاباد لەو گەڕەکانە پێک هاتبوو: شوانان، ڕزگەیان، قولەقەبران، ئەرمەنییان، جوولەکان، سێ ئاشان. شایانی باسە ئەوکاتە گەڕەکی (قازی) کووچەیەک بوو سەر بە گەڕەکی ڕزگەریان بوو.

گوتم: ئەگەر بیرت مابێت لە مەهاباد جگە لە حوسێن و محەمەدی مامڵێ دەنگخۆشی تر هەبوون؟

گوتی: کەسی دەنگخۆشمان زۆر بوون، (میرزا قاسمی بارام) خزمی خۆمان بوو دەنگی زۆرخۆش بوو، کەسێکی دی بە ناوی (کێخوا ئەحمەد) دەنگی ئێجگار خۆش بوو، ئەمەیان گۆرانییەکانی (سەی عەسکەر - سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) دەگوتەوە، هەرچی میرزا قاسم بوو، زۆرتر شێوە گوتنەکانی ناوچەی موکریانی وەک: گوڵێ، بوهار، پایز، ئازیزە وحەیرانیشی دەگوت.

جگە لەوانە ژنێک بە ناوی (مەنیج حەیران) هەبوو، پیاوانە هەڵکەوتبوو! ئامێری دەفی لە گەڵ گۆرانیدا دەژەند، ژنێکی کوردپەروەر بوو، مێردی نەکردبوو، ئەوەندەی من ئاگاداربووم، لە مەهابادێ لە ماڵێکی بوو، کوڕێکیان هەبوو، کوڕی ئەو ماڵەی بە کوڕی خۆی قەبووڵ کردبوو! کاتێ من ئاوا تەمەن (٨ - ٩) ساڵان بووم، مەنیج تەمەنی لە دەوری (٤٠) ساڵیدا بوو، پاش کۆماری مەهاباد وەفاتی کرد.

دیارە من هەر لە ساڵی (١٩٥٥)ەوە، دوای شەهیدبوونی باوکم کە ئەوکاتە (١٣) ساڵان بووم، لەوکاتەوە لە مەهابادێ نەماوم، چونکە زۆر ئازاریان دەداین و ناڕەحەتیان دەکردین، بۆیە کاتێک زۆر منداڵ بووم، دایکم جاری یەکەم بۆ خوێندن بۆ (تەورێز)ی ناردم، دواتر بۆ (تاران)ی بردم، لەوێ لە بەشی ناوخۆیی قوتابخانەیەکدا مامەوە (کۆلێژی ئەمریکایی) ناوبوو، باوکم پێشەوا قازی محەمەد وەک کوڕ تەنیا منی بووە، ئەمڕۆ من و (٤) خوشکم لە ژیاندا ماوین! خوشکێکم خەباتگێڕی حیزبی دیموکرات بوو، کاتێ ویستیان بیگرن و بیخەنە زیندانەوە خۆی کوشت، چونکە ڕازی نەبوو خۆی بداتە دەست دوژمن!

گوتم: لەو ماوەیەدا مەبەستم پێش ئەوەی مەهاباد بە یەکجاری جێ بهێڵیت، هیچ جار بەسەفەر بۆ باشووری کوردستان هاتوویت؟

گوتی: نەخێر تەنیا تا شارەکانی (شنۆ) و (نەغەدە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتووم.

گوتم: ئەوکاتەی لە مەهاباد بووی چ ئامێرێکی موزیکت بەرچاو کەوتووە؟

گوتی: ئامێرەکانی (کەمانچە)(٢) و (تار) و (دمبک) و (بلوێر) و(شمشاڵ) هەبوون، ئەمانە جگە لە (دەهۆڵ و زوڕنا) دەڵێن: کۆچکردوو (فەتاح)ی قازی مامی پێشەوا قازی محەمەد زوڕناژەنێکی هەبووە، بە نێوی (خەمە چاوەش) ئێوارەیەکی (سالاری فەتاحی قازی) سواری ئەسپ دەبن، بەرەو نێو باخەکانی نزیک مەهابادێ دەڕۆن، تووشی کابرایەکی دەبن زوڕنای لێداوە، خەمەچاوەش بە زوڕناژەنەکە دەڵێ: زوڕناکەتم بدەرێ، کە زوڕنای کابرا وەردەگرێ سەری بەرەوئاسمان هەڵدێنێ و ئەوندە بە هێز فوو بە زوڕنای کابرا دادەکات، زوڕناکەی دەقەڵەشێنێ!

ئەوسەردەمە (ڕادیۆ)ی کۆماری مەهاباد هەموو ئێواران بەرنامەی هەبوو، (بڵندگۆ - Speaker)، یان لە ناو شار دانابوو، بۆ خۆم زۆرجار دەچوومە ئەو ئێزگەیە،

محەمەدی ماملێ گۆرانی (کراس زەردێ)ی دەگوت، باخێکمان لەوبەری چۆمی هەبوو، ئەم بەرە شار بوو، باخەکانیش لەوبەر چۆمی بوون.

گوتم: گەر بیرت مابێت لە مەهابادێ تەکیە هەبوو؟

گوتی: مزگەوت زۆر بوون، بەڵام (٣) دانە تەکیە هەبوون، بە یارمەتی ئامێری دەفەوە زیکر و ستایشی خودایان دەکرد، ئەوانەش تەکیەی (قادری) و (نەقشەبەندی) و (بابە خەلیفە) بوون.

گوتم: لەناو دەروێش و مریدانی ئەو دوو تەکیەیەدا کەسانی دەنگخۆشی مەقام و غەزەل خوێن هەبوون؟

گوتی: ئەو میرزا قاسمەی زووتر باسم کرد، دیارە ئەو پیاوە دەنگخۆشە، لە شایی و زەماوەنداندا گۆرانی و مەقامی نەدەگوت، تەنیا لە شوێنێک خۆی پێی خۆش بوایە، بۆ نموونە لە خزمەت پێشەوادا. شایانی باسە دەنگی ئەو میرزا قاسمە ئەمڕۆ بە تۆمارکراوی لە وڵاتی (ئەڵمان)دا هەیە.

گوتم: جاران لە زۆر شوێن و ناوچەی کوردستاندا باو بووە، دەنگخۆشان بەرانبەر یەکدی دانیشتوونە، تا یەکێکیان تەنگی بەوی تریان هەڵچنیوە، بۆ نموونە: لە کۆیە لە دیوەخانی (ئەمین ئاغای ئەختەر) و لە کەرکووک لە تەکیەی (تاڵەبانی) و لە هیران لە تەکیەی (کاکی هیرانێ)، ئایا لە مەهابادێ ئەو کارەت دیوە، لە نێوان بۆ نموونە مەقامخوانانی مەهاباد و هی شوێنەکانی دیکەی وەک کاروانچییەکانی کۆیەدا کرابێت؟

گوتی: وەک گوتم تەمەنم (٨ - ٩) ساڵان بوو کاتێ بە ناچاری مەهابادم جێ هێشت، بۆیە بەوە ڕانەگەییوم هەموو شتێک ببینم.

گوتم: سەعیدی ماملێ کە دەنگخۆشێکی بەهرەمەند و باوکی محەمەدی ماملێ بووە، ئایا تۆ ئەو بلیمەتەت دیوە؟

گوتی: نەخێر.

گوتم: ئەدی (خەلیلی سەدیقی) کە دەنگی دەچێتە سەر دەنگی ماملێ، بەڵام دەنگی لە دەنگی ماملێ ساف و ناسک و شیرینتر بووە؟

گوتی: ئەمەیان ڕەفیقم بوو، وێنەمان پێکەوە هەیە، کاتێکیش بەر لە کۆچەکەی نەخۆش کەوتبوو، گوتبووی: بۆ لای کوڕی ڕەشم بەرن، ئەو چارەم دەکات. جارێکیان خەلیلی سەدیقی و محەمەدی ماملێ و غولامی عەلی ڕۆمی لە تاران میوانم بوون و سێ ڕۆژ گۆرانییان بۆ گوتم.

گوتم: چەند جۆر هەڵپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە؟

گوتی: سوێسکەیی، ڕۆیینە، سێ پێ یی.

گوتم: لای ئێمە هەندێ جار شایەر ڕۆڵی (دەهۆڵ و زوڕنا) دەبینێ، لای ئێوەش هەر وابووە؟

گوتی: لە شاییدا دوو گۆرانیبێژ دەهاتن، بە خەڵکیاندا هەڵدەگوت، بەرانبەر بەوە شاباشیان وەردەگرت، تا ئەمڕۆش وەک ئاگادارم لە ناوچەی مەهابادێ ئەو ڕێوڕەسمە ماوە. بۆ باشترین، یان ناودارترین شایەرانی ناوچەی مەهابادیشەوە گوتی: مەلا حوسێن کۆچی کردووە، ڕەسووڵی نادری. گۆرانی (مەنیج بارگەکەی لێنا) لە شاییاندا دەگوترا، ئەمەش هۆنراوەیەکە ، باسی بووکێک دەکات کە بە سواری لە شاری بۆکانەوە بەرەو شاری مەهابادێ هێناویانە، باسی یەکە یەکەی گوندەکانی سەر ڕێگە و زۆر شتی تر دەکات.


**پەراوێز:**

**(١) من لەگەڵ کاک (عەلی قازی، یان کوڕی ڕەش)دا، لە سەتەلایتی (Med) و (Medya) و (Roj - TV) لە نەوەتەکاندا یەکتریمان ناسیوە.**

**(٢) کەمانچە: ئامێرێکی موزیکی کوردانە، هەندێ جۆری (٣) ژێ و جۆری تری (١) ژێی هەیە، لە کاتی ژەنیندا ئامێرەکە دەخرێتە سەر چۆک و بە کەوانەیەکی بچووک لێ دەدرێت.**

# غەزەلنووس و ئەفسانەی شیعر و جەستە

**هاشم سەڕاج**




هەمیشە لەژێر بنیادە جۆراوجۆرەکانی دەقی «غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ»ی بەختیار عەلی دا هێزێکی نادیاری کردەی نووسین هەیە کە هەڵگری هەستێکی قووڵی ئەنتۆلۆژییە و بەشێوەیەکی بەردەوام لە جووڵە و بزاڤ و ئامادەیی و پێوار دایە، زۆرجار مانەندی دەروون شیکارێک لە فەزای ئاگایی و نائاگایی و قووڵایی خودی کاراکتەرەکاندا خەریکی پرۆسەی هەڵکۆڵینی سایکۆلۆژییە، بڕێ جار هاوشێوەیی خودی لەت کراوی کەسایەتییەکان لێکدی نزیک دەکاتەوە، چونکە هێزی خەیاڵئامێزی نووسین لە تێکستی غەزەلنووسدا هێزێکی «پۆلیفۆنی»یە و بە بەشداری کردنی تێکڕای دەنگەکان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەربڕین و ئاهەنگەکانی دەلالەت و کەرنەڤاڵی نووسین و گێڕانەوە و شەپۆلەکانی شیعرییەت و بنەماکانی دیالۆگ کە سەر بە تێڕوانینەکانی «میخائیل باختین»ە، بە بەرجەستەکردنی هزر و تێرمی [مرۆڤی تەواو و بێ ڕەگ و ڕیشە) وەک چەمکێکی «نیتشە»یی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی سەنتەری دەسەڵاتی مۆدێرنە دەدات، ڕۆمانی غەزەلنووس لە دەسپێکی نووسینەوە خوێنەر ئاراستەی جیهانی دەلالەی ناو و ناونان و خەیاڵی زمانی دەکات، ناوی کاراکتەرەکان هەڵگری ماناو دەلالەتگەلێکی جیاجیان، بڕێ لەناوەکان کە بە بڕگە و دەستەواژەی شیعری داڕێژراون، هەڵگری جۆرێک لە ڕیتم و ئاوازی غەمگین غەمگین و حەسرەتاوین، بەشێکی تر لە ڕێگەی ڕیتمەوە گوزارە لە خەسڵەتی توندوتیژی و دڕندەیی دەکەن، ئێستە هەوڵ دەدەم ناوی سەرجەم کاراکتەرەکان تۆمار بکەم کە لە ڕێگەی دیالۆگ و گێڕانەوە و گرتەی سینەمایی و مۆتیڤی ئەفسانەیی و مۆرکی شیعرییەت و تابلۆی شێوەکاری و خەیاڵەوە ئاوێزانی ڕووداوگەلەکان دەکرێن و تا دێ تێکستێکی فرەدەنگی «پۆلیفۆنی» لە ڕێگەی وشە ڕۆنان

و دارژانی زمانی و مۆرکی شعرییەت و گەمەی ئاڵۆزی ئاوەڵناوی و هێزە دۆزەخییەکانی خەیاڵ و توخمی شاراوەی ئەفسانەیی، گوزارە لە تراژیدیایەکی ئەنتۆلۆژی و ستەم گەلێکی کۆمەڵایەتی و نادادپەروەری و هاوکات لە ڕوحی عیشق و شیعرو جوانی و ئەفسانەکانی جەستە دەکات، عیشقێک کە بەشێوەیەکی بەردەوام بوونی خۆی لە کانگاو ناخی مرۆڤەکاندا دەپارێزێ، یان عیشق و شەیداییەک لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنەوە پێ لەسەر ئازادییە تاکەکەسییەکان دادەگرێ و گومان لە گشت بنەماو پرەنسیپە جۆراوجۆرەکانی هزری مۆدێرنە دەکات، ئەوەتا گەڕەکی [میراوا] کە دواتر دەبێتە «نوێمیران» لە پانتایی دەقی غەزەلنووسدا بە سەنتەری حوکمڕانی دادەنرێ و لەوێ لە باغ و گوڕستانی «مورتەزای شەیتان»دا تەرمی جەنگاوەرانی شەڕە جۆراوجۆرەکان بێ سەرو شوێن دەکرێ، نوێمیران دەرهاوێشتەی قۆناخی مۆدێرنیتە و چەق و سەنتەری زاڵبووی ئەقڵی ئایدیۆلۆژی و جێگە و شوێنی مرۆڤگەلێکی زۆر خۆر و بۆشناخە، یان شوێن و مەفتەنی ئەو بارۆنانەیە کە بە هەوەس و ئارەزووی خۆیان هەرچییەکیان گەرەک بێ، بێ ترس ئەنجامی دەدەن..

ناوی کاراکتەرەکان.. سەحەر ئاغا «بارۆنی خەیاڵ»، زوهدی شازەمان «مەجەلانی ڕاستەقینە»، ماجیدی گوڵ سۆلاڤ «ماجەلانی خەیاڵی»، بەهمەن ناسر سەعید «غەزەلنووس»، حەسەن تۆفان، دەرسیم تاهیر، موراد جەمیل، مەلا غەریبی هاجەر، مەلای سوختە، بەهار بانوو، جەعفەری مەغۆلی، سابیر تەرانۆ، شبر مستەفا، فەرەی تونچی، فازیل قەندیل، دالماز، حاجی کۆتەر، خانمی شەمس، مامۆستا سەعید بایۆ، مەهناز، سەیفەدین مارۆ، سەرکەوت نەزمی، تریفە یابەحری، فەوزیەخانی ژنی زاهیر ئاغای یابەحری، جەوهەر ئاغای یابەحری، سەمیرە یابەحری، یاسەمیەکان، حوسنی ماردینی، گەلاوێژ باهیر، سەید عەبدولقادری نیا، شەیدا نەرویجی، حوسنی خەیاڵ= حوسنی مادینی، عەتاریە= سەرکەوت نەزمی، ئافتاوی ژنی ئەکرەم، عوسمان، شەفیقە خان، مەلا گورونە، کچەکەی عینایەت، باران شوکور، گوڵستان شازەمان، مورتەزای شەیتان، سامان، سەراب بەهجەت، شەهرەیاری شووشە، نەجۆ ئەشکانی و مەهنازی دەسگیرانی، خەسرەوی جەبر، عەلەتوان دوو، مەجە ئێکسیلاشی، سەلما نەجیب، گولزار خالید، پیرۆزی گوڵاو دایکی حەسەن تۆفان دواتر تۆفان بە حەسەن پیرۆز ناوزەد دەکرێ، هیدایەتی گورجی، ڕۆستەمی عەزیز ئاوارە، خەلیل کیسەڵ، باقیحی مەجید باجەڕ، عەریف شەل، ئەفسانە خانی ژنی خاوەن ئوتێلەکە، نێرگز فورات، پەریناز، بارۆنی بووکە شووشە= میر سەفین، سەبری، غەنی کرمانج، شەهابی فەل، بارۆنی کوولەکە مێردی باران شوکورە، خەیاڵوان، نەشمیل، بارۆنی هەنگوین، بارۆنی ڕەش، بارۆنی سێبەر= مەهدی خوداداد، سمکۆ ئاغای پاسەوان، چەکدارانی وسو ئاغا، بارۆنی مەیکەدە، پوورە نەرمین، نەونیگای کچی بارۆن، بارۆنی کولەکە ناوی سامانی شەفەی شجەرە، بارۆنی گوڵ بەفیاگرا دەمرێ، میری خەنەو وسمە، شێخی ناوساجی، قەیسەر، چەقەڵ ئیسماعیل، یاقووتی مەمەد، مام هەریر، چەتۆ ئاغا، شەهریار بایز، جەواهیر سەرفراز، سەیرانی ژنی بارۆنی مریشک، بارۆنی شیروشەکر، نەوجەوانی چینی مەبەست موراد جەمیلە، ڕەشید تەرخونچی، هەرمین «مراوی ئاوی، بولبول و باخان، بارۆنی دەریاچە، عەبدولرەحمان نەجیب بارۆنی پۆرسەلان، بارۆنی توتی، بارۆنی ئاسک، نەورەسی گوڵ سۆلاڤ، خەسیو عەزیز، پێرسی ئەندازیار، بارۆنی دەریاچە= سەعۆلی خلە بەڕۆن، تیشکان تاهیر دایەنی «سێوان»، [بارۆنی خەیاڵ= سەحەر ئاغا، میر سەحەر]، بەمۆ و مەمۆ، بارۆنی پەشمەک، هێشووی خوشکی بارۆنی پۆرسەلان، غەفوور ئاغای سەرماوزەڕ، بارۆنی تورکی، بارۆنی ماستاو، بارۆنی بەزودوگ، بارۆنی مەدەنی، سێوان، بارۆنی غەم، بارۆنی گەمەشامی.... تاد....

ڕۆمانی «غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ» وەک تێکستێکی والا ڕەهەند گەلێکی بێ شومار بۆ خوێنەری بەرهەمهێن دەکاتەوە، خوێنەر دەتوانێ لە ڕێگەی کردنەوەی کۆدەکانی دەق و دۆزینەوەی ماناو دەلالەکانی عیشق و غەزەل و جوانی و مەستبوون بەشەپۆلەکانی شیعر گەرایی، ڕیتمێکی تایبەتی بۆخۆی بدۆزێتەوە و لەسەر لەنجە و ئاوازی ئەو ڕیتمە بە دڵنیاییەکی فەنتازی خۆی لە دەسەڵاتی زمان و دانەر دەرباز بکات و لە چرکە ئاگرینەکانی چێژ و لەززەتدا بیر لە خەیاڵ و بوونی خۆی بکاتەوە و هاوکات لەگەڵ دەلالەتە شاراوەکانی بنیادی

قوولّی دەق جۆرێک لە ئولفەت و ئاشنایی پەیدا بکات.
مەبەستم دواندنی چەمکی ئەو هێماو دەلالەتەیە کە ڕەوت و پرۆسەی نووسین بەرەو خەیاڵ و ئێستێتیک و هۆکارەکانی تاوان ڕادەمالێ و بەدوای چارەنووسی بوونەوەرە بێ سەرو شوێن کراوەکاندا دەگەڕێ، نەخاسمە دۆزینەوەی تەرمی [موراد جەمیل] و دواتر ئەو گەڕانە بەردەوامەی ماجەلانی ڕاستەقینە کە بەدوای چارەنووسی [باران شوکور]دا وێڵە، کردەی نووسین جۆرێک لە زەمەنی بازنەیی بەدەق دەبەخشێ، چونکە لە دەسپێکی نووسینەوە، ئاماژە بەو سێ قارەمانە دەکرێ کە لە گوندە دێرینەکەی [سەحەر ئاغا]ی بارۆنی خەیاڵدا خەریکی کرێکاری و خانوو دروست کردنن، دواجار بەهەمان شێوە بەدیلی ئەم کردەیە ئەنجام دەدەن، لێرەدا حەز ناکەم ڕووداوەکان، یان چەمک و بابەتی ڕۆمانەکە بگێڕمەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی «جەستەی ئەفسانە» و گوڵشەنی گوڵە ئەفسانەییەکانی «هەزار باغ» و چوارینەکانی مەلا غەریبی هاجەر «مەلای سوختە، غەزەلنووس، خەیاڵوان» و گەشتە خەیاڵییەکانی ماجیدی گوڵ سۆلاڤ و مافوورە ئەفسووناوییەکانی [تریفە یا بەحری] و گەشتە ڕاستەقینەکانی زوهدی شازەمانەوە.. کە تێکڕای دیمەن و حاڵەتە دەروونییەکانی کاراکتەرەکان پەیوەستن بە عیشق و خەیاڵ و جوانی و گەڕان بەدوای ئازادییە تاکەکەسییەکان و پووچەڵ کردنەوەی حیکایەتە گەورەکانی بارۆنی خەیاڵ و جەعفەری مەغۆلی و هەڵوەشاندنی سەنتەری حوکمڕانی ئەقڵی مۆدێرنە.
چوارینەکانی مەلای سوختە ئاماژەیە بۆ جیهانی بەردەوامی داهێنان کە کردەیەکی گیانی و ئیستێتیکی و سیمیۆلۆژییە و هەرگیزاوهەرگیز کۆن و پەژمووردە نابێ، یان بەشێوەیەکی تر چوارینەکان ئاماژن بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی [بابا تاهیری هەمەدانی] و [عومەر خەیام] کە ڕوحی شیعر هەمیشە ئاوێتەی هەست و دڵ و زەین و خەیاڵی خوێنەر دەبێ و ئێستەش بە لەتە حەشیشە شاراوەکانی چوارینەکانی خەیام سەرمەست و سەرگەردان دەبین، پاشان هەزار باغ ئەو جیهانە خەیاڵ کردەی نێو گیانی غەزەلنووسە، [بەهمەن ناسر سەعید دوای شەش ساڵ خوێندنەوەی غەزەلەکانی مەلای سوختە، عاشقی کچێک بوو بە ناوی نێرگز فورات]. بەم جۆرە خودی مرۆڤی عاشق و هەڵوەدا لە ڕێگەی هێزی خەیاڵ و پرشنگەکانی جوانییەوە وڵاتێک لەنێو ڕوحیدا دەخوڵقێنێ لێوان لێوە لە پاکی و جوانی و دڵنیاییەکی بێ کوتا، هەزار باغ «دلمون»ی سۆمەری و فیردەوسەکانی گیانە تێیدا سەرجەم ئادەمییە جوانەکان بەتێکڕای جیاوازییەکانیانەوە نیشتەجێن و لە ڕێگەی عیشق و مەحەبەت، دانوستان و گفتوگۆکانەوە ئەنجام دەدەن، باغی مەهنازو باغەکانی هەزار باغ پڕن لە گوڵ و عیشق و شەرابی ئەفسانەیی و غەزەلە ڕوح پڕووکێنەکانی مەلا غەریبی هاجەر، ئیتر لەگەڵ جیلوەی جوانییەکانی جەستەی [ئەفسانە]و گەمە ئیرۆتیکییەکانی لەش شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی ڕوو لە ئاوابوون دەکا، چونکە جەستەی ئەفسانەی ژنی خاوەن هوتێلی [بەفرو باران] پرۆسەی شیعر ڕووە و کردەی ئیرۆتیکی و ئاگرەکانی لەززەت ڕادەمالێ و جەستەش مانەندی مەفتەنی چێژو سێکس بوونی خۆی دەسەپێنێ و قەرەبووی ئەو قۆناخە مێژووییەی دەکاتەوە کە ماوەیەکی دوورودرێژە بە فەرامۆش کراوی و وڵانراوی ماوەتەوە و پرۆسەی شیعریش لەو ماوەیەدا زۆرتر بەهاو بایەخ و گرنگی بە لایەنی ڕوح داوە تا جەستە، واتە بە دەرکەوتنی جەستەی تیشک بەخش و نەشئەبازی «ئەفسانە» کۆتایی بەسەردەمی شێوازی غەزەلەکانی مەلا غەریبی هاجەر دێ و ڕوح و جەستە ڤێکڕا وەک بنیادێکی گشتی سەیر دەکرێت و لە هەمان کاتدا جەستە دەبێتە شوێنگەی چێژ و جوانی، شیعر هێدی هێدی ڕوو لە دنیای دیۆنیزۆسییەت و لەززەتە ڕوحییەکانی ئەپیکۆری و نەشئە نیهلیزمییەکانی نیتشە دەکات، مەبەست «شیعری شێوە نیهلیستی و میتافۆری و باخۆسی و ئەپیکۆرییە) چونکە جەستە لەگەڵ ئەنجامدانی گەمەی جیاوازییەکان و هەڵوەشاندنەوەی بنەماو پرنسیپە ئایدۆلۆژییەکانی «مۆدێرنە» و ناساندنی ئەقڵی تۆتالیزەکراو و هەڵوەشانەوەی سستمی پاتریارکی و ترادیسیۆنە کۆنەکان و ڕاگەیاندنی مەرگی ڕاستییە چەسپاو و جێگیرەکان، نرخ و بەهاو بایەخێکی نوێ وەردەگرێ و دەشێ ببێتە هەڵبەند و گۆڕەپانی چرکە لەززەتبەخشەکانی ئیرۆتیک، بۆیە مرۆڤی تەواو بێ ڕەگ و ڕیشەی

دەقی غـــەزەلنووس لەزۆر ڕووەوە لە مرۆڤی باڵای نیتشە دەکات «کە مۆرالی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەم مۆڕالەش بەهۆی هێزەوە پێکدێ» لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێ کە «هەوڵی نیتشە بۆ ئەوەبوو کە بایەخ بۆ جەستە بگەڕێنێتەوە، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە هۆشیاری تاکەکەس هۆشیاری ئەو نییە بۆ خۆی، بەڵکو هۆشیارییە بۆ ئەویتر».. ئیتر لەگەڵ هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی سستمی چەقگەرایی «نوێمیران» تێکست هەست و چالاکییەکانی ئەقڵ دەخاتە ژێر پرسیارەوە، «غەزەلنووس هەستی کرد خۆشی پارچەیەک خەیاڵە.. خۆشی بۆنێکی ئەفسووناوییە و با بەرەو نادیار دەیبات»، بەڵام دلمون [باغی مەهناز+ هەزار باغ] بەسەرەکیترین بنکەو مەڵبەند، یان سەرچاوەی هێزە نادیارەکانی خەیاڵ دادەنرێ، دلمونی هەزار باغ لەنێو ڕوحی هەریەک لە غەزەلنووس و ماجیدی گوڵ سۆلاڤ و موراد جەمیل «فیردەوسی تیشک و جوانی بەخشی ڕوحی غەزەلنووس» و تریفە یابەحری و باران شوکور و زوهدی شازەمان و ئەفسانەو مەهناز و هەتا دواتر لای حەسەنی پیرۆزی گوڵاو و شبر مستەفاشدا بوونی خۆی دەپارێزێ، زۆربەی قارەمانانی دەق لەم باغە خەیاڵییەوە هێزی گیانی وەردەگرن و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی بنیادنانی شاری خەونەکانی بارۆنی خەیاڵ و بارۆنی پۆرسەلان و هەوڵە چەپەڵەکانی عەتار و مورتەزای شەیتان دەدەن، هەروەها «کتێبی مەرگ» بەرهەمی چالاکییە شیعری و ئێستێتیکییەکانی ئەم باغەیە و کتێبی تۆمارکراوی کۆست و مەرگەساتە جەرگبڕەکانە کە بارۆنەکان بە نهێنی ئەنجامی دەدەن.

لە ڕوویەکی دیکەوە ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ هەڵگری بنیادێکی پۆلیسییە، پۆلیسی بەو چەمکە قووڵەی کە قارەمانەکان لە ڕێگەی دیالۆگ و نیشانە سایکۆلۆژییەکان و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و دانیشتنە تایبەتییەکانەوە بەدوای دۆزینەوەی تاوانباراندا دەگەڕێن و کۆدی نیشانە شاراوەکان دەدۆزنەوە، نە خوازەڵڵا چۆنیەتی کوژرانی موراد جەمیل و باران شوکور.. کە جەعفەری مەغۆلی لەژێر هێز و دەسەڵاتی بارۆنی پۆرسەلان و بارۆنی خەیاڵدا جێبەجێی دەکات. دواتر غەزەلنووس بە ئامادەکی بارۆنی پۆرسەلان و بارۆنی خەیاڵ لە لایەن جەعفەری مەغولییەوە تیرۆر دەکرێ، مەرگی غەزەلنووس- هەمان مەرگی [یەسوعی ناسری]یە.. کاتێ لەلایەن بارۆنی خەیاڵەوە خاولییە ڕەنگاوڕەنگەکە بە نەرمەکەیدا دەدرێ- هەمان ئەو تاجە درکەزییەیە ،یان ئەو کراسە وەنەوشەییە کە پاسەوانان بە تەوسەوە لەبەر (مەسیح)ی دەکەن. غەزەلنووس خۆی بە مرۆڤێکی تەواو و بەرکەماڵ دەزانێ «ئەوەی شفرەی ناو غەزەلەکانی من و مەلای سوختەی بوێت، دەبێ جگە لە عیشق و غەزەل و باغ بیر لە هیچی تر نەکاتەوە». «مرۆڤی تەواو تەنیا بیر لە باغ دەکاتەوە، بیر لە ڕۆشنایی ناو لالەزار، بۆنی بێ بڕانەوەی گوڵاو».. غەزەلنووس لەم ڕوانگەیەوە لە چەمکی بوون و عیشق و خەیاڵ و جوانی دەڕوانێ، «جوانی ئەوەیە شتێک دروست بکەین و شتێکمان بیر بچێتەوە.. شتێک بخولقێنین و ئەم دنیایە فەرامۆش بکەین».

«خەیاڵ دروست کردنی شتێکە کە ناکرێت بە حەقیقەت»، «خەیاڵ لای من ئەوەیە کە باغێک دروست بکەم هەر مرۆڤێک بینی بڵێت ئەمە ئەو باغەیە کە هەمیشە لە خەونەکانمدا بووە».. پاشان مەرگی غەزەلنووس چوون زەبرێکی کوشندە لەگەڵ تاوانەکانی تردا تێکەڵ دەبێ و تادێ ڕوحی بارۆنی خەیاڵ دووچاری جۆرێک لە نیگەرانی و نەسرەوت و بێزاری دەکات، لە ئەنجامدا هێدی هێدی تۆوی شێتی لە ئەقڵ و هۆش و زەینیدا دەڕسکێ، لە لایەکی دیکەوە هەریەک لە کەسایەتییەکان خاوەندی جۆرێک لە خەسڵەت و نیشانەی تایبەتین، بۆ نموونە:

دەرسیم تاهیر بەهۆی لووتە زلەکەیەوە تەرمە بێ سەرو شوێن کراوەکان دەدۆزێتەوە، حەسەن تۆفان کابرایەکی زۆر بلێ و هەڵەوەڕە، لە دایکبوونی غەزەلنووس و تریفە یابەحری و خەیاڵوان، سەر بە هەلومەرج و کەشوهەوایەکی ئاڵۆز و تەمومژاوی و پەرجوئامێزە، بەهمەن ناسر سەعید کە لە دایک دەبێ، غەزەلێ لەسەر سینەی هەڵکەنراوە، مەلا غەریبی هاجەر واز لە نووسین دێنێ و عیشقی شتێکی نائاسایی لە ڕوحیدا دەمێنێتەوە، ئەو شتە سەیرەش بریتییە لە هێزی عاشقبوون بە «بێ دەنگی»... مەلا غەریبی هاجەر شەیدای ژنێکی سپیکەلانە دەبێ کە ناوی بەهار بانووە.. لەوانەیە بەهمەنی غەزەلنووس فەرزەندی ئەو خانمە بێ، واتە لە بەهار بانوو بێ، جەعفەری مەغۆلی کە خەتەرناکترین پیاوکوژی بارۆنەکانە بەردەوام دەسە سڕەکەی لە

خوێنی قوربانییەکانی دەنێ، یان دەسەسڕەکەی بەخوێنی کوژراوەکانی سوور دەکات، لەگەڵ ئەوەش مەغۆلی پیاوکوژێکی دەنگ خۆشە و بە دەنگە ناسکەکەی گۆرانی دەچڕێ، هێزی نووسین لەسەر کۆمەڵێک دوالیزمی هاودژی لەم جۆرە کاری کردووە.

یان سەمیرە کچە و منداڵی دەبێ، غەزەلنووس بە «کچی نوتفە خەیاڵییەکان» ناوزەدی دەکات، توخمی خەیاڵ چۆن لەلای غەزەلنووسدا نرخ و بەهایەکی گیانی هەیە، بەهەمان شێوە لای تریفە یابەحری خەیاڵ بەشێکی گرنگی نەخشونیگاری سەر فەرش و مافوورەکانیەتی، تریفە بەهۆی خەیاڵ و ئەقڵی فەنتازی نەخشونیگاری سیحراوی دەخولقێنێ، ئەی چارەنووسی «باران شوکور»ی تەنیا کچەکەی گوڵستانی شازەمان و ژنی سامانی بارۆن، مەلای سوختە دەڵێ: من ناوم سەراب بەهجەتە، «ژوورە تایبەتییەکەی مەلای هاجەر «بەهمەن ناسر» ئەوەی بچێتە ئەو ژوورەوە مەحکوومە بەوەی تا هەتا هەتایە غەریب بێت، لەویادا ئەو هەوایە لە مرۆڤ دەدات کە گیرۆدەی سیحری غەزەلی دەکات» کارەساتی خۆسووتاندنی مەهنازی کچی سەیفەدین مارۆ و نەگونجانی لەگەڵ (نەجۆی ئەشکانی) دەسگیرانی، لەوانەیە سەبرییەی کچە شەبەنگەکەی هەزار باغ شێوەی دووەمی شەبەنگی نێرگز فوراتی یەکەم خۆشەویستی بەهمەن ناسر سەعید بێ، ماجیدی گوڵ سۆلاف حیکایەتخوانی گەڕەکی بارۆنەکان مانەندی موراد جەمیل هەڵگری مۆناده ئاڵۆزەکانی گیانی غەزەلنووسە، «ئەفسانە»ی خانمی «چرپە ئەفسووناوییەکان» بە جەستە بلوورییەکەی ئاژاوەیەکی لەززەتداری ئیرۆتیکی لە فەزای تێکستە خەیاڵییەکەی باغی مەهناز و هەزار باغدا دەخولقێنێ و گوڵە ئەفسووناوییەکانی هەزار باغ دڵۆپ دڵۆپ شێلەی ئیرۆسییان لێ دەتکێ، ئەی نەونیگای کچی بارۆن و ڕفاندنی سەی قادری نیا لەلایەن پیاوانی بارۆنی پۆرسەلان و بارۆنی خەیاڵ و جەعفەری مەغۆلییەوە، غەزەلنووس سیفاتە جوانەکانی نێرگز فورات و مەهناز لە ڕوحی تریفە یا بەحری-دا دەدۆزێتەوە، بەڵام تریفە شووی پێ ناکات، چونکە تریفەش بڕوای بە چەمکی «مرۆڤی تەواو» هەیە، [هەرکات بیر لەو شەوە دەکەمەوە کە تێیدا تریفە یابەحری پێشنیاری هاوسەری غەزەلنووسی ڕەتکردەوە، هەست دەکەم هەریەک لە تریفە یابەحری و غەزەلنووس هەردووکیان لە قووڵاییدا کوشتەی ئەو گەڕانەبوون، بۆ مانای «مرۆڤی تەواو». مرۆڤی تەواو لای غەزەلنووس ئەوەبوو کە حەقیقەت و خەیاڵ لەناویدا دەتوانن سەیری یەک بکەن».. ئەی عەتاری سەرزل و گوێ بە ئاونگ، بارۆنی دەرباچ ناوی سەعۆلی خلە بە ڕۆنە، «تیشکان تاهیر لە ماڵی بارۆنی مەدەنیدا کاردەکات و دایەنی «سێوان»ە برایانی دولبەر و جەواهیری سەرفراز، «سەیران»ی ژنی بارۆنی مریشک دەڵێ: ئێمە بە مورادمان دەگوت نەوجەوانی چینی، ئەگەر موراد جەمیل دیوە ڕاستەقینەکەی غەزەلنووس بێ، دەبێ مەلای سوختەش دیوە ڕاستەقینەکەی مەلا غەریبی هاجەر بێ، بەڵام غەزەلنووس درێژکراوەی ڕوحی عیشق و غەزەل و خەیاڵە، هەموو پاژولەتە جوانەکانی غەزەل پابەندی مەرگی [موراد جەمیل]ە کە هێمای مردن و کەم خایەنی جوانی پەتی دەگەیەنێ.

ئەی تیفلی ڕۆژ، تۆ بەرهەمی ئەنغامی شەوی
بەرهەمی ئەسراری من و بەرهەمی ئەسراری ئەوی
تۆ ناتیجی عەشقی، نەرکوع بەو نەسجود
بەرهەمی ئەسراری خەیاڵیت، بەرهەمی ئەلغازی وجود

«عیشق نە خەیاڵە و نە حەقیقەت، عیشق تاکە شتێکە وەک مەرگ وایە،.. موراد جەمیل لە فەزای جەستەی باران شوکوردا بە دوای مەرگ و جوانی و دوایین غەزەلەکانی غەزەلنووسدا دەگەڕێ، شەهریار بایز «شووشە»... دووچاوی شووشەی هەیە، هێزی نووسین بەم شێوەیە جوانییەکانی دنیای ئاڵۆزی خەیاڵ دەخاتە ڕوو «هیچ مرۆڤێک لەم شارەدا نییە دووکەرت نەبێت ئەو جوانییەی لە خەیاڵدا هەیە لە ڕاستیدا نییە» لە دەرفەتێکدا بارۆنی خەیاڵ بە غەزەلنووس دەڵێ:

«تۆ غەزەلنووس بڕیارت داوە تا کۆتایی مرۆڤێکی بێ ڕەگ و ڕیشە بیت و شانازی بەم نامۆبوونەی خۆتەوە بکەیت».

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ.**
**بابەت: ڕۆمان.**
**ناوی نووسەر: بەختیار عەلی.**
**چاپ = یەکەم.**
**ساڵی چاپ = ٢٠٠٨.**
**چاپ و دابەشکردن: چاپخانەی ڕەنج.**

# ڕۆڵ و کەسایەتی وشە لە کورتە شیعردا

قادر عەلی خا
(بۆکان)

دنیای شیعر پانتاییەکی گەورە و فرەوانی داگیر کردووە، کە سەر کێشانە نێو ئەم دەڤەرە مەزنە و ئاشنا بوون بە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە،



ئەوەی دەلالەت دەکات بۆ جوانی شیعر و پێکهاتە و ڕوحی شیعرەکەی پێ بەهێز دەبێ وشەیە، چۆنیەتی مامڵەکردنی شاعیر لەگەڵ وشە لە دەقدا، دەبێتە بنەمای بەهێز، یان لاواز بوونی دەق، ئەوەی زمانی دەق چڕ دەکاتەوە و جوانی بە پێکهاتە و داڕشتنی دەق دەبەخشێ هەر وشەیە، ئەو گەمە زمانیانەی کە لە هەناوی شیعردا دەکرێن و زۆرجاریش فرەمانایی دەدا بەدەق، هەر بە گەوهەری وشە دێنە کایەوە، وشە زۆر جاران دەبێتە مرواری نێو سەدەفی شیعر، مانا و جوانی زیاتر بەدەق دەدا و بەردی بناغە و هەڵاشی میچی شیعرە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ ئەگەر شیعرێک بە هەموو کەرەسە و مادە سەرەتاییەکانی زمانیش، ڕازابێتەوە و هەموو توانایی و کاراییەکانی زمانیشی تێدابێ و داڕشتنەوەی دەقەکەش داڕشتەیەکی هونەریش بێ، ئەوەی لەکۆتاییدا

خوێنەر لێی دەکرێ. مانا و پەیامی دەقـە، مـانا و پەیام مـرواری نێـو سـەدەفی شـیـعـرن، هەمـوو وشـەیەک دەبێ لە خـزمـەت مـانا، یان پەیامی شـیـعـردا بێ، پێکهـاتە و شـێـوەی دارشتن لایەنی جوانیناسی شیـعرە، ئەگـەر وشـە بەشـێـوەیەکی هونەری ڕوحی کـرابێـتـە بەر و بەتەواوی لەخـزمـەت پەیامی دەقـدابێ، ئەوە دەتوانێ خـاوەن کـەسـایەتیـیـەکی بەهێزیش بێ، کەسایەتی بەخشین بە وشـە یەکـێـک لە کـارە گـرینگەکـانی نووســینە، دیارە کـەسـایەتی وشـە لەکـورتە شـیـعـردا بەرچاوترە، ئەو شێوە هونەرییەی نووسین کە سەرەتا خـوێنەر بە شـێـوازی دارشـتنەوەی شیعرەکەوە سەرقاڵ دەکات و مانا و پەیام لە چەند تۆی وشـەدا حـەشـار دەدا، فرەمانایی بەدەق دەبەخشێ، لە جـێگای خـۆیدا بەکـارهێنانی وشـە زۆرجـار خـوێنەر دەباتە سـەر چەند ڕێیـانێکی زەینی، کـە بەئەندازەی هەر ڕێگایەکیش مـانا و پەیامـێک لەهزریدا دەگووڕێن، خوێنەر دەکاتە بەشـێک لە نووسـەر، لەگـەڵ هەر خوێندنەوەیەکی نوێدا بەرێکی تازەی لێ هەڵدەگـەڕێتـەوە، دەق دەبێـتـە نووسراوەیەکی فرە بەهرە، خوێنەریش بـەروبـوومـــــــێکـی زیـاتـری لـەو مـاندووبوونـەیدا وەدەست دەکـەوێ، کـە لەپێناو ڕاڤـە و شـرۆڤـە کـردنی دەقـەکـەدا دەریکێـشێ، ئەوەی من لێـرەدا جەخـتی لەسـەر دەکەمـەوە، چۆنیـەتی کەسایەتی دانە بەوشە، چ وشەیەکن ئەوانەی وا دەبنە ئەکتەری سەر شانۆی شیعرەکە، ڕۆڵی یەکەم و قورسایەتی پەیام و مانا وەئەستۆ دەگـرێ، چ وشـەیەک دەبێـتـە کەسایەتی لەدەقدا، کێیە کەسایەتی بەوشە دەبەخشێ؟ خوێنەر، شاعیر، یان دەق، دیارە وەڵامـــدانەوە بەم پرسیارانە کارێکی هەروا سانا نییە، ئەگەر ئێمە باوەڕمان بەبێ ئاگایی شـاعـیـر بێ لەکـاتی ئەفـراندنی شیعردا، ئەوە شاعیر لە بازنەی ئەم پرسـیـارانەدا دەچێـتـە دەرێ، بەڵام ئەگـەر ئەم ئەرکـە بخـەینە ئەسـتـۆی خـوێنەر، یان پێکهـاتەی دەق ئەوە ئەو پرسـیـارە قـوت دەبێـتـەوە کـە دارشتە و پەیامی ئەم شیعرە مەگەر هەڵقوڵاوی هزری شاعیر نییە؟ ئەوە شـاعـیـر نیـیـە کـە لە پەنجـەرەی شیـعرەکـەیەوە دنیـایەکی نوێمـان بۆ وێنا دەکـا؟ خـوێنەر تەنیـا لە ئەفراندنەوەی دووبارەی دەقدا دەبێتە دەورگێرێکی ئەم پانتاییە، دەنا بەر لە خـوڵقـاندنی دەق هیچ شـوێنێکی نەبووە، ئاکـام ئەمـەیە، ئەوە دەسەڵاتی شاعیرە بەرپرسایەتی دەدا بە وشە و شوێن و پێگەی بەجێی بۆ دابین دەکا، هەر شاعـیـریشـە کـەوا کـەسـایەتی بە وشـە دەبەخـشێ، ئەویش بەو بەرپرسـایەتیـیـەی کـە دەیخـەنە ئەسـتـۆی وشـەوە، کـە دیارە بەرپرسـیـاریەتی هەندێک وشـە گـرینگ و بەرچاوە، وشـە دەبێـتـە دەورگـێـڕی سـەرەکی سـەر شـانۆی شیعرەکە، بەڵگەش بۆ ئەو بۆچوونەی خۆم کە شاعیرە مانا و کەسایەتی بە وشـە دەبەخـشێ نەک شـتـێکی تر، پێکهاتەی شـیـعـرێکی کـورت لەبەر یەک هەڵدەوەشێنینەوە و جێگۆڕکە بە وشـەکـان دەکـەین، بابزانین ئەو وشانەی کە لەمەوبەر لە شیعرێکی کوردا خاوەن پێکهاتە و مانا بوون، لەپاش جێگۆڕکێ کردنەکەشدا هەر خاوەن مانا دەمێننەوە.

**من وەرزێکی**
**چاوەکانت**
**تووڕەییشت**
**بێ تەکلیفم**
**شەختەیەکی ناوەختە**
**هاوینە هەوارێکن گەش.**

ئەم وشـانەی سـەرەوە پێکهـاتەی کـورتە شـیـعـرێک پێک دێنن، بەڵام هیچ مـانا و پەیامـێک بەدەسـتـەوە نادەن. ئەگەر ئێمە بێین و شیعرەکە بگێـڕینەوە سەر دۆخەکەی خۆی هەر ئەو پێکهاتەی بدەینەوە کە شاعیر لە سەرەتاوە پێی دابوو، ئەوە هەم پەیام و چێـژ لە شـیـعـرەکـە وەردەگـرین و هەمیش چێژ لە داڕشتەی شیعرەکە دەبەین، ئێستا شیعرەکە وەک شاعیر لە سـەرەتاوە پاش بیـرلـێکردنەوەی وشە بە وشە دایڕشتووە هەمووشیان لە خزمەت پەیامی نێو هزری شاعیر دان بۆ وێنە دێنمەوە.

**چاوەکانت**
**هاوینە هەوارێکن گەش**
**تووڕەییشت،**
**شەختەیەکی ناوەختە**
**– من وەرزێکی بێ تەکلیفم!**

ئەم نموونەیە بە ئاگـایی شـاعـیـر دەسەلمێنێ و ڕوونیشی دەکاتەوە کە هەر ئەویشـە گـرینگی و کـەسـایەتی بەوشـــە دەدا، دوای ئـەم نموونـەیە دەچمـەوە سـەر کـاکـڵی باسـەکـەم، کەسایەتی وشـە لە شـیـعری «کـەریم حیکمەتی»دا، سەردەکێشمە ژووری ئاوێنەبەندی شـیـعـرەکـانیـیـەوە، لە

گۆشەی ئاوێنەی نیگاوە دەڕوانمە باڵای هزری ئەو، با بزانین شاعیر تا چ ڕادەیەک لە وزە و توانایی زمان کەڵک وەردەگرێ و هێزە شاراوەکانی لە ڕووباری شیعردا وەگەڕ دەخات، یان تا چەند کەسایەتی داوە بە وشە لە هۆنراوەکانیدا، کە هەروەک لە سەرەوەدا باسم کرد کەسایەتی دان بە وشە یەکێکە لەو هونەرە بەرزانەی شیعر نووسین کە هەم ڕواڵەت و هەمیش ناوەرۆکی دەق دەوڵەمەند و جوانتر دەکا، قەوارەی زۆربەی شیعرەکانی «کەریم» کورتن، کە ئەم شێوە شیعرە بە کورتە شیعر ناودێر کراوە، دیارە کورتە شیعریش لەچەند وشە ئەنگوست ژمێر پێک دێن، مەودایەکی بەرتەسکی هەیە بۆ ئەوەی هەموو توانایی و وزەی شیعری تێدا بگونجێندرێ، لە ئاکامدا ئەرک و دەوری وشە زەق و بەرچاوە، بایەخێکی تایبەت دەدرێ بە وشە، خوێنەر لەسەر یەک یەکەی وشەکان هەڵوێستە دەکات، لە زۆربەی شیعرەکانی شاعیردا هەم لەگەڵ وشە زۆر بەجوانی مامڵە کراوە و هەمیش کەسایەتی تایبەتی پێداون و دەوری یەکەم لە شانۆی شیعرەکەدا دەگێڕن، ئەرک و دەوری گرینگیان دراوەتێ و بە دەرهاویشتنی ئەوان سەروبەندی شیعرەکە لێک دەترازێ، لە شیعری «ئامێز»دا وشەی کوردستان دووجار لەکۆتایی شیعرەکەدا دووپات کراوەتەوە، جارێک بەشێوەی دابەشکراوی (ئەی- کور- دس- تان) و جارێکیش بەکۆ «ئەی کوردستان» ئەم وشەیە دەوری یەکەم و سەرەکی لەشانۆی ئەم شیعرەدا دەبینێ، کە هەڵگری دوو مانای جیاواز لە یەکترییە، جارێک لەناوەرۆکدا و جارێک لە پێکهاتەدا، هەر وشەی کوردستانیشە کە مانا بە هەموو ئەو وشانە دەبەخشێ کە پێکهاتەی شیعرەکە پێک دێنن.

هەر دابەش کردنی وشەی کوردستان بەسەر کۆی چەند پیتی (ئەی- کورد- دس- تان)دا ئەم وشە دەکاتە شاوشە و گەوهەری شیعرەکە، لەم شیعرەدا چەمکی دابەش کردنی کوردستان هیچ باسێکی لێ نەکراوە، بەڵام هەر بە دابەش کردنی ئەم وشەیە زەینی خوێنەر بۆ دابەش بوونی نیشتمانی کورد دەورووژێنێ، ڕوحی شیعرەکە باسی ئارام گرتن و ئاسوودەیی شاعیر دەکات لە ئامێزی کوردستاندا، بەڵام پێکهاتە، یان لەشی شیعرەکە لە شتێکی تر دەدوێ، ئەویش دابەشکردنی کوردستانە بەسەر چەند بەشدا، ئەوەش خوێنەر بەرەو مانایەکی تر پەلکێش دەکات، شاعیر لە ئامێزی نیشتمانی دابەشکراودا هەست بە ئاسوودەیی ناکا، ئەوەی ئەو دەباتە لێواری ئاسوودەیی کوردستانی کۆیە، بەسەریەک خستنەوەی کوردستان لەجاری دووەمدا دەلالەتە بۆ ئەو خەونەی شاعیر، کە لەئامێزی نیشتمانێکی کۆدا، هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکا، کە دیارە وشەی کوردستان هەم وەک ئامێزی کوردستان لە مانا ڕوحییەکەیدا و هەمیش لە ئەو یارییەی لە پێکهاتەکەیدا کردوویە بۆ دەلالەت و بۆ دابەشکردنی کوردستان دەوری سەرەکی دەگێڕێ و کەسایەتی بەرچاوی شانۆی ئەم شیعرەیە، بەلابردنی وشەی کوردستان تەنانەت بەجێ نشین کردنی وشەی نیشتمانیش سەروبەندی مانایی شیعرەکە دادەبەزێ.

**لەچاوتا- ژین**
**لەتەکتا- خەم**
**لەناو فوارەی ئامێزتا**
**سانەوەیەکی هەتایی**
**هەڵمژینی،**
**سریوی سەوزی هەستێرەیە**
**خەیاڵێکە**
**شلک و ناسک**
**شەپۆلێکە**
**لە سەمای نوور**
**ژوانێکی ئەهوورایییە**
**ئەی- کور- دس- تان**
**ئەی کوردستان.**

کەم نین ئەو شیعرانەی کە وشەگەلێک بوونەتە کەسایەتی سەرەکییان کە بۆ نموونە چەند شیعرێکیان دەخەمە بەر دیدەی تۆی خوێنەری بەڕێز لەشیعری «ڕامان»دا، شاخ شتاوەشەیان گەورەترین کەسایەتی نێو ئەم کورتە شیعرەیە:

**شاخێ وتی**
**بەردێ نەبوو**
**سنگی بەردێ کەم هەڵدڕێ**
**گوڵێ**
**گوڵێکی ترم پەڕپەڕ کات**
**ڕێچکەیەکم**
**ئەوی تریان هەڵبلووشێ و**
**کانیاوێکم،**
**بزەی لەوانی تر نەچێ**

له شـــيـــعـــری «بۆنی چرایەک دەبینم»دا شـــەو کـــەســـایەتی سەرەکییە، بەڵام کەسایەتییەکی زاڵ، بە قەمچی باگەڕێک دارەکان دادەپڵۆسێ، نەک کەسایەتییەکی مەزڵووم وەک کوردستان لە شیعری«ئامێز»دا:

**شەوە و**
**لەژێر قەمچی باگەڕێکا**
**قژی دارەکان**
**دە**
**وە**
**رن**
**کۆترێکی ماندووی خەمین**
**لەهێلانەی خزاوە**
**شار،**
**لە ژاوە ژاوی سیگناڵا**
**نغرۆ**
**کۆڵانەکان**
**لە تەنیاییەکی خەستا**
**قەتیس**
**هەور،**
**فرمێسکەکانی دەبێژی**
**شەوە**
**لەپێخەفی تەنیاییمدا**
**باران**
**باران**
**بیرەوەری**
**هەڵمدەچنێ**
**باش**
**قەمچی**
**قەمچی**
**درەختەکان تاڵان دەکا.**
**شەقام**
**وڵات**
**وە من**
**بێ ئۆقرانە دەتلێنەوە**
**بۆنی شمشاڵ**
**دوور**
**دەنگی**
**چرایەک دەبینم**

«سکاڵا» ، لە شیعرێکدا کە هەر بەم نێوەوە کراوە دیارە:

**سکاڵای گوللەیەک بۆن کە**
**لوولەی تۆپێ**
**سەرەنێزەیەک**
**ئەی خوایە گیان:**
**بۆ نەبووینە هەسێرەیەک**
**دارێ**
**بەردێ**
**یا چوارچێوەی**
**پەنجێرەیەک؟!**

ئەم کتێبە (ئاوێنەیەک نیگا) هەڵدەگرێ لەچەند تەوەرەدا باسی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەمن بۆ وروژاندنی باسی کەسایەتی دان بە وشە لە کورتە شیعردا و بەو باوەڕەی کە «کەریم حیکمەتی» ئەم کارەی بەجوانی و سەرکەوتووانە گەیاندۆتە ئەنجام، هەر لەسەر ئەم تەوەرەیە دوام و ئەو باسانەی دی بۆ کەسانێکی دی و دەرفەتێکی تر دەهێڵمەوە.

# فوتوریزم – Futurisme


**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(زانكۆی سەلاحەدین – كۆلێژی زمان)**


شاعیر و درامانووسی ئیتالّی فیلیپۆ تۆماسۆ مارینێتی– F.T. Marinetti لە (٢٠)ی شوباتی سالّی ١٩٠٩ لە ڕۆژنامەی «لۆ فیگارۆ» ئەم مانیفێستەی خوارەوەی بلاّوكردەوە، كە بەیەكێ لە هەولّە گەورەكانی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتێ لە قەلّەم دەدرێ. فوتور– Fu-ture واتە ئاینده، فوتوریزم– ئایندەخوازی، یان ئایندەگەرایی، واتە دژەكۆن و دژە باو و دژە نەریتخوازی، تێكشكاندنی تەواوی فۆرم و شێوازەكانی بیركردنەوەی كلاسیكی و ڕۆمانسی و ڕیالیزمی، بە فۆرم و شێواز و ڕوانینی دیكەی نوێ كە ژێرم–یان توخمێكی ئایندەی هەلّگرتبێ، ئەمەش تاقە ڕێگایە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لەگەلّ «ئێستا» و ژیانی ئێستای كۆك و گونجاوبێ. فوتوریزم واتە دژە ئەكادیمیزم، ئەمەش واتە هەردەم گەڕان بەدوای فۆرم و شێوازی دیكەی نوێ، چونكە مرۆڤ بوونەوەرێكە بیردەكاتەوە و خەیالّ و ئەندێشەی هەیە، ناتوانێ هیچ سنوورێك بۆ خۆی دابنێ، سنووردانان واتە مردن، واتە بیرنەكردنەوە، سەرەنجام، ئەمە وەك خەباتێكە لە ڕێگای بیركردنەوە و داهێنانی ئەدەبی و هونەری و ئایدیایی نوێ و تازە، مرۆڤ ناچارە بەرەو پێشەوە بڕوا. لە ڕووی زمانەوانییەوە دەشێ وشەی، یان تێرمی ئایندەخوازی لەبەرانبەر دابنێین، بەلاّم من پێم جوانترە هەروەكو خۆی فوتوریزم دابنێمەوە، چونكە هیچ كێشەیەكی زمانەوانی لە ڕووی فۆرم و ماناوە بۆ زمانی كوردی دروست ناكا، بەلّكو زۆریش دەگونجێ، وەك: ڕیالیزم و ڕۆمانسیسیزم، كلاسیسیزم،...تاد.

فوتوریزمی ئەدەبی ئیتالّی لەگەلّ شۆڕشی بەردەوام دایە، ئەو كۆلّەگانەی لەسەری وەستاوە بریتیین لە خەبات كردن دژی ئەكادیمیزمی ڕابردوو، گەڕان بەدوای فۆرمی نوێی نووسین و دەربڕین. شۆڕش بێ ئامانج ناكرێ، ئامانجی فوتوریزم بریتییە لەگۆڕانی جیهانی كولتووری و دەروونی. هەر لەسەرەتاشەوە وەك هەولّێك لەدایك بوو بۆ پشتگیری كردن لە شیعری ئازاد (شیعری نوێ)، لەم كارەش جێ پەنجەی مارینێتی زۆر دیارە. دوای بلاّوبوونەوەی مانیفێستی فوتوریزم كۆمەلّێك شاعیر و نووسەری ئیتالّی خۆیان دایە پالّ مارینێتی، لەوانە وەك: پاولۆ پووچی، لوسیانۆ فۆلگۆرە، ئەنریكۆ كاڤاچیۆلی، ئەلدۆ پالێچێشی، ئەرێنگۆ سۆفێچی...تاد.

هەر لەو سەردەمەشدا كۆمەلّێك مانیفێست نووسراون

و بڵاوبوونەوە، بەڵام لەم ڕووەوە، بۆ ئەدەب و هونەر، مانیفێستی فوتوریزم کە بەقەڵەمی مارینێتی نووسراوە، جێگایەکی تایبەتی هەیە، مارینێتی بەدامەزرێنەری ئەو زمانە شیعرییە لە قەڵەم دەدرێ کە وەک ڕێباز و شێوازی گرینگ و ڕاستەقینە دەژمێردرێ.

زمانی ئەدەبی فوتوریستەکان بریتی بوو لە تێکەڵاوێک لەزمان و نیشانەی ماتماتیکی و موزیکی و نیشانەی جیاجیای تر، گوایە بەم شێوەیە دەشێ تەعبیر لەخێرایی ژیانی مۆدێرن بکات. فوتوریستەکان خاڵبەندییان لەناو ڕستە وەک بەربەستێک دادەنا و دژی وشەی هاوواتا و بوونی درێژدادڕی (Tautologie) بوون، مارینێتی داوای لە شاعیران و نووسەران دەکرد واز لە لۆژیک بهێنن، ڕاستەوخۆ بەرەو جەوهەری مادده و شتەکان بڕۆن. مارینێتی (شۆڕشی تیپۆگرافی- Ty-pographique) و لیریکای هێڵ و ڕەنگ و مانای زۆر- Multilin Eaire) بەکاردەهێنا وەک شێوازێک لە ڕێگای کۆمەڵێک جۆری مەرەکەب و پیتی جۆراوجۆر بۆ دروست کردنی ڕستەیەک. بێجگە لەمە بەکارهێنانی دەیان شێوازی دیکەی نووسین، وەک بەکارهێنانی ئەو وشانەی لاسایی دەنگە سروشتییەکان دەکەنەوە کە تەنیا فۆرمیان هەیە و مانایان نییە، بەکارهێنانی وشە لە شێوەی چاوگ، دروست کردنی تابلۆی تایبەتی بۆ پیتەکان، لیستی وشە، ناو، وشە بەخواری، بە شاقوولی، گوایە هەموو ئەم شێوازە نوێیە، ڕیتمی ژیانی نوێ زیاتر پیشان دەدا وەک لە شێوازی پێچەوانە.

مارینێتی و هاوڕێکانی تابلۆیەکیان دروست کردبوو بەناوی (تابلۆی فوتوریست) لەم تابلۆیەدا لە ڕێگای پرۆسەی (تزامن- Simultaneite- گونجان و هاوڕێک) دەشێ نووسینێک بۆ نموونە، شیعرێک ببینرێ و بۆن بکرێ و ببیسترێ، چونکە بەڕای ئەوان شیعر دەبێ بۆ بینین و بیستن و هەست پێ کردن بێ، هەڵبەت وەک تابلۆیەکی هونەری، ئەمەش بۆ خۆی هونەرێکی تازەیە، دەشێ تێکست تەنیا بۆ بینین بێ، ئەمەش خۆی لەگەڵ ئەو بیرە تیۆرییە سەرەتاییە تێک دەکاتەوە کە دەڵێ هەموو تێکستێک گرافیکێکە، واتە تابلۆیە. ئەمەش وەک شکاندنی سینتاکس و لەناوبردنی شێوازی کۆنی گێڕانەوە دادەنرێ. مارینێتی تەواو لەوە دڵنیابوو کە تەنیا زمان و شێواز دەتوانێ تەعبیر لەجیهانی نوێ بکات، لەلای ئەو شاعیری فوتوریست کەسێکی پێشەنگ بووە و وەک پەرچەمداری مۆدێرنیزم لە قەڵەم دەدرێ و دەبێ سکاندال بەرانبەر بە ژیانی کۆن هەڵگیرسێنێ و بە جورئەتەوە ئایدیای خۆی پیشان بدا، ئەمەش تەنیا بە فۆرم و جیهانی فوتوریزم دەکرێ.

فوتوریزم هەر تەنیا لەناو ئەدەب نەگیرسایەوە، بەڵکو شانۆ و موزیک و شێوەکاریشی گرتەوە، هونەرمەندە شێوەکارە کوبیستەکان (Cubistes) زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەری فوتوریزم.

بێ گومان فوتوریزم وەک ئەزموونێکی نوێ سنووری خۆی هەیە. هەموو ئەوانەی لە دەورەی مارینێتی کۆببوونەوە، هەموویان لە یەکتری جیاوازبوون تەنیا هەندێ جار لەیەکتری نزیک دەبوونەوە. هەرچی مارینێتی بوو، ئەو وەک شۆڕشگێڕێک دەهاتە بەرچاو، ئەو پشتگیری لە بەشداری ئیتاڵیا لە شەڕی یەکەمی جیهانی دەکرد. مارینێتی تا کۆچی دوایی ساڵی ١٩٤٤، هەوڵی دەدا درێژە بە ڕوانین و شێوازی خۆی بدا، بەڵام دەبینین هەر لەسەردەمی ڕژێمی فاشیستی ئیتاڵیاوە بەوە ڕازی دەبێ پۆستێکی ئەکادیمی وەربگرێ، لێرەوە ناتوانێ درێژە بە شۆڕشی تیپۆگرافی بدا، لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا بە شێوازێکی زۆر نەریتخوازانە دەینووسی.

سەرەڕای ئەوەی فوتوریزم هەر لەسەرەتاوە چەندان دوژمنی لێ پەیدابوو و دژایەتی زۆری بەرانبەر دەکرا، لەگەڵ هەموو ناتەواوییەکیش، بزووتنەوەی فوتوریزم ناکرێ وەک بزووتنەوەیەکی پلە دوو سەیر بکرێ، بەڵکو بە پێشەنگ دادەنرێ و ئیتاڵیا لەسەرەتای سەدەی بیستەم زۆر پێویستی پێ هەبوو. نابێ ئەو خاڵەش لەبیربکەین کە سوریالیست و دادابیەکان زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەری فوتوریستەکان و زۆر سوودیان لە شێوازەکانی نووسینی ئەوان وەرگرت.

لەخوارەوە مانیفێستی فوتوریزم کە لەلایەن مارینێتی نووسراوە، لە فەرەنسییەوە کردوومانە بە کوردی. ئەم مانیفێستە، سەرەڕای جوانی و نوێخوازی، لەگەڵ ئەمەشدا توندوتیژی زۆری تێدایە. ئەمەش هەروەکو مانیفێستی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگلز، سرووش لەفۆرم وەرگیراوە، مانیفێستی فوتوریزم، لە زۆر وڵاتان دەنگۆ و سەدای هەبوو، وەک ڕووسیا و فەرەنسا.

**مانیفێستی فوتوریزم**

١- ئێمە دەمانەوێ گۆرانی خۆشەویستی خەتەری بچڕین، نەریتی وزە و جورئەت دابهێنین.

٢- توخمە سەرەکییەکانی شیعری ئێمە ئازایەتی و جورئەت و ڕاپەڕینە.

٣- ئەدەب کە هەتا ئێستا تەعبیری لە نەبزووتنی فیکری و مەستی و بۆرژان کردووە، ئێمە دەمانەوێ سرووش لە بزووتنەوەی شەڕانگێز و بێداری تا ئامێز و هەنگاوی جیمناستیکی و پازدانی خەتەر و شەقازللە و مشت و مست وەرگرین.

٤- ئێمە ڕایدەگەیەنین کە مەزنی و جوانی جیهان بەجوانییەکی نوێ خۆی نوێ کردۆتەوە، ئەمەش خۆی لە جوانی خێرایی پیشان دەدا. ئۆتۆمۆبێلێکی پێشبڕکێ کە دواوەی بە بۆڕی ئەستوور ڕازێنراوەتەوە و ئاگر و تەقینەوە دەردەدا... ئۆتۆمبێلێکی سووربووەوە، وەک ئەوەی لەسەر ڕۆکێتێک بەخێرایی بڕوا، لەسەرکەوتنی «سامۆتراس» جوانترە.

٥- دەمانەوێ گۆرانی ئەو مرۆڤە بچڕین کەسووکان دەگرێ و بە قاچە بێ هاوتاکانی زەمین دەگەڕێ و سەربەخۆ و لەخۆیەوە لەسەر هێڵی سووڕانەوە دەڕوا.

٦- لەسەر شاعیر پێویستە بە گەرموگوڕی و مەزنی و پڕ بەرهەمی ڕەنج بدا، هەڵبەت لەپێناوی بەرزکردنەوەی پلەی حەماسەتی توخمە جەوهەرییەکان.

٧- خەبات کردن جوانی تێدا نەماوە. بێ بوونی خاسیەتی توندوتیژی شاکاری ئەدەبی و هونەری بوونی نییە. شیعر دەبێ هێرشێکی پڕ لە توندوتیژی بێ، دژی هێزە نادیارەکان، بۆ ئەوەی پێش مرۆڤ بیانخەوێنێ.

٨- ئێمە لەوپەڕی لێواری سەدە دەڕۆین...! ئاوڕدانەوە سوودی چی هەیە، لەکاتێکدا لەسەرمان پێویستە خەپەنگە نهێنییەکانی مەحاڵ بشکێنین. دوێنێ زەمەن و شوێن مردن. دەمێکە لەناو ڕەهایی دەژین، چونکە دەمێکە خێرایی نەمریی هەمیشە ئامادەمان داهێناوە.

٩- دەمانەوێ شکۆمەندی لە جەنگ بنێین، ئەمە تاقە نیشانەی لەش ساغی جیهانە، ئێمە لەگەڵ ئەمانەین: میلیتاریزم، وڵاتپارێزی، بزووتنەوەی لەناوبەر و ئەنارشیزم، ئایدیا جوانە بکوژەکان و ڕقبوونەوە لەژن.


١٠- دەمانەوێ مۆزەخانەکان، کتێبخانەکان بڕووخێنین، دژی ئەخلاق پەرستی بووەستینەوە، دژی فێمینیزم و هەموو جۆرە هەلپەرستییەک و سوپاییەک ڕەفتار بکەین.

١١- ئێمە گۆرانی کۆمەڵانی خەڵک دەچڕین کە بەکۆمەڵ هار و شێتی کارکردنن، لەگەڵ لەززەت و ڕاپەڕینین، لەگەڵ ئەستێرە ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە دەنگی جۆراوجۆری شۆڕشەکانی پایتەختە مۆدێرنەکانین. لەگەڵ جووڵە و دەنگ و هەرای نیوەشەوی کارگەکانی چەک و شوێنەکانی کاری بەر ڕووناکی توندو بەهێزی مانگی ئەلیکتریکین.

وێستگەکان کە دووکەڵیان لە شێوەی مار لێ هەڵدەستێ، ئەو کارگانەی کە بە دەزووی دووکەڵ لەسەر هەورەکان هەڵواسراون، پردەکان کە بە پازی جیمناستیکی لەسەر کارگەی چەقۆی شەڕانگێزی ڕووبارەکانی بەر هەتاو بەرز دەبنەوە. ئەو پاپۆڕانەی خۆیان بە ئاسۆدا دەدەن، قیتاری سینگ پان و پۆڕ کە لەسەر هێڵە ئاسنینەکان سمکۆڵ دەکەن و وەک ئەسپێکی ئاسنینی لغاوکراو بە پارچە ئاسنێکی درێژ، فڕینی لووسی فڕۆکەکان کە باڵەکانیان وەک ئاڵا دەشەکێتەوە و لەگەڵ چەپڵەی کۆمەڵە خەڵکانی پڕ لە حەماسەت.

ئێمە لە ئیتاڵیاوە ئەم مانیفێستە پڕ لە وەرگەڕان و سووتانی بەهێز بڵاودەکەینەوە، بەهۆی ئەمەوە ئیمڕۆ ئێمە فوتوریزم دادەمەزرێنین، چونکە دەمانەوێ ئیتاڵیا لە تیراوەی پڕۆفیسۆرەکان، ئارکیۆلۆگەکان، شیشرۆنییەکان (فەیلەسووفەکان- و-)، ئەنتیکپەرستەکان ڕزگاربکەین.

دەمێک بوو ئیتاڵیا ببووە بازاڕێکی گەورەی کۆنەفرۆشی، ئێمە دەمانەوێ لەو هەموو مۆزەخانەیە ڕزگاری بکەین کە بۆتە ماڵی دەیان گۆڕستان.




هیچ دیاردە و بوونێکی سەر ئەم دنیایە نییە، لە خۆیەوە سەر هەڵبداو ڕێگای بەرەو پێشەوەچوون و گەشەکردن لەبەر بگرێ.

ئەمە وەکو ڕاستییەکی چەسپاو و نەگۆڕ بەسەر هەموو دیاردەیەکدا دەچەسپێ و چەندو چوونی ناوێت. ئەو هەموو دیاردانەی ئێستا لەبەر دەست و چاودان، ئەنجامی دوێنێ و سەردەمەکەیانن. کە ئەمڕۆش دوێنێ نەبێ، بۆیەکە دەبێ هەموو شتەکانی ئەمڕۆ هەر لە خەسڵەت و مەبەستی بوونیانەوە لەوانەی دوێنێ جیاوازن، بە ئاراستەیەکی ترەوە بە دنیا بینینێکی دیکەوە و بۆ وەدیهێنانی خواست و داوایەکی جیاواز لە دوێنێ لە ئارادان.

هەر بۆیەشە کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات چیرۆکی ئەمڕۆی کوردی لەهەر پایەو ئاستێکدا بێ و تا چەند توانیوێتی خۆی لە هونەری چیرۆکی سەردەم نزیک بکاتەوە، ئەنجامی هەنگاو و تەقەللادانی ئەو پێشەنگانەیە کە لە بارودۆخێکی سەخت و دژوار و پڕ ئاستەنگدا، بێ گوێدانە لەنگەر و کۆسپ، بەری کۆشش و ماندووبوونی خۆیان بۆ نەوەی دوای خۆیان بە جێ هێلاوە. ئەو کاتانە ئاوابوو لە ڕێگای چیرۆکەوە بەگژ دەردە کوشندەکانی کۆمەڵدا دەچوون، پارێزگارییان لە زمان و خاک و بوون پێدەکرد، ئیتر هەریەکەو بە گوێرەی بۆچوون و ئاستی ڕۆشنبیری و دەسەڵاتیدا بەسەر هونەری چیرۆکەوە شتێکی دەخستە سەر بینای چیرۆکی کوردییەوە، میللەتانی زیندووش هەوڵی ڕۆڵەکانی خۆیان لە بیرناچێتەوە.

ئەو زاتانە نەبوایەن چیرۆکی کوردی نەدەگەیشتە ئەم ئاستەی ئێستای، میللەتانی دنیاش هەروا بوونە، ئەوەشی کە دێ، ئەوە بەردەوامی دەدا بە کارەکانی بەر لە خۆیان بە دیدێکی نوێتر و بە ڕۆشنبیرییەکی قووڵتر و فراوانترەوە، لە لایەک بەردەوامی بەوەی پێشوو بدا، لە لایەکی دیکەوە هەوڵی بەرەو پێشەوە چوون بدا بۆ نەوەکانی دوای خۆی، ئەمەش جێماوێکی ژیانە و میللەتانیش ئاوا بەرەو پێشەوە چوون.

ئێستا بە دڵنیاییەوە دەڵێم چیرۆکی کوردی جێ پێی خۆی کردۆتەوە، بەڵام لە ئەمڕۆکەدا هەست بەوە دەکرێ: چیرۆکنووسان وەک لە پشوودابن، بەدەگمەن چیرۆکێکت بەرچاو دەکەوێ سەرسامت بکات، هەڵوەستەیەکت پێ بکات، پرسیارت لەلا بوورووژێنێ، هونەرکارییەکی وای تێدابێ سەرنجت ڕابکێشێ، لەو هەموو خەم و ئازار و نارەزاییەی تاکی کوردەوە دوور دوور، ناخی کەسایەتی کوردی تێدا ڕەنگی نەداوەتەوە. ئەگەر نەوەی پێشوو پشتی لێکردبێتەوە، ئەوە چاوەڕێی نەوەی نوێین.



# ژیان هەمیشە بەردەوامە

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل